# شێخ محەمەد غەزالی

## ڕوانگە و بیرەوەرییەکانی

# شێخ محەمەد غەزالی
## ڕوانگە و بیرەوەرییەکانی

**گفتوگۆکاران:**
د. جەمالەدین عەتییە/ د. حەسەن شافعی/ د. ڕەفعەت عەوەزی
سافیناز کازم/ د. عەبدولموعتی بەیومی/ فەهمی هوەیدی
د. محەمەد عەممارە / د. محەمەد کەمال ئیمام

**وەرگێڕانی: ڕێدار رەئوف ئەحمەد**

# شێخ محەممەد غەزالی

## ڕوانگە و بیرەوەرییەکانی


لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٨٨)

- ئامادەکردنی: کۆمەڵێک نووسەر
- وەرگێڕانی: ڕێدار ئەحمەد
- بابەت: گفتوگۆ
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٠ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٢٦١)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# ناوەڕۆک


پێشەکی: .................................................................................. ٧
چەند وتووێژێك لەگەڵ شێخ محەمەد غەزالی ................................................ ١٣
ڕۆشنایی بۆ سەر دیمانەکانی شێخی غەزالی .................................................. ١٥

**بەشی یەکەم:**
شێخ محەمەد غەزالی: سەرگوزشتەی ژیانی /گفتوگۆکار: دکتۆر محەمەد کەمال ئیمام ....... ٦٩

**بەشی دووەم:**
دانراوەکانی شێخ محەمەد غەزالی /گفتوگۆکار: د. محەمەد عەممارە ............................ ١٠٩

**بەشی سێیەم:**
شێخ محەمەد غەزالی بانگخواز/گفتوگۆکار: د. عەبدولموعتی بەیومی............................ ١٥١

**بەشی چوارەم:**
شێخ محەمەد غەزالی و فەتوا / گفتوگۆکار: د. جەمال عەتییە .................................... ١٧١

**بەشی پێنجەم:**
شێخ محەمەد غەزالی و ڕەوتە ئیسلامییە هاوچەرخەکان/گفتوگۆکار: مامۆستا فەهمی هوەیدی ............................................................................................................ ١٩٢

**بەشی شەشەم:**
شێخ محەمەد غەزالی و ئیخوان موسیلمین/گفتوگۆکار: دکتۆر جەمال عەتییە ............... ٢٣٥

**بەشی حەوتەم:**
شێخ محەمەد غەزالی و بیری ئابووریی هاوچەرخ/گفتوگۆکار: د. ڕەفعەت ئەلعەوەزی ...... ٢٦٩

**بەشی هەشتەم:**
ئیسلام و ئافرەت /گفتوگۆکار: مامۆستا سافیناز کازم ................................................ ٢٩٣

**بەشی نۆیەم:**
ئیسلام و هونەرەکان /گفتوگۆکار: د. جەمالەدین عەتییە ........................................ ٣٣٩

**بەشی دەیەم:**
شێخ محەمەد غەزالی و زانکۆ ئیسلامییەکان /گفتوگۆکار: د. حەسەن شافعی............... ٣٦٥

## دەسپێک

زۆرن ئەو زانا و بیرمەند و نووسەرە بێنازانەی عارەقی سارديان ڕشتووە بۆ خەمی مسوڵمانان، هەموو وزەكانيان كردۆتە قوربانی بۆ ئيسلام، توشی چەندين نانبڕاوی و ئەشكەنجە و زيندان و نەهامەتی بوون، بەهاری تەمەنيان كردۆتە قوربانی بۆ لاگيری لە حەق و هەڵوێستە بوێرەكانيان، هەرگيز خۆيان نەدۆڕاندووە لەبەرامبەر پارە و پلەوپايە و ناوداريدا. دەتوانين بە ڕاشكاوی بڵێين زانا و ئەديب و بانگخوازی گەورە (شێخ محەممەد غەزالی) لە سەدەی پێشوودا يەكێك بووە لەو زانايانە.

كتێبەكانی ئەم نووسەر و بانگخوازە بە توانايە كە زياترن لە (٥٠) كتێب و بڵاوكراوە؛ لە سەرچاوە ئيلهام بەخشەكان بوون بۆ هەستانەوەی مسوڵمانان و شانازيكردنيان بە كلتوور و ئاينەكەيانەوە، نووسينەكانی ئەم كەڵە پياوە بەربەستێكی بەهێزبوون لەبەرامبەر ئەو شاڵاوە هزرييە نارەوايەی، كە لە سەدەی پێشوودا ئەنجامدرا لە جيهانی ئيسلاميدا دژ بە هزری ئيسلامی لەژێر درووشمەكانی قەومييەت و شوڤێنييەت و شيوعييەتدا.

ئەم كتێبەی بەردەستتان چەند چاوپێكەوتنێكی جياوازە لە چاوپێكەوتنی تر، چوونكە كەسانی نوخبە و بيرمەند لەگەڵ شێخ غەزاليدا ئەنجاميانداوە، لەگەڵ هەوڵدانيان بۆ ئاشنابوون بە لايەنەكانی ژيانی ئەم كەسايەتييە مەزنە، ويستويانە پوختەی هزر و بۆچوونەكانی دەربخەن لەمەڕ بابەتە كێشەلەسەرەكانی هزری ئيسلامی و ئەو واقعەی كە تيايدا ژياوە. هەر بۆيە خوێنەری ئەم كتێبە لەگەڵ ئەوەی، كە ئاشنا دەبێت بە ژياننامەی ئەم زانا و نووسەرە بليمەتە لە زۆر لايەنی واقعی هزری و مێژووی كاری ئيسلاميی سەدەی ڕابووردووش تێدەگات.

سەنتەری زەهاوی بە پێويستيزانی، ئەم پەرتووكە كە بە زمانی عەرەبی نووسراوە وەربگێڕێتە سەر زمانی شيرينی كوردی، بۆ ئەوەی گەنجان و خوێنەرانی كورديش لە هزر و ژياننامەی ئەم زانا و بانگخوازە بليمەتە بەهرەمەند ببن. داواكارين لە خودای باڵا دەست لەم زانايە و تەواوی خەمخۆرانی ئەم كاروانە خۆش ببێت، ئەم پەرتووكەش سوودبەخش بێت بۆ هەموان.

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵينەوەی فيكريی**

**٤ ی ڕەمەزانی ١٤٤١كۆچی بەرامبەر**

**٢٧نيسانی ٢٠٢٠**

# پێشەکی

**د. تەها جابر عەلوانی**

سوپاس و ستاییش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، داوای لێخۆشبوون و پشتیوانی و ڕێنمایی لێ دەکەین، پەنای پێ دەگرین لە خراپەی دەروونمان و نادرووستیی کارەکانمان. درووود و سڵاو لەسەر پێغەمبەری ئازیزمان و یار و یاوەرانی و ئەوانەی شوێن ڕێنماییەکانی کەوتن تا ڕۆژی دوایی...

مرۆڤەکان چەند جۆرێکن، هەیانە تەنها بۆ خۆی دەژی و چوارچێوەی گرنگیپێدانەکانی خۆی تێناپەڕێنێت، ئەگەر لەوەشی تێپەڕاند، ئەوا تەنها خێزان و کەسە نزیکەکانی دەگرێتەوە، کەسانێکیش هەن بۆ هۆزەکەی، یان کۆمەڵەکەی، یاخود حزبەکەی، یان چینەکەی یان خەڵکی شار و گوندەکەی دەژی و گرنگیپێدانەکانی لەوان تێپەڕ ناکات، کەسانێکیش هەن بۆ نەتەوە و گەلەکەیان دەژین، هەموو ئەوانە بواری چالاکی و کارکردنی خۆیانیان هەیە و دەتوانرێت گرنگیپێدرانەکانیان هەڵبسەنگێنین. بەڵام مرۆڤە جیاوازەکان ئەوانەن، کە مرۆڤ بە (پیاوانی ئوممەت) ناویان دەبات و ئەم ناوبردنەش لۆمە ناکرێت، پیاوانێک کە هەموو ئوممەتێک خوازیارە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی هەبێت.

پیاوی ئوممەت ئەو کەسەیە، کە بۆ تێکڕای ئوممەتەکەی دەژی، ئیدی ژمارەیان هەرچەندە زۆر بێت و زەویەکەی هەرچەندە فراوان بێت، هەر شتێک ببێتە مایەی ناڕەحەتیی ئوممەتەکەی وا دەکات خەو نەچێتە چاوی، هەر شتێکیش ببێتە مایەی بەختەوەریی ئوممەتەکەی پێی بەختەوەر ئەبێت، ئەم جۆرە کەسانە کەم و دەگمەنن، بە دەرکەوتنی ژمارەیەک کەسانی لەو جۆرە، ئوممەت چەندە بەختەوەر دەبێت، ئەوان چرای ڕۆشنکەرەوەی شەوەزەنگن، بۆ ئوممەت دەژین و هەنگاوی درووستی پێ هەڵدەگرن و ڕێگاکانی ڕووناک دەکەنەوە و سوورن لە سەر هەستانەوەی، شەو و ڕۆژ لە کاردا دەبن بۆ لابردنی شکستییەکانی، ئەگەر تووشی شکستییەک بوو.

شێخ محەمەد غەزالی -خوا لێی خۆش بێت- یەکێکە لەو جۆرە مرۆڤانە، ئەو لەو حەفتاوحەوت ساڵەی تەمەنیدا پیاوی ئوممەت و پیاوێکی بەقەد ئوممەتێک بووە. لە مێشک و عەقڵ و دڵیدا خەم و ناسۆرەکانی ئوممەت و کێشەکانی هەڵگرتووە، لە جەنگە فکرییەکانیدا بەشدار بووە و کاری بۆ هەستانەوەی ئوممەت کردوە و گرفت و کێشەکانی خەویان لە چاویان بردووە.

هیچ دوودڵ نەبووە لەوەی زیاد لە توانای خۆی بخاتە سەر شانی، بەتایبەتی لە کۆتا ساڵەکانی تەمەنیدا، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی دیکە بڕوات، وەک ئەوەی ئەفسەری ئاگرکوژێنەوە بێت و بەشوێن ئاگر و قەیرانەکانەوە بێت، تا خامۆشی بکات، هەر قەیرانێک، یان کێشەیەک ڕوی بدایە و بیبینیایە، کە دەتوانێت ڕۆڵێکی هەبێت لە نەهێشتنیدا، ئەوا بە لەشسووکی و چالاکییەوە، وەک گەنجێکی خوێنگەرم ڕادەپەڕی، ڕێگایەکی دوورودرێژی دەبڕی، کە تەندرووستییەکەی بەرگەی ناگرێت، بەڵام ئەو پێیوا بوو، کە بەوە لە لایەکەوە لە خوا نزیک دەبێتەوە، لە لایەکی دیکەوە هۆکارێکە بۆ ڕەزامەندیی خوا و ئەمەکدارییە بەرانبەر ئەو ئینتیمایەی، کە مایەی شانازییەتی بۆ ئەم ئوممەتە.

لە زۆر گەشتدا بە هاوڕێیەتیی ئەو بەختەوەر بووم، لە هەندێ لە خەمەکانیدا بەشدار بووم، لەو بەرپرسیارێتی و خەمانەی، کە بەشێک بوون لە خەم و بەرپرسیارێتیی ئوممەت و کەوتبوونە سەر شانمان پەنام بۆ دەبرد، ئەوەی لەودا دەمبینی، هەتا ئێستا تەنها لە دوو کەسدا بەدیم کردووە، یەکەمیان: مامۆستامان و پێشەوای عێراقییەکان: شێخ ئەمجەد زەهاوی، دوەمیشیان: مامۆستامان پێشەوا (عبدالعزيز بن باز)، ئەم سێ زانایە کە هاوسەردەمیان بووم و لەگەڵیان ژیاوم و بەدڵنیاییەوە دەڵێم: هەریەک لەوانە پیاوی ئوممەت بوون و هەر کەسێکیشیان ئوممەتێک بوو بەو واتایەی، کە باسم کرد، هەر یەکەشیان خەسڵەت و تایبەتمەندی و خاڵی جیاوازیی خۆی

هەبوو، لەوانەیە یەکێک لە دیارترین خەسڵەتی شێخی غەزالی، کە من هەستم پێکردبێت پەیوەستبوونی بێت بە قورئانی پیرۆزەوە، کەسم نەبینیووە دەستی بە شتێکەوە گرتبێت، کە پێی بەخشرا بێت و لەسەری بەردەوام بێت وەک ئەوەی شێخی غەزالی بە قورئانەوە پەیوەست بوو، ڕۆژانە پێنج جوزئی بە لەبەرکراوی دەخوێندەوە، لە سەفەر و کاتی ئاساییدا زیادەڕەویی نەدەکرد لە خوێندنەوەیدا.

لەبەر ئەوە دەمبینی زۆربەی کات زمانی بە قورئان پاراو بوو، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەخێرایی دەهاتنە سەر زاری کاتێ، کە پێویستی بووایە وەک بەڵگە بیانهێنێتەوە، یان حوکمێکیان لێ دەربهێنێت و سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت بۆ ئەوەی لەم قورئانە بەرزەدا هەیە لە ڕێنوێنی، کە مرۆڤ لە هیچ شوێنێکی تردا هاوشێوەی نابینێتەوە، لە کاتێکدا کە لە زانکۆی (ئەمیر عەبدولقادر) لە شاری (قسطنطينية)ی وڵاتی جەزائیر وانەی دەگوتەوە، ڕۆژێکیان چوویە پۆلەوە، دەیزانی پۆلەکە کۆمەڵێک قوتابیی تێدایە، کە بە جگە لە قورئانەوە سەرقاڵن و کاتەکانیان بە زانستە ئیسلامییەکانی دیکەوە بەسەر دەبەن، بەم فەرموودەیە سەرسامی کردن: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی و چەند ئایەتێکی قورئانی بۆ خوێندنەوە، قوتابییەکان کەوتنە مقۆمقۆ و پێیان گوت: ئەوانە ئایەتی قورئانن نەک فەرموودە، پێی گوتن: دەزانم، بەڵام ئێوە ناتوانن مافی قورئان وەک خۆی بدەن، بۆیە وام بە باش زانی ئایەتێکتان بۆ بخوێنمەوە، کە دەمەوێت لەبەری بکەن و لێی ورد ببنەوە، هەر بۆیە بە دەربڕینی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئایەتەکە، کە گومانی نییە ئەوە ئایەتە و فەرموودە نییە، ئەگەر وڵاتی جەزائیر باش و بێکەموکورتی بووایە، ئەوا غەزالی لەنێویدا نەدەبوو، گومانی تێدا نییە، کە بوونی ئەوە بەشێکی زۆر لە توندڕەویی توندڕەوەکان و زیادەڕۆیی زیادەڕۆشتووان و لادانی بەلادارۆشتووانی کەم کردەوە.

غەزالی کەسێکی سادە و ڕووخۆش بوو، هەرکەس لە خزمەتیدا دابنیشتایە و لێیەوە فێر ببوایە و گوێبیستی وانەکانی بووایە، وای دەزانی، کە لە توانایدایە وەک ئەو بێت و ئەوەی ئەو باسی دەکات ئەمیش لێی بدوێت، بەڵام ئەگەر ئەوەی تاقی بکردایەتەوە دەیبینی لەبەردەم زانایەکی پایەبەرزدایە، کە لە توانای ئەمدا نییە لە ئاستیدا خۆی بنوێنێ.

ئەو کاتەی سەرۆکی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی بووم، قەناعەتم بە برایانم هێنا، کە پێویستە سوود لە شێخی غەزالی وەربگرین، گرنگترین ئەو ڕێگایانەمان تاوتوێ کرد، کە دەکرێت لێیانەوە لێی سوودمەند بین، بینیمان ئەم کارە ئەو کاتە دەبێت، کە شێخ گەڕابێتەوە بۆ میسر، ئەو شوێنەی ئەو دۆست و ڕۆڵانەی لێن، کە ئاشنای باشییەکانین و زۆرترین پێویستییان پێیەتی، دوای ئەوەی بۆ ئەو مەبەستە دووجار سەردانی جەزائیرم کرد و لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ کرد و لەسەر نەهێشتنی ئەو کۆسپ و تەگەرانە ڕێککەوتین، کە ڕێگرن لەبەردەم گەڕانەوەیدا، گەیشتە ئەو قەناعەتەی، کە دەکرێت ڕۆڵی خۆی لە میسرەوە زیاتر لە هەر جێگایەکی تر بەباشی بگێڕێت.

مامۆستا گەڕایەوە بۆ میسر و ئەنجومەنی زانستیی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی دامەزراند، لەو کاتەدا نووسینگەی قاهیرەی پەیمانگا بە سەرۆکایەتیی دکتۆر جەمال عەتیە -خوا بیپارێزێت- و موفتی کۆماری میسر مامۆستا عەلی جومعە بوو، داوام لێکردن هاریکاریی شێخی غەزالی بکەن بە هەموو شێوەیەک و باشترین زانایانی وڵات لە دەوری ئەنجومەنە زانستییەکەی کۆبکەنەوە، کە بە مەبەستی بونیادنانی هۆشیارییەکی ساغ و درووستی ئیسلامی لە خاکی کینانەدا بیروڕای تێدا بگۆڕنەوە.

بە چەند ڕۆژێکی کەم – خوای گەورە بیخاتە سایەی ڕەحمەتی خۆی- توانیی باشترین نموونەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەوە بوو مامۆستای ڕاوێژکار تارق بوشری و دکتۆر محەمەد سەلیم عەوا و دکتۆر محەمەد عەممارە و دکتۆر محەمەد عوسمانی نەجاتی و دکتۆر ئەحمەد کەمال

ئەبولمەجد و پێشەوای پزیشکانی میسر: زوهەیر عابدین و ژمارەیەکی دیکە لە زانا و بیرمەندانی میسر لەدەوری کۆبوونەوە، ئیدی بەڕاستی ڕەوتی گێڕانەوەی هۆشیاریی ئیسلامی لە خاکی کینانە و لەنێو ڕۆڵەکانیدا دەستی پێکردەوە، هەتا ئێستاش شوێنەواری ئەو دیدارانەی، کە شێخی غەزالی لەگەڵ ئەو دەستەبژێرەدا ئەنجامی دەدا بەرهەمی خۆی دەدات و بۆن و بەرامەی هەر لە بڵاوبوونەوەدایە لە بەرهەمدانی نەوەستاوە.

وەک پرۆژەیەکی پێشەنگ لەو پرۆژانەی، کە لەو کاتەدا بیری لێکرایەوە و بۆچوونەکانی لەسەر جێبەجێکردنی یەک بوو، تۆمارکردنی ژیانی ژمارەیەک زانای پایەبەرز بوو لەسەر شریتی ڤیدیۆ و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەیان بە هەر ئامرازێک، کە لە جیهانی ئیسلامیدا لە بەردەستدا بێت، تا ژیاننامەی ئەو زانایانە وەک نموونە و پێشەنگ بۆ نەوە چاکەکان بخرێتەڕوو، بڕیار درا کە شێخی غەزالی یەکەم کەس بێت لەوانەی ژیاننامەیان تۆمار دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش کەسانێکی دیار و ئاگادار لە ژیانی غەزالی هەڵبژێردران، تا وتوێژی لەگەڵ ئەنجام بدەن و لەسەر مێژووی ژیانی بە دیدی خۆی و دەرخستنی هەڵوێستی لەمەڕ مەترسیدارترین کێشەکان بخاتەڕوو. ژیانی بۆ چەند لایەنێکی جیاواز بەپێی گونجانی لەگەڵ ئەو دەستەبژێرەی دیدارەکانیان ئەنجام دەدا، دابەشکرا، تا لەمەوە ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی هەیەتی دەربهێنن، کە گومانی تێدا نییە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لێی ئەو ئومێدە دەبەخشێت، کە ئەم ئوممەتە ئوممەتی هێنانەئارای بلیمەت و پیاوانی ئوممەتە.

بەداخەوە لایەنە هونەرییەکان لەو کاتەدا لە ئاستی پێویستدا نەبوو، تا ئەوەی تۆمار کراوە گرنگیی پێویستی پێ بدرێت وەک ئەوەی هیواخواز بووین وەک کارکردن بەم گوتەیەی شەرعزانان: "المیسور لا یسقط بالمعسور" ئەوەی لە تواناادایە بەهۆی ئەوەی لە توانادا نییە لا ناچێت.

لە کۆتاییدا دەستەی کارگێڕیی پەیمانگا بڕیاریدا، کە ئەو تۆمارە ڤیدیۆییانە بنووسرێنەوە و ئەوەی لە دووتوێیاندایە لەم کتێبەدا بخرێتەڕوو تا نەخشەی

فیکریـی شـێخی غـەزالی و هەڵوێسـت و بەرنامـەی لـە بەرەنگاربوونـەوەی هەڕەشە جیاوازەکاندا بخرێتەڕوو، ئەوەتا ئەمڕۆ ئەم کتێبە دەخەینە بەردەستی خوێنەران و هیوادارین نەوەکان لێی سوودمەند بن و بزانن، کە ئەم ئوممەتە لە توانایدایە پیاوانێکی بلیمەت پێ بگەیەنێت، میسریش بەتایبەتی کینانەی خوایە لەسەر زەویدا، هەر میسر بووە محەمەد عەبدە و حەسەن بەننا و مەراغی و سەید قوتبی پێشکەش کردووە، غەزالی و جەمال حەمدان و حامد ڕەبیع و زوهەیرە عابدین، جگە لەوانیشی پێگەیاندووە، ئێستاش بە فەزڵی خوای گەورە پێگەیەنەر و وەبەرهێنەرە.

لە فێرخوازان داواکارم لێکۆڵینەوە لەم ژیاننامەیە بکەن و بەم نموونەیە ئاشنا ببن و هەڵوێستەکانی و هەڵویستی ئەم کەسایەتییەش شی بکەنەوە و نموونە مەعریفییەکانی بناسن. ئێمە کاتێ باس لە شێخی غەزالی و جەمال حەمدان و حامد ڕەبیع و زوهەیرە عابدین و مونا ئەبوفەزڵ و تارق بوشری و کەسانی هاوشێوەیان دەکەین، قسەکردنە لەسەر کەسانێک، کە مێژوویەکیان درووست کردووە و نموونەی کەسانێکیان پێشکەش کردووە، کە شایستەی ئەوەن کەسایەتیی ئەم ئوممەتە بن.

خوای گەورە ڕەحم بە شێخی غەزالی بکات و پاداشتی چاکەی بداتەوە و بە بەهەشتی شاد بکات، هەر وەک چۆن لە (طیبة)ی کردە نسیبی و لە تەنیشت گۆڕی پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر) نێژرا، لە خوای گەورە داواکارین فیردەوسی ئەعلاش بکاتە بەشی و لە تەنیشتی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) و پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان ببێت و ئەوانەش باشترین هاوڕێن.

# چەند وتووێژێک لەگەڵ شێخ محەمەد غەزالی

**د. جەمالەدین عەتییە**

ئەم گفتوگۆیانە لەلایەن پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی (نووسینگەی قاهیرە) لەمیانی پلانی ناساندنی چەند بیرمەندێکی هاوچەرخدا ڕێکخرابوو.

ئەو دەرفەتە نەڕەخسا ئەم کارە بەتەواوی ئەنجام بدرێت و هەلی ئەوەمان لەدەستچوو، کە بەچڕی کەسانێکی گرنگی وەک: ئیسماعیل فاروقی و محەمەد عەبدولهادی ئەبو ڕیدە و مەحمود ئەبو سعود و محەمەد ئەسەد و مستەفا زەرقا و عەبدولوەهاب مسیری و توفیق شاوی و عزەدین ئیبراهیم و کەسانێکی دیکەش زیاتر بناسێنین، ئەگەرچی دەکرێت بەشێک لەوەی لەدەستمان چووە لە ڕێی کتێب و نووسینەکانیان و ئەوەی کەسانی تر لەبارەیانەوە لایانە قەرەبوو بکەینەوە...

هەروەها هێشتا لە توانادا هەیە خۆمان لەو دەرفەت لەدەستچوونانە بەدوور بگرین و پەلە بکەین لە ئەنجامدانی وتووێژی هاوشێوە لەگەڵ نووسەرانی خاوەن بۆچوون و تێڕوانینی وەک: یوسف قەرزاوی و محەمەد عەممارە و حەسەن تورابی و عەبدوللا بن بییە و ڕاشد غەنووشی و نووسەرانی دیکە.

ئەمە جاری یەکەم نییە پەیمانگا دیداری لەگەڵ شێخ غەزالی ڕێکبخات، پێشتریش داوا لە مامۆستا عمر عبید حەسەنە کرابوو دیمانەیەک سەبارەت بە بابەتی "چۆن مامەڵە لەگەڵ قورئاندا بکەین" ئەنجام بدات، بەرهەمەکەشی کتێبێک بوو بە هەمان ناونیشان، ئەو ئەزموونەش هاندەر بوو بۆ هەنگاوێکی نوێ کە دیمانەکان لە تاکییەوە بکەین بە کۆمەڵ، نەخشەکە وای دەخواست لیژنەیەک هەستێت بە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی دیمانەکان ئەنجام دەدەن،

پاشان یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە - کە ئەویش دکتۆر محەمەد کەمالەدین ئیمام بوو- هەستێت بە کاری ڕێکخستنی تەوەرەکان و بابەتی هەر تەوەرێک و ئەو کەسەی بۆ هەر تەوەرێک دەستنیشان کراوە دیمانە ئەنجام بدات، بەم جۆرە بەکۆمەڵە دیمانەکان دەگەنە ئاستێکی باڵای گفتوگۆی تایبەتمەند.

دەگەڕێمەوە بۆ خستنەڕووی ئەم دیمانانەی، کە ئێستا لە بەردەستتدایە، وای دەبینم کە شێخی غەزالی ناسراوە، دیمانەکانیش بەڕوونی گوزارشتن لە بۆچوونی شێخی غەزالی و لەڕێی ئەم دیمانانەوە بەجوانی و چاکی دەیناسن.

ئەگەر تا ئێستا نەتناسیووە ئەوا دەیناسیت، زیاتر وا گومان دەبەم خۆشت دەوێت و ئومێد دەخوازیت، کە تا لە ژیاندا بوو بە خزمەتی بگەشتیتایە...

- بێگەردی و ڕوونی.
- ڕوونیی فیکر و ڕاشکاویی گوزارشتکردن لێی.
- ڕاگەیاندنی حەق و بوێری لە دانان بە هەڵەدا.
- جیاکردنەوەی ئاشکرا لە نێوان حەقیقەتی ئایین و ئەوەی سەردەمەکان لە هەڵە و ڕاست بۆیان زیاد کردووە.
- ئەمەو چەندین خەسڵەتی دیکە لە خەسڵەتەکانی شێخ محەمەد غەزالین –خوا لێی خۆش ببێت- کە بەڕوونی لە میانی ئەم دیمانانەدا دەدرەوشێنەوە و وای کردووە کەسایەتییەکەی خۆشەویست و کاریگەر بێت.

# ڕۆشنایی بۆ سەر دیمانەکانی شێخی غەزالی

د. محەمەد عەممارە

(١)

- شێخ محەمەد غەزالی... شەرعزانی ئیسلامی - بانگخواز- نوێکەرەوە- محەمەد غەزالی ئەلسەقا (١٣٣٥-١٤١٦ک/١٩١٧-١٩٩٦ز) لە گوندی (نکلا ئەلعنەب)ی ناوەندی (ئیتای ئەلبارود) لە پارێزگای بوحەیرە، لە دەلتای میسر، لە ڕۆژی شەممە (٥ی زیلحیجە ١٣٣٥ک/ ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩١٧ز) لەدایکبووە، لە خۆشەویستیی حوجەتولئیسلام ئەبو حامیدی غەزالی، باوکی ناوی ناوە (محەمەد غەزالی) لە نێو حەوت براکەیدا برا گەورەیان بووە.

- لە تەمەنی دە ساڵیدا شێخ محەمەد غەزالی لەو کاتەی، کە خوێندکار بوو قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە، چووەتە پەیمانگای ئەسکەندەرییەی ئایینی - سەر بە ئەزهەر- و لە ساڵی (١٩٣٢ز)دا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە.. لە ساڵی (١٩٣٧ز)دا دواناوەندیی تەواو کردووە و هەمان ساڵ چووەتە کۆلێژی ئوصولیی ئایینی لە قاهیرە، ساڵی (١٩٤١ز) بڕوانامەی زانایەتی بەدەستهێناوە، ساڵی (١٩٤٣ز)یش بڕوانامەی (الدعوة والارشاد)ی وەرگرتووە.

- شێخ محەمەد غەزالی لەو کاتەوەی خوێندکار بووە لە کولێژی ئوصولی ئایین وەک بانگخوازێک کاری کردووە، لە یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری قاهیرە بووەتە پێشنوێژ و وتارخوێن. کاتێ کۆلێژی تەواو کردووە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە لە ساڵی (١٩٤٢ز)دا، وەک پێشنوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی (العتبة الخضراء) دامەزراوە، لە بواری بانگەوازدا چەند پلەیەکی

بڕیوە، بووەتە پشکنەر لە مزگەوتەکاندا، پاشان بەڕێوەبەری دەعوە و ئیرشاد، دواتریش بووەتە بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بانگەواز.

- بەهرەی ئەدەبی و فیکریی شێخ محەمەد غەزالی لەو کاتەوەی، کە خوێندکار بووە دەرکەوتووە، ئەمەش ئەو کاتە بوو، کە لە ڕیزەکانی ئیخوان موسلیمیندا کاری دەکرد، لە ساڵی (١٩٣٧ز)دا گەیشتووەتە خزمەت پێشەوای شەهید (حەسەن بەننا)، شێخ مەحەمد غەزالی بووەتە یەکێک لە گەورەترین نووسەرانی ئەم کۆمەڵەیە، بەشی خۆی لە نەهامەتی و ناڕەحەتییش بەر کەوتووە، لە ساڵی (١٩٤٩ز)دا نزیکەی ساڵێکی لە بەندیخانەی (طور) بەسەر بردووە، لە کاتی لێکۆڵینەوەکانیشدا لەگەڵ شەهید سەید قوتبدا ساڵی (١٩٦٥ز)دا کەمتر لە ساڵێکی لە بەندیخانەی (طره) بەسەر بردووە.

- لەگەڵ جیابوونەوەی شێخ محەمەد غەزالی لە کۆمەڵەی برایانی مسوڵمان وەک بزاڤێک و یەکلابوونەوەی بۆ بانگەواز و نووسین، وەک ڕەخنەگر و نەیاری ڕژێمی شۆڕشی یۆلیۆی ساڵی (١٩٥٢ز) ژیا، ڕووبەڕووی هێرشی نووسەرانی لایەنگری ئەو شۆڕشە بووەتەوە، لەلایەن جەماوەری ئەو مزگەوتانەی وتاری تێدا پێشکەش کردووە پشتگیریی لێکراوە، تا کار گەیشتە ئەوەی دەوڵەت لە نەیارییەکەی بێزار بێت، ئیدی ڕێگەی پێ نەدا لە مزگەوتی عەمری کوڕی عاص وتار بدات و پسپۆڕییەتیەکەشیان لە پیشەی بانگەوازیدا لێ وەرگرتەوە... تا گەیشتە ئەو ڕەوشەی خۆی لەسەر حەسیرێک بینییەوە... بێ ئەوەی شوێنێک هەبێت، لە بەیتوونەیەک لە مزگەوتی صەلاحەددین -لە قاهیرە- لەسەر ئەو حەسیرەدا دادەنیشت و سەرقاڵی نووسین بوو.

- کاتێ هەستی کرد مەترسیی لێی نزیک بووەتەوە - لە سەروەختی لێکۆڵینەوەکان لە کێشەی (الفنية العسكرية)دا... لە ساڵی (١٩٧٤ز) هەوڵیدا لە میسر بچێتە دەرەوە، تا لە زانکۆ عەرەبییەکان وانە بڵێتەوە... تا ساڵی (١٩٨٨ز)، کە گەڕایەوە میسر و جێگیر بوو، لەنێوان ساڵانی (١٩٧٤-١٩٨٨) زۆر شوێنی جیاوازی جیهانی ئیسلامی لە توانا و بەخششی شێخی غەزالی بەهرەمەند بوون، تا بووە یەکێک لە دیارترین زانایانی ئیسلامی سەدەی بیستەم.

- بە ئەندامێتیەکەی چەندین کۆڕی زانستیی ئیسلامیی شەرەفمەند کرد، وەک کۆڕی توێژینەوەی ئیسلامی لە ئەزهەری شەریف و کۆڕی پادشایی بۆ توێژینەوەی ژیاریی ئیسلامیی لە ئوردن و ئەنجومەنی زانستیی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی و دەزگای خێرخوازی ئیسلامی جیهانی و... هتد.

- چەندین میدالیا و خەڵاتی پێ بەخشراوە، وەک:

١. میدالیای (الاسیر) لە ساڵی (١٩٨٨ز) لە وڵاتی جەزائیر، کە گەورەترین میدالیایە لەو وڵاتەدا.

٢. خەڵاتی جیهانیی شا فەیسڵ – بۆ خزمەتی ئیسلام- ساڵی (١٩٨٩ز).

٣. خەڵاتی ئیمتیاز لە وڵاتی پاکستان ساڵی (١٩٩١ز).

٤. خەڵاتی ڕێزلێنانی دەوڵەت لە میسر ساڵی (١٩٩١ز).

٥. خەڵاتی (علی و عثمان حافظ) – بۆ بیرمەندی ساڵ- ساڵی (١٩٩١ز).

- شێخ محەمەد غەزالی بە نوێنەرایەتیی ئەزهەری شەریف چووەتە نەتەوە یەکگرتووەکان لە یادی پەنجا ساڵەیدا (١٩٩٦ز) وتارێکی پێشکەش کردووە، بۆ ماوەی سێ هەفتە لەگەڵ مسوڵمانانی ئەمریکادا ماوەتەوە، پاش چەند هەفتەیەک لە گەڕانەوەی لە ئەمریکا بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی ڕۆشنبیریی نیشتمانی چووەتە سعودیە، لە کاتێکدا قەڵەم و کاغەزی بەدەستەوە بووە و خەریکی نووسینی ئەو خاڵانە بووە بەرگری لە ئیسلام بکات، لە ڕۆژی (١٧ی شوالی ساڵی ١٤١٦ک بەرانبەر بە ٩ی مارسی ساڵی ١٩٩٦ز) لە پایتەختی دوایین پەیامهێنەر، ڕۆحی بۆ لای پەروەردگاری گەڕاوەتەوە و لە گۆڕستانی بەقیع لە شاری مەدینەی مونەوەرە بە خاک سپێردراوە، کە شێخی غەزالی هەموو ژیانی وەک بانگخوازێک بۆ سەر ڕێبازەکەی پاسەوانێکی ڕێنوێنیەکانی و تێکۆشەرێک لەپێناوی سەرخستنی ئایینەکەیدا بەسەر بردووە[1].

[1] بۆ زیاتر ئاگاداربوون بڕوانە ئەم کتێبەمان: (الشیخ محمد الغزالي: الموقع الفکري والمعارک الفکرية) چاپی دار السلام- قاهیرە ساڵی (١٤٣٠ک/٢٠٠٩ز).

(٢)

- شێخ محەمد غەزالی لەگەڵ ئەوەی دڵێکی پاک و بێگەرد و نەرمونیان و نوورانیی هەبووە، کەچی ژیانی پڕ بوو لە زنجیرەیەک جەنگی فیکری و تێیاندا شێرێکی پارێزەری ئیسلام بوو، حەقیقەتەکانی ئیسلامی دەخستەڕوو... بەرەنگاریی هێرش و پەلاماری دوژمنانیشی دەبوویەوە:

- بەرەنگاربوونەوەی سەرکوتکاریی دارایی و ستەمی کۆمەڵایەتی، یەکەمین جەنگی فیکریی ئەو بوو، لەم بارەیەوە کتێبی: (الاسلام والاوضاع الاقتصادية) و (الاسلام والمناهج الاشتراكية) و (الاسلام المفترى عليه بين الشيوعيين والرأسماليين) و (الاسلام في مواجهة الزحف الاحمر)ی نووسی.

- لە بەرەنگاربوونەوەی چەقبەستن و لاساییکردنەوە و پەیوەستبوونی حەرفی بە دەقەکانەوە لەم جەنگانەشدا ئەم کتێبانەی نووسیووە: (دستور الوحدة الثقافية بين المسلمين) و (السنة النبوية بين أهل الفقه وأهل الحديث) و (قضايا المرأة بين التقاليد الراكدة والوافدة).

- لە بەرانبەر سەرکوتکاریی سیاسییشدا شێخ محەمەد غەزالی ئەم دوو کتێبەی نووسیووە: (الاسلام والاستبداد السياسي) و (حقوق الانسان بين تعاليم الاسلام وإعلان الأمم المتحدة)...

- لە بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ڕۆژئاوا و بەڕۆژئاوایکردن و بەگاوربوونیشدا، شێخی غەزالی ئەم کتێبانەی نووسیووە: (من هنا نتعلم) و (حقيقة القومية العربية) و (دفاع عن العقيدة والشريعة ضد مطاعن المستشرقين) و (الغزو الفكري يمتد في فراغنا) و (مستقبل الاسلام خارج أرضه وكيف نفكر فيه).

- بۆ ڕوبەڕوبوونەوی خودی ئیسلامیش، کە بە هۆی ئەو دواکەوتنەی بۆی ماوەتەوە و وەرگرتنی شتی نامۆوە وێنەکەی شێوێندراوە، شێخ محەمەد غەزالی پرۆژەیەکی فیکری بۆ نوێکردنەوەی خودی ئیسلام پێشکەش کرد، لەم بوارەشدا ئەم کتێبانەی نووسی: (خلق المسلم) و (عقيدة المسلم) و (التعصب والتسامح) و (جدد حياتک) و (في موكب الدعوة) و (فقه السيرة) و (ليس من

الاسلام) و (هذا ديننا) و (من معالم الحق) و (كيف نفهم الاسلام) و (نظرات في القرآن) و (كيف نتعامل مع القرآن) و (نحو تفسير موضوعي لسور القرآن الكريم) و (المحاور الخمسة للقران الكريم) و (مع الله- دراسات في الدعوة والدعاة) و (معركة المصحف) و (كفاح دين) و (الاسلام والطاقات المعطلة) و (الجانب العاطفي من الاسلام) و (سر تأخر العرب والمسلمين) و (قذائف الحق) و (هموم داعية)...

بەم جۆرە شێخی غەزالی دڵێکی بێگەرد و عەقڵێکی زیرەک و شێرێکی ئێشکگرتووی سنووری ئیسلام بوو، حەقیقەتەکانی دەخستەڕوو، بەرەنگاریی تیری دوژمنانیشی دەبووەوە کە لەدەوری کۆ بووبونەوە و دوژمنایەتی ئوممەتەکەیان دەکرد، تا سەر لەنوێ هەڵنەسێتەوە، لەو دەربڕینانەشی کە ئەم گوزارشتە دەدات: "ئیسلام دڵێکی بێگەرد و عەقڵێکی زیرەکە... دوژمنایەتییەکانی بانگەوازی ئیسلامیش – بەر لە پەلاماری دەرەکی- لەناو خاکی ئیسلامەوە دێت، پەلاماری هەرە گەورەش بۆ سەر ئیسلام هەمووی بریتییە لە بەئاگایی هەموو ئەو هێزانەی، کە دوژمنایەتیی دەکەن، نیەتی لەناوبردنیشی دەریدەخات.

یەهودیەت و مەسیحیەت و شیوعیەت و بتپەرستی بەڕاستی ویستێکی شێتانەیان بۆ لەناوبردنی هەیە و دەیانەوێت ئەو بێئاگایی و پەرتەوازەییەی لە وڵاتەکانیدا هەیە بقۆزنەوە و گورزی کوشندەی کۆتاییان بوەشێنن، ئامۆژگاریکردن کەمترین ئەرکی سەرشانی مسوڵمانە لەم سەردەمانەدا، هەوڵی پێویستی یەکەم بریتییە لە جووڵاندنی کاروانی ئیسلام کە ڕاوەستاوە، لە کاتێکدا تەنانەت مانگاپەرستییش بەرەوپێش دەچێت: هەموو ئەم کۆسپ و تەگەرانە ئەو کاتە لەناو دەچن، کە مسوڵمانان ئیسلام لەخۆ بگرن، بە دەستە و کۆمەڵ کۆمەڵ، بە سەرکردە و گەلەوە بێنەوە ناو ئیسلام"[1].

---

[1]- هەمان سەرچاوەی پێشوو (ل ٥-٢٤).

## (٣)

ئەگەر شێخی غەزالی داهێنانی فیکریی خۆی پێشکەش کردبێت: بە وتار و ئامۆژگاری و وانەوتنەوە لە مزگەوت و زانکۆکان و کتێب و وتار و وتووێژ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و فەتوا و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، لەگەڵ ئەوەدا – لە سەرووی هەموو ئەو ئامرازانەوە "لە هونەرەکانی قسەکردن"- لە کۆتا ساڵەکانی تەمەنیدا ڕێگای "هونەری وتووێژ (فن المحاورات)"ی گرتە بەر، ئەمەش ئەوکاتەی "پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی" زنجیرەیەک وتووێژی لەگەڵ شێخ محەمەد غەزالی ئەنجامدا، کە لەلایەن ژمارەیەک قوتابییەوە ئەنجامدران، ئەوانەی پێگەی تایبەت بە خۆیان هەیە لە بواری فیکری ئیسلامیدا، ئەوانەی پرۆژە فیکریەکەیان ئەزموون کرد، توانییان لەو تەوەرانەدا زیاتر لەوەی لە کتێب و دیدار و نووسینەکانیدا هەبووە سوود لە عەقڵە بەتواناکەی وەربگرن...

لەم پرۆژەیەدا ئەم مامۆستا بەڕێزانە بەشدار بوون:

- دکتۆر محەمەد کەمال ئیمام.
- دکتۆر محەمەد عەممارە.
- دکتۆر عەبدولموعتی بەیومی.
- دکتۆر جەمال عەتییە.
- مامۆستا فەهمی هوەیدی.
- دکتۆر ڕەفعەت عوەزی.
- مامۆستا سافیناز کازم.
- دکتۆر حەسەن شافیعی.

بەرهەمی ئەم دیمانانەش، کە زۆربەی ئەو بوارە فیکریانەی لەخۆ گرتبوو شێخ محەمەد غەزالی تێیاندا داهێنانی کردبوو، ئەم کتێبەی بەردەستی

خوێنەرە، لەمەشدا هونەری وتووێژی شێخی غەزالی بەڕوونیی دەردەکەوێت، هەروەها زیادەی زۆر گرنگی بۆ ئەو پرۆژە فیکریانە تێدایە کە دانراوەکانی ئەم پێشەوا مەزنە لەخۆی گرتبوو. خۆ ئەگەر بەسوود - بەڵکو پێویست- بێت لە خستنەڕووی تەوەرەکانی ئەم وتوێژانەدا ڕۆشنایی بخەینە سەر هەندێ لە بابەتەکانی، ئەوا ئێمە لەو ئاماژانەدا دەوەستین، کە بە گرنگیان دەزانین، یاخود نوێیە ڕووناکییان بخەینە سەر.

(٤)

لە ڕاستیدا شێخ محەمەد غەزالی لە قوتابخانەی قورئانی پیرۆزدا، عەقڵ و تێگەیشتنێکی وای بۆ درووست بووبوو، زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین بەرهەمێکی هەرە باش بوو لە بەرهەمەکانی ئەم قورئانە پیرۆزە، لەبەر ئەوە پەیوەندیی ئەو لەگەڵ قورئاندا تەنها لە سنووری خوێندنەوە و لەبەرکردن و تێگەیشتن و تەفسیرکرندا نەوەستا، بەڵکو لەگەڵ قورئاندا دەژیا، بە جۆرێک خۆی سەبارەت بەم پەیوەندییە تایبەتە - ڕۆحییە- بەتینە، پڕ سۆزە، دیارە، دەڵێت:"هەندێک کات بەدەوری سنووری گونددا دەسووڕامەوە و دەچوومە نێو کێڵگەکان، هەندێک جار بە دەنگی بەرز قورئانم دەخوێندەوە -کە من سوپاس بۆ خوا بەچاکی لەبەرم کردووە- وەک ئەوەی بەمیراتی لە باوکمەوە بۆم مابێتەوە، لەیادمە ڕۆژێکیان ئەمەم بۆ مامۆستا حەسەن بەننا باسکرد... ڕۆژێکیان لە کێڵگەدا دەڕۆیشتم و سورەتی (الاسراء)م دەخوێند: ﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾ [الاسراء:٤٤]، وا هاتە خەیاڵم کە هەموو شتی دەوروبەرم کڕنووش دەبەن، خۆ ئەگەر من لەبەر ئەوە نەبووایە کە جوبەکەم لەبەردایە، ئەوا کڕنووشم دەبرد و بە خاکی ئەو زەوییە چێنراوە پیسم دەکرد"[١].

---

[١]- لەم کتێبەدا بڕوانە (ل ٣٣).

(٥)

لە ڕاستیدا کەلەپووری ئیسلامی دەریایەک بوو، شێخی غەزالییش پێیدا گەڕا... بانگەوازی دەکرد بۆ لەخۆگرتنی ئەم کەلەپوورە و هێنانی وەڵامەکانی لەسەر نیشانەی پرسیارەکانی سەردەم و پێشهاتە هاوچەرخەکان، بەدەر لە نغرۆبوون لە کەلەپووری یەک مەزهەب و فەرامۆشکردنی ئەوانی دیکە... لەبارەی ئەم حەقیقەتەوە دەڵێت: "من لە کاری بانگەوازدا لەنێو زۆر ژینگەدا گەڕام، بەرژەوەندیی من لەوەدایە ئاشنای تێڕوانینی هەموو پێشەوا و زانایانەمان ببم، بۆچی تەنها لەسەر ئەبو حامیدی غەزالی بووەستم؟ پێویستە لەسەرم لە غەزالی و ئیبن تەیمییە و ئیبن حەزم و ئیبن جەوزی و ئەبو حەنیفە و مالیک و شافیعی و ئیبن حەنبەلیش وەربگرم"[1].

بە هەمان شێوە، شێخی غەزالی بانگەشەی ڕەخنەی زانستیی لەم کەلەپوورە ئیسلامییە دەکرد، چونکە داهێنانی ئوممەتەکەیەتی، ئەو پیرۆزییەی نییە، کە وەحی و ڕوونکردنەوەی پەیامهێنەر بۆ گەیاندنی پەیامی قورئان هەیبوو، "لەبەر ئەوە، پێویستە ڕەخنەی زانستی بۆ ئەم کەلەپوورە هەبێت، هیچ ڕێگرییەک نییە ڕەخنە لە کەلەپووری حەنەفیەکان، یان کەلەپووری مالکییەکان، یاخود کەلەپووری شافیعییەکان بە شێوەیەکی زانستی بگرم، ڕەخنەی زانستی شتێکە و جنێودانیش شتێکی ترە، ڕەخنە: گەڕانە بەشوێن حەقیقەتدا و سەرنجڕاکێشانە بۆ لای، دەبێت ئەو قەناعەتەشت هەبێت، کە هەڵە و ڕاست لە کەلەپووری ئێمەدا و لای پەروەردگارمان پاداشتیان بۆ هەیە"[2].

---

[1]- هەمان سەرچاوە (ل ٩٦-٩٨).

[2]- هەمان سەرچاوە (ل ٢٩١).

بەڕاستی شێخ محەمەد غەزالی گەورەتر لە بانگخوازێک بوو، شەرعزان بوو، پسپۆڕ بوو لە بەهای ئەو فیقهە ئیسلامییەی کە بۆمان ماوەتەوە، بانگەشەکار بوو بۆ نوێکردنەوەی ئەو فیقهە و ڕەخنەگرتن لە نەرێنییەکانی و تەواوکردنی ئەو توانایانەی، کە دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی، کە یاسای دانراوی ڕۆژئاوایی بێ ئایین کاری تێدا دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە:

"من ئەو فیقهەی کە لە زانا پایەبەرز و دیارەکانمانەوە بۆمان ماوەتەوە بە کەلەپوورێکی جیهانیی دادەنێم، کە عەقڵی مەدەنی لە گەڕانی بەشوێن حەقیقەتدا لە ئینگلتەرا و فەڕەنسا خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە، چونکە -هەر وەک لە چەند کۆنگرەیەکی مەدەنیی توێژینەوەدا هەستم پێکردووە- فیقهێکی نائاساییە، مرۆڤایەتی بۆ ڕێککردنی یاسا و دانایی و حوکمەکانی پێویستی پێیەتی، تا ببێتە خاوەن سیاسەتێکی شەرعیی گونجاو... فیقهی ڕۆمانی، کە شوێنکەوتووانی باسی دەکەن، وەک گردۆڵکە وایە لەچاو شاخی هیمالایای فیقهی ئیسلامیدا". ئێمە پێویستمان بە فیقهی بەراوردکارییە، تا ئەو کەلێنەی لەنێوان شەعزانە مسوڵمانەکاندا هەبووە کەمی بکەینەوە، پێویستمان بە فیقهی سوننەیە، بۆچوونی ئیمامەکان سەبارەت بە ئایەتەکانی ئەحکام و فەرموودەکانی ئەحکام بۆ زیاد بکەین، بەمە دەتوانین سوودێک بە پێشین و پاشین وەک یەک بگەیەنین...

چەندین سەدەیە فیقهی ئیسلامی تووشی چەقبەستن بووە، نە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جووڵاوە، نە بە دەستووریی و نە بە کردارییی تا ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە، کە ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا بوونی هەیە، وا دێتە خەیاڵم، کە فیقهی پەرستشەکان تووشی سەرەتانی ئاژاوەگێڕی بووە لە هەندێ خانەیدا لەسەر

حسـابی خانـە درووسـتەکانی، ئـەم درێژبوونـەوە ئاژاوەییـەی، کـە لـە فیقهـی پەرستشەکاندا ڕووی داوە کاتێ فراوانتر دەبێت بە ڕادەیەکی زۆر بـە جۆرێک، کـە تـەنها لەسـەر دەسـتنوێژگرتن یـان خۆشـۆردن چەنـدین بـەرگ کتێـب دەنووسرێت، لەسەر شتێک، کە دەکرا لـە پشتی لاپەڕەیەک ڕوون بکرێتەوە... ئەم گەورەکردنە لەسەر حسابی یاسای دەستووریی و یاسای نێودەوڵەتی و یاسـای مامەڵـەکان و کـار و کرێکـاران و یاسـای کارگێڕییـە... ئەمـەش وای کردووە ئوممەتی ئیسلام شکستخواردووترین کەس بن لە کارگێڕیدا"[1].

(٧)

لە هزری شێخی غەزالی و تێڕوانین و داهێنـان و بەرنامـەی لـە بانگەواز بۆ لای خودا، بەهرەییەکی عەقڵی و نەقڵی و ئەزموون و وێژدانی وەهـا درووست بووبـوو، تێیدا عـەقڵی فەیلەسـووف و دڵـی سـۆفی و تێگەیشـتن لـە مەبەسـتی دەقـەکان و بـەهرەی پـەروەردکاری کۆبووبوونـەوە، هـەموو ئـەم بەهرانـەی خستبووە خزمەت کاری چاک، کە ئەمە پەیامی بڕواداره لەم ژیانەدا، لـە بارەی ئەم مەنهەجیەتە ناوەندگیرییە گشتگیرەوە مامۆستای پابەرزمان دەڵێت:

"من جیاوازیی ناکەم لەنێوان عەقڵ و ئاییندا، من وا هەست ناکـەم حوکمێکی عـەقڵی هـەبێت جیـا بێـت لـە حـوکمێکی ئـایینی، ئیسـلام ئایینێکـە سـەرەتاکەی عـەقڵێکی سـاغی سـەقامگیر و دڵێکـی بێگـەردە، هـەر کەسـێک ئـەو عەقڵـەی لەدەستدا، ئەوا لەلای من هیچ جێگایەکی لە ئیسلامدا بۆ نەماوەتەوە.

من تەسەوف وەک گەنجینەیەکی پڕ خۆڵ و کانزا سەیر دەکەم، پێویستی بە پسپۆڕێکی بەڕێز هەیە بچێتە ناوی، تا ئەو شتە بەنرخانەی تێیدا دەری بهێنێت و لـە خـاک و خۆڵەکـەی دوور بکەوێتـەوە. ئوممـەتی ئیسـلامیش بەداخـەوە – نـەیتوانیووە سـوودمەند بێـت لـەو گەنجینانـەی تەسـەوف، کـە هەیـەتی– مـن

[1]- هەمان سەرچاوە (ل ٣٠٠، ٢٥٧، ٣٠١، ١٢٨، ١٢٩).

هەنـدێ کـات حیکەمەتـەکانی ئیـبن عــەتائوڵلای سـکەندەری (٧٠٩ک-١٣٠٩ز) دەخوێنمەوە هەست بەسەرسوڕمان دەکەم، وا دێت بە بیرمدا، کە شیاوترین دانـراو بێـت بـۆ ئـەو قسـەییەی سـەعد زغلـول: "هــەر دەڵێـی لـە وەحییـەوە وەرگیراوە یان پرشنگێکە لە نووری قورئانی پیرۆز، چونکە من پیاوێکم بینی ئاشنایە بە خودا ﴿الرَّحْمَنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا﴾ [الفرقان: ٥٩]، پسپۆڕە بەو ڕێگایانەی بەرەو لای دەچن، شارەزایە لە نەفسی ئادەمیزاد و نەخۆشینەکانی، دەیـەوێت، کـە بـە پـەروەردگارت فێنکت بکاتـەوە "سـەرقاڵبوونت بـەوەی پێـی داویـت، دوورکەوتنــەوە و خــۆدوورگرتن لــەوەی داوای کـردووە لێـت"- لــە ڕاستیدا تێڕوانینی پیاوێکە خاوەن فیکرێکی قووڵ بێت، بەچاکی لە ئیسلام تێگەیشتبێت: ﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُ﴾ [الزمر:٣٦] ئایا دەکرێت بڕیارێک تێبپەڕێت بەبێ ئەوەی خوای گەورە بیزانێت؟ ئەستەمە، چونکە ئەو دەیەوێت خەڵکی دڵئارام بکات، تا بە نەرمی و ڕێکی لەسەر ڕێگای داواکردنی ڕزق و ڕۆزی بڕۆن، بە ژیرانە، بەڵام، لە هەمان کاتدا، ئەمە بە شێوەیەکی شایستە دادەڕێژێتەوە و ئاشنایە بە سرووشتی ئادەمیزاد.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئیبن عەتا ئەو گوتە جوانانەی هەیە، لە هەمان کاتدا گوتـەی وای هەیـە، کـە ناکرێـت هـەرگیز قبـووڵ بکرێـت، کتێبێکـی سـەبارەت بـە پووچەڵکردنـەوەی تـەدبیر دانـاوە بـە نـاوی (التنـویر فـي إبطـال التـدبیر) هەندێ کاروباری لەخۆ گرتووە، کە بیرکردنەوە لێیان دەبێتە کارێکی شەیتانە، چونکە قەدەر ئەوانەی لەخۆ گرتووە، دەستی دروستکراوان لێی دابڕاوە، هەوڵدان بۆ چوونە نێو ئیرادەی مرۆڤ جۆرێکە لە بێئاکامی، بەڵام لە هەندێ کاری دیکەدا پێویستە بجووڵێت، کە پێت دەڵێت: کار بکە کار بکە".

"من لە ناخی دڵمدا سۆفیم، وای دەبینم کە سۆزی گەرم بەشێک بێت لە حەقیقـەت، پێویسـتە هـەر مرۆڤێکی گـەورە بەشـێک لـە تەسـەوف و ڕەوشـتی هەبێت، ڕەوشتیش دوو جۆرە: ڕەشتی خودایی پەروەردگاری، لەگەڵ ڕەوشتی مرۆیی وەک ڕاستگۆیی و خۆنەویستی و ئەمەکداریی و هاوشـێوەیان، بـەڵام ڕەوشـت لـە کـاتی مامـەڵکردن لەگـەڵ خـوای گـەورەدا دەبێـت نـەفس لەسـەری

ڕاهاتبێت، ڕاهاتبێت لەسەر پشتبەستن بە خوای گەورە، لەگەڵ وەرگرتنی ئەسبابەکان و خۆشەویستیی خودا.

من وای دەبینم، کە تەسەوف – وەک ئەوەی لە هەندێک کتێبمدا ناوم بردووە- لایەنی سۆزداریی ئیسلامە، ئەستەمە ئیمان تەواومەند بێت و مانایەکانی لە دەرووندا بەتەواوەتی پێ بگات، لە کاتێکدا دڵ وێران بێت یان وشک بووبێتەوە، پێویستت بە دەروونێکە هەڵچوونی تێدا بێت، ئیسلام دڵ و عەقڵە، عەقڵێکە کە هیچ شتێکی بێبنەمای تێدا نییە، دڵێکە هیچ ڕەهبانیەتێکی تیا نییە، تەمبەڵی لە ئەنجامدانی هیچ کارێک نازانێت، کە پێویستە ئەنجامی بدات، گەشانەوەی ئیمان ناکرێت بە تەنها لە بەڵگەی عەقڵییەوە بێت، بەڵکو لە کرانەوەی دەروونی بە ڕوویدا و کرانەوە و بەدەمەوەچونییەوە بۆی دەبێت، ئەو خووڕەوشتەی لە پەروەردگارەوەیە هەمووی پەیوەستە بە کاری دڵەوە، واتە لەسەر خۆشەویستیی خوای گەورە ڕاوەستاوە، لەسەر پشتبەستن بە خوا، لەسەر سپاردنی کار بە خوا، ترسان لە خوا، پاڕانەوە لە خوا، خۆپارێزیی بۆ خودا، هەموو ئەم واتایانە لە ئارامگرتن و سوپاسگوزاریی و ترس و پاڕانەوە، هیچیان لە سیفەتەکانی عەقڵ نین، بەڵکو سیفاتی دڵن، ئەمانە هەڵچوونن، لەبەر ئەوە باسکردنی ئەوەی ئایین هەڵچوونی تیا نییە، وەک ئەوە وایە بگوترێت ئایین تەسەوفی تیا نییە، تەسەووف هەیە، بەڵام هەرکەس وتی تەسەوف پێویستە خورافی بێت، فیقهی ناتێگەیشتووانە هەر وەک تەسەوفی ناتێگەیشتووانە وایە، هەریەکەیان مەترسیی بۆ سەر ئیسلام هەیە، زیانیشی هەیە لە بواری بانگەوازدا.

لە ڕاستیدا مامۆستای حوجەتولئیسلام غەزالی (٤٥٠-٥٠٥هـ/١٠٥٨-١١١١ز) فەیقهو سۆفی و پەروەردەکار و خاوەنئاکار بوو، لەپاڵ ئەمەدا فەیلەسووفێک بوو تویژینەوە فەلسەفییەکانی بالاترە لە تویژینەوەکانی سوکرات و ئەرستۆ، چونکە ئەوەی ئەوانی زانیوە و لە سەرووی ئەوانەوە سەیر دەکات و ئەوەی پێکابێتیان دەیزانێت و زیاتری ئەکات، هەڵەکانیشیان ئاشنا بووە و ڕەخنەی لێ دەگرێت، تویژینەوە لەسەر ئایینەکان دەکات، ئەو لەخۆیدا چەند قوتابخانەیەکی تەواوە، ئیبن تەیمیەشم بە هەمان شێوە دیتە پێشچاو، من نازناوی

شێخولئیسلام لەخۆوە لە کەس نانێم، مەگەر کەسێک لە چەند قوتابخانە و بوارێکدا لێهاتوو بوویێت، بەڵام ئەوەی تەنها فیقهزان، یان تەنها ئوصولزانە، یان فەرموودەناسە بە تەنها ئەمە تەنها لە یەک بواردا پسپۆڕە.

وەرگێڕانی هەندێک لە کتێبەکانی غەزالیم بە زمانی فارسی خوێندەوە، سوێند بە خوا لەبەردەم ئەو حامیدی غەزالیدا هەستم بە گەشبینییەکی سەیر کرد، هەستم کرد ئەم پیاوە بە ڕادەیەک خاوەن سۆز و ئەوین عیشقی خودایییە ئەگەر بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا دابەشی بکەیت ئەوا هەموویان دەکاتە خوداناس، بە شێوەیەکی وا باسی مەزنیی خودایی دەکرد، گوتم: باشە بۆچی ناکۆکییمانە و سوود لە کەلەپووری ئەم پیاوە گەورانەمان وەر ناگرین؟

پێویستمان بەتەسەووفە؟ بەڵام سۆفییەکان لەکوێن؟ ئەوان خاوەن تەرقەت نین، چونکە ئەوانەی خاوەن تەریقەتن کۆمەڵانێکن خۆیان بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕێک خستووە، من ناتوانم بڵێم کە ئەوانە سۆفین.

من دڵێکم دەوێت بە کلیلە عەقڵییەکان بکرێتەوە... نەک وەک ئەوانە بێت، کە دەیانەوێت دەربڕینەکان لەگەڵ مۆسیقادا بسازێنرێت، چونکە من لە پەرستشەکاندا پابەندم بەوەی کە هاتووە، لە ژیاننامە و بەسەرهاتی پەیامهێنەرماندا (دروودی خوای لەسەر) ڕووی نەداوە مۆسیقا هەبووبێت لە مەجلیسی زیکریدا، بەڵکو زیکر لای ئەو جووڵاندنی عەقڵی مرۆڤ و دڵ بوو بە دەربڕینی بەرز.

ئەو پرسیارە دێتە ئارا: بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ؟ بە بۆچوونی من مۆسیقا لەوانەیە کلیل بێت بۆ قبووڵکردنی خورافە، لەنێو هەژارانی هندیدا، ئەوانەی شتی وەهمییان لا پیرۆزە مۆسیقا و دەنگە خەمناکەکەی بەکار دەهێنرێت بۆ قبووڵکردنی شتی بێبنەما. بە هەمان شێوە لە بیروباوەڕەکانی هاوبەش بڕیاردەر و هاوشێوەکانیشدا، بینیم لە ڕێی هەندێ ئاوازی خۆشەوە عەقڵی مرۆڤ کەمەندکێش دەکات تا وەک بێهۆشی لێ بکات و ئەوەی قبووڵکراو نییە ئەم قبووڵی بکات، من ئەوە ڕەتدەکەمەوە، کە مۆسیقا بێتە هیچ مەجلیسێکی پەرستشەوە، وا گومان دەبەم ئەوانەی پێشوو، کە مۆسیقایان حەرام کردووە لەم لایەنەوە بووە.

بەڵام ئەوەی گوێ لە شیعر و گۆرانیی ئایینی بگرم و مۆسیقای ئایینی لەگەڵ بێت ئەمەیان شتێکی ترە، وەک مەحلیسی زیکر و عیبادەت نییە، ئاساییە لام مەولودی پێغەمبەر – دروودی خوای لەسەر- وەک ئەوەی بوصەیری (٦٠٨-٦٩٦هـ/١٢١٢- ١٢٩٦ز) بە شیعر هۆنیویەوتییەوە لە بوردیەکەیدا، یان وەک ئەوەی ئەحمەد شەوقی هێناویەتی گوێ لێ بگرم، لە یادمە جارێکیان لە چێشتخانەیەکدا بووم، گوێم لە دەنگێک بوو دەچووە دڵەوە و ترس دایدەگرتی و حەزت دەکرد بەرەو لای سەرچاوەی دەنگەکە بچیت، دواتر بۆم دەرکەوت، دەنگی پیاوێکی بەتەمەنە بە دەنگێکی ئاسایی شیعری بوردیەی بوصەیری دەخوێندەوە:

| | |
|---|---|
| كـأنه فرد من جلالته | في عسكر حين تلقاه وفي حشم |
| كأنما اللؤلؤ المكنون قي صدف | من معدني منطق منه ومبتسم |
| لا طيب يعدل تربا ضم أعظمه | طوبى لمنتشق منه وملتثم |
| أبان مولوده عن طيب عنصره | يا طيب مبتدأ منه ومختتم |
| يوم تفرس فيه الفرس أنهم | قد أنذزروا بحلول البؤس والنقم |
| وبات إيوان كسرى وهو منصدع | عليه والنهر ساهي العين من سدم |

هاوشێوەی ئەم دێڕە شیعرانە، کە هەمووی باسی سیفەتەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە شێوازێک کە دەمباتە خزمەت پێغەمبەر، وەک ئەوەی لە مەجلیسەکەیدا بم، هەست بە ڕێز و بەرزیی و بەڕێزی دەکەم، خوای گەورە چ جوانی و بەرزییەکی پێ بەخشیووە، کە ئەو مرۆڤەی جوانی و بەرزیی خۆش بوویێت سەر کەچ ئەکات لە ئاستیدا.

لە ڕاستیدا پەیوەندییم بە ئەبو حامیدی غەزالییەوە بێلایەنانە بووە، کاتێ گەورە بووم خۆشم ویست، چونکە لە ژیانی ئەودا هەستی پەرێشانی و خۆشەویستی خودام بینی، ئەمەش وای کرد، کە هەست بکەم لە بەردەم لووتکەیەکی مرۆڤایەتیی پاکی بەرزدام، لەگەڵ ئەوەشدا من لە عەقڵانیەتەوە زیاتر نزیک بووم تا تەسەوف"(١).

---

(١)- هەمان سەرچاوە (ل ٢٤٧، ٢٥١، ١٢، ٦٤، ٦٧، ١٦٩، ٢٨٧، ٢٨٨، ٢٨٩، ٣٠٨، ٣٠٩).

## (٨)

له ڕاستیدا شێخی غەزالی یەکێک بووە لە سەرکردەکانی چاکسازیی ئیسلامی لە سەدەی بیستەمدا، چونکە باوەڕی بە گشتگیریی ئیسلام هەبوو، کە بۆچوونی خۆی لە هەموو بوارەکانی یاساداناندا هەیە، ئیدی یاسادانی کۆمەڵایەتی بێت یان خێزانی یاخود سەربازی یان نێودەوڵەتی یان نێوخۆیی، پێویستە تێبگەین، کە ئیسلام هەموو ئەمانەی هێناوە"[1].

شێخی غەزالی باوەڕی وا بوو، کە گەندەڵی لە چینە باڵاکانەوە دێت... چاکسازییش لە ئوممەت و خەڵکەکەیەوە دەست پێدەکات و دێت بەرەو سەرەوە دەچێت! دەڵێت: هەموو چاکسازیخوازن وای دەبینن، کە گەندەڵی لە سەرەوە دێت بەرەو خوار، بەڵام چاکسازی لە خوارەوە دەست پێدەکات بەرەو سەرەوە دەچێت. پێویستە خەڵک پەروەردە بکەین و پەنا بۆ ئەو ڕای گشتییە ببەین، کە بە دەستی دەهێنین و بەپێڕاگەیاندن پێیکیبهێنین، ئەو کاتە بگەینە دەسەڵات تا ئەوەی دەمانەوێت بیهێنینە دی، بەڵام بێیت و یەکەم شت داوای دەسەڵات بکەیت، بە هەر هۆکارێک بێت ئیتر- بە چ کەرەستەیەکەوە داوای دەکەم و چ تاکێکم هەیە تا پێی بگەم؟"

"ئیسلام پێویستی بەوەیە دەوڵەتی هەبێت، تا هەموو ئەحکامەکانی تێیدا جێبەجێ بکات، دەبێت لە دژی دوژمنانی خودا ئەوانەی، کە ئەیانەوێت زەوییەکەمان داگیر بکەن بجەنگێت، پێویستە ئامادەسازیی ڕۆشنبیریی یاسادانان بۆ کۆمەڵگا هەبێت، دەبێت ئامادەکاریی ژیاری و ئاوەدانکاری بە جۆرێک هەبێت، کە مسوڵمانان بەهۆیەوە بتوانن پارێزگاری لە زەوی خۆیان و بوونی خۆیان بکەن، ئەمە پێویستە و هەر دەبێت هەبێت، چونکە ئیسلام پەیامی گەردوون و ژیانە"[2].

---

[1]- هەمان سەرچاوە (ل ١٦٢).

[2]- هەمان سەرچاوە (ل ١٦٢، ١٦٣، ١٦١).

(٩)

شێخی غەزالی لەگەڵ ئەوەی عەقڵە ئوصولی و شەرعییەکەی بەرهەمی ئەزهەری شەریف بوو، بەڵام بەهرەکانی نوێکردنەوە و ئیجتهاد و داهێنان و هۆشیاریی شارستانی، لە قوتابخانەی زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەدا — قوتابخانەی چاکسازیی ئیسلامی- لەلای چرۆی کرد و گەشایەوە، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ڕوشنبیریی ئیسلامیماندا چرۆی کرد، قوتابخانەی مامۆستای پێشەوا شێخ محەمەد عەبدە (١٢٦٦-١٣٢٣ک/١٨٤٩-١٩٠٤ز) و ڕەشید ڕەزا (١٢٨٢-١٣٥٤ک/١٨٦٥-١٩٣٥ز) و پاشتریش حەسەن بەننا (١٣٢٤-١٣٦٨ک/١٩٠٦-١٩٤٩ز).

سەبارەت بەم حەقیقەتە -حەقیقەتی بنەچەی فیکریی شێخی غەزالی- دەڵێت: "من لە محەمەد عەبدە و شێخ ڕەشید ڕەزا فێر بووم. جەمالەدین ئەفغانی (١٢٥٤-١٣١٤ک/١٨٣٨-١٨٩٧ز) کەسێک بوو لە سیاسەتەوە نزیک بوو، فیکری لەو بوارە ڕۆشنبیرییانە دوور بوو، کە من تێیاندا دەنووسم، خۆی یەکلا نەکردبووەوە بۆ ئەوە، خاوەن عەقڵێکی گەورە و نائاسایی بوو، بەڵام محەمەد عەبدە بەڕاستی پەروەردەکار بوو...

محەمەد عەبدە کەسێکی بەسەلیقە بوو لە بواری قورئانی پیرۆزدا، سەرم سوڕما لە کاتێکدا باسی ئەوەی دەکرد سەفەرێک تەنها لەپێناو سەفەردا بێت ئایا تەیەموم تێیدا درووستە؟ (٢٥) تەفسیری لەسەر ئەم بابەتە خوێندەوە، بڕوانە ئەمانەتی زانستی و گەڕان بە شوێنە حەقیقەتدا تا ئاشنای ببێت.

هەردوو کتێبی (رسالة التوحيد) و (الاسلام والنصرانية)ی ئەوم خوێندووەتەوە، کە لە یەک شەودا نووسیونی، چونکە پەرۆشیی ئایینی، ناخی جۆشدابوو، غیرەتی دابووە بەر و دەستی بە نووسینیان کردبوو، هەموو کتێبەکەی لە یەک دانیشتندا نووسیبوو، بینیم محەمەد عەبدە لە لایەکی دیکەوە، سەرنجی ناکۆکییە فیکرییەکانی نێوان سوننە و ئەشعەرییەکان و موعتەزیلە دەدات، یان لەنێوان سەلەف و خەلەف، ئەوەی لەوەوە فێر بووم لە کەسی ترەوە فێر نەبووم، قوتابخانەکەی ئەو بوو، کە کاریگەریی هەبوو لەسەر

مەحمود شەلتوت (١٣١٠-١٣٨٣ک/١٨٩٣-١٩٦٣ز) و محەمەد مەدەنی (١٣٢٥-١٣٨٨ک/١٩٠٧-١٩٦٨ز) و عەبدولوەهاب خەلاف (١٣٠٥-١٣٧٥ک/ ١٨٨٨-١٩٥٦ز). هەموو عەقڵە ڕۆشنگەرەکان لە ڕۆشنبیریی هاوچەرخماندا سوودیان لە محەمەد عەبدە وەرگرتووە، چونکە مامۆستایان بووە، باوکی عەقڵییان بووە، بینیم بەسادەییەوە دەیگوت: بۆچی سوننە و ئەشعەری دەمەدەمێیانە لە بارەی سەلماندنی تێڕوانینێکەوە؟ خیلافەکەیان تەنها لەفزییە، چونکە ئەو تێڕوانینەی دەیسەلمێنن جیاوازە لەوەی کە ئینکاریی دەکەن، تا کەی ئەو خیلافە درێژە دەکێشێت، لە کاتێکدا ئوممەت پێویستە بزانێت چی هەیە؟ ئەمە وەرچەرخانێکی مێژووییە لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا، وەرچەرخانێکی مێژووییە پێویستە بە خەڵک بناسێنرێت.

بەڵێ، محەمەد عەبدە عەقڵێکی گەورە بوو، من پێموایە، کە حەسەن بەننا کتێبەکانی محەمەد عەبدە و ڕەشید ڕەزای دەخوێندەوە، کتێبی هەموو ئەوانەشی دەخوێندەوە، کە لەبارەی ئیسلامەوە نووسیبوویان. حەسەن بەننا توانایەکی هەبوو، کەسی تر نەیبوو، جگە لە ئەبو حامیدی غەزالی (٤٥٠-٥٠٥ک/ ١٠٨٥-١١١١ز). ئەبوحامید توانای هەبوو ئەو فەلسەفانە بخوێنێتەوە کە کێشەی هەبوو لەگەڵیان- هەر وەک تەها حسەین (١٣٠٦-١٣٩٣ک/١٨٨٩-١٩٧٣ز) سەبارەت بە دەربڕینەکانی ڕافیعی (١٢٩٧-١٣٠٦ک/ ١٨٨٠-١٩٣٧ز) دەیگوت ئەو دەربڕینەی دایدەنێت، ئازاری زۆری پێوە دەچێژێت... واتە: شتێکی سەیرە، ئەبو حامید و حەسەن بەننا دەیانتوانی ئاڵۆزترین فەلسەفەکان بخویننەوە، پاشان وەک ئەو هەنگە بن، کە چەندین کێڵگە و بێستان و باخچە دەگەڕێت و پاشتر هەنگوین بەرهەم دەهێنێت.

حەسەن بەننا لە وانەی ڕۆژی سێشەمەدا، (نظرات في القرآن) یان (دراسات في التأريخ)ی بۆ شی دەکردینەوە، بابەتە زانستییە ئاڵۆزەکانی بۆ ئاسان دەکردین، وەک ئەوەی مامۆستایەک بێت و چیرۆک بۆ منداڵان بخوێنێتەوە، ئەمە بەهرەیەکی نائاساییە کە لەم پیاوەدا هەیە، کاتێ دەڵێم: حەسەن بەننا مامۆستامە، پێویستە بڵێم: حەسەن بەننا لەو قوتابخانەیەی پێش خۆی سوودمەند بووە و پێی سەرسام بووە.

وەک ئەمانـەتێکی زانسـتی، پێویسـتە بڵێم، کـە مـن هـەرگیز نەدەبوومـە هـیچ شتێک، ئەگەر پەیوەندیم بە حەسەن بەنناوە نەکردایە، کە ئەویش پەیوەندیی بە محەمــەد عەبــدە و ڕەشــید ڕەزاوە کــردووە... لــە ڕاســتیدا حەســەن بــەننا درێژبوونەوەیـەکی هۆشـیارانەی عاقڵانـەی زیرەکانـەی قوتابخانەکـەی محەمـەد عەبدەو ڕەشید ڕەزا بوو. محەمـەد عـەبدە سـۆفی بـوو، بـەڵام خـاوەن عـەقلێکی بـەهێزی لێوەشـاوە بـوو... لەبـەر ئـەوە ئێمـە قوتابخانەکـەی ئـەو پیـاوە، وەک قوتابخانەیەکی تەواو سەیر دەکەین، ئەوەی زیاتر تەواومەندی کردووە ئەوەیە، کـە ڕەشـید ڕەزا لـە زانایـانی ئوصـول و زانایـانی ڕوایـەت بـووە، ئـەوەی لای محەمـەد عەبـدە نـەبووە، لـەلای ڕەشـید ڕەزا هـەبووە، بۆیـە قوتابخانەکـە بـە هەردووکیان پێکەوە تەواومەند بوو.

پـاش ئـەوە حەسـەن بـەننامان وابینـی – کـە مـن زۆر شـارەزای ئـەوم- پێیگەیشـتم، ڕۆژانێـک کردمیـە سـکرتێری ئـاییینی خـۆی، وەک پیاوێـک بینـیم، کاتێک کتێبخانەکـەیم لـە ماڵەکەیـەوە لـە سـەبتییە دەگوێزایـەوە بـۆ ماڵەکـەی لـە حلمییە، متمانەی پێم بەخشی بۆ گواستنەوەی کتێبخانەکەی، چەند کوڕاسـەیەکم بینـی بـە خـەتی خـۆی نووسـرابوون، چەنـد تێبینییـەکی ئـەوم بینـی، زانـیم ئـەو ئاگادارە بـە زانسـتەکانی ئەزهـەر و زانسـتەکانی شـێخ محەمـەد عەبـدە و شـێخ ڕەشید ڕەزا و شێخ محەمـەد فەرید وجدی (١٢٩٥-١٣٧٣ک/١٨٧٨-١٩٥٤ز) – ، کــە خــاوەنی چەنــدین مەوســوعەی زانســتیی گەورەیــە- بــەڵام بەداخــەوە ئیسلامییەکان ئەوەیان نەکرد، کە پێویست بوو بیکەن، پێویست بوو قەدری ئەم پیاوە بزانرایە، چونکە خاوەن چەندین مەوسوعەی ئیسلامییە.

حەسەن بەننا لەپاڵ ئەو مەعریفە فراوانەیدا، ئەو بەهرەیەشی وەرگرتبوو، کە پێش ئەو ئەبو حامیدی غەزالی هـەیبووە، ئـەبو حامیدی غـەزالی بەهرەیـەکی بـەرزی هـەبوو، کـە ئالۆزییـەکانی فەلسـەفەی دەخوێندەوە، پاشـان بـە جۆرێـک دەیگێڕایـەوە، وەک ئـەوەی چیرۆکی هـەزار و یـەک شـەوە بگێڕێتـەوە. حەسـەن بـەنناش ئـەو توانایـەی هـەبوو، کـە هـەموو شـتێک بخوێنێتـەوە، پاشـان بێتـە بەرامبەر جەماوەر، لە (٤٠٠٠) گوندی میسری و لە شارەکان، بتوانێ بیرۆکـە و تیرِوانینـەکان بـۆ جەماوەرەکـە دابڕێژێـت و بـە شـێوازێکی میللیانـەی گشـتی

بەرەنگاری داگیرکاریی ڕۆشنبیری بێتەوە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دیندار، یان کەسانی دڵسۆز لە قوتابیان و ئەندازیاران و کیمیاناسان و فەلەکناسان و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی جەماعە شوێنی کەوتن، ئەو پیاوە دەروونێکی فکرفراوان بوو، ئەوانیشی فراوان کرد، کاتێ هۆکاری ناکۆکیی ترسناکی هەست پێ بکردایە فەسڵی دەکردن، لەبەر ئەوەی گرووپی (شباب محمد)ی دەرکرد، چونکە ئەمانە بابەتێکی ترسناکیان لە دژی ورووژاندبوو، کە پەیوەندیدار بوو بە کێشەی ئافرەتانەوە، ئەوانە کەسانێک بوون وایان دەبینی، کە خۆداپۆشین (حیجاب) ڕەهایە، بەڵام نە شارستانییەت ڕێگا بەوە دەدات و نە ئیسلامی ڕاست و درووستیش بەوە ڕازییە ئافرەت بەو جۆرە حەپس بکرێت، حەسەن بەننا فەسڵی کردن. کۆمەڵێکیش بەبێ ئەوەی خاوەنی هیچ بن، هەوڵیاندا سەبارەت بە بابەتی چارەنووس بەگژ جوولەکەکاندا بچن، ئەوانیشی فەسڵ کرد، چونکە مەبەستی بوو بەپێی سیاسەتێکی ڕێکوپێک کۆمەڵەکە پێ بگەیەنێت، بەڵام شەپۆلەکە لەو گەورەتر بوو، یان داگیرکاریی جیهانی خێراتر لە مەترسییەکەی تێگەیشت، بۆیە لەناویان برد، کاتێک حەسەن بەننا مرد، ئیدی فکرە خامۆشکراوەکان لە شوێنکەوتەکانی و ئەوانەی پەیوەنددار بوون بە هەستاوەی ئایینییەوە دەردەکەوتن، بە گشتی زۆرینەیان لە ئیخوان بوون، یان لێی نزیک بوون.

بۆ یەکەم جار لە مزگەوتی (عبدالرحمن بن هرس) لە (رأس التين) حەسەن بەننام بینی، ئەو کاتە قوتابی بووم لە پەیمانگای ئەسکەندەرییە... لە نێوان عەسر و مەغریبدا بۆ خوێندنەوەی ڕۆژانەی قورئان دەچوومە ئەو مزگەوتە، کە نزیک بوو لە بەشەناوخۆیی پەیمانگاکەمانەوە، هەر لەوێ بە جەماعەت نوێژی مەغریبیشم دەکرد، شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوویدا، لە کاتێکدا لە ڕیزی نوێژدا ڕاوەستابووم، گەنجێکی ڕیشداری لاوازم بینی، لە ڕووخسارییەوە دەچووە دڵەوە – وەک لای خۆمان دەیڵێین- لە میحرابەکەدا ڕاوەستا، دەستی کرد بە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیە: (اتق الله حيثما كنت، وأتبع السيئة الحسنة تمحها، وخالق الناس بخلق حسن)، لە فەرمودەکەدا وێنای پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و پەروەردگاری و نێوان مرۆڤ و خودی خۆی و مرۆڤ و هەموو

خەڵکی کرد، قسەکانی دە خولەک زیاتری نەخایاند، پرسیم: ئەم پیاوە کێیە؟ وتیان: (حەسەن بەننا)یە، لەو ڕۆژەوە شوێنی کەوتم، بچووایە بۆ شوێنێکی تر، منیش شوێنی خۆم بەجێدەهێشت و بۆ ئەو شوێنە دەچووم، کە ئەو بۆی چووە، بگرە بۆ نانی ئێوارەش بانگهێشتکرابوو، بینیی لە کاتی نوێژدا لە دەورەبەری بووم، لە جێگایەکی دیکەش کە وتاری تێدا پێشکەش کرد، ئەوە بوو بانگی کردم، پێکەوە نانی ئێوارەمان خوارد، لەو ڕۆژەوە شوێنی کەوتم، ئەو کاتە تەمەنم لە کۆتایی بیستەکاندا بوو.

ئەگەر حەسەن بەننا نەبووایە، ڕێگای نووسینم نەدەدۆزییەوە، چونکە کاتێک لە کۆلێژ بووم، وتارێکم نارد بۆ ڕۆژنامەی ئیخوان، بڵاونەکرایەوە، وتارێکی دیکەشم نارد، بڵاونەکرایەوە، ئیتر بێزاربووم... مامۆستا حەسەن بەننا فایلێکی کراوەی لەبەردەم مامۆستا صالح عەشماویدا بینی، وتی: ئەمە چییە؟ پێی وت: وتارە هەڵگیراوەکانە، سەیری وتاری یەکەمی کرد، کە لە سەرەوە بوو، بینی هی کەسێکە بە ناوی محەمەد غەزالی – تەنها بە ڕووکەش منی دەناسی- وتارەکەی خوێندەوە، ئەو کەسەی لەوێ بینیبووی پێی وتم: ڕوخساری سوور هەڵگەڕا، زۆر تووڕە بوو، بە صالح عەشماوی وت: تۆ بەو شێوازەت ئیخوان دەکوژیت، ئەم وتارە دەکەیتە سەروتاری ژمارەی داهاتوو، پاشان نامەیەکی بۆ ناردم، تا ئێستاش لەبەرمە، چونکە تێیدا نووسیویەتی:

برام مامۆستا محەمەد غەزالی، (ئەو کاتە هێشتا قوتابی کۆلێژ بووم) وتارەکەتم لەبارەی ئیخوان و حزبەکانەوە خوێندەوە، دەربڕینە قووڵەکانی و واتا ورد و ئەدەبە نەرمونیانەکەی خۆشحاڵی کردم، ئێوەی ئیخوان موسلمین پێویستە ئاوەها بنووسن، بنووسە و (روح القدس) پشتوپەنات بێت و خوات لەگەڵ بێت.

**حەسەن بەننا**

لە ڕاستیدا حەسەن بەننا گەورەی بانگخواز و نوێکەرەوەکانی ئیسلام بوو لە سەدەی بیستەمدا[1].

---

[1]- هەمان سەرچاوە (ل ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨١، ١٣٩، ١٤٠، ١٨، ٥٣، ٥٤، ١٦٧).

لە قوتابخانەی برایان و بانگەوازەکەیانەوە، فیکری شێخی غەزالی بەرەو ئەودیوی ئەزهەر و ئەودیوی مزگەوتەکانی وەزارەتی ئەوقاف درێژ بووەوە، کۆمەڵەی برایانی مسوڵمان گۆڕەپانەکانی بانگەواز و فکری و سیاسیی لەبەردەمدا کردەوە و چێژی لێ بینی، سەختی و ناڕەحەتییەکانی ئەو کاروانەی بەرکەوت... شێخ غەزالی لە گفتوگۆکانیدا لەبارەی بانگەوازی ئیخوان بەشانازییەوە باسی دەکرد و ڕەخنەی دەگرت، بەڵام ئاماژەی دەدا بە پێگەی فکرییان و گیانی کۆشش و تێکۆشان و گیانبەختکردنیان، کە لاوانی ئەو بانگەوازەی پێ جیا دەکرایەوە، وەک دەڵێت:

"لە ڕاستیدا بانگەوازی برایان ڕوو لە قوتابیانی زانکۆ و ئەوانەی دیکەش بوو، کە بە فێرکردنێکی ئایینی فێر نەبوبوون، ئەمانەش تا ڕادەیەکی زۆر دڵسۆزییان بۆ ئیسلام تێدا بوو، لە ناخی دڵەوە هەستی بەرگریکردن و پاراستنی ئایینەکەیان هەبوو بۆ دەربازکردنی لەو ناڕەحەتییەی تێی کەوتبوو، بەڵام ئەو زانیاریانەی هەیانبوو ناتەواو و ناڕێک بوو، لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی نەبوو، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێیی بوو.

لەلایەنی ئوصول و فرووعەوە، ئەو بۆچوونەی برایان لەسەری وەستابوون، هاوسەنگترین بۆچوون بوو، لەلایەنی ئوصولەوە بە پێویستیان دەزانی ڕێز لە بۆچونی سەلەف بگیرێت، بەڕێزیشەوە سەیری ڕێبازی خەلەف بکرێت.

گەنجانی برایانم دەبینی بەجۆشبوون بۆ تێکۆشان لە فەڵەستین... ئەوانەی کاتێ باسیان دەکەم، هەست ئەکەم ئەڵێی ئێستا لەبەردەممدان، لە مزگەوتی (عزبا) بووم لە عەتەبە، هاتن بۆ لام و خواحافیزییان لێکردم، کە بەرەو تێکۆشان دەچوون، تێگەیشتم ئەوانە بەڕاستی بۆ دیداری خوای گەورە دەچن، هەروەها چووم بۆ (دێر البلح) -ئەو شوێنەی تەرمەکانیانی لێ نێژراوە-

شوێنەکەم بینی بەڕاستی گەشاوە بوو، هەروەک باخچەیەکی ڕازاوە وا بوو، سەرنجی گۆڕەکانم دا گوڵ و گوڵزاریان لەدەور بوو، وا هات بە خەیاڵمدا، کە دەرەوەی شوێنەکە ڕەنگدانەوە ناوەوەیەتی و ئەوانە ئێستا لە بەهەشتانێکدا ژیان بەسەر دەبەن، وتم: ئەوانە پێشتر قوتابی من بوون، ئێستا بوونەتە مامۆستام، ئێمە زیاتر لەوان داوا دەکەین، بەڵام ئەوان زۆر زووتر پێی گەیشتن.

دواتر زانیم کە چۆن مردوون، چونکە ئەوانە چەکی سادەیان پێ بووە - ئەمە کارێکی سەیری چۆنیەتیی مامەڵەکردنمانە لەگەڵ جەنگی هاوچەرخدا- جەنگی (کفار داروم)، کە تێیدا هەشت لەو لاوانەی برایان کوژران، جەنگێک تێیدا شوێنە داگیرکراوەکە لەلایەن جوولەکەوە بەشێکی دیاری سەر زەوی بوو، بەڵام قەوارەی ڕاستەقینە داگیرکراوەکە لە ناوەوەی زەویەکە بوو، تۆپهاوێژەکان بەو دوگمانە کاریان دەکرد، کە لە ژێرەوە بوون، بەوەش جوولەکەی نەدەکوشت، لە کاتێکدا هەرکەس هەوڵی بدایە لە شوێنەکە نزیک ببێتەوە دەیکوشت، ئەو لاوانەی برایان لەوێ کوژران، یەک لە ئەفسەرەکانی ئینگلیز دەڵێت: ئەگەر من سەرکردەی تیپێک لەو سەربازانە بوومایە، ئەوا هەموو دونیام پێیان ئازاد دەکرد، چونکە ئەوانە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا کوژران نەک لە پشتهەڵکردن، بە شێوەیەکی زۆر سەیر جەنگان، بەڕاستی ئازابوون و بەرەو خوا دەچوون.

مەزنترین شوێنەواریان لە کەرتی غەززە بەجێهێشت، ئەو نیشتەجێی جوولەکەیە بە تەواوەتی وێرانکرا و هیچ شوێنەوارێکی نەما جێی باس بێت...)).[1]

---

[1]- هەمان سەرچاوە (ل ١٣٨، ١٥٥، ١٠٢، ١٠٣).

## (١١)

ئەگەرچی شێخی غەزالی لە زانکۆی ئەزهەر خوێندبووی، ئەوا – کاتێ لە وەزارەتی ئەوقاف کاری بانگەوازیی دەکرد- مزگەوتەکانی کردبوو بە زانکۆ بۆ جەماوەری مسوڵمانان، ئاماژە بە دەستکەوتە مەزنەکانی لەم بارەیەوە دەدات و دەڵێت:

(( لە یادمە چوار ساڵ ئیمامی مزگەوتێک بووم، نوێژی بەیانی و عیشام بۆ خەڵک دەکرد، لە نێوان مەغریب و عیشادا وانەم بە خەڵک دەگوتەوە... کاتێک بە پشکنەر دامەزرام، سەرم سوڕما. کاتێ لە نێوان مەغریب و عیشادا چوومە ناو قاهیرە، هەستم دەکرد وەک ئەوەی گوندنشینێک بم و تازە بێمە قاهیرەوە، لەو ساتەدا ئەو شوێنانە شارەزا نەبووم، تازە شارەزایان دەبووم، زۆر سەرم لەمە سوڕما، چونکە لە نێوان مەغریب و عیشادا تەنها لە مزگەوت بووم... هەموو ئەمانە مرۆڤی بانگخواز بە شێوەیەکی تایبەت پێدەگەیەنێت، چونکە وای لێدەکات لە خوا نزیک بێت، فەرزەکان بەجێ بگەیەنێت و سوور بێ لە سەریان، بانگەوازیش ناچەسپێت، بەبێ تێگەیشتنێکی تەواو و پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ خوای گەورەدا.

کاتێ بوومە بەرپرسی مزگەوتەکان، خشتەیەکم بەم جۆرە بۆ وانەوتنەوە دانا: ڕۆژی شەممە تەفسیر، یەکشەممە سوننەت، دووشەممە فیقهـ پاشان ژیاننامەی پێغەمبەر و مێژووەکەی ڕۆژی سێشەممە، بیروباوەڕ ڕۆژی چوارشەممە، بابەتی خووڕەوشت ڕۆژی پێنجشەممە، ڕۆژی هەینییش وتاری هەینیی تێدایە.

خۆ ئەگەر بە دەستی من بووایە، ئەوا نەمدەهێشت هیچ مامۆستایەک لە قوتابخانە، یان زانکۆ وانە بڵێتەوە، تا پێشتر بۆ ماوەی دوو ساڵ یان سێ ساڵ لە مزگەوتدا وانەی بە خەڵک نەگوتبێتەوە، بە هەمان شێوەی ئەوانەی پێشوو.

مزگەوت لای ئێمە شوێنی پەرستش و وەرگرتنی ڕۆشنبیرییە، ئەمە لەو ساتەوە دەستی پێکرد، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەستی کرد بە بونیاتنانی ئوممەت لەنێو مزگەوتدا، چونکە مانای چییە، کە من لە بەیانیدا دوو

سورەتی کورت یان هەندێک جار (بقرە) بخوێنم؟ من لە خوێندنەوەکەمدا کۆمەڵێک زانست دەخوێنم، خوێندنەوە خۆیشی زانستێکی زۆرە، لەبەر ئەوە هاوەڵی پایەبەرز: عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە لەو بارەیەوە لە شیعرێکیدا دەڵێت:

وَفِينَا رَسُولُ اللَّهِ يَتْلُو كِتَابَهُ ... إِذَا انْشَقَّ مَعْرُوفٌ مِنَ الفَجْرِ سَاطِعُ

أَرَانَا الهُدَى بَعْدَ العَمَى فَقُلُوبُنَا ... بِهِ مُوقِنَاتٌ أَنَّ مَا قَالَ وَاقِعُ

يَبِيتُ يُجَافِي جَنْبَهُ عَنْ فِرَاشِهِ ... إِذَا اسْتَثْقَلَتْ بِالْمُشْرِكِينَ المَضَاجِعُ

ئوممەت لەنێو مزگەوتدا بونیاد نرا، لەبەر ئەوە ڕۆشنبیریی ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژیەوە لە مزگەوتەوە سەرچاوەی گرت، زانست و پەرستش بوو، ڕۆشنبیرییەکی دوولایەنە بوو: توانای زانستی تیۆریی و ڕاهێنان لەسەر پرۆسەی ئەخلاق، ڕەوشت، نەتەوەکانیش ئەمەیان پێویستە بۆ هەستانەوە))[1].

## (١٢)

شێخی غەزالی ژیا تا سەردەمی دابڕانی سەختی نێوان خوێندنی ئایینی و خوێندنی مەدەنی، قوتابیی خوێندنی ئایینی تەنها بە تەنها چاوێک سەیری دەکرد و تەنها کەلەپووری ئیسلامیی دەبینی، قوتابی خوێندنی مەدەنییش بە تەنها چاوێک سەرنجی دەدا و تەنها مەنهەج و زانستەکانی ڕۆژئاوای دەبینی.

بەڵام شێخی غەزالی بە کۆششی خۆی، ئەو بەربەستەی شکاند و لە ڕێگای خوێندنەوەی ئازادەوە، هەمەچەشنەی زانست و هونەر و ئادابەکانی کۆکردەوە.

لەپاڵ خوێندنەوەی وردی پڕ ڕامانی قورئان و سوننەت و کەلەپووری ئیسلام و ئادابی شارستانییەتی ئیسلامی، بایەخی زۆری دەدا بە خوێندنەوەی کتێبەکانی زانستە گەردوونییەکان، کە پێیوابوو ئەوانە کۆمەڵە ڕێگایەکی تازەن

---

[1]- هەمان سەرچاوە (ل ٩٨، ٩٩، ٢٩٥، ٢٩٦).

بۆ تێگەیشتنی ئایین و کردنە بەڵگە بۆ بیروباوەڕەکانی، هەروەها زۆر گرنگیی دەدا بە خوێندنەوەی کتێبەکانی توێژینەوەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، ئەوانیشی وەک ڕیگەیەک دەبینی بۆ دابەزاندنی حوکمەکانی ئایین بۆ سەر واقیعێکی دیاریکراو، لەبارەی ئەم مەنهەجەی پەیڕەویی دەکرد لە ڕۆشنبیریی و خوێندنەوە و فێربووندا دەڵێت:

((ئەوەی زیاتر پشتم پێدەبەست لە بانگەوازمدا بۆ لای خوای گەورە، وردبوونەوەی خۆم بوو لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاکی پێغەمبەر، ئەمەش ڕێگر نەبوو لەوەی، کە – لەگەڵ بەکارهێنانی بەسیرەت بۆ تێگەیشتنی قورئان- بەشێک لەو خوێندنەوە زۆرانەی، کە لە ژیانمدا هەمبوو، بخەمە سەری... هەموو شتێکم دەخوێندەوە، گاڵتە و جدی، هەموو ئەمەم لە عەقڵی ناوەوەدا هەڵدەگرت، پاش ئەوە نازانم چۆن خوێندنەوە، یان ڕووداوەکان دەیانورووژاند و دەیانهێنایەوە دەر، دواتر بەو کتێبانەی کە پێم وا بوو لەوێ خوێندوومنەتەوە و لێم وەر گرتوون بەڵگەدارم دەکردن.

سەرم سوڕ دەما ئەگەر بمزانیایە، کە -لە سەرەتادا- ڕقم لە خوێندنەوەی کتێبی ئایینی بوو، حەزم بە خوێندنەوەی ڕۆمانە بیانییە وەرگێڕدراوەکان دەکرد، هەندێک جاریش هەزار و یەک شەوە، جارجاریش هونەری، کتێبی وەک جوگرافیای مرۆیی و زانستی تەندروستی و زانستی گەردوونی... هەموو شتێک لەوەی کە مرۆڤ بۆی بکرێت بیخوێنێتەوە خوێندمەوە، لە هەموو ئەمانە تۆمارێکی فراوانی زانیاریم پێکهێنا، کە لام کەڵەکە ببوو.

پێویستە سەرنجی زانستە هاوچەرخەکان بدەین – مەبەستم شارستانیەتیی هاوچەرخە- پاشان زانستە گەردوونییەکان و زانستە مرۆییەکان، ئەو زانستانەی جێگیر بوون و دەرئەنجامی زانستییان لەسەر بونیات نراوە، ئەگەر بێین و بەدرووستی لێکۆڵینەوە لەسەر گەردوون بکەین، ئەوا لە قورئان تێدەگەین. من وای دادەنێم، ئەو کەسەی لە خوێندنی فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانی و گەردووناسی و ئەوانە بێبەش بێت، ناتوانێت لە قورئانی پیرۆز تێبگات، چونکە ئەو زاتەی قورئانی ناردۆتە خوارەوە، ڕوونی دەکاتەوە، کە ئەو کەسەی دەستەوسان بێت لە تێگەیشتنی زانست و گەردوون، هەرگیز

له بواری باوەڕدا بەرز نابێتەوە، لەم بارەیەوە دەفەرموویێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ [فصلت: ٥٣]، واتە: (ئێمە لە ئاییندەدا بەڵگە و نیشانەکانی خۆمانیان نیشان دەدەین لەسەر ڕاستیی ئەم قورئانە و دەسەڵاتی خۆمان لە ئاسۆکانی بوونەوەردا و لە خودی خۆشیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا چاک بۆیان دەرکەوێ، کە بەڕاستی ئەو قورئانە ڕاستە، ئایا شایەدیی پەروەردگارت بەس نییە، کە بەسەر هەموو شتێکدا ئاگا و زانایە و هیچ شتێکی لا ون نابێت[1]؟ مرۆڤێکی هەژاری بێبەش لە زانستە گەردوونییەکان، ناتوانێت لە قورئانی پیرۆز تێبگات، پێویستە زانستە گەردوونییەکان بخوێنێت، منیش زانستە گەردوونییەکان دەخوێنم، لەوانەیە لەلام خۆشتر بووبێت بابەتێکی فەلسەفی، یان بابەتێکی ئەخلاق بخوێنم و ڕۆ بچمە قووڵایی دەروونزانی و کۆمەڵناسییەوە، لە ڕاستیدا سەرسامم بە توێژینەوە مرۆییەکان زیاتر لە فیقە و هاوشێوەکانی) [(٢)].

## (١٣)

لەم گەنجینە ڕۆشنبیرییەوە، کە لە حەقیقەتەکانی ئایین و گەردوون و مرۆییەکان و کۆمەڵناسی باش تێگەیشتووە، شێخ محەمەد غەزالی پرۆژە فیکریەکەی پێشکەشی ئوممەت کردووە... لەبارەی دانانی ئەم کتێبەشیەوە دەڵێت:

((هیچ کتێبێک لەو کتێبانەم دانەناوە دەستی قەدەر لەپشتم نەبووبێت، سوێند بە خوا نازانم چۆن ئەو کتێبانە دانرا، نازانم چۆن پشتیوانیم کرا لە نووسینی، بەڵکو لەناکاو هەستم کردووە شتێک هەیە پێویستە وێنا بکرێت و بڵاو

---

[1] تەفسیری ڕامان.

[(٢)]- هەمان سەرچاوە (ل ١٠١، ١٥، ٣٠٤، ٣٠٥، ٢٩٨).

بکرێتەوە و سەرنجی خەڵکی بۆ لای ڕابکێشرێت و هەوڵی خۆم بۆ دەرخستنی بخەمە گەڕ، دەبینم بە هێزیک ئاراستە کرام، کە نازانم لەکوێوە هاتووە، بۆ بەدەرخستنی ئەو کارە، ئەوەشی دەمنووسی نەمدەخوێندەوە، وەک ئەوەی بارێک بووبێت لەسەر شانم و لێی ڕزگارم بووە، حەزم نەدەکرد بگەڕێمەوە سەری، لەبەر ئەوە نەمدەزانی چیم نووسیووە، هەر بۆیە هەندێک جار دەیخوینمەوە سەرم سوڕ دەمێنێت، ئەرێ من ئەمەم نووسیووە؟ هەندێک جاریش دەنووسم و بابەتێک، یان ماناکەی دووبارە دەکەمەوە، یان لەوانەیە خۆم دووبارە دەکەمەوە، چونکە نازانم پێشتر ئەوەم وتووە، ئەمە بەشێکە لە خووی من کە سکاڵامە بەدەستیەوە، بەڵام ئەوە خووی منە، چی لێ بکەم؟ لەوانەیە هۆکاری ئەوەی کتێبەکانم زۆر بڵاوبوونەتەوە ئەوە بێت، لە سەرەتای دەرکەوتنیاندا نرخیان هەرزان بوو، من وام دادەنا، کە ئەمە پەیامێکە و پێویستە بگات، خێر لەوەدایە کە بنووسم، لە دڵی خۆمدا دەموت: زانایانی پێشینمان ئەگەر بیانووسیایە، ئەوا لە گیرفانی خۆیان پارەیان دەدا بەو کەسانەی کە کتێبەکانیان بباتە ناو خەڵکی، چونکە ئەوان خاوەن فیکرەیەک بوون، کە مەبەستیان بوو بڵاو ببێتەوە، یاخود لە پێناوی خوادا بووبوونە مامۆستا و دەیانوویست لە پێناوی خوادا خەڵک فێر بکەن، بابەتەکە بابەتی بازرگانی نەبوو، تا کتێب چاپ بکەم بۆ ئەوەی پارەیەکی کەم یان زۆر بێتە دەستم...

زانایان دەیانووسی و ئەوەیان لا مسۆگەر بوو، کە پەروەردگار ڕۆزییانی دابین کردووە، وەقفە خەیرییەکان بژێویی ئیمەی قوتابی و ئەو زانایانەی دابین دەکرد، لەبەر ئەوە داگیرکەر مکوڕ بوو لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەقفانە.

ئێستا وای لێهاتووە کتێبەکانم بۆ زمانەکانی فەڕەنسی و ئینگلیزی وەر دەگێڕدرێن، منیش مافی بڵاوکردنەوە بەخۆڕایی دەدەم بە هەرکەس، کە بیەوێت لەو وڵاتانەدا بڵاویان بکاتەوە) [1].

---

[1]- هەمان سەرچاوە (ل ٥١، ٥٧، ٥٩، ٦٠، ٨٧).

(١٤)

دانراوەکانی شێخی غەزالی خۆشییەکی فیکری نەبوون، عەقڵ لە خەمەکانی بیرکردنەوە دەرباز بکات، بەڵکو شەڕی توندی فیکری بوون، ڕووبەڕووی درندەترین ئاستەنگەکان دەبوویەوە، کە دژ بە ئیسلام و ئوممەت و شارستانیەتەکەی ئەنجام دەدرا، ئەم جەنگە فیکرییە کتێبەکانی شێخی غەزالی بەرجەستەی کردبوو، لایەنێکی کەسایەتیی ئەم زانا پایەبەرزەی دەرخستووە، کە زۆرێک لەوانەی تەنها نەرمونیانی لەسەرخۆیی و ڕووخۆشی و ئارامییان لێ بینیوە، نەیانزانیوە... ئەم جەنگە فیکریانە جەنگاوەرێکی پتەوی زۆر شارەزای دەرخست...

- ئەم پیاوە باس لە تێکۆشانی خۆی دەکات – لە کاتێکدا هەژار بووە- تا فێر ببێت، دەڵێت:

(من وەک ڕووەکی سوبێر وا بووم، کە لە بیابان دەڕوێت، لە گەڵاکانیدا بڕێک ئاو هەڵدەگرێت، بە جۆرێک لەو گەرما سەخت و سوتێنەرەی تێیدا دەژی نەمرێت... دیارە لەو ڕۆژانەی تێیدا دەژیاین، خوای گەورە بڕێک توانا و بەرگریی و ڕازیبوون بە واقیعی پێ بەخشیبووین، هەتا توانیمان خوێندنی ئەزهەر تەواو بکەین).

- هەروەها باسی بەرەنگاربوونەوەی خۆی بۆ لاربوونەوەی شۆڕشی یۆلیۆ بە لای چەپدا دەکات و دەڵێت:

(کاتێک بینیم عەبدولناصر و ئەوانەی لەگەڵیدان بە ئاراستەیەک دەڕۆن، کە بە دڵنیاییەوە بەرەو شیوعیەتە، بڕیارمدا بە ژیانم بجەنگم، ئەوە بوو کتێبی (الاسلام في وجه الزحف الاحمر)م نووسی، بۆی نەبوو هەرگیز لە میسر چاپ بکرێت، بۆیە لە کوەیت چاپ کرا).

- باسی جەنگی کتێبی (کفاح دین)یش دەکات و دەڵێت:

(ئاراستەی شۆڕشەکەم بەدڵ نەبوو، چونکە زوو تێبینیم کرد. کە ئێمە پێشتر بۆ داواکردنی ئازادی دەگریاین، کەچی دەبینم ڕووبەری ئەو ئازادییەی

لـه سـەردەمی فاروقدا تێیدا دەژیـاین، هـەزار میـل بـوو، لـە ڕۆژانـی شۆڕشـدا بووەتە تەنها هەزار باڵ، واتە ئەو ئازادییەی بۆی دەگریاین لەدەستچوو.

بینیم دروشمەکان ئایینی بوو، بەڵام ئایین بەخێرایی کەم دەبێتەوە، سەیرم کـرد دادگـا شـەرعییەکان هەڵوەشـێنرانەوە، پاشـان بیـر لـە هەڵوەشـاندنەوەی ئەزهـەریش دەکرایـەوە، دواتـریش هەڵوەشـاندنەوەی وەقفـی ئـایینی، دوای ئەوانـەش چەوساندنەوەی کۆمەڵـە ئیسلامییەکان و بەتوندی ئەشکەنجەدانیان، ئیـدی دەسـتم کـرد بـە نووسـین دژی ئـەو شۆڕشـەی، کـە سـەردەمانێک بـوو خوازیـاری هەڵگیرسـانی بـووم و کۆششـی زۆرم بۆدا و بـە دوژمنـی کۆشـکی پاشایەتی دانرام، ژیانیش ئاوایە، ڕۆژانێک بۆی گریاوم، بەڵام کە کەوتـە ڕێ، لەسەری گریام).

- کـاتێ کتێبی (الاسـلام فـي وجـه الزحـف الاحمـر)م نووسـی، تێیـدا وتـم: هەسـت دەکـەم بەهۆی ئـەم کتێبـەوە ڕووبەڕووی مـەرگ دەبمـەوە، بـەڵام ئـەو ژیانـە هـەر نـەبێت باشـترە تـۆ بژیـت و ئیسـلام بمرێـت... هەڵمـەتێکی تـاڵم کـردە سـەر شـیوعیەت، لـەبارەی ئـەو جێبەجێکرانـە خراپانـە قسـەم کـرد کـە تێیدایـە، وێـڕای ئـەو پاڵپشـتییە فەلسـەفییە درۆیینانـەی، کـە خودایـەتی ڕەتدەکاتـەوە و دژایـەتیی دەکـات، پاشـان گـەورەیی ئـەو بەڵایـەم خسـتە ڕوو لـە سسـتی و بێـدەنگیی ئوممـەتی ئیسـلامی لـە بەرانبـەر کـەوتنی بـاڵی ڕۆژهـەڵاتی هـەموو جیهانی ئیسلامی).

- (یەکـەم فەرمانبـەر بـووم بچێتـە وەزارەتـی ئـەوقاف، نیـو سـەعات سـەرقاڵ دەبـووم بـە قورئانخوێندنـەوەوە، لـە هەمانکاتـدا سـەرقاڵی نووسـین دەبووم... لە کاتێکدا چاودێری کاروباری ئایینی بووم، کتێبی (کفاح دین)م دانا، لـەم کتێبـەدا باسـی ئـەوەم کـردووە، کـە فڕۆکـەوان عەبدوڵلـەتیف بەغـدادی، وەزیـری کاروبـاری شـارەوانی و دێهاتـەکان، لـەم نزیکانـەدا، بـۆ جـوانکردنی قاهیرە، بیست مزگەوتی ڕووخاندووە! باشە ئەگەر ئەمانە پەرستگای جوولەکە بوونایـە، ئایـا ئـەوەی دەکـرد؟ لـە ڕاسـتیدا ئەمـە پلانگێڕییـە بـۆ سـەر ئـایین پارێزەرەکـانی لـە خـەوێکی قووڵـدان! ئەگـەر لـوتفی خـوای گـەورە نەبووایـە، خەریک بوو مزگەوتی خەزنەداریش تێک دەدرا.

باسی زۆر شتم تێدا کردووە، لەوانە کە (میسری نویێ) سیوچوار کڵێسای تێدایە، ئەمە لە کاتێکدا تەنها حەوت مزگەوتی تیایە، ئەوەش کە نەخشەی بۆ داناوە (بارۆن ئیمبان) بوو.

بینیم وەزارەتی ناوخۆ پێی باشە دەستبەسەر کتێبەکەدا بگیرێت، بۆ ئەوەی دەستبەسەرداگرتنەکە جێبەجێ بکرێت، پێویستە نووسەرەکەی بانگ بکرێت بۆ بەردەم دادگایەکی تایبەت و سەرۆکەکەی ڕاوێژکارێک بێت، لە نووسەر بپرسێت بۆ؟ ئەو ساتانەم لەیاد ناچێت، کە لەبەردەم ڕاوێژکاردا بووم، هەندێک خەڵک پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردم پارێزەرم لەگەڵدا بێت، پێم وتن: نا، خۆم بەرگری لە خۆم دەکەم، ئینشائەڵڵا خوای گەورەش بەرگریمان لێدەکات.

ڕاوێژکار پێی وتم: شێخی غەزالی! ئەمە چییە؟ پێم وت: کتێبێکە بەهۆیەوە بەرگریی لە ئیسلام دەکەم. پێی وتم: نا، ئەم کتێبە ئاژاوە و ئاشووب درووست دەکات. پێم وت: ئەوەی تیایەتی هەقیقەتە یان درۆیە؟ پێی وتم: هەقیقەتە، بەڵام هەموو هەقێک ناوترێت. پێم وت: بەڵێ، سەبارەت بە هەندێ لە خەڵک هەموو هەقیقەتێک ناوترێت. پێی وتم: مەبەستت چییە؟ پێم وت: نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، تا لە مەبەستەکەم تێبگەیت، بێنە بەرچاوت، بەڕێزتان کاتێک نیوەشەو لە قاهیرە دەمێنیتەوە، دزێکت بینی دەیەوێت قوفڵی دوکانێک بشکێن ێت، تا ئەوەی لە دوکانەکەدایە بیدزێت، جا لە دڵی خۆتدا وتت: ئەگەر بەرەنگاری ببمەوە، ئەوا بەو چەقۆیەی لایەتی لێم دەدات، وات بە باشزانی شوێنەکە بەجێ بهێڵیت، تۆ ئازادیت، لەوانەیە سەرزەنشت بکرێیت و لەوانەیە نەکرێیت، بەڵام ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە کە تۆ وا دەکەیت، بەڵام پۆلیس ئەگەر واز لەو دزە بهێنێت، ئەوا ناپاکە. پێم وت: من سەربازێکی ئیسلامم، من پۆلیسی ئیسلامم، پارێزەری ئیسلامم، من چاودێری کاروباری ئایینیم لە وەزارەتی ئەوقاف، پێویستە ئەو شتانە ببینم.

بۆ خوا دەڵێم، پیاوەکە هەژا و کتێبەکە لە دەستیدا جووڵا، پاشان دەستی کرد بە خوێندنەوەی، پێم وت: ئایا ئەنجومەنی شارەوانی بە درۆ، یاخود هەڵەی دادەنێت؟ چونکە من ئەو قسە و ئامارانەم لەوانەوە هێناوە؟ وتی: نەخێر. کەواتە نەسلمێنراوە هیچ هەڵەیەکی تێدا بێت. ئیدی دەستی کرد بە

مشتومڕ لەگەڵمدا لەبارەی کاروبارێکی ناو کتێبەکە، پاشان وای بینی، کە حوکم دەر بکات بە پووچەڵیی ڕەفتارەکەی وەزارەتی ناوخۆ، فەرمانی دا واز لە کتێبەکە بهێنن، بەڵام ئەو کاتە لە سایەی یاسای باری لەناکاودا بووین، ئەفسەرەکە گوێبیستی فەرمانەکە بوو، بەڵام جێبەجێی نەکرد، ئەوە بوو ئەو کتێبە و دوو کتێبی دیکەش بە دەستبەسەری مانەوە).

- ( هەستم کرد ئێمە بە شێوەیەک سەرکردایەتی دەکرێین، تا خاچپەرستان ڕازی بکەین، فەرمانڕەوایانی جیهانی ئیسلامیمان وشەی قەومیەت یان (عرووبة) بەکار دێنن بۆ دوورکەوتنەوە لە ئیسلام، وەک ئەوەی عەقیدەیەکی تازە بێت و شوێنی ئیسلام بگرێتەوە، بەڵام من شۆڕشم بە گەڕانەوە بۆ لای ئیسلام زانیوە، ئەمەش لە دوو کاردا دەر کەوت:

من بە سرووشتی تێکۆشان و هەوڵدانم کەسێکی دیار بووم، لە شەستەکان، لە کۆنگرەیەکی نیشتمانیدا لەگەڵ دەوڵەت تووشی تێکگیران بووم، تێکگیرانێکی توند بوو، پاشان من لە مزگەوتی ئەزهەر بووم، مزگەوتی ئەزهەریش ئەو (سی)یە بوو، کە قاهیرە هەناسەی لێوە دەدا، من قسەم دەکرد، لای فەرمانڕەواش بێزراو بووم، بەڵام بە کەمێک هۆشیارییەوە قسەم دەکرد، هەوڵم دەدا تا نەکەومە دەستی ئەوانەی دڕندانە یاسایان جێبەجێ دەکرد، ئەوپەڕی هەوڵم دا تا ڕێگایان بۆ ڕووناک بکەمەوە، هەر دەبوو لە کۆتاییدا پێکدادان ڕوو بدات، لە چواردە وێنەی کاریکاتێریی گاڵتەجاڕیدا، وێنەم کێشرابوو، کە لەلایەن سەلاح جاهینەوە کێشرابوون و لە ڕۆژنامەی ئەهرام بڵاوی کردنەوە، لە یەکەم وێنەیاندا بەهۆی یاساکانی ڕاکێشانی زانستییەوە عەمامەکە کەوتووەتە سەر زەوی، منیش پیاوێکم نموونەی کۆنەپەرستیم، کە پێویستە لا بچم، بە هەمان شێوە وێنەی ئەبوزەید هیلالیش کێشرابوو) [1].

- لە سەردەمی سەرۆک ساداتدا، شێخی غەزالی - لەگەڵ ژمارەیەک لە گەورە زانایان- لەوانە شێخ محەمەد ئەبو زوهرە (١٣١٦-١٣٩٤ک/١٨٩-١٩٧٤ز)، بەرەنگاری هەمواری یاساکانی باری کەسیی بوونەوە، کە ژنی

[1]- هەمان سەرچاوە (ل ٤٠، ٨٥، ٨٦، ٦٨، ٦٩، ١٠٧، ١٠٨، ٦٩، ٧٠).

سەرۆک کۆمار لە پشت ئەو هەموارکردنەوەیەوە بوو، شێخ غەزالی بە چەند وشەیەکی پڕ مانا وەسفی دەکات: (هەموو جیاوازییەکەی ئەوەیە، کە پێخەفی فەرمانڕەوایەکە لە فەرمانڕەواکان)! ئەوە بوو غەزالی دەورەی گیرا و لە کارەکەی دوور خرایەوە... لەم بارەیەوە دەڵێت: (لە قاهیرە شکستخواردوو و ستەملێکراو بووم، لە کارەکەم لە وەزارەتی ئەوقاف بە شێوەیەکی دڕندانە دەرکرام، بەڕێوەبەری گشتیی بانگەوازی ئیسلامی بووم، پێم وترا: پێ نەخەیتەوە نووسینگەکەتەوە، بۆ کوێ دەچیت بچۆ)! [١].

- کتێبی (قذائف الحق)یش دەستی بەسەردا گیرا، کە تێیدا پلانەکانی بابا شنۆدەی بڵاو کردبووەوە - کە لە وتەیەکی تایبەتیی کڵێسادا لە (١٩٧٢/٧/١٧) دابووی- سەبارەت بە گێڕانەوەی میسر بۆ سەر قیبتییەت، هەر وەک چۆن بەر لە ئیسلام وا بووە! [٢].

- بەڵام ئەم پیاوە (وەک ڕووەکی سوبێر)، کە لە بیابان دەڕوێت خۆڕاگر بوو، کە گەڵاکانی بڕێک لە ئاو هەڵدەگرن، بە جۆرێک لە گەرما سەخت و سووتێنەردا نەمرێت.

***

لە ڕاستیدا ژیانی شێخی غەزالی زنجیرەیەک جەنگی بوێرانەی فیکریی بووە... لە هەڵوێستە کردارییە نەبەردەکانیشی:

فەیلەسووفی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو، کە شۆڕشی بەرپا کردبوو لە دژی ئەو کوێرەوەرییەی ئەو خەڵکە هەژارەی دەهاڕی، کە لە -لادێکان- لە بازنە دەرەبەگییەکاندا کاریان دەکرد، (لە گەوڕەکاندا دەخەوتن، ئەگەر بگەڕانایەتەوە بۆ گوندەکانیان، ئەوا نزیکەی نیوەیان دەمردن)، کتێبەکەی (الاسلام والاوضاع الاقتصادية) شۆڕشێک بوو لە دژی ئەو کوێرەوەرییەی بە ملیۆنەها کەسی تێدا دەژیا، لە دژی ئەو خۆشگوزەرانیی و بێ پەروایییەی دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان تێیدا دەژیان. (ژینگەی عەرەبی ڕووبەڕووی دابڕانێکی سەیری نێوان چینەکانی ئوممەت بووبووەوە، ئوممەت دابەش

---

[١]- هەمان سەرچاوە (ل ٣٠٧، ٢٥٩).

[٢]- قذائف الحق (ل ٥٧، ٦٥) طبعة صيدا- لبنان- المكتبة العصرية.

بووبوو بۆ سەردار و کۆیلە... هەروەها بەهۆی ئەوەی، کە دەزانم باشێتیەکان هۆکاری ئابووریی خۆیانیان هەیە و خراپییەکانیش هۆکاری ئابووریی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئوممەتیش ئەگەر جڵەوی خۆی دایە دەست خۆشگوزەران و نازدارەکان، ئەوا گەردنی خستۆتە بەردەستی قەساب، ئەمە ئەو مانایە دەبەخشێت، پێویستە لەسەری بابەتێک بنووسم، کە بۆ خۆم پێوەی دەناڵێنم، ئەوە بوو لەسەر ئەو بنچینەیە کتێبی (الاسلام والاوضاع الاجتماعية)م نووسی، یەکەمین کەس بووم بە زمانی عەرەبی لەسەر ئەم بابەتەم نووسیبێت... لەو بارەیەوە نووسیم، چونکە ئیسلام فێری کردووم، کە ئەو خۆشگوزەرانانە دوژمنی پەیامی پەیامهێنەرانن و دوژمنی چاکسازییشن: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِنْ نَذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُمْ بِهِ كَافِرُونَ (٣٤) وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾[سبأ:٣٤،٣٥] واتە: (هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە لە شارێکدا بیانترسێنێت، مەگەر خۆشگوزەرانەکانیان دەیانوت: بێگومان ئێمە بەوەی پێی نێرراون باوەڕ ناکەین و پەیامەکەتان بە درۆ دەزانین، دەیانوت: ئێمە لە ئێوە سامان و منداڵی زۆرترمان هەیە! هەرگیزیش ئێمە سزا نادرێین). لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموویێت: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا فِيهَا وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنْفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ [الانعام: ١٢٣] واتە: (هەر ئاواش گەورە تاوانکارانمان لە ناوچەی هەر پێغەمبەرێکدا کردە دەسەڵاتدار و ڕابەریان، هەتا دەستیان دایە فڕوفێڵ و چەواشەکاریی تێیدا، خۆ فڕوفێڵیش هەر لە خۆیان دەکەن و هەستیشی پێ ناکەن).

هیچ ڕێگرییەکم لەبەردەمدا نییە بچمە لای ئیبن حەزم (٣٨٤-٤٥٦ک/ ٩٩٤-١٠٦٤ز)، کە دەڵێت: (هەموو مسوڵمانێک ماڵێکی پێویستە، کە لە گەرما و سەرما و چاوی خەڵکی بیپارێزێت، ئەوەندە خۆراکیشی هەبێت بەشی بکات، لەسەر دەوڵەت پێویستە ئەوانە دابین بکات، ئەگەر بۆی دابین نەکرا ئەوا دەجەنگێت، هەر کەسیش ئەوی کوشت، ئەوا بەلاڕێداچوو و دەستدرێژکارە).

ئێمە لە ئیسلامدا بیردۆزی ئابووریی وامان هەیە، ئەگەر ئەوروپییەکان ئاشنای بوونایە، ئەوا کارل مارکسیان دەردەکرد و بە پێڵاو بەر دەبوونە

سەروگوێلاکی -وەک ئەوەی ئێستا کردیان- بەڵام کێشەکە تەسکبینی و خراپ تێگەیشتنە لە فیقهی ئیسلامی.

ڕژێمی سەرمایەداری – کە ئێستا بووژاوەتەوە- ڤایرۆسی وا لەخوێنیدایە، ئەگەر بمێنێتەوە وێرانی دەکات، ئەویش هەمان چارەنووسی ڕژێمی شیوعی دەبێت[1].

لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دزێوی و تێکچوونەی، کە هەندێک کەس دەیانەوێت بەسەر ئیسلام و ئوممەتەکەیدا بسەپێنن، شێخی غەزالی جەنگی خستنەڕووی فەلسەفەی جوانیی قورئان و ئیسلامی بەرپا کرد.

(چونکە دیمەنی جووتیار کاتێ بۆ کێڵگەکەی دەچێت و کاتێک لە کێڵگەکەی دەگەڕێتەوە و ئاژەڵەکانی لە دەوریەتی، کە ڕۆزیی لێ وەردەگرێت، لە قورئانی پیرۆزدا بە جۆرێک وەسف کراوە کە پێویستە تۆمار بکرێت: ﴿وَالْأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (٥) وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ (٦) وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَى بَلَدٍ لَمْ تَكُونُوا بَالِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ الْأَنْفُسِ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ [النحل: ٥-٧] واتە: (مەڕوماڵاتیشی بۆ درووست کردن، هۆی گەرمییان تێدایە بۆتان، بێ لەوەش گەلێ سوود و کەڵکی تریان تێدایە و لە گۆشتەکەیشیان دەخۆن و جەماڵ و جوانیشن بۆتان کاتێ ئێواران دەیانهێننەوە و کاتێ بەریان دەدەن بۆ لەوەڕگاکانیان بەیانیان، کەلوپەلە قورسەکانیشتان بۆ ئەو شارانە ڕادەگوێزن و هەڵدەگرن، ئەگەر ئەو ئاژەڵانە نەبووبان ئێوە بە ئەزیەت و ئازاری گیانی و دەروونی نەبووبا پێیان نەدەگەیشتن، بەڕاستی پەروەردگارتان بەرامبەر بە ئێوە زۆر بە بەزەیی و زۆریش میهرەبان و دڵاوایە).

گەردوون جوانیی زۆری تێدایە، یەکێک لە ناوە جوانەکانی خوای گەورەش جوان (الجميل)ە، ماناکانی جوانیی دونیا لەم ناوە جوانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەگەر هەندێ لە خەڵکی چاویان لە ئاستی جوانی لە زەوی و ئاسماندا دابخەن،

---

[1]- لەم کتێبەدا بڕوانە: (ل ٣٤، ٥٦، ٢٠٤، ٢٠٨، ٢١٥).

ئەوا خۆیان لەو پەردەیە بەرپرسن، کە داویانە بەسەر بینایی خۆیاندا، ئەگەر کەسانێکیش هەبن پرشنگی ناخی خۆیان بە ڕووی جوانیی گەردووندا بکەنەوە، ئەوا ئەو گەردوونەیان خۆشدەویێت، کە خوای گەورە درووستی کردووە، چونکە زاتی خوای گەورەیان خۆشدەویێت و ئەوەشی خوا درووستی کردبێت خۆشیان دەوێت، چونکە باوەڕهێنان ڕێگریی لیێ ناکرێت... بە بۆچوونی من خودی ئیمان لەو ئەرکبارییانەی نارەحەتییان تێدا یان جدیەتی تێدا، بگۆڕێت بۆ شێوازێک مرۆڤ بە کەمێک تێکڕایی وەری بگرێت، پێویستە ئیمان بگۆڕێت بۆ شتێکی شیرینی چێژبەخش. ئا ئەمە ئەو واتایەیە، کە پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) سەرنجمان بۆ لای ڕادەکێشێت: (ذاق طعم الايمان من رضي بالله ربا وبالاسلام دينا وبمحمد رسولا) واتە: چێژی ئیمانی چەشتووە ئەو کەسەی ڕازی بێت پەروەردگار خودای بێت و ئیسلام ئایینی بێت و محەمەد پێغەمبەری بێت) منیش لە خۆمم پرسی: کاتێ پێیەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بەهۆی ڕاوەستان لەبەردەم خوای گەورەدا ئاوسابوو، ئایا تاوی ئازاری پێیەکانی بەسەر پاڕانەوەکەیدا زاڵ نەدەبوو؟ یان چێژی پاڕانەوەکە زاڵبوو بەسەر تاوی ئازارەکەدا و خۆشیی و چاوڕوونیی لە نوێژدا ئازارەکان دەگۆڕێت بۆ چێژ و خۆشی، لەبەر ئەوەیە ئاماژەی بەوە داوە: (جعلت قرة عيني في صلاة)... پێویستە حەقیقەتەکان بگۆڕدرێن بۆ شتێکی شیرینی چێژبەخش.

وای دەبینم لە تواناندا هەیە، هونەرەکان بگۆڕدرێن بۆ هۆکاری بونیاتنان لەبری ئەوەی هۆکاری تێکدان بن، لە تواناشماندا هەیە ئەوە بکەین...

جاری وا هەیە کتێبێک دەخوێنمەوە و لێی تێناگەم، چونکە مێشکم پڕ لەو سەرقاڵییانەی ماندووی کردووە و توانای هەڵێنجانی نییە، لە کێشە و بابەتەکە تێناگەم و ناتوانم بەچاکی لە باشترین دەروازەوە لێی بڕوانم، مەگەر پاش حەوانەوەم، حەوانەوە بۆ من بە واتای دەنگی خۆش، یان ئاوازی دڵگیر دێت، نەتەوەکان بەردەوام دەهۆڵی جەنگ لێدەدەن، ئەمە تەنها بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکان نییە، بەڵکو دەنگدانەوەی دەروونی ترسناکی ئەو لێدانانە وا لە خەڵکی

دەکـات بـە ئاسـانی بـەرەو مـەرگ بـڕۆن، ئـەو شـتەی وا بکـات ئـەرکێک وەک پێویست ئەنجام بدرێت، ئەوا ئەو شتەش خۆی پێویستە)[١].

- شێخی غەزالی چەندین هەڵویستی دیار و کەلەپووری بەناوبانگی هەیە - هەندێکی کتێبە- سەبارەت بە ڕزگارکردنی ئافرەت بە ئیسلام و ڕەتکردنەوەی ڕزگـارکردنی لـە ئیسـلام - وەک سەرسـامبووان بـە شارسـتانیەتی ڕۆژئـاوا دەیانـەوێت، ئەوانـەی کۆیلـەی نموونـەی ڕۆژئـاوان- لـەم گفتوگۆیانـەدا -کـە دەیخەینەڕوو- شێخ ئەو بابەتەی خستەڕوو، لەنێو قسەکانیدا دەڵێ:

(ئافرەت مافی خۆیەتی ئازاد بێت، بەڵام بە شێوازی ڕۆژئاوایی نا، چونکە ئەوە بەڕەڵڵایی و ئاژەڵییە، بەڵکو دەمەوێت ئازاد بێت و پێنج فەرزە نوێژەکانی لـە مزگەوتـدا بکـات و بەشـدار بێـت لـە خێـر و بانگـەوازی ئیسـلام لـە نـوێژی جەژندا، بـەڵێ، ئـازادیی ئافرەتمـان دەوێت، کۆمـەڵگا دوو قاچی هـەیـە، ئـەوانیش پیـاو و ئـافرەتن، دوو بـاڵی هەیـە پێیـان دەفڕێـت، دەسـبەرداری یـەکێک لـە قاچەکان، یان باڵەکان نابین و بڵێین ئیسلام بەڕێوە دەچێت، نا بەڕێوە ناچێت)[٢].

(من کاتێک بەگوێرەی مەزهەبی ئیبن حەزم فەتوا دەدەم بەوەی شایەتیدانی ئـافرەت لــە کــەتن (جنایــات) و حــەددەکان و تۆڵەکردنــەوەدا دەشــێت، ئەمــە مەزهەبەکەیـە، چونکـە ئافرەتەکـە بینیوویـەتی کـێ لێدەدا، یـان دەکوژێـت، یـان برینـدار دەکـات، ئیتـر چـۆن شـایەتیدانەکەی پووچـەڵ بکەینـەوە، لـە کاتێکـدا ئـافرەتێکی خوێندەواری ڕۆشـنبیرە و لەوانەیـە لـەو پیاوانـە باشـتریش بێت کـە دەیاننـاسین.

شێخی غـەزالی ئـەوەی ڕەت کردووەتـەوە، کـە حوکمی ئـەو فەرموودەیـەی ئافرەت بە ناتەواویی لـە عـەقڵ و دین وەسـف دەکـات، گشـتگیر بکرێت، دەڵێت: (ئــەوە بــۆ پێڕێکــی دیــاریکراوە لــە کۆمــەڵێکی ســنووردار، کــە ئــەخلاقێکی دیاریکراویان هەیە).

---

[١]- هەمان سەرچاوە: (ل ٢٧٠، ٢٧١، ٢٧٥، ٢٨٥، ٢٨٦).

[٢]- هەمان سەرچاوە: (ل ٨٤).

دروستبوونیش لە پەراسوویەکی لار، وا لێکداوەتەوە، کە (مەبەست لێی ئەوەیە سۆزی ئافرەت لە زۆر کاتدا زاڵ دەبێت بەسەریدا).

هۆشداریی داوە، کە هەندێک لە گەورە زانایانی وەک جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە -کە ئیمامە- و شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزا –کە ئیمامە- و شێخ عەبدولڕەحمانی کەواکبی –کە ئیمامە-، هەموویان لە بارەی مافەکانی ئافرەتەوە قسەیان کردووە، یەکەم کەس سەبارەت بە مافەکانی ئافرەت قسەی کردبێت محەمەد عەبدە بووە، باسی لە بابەتی فرەژنییش کردووە، تەها حوسێن کاتێ کۆلێژی ئادابی بۆ ئافرەتان کردەوە، زیاتر لە سەر هەق بوو، بەڵام ئەزهەرییەکان لە حەقەوە دوورتر بوون، کاتێک ڕێگرییان دەکرد ئافرەت بچێتە زانکۆی ئەزهەرەوە، پاشان هاتنەوە سەر ڕێی درووست و زانکۆکەیان بۆ ئافرەتان کردەوە) (١).

***

شێخی غەزالی –لە پرۆژە فیکریەکەی و لە گفتوگۆکانیدا- گرنگییەکی زۆری بە هەڕەشەکانی خاچپەرستیی ڕۆژئاوا داوە، لەگەڵ ئەو دوژمنایەتییە زۆرەی بۆ هەڕەشەکانی ئەو شارستانیەتە خاچپەرستە هەیەتی، بەویژدانانە سەبارەت بە کارە باشەکانیان دەدوێت.

(ئەم شارستانیەتە ڕۆژئاواییە قۆناغێکی زیرەک لە قۆناغەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتیی دوورودرێژی تێدایە، عەقڵی مرۆڤ تێیدا جووڵەیەکی درووستی ئەنجام دا، دوای ئەوەی لە گەردوون ڕاما، پێم خۆش نییە ئوممەتە مسوڵمانەکەم تۆمەتبار بکەم، کە ناپاکیی لە قورئان کردووە، کاتێ ڕووی کردە لێکۆڵینەوە تیۆرییە یۆنانییەکان و هاوشێوەکانی و وازی لەو گەردوونە هێنا، کە خوای گەورە، وەک کات و شوێن، سوێندی پێ خواردووە، بەبێ ئەوەی پێی شاگەشکە بێت و بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی تێدا بکات).

((وازمان لە مەنهەجە ئیسلامییە گەردوونیەکەمان هێنا، کە لێکۆڵینەوە دەکات لەوەی گەردوون چۆن درووست بووە، زەوی چۆن تەخت بووە،

---

(١)- هەمان سەرچاوە: (ل ٩٧، ٢٤٠، ٢٤٢، ٢٤٥).

هەموو ئەمانەمان لەبیر کرد، دەستمان کرد بە هەوڵدان بۆ وەرگێڕانی قسەی ڕۆژئاوای بەتاڵی یۆنانیی، ئەو ئەوروپیانەی لە ئێمە عاقڵتر بوون، توانییان ئاشنای ئیسلام و لۆژیکی ئەزموون و وردبوونەوە و تێبینیکردن و گەڕان بەشوێن یەقینییەکان و ڕەتکردنەوەی گومانەکان و خەو و خەیاڵەکان، کە لە کتێبەکانماندا هۆشداریمان پێداوە لە بارەیانەوە، سەردەمی ڕێنیسانسیان دەست پێکرد و گەیشتنە ئەوەی هێزەکانی گەردوون بۆ خۆیان ملکەچ بکەن. من ناتوانم هەرگیز ئەوە فەرامۆش بکەم و مافی ئەوروپیەکان نەدەین لە ڕامکردنی گەردوون و گەیشتن بەوەی پێی گەیشتوون، لە ملکەچکردنی هەموو شتێک بۆ خۆیان، ئەم کارە پێویستە لێی وریا بین).

بەڵام ئەو زانستەی لە ڕۆژئاوا مرۆییانە دەستی پێکرد، بەشوێن حەقیقەتدا دەگەڕا، لەگەڵ مەسیحیەتدا تووشی پێکدادان بوو، قوربانیی زۆری دا تا گەیشتە ئەوەی پێیگەیشت، زۆر بەخێرایی دونیا گۆڕا، کڵێسا بە شێوەیەکی فێڵبازانە لەگەڵ زانست و شارستانیەت و پێشکەوتندا ئاشت بوویەوە و دەستی کرد بەوەی هەموو ئەمانە بۆ خۆی ملکەچ بکات لە دژی دوژمنە تەقلیدییە مێژووییەکەی، کە ئەویش ئیسلامە، هەر زۆر بەخێرایی بینرا ئەو ڤاتیکانەی دوژمنی زانست بوو، بووە دۆستی زانست و دەوڵەت و ئەو شارستانیەتەی خۆی دەیەوێت، دەستی کرد بە بەکارهێنانی هەموو ئەمانە بۆ لێدانی دوژمنە سەرەکییەکەی، کە ئیسلامە...

یەهودییەت برا گەورە و بنچینەی شارستانیەتی مەسیحییە، بۆیە کتێبی پیرۆز سەرەتاکەی عەهدی کۆن و دووەمیشی عەهدی تازە کۆ دەکاتەوە، وەک خۆیان دەڵێن هەردووکیان یەک شارستانیەت پێکدەهێنن، کەواتە شارستانیەت ئێستا لایەنی ئاینی و ئابووریی هەیە، هەریەکەیان لەگەڵ ئەوی تریاندا کار دەکات.

هەستم کرد ئەو مەسیحیەتەی ئێستا حوکمی جیهان ئەکات، هەرگیز نایەوێت بە ویژدان بێت بەرانبەرمان، بیرکردنەوەی تەنها لەوەدا قەتیسماوە، کە چۆن زاڵ بێت بەسەرماندا، چۆن پلان دابڕێژێت بۆ ئەوەی لە ناوەوە و دەرەوە گێژمان بکات؟ چۆن بەکارهێنانی بنەماڵە فەرمانڕەواکان، یاخود

ئەوانەی ئارەزووخوازن و حەزیان بە خۆدەرخستن و بەرزبوونەوەیە لە زەویدا، لە کەسە میللییەکان و ڕۆڵەی گەلان، کە ئەوانە لە پادشا و فەرمانڕەوایان زیاتر داوای دەسەلات دەکەن؟ هەر بەڕاستییش، لەگەڵ شۆڕبوونەوەم لە سەرنجدانی مێژووی داگیرکاریدا، بینیم ئەوانە کەسانێکیان بەکار هێناوە، لەنێو گەلدا پێگەیشتوون، لە نزمترین و تاریکترین ژینگەوە هاتوون، بەکاریان هێناون بۆ لێدانی ئیسلام و لێدانی ئوممەت، کاتێ بەدرووستی مێژوو دەنووسینەوە، نەهامەتی ئەورووپییەکانمان دژ بە ئیسلام بۆ دەردەکەوێت.

ڕۆژئاوا دەیەوێت ئەو هەلانە بقۆزێتەوە، کە ئێمە تێی دەکەوین، ئەو مەبەستیەتی بە تەنها ئیسلام دابڕنێت لە دەوڵەت، لە کاتێکدا لە فەلسەفەتیندا ئایین دەکاتە دەوڵەت، ئەم شێوە مامەڵەیە مەبەستەکەی دەردەخات، ئەویش داڕنینی ئایینە لەو مانا کۆمەلایەتییانەی ئێمە دەزانین تیایەتی و بەشێکە لە کیانەکەی، تا زانستە مرۆییەکان بهێنێت و لەو بارەوە شوێنی ئایین بگرێتەوە، زانستە مرۆییەکانیش، وەک وێنەیان کێشاوە، ئەو زانستانەیە کە لە ژینگەیەکی ئیلحادییەوە سەرچاوەی گرتووە.

من بە شێوەیەکی دوولایەنە دەڕوانمە داگیرکاریی ڕۆژئاوا، لەوانەیە لە لایەنی سەربازییەوە، بە سوپاکەی ولاتانی داگیر کردبێت، ئەمە گرفتە مەترسیدارەکە نییە، گرفتێکی لەوە مەترسیدارتر هەیە، ئەویش داگیرکردنی عەقڵەکانە بە ڕۆشنبیریی خۆیان.

من تێبینیم کردووە، کە ڕۆژئاواییەکان زۆر بەوردیی و لەسەرخۆیی و وریاییەوە کار دەکەن بۆ لێدانی جیهانی ئیسلامی لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوەتا لە بواری بەمەسیحیکردندا جووڵەیەکی ورد لە دژی عەقیدە لەئارادایە، هەروەها لە بواری دابونەریتە کۆمەلایەتییەکان و گۆڕەپانی نووسینە ڕۆژنامەوانییەکان و گۆڕەپانی هەماهەنگیی نێودەوڵەتیی و کارگێڕیی و لە بواری جیهانی، وەک ئەوەی چەندین گوریسی شاراوە هەبێت یەکتر پتەو

بکـەن، بـۆ گـەمارۆدانی لــە ڕێگــەی داگیرکــاریی ڕۆشــنبیریی و سیاســیی و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوەوە[1].

– شێخ محەمەد غەزالی تێگەیشتبوو، کە داگیرکاریی فیکریی ڕۆژئاوا لەو بۆشاییەوە درێژ دەبێتەوە، کە لە ئەنجامی هەژاریی فیکریمان و چەقبەستن و لاسایکردنەوە درووست بووە، کە تواناکانی ئوممەتی پەک دەخات و لە داهێنان و نوێکردنەوە دایدەبڕێت... لەو بارەیەوە دەڵێت:

(من سەرکۆنەی ئەو برایانەم دەکەم، کە لە بواری ئیسلامیدا کار دەکەن، چونکە ڕۆشنبیرییە ڕووکەشیەکەیان بێزارکەرە، هەندێک جار شکستی ئایین بەهۆی ئەوانەوەیە کە کاری بۆ دەکەن، چونکە ئەوان چەندین بواری ئایینەکە چۆڵ دەکەن، کە خراپەکاریی تێدا بڵاو دەبێتەوە، ئەگەر بە چاکە پڕ بکرایەتەوە، ئەو خراپەکارییە بڵاو نەدەبووەوە، هیچ بۆشاییەکەی دەست نەدەکەوت بخزێتە ناوی... لە ڕاستیدا دارمانی سیاسیی ئوممەتی ئیسلامی، پاشکۆی دارمانە فیکری و ڕۆحییەکەی بوو)[2].

(١٥)

لە گفتوگۆیەکانی شێخی غەزالیدا چەندین ئاماژە هەیە بۆ ڕەوتە فیکرییەکان – کۆن و نوێ و هاوچەرخ – و بۆ هەندێک لە گەورە زانایان...

– ئاماژەی بۆ موعتەزیلە کردووە، نموونەی بە زەمەخشەری (٤٦٧-٥٣٨ک/ ١٠٧٥-١١٤٤ز) هێناوەتەوە، کە بە ئایەتێک لە ئایەتەکانی خوای گەورە لە تەفسیری بەیانی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دادەنرێت، لەوانەیە کۆی هەموو موفەسیران سوودیان لێ وەرگرتبێت، لە لێکدانەوەی ڕەوانبێژیی ڕستەکانی قورئاندا پشتیان بەو بەستووە.

قازی عەبدولجەباری موعتەزیلە (٤١٥ک/١٠٢٤ز)، لە مرۆڤە هەرە عەقڵ پرشنگدارەکان و بیرتیژەکان بووە، لەگەڵ پەیڕەوانی ئەهلی کیتابدا مشتومڕی

[1] هەمان سەرچاوە (ل ٧٣، ٧٤، ٧٧، ٨٣، ٢١٩، ١٣٧، ١٦٦).
[2] هەمان سەرچاوە (ل ٧٦، ٢٥، ٢٥٨، ٢٨١، ٢٩٤).

کـــردووه، لایـــەنی حـــەقی زاڵ کـــردووه و قورئـــان و فـــەرموودەی پـــێ سەرخستووە[1].

– باسـی شـیعه ئیمـامی و زەیدییـەکانی کـردووه، ئەوانـەی لـه ڕابـردوودا دەژین، دەیانەوێت جەنگی (جمل)مان بۆ دووباره بکەنـەوه، پاشـانیش نـه ئێسـتا و نه ئاییندە چاک ناکەن و ئێستا لـه جـەنگی فەڵەسـتیندا سـەرکەوتوو نـابن، لـه ئێستادا ئێمـه پێویستمان بـەو کەسـەیه ئاییندەمان ڕزگار بکات، گریـان بەسـەر ڕابردوودا بەسمان نییه و شەفاعەتمان بۆ ناکات...

ناکۆکییـەکانی نێوان سـوننه و شـیعه، سـەبارەت بـه مـافی ئیمـامی عـەلی لـه خەلافەتـدا، بابـەتێکی مێژووییـه و کۆتـایی هـاتووه، ئەگـەر ئێمـه لـه سـەدەی یەکەمـدا بووینایـه، ئـەوا هـەڵبژاردنێکی سـەربەخۆمان ئـەنجام دەدا، بـەڵام ئێمـه ئێسـتا لـه سـەدەی پازدەهـەمی ئیسـلامداین، شـەڕکردن لەسـەر لەپێشـتربوونی ئیمـامی عـەلی بـۆ خەلیفایـەتی، چ مانایـەکی هەیـه، شـتێکی بێمانایـه... هـیچ درووست نییه بنچینه یەکەمینەکانی ئیسلام، که له قورئان و سوننەتدا هـاتوون، لێگەڕێین لەناو بچێت و سووک ببێت، خاچپەرستی و زایۆنیزمیش لەگـەڵ ئـەو ناکۆکییانـه بخشـێنه ناومانـەوه، ئومێـدەوار بـووم لێکنزیکبوونـەوه ڕوو بـدات، بەمکوڕییەوه داوای ئەو نزیکبوونەوەیه دەکەم[2].

– شێخی غەزالی له گفتوگۆیەکانیدا باسی سەلەفیەکانی کردووه و دەڵێت:

"هەڵەیەکی باو له ئێستادا هەیه، زۆرێک لەوانەی ناوی سەلەفییان له خۆیـان نـاوه، ئـەو سـەلەفه نـین، کـه لـه فیقهـی ئیسـلامیدا یـان لـه میـژووی ئیسـلامیدا باسکراون، سـەلەف لـه مێژووی ئیسـلامی و لـه سـوننەدا بریتییـه لـه هـاوەڵانی پێغەمبەر خوا (دروودی خوای لەسەر)، بریتین له شوێنکەوتووانی پێغەمبـەر لـه پـاش هـاوەڵان، شـوێنکەوتووی شـوێنکەوتووانیش دەگرێتـەوه، ئەوانـەی لـه نوورەکه و له سەرچاوه نزیک بوونەتەوه.

تێبینیم کردووه، ئەوانەی له ژیاننامەی پێغەمبەر نزیک دەبنـەوه، تەنانـەت لـه پێداچوونەوه و له خوێندنەوەی سوننەتەکانیشدا، ڕۆحیان پەیوەست دەبێت بـه

---

[1] هەمان سەرچاوه: (ل ١٣٦).

[2]– هەمان سەرچاوه: (ل ٤٤، ١٦٨).

بەشێک لە جوانی و نەرمونیانی و بێگەردیی ویژدانەوە، چونکە ئەو کەسایەتییە بەهێزە هەندێک لە هێزەکەی لە شوێنەوارەکانیدا بەجێهێشتووە.

بەڵام ئەوانەی لەم سەردەمەدا بانگەشەی سەلەفییەت دەکەن، کۆمەڵە گەنجێکن هیچ پەیوەندییەکیان بەو زاراوەیەوە نییە، بەڵکو خۆیان وا دەچوێنن، بریا لە بیروباوەڕ و ئەخلاق و بنەما و مامەڵەکاندا خۆیان بچواندایە، بەڵام ئەوان وا گومان دەبەن تەنها پۆشاکی سپی و هەندێ لە ئەحکامەکاندا بەسە، لە ڕاستیدا لە کاتی هەڵسەنگاندنی زانستیانەدا دەردەکەوێت، کە ئەمانە زیادەڕۆکاریی حەنبەلین، زیادەرۆکارانی حەنبەلیش کۆمەڵە کەسێک بوون، لە عەقیدەدا بە ڕووکەشیی و دەمارگیریی بۆ ئەو ڕووکەشیەتە ناسراوبوون، لە فرووعەکاندا وا ناسراون، کە شوێنکەوتەی ئیبن حەنبەل بوون، لە شوێنکەوتن و بەرەنگاربوونەوەی کەسانی تردا زۆر توندڕەو بوون، (تأريخ بغداد) لە بارەیانەوە دەگێڕێتەوە، کە ئەوانە هەندێک جار بەردبارانی شوێنکەوتەی هەندێک لە مەزهەبەکانی تریان دەکرد، ئەوانەی پێیانوایە بۆ نموونە لە نوێژی بەیانیدا قنوت دەخوێندرێت -وەک شافیعییەکان یان مالیکییەکان-، ئەگەرچی لەو کاتەدا شاری بەغدا پڕی بوو لە پەیڕەوانی شافیعی، حەنبەلییەکان بەردیان دەگرتە مزگەوتەکانیان، چونکە ڕقیان لەوە بوو گوێیان لە قنوت بێت لە نوێژی بەیانیدا، بەداخەوە ئەوانەن ئێستا دەژین، دەیانەوێت فیکر و بۆچوون و تێڕوانینە تەنگەکانیان بگوێزنەوە، تا ئەوە ببێتە سەلەفییەت، بەمەش هەرکەس وەک خۆیان نەبێت لە دژی دەجەنگن، لەوانەیە ئەم ئاشووبە مەترسیدارترین ئاشووب بێت، کە تووشی ڕەوتی ئیسلامیی بووە لەم سەردەمەماندا، بەڵکو پێموایە -خودا ئاگادارترە- ئەو نسکۆیانەی تووشی بزاڤی ئیسلامیی بووە، هۆکارەکەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕەوتی سەلەفی و ئەو کورتبینی و نەفامیەی لە دەوریەتی بووە، ئەوانەی ئێستا خۆیان بە سەلەفی دادەنێن، شەرعزان نین"[1].

- شێخی غەزالی - لە گفتوگۆکانیدا- ئاماژەی بۆ کۆمەڵەی ئەنصارولسوننەی موحەمەدیش کردووە و دەڵێت: "کۆمەڵەی ئەنصاولسوننەی

[1]- هەمان سەرچاوە: (ل ١٥٦، ١٥٧، ١٥٨، ١٣٣).

موحەمــەدی – لــە قــاهیرە، یــان پایتەختــەکانی دیکــەی وڵاتــانی ئیســلامی- درێژکراوەی جووڵانـەوەی محەمـەدی کوڕی عەبدولوەهابـە، کـە لـە دوورگـەی عەرەبیـدا درووسـت بـوو، بنچینـەی جووڵانەوەکـەش پاککردنـەوەی عەقیـدەی تەوحیدە لەو شێواندنانەی تێیکەوتووە.

تێبینیـی ئـەوەم کـردووە، کـە ئەنصاولسـوننە خۆپێـوەگرتنێکی زیـادەڕۆ و تونـدوتیژیی لـەگەڵ بەرانبـەرەکانیان هەیـە، تێیانـدا ڕۆڵ گواسـتنەوەش هەیـە لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی تـر، بـەبێ ئـەوەی گـوێ بـە جیاوازییـەکانی ئـەو وڵاتانـە بـدەن... بـەڵام سـەبارەت بـە پەرستشـەکان، ئـەوان مەزهەبـەکان وا فیرقـەکان سـەیر دەکەن، خەریکە نزیکتر بن لـە گومڕایی، ئەگـەریش بەڕاشـکاوی ئەمـەیان ڕانەگەیاندبێت، دەڵێن: شوێنکەوتەی هـیچ مەزهـەبێک نین، بـەڵکو ڕاسـتەوخۆ لـە سوننەوە وەری دەگرن، بەڵام کاتێ ڕاسـتەوخۆ لـە سـوننەوە وەری دەگرن، لـە ڕاستیدا شـوێن مەزهـەبی ئیبن حەنبـەل دەکـەون، کـە زیـاتر لـە ئـەهلی حـەدیس نزیکە وەک لەوە لە فیقهـ نزیک بێت، کاتێکیش لەو دوور دەکەونـەوە، دەچـن بـۆ لای یـەکێکی تـر، زۆر بەکـەمی باوەڕیـان بـە مەزهـەبێک هەیـە، کـە لـە چـوار مەزهەبەکە دوور بێت، مەگەر شوێنی ئیبن تەیمیە بکەون..." [1].

– شێخی غەزالی –لەم گفتوگۆیانەدا- لەبارەی (الجمعية الشرعية)یش قسـەی کردووە، دەڵێت: "(الجمعيـة الشـرعية) بـە جـوان ئەنجامدانی نوێژەکـان ناسـراوە، لەوانەیـە لـەو جـوان ئەنجامدانەشـدا زیادەڕەوییـان کردبێت، هـەتا جارێکیـان لـە یـەکێک لـە مزگەوتـەکانی ئـەو کۆمەڵـەیـەدا فریـو درام، ئـەو کاتـەی لـە میسـری قــەدیم بــووم، بــۆ نــوێژی نیــوەڕۆ چوومــە ژوورەوە، لــە هــەر ڕکاتێــک و کڕنووشێکدا نزیکەی بیست تەسبیحاتم ژمارد، ئەمە وای لێکردم، کە تەوبە بێت جارێکی تر نەچم بۆ ئەو مزگەوتە.

ئەو کاتەی قوتابی بووم –زۆر جار نوێژی بەیانیم لە مزگەوتی (حافظية) لـە شبرا دەکرد- قورئانخوێنێکی لێ بوو، وا دەزانـم ژینگەپارێزیی ڕێگەپاککـەرەوە بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا قورئـانی لەبـەر بـوو، خوێندنەوەیـەکی بـە خوشـوع و

---

[1]- هەمان سەرچاوە: (ل ١٥٣، ١٥٤).

دەنگێکی دڵگیری هەبوو، ئەو کاتە - کە لە زانکۆ دەمخوێند- پێمخۆشبوو لە پشتیەوە نوێژ بکەم، لەنێو ڕیزەکاندا خۆم دەشاردەوە، بەڵام زانیی لەو مزگەوتە نوێژ دەکەم، ئیدی پەیوەندییەکەمان بەردەوام بوو، هەستم کرد (الجمعية الشرعية) شاییستەی ئەوەیە هەستێتەوە و ڕێز لە کارەکەی بگیرێت، گرنگترین شت لای ئەوان دژایەتیکردنی بیدعە بوو لە پەرستشەکاندا.

تەلەفونم کرد بۆ شێخ ئەمین خەتتاب -کە سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو- پیاوێک بوو زۆر دەگریا، زۆر جار لە کۆلێژی ئوصولی دین وانەی پێدەگوتینەوە و گریان بەسەریدا زاڵ دەبوو، چونکە خواپەرستێکی دڵ بەخشوع و خەمخۆر بوو بۆ حاڵی مسوڵمانان، پەروەردەکارێکی زۆر باش بوو، ئەو کاتەی دەمخوێند، هەندێک جار بە شتانێک گاڵتەی لەگەڵ بکەم، کە ببێتە مایەی دڵخۆشی، جارێ دەمگوت: ئەرێ پرتەقاڵ توێکڵەکەی دەخورێت یان ناخورێت؟ جۆرێک لە گاڵتە، ئەویش بە تەقوا و لەسەرخۆ و بە دەنگێکی هێمن پێدەکەنی و دوعای بۆ دەکردم...

کۆمەڵەی شەرعییە ڕێزی لە چوار ئیمامەکە دەگرت و شتی لێیان وەردەگرت و تەرجیحیان دەدا، خاوەنەکەی مافی تەرجیحدانی بە خۆی دابوو، ئەمە مافێکە و نکوڵیی لێ ناکەین، لە کاتێکدا ئەو پیاوێکی زانایە...

تێبینیی ئەوەم لەسەریان هەبوو لە دەستووریاندا نووسیبوویان، کە لە سیاسەت دوور بکەونەوە، هەستم کرد ئەم دەقە خەریکە لە کۆمەڵەی شەرعییە و ئەنصارولسوننە و جەماعەی تەبلیغ ڕێک بکەوێت، تێبینیم کرد ئەم دەقە لە ڕەفتارەکانی کۆمەڵەکەدا جۆرە هەڵەیەکی زانستی و هەڵەی ڕەفتاریی درووست دەکرد. ئایینێک هەموو نیشانەکانی دونیا و نیشانەکانی قیامەتی لەخۆ گرتبێت، لە کۆتاییدا ببێتە تەنها جلوبەرگ و عەمامە و ڕیش- ئەوانە نیشانەی درووستن، ڕوویەکی دیارن- بەڵام گرنگییەکی زۆر بەوانە درا و ئەوەش بووە هۆی لەدەستچوونی زۆر حەقیقەت، کە دەبوو لە ئاییندەدا زیاتر دەربخرێت..." [١].

---

[١]- هەمان سەرچاوە: (ل ١٥٠، ١٥١، ١٥٢، ١٥٤).

جگە لەم ئاماژانە، شێخ غەزالی –لە گفتوگۆکانیدا– ئاماژەی بۆ ژمارەیەک لە زانایانی سەردەمی خۆی کردووە، بە چەند وشەیەکی مانادار –زۆر بێت یان کەم– لەبارەیانەوە دواوە، کە شایانی ئەوەیە تیشکیان بخرێتە سەر.

بەدووردرێژی باسی لە ئیمام و پێشەوا و شێخەکەی، کە حەسەن بەننا کردووە –پێشتریش لەم پێشەکییەدا ئاماژەمان بۆ لایەنێکی کرد–، هەروەها باسی شەهید سەید قوتب (١٣٢٤-١٣٨٦ک/١٩٠٦-١٩٦٦ز) کردووە.

سەید قوتب –یەکێک بووە لە پێشەنگانی بانگەواز بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی– یەکەم کەس بووە سەرنجی خەڵکی بۆ لای کتێبی (الاسلام والاوضاع الاقتصادية)ی شێخ غەزالی ڕاکێشاوە، زیاتر لە لاپەڕەیەکی لەبارەوە لە ڕۆژنامەی (الجمهور المصري) نووسیوە... سەید قوتب –هەر وەک شێخ غەزالی دەڵێت– ئاماژەی بەوە داوە کە ((ئەم کتێبە قسەی کۆتایی لەسەر لایەنی ئابووریی کردووە، هاوشێوەی کتێبی (الرسالة الخالدة)ی عەبدوڕەحمان عەزام (١٣١١-١٣٩٦ک/ ١٨٩٣-١٩٧٦ز) وایە، کە لەبارەی ئیسلامەوە نووسیوویەتی)).

شێخ غەزالی –وەک تێبینییەک– دەڵێت: ((کەسم نەبینییوە بە گەرموگوڕییەوە لەبارەی منەوە نووسیبێتی و بە دڵسۆزییەوە بەخوێنەرانی ناساندبم، جگە لە سەید قوتب –ڕەحمەتی خوای لێ بێت–)).

غەزالی وەک سوپاسێک سەردانی مامۆستا سەید قوتبی کردووە، ئیدی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو کەسە لەو مێژووەوە (ساڵی١٩٤٧) دەستی پێکردووە... غەزالی داوای لە سەید قوتب کردووە بێتە ڕیزی کۆمەڵەی ئیخوانەوە، لەم بارەیەشەوە دەڵێت: ((دەوروبەری ساڵی (١٩٥٠) بوو، هاوڕێی مامۆستای گەورە سەید قوتب بووم –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– پێشنیازم بۆ کرد بێتە نێو ڕیزی کۆمەڵەی ئیخوانەوە، پێی وتم: وا باشترە کە دوور بم)).

ئەو ڕێزە زۆرەی غەزالی بۆ سەید قوتب، کە بە مامۆستای گەورە ناوی دەبات، نەبووەتە ڕێگر لەوەی غەزالی ڕەخنە بگرێت لەوەی سەید قوتب لە بابەتی حاکمییەت نووسیویەتی و ئەوەی لێی کەوتەوە لە حوکمدانی نەفامانە بەسەر کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا... غەزالی ڕەخنەی لەم بۆچوونە گرتووە و

دەڵێت: گوێبیستی بیرۆکەی حاکمییەت نەبووم تا پاش مردنی حەسەن بەننا، ئەو لە بیرکردنەوەیدا هاوشێوەی زانایانی ئەزهەر بوو، لە کاتی وێناکردنی حاکمیەتدا بە شێوەیەکی عەقڵمەندانە و وردییەکی لۆژیکییانە دەدوان، خەریکە بڵێم: ئەو ئیسلامیەتەی لە ئەزهەر دەخوێندرێت لە وردترین قوتابخانەکانە لە وێناکردنی ئیسلامدا، چونکە حاکمییەت وشەیەکی نامۆیە، ئەگەر حوکمڕانی تەنها بۆ خوا بێت، ئەمە قسەیەکی هەقە بۆ مەبەستێکی پووچەڵ. بەلام پەیوەندیی نێوان فەرمانڕەوا و گەل، نێوان فەرمانڕەوا و ئوممەت، سەرچاوەی فەرمانڕەواییەکە چییە، لە بنەڕەتدا ئیسلام ئەمەی لێ وەردەگیرێت، فەرمانڕەوا حوکمەکەی لە قورئان و فەرمووده و بەڵگەکانی تری وەک: (الاحسان) و(الاستصحاب) و (الاستصلاح) وەردەگرێت، ئەوە وردترین شتێکە سەبارەت بەم بابەتە بوترێت. بەڵام حاکمیەت، بە واتای ئەوەی حوکم تەنها بۆ خودایە، کاتێک قسە لەبارەی بابەتێک دەکەیت کە ئیسلام هیچی سەبارەت نەوتووە، نە لە قورئاندا دەقی لەسەر هاتووە و نە لە فەرموودەدا، بەڵام بە قیاس حوکمێک دەدا، بە (المصلحة المرسلة) حوکمێک دەدا، بە (استحسان) حوکمێک دەدا. ئەوەی ئەزهەر لەم بارەیەوە وتوویەتی وردترە، لەبارەی ئەوەش کە مرۆڤ یاسا دادەڕێژێت، من یاسا دادەڕێژم لەو لقانەی کە هاتووە و لە ڕاڤەی ڕێساکان (شرح القواعد)، پاشان لقی لێدەخەنەوە، کەواتە مافی خۆمە دەستوورێک دابڕێژم.

لای من ڕاوێژ ڕێسایە (وأمرهم شورى بينهم) (الشورى: ٣٨)، بەڵام چۆن ئەم ڕێسایە ڕێکبخەم؟ دەڵێم حوکمڕانی تەنها بۆ خوایە، لە کاتێکدا ڕێساکە دادەنێم، دەڵێم: ئوممەت سەرچاوەی دەسەڵاتە، حوکمڕانیش پێویستە هەڵبژاردن بەڕێوە بەرێت، بناغەی ئەم یاسایانە عەقڵی مرۆڤە، پشت بە ڕێسایەک دەبەستێت، ئەوەیش حوکمی خوایە، شورایە، لقەکانیش بۆ عەقڵی مرۆڤ واز لێهێنراوە، بۆ (قیاس) و (استصلاح) و (استحسان) واز لێهێنراوە.

قوتابخانەی ئوصولیی ئیسلامی –مەبەستم ئەو ئوصولیەتەی، کە گرنگیی بە ئوصولی فیقهـ دەدات- وەک ئەوەی زانایانی ئوصول ڕاڤەیان کردووە، کە سەرەتاکەی بە ئیمامی شافعی (١٥٠-٢٠٤ک- ٧٦٧-٨٢٠ز) دەستی پێکردووە،

تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، کۆتا کەس کە لەسەر فیقهـ نووسیبێتی، ئیمامی شاتبی (٧٩٠ک/١٣٨٨ز) نووسیویەتی، لە کتێبی (الموافقات)، ئەوانە نووسییان و بوارەکەیان فراوان کردەوە، ئا ئەمەیە حوکمە درووستەکە، بەڵکو مەودودی (١٣٢١-١٣٩٩ک/ ١٩٠٣-١٩٧٩ز) کاتێ باسی حاکمییەتی کرد، ویستوویەتی لەوێدا بە ئینگلیزەکان بڵێت: ئێوە هیچ پەیوەندییەکتان بە حوکمڕانییەوە نییە، حوکم هەر بۆ ئەوە، واتە بۆ ئیسلامە، ئەوە بوو خەڵکانێک هاتن و ئەوەیان بۆ ئێمە هێنا، بەبێ ئەوەی ئەو بارودۆخە بزانن، کە لەوێ دەوری ئەو وشەیەی دابوو.

لای من: ئیسلام ئایینی دەوڵەتدارییە، کەواتە دەگەڕێمەوە سەر دەقەکانی و کردارەکانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) و بۆ فیقهی هاوەڵەکانی، ئوصول و بنەما فقهییەکان لای ئێمە سەرمایەیەکی ڕەسەنە، پێویستە فیقهـ لە زانا و پێشەوایانی خۆیەوە وەر بگیرێت... من ناتوانم بڵێم: کە مەلای مزگەوتێک لە (عتبة الخضراء)، کە دەڵێت من حەنەفیم، بەهۆی ئەوەی کتێبێکی لە فیقهی حەنەفی خوێندووەتەوە، ئەوە نوێنەرایەتی ئیمام ئەبو حەنیفە (٨٠-١٥٠ک/ ٦٩٩-٧٦٧ز) دەکات!

بەڵام حاکمییەت بۆ خوا، ئەوە بۆ خوایە، باشە مەبەست لە وشەکە چییە؟، پێش تۆ کەسانێک ئەمەیان وت، وەک نارەزایەتی بەرانبەر خەلیفەی ڕاشیدیی عەلیی کوڕی ئەبو تالیب، لەبەر ئەوەی لە هەندێ کاروباردا حوکمی خەڵکی قبووڵ کردووە، خوای گەورە ڕێگەی داوە لە ناکۆکیی نێوان ژن و مێرددا، حەکەمێک لەملا و حەکەمێک لەولا بهێنین، ئیدی چی ڕێگرە لەوەی دوو حەکەم هەبێت، ئەمیان بۆچوونێک دەڵێت و ئەوی تریان بۆچوونێکی تر و حاکمیەتیش هەر بۆ خوایە... شێخی غەزالی هەڵەی مامۆستا سەید قوتب، لەوەی سەبارەت بە حاکمییەت نووسیوویەتی، بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە:

یەکەمیان: ئەو ستەمەی لەلایەن ڕژێمی شۆڕشی یۆلیۆ لێیکرا... ئەمەش وایکرد لە سایەی ئەو ڕەوشە نالەبارانەی تێی کەوتبوو، ئەو بۆچوونە تاکەسییەی بۆ درووست ببێت... ئەوسا مامۆستا سەید کوڕە خوشکێکی بە ناڕەوا و دوژمنکارانە بەند کرابوو... خۆیشی لە بەندیخانەدا ئازار و ناڕەحەتیی

زۆری بینـی، لـە ڕاستییشـدا دادگاییکردنەکـەی گاڵتـەجاڕیی بـوو... ئـەو پیـاوە کتێبەکەی بە شێوازێک نووسیووە توندوتیژیی بەرانبەر فەرمانڕەوایانی تێدایە، ئایەتـەکانی قورئـانی پیـرۆزی وا لێـک داوەتـەوە، کـە پێویسـتە ڕاشـکاوانە ڕووبەڕووی ئەوانە ببنەوە، کە ئەمەش لە توانادا نییە...

هۆکـاری دووەم: بـۆ هەڵـە لەبیرکردنـەوەی مامۆسـتا سـەیددا ئەوەیـە، ئـەو پیـاوە لـە ڕووی فیقهییـەوە زۆر سـادە بـوو، قـووڵ نـەبوو، یـان ئـەو ئەحکامـە فیقهییانەی تێدا نـەبوو کـە دەبـوو تێیدا بێت، لەبـەر ئـەوە قسـانێک دەکات، زۆر ئەستەمە شارەزایانی فیقهـ قبووڵی بکەن، وەک: (ماڵەکانتان بکەنە قیبلە، با ببێتە مزگەوت و نوێژی تێدا بکەن)، ئـەم قسـانە ناکرێت قبـووڵ بکرێن، هۆکارەکـەش ئەوەیە، کە سـۆزی دوورەپـەرێزیی لـە کۆمـەڵگا و لێدانی فـەرمانڕەوا بەسـەریدا زاڵ بـووە. بـەڵام مامۆسـتا سـەید (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێت) درەوشـاوەترین کەسـی قوتابخانەکـەی عـەقاد بـوو، زانیارییـەکانی لـەبارەی ئـەدەبی ئیسـلامی و ئەدەبی عەرەبی بەگشتی باش بوو.

کەسانێک شوێنی کەوتن، کە ناوی (قوتبیـەکان)یان لـە خۆیـان نـاوە... ئەوانـە نە عەقڵیان هەیە و نە فیقهـ لە هیچ شتێکدا جێی بایەخ نین[1].

شێخی غەزالی بەو جۆرە لە گفتوگۆیەکانیدا لەبارەی شەهید سـەید قوتبـەوە دواوە، هـەوڵی داوە ئـەو کێشـەیە یـەکلا بکاتـەوە، کـە تـا ئێسـتاش مشـتومڕی لەسەر دەکرێت، ئەویش کێشەی هەوراز و نشێوییەکانی ژیانی فیکریی سـەیدە، کە دەرکەوتەی ئەو نەهامەتیانە بوو، کە بەسەریدا سەپێنرابوو.

- مامۆستا غەزالی باسـی ئـەو هاوڕێیەشـی کردووە، کە لەگەڵیدا نـاکۆک بوو لەبارەی پەیوەندیی ئیسلام بە دەوڵـەت و حوکمڕانییـەوە، ئەویش مامۆسـتا خالید محەمەد خالیدە (١٣٣٩-١٤١٦ک/ ١٩٢٠-١٩٩٦ز)، دەڵێت:

-((تـا ئێسـتاش پەیوەندییـەکانم لەگـەڵ مامۆسـتا خالیـد لـە پتـەوترین پەیوەندییەکانـە، لـە بنەڕەتـدا مـن جیـاوازیی دەکـەم لـەنێوان نـاکۆکیی فیکریـی زانسـتی و ناکۆکییـە کەسـی یـان بەرژەوەندییـەکان، مـن ڕاسـتگۆیی یـاخود

---

[1]- هەمان سەرچاوە: (ل ٥٥، ١٤٠، ١٤٢، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨، ١٨٩).

دڵسۆزیم بەلاوە گرنگە، کاتێ ئەبینم کەسێکی بێباوەڕ لە بێباوەڕییەکەیدا دڵسۆز و دامەزراوە، لێی نائومێد نابم و لەگەڵی دەڕۆم، چونکە وای دەبینم ڕۆژێک لە ڕۆژان دڵسۆزییەکەی ڕێنمایی دەکات بەرەو چاکە، بەڵام ئەوەی من لێی دەترسم بەکرێگیراوەکانن، ئەوانەی درۆ دەکەن، چونکە لە بەرامبەر درۆکان شتێک وەردەگرن، ئارەزوو ویستن، کینەیان لە دڵدایە بەرانبەرم، چونکە وای دەبینێت من شتێکم لێ بردووە، یان من بەربەستم لەوەی بگات بە شتێک... بەڵام ئەوەی لە بابەتێکی زانستیدا ڕاجیاییمان هەبێت، هیچ ڕێگرییەک نییە بۆ ناکۆکبوون...

خالید و من هەردووکمان ڕێز لە ئازادی دەگرین و هەندێک جاریش داوای دەکەین، هەرچەندە من بە شتێکی تر تۆمەتبار کراوم، زۆر دەمارگیر دەبم بۆ ئەوەی باوەڕم وایە حەقە و غیرەتم دەبزوێت، ئەگەر کەسێک نزیکی بکەوێتەوە و لەسەری دەجەنگم، خالید بە جۆرێکی دیکەیە، پشوودرێژە، لێزانە و دەتوانێت لەگەڵ خەڵکیدا هەڵبکات، من ئەو توانایانەم نییە، بەڵام کەسێکی دڵسۆز و ئەمینە)) [1].

- غەزالی لە گفتوگۆکانیدا ئاماژەی بە ئیمام محەمەد ئەبو زوهرە (١٣١٣-١٣٩٤ک/ ١٨٩٨-١٩٧٤ز)ی کردووە و دەڵێت: ((مامۆستایەکی زرنگ و پێشەوا بوو، بەچاکی وتاری دەدا، لە سەرەتای وتارەکەیەوە گوێی بۆ دەگری تا کۆتایی، دەبینی دەنگی لاواز نەبووە و مێشکی دانەمرکاوەتەوە، بلێسەیەکی تێدا بوو، مشتومڕکارێکی پلەیەک بوو، دەیزانی چۆن گفتوگۆکان وەر بگرێت و بەبێ ڕاڕایی لەگەڵی بسوورێتەوە، خزمەتکارێکی حەقیقەت بوو، ئەمین بوو لەسەری)).

لای من و شێخ سەید سابق سکاڵای ئەوەی کرد، کە ناوی لە هیچ ڕۆژنامەیەکدا نایەت، کاتێ دکتۆر (عەبدوڵڵا عەرەبی) مرد و پرسەنامەکەی لە ڕۆژنامەکان نووسرا، ڕێگری کرا لە بڵاوکردنەوەی، چونکە ناوی ئەبو زوهرەی تێدا بوو، ئەمە لە سەردەمی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال

---

[1]- هەمان سەرچاوە: (ل ٨٢).

عەبدولناصردا بوو، لە ڕاستیدا ئەو ماوەیە ماوەی نەهامەتیی توند بوو، بەڵام ئەو پیاوە بە چەسپاوی و پتەوی مایەوە، وتاری دەدا و وانەی دەگوتەوە و کتێبی دەنووسی و خەڵکی لە ماڵەکەیدا کۆدەکردەوە و ڕێنمایی دەکرد و گوێی بە هیچ نەدەدا، وەک شێر بەبێ دوودڵی دەستەواژەکانی دەر دەبڕی.)) [1].

– لەو زانایانەی لەو سەردەمی نەهامەتییانەدا ژیاون و غەزالی لە گفتوگۆکانیدا ئاماژەی بۆ کردوون: شێخ محەمەد محەمەد ئەلمەدەنی (١٣٢٥-١٣٨٨ک/١٩٠٧-١٩٦٨ز)، کە لەبارەیەوە دەڵێت: ((لە دیارترین زانایانی ئەزهەر و بەدیقەتترینیان بوو، ئەو مەزهەبی مالیکی بوو، بەڵام توێژینەوەی لە مەزهەبی ئیبن تەیمیە و ئیبن قەییم و ئیبن حەزم و جگە لەوانیش کردبوو، بە هەمان شێوە هەر چوار مەزهەبەکەش، لێیم بیستووە کە دەیگوت: ((هەرکەس توێژینەوەیەکم لەسەر فیقهی عائیشە پێشکەش بکات، ئەوا دکتۆرای پێدەدەم)).

لە مەزنترین بانگخوازانی ئیسلامی بوو، وانەکانی سەرلەبەیانی ئەو و وانەکانی شێخ شەلتوت نموونەی ئەدەبی ئایینی و ئامۆژگاریی ڕۆشنکار بوون، کۆکردنەوە بوون لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا، هاوڕێیەکی هەبوو، کە منیش بە یەک لە مامۆستاکانی خۆمی دادەنێم، کە سوودم لێیان بینیووە- شێخ محەمەد عەبدوڵلا دەڕاز (١٣١١-١٣٧٧ک/١٨٩٤-١٩٥٨ز)، ئەم پیاوە کەسێکی بەتەقوا بوو، قورئانی پیرۆزی زۆر بەجوانی دەخوێندەوە و عەقڵێکی درەوشاوەی هەبوو)).

لە وتە بڵاوەکانی، کە شێخ غەزالی لە شێخی مەدەنییەوە دەیگێڕێتەوە، قسەیەکیەتی سەبارەت بە یەکێتیی ئیشتراکی:

**إذا بلغ الرضيع لنا فطاما یروح الى اتحاد الشرک فينا**

وەک جۆرێک لە گاڵتەپێکردن ئەمەی دەگوت! [2].

---

[1]- هەمان سەرچاوە: (ل ٤٧).

[2]- هەمان سەرچاوە: (ل ٢٩٧ ، ٤٢، ٤٣).

– هەروەها مامۆستا غەزالی لە گفتوگۆکانیدا باسی مامۆستا ئەبولحەسەنی نەدوی (١٣٣٣–١٤٢٠ک/ ١٩١٤–١٩٩٩ز)ی کردووە و دەڵێت:

((مـن مامۆسـتا ئەبولحەسـەنی نـەدوی بـە یـەکێک لـەو ژمـارە کەمـەی بیرمەنـدانی جیهـانی ئیسـلامی دادەنـێم، ئـەو هۆکـاری ڕابـوونی فیکرییـە لـە هیندستان، ئەو عەقڵی پەسەندزان و دڵی زیندووی ئەو ڕابوونە بوو، ئەو پیاوە بە جوانترین شێوە خزمەتی ئیسلامی کرد لەو وڵاتە و شوێنی دیکەش)) [١].

***

بـەم شـێوەیە شـێخی غـەزالی – لـە گفتوگۆکانیـدا- باسـی ئیسـلام و پێغەمبەرەکـەی (دروودی خـوای لەسـەر) و قورئـانی پیـرۆز و سـوننەتی پێغەمبـەری و ئوممـەتی ئیسـلام و شارسـتانیەتەکەی و مێژووی و دەردەکانی ئەم ئوممەتە و دەرمانەکانی و ئاییندەی ڕابوونی ئیسـلامیی کردووە، کـە خـۆی یەکێک بووە لە زانا و کۆڵەگەکانی، هـەروەها لـەبارەی ئـەو تەنگـەژانەوە دواوە، کە ڕووبەڕووی ئەم ڕابوونە دەبێتەوە.

سـەبارەت بـە تێڕوانینـی فیکـری خـۆی قسـەی کـردووە، کـە سـەرچاوەکەی ئەزهەر و قوتابخانـەی بووژانـەوە و نوێکردنـەوە (الاحیاء والتجدید)ی محەمـەد عەبدەو ڕەشـید ڕەزا و حەسـەن بەننایە. هـەروەها –بـە فیراسـەتی بڕاوادارێکی موجاهید- لەبارەی داهاتووە ئوممەتی ئیسلام دواوە و دەڵێت:

((خوای گەورە ئەم ئوممەتەی بە کۆتا ئوممەتی کاروانی مرۆڤایـەتی داناوە، ئەگـەر نەخۆشـیش بکـەوێت چـاک دەبێتـەوە و نامرێـت، هەڵبوەشـێتەوە یـەک دەگرێتـەوە، ڕۆژگـاری سەختیشـی بەسـەردا بێـت ئـەوا ڕۆژانێکـی باشـتری بەشوێندا دێت، ژیان و پەیامی خۆی بۆ دەگەڕێتەوە.

ئـەم ئوممەتـە نـوێ دەبێتـەوە و پەرتـەوازە نابێـت، ئـەم نوێبوونەوەیـەی لەکوێوە بۆ دێت؟ لـە گەلـەوە، لـە جـەماوەری گەلـەوە لـە گونـدە دوورەکان، لـە

---

[١]- هەمان سەرچاوە: (ل ٤٦).

شوێنە نەناسراوەکانی سەر زەویی خوای گەورەوە کەسانێک لەدایک دەبن کار بۆ ئیسلام دەکەن)) [1].

ئەگەر شێخی غەزالی – کە لە فەیلەسوفەکانی بانگەوازی ئیسلامییە- پایەی حوجەتولئیسلام ئەبو حامیدی غەزالی –لە فەلسەفەدا- بەسەر سوقراتدا (٤٧٠-٣٩٩پ ز) و ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢پ ز)دا بەرز کردبێتەوە، لەمەشدا بەتەواوەتی لەسەر حەقە -کاتێ بەراورد دەکات لەنێوان فەلسەفەی ئیمانی و فەلسەفەی بتپەرستی- ئەوا ئێمە زیادەڕۆیمان نەکردووە، ئەگەر بڵێین (گفتوگۆیەکانی غەزالی)، کە ئێستا لەبەردەستدایە بەرزتر و بەسوودترە، ئەگەر بەراورد بکرێت (بە گفتوگۆیەکانی ئەفلاتۆن)، گفتوگۆیەکانی ئەفلاتۆن (٤٢٧-٣٤٧ پ ز) کۆمەڵێک نموونە و یۆتۆپیا و خەونە، کە بە درێژایی مێژوو جێبەجێکردنیان ئەستەم بووە، بەڵام (گفتوگۆیەکانی غەزالی) گوزارشتە لە (نموونەی ئیسلامی)، کە لەسەر ئەرزی واقیع وەک شارستانیەت و مەدەنیەت و ڕۆشنبیرییەک، کە دونیای ڕۆشن کردەوە بەرجەستە بووە، بۆ زیاتر لە بیست سەدە مسوڵمانانی کردە جیهانی یەکەم لەسەر ئەم هەسارەیە.

بەڵێ، شێخی غەزالی دروشمی فەلسەفەی ئیسلامیی بەسەر فەلسەفەی سوقرات و ئەرستۆدا بەرز کردەوە، فیقهی ئیسلامی بەسەر فیقهی ڕۆمانیدا بەرز کردەوە (کە فیقهی ڕۆمانی وەک گردۆڵکە وایە لەچاو فیقهی ئیسلامیدا، کە وەک چیای هیمالایایە). ئەوەی بڕیوەتەوە، کە لە ئیسلامدا بیردۆزەی ئابووری وەها هەیە، ئەگەر ئەوروپا ئاشنای ببوایە ئەوا کارل مارکسی تەڵاق دەدا و بە نەعل دەری دەکرد).

ئەگەر (کۆیلەکانی یۆنان، ئەوانەی ئەفسانە ئیغریقییەکان دەپەرستن، گاڵتە بەم قسانەی شێخی پایەبەرز بکەن، ئەوا ئێمە هەمان گوتەیان پێ دەڵێینەوە، کە نووح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) بە بێباوەڕانی هۆزەکەی خۆی دەوت: ﴿إِن تَسْخَرُوا مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ﴾ [هود:٣٨].

---

[1]- هەمان سەرچاوە: (ل ١٠، ١١).

گۆڤاری (Challenges)ی فەڕەنسی ساڵی (٢٠٠٨ز) –واتە پاش زیاتر لە دە ساڵ لە وەفاتی شێخی غەزالی- لە گەڕانی بەشوێن چارەسەر بۆ ئاریشەی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی نووسیوویەتی: ((پێویستە لەسەرمان لەبری دەقەکانی پاپایی، قورئان بخوێنینەوە، ئەگەر پسپۆڕانی بانکەکان شەریعەتی ئیسلامییان پەیڕەو بکردایە، ئەوا تووشی ئەوە نەدەبووین، کە ئێستا گیرۆدەی بووین))[1]. خوای گەورە ڕاستی فەرمووە: ﴿**هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ**﴾ **[التوبە: ٣٣]**

بەر لە چواردە سەدە جیهان بە پێغەمبەرێک گەیشت، کە سەردەمەکەی خۆی ڕووناک کرد. ئەمڕۆش عاقڵمەندان لە وڵاتە جیاوازەکانەوە لە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕێنمایی ئەو باشترین بەندەیەی خودان. تەنها لەسەرمان پێویستە تێبگەین و نرخی ئەو گەنجینە بەرزە بزانین، کە خوای گەورە پێی بەخشیووین، کە ئێمەش لە پیاوچاکانی پێش خۆمانەوە پێمان گەیشتووە، دەبێت ڕووناکی و چاکەکەی بۆ جیهانیان هەڵبگرین.

سەبارەت بەم حەقیقەتەش، ئەم پەیامە (گفتوگۆکانی شێخی غەزالی – ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە خۆی گرتووە).

کۆتا وشەمان سوپاسگوزاریی خوای میهرەبانە.

---

(١)- أكرم بالعقيد (عودة البنوک الإسلامية) ملحق لوموند مبلوماتيک. النسخه العربية، صحيفة (الأخبار) المصرية في (٢٠٠٨/١١/٧ز).



# بەشی یەکەم

## شێخ محەمەد غەزالی: سەرگوزشتەی ژیانی

### گفتوگۆکار: دکتۆر محەمەد کەمال ئیمام

# ئەڵقەی یەکەم

**د. محەمەد کەمال ئیمام:**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، برایانی باوەڕدار سڵاو و سۆز و بەرەکەتی خواتان لێ بێت، شێخ محەمەد غەزالی بانگخوازی بیرمەند و بیرمەندی بانگخواز بە نووسینەکانی دونیای پڕ کردووە و خەڵکی سەرقاڵ کردووە، سەبارەت بە سەرگوزشتەی سەردەمی منداڵی پێگەیشتنی ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ سازداوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە چرکەساتێک لە چرکەساتەکانی ڕامان و بیرکردنەوەدا لە خۆم پرسی، من کێم؟ وتم: دڵۆپێکم لە دەریای ئەو بوونە، کە دەیان سەدەیە شەپۆلەکەی بەڕێکەوتووە، دڵۆپێک لەنێوان چەندەها دڵۆپی زۆری دەوروبەری، کە لەم سەردەمەدا ژمارەیان گەیشتووەتە پێنج ملیار مرۆڤ، مرۆڤ ئەبێت چی بێت بە بەراورد لەگەڵ زیندەوەرکانی دیکە؟ ئەی زەوی چییە لەچاو جیهانەکانی تردا؟ لە ڕاستیدا مرۆڤ کاتێ لە ژیانی تایبەت و گشتیی خۆی ڕادەمێنێت هەست دەکات شتێکی بێبەهایە، بەڵام شتێک سەبارەت بەم دڵۆپەیە لەنێو دڵۆپەکانی بووندا، کە لە نیعمەتەکانی خوای گەورەوە سەرچاوەی گرتووە پێویستی بە لێکدانەوە هەیە، لەبەر ئەوە وەها سەیری خۆم و دەوروبەرم دەکەم و پێم خۆشە قسە بکەم، تا شیکردنەوە بۆ ئەو شتانە بکەم، کە پێویستیان بە شیکردنەوە هەیە.

لە (٢٢ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩١٧ز) لەدایکبووم – بمبوورن کە بە مێژووی زایینی دەیڵێم- چونکە لەگەڵ زاڵبوونی داگیرکاریی سەربازی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ژیانمان بەگشتی، مێژووی کۆچی لە ژیانی ڕۆژانەمان و دام و دەزگا کارگێڕییەکانماندا فەرامۆش کراوە.

ئەو دارمانەی تووشی ئوممەتی ئیسلامیمان بوو لەم سەدەیەی کۆتاییدا، دارمانێکی هەمەلایەن بوو، ئەگەر قەدەری خوای گەورە وا نەبووایە، کە ئەم ئوممەتە کۆتا ئوممەتە لە کاروانی مرۆڤایەتیدا و نەخۆش دەکەوێت، بەڵام

نامرێـت، پەرتــەوازە ئـەبێت و یەکدەگرێتــەوە، ئەگــەر دەورانــی سەختیشــی بەسەردا بێت، ئەوا ڕۆژگاری باشیش بەخۆوە دەبینێت، ژیان و پەیامەکەی بۆ دەگەڕێتـەوە، ئـەم ئوممەتـە کـاتێ لـە دایکبـوو لـە نیشـتمانەکەیدا ڕووبـەڕووی چەندین کێشەی ترسناک بووەوە، پاش نزیکەی حەوت ساڵ لە لەدایکبوونی من خەلافـەتی ئیسـلامی ڕووخـا، بـەڵێ خەلافـەت تارمـایی بـوو، بـەڵام تارمـایی هەنـدێک جـار کـاتێ ڕاوەسـتاو دەبێـت باڵنـدە هێرشـبەرەکان دەگەڕێنێتـەوە و دەبێتـە وەهمێـک خـەڵک دەترسـێنێت، چەنـدە زۆر خـەڵکی بـە وەهـم بـەڕێوە دەبرێن، بـەڵام ئـەم خەلافەتـە دارِمـا و دارِمانەکەشـی هـەموو لایـەکی جیهـانی گرتەوە.

دواتـر تێبینیـی شـتێکی تـرم کـرد، ئـەویش لـە سـاڵی (١٩١٧ز)دا شـیوعیەتی جیهانی لەدایک بوو، لەوانەیە ئەو سەردەمەی ئێمەی تێدا دەژین، ئیلحاد زیاتر لە توانایدایە دەوڵەتی هەبێت، دەوڵەتێک بە هێزی هیچ خوایەک بوونی نییە و ژیانیش ماددەیە، بانگەشەی ئەوە ناکەم کە ئەو دەوڵەتە بیدعەی ئـەم سـەردەمە بێت، لـە ڕاسـتیدا لـە چـاخ و سـەردەمەکانی ڕابردووشـدا بـوونی کـاتی، یـاخود بوونێکی بەشەکیی هەبووە، بە جۆرێک لەگەڵ سـەرهەڵدانیدا نزیـک بـووە لـەناو بچێت و ئایینـە ڕاسـتەکان، یـان خراپکراوەکـان بەسـەریدا زاڵ ببن، مـرۆڤ بـە جۆرێـک لـە جۆرەکـان پەیوەنـدیی بـە خـوداوە مـاوە، بـەڵام ئـەوەی ئیلحـاد دەوڵەتێکی هەبێت و بێباوەڕی بەسەر خەڵکدا فەرز بکات لە ناوخۆ یاخود لە دەرەوە، ئەمەیان لە کۆندا بەو جۆرە ڕامالەرە بوونی نەبووە... بەڵام ئەوا پەیدا بوو، پەیدابوونەکەشی لەبەر ئەوەیە، کـە ئوممـەتی ئیسلام بەچاکی پەیامەکەی بـەجێ نەگەیانـدووە. ئەمــە یــەک، هــەروەها لەبــەر ئــەوەی پــەیڕەوانی ئایینــە کۆنـەکانیش گیـرۆدەی فەسـاد بـوون و لـە توانایانـدا نـەبوو چـاکی بکـەن، کـە کاریگەریـان بینـی مرۆڤایـەتی ڕادەماڵێـت، ئـەوە بـوو لـە بێئاگـایی خـاوەن ئایینـە حەقەکانـدا کـاتێ شکسـتیان هێنـا لـەوەی پەیامەکـەیان بگەیـەنن و لـە بـەئاگایی خاوەن ئایینە پووچەڵەکاندا، کاتێ هەوڵیاندا بە فیکرە هەڵەکەیان ڕەوتی مرۆیی ڕاست بکەنەوە، ئیلحاد هەستایەوە، ڕەوتی مرۆیی ئەگەر هەڵە بوو بە هـەنگاوی

هەڵـە ڕاسـت ناکرێتـەوە، بـەڵکو تێگەیشـتن و کـاری چـاک دەتوانێـت ڕاسـتی بکاتەوە.

من لـە ڕۆژگارێکدا لـەدایکبووم، نـاتوانم بڵێم ڕۆژگارێکی بـاش بـووە -بیـرم کەوتـەوە ئایـا لـە ڕووی ماتەمینییەوەیـە، نـازانم- بیـرم کەوتـەوە، کـە ئیـبن تەیمییـەش پـاش داڕووخـانی خەلافـەتی ئیسـلامی لـە سـەدەی حەوتەمـدا لەدایکبووە، خەلافەت لەو ڕۆژگارەدا هاوشێوەی داڕووخانی خەلافەت بوو لـەم سەردەمەی، کە بۆتانی باس دەکەم، چونکە خەلیفە موعتەسەم نموونەیەک بـوو لە نموونەکانی بەمیراتوەرگرتنی حوکمڕانی، میراتگرێتی لـە هەندێک کاروبـاری ناوخۆییدا لە هەندێ وڵات دەست دەدات، کە نیزامێکی زەمینی دەنوێنێت، بـەڵام سـەرکردایەتیی ڕۆحـی بـەمیرات ناگیرێـت و سـەرکردە مـەزنـەکانی پەیامـە ئاسـمانییەکان بـە میـرات وەر نـاگیرێن، خەلیفـە وا دەزانـم سـی و شـتێک لـە بنەماڵـەی بـەنی عەباسـی بـوو، کـە حـوکمڕانیی جیهـانی ئیسـلامییان دەکـرد، هەیانبووە خراپ بووە و هەشیان بووە چاک، ئوممەتی ئیسـلامیش میراتگـری تێکـڕای هەڵـە و ڕاسـتەکانیان بـووە، بـەڵام لـە سـەدەی حەوتەمـدا، بـاجێکی گـەورەی لـە کیـانی مـاددی و ئـەدەبی دا، کیـانی مـاددی نزیکـەی دوو ملیـۆن کـوژراو بـوو لـە بەغدا، کیـانی ئـەدەبییش ئـەوە بـوو فـورات بـەهۆی قوربانییـە مرۆییەکانەوە سوور هەڵگەڕا و بـەهۆی مرەکـەبی ئـەو کتێبانەشـی فرێدرابوونـە ناوی ڕەش داگەڕا، ئەو هەمەجیانە هەموو کەلەپووری زانستییان فڕێ دایە نـاو ڕووبارەکـــەوە. نەهامەتییـــەکانی مێژوومـــان زۆرە، مـــن وەک جۆرێـــک لـــە پەندوەرگرتن باسی دەکـەم، وا باشـە بڵێم هـەر وەک باسـم کرد، ئـەم ئوممەتـە نوێ دەبێتەوە و لەناو ناچێت، ئەم نوێبوونەوەی لەکوێوە بۆ دێت؟ لە گەلـەوە، لـە جـەماوەری گـەل لەوپـەڕی گوندەکانـەوە، لـە شـوێنە نەناسـراوەکانی سـەر زەوی خوا، کەسانێک لەدایک دەبن کار بۆ ئیسلام دەکەن.

پەیوەندیم بە ئەبو حامیدی غەزالییەوە:

بەسەرهاتێک دەگێڕمەوە، لەوانەیە هەندێک کـەس بـاوەڕی پـێ بکـەن -مـافی خۆیانە ئەوانەی بە ڕاستی دەزانن و ئەوانەشی بە ناڕاستی دەزانـن، هـەر مـافی خۆیانە- بەڵام من لـە بـاوکم، یان لـە دایکمـم بیسـتووە، دەگێڕێتـەوە، کـە بـاوکم

بەر لەوەی هاوسەرگیریی بکات، لە شەودا بینیویەتی ئیمامی غەزالی هاتووەتە لای و پێی وتووە: برۆ هاوسەرگیریی بکە، کوڕێکتان دەبێت ناوی بنێ محەمەد غەزالی، ئایا وەک زانایانی دەروونناسی دەڵێن، لەبەر ئەوە بووە، کە سۆفی بووە و ئیمام ئەبو حامیدی غەزالیی زۆر خۆشویستووە؟ لەوانەیە ئەم خەونە یەکێک بێت لەو خەونانەی بە ئیلهامی مرۆیی لە پەروەردگارەوە دابنرێت؟ سەیر و خۆشییەکە لەوەیە، کە پەیوەندیی من بە ئەبو حامیدی غەزالییەوە بێلایەنانە بووە و لەیادمە، کە پاش ئەوەی گەورە بووم ئینجا خۆشم ویست، چونکە لە ژیاننامەی ئەودا هەستی شەیدایی و خۆشەویستی بۆ خوای گەورەم بینی، ئەمەش وای کرد هەست بکەم لەبەردەم لووتکەیەکی مرۆڤایەتیی پاکی بەرزدام، لەگەڵ ئەمەشدا —وەک وتم- لە عەقڵانیەتەوە نزیکتر بووم نەک تەسەوف، کە ئەبو حامیدی غەزالی لە ئامێزی گرتبوو و پەرەی پێدا و لە لووتکەدا بوو تێیدا، لەپاڵ ئەوەی ئەبو حامیدی غەزالی لە فەلسەفە و فیقە و ئەدەب و پەروەردە و ئوصووڵدا لە لووتکەدا بوو، وەک زۆرێک لە زانایانی ئوممەتەکەمان، سەرکەوتنیان لە کۆمەڵێک ئاسۆی ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا کۆ کردبووەوە، کە بێگومان هەموویان مەزن بوون.

پەیوەندیی من بەو پیاوەوە چییە! من بچووکێکی بێبایەخ، بەڵام لەیادمە، کە ئەو پیاوە کاریگەریی زۆری لەسەر باوکم هەبووە، وای کرد بە ناوی ئەوەوە ناوم بنرێم، کاتێک باوکم هاوسەرگیریی کرد و لە دایکبووم، ناوی نام محەمەد غەزالی، من منداڵی یەکەمی بووم، خەڵکی پێکەنینیان بەو کارەی دەهات، چونکە باسی خەوەکەی بڵاو بووبووەوە، لە دوکانەکەی -بازرگان بوو- چووبوونە لای، پییان وتبوو: ((کچتان بووە))، بە پەلە گەڕابووەوە بۆماڵەوە، تا بزانێت چۆن خەوەکەی بەدرۆ خراوەتەوە! سەسام بووبوو، کە بینیبووی کوڕیان بووە و ناوی نا محەمەد غەزالی، ئیتر دەستی کرد بە پەروەردەکردنم و منیش لە قەدەرییەکانم -واتە: باوەڕم وایە قەدەر هەموو شتێکە لە ژیانی خەڵکدا- ئیتر حەقم بەسەر بۆماوەوە نییە؟ حەقم بەسەر ژینگەوە نییە؟ هەر بۆیە بەزۆری وەک جیاوازیی نیشتمان و زمانەکان سەیری جیاوازیی ئایین دەکەم، ئیدی کاری خوا بۆ خۆی جێدێڵم، حەقم بەسەر لێپرسینەوەی خەڵکەوە نییە،

ئـەو هــەرگیز ســتەمی نــەکردووە، بــەڵام- بــەدڵنیایی تــەواوەوە- چەنــدین هاوکێشەی جەبری هەیە لەنێوان ئەوانەی پێماندراوە لـە ئازادیی هـەڵبژاردن و ئازادیی ڕەفتارکردن و ئازادیی هەڵسوکەوت، لەسەر ئەو بنەمایەی، کـە هـەموو ئەمانە بۆ تاقیکردنەوەیەکی خواییە، لەگەڵ ئەوەی ئێمـە نـایزانین لـە بۆمـاوەیی کـات و شـوێن و زمـان و نـەریت و زۆر شـتی دیکـە، ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ﴾ [النسـاء:٤٠]، ئەسـتەمە هـیچ یـەک لـە درووسـتکراوان سـتەمی لـێ بکرێـت، بەڵام بەتەواوەتی ئەو ئەرکە چییە، کە لـە ئەسـتۆی هـەموو مرۆڤێکـە؟ لەوانەیـە ئـەو ئەرکـەی لـە مـن داوا کـراوە لـە کەسـێکی تـر داوا نـەکرابێت، چونکـە مـن کەسێک هەیە پەروەردەم بکات و فێری خوێندنەوە و نووسین و دانـاییم بکـات، ئاشـنام بکـات بـە ئیسـلام و ئـەوەی تێیدایـە، بـەڵام کەسـێکی تـر هیچـی بـۆ نەماوەتــەوە و کەســێکی وای نــەبووە... بۆیــە حســاب و لێپرســینەوەی ئــەو جیاوازە!

هەندێک جار لە خۆم دەپرسم: من لەگەڵ نزیکـەی سـەد نەوجـەوانێکا بووم، دەستمان کرد بە لەبەرکردنی قورئان، من یەکێک بووم لەوان، بۆ زیرەکی، یان دەبەنگی لەگەڵ ئەوان هیچ جیاوازییەکم نەبوو، لە گۆچانەکەی مامۆسـتاش زۆر دەترسـام، چونکـە بێئاگایانـە دەیوەشـاند، لەوانەیـە لـەو کەسـەی بدایـە، کـە شاییسـتەی سـزایە، چونکـە لـە پاداشـتدا دادوەر بـوو، لەوانەیـە بـۆ ترسـاندنی ئەوانی تر لێدانی بەکار هێنابێت، تـا هەیبـەتی هـەردەم لەبـەرچاو و گـوێ بێت، بــەو جــۆرە ژیــاین، شــوێنەکەش لــە ڕووی تەندرووســتییەوە نەدەشــیا بــۆ فێرکردنـی کـەس تیایـدا، بـەڵام پیت پیت فێـری وشـە و دەربڕینـەکانی قورئـان بووین، هەموو قورئانمان وشە بە وشە لەبـەر کـرد، پاش دە سـاڵ لەگـەڵ پێنج کەس لە هاوشاریەکانم -قوتابی بوون وەک من- ناردینیـان بـۆ ئەسکەندەرییە، ئەوسا چوون بۆ ئەزهـەر زۆر سـەیر بـوو، دەبوو تاقیکردنەوەت لە قورئاندا پـێ بکەن، پاشان ئەو مەزهەبـە فیقهییـە بنووسـین کـە دەیخـوێنین، بـاوکم مەزهـەبی ئەبو حەنیفەی بۆ هـەڵبژاردم، هەندێک لـە هاوەڵـەکانم باوکیـان مەزهـەبی مالیـک، یان مەزهەبی شافیعییان بۆ هەڵبژاردن.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** ئەی مەزهەبی ئیبن حەنبەل نەدەخوێندرا؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ئەسکەندەرییە لەو شوێنەی دەمخوێند، حەنبەلیی تێدا نەبوو، لە خودی زانکۆی ئەزهەر حەنبەلییەکانیش بەشی خۆیان هەبوون، بەڵام ژمارەیان کەم بوو. ژمارەی حەنەفییەکان لە ئەسکەندەرییە زۆرتر بوو. لەوانەیە لە هەندێک وڵاتدا ژمارەی شافیعییەکان زۆرتر بێت، لەوانەیە لە شوێنی تر ژمارەی مالیکییەکان زۆرتر بێت، بابەتەکە پەیوەندیی بە ژینگەکەوە هەیە.

ئەوە بوو تاقیکردنەوەکەم لە قورئاندا باش بوو، لە لەبەرکردنی قورئانیشدا دەرچووم، پێشتر هەندێک لە ڕێساکانی ژماردن و ئیملاش فێر بووبووم، گرنگ ئەوەیە لە ئەزهەر وەرگیرام، لە کاتێکدا تاڕادەیەک ئەو ڕۆشنبیرییەم هەبوو، ئەو پرسیارەم هات بە مێشکدا: ئایا لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە تەمەنی منداڵیی زوودا سوودی هەیە؟ گومانی تێدا نییە، تەواتوری قورئان بەم لەبەرکردنە هاتۆتە کایەوە، لە جیهانی ئیسلامیدا ملیۆنەها کەسی تێدایە کە قورئانیان لەبەرە، وشەکانیان لەبەر کردووە، بەڵام من هیچ لە قورئان نازانم، وەک پیت و وشە چاکم لەبەر کردووە، لەسەر موسحەف تاقیکردنەوەم پێدەکرێت، لێرەوە دەست بە خوێندنەوە بکە، دەستم بە خوێندنەوە دەکەم، لێرەدا بوەستە، لە لاپەڕەیەکی ترەوە دەست پێ بکە، دەتوانم قورئان بخوێنمەوە. کاتێ لە خۆمم پرسی: ئایا لە جیهانی پەروەردەدا، ئەمە سوودێکی هەیە؟ وەڵامەکە ئاسایی بوو: هیچ سوودێکی نییە، بەڵام بینیم کە لە سەردەمە نوێیەکان – وەک دەڵێن گەورەترین ڕێسا پەروەردەییەکانی تێدا جێبەجێ دەکرێت- سەیرم کرد تەلەڤزیۆن شتانێکی خەیاڵیی شێتانە و وێنەی شتانێکی بێمانا پیشانی منداڵانی بچووک لە چوار و پێنج ساڵ تا دەساڵان دەدات، لە دڵی خۆمدا وتم: لەبەرکردنی وشەکان لە ئاییندەدا باشتر سوودی بۆمان دەبێت، لەوەی ساڵانێک بەفیڕۆ بدرێت لە شتانێک، کە تەلەڤزیۆن پیشانی دەدات، گوایە بەرنامەی منداڵانە و هیچ شتێکی تێدا نییە گونجاو بێت بۆ پێگەیاندنی عەقڵ، یاخود درووستکردنی ئاکارێک، یان پەروەردەیەکی هۆشیارانە، کە پشت بە وروژاندنی بابەتە باڵاکانی کیانی مرۆڤ ببەستێت.

**د. محەمـەد کـەمال ئیمـام:** ئایا ئـەو ماوەیـە- مـاوەی فێربـوون و مـاوەی ئەزهەر لە ئەسکەندەرییە- یادەوەریی وەهـای تێیدا بـوو، کە لـەیاد نـەچێت لای مامۆستای پایەبەرزمان؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ، چونکە سەبارەت بە خێزانەکەم لە ئەزهەر مـن تەمـەنم نزیکـەی دە سـاڵ دەبـوو، ئەزهـەریش سیستـەمەکەی نیمچـە نـاوخۆیی بـوو، بـەو واتایـەی خـەوتن لـە لایـەکی پەیمانگاکـەی بـوو، خـراپ نـەبوو، هەریەکەمان سیسـەم و بەتانیی خۆی لـە پـەیمانگا هـەبوو، لـە کۆتـایی پـەیمانگا بوو –ئێمـە لـە ئەسکەندەرییە لـە گـەڕەکی (مـاکس) بووین، لـەنێوان (دەخیلـە) و (ئەسکەندەرییە)دا- لەم بەشـەی دووەمدا خوێندن لـە نهـۆمی یەکـەم بـوو، بـەڵام نهۆمی زەمینیەکـەی چەنـد ژووریکـی تێدا بـوو، کـە دۆڵابیـان تێدا بـوو، هـەر دۆڵابێک چـوار خانـەی هـەبوو، هەریـەک لـە ئێمـە خانەیـەکی تایبـەت بـە خـۆی هـەبوو، نـان و قـاپ و کەلوپـەلی فرنـی تێـدا هەڵـدەگرت، ئـەو پێویسـتییانەی خواردن و ئەو شتانەم پێ ئامادە دەکرد.

ئێمـە منـاڵ بـووین، لەبـەردەم ئـەو دۆڵابانـەدا دادەنیشـتین و خواردنمـان بـۆ خۆمـان ئامـادە دەکـرد و کارەکانمـان لـەنێوان خۆمانـدا دابـەش دەکـرد، یـەکێ قاپەکانی دەشـۆرد، یـەکێک مەنجەڵـەکانی دەشـۆرد، یەکێکمان دەچـوو بـۆ بـازاڕ شـتی دەکـڕی و ئیتـر بـەو شـێوەیە... ژیانمـان جۆرێـک لـە ناخۆشـیی تێدا بـوو، جلەکانی خۆمان دەشۆرد و زەویی ژوورەکـەمان خـاوێن دەسـڕییەوە، نزیکـەی چوار ساڵ بەو شێوەیە لە گەڕەکی ماکس ژیاین، ئەوە بوو باوکم بۆم نیگـەران بوو، بۆیە بژێوییەکەی گواستنەوە بۆ ئەسـکەندەرییە و کتێبخانەیـەکی کـڕی، لـە یادمـە کـاتی پشـووەکانم لـەو کتێبخانەیـەدا بەسـەر دەبـرد، بـە جۆرێـک ڕۆژانـی پێنجشـەمە و هەینـی سـەرقاڵی خوێندنـەوە دەبـووم، بـەڵام سـەیرم لێدەهات، کـە حـەزم بـە خوێندنـەوەی کتێبـی ئـایینی نـەبوو، پـێم خـۆش بـوو ئـەو ڕۆمانانـە بخوێنمەوە، کە لە زمانی بێگانەوە وەر گێڕدرابوون، هەندێک جاریش (هـەزار و یـەک شـەوە)، هەنـدێک جـاریش کتێبـی هونـەریی وەک جوگرافیـای مرۆیـی و زانیـاریی تەندرووسـتی و فەلەکناسـی... هـەموو ئـەو شـتانەم خوێنـدەوە، کـە

دەکرێـت مـرۆڤ بیانخوێنێتـەوە، لـە هـەموو ئەمانـە تۆمـارێکی دەوڵەمەنـدی زانیـاریم لای خـۆم کـۆکردەوە، ئەمـە لـە لایـەنی زانسـتییەوە، لـە لایـەنی کۆمەڵایەتییشەوە بوێرییەکی دیارم هەبوو.

لەو ماوەیەدا، میسر لەلایەن چەند حزبێکی سیاسییەوە بەڕێوەدەبرا، لەوانە حزبی ئەحراری دەستوورییەکان و حزبی ئیسماعیل صدقی پاشا – کە ناوی حزبی شەعب بوو- لە ڕاستیدا ئەم حزبانە بەتەواوەتی دوور بوون لە ڕەوتی میللی، چونکە حزبی وەفد لە ڕۆژانی سەعد زەغلول پاشا و مستەفا نەحاس و ئەوانەدا خاوەنی زۆرینە بوو، من لەگەڵ حزبی گشتیی زاڵدا بووم، جارێکیان لە کاتێکـدا لـە قۆنـاغی سـەرەتایی بـووم لـە هەڵبژاردنێکـدا کـە گزیـی تێـدا کـرا، بـــەرەنگاری بـــەربژێرانی حزبـــی شـــەعب بوومـــەوە، بەرەنگاربوونەوەکـــەم ڕاشـکاوانە بـوو، وا ناسـرام کـە بـوێرم، یـان لـەو کەسـانەم، کـە بەشـداریی خۆپیشـاندانەکانی دژ بـە حکومـەت دەکـەن، یـان شـتێکی لـەو بابەتـە، بـەڵام کـە قوتابی بووم ئەمە هیچ کاریگەرییەکی لەسـەرم نـەبوو، ئـەو کاتـە کاریگەرییەکـە دەر کـەوت، کـە لـە بەشـی ناوەنـدی بـووم، گـەورە بـووم و ناڕەزایەتییـەکان لـە ناڕەزایـــەتیی تاکییـــەوە گـــۆڕا بـــۆ ناڕەزایـــەتیی گـــەورە، بەشـــداریم لـــە خۆپیشاندانەکاندا کرد و دەستگیر کرام و دواتر بڕیاری بە کەفالەت ئازادکردنم دەرچـوو، لـە پـەیمانگاش لـە تاقیکردنـەوە دەرکـرام، واتـە داوام لێکـرا لـە سـاڵی دووەمی ناوەندی بمێنمەوە و نەچمە تاقیکردنـەوەی کۆتـایی سـاڵەوە، بەلامـەوە زۆر ناخۆش بوو ئـەوە ڕوو بدات و سـاڵێک لـە ژیـانم بـەفیڕۆ بچێت، ئیدی بـە یـەکجاریی لـە پـەیمانگا دابڕام و بڕیارمدا تاقیکردنـەوەی لێهاتوویی لـە دەرەوە ئەنجام بدەم.

لێهاتوویی واتە دواناوەندیی گشتی، بەشی دواناوەندی دابەشکرابوو بۆ دوو قۆناغ، بڕوانامـەی دواناوەنـدیی بەشـی یەکـەم و بڕوانامـەی دواناوەنديی بەشـی دووەم، بەڵام سیستەمی فێرکردن لە ئەزهەر لـە ڕاسـتیدا سیسـتەمێکی سـەرقاڵ بـە زانسـتە ئایینییـەکان بـوو (لـە فیقـە و تەفسـیر و فـەرموودە و تەوحیـد و زانسـتەکانی زمـانی عـەرەبی، وەک نـەحو و صـرف و داڕشـتن و نووسـین و خوێندنەوە و جواننووسی)، جواننووسی بۆخۆی چیرۆکێکی سەربەخۆی هەیـە،

لەگەڵ زانستە گشتی و سرووشتییەکان، وەک فیزیا و کیمیا و زانستی ژیان (زیندەزانی)، کە پێیدەگوترا ڕووەکزانی و ئاژەڵزانی، لەگەڵ زانستەکانی تری وەک جوگرافیا و ژمێرکاری و مێژوو و جەبر و ئەندازە، ئەمانە هەموو دەبوو بیانخوێنین.

لەیادمە، کاتێک لە ساڵی دووەمی پەیمانگادا فەسڵ کرام، ئیتر لە ماڵەوە مامەوە، هەر بەڕاستی تووشی نەخۆشیی مەرگ بووم، چەند دومەڵێک لە لەشم دەرکەوتن، چەند مانگێک چارەسەرم وەردەگرت، خەڵکی وا گومانیان دەبرد کە دەمرم، هەر هاوارێک لە نزیک ماڵی ئێمە ببیسترایە، خەڵکی وایان دەزانی ئەوە گیانم سپاردووە، بەڵام ویستی خوای گەورە وەها بوو بمێنمەوە، کاتێ دووبارە گەڕامەوە بۆ ژیان، زانیم هەموو ئەوەی لە ماڵدا هەمانبووە فرۆشتوویانە لەپێناو دابینکردنی خەرجیی پزیشکەکان، باوکیشم کۆششێکی زۆری کردووە، پاش ئەم نەهامەتییە دەستم کرد بە پێداچوونەوەی وانەکانی سێی ناوەندی، کە پێویست بوو بە دەرەکی فێریان ببم - بۆ خوێندن بچمە ماڵەکانیان وەک دەڵێن- لە ڕووی سوپاسگوزاریی خوا و هاریکاریی نێوان قوتابییەکان لەو ڕۆژگارەدا خۆشەویست بووم لایان، ئەو دەفتەرانەیان بۆ دەناردم، کە لە پەیمانگا نووسیوویانەتەوە، یەکێک لە قۆناغی چوارەمی ناوەندی دەرچوو، هەموو ئەوەی لە قۆناغی سێیەمی ناوەندی وەریان گرتبوو بۆی ناردم، ئەوەی پێویست بوو لەبەری بکەم، لەبەرم کرد، ئەوەی پێویست بوو فێری ببم، فێری بووم، چووم بۆ تاقیکردنەوەی بڕوانامەی دواناوەندیی بەشی یەکەم، تا تاقیکردنەوە لە زانستەکانی ساڵی یەکەم و دووەم و سێیەم بدەم، بەپێی ئەو سیستەمەی لەو ڕۆژگارەدا پەیڕەو دەکرا.

**سیستەمی فێرکردنی ئەزهەری:**

ئەو سیستەمی فێرکردنەی لە ئەزهەر هەبوو، سیستەمێکی باشبوو، لە ڕاستیدا ئەوەی ئەو سیستەمەی دانابوو شێخ محەمەد مستەفا مەراغی بوو، شێخ کە چووە ئەزهەر بەیداخی هەستانەوەی زانستی هەڵگرتبوو، بەڵام زۆر خێرا لە ئەزهەر بە ئازار و توندییەوە دەرکرا، ئەوەی پاش ئەو هات شێخ

(محەمەد ئەحمەدی زەواهری) بوو –ئەم پیاوە هەرچەندە لایەنگریی حکومەت و دڵسۆزی کۆشکی پاشایی بوو- لەگەڵ ئەوەدا لە جێبەجێکردنی ئەو سیستەمەی شێخ مەراغی داینابوو ورد بوو، لەوانەیە ئەو باوەڕەی لا درووست بووبێت، کە بۆ پێگەیاندنی زانایانی لێهاتوو و جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە پێویستە.

ئەم سیستەمە هەندێک جار توندڕەویی تێدا بووە، بەو واتایەی ئەو قوتابییەی لە زانستێک لە زانستەکان دەکەوێت، تەنها بۆ لەو زانستەدا خولی دووەمی نەبوو، بەڵکو لە هەموو زانستەکاندا خولی دووەمی هەبوو، وەک ئەوەی مەبەست لێی کەمکردنەوەی قوتابییە دەرچووەکان بێت.

لەم کەشە توندە سەختەدا، چوومە پێشەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دواناوەندیی بەشی یەکەم و خۆشم بەتەواوەتی نازانم چۆن دەرچووم! بەڵام ئەوە ڕوویدا، کە دەرچووم، ترسی ئەوەم هەبوو، بگەڕێمەوە بۆ شارەکەمان و هێشتا ئەنجامەکان ڕانەگەیەنرابێت، هەر بۆیە لە ئەسکەندەرییە لە بەشە ناوخۆییەکان مامەوە، وەک خۆبەخشییەک بۆم لەلایەن کارگێڕیی بەشی ناوخۆییەوە، ئەگەر نا لەکوێ بمێنمەوە؟ لەگەڵ قوتابیەکاندا مامەوە و لە تاقیکردنەوەکاندا دەرچووم و لە یەکەمەکان بووم. لە ڕاستیدا دواتر باوەڕم هێنا، کە خوای گەورە پاڕانەوەکانی باوکمی گیرا کردووە، چونکە ئەو بارودۆخەی بۆم هاتە ئاراوە، زۆر سەختتر بوو لەوەی بە کۆششی خۆم بەسەریدا زاڵ ببم، لە کاتێکدا من منداڵ، یان تازە پێگەیشتوویەک بووم.

لێرەدا وەک یادەوەرییەک، کە دەبێ بیخەمەڕوو، هەموو ڕۆژێک بەردەوام نزیکەی پێنج جوزئی قورئانم دەخوێندەوە، هەوڵم دەدا لە هەفتەیەکدا قورئان خەتم بکەم، مزگەوتی (عەبدوڕەحمانی ئیبن هرمس) لە ناوچەی (ڕەئس تین) نزیک بوو لە بەشە ناوخۆیی پەیمانگا، ڕۆژانە پاش نوێژی عەسر، یان پێش مەغریب، یاخود لەنێوان عەسر و مەغریبدا دەچوومە ئەوێ، تا لەو مزگەوتەدا ئەو بەشە قورئانە بخوێنمەوە، پێش مەغریب کەمێک مامەوە، تا نوێژی مەغریب لەوێ بە جەماعەت بکەم، ئەوەی ڕووی دا هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتبوو، لەڕیزی نوێژدا بووم گەنجێکم بینی کەمێک لاواز، ڕیشدار، لە

ڕوخساری دڵ دەگەشایەوە -وەک خۆمان دەڵێین- لە میحرابەکەدا ڕاوەستا و دەستی کرد بە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیە: ((إتق الله حيث ما كنت وأتبع السيئة الحسنة تمحها و خالق الناس بخلق حسن)) واتە: تەقوای خوات هەبێت لە هەرکوێ بوویت، بەدوای کاری خراپدا کاری چاک ئەنجام بدە خراپەکە دەسڕێتەوە و بە شێوەیەکی جوان لەگەڵ خەڵکیدا ڕەفتار بکە... لە لێکدانەوەکەیدا وێنای پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و پەروەردگاری و نێوان مرۆڤ و خۆی و نێوان مرۆڤ و تەواوی خەڵکی کرد، هەموو وتەکانی زیاد لە دە خولەکی نەخایاند، پرسیارم کرد: ئەم گەنجە کێیە؟ وتیان: حەسەن بەننایە، لەو ڕۆژەوە شوێنی کەوتم، بچووایە بۆ شوێنێکی تر، منیش شوێنی خۆم بەجێدەهێشت و بۆ ئەو شوێنە دەچووم، کە ئەو بۆی چووە، بگرە بۆ نانی ئێوارەش بانگهێشتکرابوو، بینیی لە کاتی نوێژدا لە دەوروبەری بووم، لە جێگایەکی دیکەش، کە وتاری تێدا پێشکەش کرد، ئەوە بوو بانگی کردم، پێکەوە نانی ئێوارەمان خوارد، لەو ڕۆژەوە شوێنی کەوتم، ئەو کاتە تەمەنم لە کۆتایی بیستەکاندا بوو.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** ئەگەر بچینە سەر قۆناغی زانکۆ.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەگەر بڕۆینە سەر قۆناغی زانکۆ، ئەوا دەمەوێت باسی شتێک بکەم، باوکم لە بازرگانیەکەیدا لە ئەسکەندەریە ئیفلاسی کرد، بۆیە دووبارە گەڕایەوە بۆ شارۆچکەکەمان، ئەو هەستەی پێدام، کە ناتوانێ خەرجیم بکێشێت، باشە چی بکەم؟ زۆر ماندوو بووم، هەتا بڕوانامەی دواناوەندیم بەدەستهێنا، هەستام وەک مامۆستای زمانی عەرەبی وانەم بە هەندێ قوتابی بیانیی دەوتەوە، کە سەر بە هەندێ پەیمانگا بوون، لە بەرانبەر ئەوەدا لە مانگێکدا نزیکەی سی قورشم وەر دەگرت، ئەو بڕە پارە زۆر بەسوود بوو بۆم، لەگەڵ ئەو بەشە خۆراکەی بۆ ئەزهەرییەکان دابینکرابوو لەلایەن ئەزهەرەوە پێم دەدرا، ئەوە بوو توانیم خوێندن تەواو بکەم، ئەگەر نا ئەو قەیرانەی ساڵانی سییەکان، کە بووە هۆی ئیفلاسی بازرگانیی زۆر کەس، تووشی ئێمەش بوو، ویستی خوای گەورە وەها بووم لە بارودۆخێکی

ئابووریی سەختدا دواناوەندی تەواو بکەم، بەڵکو دەتوانم بڵێم، کە جوبەیەکم بە خواستن هێنابوو هەتا لە تاقیکردنەوەکانی بەشی یەکەم ئامادە بم، چونکە خۆم هیچم نەبوو. پاش ئەوە کاتێک چووم بۆ خوێندنی باڵا، لە حاڵێکی نەداریدا بووم، بەڵام بڕیارمدا بەرگەی ناڕەحەتییەکان بگرم و لە خوێندن بەردەوام بم، باوکیشم توانی فشار بخاتە سەر خۆی و ئەو بڕە کەمەم بۆ بنێرێت، کە دەیتوانی کۆی بکاتەوە، تا خۆشم شتێکی دیکەی بخەمەسەر و بتوانم بچمە کۆلێژی ئوصولی دین.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** وا بزانم ئەو ماوەیە سەردەمی دکتۆر ئەحمەدی زەواهری بوو، کۆلێژی نوێ بۆ شەریعە و ئوصوڵی دین کرابووەوە، باشە شێخ محەمەد غەزالی لەو ماوەیەدا لە ڕووی زانستیی و گشتییەوە چۆن بوو، لە کاتێکدا لە قاهیرە دەیخوێند؟ **شێخ محەمەد غەزالی:**

دەتوانم بەویژدانەوە وا باسی خۆم لەو قۆناغەدا بکەم کە لە ڕووی زانستییەوە مامناوەند بووم، بەڵام لە داڕشتنی عەرەبی و وتاردان و هاوشێوەی ئەوانەدا لێهاتوو بووم، بیرم لەوە دەکردەوە بچمە کۆلێژی زمانی عەرەبی، بەڵام بەگوێرەی ئەو زانستانەی کە من تێیاندا دەرچووبووم بینیم زیاتر لەو بابەتانەدا سەرکەوتووم، کە لەگەڵ کۆلێژی ئوصولی دیندا یەکدەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بەبێ ئەوەی حەزم لێی بێت، چوومە کۆلێژی ئوصوڵی دین، قەدەر وای کرد و چوومە کۆلێژی ئوصولی دین و دەستم بە خوێندن کرد.

لە ڕووی زانستییەوە پێمخۆشە ئەوە بڵێم: شێخ ئەحمەد لە گەورە زانایانی ئەزهەر بوو، سەردەمەکەشی لە ڕاستیدا – هەرچەندە ڕقم لە سەردەمەکەیەتی، چونکە لە سەردەمی ئەودا فەسڵ کرام و هۆکاری فەسڵکردنەکەشم دەمارگیریم بوو بۆ شێخی مراغی- بەڵام بەئەمانەتەوە ئەڵێم: بەڕاستی سەردەمی ئەو سەردەمی زانستیی ئەزهەر بوو، چونکە ئەو پیاوە هەوڵی بێ وچانی دەدا، تا ئەزهەر ببێتە پەیمانگایەکی زانستی، بەڵام شێخی مراغی کاتێ لە خولی دووەمدا هاتەوە ئەزهەر، سەرقاڵبوونی بە سیاسەت و پەیوەندییەکانی

بـه کۆشـکەوە لـەو هۆکارانـە بـوو، کـە وایکـرد لـەو ئاسـتەدا نـەبێت، کـە لێـی چاوەڕوان دەکرا لە ئەزهەر.

دەسـتمان کـرد بـە کـارکردن لـە کۆلێژەکـان، کۆلێژەکـانیش دابەشـکارییەکی باشی زانستەکانی تێدا کرابوو، بەو واتایەی کە دەکرێت کۆلێژی ئوصـوڵی دین زانایەکی بـانگخواز پێ بگەیـەنێت، چونکـە خوێندن تێیدا بریتـی بـوو لـە هـەموو تەفسیر و هـەموو سـوننەن و هـەموو عەقائیدەکان... بۆ نموونـە کتێبـی (العقائد النسفية) یان (الاشارات)ی ئیبن سینا شتێکی نائاسـایین، پڕن لـە مەعریفـە لـەپاڵ فەلسـەفەی کۆن و ناوەند و سـەردەمی نوێ، سـەرەڕای دەروونزانـی و زانسـتی ڕەوشت، کە نزیکەی ماوەی سێ سـاڵ لەگـەڵ زمـانی ئینگلیزی یان فەڕەنسـیدا خوێنـدمان، بـەڵام خوێنـدنی زمـان خوێنـدنێکی لاواز بـوو، جـددی نـەبوو، بـە پێچەوانـەی خوێندنی زانستییانە، کـە بـە جۆرێک بـوو مـەنتیقی کۆن و نوێمـان پێکەوە دەخوێند.

بەڵام شتێک ڕوویدا، وایکرد ئـەو خوێندنـە مەبەسـتەکەی نەهێنێتـە دی، ئـەوە بوو قوتابیـەکان ئـەوەیان سـەپاند، پێویسـتە تاقیکردنـەوەکان لـەوەدا بکرێت، کـە خوێندراوە نەک ئـەوەی بڕیاری لەسـەر دراوە، ئەمـەش ئـەوەی لێکەوتـەوە، کـە خوێندراو کەم بێت و تاقیکردنـەوەی لـەوەدا بکرێت، بینیم لـە زانسـتی مەنتیقدا، کـە دەبووایـە (الكليـات الخمـس) پێشـەکی بێـت بـۆ ناسـاندن، یـان وەک ئـەوەی دەوترا چوونە سـەر شـەقام، ئەوە بوو هەر پێنج کلیاتەکە دەخوێندرا و چوونـە شـەقامەکە نەدەخوێنرا، باسـەکانی (حملي و شرطي و تناقض و عكس) پێشـەکی بـوون بـۆ پێوانـەکانی بـە هـەر چـوار شـێوەیانەوە یـان پێوانـەی بـەراوردکاری، هـەموو ئەمانـە واز لێدەهێنرا و دەچووینـە سـەر باسـی پێوانـەکان بـەر لـەوەی (قەزیـە)کان بخـوێنین بـەپێی مەنهـەج و خوێنـدراو، بێسـەروبەرییەکی زانسـتی لــەئارادا بــوو، دەبــوو ئیمــە ئیمــام موســلیم هــەمووی بخــوێنین، بــەڵام لــە خوێندنەکـەدا بینیم ئـەو (باب)انـە هەڵدەبژێردران، ئەوانـە نـەبوون کـە پێویسـتە بخوێنـدرێن، بـابی لەوانـە گرنگتـر هـەبوو تـەرک کـران، (عومـەری) و (رقبی) و ئەوانەمان دەخوێند، کە هیچ مانایـەکیان نـەبوو، کـەچی خوێندنی گرنگتر تـەرک دەکرا.

له خوێندنی ئەزهەردا، حەقیقەتی شتە چەسپاوەکان (ثابت)م بۆ دەرکەوت، کە دەکرێت زانیارییان لەبارەوە پەیدا بکەین، بە پێچەوانەی سۆفستائیەکانەوە، هۆکارەکانی زانین سیانن: هەستەکان و هەواڵی درووست و عەقڵ، ئەمەش یەکەم بابەت بوو لە کتێبی عەقائیدی نەسەفیدا، دەبووایە شێخ لە سەرەتاوە بیرۆکەیەکی گشتیمان سەبارەت بە کتێبەکە پێ بدات، دواتر بچێتە سەر وردەکارییەکان، (الحقائق) کۆی (حقيقة)یە، حەقیقەت ئەوەیە، کە لە شتەکە خۆیدا هەیە، نەک ئەوەی بە ناساندنی (فاعل)ەکە تێیدایە، حەقیقەت لە ناسنامە و چیەتی(ماهیەت) جیاوازە، پێناسەی چیەتی(ماهية) و ناسنامە(هوية) چییە؟ ئەگەر ئەوەی شتەکەی تێدایە هەر خۆی بێت، ئیتر چۆن (مبتدأ و خبر) لە دەستەواژەکەدا یەکسان دەبن. دواتر دەچینە نێو وردەکاریی ئەو پێناسەیە بە سنوور (حد)، یاخود بە چاودێری (رصد)، ئەی جیاوازیی نێوان ئەو دووانە چییە، ئەمە لە خودی(ذاتي)یەکانە و ئەوە بە سیفەت(خصائص)ەکان، لەوانەیە بۆ ئەم ببەتە چوار مانگی بویستبایە، بەڵام کتێبەکە خۆی نەماندەتوانی شتێکی ئەوتۆی لێ دەربهێنین، ئەوە بوو کاتێ خوێندنمان لە ئەزهەر تەواو کرد، توانا عەقڵیی نائاساییمان هەبوو، پاشان دەبوو ئەو بابەتانەی بڕیاریان لەسەر دراوە، لەگەڵ هەندێکمان دەبوو بە گشتی بیانخوێنین و تێیاندا بگەینە ئاستێکی باش، لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم زۆر سوودم لە کۆلێژی ئوصولی دین وەرگرت.

**د. محەمەد کەمال:** ئایا مامۆستاکانی کۆلێژت لەیاد ماوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا شێخ عەبدولعەزیم زەرقانی دانەری کتێبی (مناهل العرفان) و دکتۆر محەمەد غەلاب مامۆستای فەلسەفە لە باشترینی مامۆستاکانمان بوون، هەرچەندە نابینا بوو، بەڵام لای من لە تەها حسین زیاتر شارەزای فەلسەفە بوو، بە هەر حاڵ بەڵام ستەمی لێکرا، شێخ محەمەد ئەو زوهرەش (الملل والنحل)ی پێدەوتین، شێخ محەمەد یوسف موسا –لە مامۆستا هەرە باشەکان بوو- وانەی ڕەوشتی پێدەوتین، شتێکی خۆش لەنێوان من و دکتۆر محەمەد یوسف موسا ڕوویدا، لەبەر ئەوەی شێخ (لەبان) بە ئاهەنگێکی بەکۆمەڵ لە مزگەوتی خەزنەدار ساڵی نوێی خوێندنی دەست پێدەکرد، هەموو

کۆلێژ بە هەر چوار ساڵەکەیەوە بەچڕی لەو ڕۆژەدا ئامادە دەبوون، یەکێک لە مامۆستاکان پێشوازیی لە قوتابیان دەکرد و بەخێرهاتنی تازەهاتووەکانی دەکرد و لە خوای گەورە دەپاڕایەوە ساڵەکە بەخێر دەست پێ بکات، ویستی خوای گەورە وابوو، دکتۆر موسا سەرەتا وتەیەک پێشکەش بکات، منیش چالاک بووم وەک دواتر بەوە ناسراوم، نازانم چی وایکرد دکتۆر محەمەد یوسف موسا - تازە لە سۆربۆن گەڕابووەوە- کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئاکار و پاکوخاوێنی و سیستەمی پایتەختی فەرەنسا، لە کاتێکدا بەسەرسامییەوە باسی فەرەنسییەکانی دەکرد و بە کەمێک ستاییشەوە باسی خوێندی زانکۆیانی دەکرد، لە شوێنی خۆم هەستامەوە و بە شێوەیەکی ئاژاوەگێڕانەی بێمانا ناڕەزایەتیم دەر بڕی و وتم: ستاییشی کێ دەکەیت؟ ستاییشی دزانی گەلان دەکەیت، ئەوان هەموو وڵاتانی مەغریبیان دزی، تۆ لەبری ئەوەی باسی نموونەی پێشینینەکانی ئوممەتمان بۆ بێنیتەوە، هاتوویت باسی نموونەی فەرەنسامان بۆ دەکەیت، ژاوەژاو لە مزگەوتەکەدا درووست بوو، منیش دەستگیر کرام و بردمیان بۆ لای شێخ (عەبدولمەجید لەبان)ی ڕاگری کۆلێژ، وتی: دانیشە، بەرانبەری دانیشتم، وتی: بۆچی ئاژاوە درووست ئەکەیت؟ وتم: من ئاژاوەم درووست نەکردووە، بەڵکو ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ کردووە، پێی وتم: جارێکی تر بەئەدەب دەبیت، بە جۆرێک لە سۆزەوە و بە خەندەوە بەڕێی کردم.

گرنگ ئەوەیە، پاش ئەمە شێخ محەمەد یوسف موسا نە قینی لێم هەڵگرت و نە لێم بێزار بوو، بەڕاستی پیاوێکی باش بوو، بانگی کردم و پێی وتم: من دڵخۆشم ئەوەت دەربڕی کە وتت، من بە سرووشتی خۆم ڕێباز و بیرکردنەوەم بەو جۆرە نییە، بەڵکو ویستم بەیادتان بهێنمەوە ئەوان لە چ ئاستێکدان، کە وای کردووە شایستەی پێشەنگی بن لە کاروانی جیهاندا، ستایشکردنەکەم بۆیان لە خۆشەویستیدا نەبوو بۆیان، خۆشحاڵیشم، کە تۆ ناڕەزایەتیت بەرانبەرم دەربڕی.

بەڕاستی پیاوێکی مەرد و مامۆستایەکی زۆر باشبوو، دوای ئەوە لە کاروانی زانستیی خۆیدا کردمیە هاودەمی و هاوکاری بووم، مامۆستایەک بوو

زۆر سوودم لێ بینی، دەمەوێت باسی شتێک بکەم، کە لێی ڕووی داوە و خۆی باسی کردووە و ئاسوودە بوو بە باسکردنەکەی، منیش لێیەوە دەیگێڕمەوە، چونکە وا چاکترە لە خۆیەوە بزانرێت، پاش ئەوە بە چەندین ساڵ ئەوە دروست بوو، کە پێی دەگوترا (کۆنگرەی ئیسلامی)، ئەمینداری کۆنگرەکە (ئەنوەر سادات) بوو، ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ئەزهەر و ئەدیبانی عەرەبی کۆکردەوە و داوای لێکردن، کە چەندین کتێب یان پەیام دابنێنن لەبارەی ئیسلام و بەرگریکردن لێی لەبەرانبەر ئەو گومانە زۆرانەی لەرزۆکەکان دەیوروژێنن، ویستی خوای گەورە وا بوو دکتۆر محەمەد یوسف موسا بە ئەنوەر سادات بڵێت: کەسێک هەیە دەکرا لەگەڵمان بێت، خاوەنی چەندین دەستکەوتی باشە و لێرە نایبینم، پێی وت: کێ؟ وتی: شێخ محەمەد غەزالی. دکتۆر محەمەد یوسف موسا پێی وتم: کاتی ئەو قسەیەم کرد، ئەنوەر سادات بە کەمێک بێزارییەکەوە بێدەنگ بوو، شوێنەکەش بە جارێ بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشا، هەستم کرد ئەو قسەیەم دژی سیاسەتی دەوڵەت بوو، ئەوەی ئەو هەڵوێستەی دەرباز کرد، عەباس مەحمود عەققاد بوو، کە بە دەنگێکی بوێرانە وتی: نووسینی ئەو گەنجە دەخوێنمەوە، شایانی ئەوەیە لەگەڵمان بێت، کاتێ عەققاد ئەو قسەیەی کرد، شێخ شەلتوت وتی: بەڵێ دەبێ لەگەڵمان بێت، پێم وت: باشە بۆ تا عەققاد قسەی نەکرد هیچت نەوت؟ لە ڕاستیدا ئەو هەڵوێستەی عەققادم هەردەم لەیادە.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** لە کۆتایی پرسیارەکانی ئەم ئەڵقەیە نزیک دەبینەوە، ڕووداوێکی گرنگ هەیە قسەی لەسەر بکەین، ئەویش هاوسەرگیریی بەڕێز شێخ محەمەد غەزالییە، بابەت و پرسیاری بوارەکانی دیکە بۆ ئەڵقەکانی تر لێدەگەڕێین.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا سوور بووم لەسەر ژنهێنان، چونکە لە ڕووی جەستەییەوە ئارەزووم بەرانبەر ئافرەت هەبوو، بەڵام هەژاریی ڕێگر بوو، لەبەر ئەوە نەمتوانی لەبارەی حەزێکەوە قسە بکەم، کە لە ڕووی ماددی و ئەدەبییەوە لە تواناد نەبوو وەڵام بدرێتەوە.

کاتێک بڕوانامەی باڵام بەدەستهێنا، هاوڕێیەکمان هەبوو، باوکمی دەناسی، خێزاندار بوو و کچێکی هەبوو، چووم بۆ لای و خوازبێنیی کچەکەیم لێکرد، وتی: کاتێک پێت دەدەم کە ئیشێکت هەبێت، ئەو بەدەممەوە نەهات، بەڵام لە خوا هیوادار بووم هاوسەرگیرییەکەم بەنسیب بکات، باسی ئەوەتان بۆ دەکەم چۆن خوای گەورە ئەوەی هێنایە دی! لەوانەیە خەڵکی بەلایانەوە سەیر بێت، کاتێک دەڵێم من ئەو پرسیارانەم دەزانی لە تاقیکردنەوەی تایبەت بە دامەزراندن وەک ئیمامی مزگەوت بۆم هاتبووەوە، پێشبڕکێیەک بۆ ئیمامەکان هەبوو لە مزگەوتی (ابن طولون)، نزیکەی سێ سەد، یان چوار سەد لە دەرچووی ئەزهەر داوایان پێشکەش کردبوو، تێیاندا هەبوو چەند ساڵ پێش من خوێندنیان تەواو کردبوو، ئەو وەزیفانەش، کە لە وەزارەتی ئەوقاف هەبوون نزیکەی پازدە وەزیفە بوون، ئەوانەش کە داوایان پێشکەش کردبوو وەک گوتم زۆر بوون، بەبێ ئاگاییەوە بە شەقامەکانی (درب الاحمر)دا دەڕۆشتم! دەنگێک پێی وتم: لەم پێشبڕکێیەدا چاوەڕوانی چ پرسیارێک بێتەوە؟ نازانم، کەواتە با بیربکەینەوە، ئەگەر پرسیارێکت بۆ هاتەوە سەبارەت بە بەگژداچوونەوەی قۆرغکاریی و گرانی، چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟ دەستم کرد بە دانانی وەڵامەکان لە مێشکمدا، پاش ئەوە بەئاگا هاتمەوە، بینیم لە (درب الاحمر)دا ون بووم، وتم: شێت بووم، ئەم پرسیار و وەڵامانە چییە.

بەڵام ئەوەی ڕوویدا، کاتێ چوومە نێو مزگەوتی (ابن طولون) و پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکەم وەرگرت، بینیم بریتییە لە: وتارێک ئامادە بکە سەبارەت بە بەگژداچوونەوەی قۆرغکاری، وەک ئەوەی لەسەر کتێبێکی کراوە وەڵامەکان بنووسمەوە، دەبوایە پاش دەرچوون لە تاقیکردنەوەی سەر وەرەقە، بەزارەکییش تاقیکردنەوەیەکی تر ئەنجام بدەم، چووم بۆ تاقیکردنەوەکە، خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەمین خولی و دکتۆر ئەحمەد حسین موفتی ئەوقاف – برای دکتۆر تەها حسین– و شێخ علام نصار موفتی دواتری میسر لەوێ بوون، من بەچاکی قورئانم لەبەر بوو، لە قورئاندا تاقیکردنەوەیان پێکردم و چاک لەبەرم بوو، شێخ ئەمین لەگەڵم کردی بە عینادی، چونکە لێی پرسیم: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا﴾ [المائدة:٨٢]، چی

دەڵێیت سەبارەت بە عەقیدەی ئەو جولەکانەی یەکتاپەرستن؟ باسی ئەوەم بۆ کرد ئیمانی جوولەکەکان درووست نییە، چونکە خوا بەرجەستە دەکەن و شتی نەشیاوی دەدەنە پاڵ، چونکە خوا لای ئەوان پەروەردگاری جیهانیان نییە، تەنها پەروەردگاری بەنی ئیسرائیلە، وەڵامی دامەوە و وتی: باسی ئەوەت کرد عەقیدەیان وەک پێویست نییە، تەوحیدیش لای ئەوان تەنگ و سنووردارە! ئەو بە شێوازێک قسەکانی منی ڕەتکردەوە، کە بە کەمگرتن و خۆبەزلزانیی تێدا بوو، پێم وت: جگە لەوەی وتم هیچی ترم پێ نییە بیڵێم، ئەگەر تۆ وەڵامێکی ترت لایە فێرم بکە، وتی: فێربوون لە زانکۆ دەبێ نەک ئێرە، بەڕێوەبەری مزگەوتەکە هەوڵی دا بڵێت شێخ دانی نا بە نەزانیی خۆیدا، فەرموو تۆ چیت لایە پێی بڵێ، پێم وت: سوێند بەخوا ئەو وەڵامەی من وتم هەر ئەوە سەبارەت بەم بابەتە دەوترێت، شتێک لەنێوان من و شێخ ئەمین دا ڕوویدا، خەریک بوو لە لیژنەکە دەربکرێم.

دکتۆر ئەحمەد حسین پێی وتم: تۆ بوێریت، ئیمامەتیش پێویستی بە پیاوی بەهەیبەت هەیە، تۆش وەختە قسە بە مامۆستاکەت بڵێیت، لە لیژنەکە دەری کردم، دواتر زانیم کە لەسەر دانانی نمرە بۆم، ناکۆکی کەتووەتە نێوانیان و نمرەی کەمیان بۆ دانام، بەو پێیەی تاقیکردنەوەی بە نووسین بنچینەکەیە و دەرچوون دیاری دەکات، ئەوە دەربازی کردم و دەرچووم، وەک ئیمام و خەتیب و مامۆستا لە مزگەوتی (العتبة الخضراء) دامەزرام، مانگانەکەم شەش جونەیھـ بوو، بەشی ئەوەی دەکرد خێزان پێکبهێنم و بچم (بۆ لای ئەو پیاوەی، کە پێشتر ڕازی نەبوو کچەکەیم بداتێ) تا خوازبێنیی کچەکەی بکەم، ئەوە بوو ڕازیی بوو، ژیانێکی باش لەگەڵی ژیام، خانمێک بوو لە باشترین خانمان، کاتێ لە قاهیرە دەرکرام و بە ستەملێکراویی و شکستخواردوویی لێی دەرچووم و ڕووم کردە سعودیە لەگەڵم بوو، لەوێ نەخۆش کەوت و لێرە لە قاهیرە وەفاتی کرد، هێنامەوە، بەڵام بەڕاستی پشتیوانم بوو، ناونیشانی فەرموودەکانی بۆ دەخوێندمەوە و هاوکارییەکی مەزنی دەکردم لە کاروبارەکانی ژیانمدا، خوای گەورە لێی خۆش ببێت.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** بەم پرسیارە کۆتایی بەم ئەڵقەیە لەگەڵ شێخ محەمەد غەزالی دەهێنین، کاریگەریی یەکەم کتێب لەسەرت چی بوو، کە پاش ئەوە کرانەوەی عەقڵی گەورە تێتدا ڕوویدا؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** کتێبی یەکەمم (الاسلام والاوضاع الاقتصادية) هۆکارێکی هەبوو، میسر لەو کاتەدا بەهۆی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی نەفامییەوە دەینالاند، ئەو کەسەی خاوەنی (١٠٠٠) فەدان (هەر فەدانێک چوار هەزار و دوو سەد مەتری چوارگۆشەیە) بووایە هیچ زەکاتی لێ دەر نەدەکرد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە دەستی بەسەر هەموویدا گرتبوو، زەکات تەنها لە پارەیەک وەردەگیرێت، کە بەحەلاڵی بەدەست هاتبێت، پاشان جووتیارەکان هەر وەک باسم کرد گەنمیان دەچاند و قوڕیان دەخوارد، یان پەموویان دەچاند و بەڕووتی دەژیان، ڕقم لەوە بوو ئیسلام ئامۆژگاریی تەنها تاک یاخود بەشەکی بخاتەڕوو، لە کاتێکدا کێشە گەورەکان بەلاڕێدا چوون، ئەو کتێبەم نووسی و بەرپرسیارێتیەکەیم لە ئەستۆ گرت، چونکە لەسەری نووسیبووم (محمد الغزالي الواعظ)، چونکە من واعز بووم لە مەڵبەندی ئەبو وەقاص لە منیا، کاتێ پرسیارم لێکرا: بۆچی نەتنووسی: کە تۆ لە ئیخوانیت؟ وتم: چونکە نامەوێت بەرپرسیارێتیی ئەو بۆچونانەی لەم کتێبەدایە بخەمە ئەستۆی ئیخوان.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** ئەوەی لە ئەڵقەی یەکەمی ئەم دیدارەدا خستمانەڕوو بەشێکە لە یادەوەرییەکانی تایبەت بە ژیانی شێخ محەمەد غەزالی، لە ئەڵقەکانی دواتردا بە ویستی خوای گەورە لایەنە جیاوازەکانی تری شێخ محەمەد غەزالی لە خۆدەگرێت، هەر وەک لە سەرەتاشەوە باسم کرد، ئەم ئەڵقەیە خەڵکی زۆر پێیەوە سەرقاڵ بووە و جێگای باس بووە.

## ئەڵقەی دووەم

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** لە گفتوگۆی پێشووماندا لەگەڵ شێخ محەمەد غەزالی باسمان لە هەندێک لایەنی ژیانە درێژ و فراوانەکەی کرد، ئاشنای هەندێک لایەنی سەرەکیی ژیانی و قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی، تا تەواوکردنی بەشی بنەماکانی ئایین لە زانکۆی ئەزهەر بووین، پاشان ژیانە کرداریییەکەی دەستی پێکرد.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر درێژەدان بەو بابەتە و باس لە هەندێک لایەنی سۆزداریی ژیانی تایبەتیی دەکەین، ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە دایک و باوک و براکانیەوە، ئاشنای خێزانە بچوکەکەی و شێوازی وەرگرتنیان بۆ زانیاریی ئایینی و زانیاریی مەدەنی، هەموو ئەم لایەنانە وا دەزانم خوێنەر حەز بە ئاشنابوونیان دەکات. خێزانی شێخ محەمەد غەزالی لە کێ پێکدێت، ژمارەی براکانی چەندە و ناویان چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** باوکم –بەڕەحمەت بێت- ناوی (احمد السقا)یە، پێی دەوترا: شێخ ئەحمەد، چونکە قورئانی پیرۆزی لەبەر بوو، بەڵام کاری بازرگانیی دەکرد، بە دەربڕینی ئەم سەردەمە: بەقاڵ بوو، وەک سەرنجم دابوو پاش نوێژی بەیانی دوکانەکەی دەکردەوە و بوخوردی بەناو دوکانەکەدا دەگێڕا و هەندێ ویرد و نزا، کە لەبەری بوو دەخوێند، چونکە ئەو سۆفی بوو، دەنگخۆش و غەمگین بوو، دەتوانم بڵێم کەسێکی زەحمەتکێش بوو، کەسی زەحمەتکێشیش هەمیشە ڕۆژگاری خۆش و ناخۆشی دێتەڕێ، لە سەرەتاوە وەک من دەمبینی لە گەورە بازرگانەکانی گوند بوو، بەڵام پاش ئەوەی هەرچییەک لە گوند هەیبوو فرۆشتی و چووە ئەسکەندەرییە و کتێبخانەیەکی کردەوە، باری ماددیی شێوا و هەستی کرد حاڵی بەرەو خراپی ئەچێت، پێش ئەوەی ئیفلاسبوونی ڕابگەیەنێت کتێبخانەکەی فرۆشت و جارێکی دیکە گەڕایەوە گوند، بە پارەی دایکم گەڕایەوە، چونکە هیچی بەدەستەوە نەمابوو، دایکم ئەو زێڕانەی، وەک هەر ئافرەتێک بۆ خۆڕازاندنەوە هەیبوو فرۆشتی، تا

باوکم سەرلەنوێ دوکانەکەی خۆی لە گوند بکاتەوە، بەڵێ جارێکی تر هاتەوە گوند، بەڵام ئەم جارە بەهەژاری گەڕایەوە، نەک وەک پێشتر لە گەورە بازرگانانی گوند بێت، ئێستا قەرزاری دایکیشمە، بەڵام شتێک لەنێوانیان نەبوو بە ناوی قەرزدەر، یان قەرزدار.

دەتوانم بڵێم: ژیانی خێزانی نێوانیان زۆر سەیر و سەقامگیر بوو، من نازانم ژیان سەقامگیر دەبێت یان نا، بەڵام کاتێ باوکم نەخۆش کەوت هەستم بەمە کرد، لە کاتێکدا نەخۆش بوو چووم بۆ لای - ئەم جارەیان چووم بۆ لای، بەڕاستی لە نەخۆشیی سەرەمەرگیدا بوو- بەڵام پێش ئەوە کاتێ من قوتابی بووم لە کۆلێژ، جارێکیان ناردیان بەشوێنمدا وتیان: وەرەوە، کە چوومەوە بینیم باوکم نەخۆشە، لەو کاتەدا شتێ ڕووی دا دەمەوێت لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت، تا خەڵکی ڕاستگۆیی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) بزانن، ڕۆشتم و وازم لە خوێندنی کۆلێژ هێنا، لە کاتێکدا کە زۆر سوور بووم لەسەر ئەوەی لە کۆلێژ بمێنمەوە و بڕوانامەی باڵا بەدەست بهێنم، کاتێ چووم دەبینم باوکم نەخۆشە و دوکانەکەی داخراوە، ئازاری گورچیلەی هەبوو، چارەسەر و دەرمانیش لەو ڕۆژگارەدا بۆ ئەو نەخۆشییە دەرزی ئەفیون بوو — دەرزی سڕکەر- تا بتوانێت بەرگەی ئازارەکە بگرێت، من لە دوکانەکەی مامەوە، هەتا کڕین و فرۆشتن بکەم، ئەم بەسەرهاتە ڕوویدا، کە وەک خۆی بۆتانی دەگێڕمەوە: دووەم ڕۆژم بوو لەسەر دوکانەکە بووم، کەسێک هات داوای شەکر و چا و خواردەمەنی و ئەو شتانەی کرد، پاش ئەوەی شتەکانم لە بەردەستی دانا، بە شێوەیەکی سەیر سەیری کردم، سەیرکردنێکی پڕ لە پاڕانەوەو شەرمەزاری و وتی: سوێند بە خوا هیچم پێ نییە و پێویستیشمان بەو شتانە هەیە، پێم وت: شتەکان ببە و بڕۆ، پاشان چوومە گۆشەیەکی دوکانەکە، لە خوای گەورە پاڕامەوە، پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) دەفەرمووێت: (داووا مرضاكم بالصدقة) (بەیهەقی گێڕاویەتییەوە)، واتە: بە خێر و سەدەقە چارەسەری نەخۆشەکانتان بکەن، پاڕامەوە: پەروەردگارا من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ کۆلێژ، دەمەوێت وەک زانستخوازێک بژیم، هەتا خوێندن تەواو بکەم، خوایە گیان ئەم سەدەقەیەم لێ قبووڵ بکە و شیفای

باوکم بدە، چەند کاتژمێرێکی بەسەردا تێنەپەڕی بانگیان کردم، ئەو کەسەی بانگی کردم باوکم بوو، لە دەرگای دوکانەکە وەستابوو، وتی: بەردەکەی گورچیلەم دابەزی! بەیانی ڕۆژی دواتر لە کۆلێژ بووم.

جاری دووەم کە هاتمەوە بۆ لای، لە ڕاستیدا نەخۆشیی سەرەمەرگی بوو، تەمەنی لە سەرو پەنجا سالّیەوە بوو، تووشی یەک لە نەخۆشییەکانی میزەڕۆ بوو، شەو بەدیاریەوە مامەوە، سەرنجی ئەو هۆڵەم دەدا کە ئێمەی تێدا بووین، هەمووان لە شوێنێکی تر خەوتبوون، من منالّی گەورەیان بووم، هەستم کرد چراکە وردە وردە کز دەبێت، وام بە خەیاڵدا هات فریشتەی مەرگ دێتە ژوورەوە و بەهۆی باڵەکانیەوە ئاگرەکە دەلەرێتەوە، بێدەنگ بووم و چاوەڕوانیم دەکرد، باوکم وتی: من ئەمرم، مرد، داپیرەم هات – دایکی دایکم مابوو– زانی کە باوکم مردووە. من دەمزانی پەیوەندییەک لە نێوان ژن و مێرددا هەیە، بەڵام نەمدەزانی بەتەواوەتی چۆنە، چونکە هێشتا ژنم نەهێنابوو، بەڵام سەرم سوڕما، چونکە کاتێک پیاوەکان لاشەی باوکمیان هەڵگرت بیبەنە دەرەوە، بینیم دایکم لەناکاو لە هۆڵەکە هاتە دەرەوە و قاچەکانی باوکمی لە دەرەوە گرت و بەپەرۆشەوە ماچی دەکرد و دەیویست نەچێتە دەرەوە، بردیانە دەرەوە و ئەویش لەسەر زەویەکە دەگریا، سەبارەت بە خۆم، دەمویست بگریم و هاوار بکەم، بەڵام من گەورەم، دەبێت وا خۆم نیشان بدەم، کە ئارامگر و خۆڕاگرم، هەتا ماڵەکە نەشێوێت، خۆڕاگرانە خۆم نیشان دا، بەڵام بەڕاستی تا ئێستاش ئەو ساتانەم لەیاد ناچێت.

پاش ئەوە زانیم لە ماڵی سەقامگیری بەختەوەردا، منداڵ بەچاکی پێدەگات، لە هەموو کەس دەروونیان پاکتر دەبێت، دایک و باوک ناکۆک نەبن، دەمەقاڵێی و بەگژیەکداچوون و جنێو و قسەی ناشیرین و هیچ شتێکی لەو جۆرەی تێدا نەبێت، هیچ لەوانەم لە ماڵی خۆماندا هەست پێ نەکردووە، ژن و مێرد یەک کیانن، لەوانەیە ئەمە یەکێک بووبێت لە خەسڵەتەکانی ماڵی ئێمە، نازانم.

کاتێ باوکم مرد، بە دایکمم وت: وەرە بۆ لای من بۆ قاهیرە، ماڵێکی باشم هەیە کە تێیدا دەژیم، وتی: ئەی خوشک و براکانت، ئەوان بەجێ ناهێڵم، کچمان هەیە وەختی شووکردنیانە، کوڕمان هەیە.

**د.محەمەد کەمال ئیمام:** چەند خوشک و برات هەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** سێ برا و سێ خوشک، دوو لە براکانم مردوون، یەکێکیان بازرگان بوو، گوزەرانی باش بوو، ئەوی تریان فەرمانبەر بوو کە مرد، برای سێیەمم مامۆستایە، ئێستا لە (کفر الدوار) مامۆستای زمانی عەرەبییە، خوشکەکانم هەموویانم بەشوو داوە، پاش شووکردنی ئەوان ئاسوودە بووم و دایکم بە تەنها لە ماڵەکەدا دەژیا، پێم دەوت: وەرە لەگەڵ من دانیشتە، لە شەقامی ئەزهەر ماڵێکم بە جوانترین شێوە بۆ ڕازاندەوە، دەیوت: نا، پێویستە ماڵەکەی باوکت بە ناوی خۆیەوە کراوە بێت. لە کاتێکدا ئەم چیرۆکە باس دەکەم، نازانم ئەمە دابونەریتێکی لادێیی بوو، کە ئەو ماڵەی سۆز و ئەمەک و ئارامگریی و هاریکاریی تێدا بووە، پاش مردووەکە دەهێڵرێتەوە.

**د.محەمەد کەمال ئیمام:** لە ڕەوشێکی ئاوەهادا ئایا شێخ محەمەد غەزالی هیچ یادەوەرییەکی ژیانی کۆمەڵایەتیی گوندی ئەو سەردەمەی لەگەڵ هاوڕێکانی لەیاد ماوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بێگومان هاوڕێم هەبوو، یەکێکیان زۆر لێم نزیک بوو، قورئانی پێ لەبەر دەکردم، خۆی نابینا بوو، تا وەفاتیشی کرد هاوڕێیەتیمان بەردەوام بوو، خوا لێی خۆش ببێت.

ئەو کاتانەی قوتابی یان ئیمام بووم، هەندێک جار بە تەنها دەچوومەوە بۆ لادێ، لادێکەمان لەسەر کەناری نیل بوو، لقی ڕەشید، هەندێک جار بەدەوری لادێکەدا بەناو کێڵگەکاندا دەسووڕامەوە، گەلێک جاریش بە دەنگی بەرز قورئانم دەخوێندەوە، کە بە چاکی لەبەرم بوو، سوپاس بۆ خوا، وەک ئەوەی لە باوکمەوە بۆم مابێتەوە، لەیادمە ڕۆژێکیان –من ئەمەم بۆ مامۆستا حەسەن بەنناش گێڕاوەتەوە– لە کاتێکدا بەناو کێڵگەیەکدا دەڕۆیشتم و سورەتی (الاسراء)م دەخوێندەوە: ﴿وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾ [الاسراء:٤٤]، وا هات بە خەیاڵمدا کە هەموو شتێکی دووروبەرم کڕنووش دەبەن، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، کە جوبەکەم

لەبەردا بوو، ئەوا منیش کڕنووشم دەبرد، لەو گوندە و لەو زەوییە چێندراوەدا قوڕاویم دەکرد، بەو پۆشاکەوە بەنێو کێڵگەدا دەهاتم و دەچووم، ئەمەم لە کتێبێکمدا (نظرات في القرآن) باسکردووە، لەسەر نیل شوێنێک هەبوو بۆ نوێژکردن، با نەدەبزوا و دار هێمن بوو، ژاوەژاوی بەردەمم بە تیشکی مانگ داپۆشرابوو، ڕووناکییەکەی لە ڕووباری نیلدا دەدرەوشایەوە و تابلۆیەکی شیعریی دەنەخشاند لە لووتکەی جوانیدا، ئەو هەستەم لا درووست بوو و وتم: ئایا ئەم جوانییە هەمووی نامێنێت و دونیا کۆتایی دێت و خوای گەورە هەموو ئەم خێوەتە ڕازاوانە لەناو دەبات، کە ئێستا هەستی پێ دەکەم، ئەمەم لە کتێبی (نظرات في القرآن)دا نووسیووە: بەڵێ پێویستە ئەمە وێران بێت و زەوی و ئاسمانەکان بگۆڕدرێن، بەڵام ئەم جوانییە، ئەی مرۆڤ! جوانتر و ڕازاوەتری بەدوادا دێت.

لە ڕاستیدا ژیانی من شتێک لە هەستی شاعیرانە، یان لەو شتانەی تێدایە، کە مرۆڤ ئاسوودە دەکات، ئەگەرچی لە ژینگەیەکی ماندووکاردا بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکەڵی سەرکەشان – مەبەستم دزەکان نییە- دەبووم، بەڵکو خەڵکە کەساسەکەی گوندشین بە دەربڕینە وردترەکەی، نازانم ئایا باسی ئەوەم لە کتێبێکمدا کردووە یان نا، هەمیشە لە پاش ڕنینەوەی پەموو یان پاش کۆکردنەوەی کرم، لەنێو منداڵ و تازەپێگەیشتوان و کچانی بچووک، کە بۆ بەرپرسان و خانەوادە گەورەکان کاریان دەکرد تاعوون بڵاو دەبووەوە، ئەوانە بۆ ماوەی دوو تا سێ هەفتە تەنها نانیان دەخوارد و لە چەم ئاویان دەخواردەوە و لە تەویلەدا دەخەوتن، کە دەگەڕانەوە نزیکەی نیوەیان دەمردن، قسەم لەگەڵ مامۆستا سەید قوتب کرد، پێم وت: مامۆستا! شەوانە هەمیشە گوێم لە دەنگێکە منداڵەکان تێیدا دەڵێن: (غريب ياليل ياليل، غريب أبيت فين). (واتە: ئەی شەو بێپەنام، لەکوێ بمێنەوە)، سەید قوتبیش ئەمەی بۆ زیاد کرد: (يا موال قول الاثنين، أبكي بدمع العين، غريب أبيت فين). (واتە: ئەی پەنادەری وتەی دووانەکە، بە ئەشکی چاوان دەگریم، بێپەنام لەکوێ بمێنمەوە). بەڵێ کاری ئەو پەنادانی بێپەنایانە، پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا سەید قوتب لە پاش کتێبی (الاسلام والاوضاع الاقتصادية) درووست بوو، ئەو کتێبەم بۆ

خەڵکی چاوەڕواننەکراو بوو، تێیدا باسی چینی زەحمەتکێشان و ئەو ئازارانەم کردبوو کە گیرۆدەی بوون، لەگەڵ پێشنیازکردنی چارەسەری ئیسلامی بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مسوڵمان، چونکە من لەم کتێبەمدا ئەو پرسیارەم وروژاندبوو: ئایا باشێتیی (فضائل)ەکان هۆکاری ئابووریان هەیە؟ ئایا داگیرکاری ناوخۆیی زەمینەخۆشکردن نییە بۆ داگیرکاریی دەرەکی؟ ئایا چینە خۆشگوزەرانەکان ئەوانە نین، کە گەلان دەخۆن و دەبنە زۆنگاوێک بۆ میکرۆبەکان و گواستنەوەی گەندەڵی بۆ کەسانی تر؟

دیارە ئەم قسانە کەس نەیدەزانی و کەسیش باسی نەکردبوو، کتێبەکە تێپەڕی و بەنامۆیانە سەیری کرا، بەڵام ویژدانی زیندووی سەید قوتب وای کرد کتێبەکە بخوێنێتەوە، من ئەوم نەدەناسی و هیچ پەیوەندییەکم پێیەوە نەبوو، هەموو ئەوەی لەبارەیەوە دەمزانی ئەوە بوو، کە گەورەترین قوتابیی عەقادە و لە هەموویان دەمارگیریی زیاترە بۆی، منیش کەسێکم لە ئیخوان، لەپڕ بینیم وا بزانم لە ڕۆژنامەی (الجمهور المصري) بوو، لەو ڕۆژگارەدا دەردەچوو، بە لاپەڕەیەک یان زیاتر ئەم کتێبەی خستەڕوو، وای ناساند کە ئەوە پەیامێکی تێر و تەواوە سەبارەت بە ئابووریی ئیسلامی و قسەی باشی نووسیبوو و ستاییشی کردبووم، لە کاتێکدا نەیدەناسیم، لە ڕاستیدا ئەو پیاوە بە ویژدانێکی باوەڕدارەوە قسەی دەکرد، وتەیەکی من لە خۆیەوە وەرم گرت: جەنگی نان کە ئێستا لە میسردا بەرپا بووە، ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەرئەنجامی ترسناکی لێدەکەوێتەوە.

لە یەکێک لە نووسینگەکان، کە بەباشی لەیادم نییە کامە بوو، سەردانم کرد تا سوپاسی بکەم، قسەم لەگەڵ کرد، وتی: سوپاسم مەکە، من ئەرکی سەرشانم بەجێهێناوە، پێم وت: تۆ متمانەت بۆ گێڕامەوە بە ویژدانی ئەدەبیی ئەم وڵاتە، کە وەخت بوو باوەڕم پێی نەمێنێت و پێموابوو کەس نییە ڕێز لە کاری باش، یان هەنگاوی چاک بنێت، وتی: ئەو پاداشتەم بەسە کە متمانەت بە ویژدانی ئەدەبی بۆ درووست ببێتەوە.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** لەو ماوەیەی ژیانی شێخ محەمەد غەزالیدا، مرۆڤ وا هەست دەکات هەستی شاعیریی دەروونی داگیر کردووە، ئایا لەو بوارەدا شتت نووسیووە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەندێک جار نووسیوومە، بەڵام ڕۆژێک هەموویانم دڕاند و بڕیارمدا بەتەواوەتی لێی دوور بکەومەوە و هەموو شتێک کۆتایی هات.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** ئەگەر بچینە سەر قۆناغێکی تری ژیانت، ئەویش قۆناغی هاوسەرگیرییە، پێشتر بەخێرایی بەسەریدا تێپەڕین، دەمانەوێت باسێکی یادەوەرییەکانی هاوسەرگیریت بکەیت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** یادەوەرییەکی خەندەئامێز هەیە، مەلیک فاروق –خوا لێی خۆش بێت- لە شاری قاهیرە لە چەندین مزگەوت نوێژی دەکرد، خۆشبەختی بۆ ئەو مزگەوتە بوو، کە ئەو نوێژی تیا بکردایە، چونکە نۆژەن دەکرایەوە و چیی پێویست بووایە بۆی دەکرا لە ئاوەدانکردنەوە و پێداویستییەکانی، ئیمامێکیش هەڵدەبژێردرا، کە بە هەیبەت یان وریا و زیرەک بێت، تا پێشنوێژی بۆ مەلیک بکات، ئەم ئیمامە شاڵێکی کشمیری گرانبەها، یان پێنج جونەیهی لەبری شاڵەکە پێدەدرا. لە ڕاستیدا من پاشی مانگێک یان دوو مانگ لەو دامەزراندنەی باسم کرد، بەڕێوەبەری مزگەوتەکان دیاریی کردم بۆ ئەوەی پێشنوێژی بۆ مەلیک فاروق بکەم، پێی وتم: خۆت ئامادە بکە، سبەی پێشنوێژی بۆ مەلیک دەکەیت، هەچی پەیوەندیی بەو بابەتەوە هەبوو بەوردی دیاریمان کرد و ڕێکمان خست – من ساویلکە بووم و شارەزاییەکی زۆر سادەم هەبوو لەبارەی نەریتە گشتییەکان- جوبەیەکی ئاساییم لەبەر بوو، بەڕێوەبەری مزگەوتەکان وای زانیبوو پۆشاکی گرانبەها دێنم، بۆ زیادە ئاگاداری وتی: وەرە بۆ ماڵمان، من دەتبەم بۆ مزگەوت، کاتێ چووم بۆ ماڵیان، سەیری کردم، بەهۆی دیمەنەکەم وەختبوو تووشی ئیفلیجی ببێت، بەتووڕەیی و بێئاگاییەوە پێی وتم: بۆ کوێ ئەچیت، ئەی نازانی پێشنوێژیی بۆ مەلیک دەکەیت؟ وتم: بەڵێ دەزانم، وتی: بەو جوبە کۆنەوە دێیت؟ لە ڕاستیدا

نەمدەزانی چی بکەم، بەخێرایی وتی: فلانە پشکنەری مزگەوتەکان قەدوبالای وەک تۆیە، بەخێرایی کەسێکی نارد بۆ لای جوبەیەکی گونجاوی لەلای دەست کەوت، بەلام کەوا و سەڵتەکەی گونجاوی نەبوو، کەمێک درێژ بوو، منیش بالام کورت بوو، هێنای و کردیە بەرم، چارەکێکی دەکەوتە سەر زەوی، بە پشتێنێکی لای خۆی بەستیەوە، توانی وا بکات پۆشاکەکە لەبەرچاوی مەلیک جوان دەر بکەوێت، لە دوورەوە چاودێریی دەکردم، کاتێ بینی یەکێک لە مامۆستاکان بەرەو لام دێت، ڕێگریی **لێکرد** و نەیهێشت قسەم لەگەڵ بکات، چونکە ئەترسا هەستمەوە و دابنشیمەوە، ناڕێکییەکە دەر بکەوێت، پاش نوێژ پۆشاکەکە تەواو شێوا، نوێژم کرد و سلاوم لە مەلیک کرد و بەخششەکەی پێدام، یەکیک هات بۆ لام و وتی: ئەوە چیت کرد؟ کەسێکی تری دڵپیس پێی وتم: ناڕێکترین جوبەیە و سەڵتەکەش وەک پێویست نییە، بەڕێوەبەر سوێندی گەورەی خواردوە، پاش ئەو کارەساتە جارێکی تر چاوی پێم نەکەوێتەوە.

من شالم بەدیاری وەر نەگرت، بەڵکو پێنج جونەیهەم وەرگرت، نیعمەت بوو، چونکە بەهۆیەوە توانیم خەرجییەکانی یەکەم منداڵمان (هودا)ی کچم دابین بکەم، ئەو ئێستا هاوسەرگیریی کردووە و دوو کوڕی هەیە ئەندازیارن، بێگومان کچەکەم خوێندوویەتی، هەموویان دەرچووی زانکۆن، من وەک چۆن کوڕەکانم دەخستەبەر فێربوون، بە هەمان شێوە کچەکانیشم دەناردە قوتابخانە، هەست دەکەم فێرکردنی کچ فەرز بێت و پێویستە ئەنجام بدرێت، مامەڵەکردنم لەگەڵ کچەکانم هاوشێوەی مامەڵەم لەگەڵ هاوسەرەکەم بوو، لە سەروەرم پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لێ بێت) فێر بووم، کە کەسێکی نەرمونیان بم و لەگەڵ هەمووانیدا هەڵسوکەوتم جوان بێت، هاوسەرەکەم ئافرەتێکی چاکی ڕۆژووگری شەونوێژکەر بوو، نەخۆش کەوت و مرد، لە پاش ئەو هەستم بە بەختەوەری نەکرد، ئەو دێرە شیعرانەم لەیادە کە شاعیرێک بۆ مەرگی هاوسەرەکەی وتوویەتی، لە کتێبی (لسان العرب)ی (ابن منظور)دا هاتووە:

((أما وَالَّذِي أبكى وأضحك، وَالَّذِي أمات وَأَحْيَا، وَالَّذِي أمره الْأَمر
لقد تَرَكتنِي أغبط الْوَحْش، أَن أرى الفين مِنْهَا، لا يروعهما الزجر
إذا ذكرت يرتاح قلبي لذكرها كَمَا انتفض العصفور، بلله الْقطر
وصلتك حتى قيل: لايعرف القلى وَزرتك حتى قيل: ليس له صبر
فيا حبها زدني هوى كل ليلة ويا سلوة الايام موعدك الحشر
عجبت لسعي الدَّهْر بيني وَبَينهَا فَلَمَّا انْقَضى مَا بَيْننَا، سكن الدَّهْر))[١]

لە ڕاستیدا ژیانم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا وەک ئەوە وابوو لام، کە لە بەهەشتدام.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** ڕۆڵی هاسەر لە ژیانی زانادا چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەو ئافرەتە بڕوانامەی باڵای نەبوو، بەڵام خوێندەوار بوو، هەندێ لە وانەکانمی بۆ دەخوێندمەوە، لەیادمە ڕۆژێکیان بە ستەم لە قاهیرە ڕووە و پایتەختێکی عەرەبی دەرچووم، داوام لێکرا لەوێ وانە بڵێمەوە، هیچ توانای ئەوەم نەبوو، پێم ناخۆش بوو، ئەو نامەیەم فڕێ دا کە لە ئێستگەوە بۆم هاتبوو، هاوسەرەکەم بەسۆزەوە پێی وتم: تۆ نووسەریت، دەتوانیت لە کتێبەکانی خۆت شتانێک هەڵبژێریت، کە بشێت وەک وانە بوترێتەوە، سەرەتا ڕەتم کردەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هاوکاریی کردم و ئەو وانانەی لێم داوا کرابوو بەو شێوەیەی ئەو نەخشەی بۆ کێشابووم، پێشکەشم کرد.

پێویستە زانا یان پیاوی ژیر ژنێکی ژیری هەبێت، من هەر بەڕاستی ئیرەییم بە نووسەری ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (تۆماس ئارنۆڵد) دەبرد، کە دەیگوت:

---

[١] لەم شیعرەدا شاعیر (ابوالصخر الهذلي) شیوەن بۆ مەرگی هاوسەرەکەی دەکات و شێخ محەمەد غەزالی وا دیارە هەمان هەستی خەم و ناسۆری لا درووست بووە، بۆیە ئەم دێڕانەی لێ لەیاد ماوە، کە هەندێ دێڕی شیعرەکان پاشوپێشکردنی تێدایە –وەرگێڕ–.

هاوسەرەکەم هاوکاریی دەکردم لە ڕاستکردنەوەی ئەزموونەکان و ڕێککردنی هەندێک بابەتدا، وەک زانراوە (دیورانت) و ژنەکەی پێکەوە کاریان لە ئامادەکردنی مەوسوعەی (چیرۆکی شارستانیەت)دا کردووە، زۆر نارەحەتە پیاو لەگەڵ ژنێکی نەزان، یان گێلدا ژیان بباتە سەر.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** باسی کچە نۆبەرەکەتت بۆ کردین و نەچوویتە ناو وردەکارییەکان.

**شێخ محەمەد غەزالی:** نۆ منداڵمان بوو، دووانیان مردن، من کە دەڵێم نۆ منداڵ، چونکە ئەوانەش، کە مردوون حیسابم کردوون و لە خوای گەورە داواکارم لە تەرازووی کارە چاکەکانماندا بێت، کوڕێکم مرد، کەسێکی بوێر و بەهێز بوو، لای خوا حیسابم کردووە، کچێکیشم مرد هاوشێوەی دایکی جوان بوو... ئەوانەی لە ژیاندان ئەندازیارێک و مامۆستایەک لە کۆلێژی بازرگانی و پێنج کچ هاوسەرگیرییان کردووە و هەندێکیان لە بواری وانەوتنەوە کاریان کردووە، هەشیانە لەسەر داخوازیی هاوسەرەکانیان لە ماڵەوە ماونەتەوە، من هەمیشە وا سەیری کچەکان دەکەم، کە نیعمەتن و خوای گەورە بە منی بەخشیون.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** لەڕووی فیکرییەوە منداڵەکانت تا چەند لەگەڵ تۆدان، ئایا گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوەتان هەیە؟ ئایا کتێبەکانت دەخوێننەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەندێکیان دەیخوێننەوە و هەندێکی تریان سەرقاڵی شتی دیکەن... بەڵام وەک خوێندنەوە دەیخوێننەوە... ئەندازیار ئەندازیارە، ژمێریار ژمێریارە، مامۆستاش مامۆستایە، بەڵام هیچ پەیوەندییان بە فیکری منەوە نییە، نە پیاوی ئایینین، نە ژنی ئایینی.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** بیرت لەوە نەکردووەتەوە فیکری ئایینی بخوێنن؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەخوا ئەو پرسیارەم جارێکی تریش لێکراوە: بۆ منداڵەکانت لە ئەزهەر نەیانخوێندووە؟ لە وەڵامدا وتم: نەمتوانی هیچکام لە

منداڵەکانم گیرۆدەی ئەو نەهامەتییانە بکەم، کە تووشی خۆم بووە، ئێمە لە ئەزهەر پرسیار لە تیاچوو ناکرێت چۆن تیا چووە، پرسیار لە ڕزگاربوو دەکرێت کە چۆن دەربازی بووە، چونکە دژایەتی دەکراین، خوێندنی ئایینی وا سەیری قوتابیانی دەکرد، کە پاشماوەی شارستانیەتێکن پێویست دەکات نەمێنێت، "خوێندنی مەدەنی" میراتگری هەموو شتێکە لەم وڵاتەدا، بەڵام ئێمە پاشماوەی ڕابردوویەکین، پێویستە ئوممەتەکەمان تێی بپەڕێنێت.

شاڵاوی دژ بە ئیسلام زۆر توند بوو، داگیرکارییەکە زۆر گەورە هەبوو، دادگای شەرعی لە گیانەڵادا بوو، پاشان لە سەردەمی جەمال عەبدولناسردا مرد، مێژووی کۆچییش ئێستا لە گیانەڵادایە و کار بۆ مراندنی دەکرێت، چونکە هەڵمەتی خاچپەرستی لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچیدا دەیانوت نەخێر هەزار و ئەوەندەی زایینی هەموو شتێک بووە، پۆشاکی خۆماڵییش وا سەیری دەکرا کە دەبێت نەمێنێت، ئەمەش لە ئەزهەری ئێستادا دەردەکەوێت، تەنها شێخی ئەزهەر و ژمارەیەکی کەم لە زانایان عەممامە لەسەر دەکەن، من وەک ڕووەکی سوبێر وا بووم، کە لە بیابان دەڕوێت، لە گەڵاکانیدا بڕێک ئاو هەڵدەگرێت، بە جۆرێک لەو گەرما سەخت و سووتێنەرەی تێیدا دەژی نەمرێت... دیارە لەو ڕۆژانەی تێیدا دەژیاین، خوای گەورە بڕێک توانا و بەرگری و ڕازیبوون بە واقیعی پێ بەخشیبووین، هەتا توانیمان خوێندنی ئەزهەر تەواو بکەین، لە ڕاستیدا من نەمویست هیچکام لە منداڵەکانم تووشی ئەو ناڕەحەتییانە ببن، بۆیە خستنمە "خوێندنی مەدەنی" و وتم: لە ماڵەوە فێری ئایین دەبن، ئەوەندە بەسە لە ماڵەوە هەموومان پێکەوە نوێژ دەکەین و قورئان دەخوێنین و بەشێکی کەمیان لێی لەبەرە.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** ماوەیەک لە وەزارەتی ئەوقاف بوویت، لە سەرەتاوە هەندێکمان باسکرد، کۆمەڵێک لە دەستەبژێر هاوڕێ و دۆستت لەوێ هەبووە، دەمانەوێت شێوازی وتوێژ و گفتوگۆی تایبەتی نێوان تۆ و ئەو هاوڕێیانەت و ناویان بزانین، بەتایبەت ئەوانەی لە ژیانی گشتیدا ژیاون و هیچ لەبارەی ژیانی تایبەتیانەوە ئاشنا نین.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ سەید سابقی هاوڕێم، دانەری کتێبی (فقە السنة) ژیاوم، ئەو بە بۆچوونی من لە تێگەیشتووترین کەسەکان بوو لە پەروەردە و فێرکردندا، مامۆستا خالید محەمەد خالیدیش هاوڕێم بوو، ئەوانی تر وەک برادەرم بوون، وەک براگەورە سەیریان دەکردم، لەوانە: شێخ یوسف قەڕزاوی و شێخ ئەحمەد ئەلعەسال و شێخ حەسەن شافعی. ژمارەیەکی زۆر لەوانەی ئێستا لە شوێنی تر کاری گەورە ئەنجام دەدەن، لە وەزارەتی ئەوقاف پێکەوە کارمان کردووە، لە ڕۆژانێکی گەشی هەستانەوەی ئیسلامیدا، مزگەوتەکانمان پێکەوە بەڕێوە دەبرد، ئەو کاتانە بەڕاستی مزگەوت بوون، من بڕیارم بۆ دەرکردن کە ببنە قوتابخانە، وەک دەڵێن: پرۆگرامم بۆ مزگەوت دانا، دەفتەریشم دانا بۆ ئامادەکردنی وتار و ئەو وانانەی پێشکەش دەکران، بڕیارم لەسەر چەند کتێبێک دا، کە تەفسیر و فەرموودە و سیرە و ئەخلاق و عەقیدە و مێژووییان تێدا بوو- من لە کاری کارگێڕیمدا هیچ ئەرکێکی زانستیم پێ نەدەسپێردرا- بەڵام مکوڕ بووم لەسەر ئەوەی، لە کاتێکدا بەڕێوەبەری مزگەوتەکان بووم، لە مزگەوتی ئەزهەر، یان مزگەوتی عومەر مەکەڕەم یان لە مزگەوتی زەمالیک وتاربێژ بم، لە هەموو ئەو ڕۆژانەی، کە کاری کارگێڕیم لە وەزارەتی ئەوقاف ئەنجام دەدا، وتاری هەینییشم لە یەکێک لە مزگەوتە گەورەکانی قاهیرە پێشکەش دەکرد و پاش ئەوە دەچووم بۆ لای ئیمامەکان و لە بەڕێوەبەرایەتیی مەشق، یان فەرمانگە لە مزگەوتەکان کۆبوونەوەم پێدەکردن، هەندێک جار دەچووم بۆ (منیا) لە مزگەوتی فولی یان بۆ ئەسکەندەرییە لە مزگەوتی ئەبی عەبباس، کۆبوونەوەم بە ئیمامەکان دەکرد، تا باسی شێوازەکانی ڕاگەیاندنی بانگەوازیان لەگەڵدا بکەم، بۆ چارەسەری هەندێک دەردی کۆمەڵایەتی پەیدا بوو، بۆ بیستنی ئەو سکاڵایانەی لێرە و لەوێ باس دەکرێن. پەیوەندیم لەگەڵ برایانم لە مزگەتەکان پەیوەندیی بەڕێوەبەر و فەرمانبەر نەبوو، وەک برایەکی گەورە وا بووم بۆیان.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** ئێمە وا لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەش نزیک دەبینەوە، کە باسمان لە ژیانت کرد، هەندێک لە زانایانی لێهاتوو هەیە، کە لە گۆڕەپانی میسردا دەرکەوتوون و پەیوەندیی بەتینیان هەبووە لەگەڵ ئێوەدا، دەمانەوێت هەندێک لە لایەنەکانی ئەو پەیوەندییە بزانین، بۆ نموونە پەیوەندیت لەگەڵ شێخ شلتوت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** شێخ شلتوت مامۆستام بووە، لەبەر ئەوەی لێمانەوە نزیک بوو، دەچووومە سەردانی لە ماڵەوە، هەندێک جار هەندێ زانیاریم لێ وەردەگرت، ئەو کاتەی لە دواناوەندییش بووم مامۆستام بوو، کاتێک لە پەیمانگای ئەسکەندەرییە بووم، هەندێک لە تەفسیرەکانیمان دەخوێندەوە، پاش ئەوەی گەورە بووم، بوومە شوێنکەوتەی یان یەکێک لە قوتابییەکانی، لەوانەیە پەیوەندیم بە گەورە قوتابییانی دکتۆر محەمەد شلتوتەوە بەهێزتر بووبێت، وەک شێخ محەمەد مەدەنی، ئەم پیاوە بە بۆچوونی من لە مەزنترینی ئەو کەسانە بوو، کە کاری بانگەوازی ئیسلامییان لە ئەستۆ گرتبوو، وانەکانی بەیانیانی ئەو و وانەکانی شێخ شلتوت نموونەی ئەدەبی ئایینی و ئامۆژگاریی ڕۆشنکار و پێکەوەبەستنەوەی ڕابردوو و ئێستا بوو، برادەرێکیشی هەبوو، من ئەویش بە مامۆستای خۆم دەزانم و سوودم لێی بینیووە، ئەویش: شێخ محەمەد عەبدوڵلا دەڕاز بوو، ئەم پیاوە بەجوانی شارەزای خوێندنەوەی قورئان بوو، خاوەن عەقڵێکی درەوشاوە بوو، کەسێکی لەخواترس بوو.

لەو مامۆستایانەی تر، کە سوودم لێیان بینیووە شێخ خزڕ حسین، پیاوێکی مەزن بوو، لەو قوتابیانەی دیکەی شێخ شلتوت، کە زۆر لێیانەوە نزیک بووم: شێخ محەمەد مەدەنی و شێخ عەبدولعەزیز عیسا و شێخ عەبدوڵلا مشد.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** خۆزگە لاپەڕیەکی یادەورەیت لەیاد دەبوو بۆت باس بکردینایە.

**شێخ مەحەمەد غەزالی:** شێخ مەدەنی خەڵک نازانن لە یەککاتدا لە بواری فیقە و ئەدەبدا شارەزا بوو، ئەو فەیقە بوو لە هەمان کاتدا ئەدیبیش بوو،

خەڵک ئاشنای ئەوەن کەسێکی قسەخۆش بووە و وشەکانی نەرمونیان بوون، کاتێ یەکێتیی سۆشیالیستی لەئارادا بوو دەیووت:

**إذا بلغ الرضيع لنا فطاما يروح الى اتحاد الشرك فينا**

وەک جۆرێک لە گاڵتەپێکردنی بریندارکەر ئەمەی دەگوت!

شیعری لەو جۆرەی لەبارەی بابەتی هەمەجۆر زۆر بوو کە لەنێوانی من و ئەودا نهێنی بوون.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** دەکرێت یادەوەرییەکانی بەڕێزتان لەبارەی درووستبوونی نزیککردنەوەی مەزهەبە ئیسلامییەکان بزانین؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** شوقە یان ڤێللایەکمان هەبوو لە زەمالیک، کە ئێستا تێک دراوە، زۆر جار لەوێ کۆدەبووینەوە، وا دەزانم ئەو کەسەی تێکی دا، هەموو پاشماوەی ئەو خێزانەی فڕێ دا، کە پێکهاتبوو لە من -کە بچووکترینیان بووم-، شێخ محەمەد تەقی قومی، ئەمینداری گشتی بوو، شێخ محەمەد مەدەنی، کە عەقڵی زانستیی ئەو کۆمەڵەیە بوو لە پاش شێخ شلتوت، بەهۆی ئەدەب و ڕەوشتی جوان و قسەخۆشیی و شارەزایی قووڵیەوە لە فیقهدا و ویستی زۆری بۆ کۆکردنەوەی ئوممەتی ئیسلامی هەبوو، من هەتا ئێستاش لەگەڵ ئەودا ئەو ویستەم هەیە، چونکە جیهان کۆ دەبێتەوە، مەسیحیەتیش بە تێپەڕبوونی کات بۆ چەندین دەستە پەرتەوازە بووە، لەوانەیە دەستەی یەکەم ئەرسۆزۆکسە ڕۆژهەڵاتییەکان بووبێت، پاشان برۆتستانتە ئینجیلیەکان، کڵێسای کاسۆلیکی مابووەوە پاش ئەوە ئەویش دابەشکرا، زیاتر لەمە کۆبوونەوەی ئەوانەیە لەگەڵ جوولەکەدا و کۆکردنەوەی عەهدی کۆن و عەهدی تازە لە یەک کتێبدا لە دژمان.

ئەگەر دوژمنانمان دەیانەوێت ئوممەتی ئیسلامی لەناو ببەن و لە سەرەتاوە فەڵەستینیان برد، ئیسرائیلی بچووک ڕێگا خۆشکردنە بۆ ئیسرائیلی گەورە لە فوراتەوە بۆ نیل، ئایا ڕاستە ئەوانە ناکۆکی و کەلێنەکانی نێوانیان وەلا بنێن و پێکەوە کۆ ببنەوە و ناڕەحەتی و کارەساتەکانی نێوانیان لەیاد بکەن و سەرقاڵی بونیاتنانی ئاییندەیان بن و ئێمەش خەریکی شەڕکردن بین لەسەر

ناکۆکییە کۆنە مێژووییەکانمان. گومانی تێدا نییە، کە چارەسەر پێویستی بەشتێک لە لێهاتوویی و سیاسەتی کۆکردنەوەی عەقڵ و سۆزداری پێکەوە هەیە، پێویستە زەمەن بەشێک بێت لە چارەسەر، هەندێک جار ئێمە لە مەڵبەندی گشتی ئیخوان موسلمین کۆدەبووینەوە تا گوێبیستی وتەی مامۆستا حەسەن بەننا بین، کە پیرۆزبایی لەم کۆمەڵەیە دەکرد و وەک سەرەتایەکی خێری ئەم ئوممەتە سەیری دەکرد.

ئەم کۆمەڵەیە لە ڕاستیدا پێویستی بە کەسێک هەبوو، خاوەن عەقڵی ئەدەبی و عەقڵی مێژوویی و سیاسی و عەقڵی فیقهی بێت، ئەگەر کەسایەتیی مرۆڤ هەموو ئەو لایەنانەی کۆکردەوە، ئەوا دەتوانێت کەلێنەکان بگرێت و ئوممەتی ئیسلامی وا لێ بکات بچێتە سەردەمێکی نوێ، کە بتوانێت پاش ئەوە بەرەنگاری داگیرکاریی ڕۆشنبیریی و سەربازیی و ئەوەی ئێستا سەرەتاکانی دەبینین ببێتەوە.

خوازیارم لە ئوممەتەکەمان بە شێوەیەکی جدی بیر بکاتەوە، شێخ عەبدولمەجید سەلیم دەستی پێکرد، ئەو موفتی و شێخی ئەزهەریش بوو، پاشان شێخ مەحمود شلتوت دواتر شێخ مەدەنی، لە ئیمامی و زەیدی و ئیبازییەکانیش کەسانێک دەبینم، کە لە ڕابردوودا دەژین و بە کەڵکی ئێستا و داهاتوو نایەن، ئەو کەسەی ئەیەوێت شەڕی جەمەلمان بۆ دووبارە بکاتەوە، ئەوا ئێستا لە شەڕی فەڵەستیندا سەرکەوتوو نابێت، ئێمە پێویستمان بە کەسێکە داهاتوومان دەرباز بکات، گریان بەسەر ڕابردوودا بەسمان نییە و نابێتە شەفاعەتکار بۆمان، لەوانەیە هەر وەک وتم، کاری زۆر بۆ بەرژەوەندیی ئوممەتی ئیسلامی کرابێت، ئێمە لە ژیانی کەسی و گشتیماندا لەوەدا ئیجتیهاد دەکەین.

لەیادمە، لە کاتێکدا لە مزگەوتی ئەزهەر وتاربێژ بووم، شێخ ئیبراهیم بن ناس، کە شێخی تەریقەتی تیجانی بوو لە سەنیگال هات بۆ سەردانمان، من نوێنەری ئەزهەر بووم لە مزگەوتی ئەزهەر، وام بینی سەنیگال و قاهیرە پێکەوە ببەستمەوە، داوام کرد وتاری هەینی پێشکەش بکات، وتاری هەینیی پێشکەش کرد و پاش نوێژ بەخەڵکەکەم ناساند، مسوڵمانان هاتن و دەستیان

ماچ کرد، پیاوێکیش لە عەدەنەوە هاتە لام وا ئەزانم لە شافیعیەکان بوو داوام کرد وتاری هەینی بدات لە ئەزهەر، هەوڵم دا خەڵکی لەدەور کۆ بکەمەوە تا بیناسن، ئەوە بوو ناسییان، هەتا وەفاتیشی کرد ئەو پیاوە لە عەدەن باسی منی دەکرد، وەفاتی کردووە ئێستا خوا لێی خۆش ببێت، پاش خۆی شوێنکەوتەکانی باسی ئەو دیدارە دەکەن، کە مسوڵمانانی تێدا پێکەوە کۆبووەتەوە.

ئێمە دەمانەوێت ژیانمان بکەینە ژیان بۆ ئایینەکەمان، چالاکیمان بکەینە چالاکی بۆ بانگەوازەکەمان، کۆبوونەوە و چاکبوونی نێوانیشمان بەو شێوەیە بێت، کە بۆ ئوممەتەکەمان گونجاو بێت و حزب و گرووپ و دەستە جیاوازەکانی پێکەوە کۆ بکاتەوە.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** بەڕێزتان کۆبوونەوە و دیدارتان هەبووە لەگەڵ زانایانی بانگەوازی ئیسلامی، کە عەرەب نەبوون، هەندێک لەوانە لە قاهیرە خوێندوویانە یان بەسەردان هاتوونەتە قاهیرە، وەک شێخ نەدوی.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ ساڵی (١٩٤٩ز) گەشتم بە شێخ نەدوی، لە کاتێکدا سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەکرد، تا ئاشنای مسوڵمانان و بانگەوازی ئیسلامی و بەتایبەتیش ئیخوان موسلمین ببێت، کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین لەو کاتەدا، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن مەلیک فاروقەوە بۆ دەرکرابوو، کە بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یەکەم دەناسرێت، من و شێخ سەید سابقی هاوڕێم پێشوازیمان لێی کرد و لەلامان مایەوە، لەیادمە من لەگەڵ شێخ نەدوی چووم بۆ بەنها، لەلایەن دەمەزراوەکانی بانگەوازەوە داوام لێکرا لە هەندێک لە مزگەوتەکانیان لە فەرمانگەی بەنها وتار پێشکەش بکەم، داوام کرد مامۆستا نەدوی وتاری هەینی بدات و من وانە پێشکەش بکەم، وتی: چۆنت پێ باشە وا دەکەین. گفتوگۆ سەبارەت بە بابەتی پیشنیازکرا و بۆ وتارەکە لە نێوانماندا درووست بوو، بابەتێکم بۆ پێشنیاز کرد وا ڕێککەوت ئەویش هەمان بابەتی بەبیردا هاتبوو، لێی پرسیم تۆ چ بابەتێک هەڵدەبژێریت؟

بابەتێکم وت، وتی: سوێند بە خوا منیش هەمان بابەتم لە خەیاڵدا بوو، ئێمە لە زۆر شتدا یەکمان دەگرتەوە.

ئەوە بوو ئەو وتاری هەینیی پێشکەش کرد و من بابەتێکم پێشکەش کرد، هاتینەوە بۆ قاهیرە، لێرە تووشی نەخۆشییەک بوو ترسام بمرێت، خوای گەورە شیفای دا، لەیادمە ویستی مامۆستا ئەحمەد ئەمین پێشەکی بۆ کتێبێکی بنووسێت کە داینابوو، لە ڕاستیدا ئەحمەد ئەمین زانا بوو، بەدەوی و منیشی خۆش دەویست، بەسەرهاتێکی خۆی لەگەڵ کتێبی (الاسلام والاوضاع الاقتصادية)ی منی بۆ باسکردم، لەگەڵ خۆیدا وەک مامۆستایەکی پەروەردە و فێرکردن لە وەزارەتی مەعاریف لە دانانی سیرەی پێغەمبەر و بابەتی ڕەوشتدا بەشداریی پێکردم، لەیادم نییە ئەو کاتە کێ وەزیری مەعاریف بوو، بەڵام ئەم کۆمەڵە (ئەحمەد ئەمین و عەبدولوەهاب عەزام و زەکی مبارەک و ئەمین خولی و محەمەد ئەبو زوهرە و شێخ عەلی حسب الله) ئەم پێڕە زانا گەورانە سەرکردایەتی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری میسریان دەکرد، خۆشحاڵبووم کەسێکی وەک ئەحمەد ئەمین، کە بیرمەندێکی لێهاتوو بوو بە بەرهەمێکم دڵخۆش بوو ببێت.

من مامۆستا ئەبولحەسەنی نەدوی، بە یەکێک لە پیاوە دەگمەنەکانی فیکر لە جیهانی ئیسلامیدا دادەنێم، ئەو هۆکاری هەستانەوەی فیکریی بوو لە هیندستان، هەر ئەویش عەقڵی پەسەندکار و دڵی بەجۆشیی ئەو هەستانەوەیە بوو، هەروەها گەیشتووم بە ئەبو ئەعلای مەودوودی پاکستانی، دیدارەکەمان زۆری نەخایاند.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** دووبارە یەکتان نەبینیەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەهۆی بارودۆخێک لێکجوودا بووینەوە و هەریەکەمان بە ڕێی خۆیدا ڕۆشت، دووبارە یەکمان نەبینیەوە، ئەو دیدارەش لە قاهیرە بوو.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** باسی شێخ محەمەد ئەبو زوهرەت کرد، بێگومان زانایەکی دیار بوو.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە کۆلێژی ئوصولی دین دوو ساڵی یەک لەدوای یەک مامۆستام بوو.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** یادەوریت لەگەڵیدا و پەیوەندیتان چۆن بوو؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** مامۆستایەکی زرنگ و پێشەوا بوو، بەچاکی وتاری دەدا، لە سەرەتای وتارەکەیەوە گوێی بۆ دەگری تا کۆتایی، دەبینی دەنگی لاواز نەبووە و مێشکی دانەمرکاوەتەوە، بلێسەیەکی تێدا بوو، مشتومڕکارێکی پلەیەک بوو، دەیزانی چۆن گفتوگۆکان وەربگرێت و بەبێ ڕاڕایی لەگەڵی بسووڕێتەوە، خزمەتکارێکی حەقیقەت بوو، ئەمین بوو لەسەری.

لای من و شێخ سەید سابق سکاڵای ئەوەی کرد، کە ناوی لە هیچ ڕۆژنامەیەکدا نایەت، کاتێ دکتۆر (عەبدوڵلا عەرەبی) مرد و پرسەنامەکەی لە ڕۆژنامەکان نووسرا، ڕێگری کرا لە بڵاوکردنەوەی، چونکە ناوی ئەبو زوهرەی تێدا بوو، ئەمە لە سەردەمی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدولناصردا بوو، لە ڕاستیدا ئەو ماوەیە، ماوەی نەهامەتیی توند بوو، بەڵام ئەو پیاوە بەچەسپاویی و پتەویی مایەوە، وتاری دەدا و وانەی دەگوتەوە و کتێبی دەنووسی و خەڵکی لەماڵەکەیدا کۆدەکردەوە و ڕێنمایی دەکردن و گوێی بە هیچ نەدەدا، وەک شێر بەبێ دوودڵی دەستەواژەکانی دەردەبڕی.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** چ ئامۆژگاریەکت هەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو، کە ئاشنای ئەو کەسانە نین وەک مامۆستا و وەک خوێنەر، ئێمە کەلەپووری ئەو نەوانەمان فەرامۆش کردووە و زۆر بڵاو نەبوونەتەوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** من دەمەوێت ڕۆڵەکانمان و نەوەکان هەموویان دانراوەکانی ئەو مامۆستایانە بخویننەوە، چونکە بەرهەمی ئەزموونی ژیان و کاری پڕ لە خێریانی تێدایە، لە کتێبەکانیاندا ئەوەی، کە ئوممەتی ئیسلامی پێ سەربەرز و سەرکەوتوو دەبێت نووسیوە، ئەگەرچی ئەوان فەرامۆشکرابن و

لەیاد نەبن، دەکرێت ئەوە کۆتایی بێت لەپاش وەفاتیان، ئێمە زۆر پێویستمان بە کەلەپووری ئەبو زوهرە و محەمەد مەدەنی و محەمەد عەبدوڵڵا دەڕاز و عەلی حسب الله و ژمارەیەک لەو زانا گەورانە هەیە.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** ئەم گفتوگۆ پڕ سوودە سەبارەت بە ژیانی شێخ محەمەد غەزالی لەم دوو ئەڵقەیەدا، کە لە خزمەت باسی ژیانی و قۆناغەکانی و فێربوون و گەشەکردن و منداڵەکانی و خێزانەکەی و هاوڕێکانی و مامۆستاکانی و دانراوەکانیدا بووین، کە ئەو دانراوانەی لێیانەوە فێر بوو، هەموویان تێکۆشانن لەپێناوی حەقیقەتی ئیسلام و لەپێناوی شەریعەتی ئیسلامدا.

لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەشدا، زۆر سوپاسی ئیمامی گەورەمان شێخ محەمەد غەزالی دەکەین و ئومێدەوارین لە سەر خێر و بەرکەت لە ئەڵقەیەکی تردا پێی شاد ببین.



# بەشی دووەم

## دانراوەکانی شێخ محەمەد غەزالی

گفتوگۆکار: د. محەمەد عەممارە

## ئەڵقەی یەکەم

**د. محەمـەد کـەمال ئیمـام:** بـە نـاوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، برایـانی بڕوادار سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت، پاش ئـەو گفتوگۆیـەی پێشـوو لەگـەڵ شـێخ محەمـەد غـەزالی، گفتوگـۆی پێشـوومان کـە سـەبارەت بـە یـادەوری و بیروبۆچـوون و دانراوەکـانی و جەنگـەکانی بـوو درێـژە پـێ دەدیـن، گفتوگـۆی ئـەمڕۆ تایبـەت دەبێت بـە دانراوەکانی شـێخ محەمـەد غـەزالی، دکتـۆر محەمـەد عەممارە گفتوگۆکاری ئەم بەشە دەبێت.

**د. محەمەد عەممارە:** بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، مامۆستامان من زۆر خۆشحاڵم بەم دیدارە، شادومان دەبین سەبارەت بە دانراوەکانت بدوێین، کـە سـوپاس بـۆ خـوا هـەتا ئێسـتا پـەنجا کتێبت چـاپ بـووە، بـە ویسـتی خـوای گـەورە لـە داهاتوویـەکی نزیکـدا چەنـد کتێبێکـی دیکەشـت خوێنـەران دڵخـۆش دەکەن، دەمەوێت لەبارەی چیرۆکی ئێوە لەگەڵ قەڵەمدا پرسیار بکەم، کاروانی ژیانی فیکریی ئێوە لە سەرەتاوە لەگەڵ قەڵەمدا چۆن دەستی پێکرد؟ سـەرەتای نووسینت بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، دەمەوێت پێش ئەوەی باسـی خـۆم بکـەم بـە وتەیـەکی ئیمـامی پایەبـەرز شـافیعی سـەبارەت بـە خۆی و عیلمەکەی و دانراوەکانی دەست پێ بکەم، دەڵێت: (خوازیـار بـووم ئـەم عیلمە بڵاو بووایەتەوە بەبێ ئـەوەی خـەڵک بـزانن خاوەنەکـەی کێیـە). لـە خـۆمم پرسـی: ئایا ئـەو پیاوە زاهید بـووە و ناوبـانگی نەویستووە؟ لەوانەیـە هەندێک کـەس چاویـان لـە ناوبانـگ بێـت، بـەڵام ئـەم پیـاوە ڕەزامەنـدیی خـوای بـەلاوە گرنگتـر بـووە لـەوەی خـەڵک بیناسـن، وا دیـارە ئـەو پیـاوە مەزنانـە - کـە ئێمـە بەسەر خاکی ئەواندا دەڕۆین- وا دیارە ئەوان هەڵوێستی خۆیان سـەبارەت بـە ژیان بەلایەنە ماددی و مەعنەوەیەکەیەوە وەک یەک دیاری کردووە، لـە لایـەنی

مەعنەوییەوە وەک ئەوەی لێیەوە گوێمان لێ بوو تەنها ڕەزامەندیی خوای لا گرنگە و دونیا نەویستە و لەم شیعرە جوانەیدا دەڵێت:

أَمطِري لُؤلُؤاً جِبالَ سَرَنديبا وَفيضي آبارُ تَكرورَ تِبرا
أَنا إِن عِشتُ لَستُ أَعدَمُ قوتاً وَإِذا مُتُّ لَستُ أَعدَمُ قَبرا
هِمَّتي هِمَّةُ المُلوكِ وَنَفسي نَفسُ حُرٍّ تَرى المَذَلَّةَ كُفرا

ئەو ئیمامە پایەبەرزانەی ئیسلام بەڕاستی هەڵوێستی خویان بەرانبەر دونیا و خەڵک دیاری کردبوو، بەو جۆرەش مانەوە تا ئەو ڕۆژەی بۆ لای پەروەردگاریان گەڕانەوە.

سەیری کەسانی وەک ئێمە بکە، لە ئاست ئەو چیا بەرزانەدا، کە مێژووی ئیسلام شانازییان پێوە دەکات، هەست دەکەم ئێمە گەردێکین، ئەوەی جێگەی دڵگرانیمە ئەوەیە مێژوو ناوی هەندێک لە پادشا یان هەندێ فەرمانڕەوا و ناوی هەندێک لە شاعیرانی لەخۆ گرتووە، کە لەوانەیە شیاو بەوە نەبن، بەداخەوە زۆرێک لە بەرهەمی زانایانمان دیار نەماوە.

**د. محەمەد عەممارە:** کەوتوونەتە تاریکییەوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ، تەنانەت ئوممەت لە زۆرێکیان سوودمەند نەبووە، بە بۆچوونی من مانەوەی ئوممەتی ئیسلام تا ئێستا بۆ هەوڵی سیاسەتمەدارانی ناگەڕێتەوە، ئەگەر بەهۆی هەوڵی سیاسیەکانیەوە بووایە ئەوا تیا دەچوو، بەڵکو مانەوەی پەیوەست بووە بە ئیمامەکانەوە، وەک ئەبو حەنیفە و شافعی و مالک و ئیبن حەنبەل و ئیبن تەیمیە، کە ژیانیان بە نووسین و دانان و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بردە سەر و سوودی زۆریان بە ئوممەت گەیاند. من وا سەیری ئەو ژینگەیە دەکەم کە تێیدا ژیام ژینگەیەکی زۆر جیاواز لە ژینگەکانی تر نییە، دەکرێت لە هەر کەسێکی صعیدی میسر پرسیار بکەیت ناوی چەندین زانای ئەزهەرت بۆ دەژمێرێت، کە هەیانە، لای ئێمە لە (بحیرە) شێخ محموود شلتوت و شێخ ئیبراهیم حمروش و شێخ سلیم بشری و شێخ محەمەد عەبدە و شێخ حەسەن بەننامان هەیە... لە هەموو جێگایەک

ئـەم جـۆرە ناوانـە دەبینیـت، کـە بـە زانسـت و هـەوڵ و کارکردنیـان خزمـەتی ئومەتەکەیان کردووە و خەڵکیان فێر کردووە، باوکم لـە کـێ فێـر بـووە منـاڵێکی هـەبێت خزمـەتی ئیسـلام بکـات، گرنـگ خزمـەتکردنی ئیسـلامە، ئەمـە واتایـەکی مەزنە و نەتەوەکان بەوە دەژین و بەوە دەمێننەوە.

لـە ڕاسـتیدا مـن کـاتێ سـەیری ئـەو ژینگەیـە دەکـەم، کـە تێیدا گـەورە بـووم، لەگـەڵ ئـەو هەوڵـەی ئـەنجامم داوە، هەسـت بـە شـتانێکی سـەیر دەکـەم کـە پێویستە بزانرێت، چونکە پەند و وانـەی تێدایـە... هـەموو شـتێک بـەو ئاراستەیە بوو کە من دەمرم، چونکە فێر بووم پاش ئەوەی بـاوکم پێـی وتـم: بـۆ کارێک بگـەڕێ، چونکـە تـۆ ئێسـتا ناتوانیـت بـەو بـڕە پـارەی بـۆت دەنێـرم بژیـت، مـن ئیفلاسم کردووە، ئەمـە ئـەو واتایـە دەگەیـەنێت مـن ژیـانم وەک قوتـابی کۆتـایی هات، باشە چۆن بە قوتابێتی مامـەوە؟ ئەمـە یـەک، دووەم: لـە نەخۆشـکەوتنەوە بۆ شتانێکی تر، من زۆر بە نارەحەت ئەژیام لەگەڵ ئەوەشدا ژیام.

دوای ئەمـە دەمێنێتـەوە ئـەوەی مـن هیچکـام لـەو پـەنجا کتێبـەم دانـەناوە پەنجەی قەدەر لە پشـتم نـەبووبێت، سـوێند بـە خـوا نـازانم چـۆن ئـەو کتێبانـەم داناوە، نازانم چۆنم توانیووە بیاننووسم، بەڵکو لەناکاو بینیوومە واتایـەک هەیـە پێویستە بنووسرێت و بڵاو بکرێتەوە و سەرنجی خەڵکی بۆ لای ڕابکێشـرێت و هەوڵبدەم لە دەرخستنیدا، دەمبینی بە هێزێکی وا ئامادە دەبـووم، کـە نەمـدەزانی لـەکوێوە بـۆم هـاتووە تـا ئـەو کـارە ئـەنجام بـدەم، بـۆ نموونـە کـاتێ چـووم بـۆ قەتـەر، لـەوێ پێـنج کتێبم دانـاوە، لـە کاتێکدا بـە بیرمـدا نـەهاتبوو یـەک کتێبیش لەوێ دابنێم، کاتێ چووم بۆ جەزائیر بە خەیاڵمدا نەهاتبوو لەوێ یـەک کتێبیش بنووسم، کەچی پێنج کتێبم نووسی.

**د. محەمەد عەممارە:** ئایا پڕۆژەی پێشوەختەت نەبووە؟

**شێخ محەمـەد غـەزالی:** بـۆ هـەموو ئەوانـە نەخشـە و پـلان نـەبووە، ئەوانـە قەدەرن، بە هەمان شێوەی کە بە ڕێگایەکدا دەڕۆیت و دەبینیت تووشـی شـتێک بوویت.

**د. محەمـــەد عـــەمارە:** واتـــە بابـــەتێک لـــە بابەتـــەکان بورووژێنیـــت و ڕووبەڕووبوونەوەی بە پێویست بزانیت.

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** مـن کەسـێکی پڕجۆشـم و نووسـین بـەجـۆش وخرۆشەوە دەست پێدەکەم و کەسێکم تا کۆتایی ڕێگاکەم دەڕۆم.

**د. محەمەد عەممارە:** خاڵی سەرەتا: چیرۆکی نووسینت کەی دەستی پێکرد؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا من لە کاتێکدا قوتابی پەیمانگا بووم لە ئەسکەندەرییە لە گۆڤاری ئیخواندا دەمنووسی، وا ناسرابووم داڕشتنم باشە، مامۆستای داڕشتن هەندێک جار دەفتەرەکەی دەبردم و لە پۆلەکانی تر دەیخویندەوە، هۆکارەکەی ئەوە بوو من زۆر دەمخوێندەوە، دەستم بە هەرچی بگەشتایە دەمخوێندەوە، تەنانەت هەندێک جار لە کاتی نانخواردندا کتێبم دەکردەوە و دەمخوێندەوە، چاوم لەسەر کتێبەکە و پارووم بۆ دەمم دەبرد نەدەچووە دەمم.

**د. محەمەد عەممارە:** خوێندنەوەی هەمەجۆر.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ لە هەموو جۆرێک، لەیادمە لە سەرەتایی بووم شتە دژەبەیەکەکانم دەخوێندەوە، کتێبی خورافی وەک (الروض الفائق في الوعظ والرقائق)، چەند کتێبێک سەبارەت بە جوگرافیای مرۆیی، چەند کتێبێک سەبارەت بە کارئەندامزانی (علم وظائف الأعضاء)، ڕۆمانی وەرگێڕدراو، لەگەڵ هەندێ کتێبی جنسی، هەموو ئەوانەم بەتامەزرۆییەکی بێسنوورەوە دەخوێندەوە، ئەوانە بۆ خۆم و پێکهێنەری فیکریم وەک باران وا بوون، کاتێ بەسەر زەویدا دەبارێت و دەگۆڕێت بۆ بیر و بە درێژای ساڵ دەبێتە سەرچاوەی ئاو، عەقڵی مرۆڤیش گەنجینەی تێدایە، هەر وەک کۆمپیوتەر شتی تێدا هەڵدەگیرێت و لە کاتی پێویستدا ئەوەی هەڵتگرتووە دەتداتەوە.

**د. محەمەد عەممارە:** لە چ قۆناغێکدا لە گۆڤاری ئیخواندا دەتنووسی؟

**شێخ محەمەد غـەزالی:** بەنزیکـەیی ئـەو کاتـەی لـە کۆلێژ بـووم، گـەرموگوڕ نەبووم، ئەگەر حەسەن بەننا نەبووایە ڕێگای نووسینم نەدەدۆزییەوە، چونکە وتـارێکم نـارد بـڵاو نەکرایـەوە، وتـاری دووەمـم نـارد، ئـەویش بـڵاو نـەبووەوە، هـەتا بێئومێد بـووم، نـازانم مـن باسـی ئـەوەم کردبـوو یـان نـا، هـەر وەک پـێم گەشتەوە مامۆستا بەننا چوو بووە نووسینگەی سەرنووسـەر و بـە مامۆسـتا سـاڵح عشـماوی[1]-نـازانم ئـەم چیرۆکـەم باسـکردووە یـان نـا- پێـی وت: بـۆچی ئیخوانەکان نانووسن؟ وتبـووی: نـازانم، ئـەوان نانووسـن مـن چییـان بـۆ بکـەم؟ سـەیری کردبـوو لـەوێ فـایلێکی پـڕ هـەبوو، وتبـووی: ئـەوە چییـە؟ وتـی: وتـارە هەڵگیراوەکانن، سەیری وتاری یەکەمی کردبوو، کە لە سەرەوە بوو، بینیـی هـی کەسـێکە بـە نـاوی (محەمـەد غـەزالی)، زۆر ئاشـنام نـەبوو، وتارەکـەی خوێندبووەوە، ئەوەی بینیبووی بۆی گێڕامەوە: کە ڕوخساری سـوور هەڵگـەڕا، زۆر توورە بوو، بە ساڵح عشماوی وت: تۆ بـەو شـێوازەت ئیخـوان دەکوژیـت، ئەم وتارە دەکەیتە سەروتاری ژمارەی داهاتوو، پاشـان نامەیـەکی بـۆ نـاردم — تـا ئێسـتاش لەبەرمـە- چونکـە تێیـدا نووسـیوویەتی: بـرام مامۆسـتا محەمـەد غـەزالی- ئـەو کاتـە هێشـتا قوتـابی کۆلێژ بـووم - وتـی: وتارەکـەتم خوێنـدەوە سەبارەت بە ئیخوان موسلمین و حزبەکان، دەربڕینـە قووڵـەکانی و واتـا ورد و ئەدەبە نەرم و نیانەکـەی خۆشـحاڵی کـردم، ئێـوەی ئیخـوان موسـلمین پێویسـتە ئاوەها بنووسن، بنووسـە و (روح القدس) پشـت و پـەنات بێـت و خـوات لەگـەڵ بێت.

بەڕاستی ئەو داواکارییە زۆر دڵخۆشی کـردم، ئیتر دەستم کـرد بـە نووسـین لە گۆڤارەکەدا، تەنها وتارم دەنووسی.

---

[1]- شـێخ سـاڵح مسـتەفا عشـماوی، خـاوەن و سـەرنووسـەری گۆڤـاری (الـدعوة الـسلمیـة)و یەکێک لە هێما مێژووییەکانی بانگەوازی ئیخـوان موسـلمین، باشـەی دەسـتپێکردن و گەشـەی ڕۆژنامەگەری ئیسلـمی لـە سـاڵانی سیەکانی سـەدەی ڕابـردوودا و تـا وەفاتیشـی لـە مـانگی دیسەمبەری ساڵی (١٩٨٣ز) بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

**د. محەمەد عەممارە:** یەکەم وتارت لە چ ساڵێکدا بوو؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ساڵی (١٩٣٩ز) یان (١٩٤٠ز) بوو، بەڵام یەکەم کتێب نووسیبێتم کتێبی (الاسلام والاوضاع الاقتصادية) بوو، ئەم کتێبە کاریگەریی لەسەر ژیانم هەبوو، چونکە یەکەم کتێبم بوو، خۆشحاڵبووم، کە مامۆستا سەید قوتب –خوا لێی خۆش بێت- کتێبەکەی خوێندبووەوە و لە گۆڤاری (الجمهور المصري)دا – کە ئەبولخێر نەجیب دەری دەکرد- وتارێکی لەسەر نووسی، کە یەک لاپەڕەی ڕۆژنامەکە یان زیاتر بوو، ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەم کتێبە قسەی یەکلاکەرەوەی سەبارەت بە لایەنی ئابووری تێدایە، هاوشێوەی کتێبەکەی عەزامە (الرسالة الخاليدة عن الاسلام). نەمبینیوە کەس وەک سەید قوتب –خوا لێی خۆش ببێت- بەپەرۆشەوە لەبارەمەوە بنووسێت و بەدڵسۆزییەوە بە خوێنەرانم بناسێنێت، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بیناسم، چووم بۆ سەردانی و سوپاسم کرد و پێم وت: تۆ متمانەت بۆ گێڕامەوە بە ویژدانی ئەدەبیی میسری، وتی ئەمە بەسە بۆ من. پیاوێکی لێهاتوو بوو.

**د. محەمەد عەممارە:** لەوانەیە هەندێک کەس ئەو پرسیارەیان هەبێت: تۆ مامۆستایەکی دەرچووی کۆلێژی ئوصولی ئایینی زانکۆی ئەزهەریت، پیشەت ئامۆژگاری و ڕێنمایی بووە لە وەزارەتی ئەوقاف، خاڵی یەکەمی گرنگیپێدانت ڕەوشی ئابووریی بووە، بۆی هەیە هەندێک خەڵک ئەو پرسیارەی بۆ درووست بێت، لە ڕاستیدا ئەوە سەیر نییە، بەڵام هەندێک کەس بەرهەمی فیکری بە جۆری پسپۆڕی زانستی دەپێون.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەو قسانە ڕاستن، بەڵام سەرنجت بۆ شتێک ڕادەکێشم، من بەباشی لە قورئان ڕادەمێنم و بەدڵسۆزی و قووڵییەوە شوێنی واتاکانی دەکەوم، قورئان کتێبی ژیانە، ئابووری و سیاسەت و ئامۆژگاری و ڕەوشت و پەروەردە و یاسادانان و هاوشێوەی تری ئەمانەی لەخۆ گرتووە، بەیەکسانی و بە شێوەیەکی گشتی ئەو لایەنانەی باسکردووە، سرووشتی من وایە بەراورد دەکەم لەنێوان ئەو ژیانە مەعنەوی، یاخود ڕۆحی یان

نموونەییەی کە قورئانی پیرۆز وێنای دەکات، لەگەڵ ئەو واقیعەی تێیدا دەژیم... ئەم بەراوردکردنە لە ژیانی من دانابڕێت، ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیام نموونەیەکی هەموو ژینگەی میسر بوو، لەوانەیە هی هەموو ژینگەی عەرەبییش، تێکڕا ڕووبەڕووی دابڕانێکی سەیری چینەکانی ئوممەت بووبوونەوە.

ئوممەت دابەشکرابوو لەنێوان گەورە و کۆیلە یان زۆر دەوڵەمەند و زۆر هەژاردا، خەڵکانێک لە لووتکەدا و خەڵکانێکیش لە خواری خوارەوە، بینیم ئەم جیاوازییە جێی سەرنجە، چونکە نازانم باشێتیەکان هۆکاری ئابوورییان هەیە و خراپییەکانیش هەروەها هۆکاری ئابوورییان هەیە، نەتەوەکان ئەگەر جڵەوی خۆیان دایە دەست دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانەکان، وەک ئەوە وایە گەردنی خۆیان دابێتە دەست قەساب، ئەمە بەو واتایەیە، کە من پێویستە لەسەر ئەم بابەتە بنووسم، کە خودی خۆم بەدەستییەوە دەناڵێنم، ئەوە بوو کتێبی: (الاسلام والاوضاع الاقتصادیة)م لەسەر ئەو بنەمایە نووسی.

**د. محەمەد عەممارە:** بە بڕوای من ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام تەنها دین نییە، بەڵکو دین و دونیایە، بەو بەڵگەیەی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییەی لە ئارادایە، فیکری ئیسلامیی سەرقاڵ کردووە، هەتا ئەوەش کە پسپۆڕ نییە لە ئابووریدا، چونکە مادام کەسەکە پسپۆڕە لە زانستەکانی ئاییندا، ئەوا ئەو کێشە و بابەتانەش دەبنە جێی گرنگیپێدانی.

من دەمویست بەر لەوەی سەبارەت بە تەوەرەکانی پرۆژەی فیکری و کتێب بەردەوام بین، بپرسم: ئایا بەڕێزتان نەریتێکی خۆتان هەیە لە نووسیندا، واتە: کاتێ دەنووسیت، هەندێک نووسەر کاغەزی دیاریکراوی هەیە... قەڵەمەکەی جۆرێکی تایبەتە... دانیشتنێک، یاخود کەشێکی تایبەت بۆ نووسین؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** من لە هەموو کەشێکدا دەمنووسی، ئەو کاتەی قوتابی بووم لە کۆلێژ لەسەر حەسیر ڕادەکشام و دەمنووسی، نە مێز و کورسی و نەقەڵەمی مرەکەب و نەهیچ شتێکی لەو جۆرە، لەسەر زەوی بە شێوەی نیمچە کڕنووش دەمنووسی، چونکە جگە لەوە هیچی ترم نەبوو، پاش

ئەوەی گەشەم کرد و وام لێهات لەسەر مێز بنووسم و قەڵەمی ئامادەکراوم هەبێت، لە بەیانیان یاخود ئێواران، هەرکاتێک بیرۆکەیەکم بۆ هاتبا، دەمنووسی، دەبووایە بیرۆکەکە بخەمە سەر کاغەز، جا لە هەر بار و بەهەر شێوازێک بووایە... شتێک هەیە لە سرووشتی مندا، کە دەبێت باسی بکرێک، چونکە ئەوە چارەسەری هەندێک ئاڵۆزی دەکات، من لەوانەیە خۆم دووبارە بکەمەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە هەرگیز ئەوەی دەینووسم نایخوێنمەوە، وەک ئەوەی بارێک بووبێت بەسەر شانمەوە و دەربازم بووبێت لێی، حەز ناکەم بگەڕێمەوە سەری، لەبەر ئەوە نازانم چیم نووسیووە، هەر بۆیە هەندێک جار، کە دەیخوێنمەوە سەیرم لێدێت ئایا من ئەمەم نووسیووە، هەندێک جاریش شتێک دەنووسم و بابەتەکە یان واتاکەی دووبارە دەکەمەوە، چونکە نازانم پێشتر ئەوەم وتووە و لە یادی ئەکەم، ئەمە هەندێک لە سرووشتی منە و گیرۆدەم بەدەستییەوە، بەڵام سرووشتم وایە، چی بکەم؟

**د. محەمەد عەممارە:** کتێبی دووەمت پاش (الاسلام والاوضاع الاقتصادية)؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** کتێبی: (الاسلام والمنهاج الاشتراكية) بوو، پاش ساڵێک لە کتێبی یەکەم ئەو پێشوازییە گەرمەی لەو کرا بووە پاڵنەر، کاتێ بینیم خەڵکی بەگەرمی پێشوازییان لێکرد و سەرکەوتوو بوو، سەرکەوتنیش هاندەرە بۆ مرۆڤ، ئەوە بوو کتێبی دووەمم نووسی، مامۆستا خالید محەمەد خالیدی برام، کە هاوڕێی تەمەنە، لەگەڵ ئەو ناکۆکییە فیکریانەی لەنێوانماندا هەبوو، بەڵام هەڵوێستەکانمان و سرووشتمان پێکەوە دەگونجا، من سەرسام بووم بە بەڕێزی و ئەمەکداری و ڕاستگۆییەکەی لەوەی کە بە خەڵکی دەڵێت، لەیادمە کاتێ کتێبی دووەم چاپ بوو کڕنووشی سوپاسگوزاریم بۆ پەروەردگارم برد، کە یارمەتی دام کتێبی دووەم بنووسم. کتێبەکەم دەر چوو، هەمووممان هەوڵمان دەدا ئیسلام وا لێ بکەین ببێتە بنەڕەت لەو بابەتانەدا، هۆکاری ئەمەش ڕوون بوو، شیوعیەت لەو کاتەدا وڵاتی تەنیبووەوە، بەهۆی هەبوونی بۆشایی ئایینییەوە شیوعیەت هاتبوو ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

دەوڵەمەنـدەکانمان گـەمژە بـوون، دەکـرا شـتێک لـە خۆشـگوزەرانی، یـان پێویستیی ژیان بۆ خەڵکی فەراهەم بکەن، بەڵام خۆپەرست بوون، لەو قۆناغەدا نووسینەکەمان – ئێستا دەزانم- جۆرێک لە زیادەڕەویی تێدا بوو، لەبەر ئەوە هەندێک کتێبی خۆمم لەوە ڕاگرت چاپ بکرێنەوە، تا ئەو میانڕەوییەی پێویستە بۆیـان بگێڕمـەوە، نـازانم بـۆ دانـی پێدا نـانێم مـن بەڕاسـتی لـە ئیشـتراکیەتدا خەڵەتێنرام.

چاکسـازی ڕاسـتەقینە بـەو جۆرەیـە، مـن پشـکنین بـۆ نەخۆشـەکە بکـەم بـەوردیی و چارەسەرەکەشـی بـەوردی بناسـێنم، چونکـە نەخۆشـەکە ئـازاری هەیە و دەیەوێت لە ئازارەکەی دەربازی ببێت، هەر کاتێ باسی چارەسەری بۆ بکەین بەبێ هۆشیاری بەرەو لای دەچێت، من لە ئیشتراکیەتدا فێڵم لێکرا، بـەڵام ئەگـەر جێبـەجێکرانی باشـتر بووایـە، ئـەوا فێڵلێکـراو نـەدەبووم تێیـدا، ئەگـەر ئیشتراکیەت لایەنی زیادەڕەوی تیاکراوی یاخود لایەنی میانڕەوی بریتی بێت لە شیوعیەت دەکرا چارەسەر بێت بۆ هەندێک ڕەوش، بەڵام دەرمانی سـەرەکی دەروونـی مرۆڤایـەتی  ناکرێت تـەنها مـادی بێت، ئەمـە ئەسـتەمە. پێویسـتی بـە ویژدانێک یـاخود دڵێک هەیـە، شـیوعیەت لای ئێمـە خـۆی وا ناسـاند، کـە خـوا بـوونی نییـە و ژیـانیش مادەیـە... لێرەدا شـیوعیەت مرۆڤایـەتی خسـتە ئاسـتێکی ئـاژەڵی باشـتر لـە ژیـانی سـەگ و گـورگ، بـەڵام ئاژەڵییـە و پەیوەنـدیی پچڕاوە لەگـەڵ خـوای گـەورەدا، ئیتـر چـی بـۆ مرۆڤایـەتی دەمێنێتـەوە لـە پـاش ڕەتکردنەوەی خودا و دابڕانی هەست لێی.

**د. محەمەد عەممارە:** تەنانەت جێبەجێکرانەکانیش واتە: ڕووی نەداوە ئەوەی بە ئیشتراکیەت ناسرابوو جێبەجێ بکرێت، ئەوان بوونە حزب و چین و چوونـە شوێنی سەرمایەداری.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ هەر لەبەر ئەوەش بۆم دەرکەوت، وەک ئەوەی ئـەو کەسـانەی هەسـتاون بـەم شـیوعیەت، یـاخود ئیشـتراکیەتە لـە دژی ئـەو کەسانە لە چینەکانی تر هەستاون، کە سـەروەت و سـامانیان بەدەست هێناوە، دەیانـەوێت ئـەوەی لـە دەسـتیان چـووە یـان دوورە لـە دەسـتیان -بـە نـاوی

خەڵکەوە یان بە ناوی گەلەوە- لێیان وەرگرنەوە بۆ خۆیان، لەبەر ئەوەی تەنها کەسانێکی کەمیانم بینی ڕاستگۆ بێت لەوەی، کە بۆ گەلی دەوێت، ئەگەرنا زۆرینە بەر لە هەموو شت بۆ خۆیانیان دەویست، کاتێ کارەکان ئاشکرا بوون، بینیم ئەوانەی خۆیان بە ئیشتراکی دەزانی لە مەلیک خراپتر بوون و لەوان زیاتر لە هەوڵی کۆکردنەوەی ماڵ و ساماندا بوون.

**د. محەمەد عەممارە:** کتێبی یەکەم و دووەم لە کۆتایی چلەکاندا بوو (١٩٤٧یان ١٩٤٨ز) مامەڵە لەگەڵ بڵاوبوونەوەیان چۆن بوو؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** پێمخۆشە ئەوە بڵێم هەمیشە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە پێم پێدەکەنین، ئەوان دەیانەوێت کەسێک هەبێت ویستی چاپکردنی کتێبێکی هەبێت و بۆی ئەنجام بدەن، بەڵام مامەڵەی داراییان زۆر خراپ بوو، واتە گاڵتەیان پێ دەکردین، بەڵام من شەرمەزارم لەبەردەم کەسانی تردا ئەوە بڵێم، لەوانەیە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کتێبەکانم زۆر بڵاو بوونەوە و سەرەتا هەرزان بوون، من بەڕاستی وام دادەنا پەیامێکە و دەگەیەنرێت و باشتر وایە بنووسم، بە خۆمم دەوت: زانایانی پێشینمان کە دەیاننووسی، لە گیرفانی خۆیان پارەیان دەدا بەو کەسانەی کتێبەکانیان دەگەیەنن بە خەڵک، چونکە خاوەنی فکرەیەک بوون دەیانویست بە خەڵکی بگات و بڵاو ببێتەوە، یان مەبەستیان بوو لە پێناوی خوادا خەڵک فێر بکەن، ئەگەرنا بابەتەکە بازرگانی نەبوو، کتێب چاپ بکەم و پارەی زۆر یان کەمم لێی دەست بکەوێت.

ئەو زانایانەمان کە لێیانەوە فێر بووین و ئەوانەی کتێبەکانیانمان خوێندەوە، هەرگیز بیریان لەوە نەکردووەتەوە بەهۆی کتێبەکانیانەوە پارەیەکیان دەست بکەوێت، لەوانەیە ئەم نەریتە لە ئەوروپاوە هاتبێت، لە هەمان کاتدا لە جیهانی ئیسلامیدا ژیانێکی بەقەد پێویست و سەربەرزانە بۆ زانایان دابین کرابوو.

**د. محەمەد عەممارە:** هەندێک دەزگا و دامەزراوە هەبوو بووبوونە جێنشینی ئوممەت لە دارایی و ساماندا، وەک ئەوقاف، کە بە هەموو بوارەکان هەڵدەستا.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا بینیم داگیرکاریی جیهانی ئەو فەرمانڕەوایانەی سەپاندوونی ڕاسپاردووە، کە وەقفە خێرخوازییەکان دەبێت هەڵبوەشێنەوە، چونکە ئەو وەقفانە بوو ژیانی ئێمەی قوتابیی دابین دەکرد، ئەوە نەبووایە نەماندەتوانی بخوێنین، زانایان دەیانووسی و دڵنیا بوون لەوەی پەروەردگاریان و ئایینەکەیان ڕۆزییان فەراهەم دەکات.

**د. محەمەد عەممارە:** زانا لە پێناوی خودا و بۆ خەڵک دەینووسی، نووسەرەوەش بۆ خەڵکی و لەپێناو خودا دەینووسییەوە، بەڵام ئێستا بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەیە!

**شێخ محەمەد غەزالی:** پرسەکان بوونەتە مادی، ئەمەش یەکێکە لە نەنگیەکانی، کە فیکری ئایینی دامرکاوەتەوە یاخود لاواز بووە، چونکە تا ئێستاش بە شێوەی درووست خۆی ناخاتە ڕوو.

کاتێ دەبینم فیکری ئایینی لە کتێبەکانی ئەبو حامیدی غەزالی، یان لە کتێبەکانی ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم یاخود کتێبەکانی ئیبن جەوزی و نووسینەکانی ئیمامی حەرەمەین چۆن خراوەتەڕوو، سەیر دەکەم ئەوان بە شێوەیەکی بەهێز خەڵک فێر دەکەن، چونکە ئەمە پەیامێکە پێویستە بگەیەنرێت، بەڵام ئێستا فێرکردنی ئایینی ناگێڕینەوە بۆ سەرچاوە باشە بەرزە نموونەییەکانی، کە فێرکردن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا و درێژەپێدانی پەیامەکەی محەمەد بوو (دروودی خوای لەسەر)، وەک ئاگادارکردنەوەیەکی خەڵکی لەوەی ئەو بەیانییەی پرشنگەکەی لەگەڵ سەرەتای پەیامی محەمەددا دەستی پێکرد، هەتا ئێستاش لە ڕێی ئەو چرا بچووکانەوە کە لێرە و لەوێ ڕووناکی دەبەخشن بەردەوامە.

**د. محەمەد عەممارە:** واتە قوتابخانەیەکە لە زانست و فێرکردنی زۆر باشدا، ئایا بەڕێزتان ئەم بابەتەتان لە هیچکام لە کتێبەکانتاندا باسکردووە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەندێک جار دەنووسم - وەک پێشتر باسم کرد بۆت- لەیادم ئەچێت، بەڵام دەبێت بەتایبەت ئەمەم باسکردبێت، چونکە من ئایین لە ژیان دانابڕم، لەیادمە مامۆستایەک هەبوو بەرپرسمان بوو لە کاردا و مامۆستاشمان بوو (البهي الخولي) –ڕەحمەتی خوای لێ بێت–، ڕۆژێکیان پێی وتم: ئایا کتێبی (دع القلق وابدأ الحياة)ت خوێندووەتەوە؟ وتم: نەخێر، وتی: من کتێبەکەت پێدەدەم بیخوێنەرەوە و پاشان بۆچوونی خۆتم لەبارەیەوە پێ بڵێ. پێی دام و بە دوو ڕۆژ خوێندمەوە، پاش تەواوبوونی خوێندنەوەی پێم وت: ئەم کتێبە بۆچوونی درووست و ساغی تێدایە و وا دەزانم زۆربەیان لای ئێمەش هەن، وتی: من ئەوەم لە تۆ دەوێت ئەم کتێبە بگەڕێنیتەوە سەر سەرچاوە فیکرییەکانی لای خۆمان، وتم: بە ویستی خوای گەورە دەتوانم، ئەوە بوو کتێبی (جدد حياتک)م نووسی، کە تێیدا پوختەی ئەوەی (دیل کارینجی) باسی کردووە هێناوە و گەڕاندوومەتەوە بۆ بنچینەکانی لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و ئەدەبی تەسەوف و ئەو نموونە و ئەزموونانەی لە مێژووی ڕۆشنبیریماندا بینیوومە، ئیدی کتێبەکە وای لێهات وەک ئەوەی لە مێژوو و پێگەیشتنیدا کتێبێکی عەرەبی بووبێت.

**د. محەمەد عەممارە:** ئەگەر کتێبی (الاسلام والاوضاع الاقتصادية)و کتێبی (الاسلام والمنهاج الاشتراكية) وەڵامدانەوەی ئەو ڕەوشە ئابوورییە بن کە لەئارادا بوو، ئەو جیاوازییە ترسناکەی لە ڕووکاری کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەدا هەبوو، نموونەکەی تر بریتییە لە نوێکردنەوەی خودی ئیسلام بە مەنهەجێکی ئیسلامی.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەوسا لەنێو خەڵکدا دەستکورتی باو بوو و بۆ ئێمەش مابووەوە، کە ئەوە ڕێگای قیامەتە و بەهەشت لە دەوڵەمەندەکانەوە دوورە، پاشتر تێگەیشتم کە ئەم بیرکردنەوەیە نەخۆشییە و تووشی ئوممەتەکەمان بووە و بووەتە هۆی دواکەوتن و کوشتنی مرۆڤایەتییەکەی.

**د، محەمەد عەممارە:** من دەمویست هەڵوەستە لەسەر کتێبی (جدد حیاتک) بکەم، من ئەوە بە ئاراستەیەکی تر دادەنێم، چۆن نوێکردنەوەی خودی مسوڵمان بە مەنهەجێکی ئیسلامی دەبێت، ئەمەش مەشخەڵێکە لە مەشخەڵەکانی چاکسازی، چونکە تەنانەت ئەگەر ژیانی خەڵکی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییشەوە باش بکرێت لەوانەیە تووشی بەفیڕۆدان و خراپبەکارهێنانی سەروەت و سەرمایە ببێت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ژیانێکی مادیی خۆشگوزەران لەگەڵ هەژاری ڕۆحیدا مرۆڤایەتییەکی دواکەوتووە.

**د. محەمەد عەممارە:** هەتا لەپاڵ بوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و فەراهەمبوونی پێویستییە مادییەکانیشدا، خود دەمینێتەوە، چونکە گۆڕانکاری لێرەدا لە (خود)دا دەبێت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** برای بەڕێزم، هەر دابڕانێک لە خودا ونبوون و بۆشاییە، ونبوونی ئەدەبی و مادییە، من دەروێش نیم، بەڵام شیوعیەت هەموو هەوڵێکی دەدا گەردوون بخاتە خزمەتی خۆیەوە، لە ڕووی زانستییشەوە ئەوەی لە توانایدا بوو ئەنجامی دا، یەکەم مرۆڤی ناردە بۆشایی ئاسمان، بەڵام بەهۆی ئەوەی خودای لەگەڵدا نەبوو، بەهۆی ئەوەی بێباوەڕی چاکییەکانیشی داپۆشیبوو، دەرئەنجامەکەی مایەپووچی بوو.

**د، محەمەد عەممارە:** لە ئاستی حەزە ئاژەڵییەکاندا وەستا.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ، دوای ئەوە مایەپووچ بوو.

**د. محەمەد عەممارە:** وا بزانم کتێبی تر هەیە وەک (خلق المسلم) و کتێبی تریش سەبارەت بەم بابەتانە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** کتێبی (الجانب العاطفي من الاسلام) و (ركائز الايمان بين القلب والعقل) و کتێبی تریش زۆرە لەسەر ئەم بابەتە دواون، ئەم لایەنە لە مێژووی ئیسلامیماندا تەسەوف توانیویەتی پڕی بکاتەوە، من تەسەوف بە

کانێکی پڕ خۆڵ و دوڕ و گەوهەر دادەنێم، پێویستی بە پسپۆڕێکی بەڕێز هەیە بچێتە ناوی تا دوڕ و گەوهەرەکان دەر بهێنێت و خۆڵ و خاشاکەکە دوور بخاتەوە. بەداخەوە ئوممەتی ئیسلامی نەیتوانیوە بەباشی سوود لەو گەنجینانە وەربگرێت کە لە تەسەوفدا هەیە، من هەندێک جار نووسینی ئیبن (عطاء الله السکندري) دەخوێنمەوە، تووشی سەرسوڕمان دەبم، وام هات بە خەیاڵدا کە حیکمەتەکانی ئیبن عەتای سکەندەری شایستەی ئەم وتەیەی سەعد زەغلولە: (هەر ئەڵێی لە قورئانەوە دابەزیوە یان پرشنگێکە لە ڕۆشنایی قورئانی پیرۆز)، چونکە پیاوێکم بینی شارەزای خوا بوو (الرحمن فسئل به خبیرا) (الفرقان: ٥٩)، شارەزای ئەو ڕێگایانەی بوو کە بۆ لای دەچن، پسپۆڕە لە دەروونی مرۆیی و نەخۆشییەکانی، دەیەوێت وابەستەت بکات بە پەروەردگارتەوە، بەسادەیی پێت دەڵێت: (هیچ داخوازییەک ئاسان بەدەستەوە نەهاتووە ویستبێتت خۆت بەدی بێنی، هیچ داخوازیەکیش سەخت نەبوو ویستبێتت پەروەردگارت بۆت بەدیبێنێت). سەرقاڵبوونت بەوەی فەراهەم کراوە بۆت و یاخود تەمبەڵیکردنت لەوەی داوا کراوە لێت، ئەمانە بەڕاستی ڕامانی پیاوێکی فیکر قووڵەوە، کە بەچاکی لە ئیسلام تێگەیشتووە: (ألیس الله بکاف عبده) (الزمر: ٣٦)، ئایا دەکرێت بڕیارێک بەبێ ئەوەی پەروەردگار ئاگاداری بێت تێبپەڕێت، ئەستەمە، ئەو دڵئارامیی مرۆڤەکانی دەوێت، تا بەئارامی بە ڕێگای بەدەستهێنانی ڕۆزیدا بچن و نارەحەت نەبن، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەمە بە شێوە دارشتنێکی ئەدەبیی جوان و شارەزا لە سرووشتی مرۆڤ دادەڕێژرێتەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئیبن عەتا ئەم وتە جوانانەی هەیە، وتەی دیکەیشی هەیە، کە ناکرێت هەرگیز قبووڵ بکرێت، کتێبێکی سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی تەدبیر داناوە، ئێستا ناوەکەیم لەیاد نییە، دەمەوێت لەبارەیەوە بڵێم: ئایا ئەو کاتەی کۆرپەلەی لە سکی دایکتا هیچت بۆ خۆت دابین کردووە، کێ جین و کرۆمۆسۆمەکانی درووست کردووە، کێ بەرزیی و کورتی داناوە و عەقڵی پێ داویت، دایک و باوکی پێ داویت... (التنویر في إسقاط التدبیر) ناونیشانی کتێبەیەکە بەو مانایەیە دەکرێت لە هەندێ ڕووەوە ڕاستی بکەمەوە، بەڵام لە هەندێ باسدا بیرکردنەوە تێیدا شێتییە، چونکە

لەلایەن خوای گەورەوە قەدەر بەڕێوە دەبرێت و دەستی مرۆڤی لێ دابڕاوە، هەوڵدان بۆ چوونە نێو ئیرادەی مرۆڤایەتی جۆرێکە لە شکستهێنان، بەڵام لە بابەتی تردا پێویست دەکات بجووڵێت و پێت بڵێت: کار بکە، کار بکە.

**د. محەمەد عەممارە:** لەوانەیە هەندێک جار ئەزموونێک خودی بێت لای ئەو سۆفیەی کە وەرزشی ڕۆحی ئەنجام دەدات و ناشێت بگشتێندرێت، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە ئەو بابەتەی بەڕێزتان لە چەند کتێبێکدا لەبارەیەوە دواون، نوێکردنەوە و بووژاندنەوەی دەروونی ئیسلامییە (النفس الاسلامیة) بە ڕادەیەکی مامناوەندی لە تەسەوف.

**شێخ محەمەد غەزالی:** خۆمم وا ڕاهێناوە زاراوەکان بگۆڕم، بۆ نموونە لای سۆفییەکان دەربڕینی (مجذوب: کێشکراو) وشەیەکی بێمانایە، من بە (مستغرق: ڕۆچوون) تێیگەیشتم، هەندێک جار خۆم وا دەبینییەوە، کە پێویستە پاش دە خولەکی دیکە وانەیەک بڵێمەوە، دەچمە نێو خۆمەوە و دەگەڕێم و بەهۆی ڕۆچوونەوە دەر نەدەهاتمەوە، گومانی تێدا نییە کەسانێک هەندێک جار، بەرزی و شکۆمەندیی پەروەردگار و ڕامان لە مەزنیی گەردوون و ڕاستەوخۆ گواستنەوە لێیەوە بۆ مەزنی درووستکارەکە و هەستکردن بەوەی، کە ئەزەل و ئەبەد و ئاسمانەکان و زەوی و عەرش زاڵە بەسەر شعووردا، ئەگەر من بەندەیەکی بێبەها بم لەبەردەم بەرزیی خوا، لەیادم دەچێت، بەڵام (مجذوب: کێشکراو) نیم، من (مستغرق: ڕۆچوو)م، بەڵام سرووشتی ئەو کاتانەی وایە کەمە، گومان نابەم هەتا لە ژیانی پێغەمبەرانیشدا زۆر بخایەنێت، لە کاتێکدا ئەوان لە لووتکەدان.

**د. محەمەد عەممارە:** حاڵەتی دەروونیش دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانی فسیۆلۆژی خێرای مرۆڤ.

**شێخ محەمەد غەزالی:** شتی زۆر لە تەسەوفدا هەیە پێویستە سەرلەنوێ بخرێنەوەبەر باس لەگەڵ بوێریی لە ڕاڤەیاندا.

**د. محەمەد عەممارە:** نموونەی ئەوەی ئیمام ئەبو حامیدی غەزالی لەو بوارەدا نووسیوویەتی ڕوونە و سوودی زۆرە، واتە لەوەدا میانڕەوێک بووە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەبو حامیدی غەزالی چەند قوتابخانەیەک بوو، کەس ناتوانێ پێشەوا بێت لە ڕۆشنبیریی ئیسلامییدا، ئەگەر دەرچووی یەک قوتابخانە بێت، واتە: قوتابخانەی سوننەتی پێغەمبەر قوتابخانەیەکە، قوتابخانەی تەفسیر قوتابخانەیەکە، قوتابخانەی ئوصول قوتابخانەیەکە، فیقهـ بۆ خۆی قوتابخانەیەکە، عیلمی کەلام و ئەو فەلسەفانەی پەیوەندداڕن پێیەوە قوتابخانەیەکە، ئەمانە هەریەکەیان بۆ خۆیان قوتابخانەیەکن، بەڵێ کەسانێک هەن لێهاتوو و زیرەکن، زەمەخشەری لە ئەدەب و کەلامدا لێهاتووە، بەڵام کەسێکی وەک ئیبن تەیمییە و ئیبن قەیم ئەمانە لە هەموو شتێکدا لێهاتوو و زیرەک بوون، وای دەبینم غەزالی فەقیە و سۆفی و پەروەردەکارێکی خاوەن ئاکاری بەرز بوو، لەپاڵ ئەوانەدا فەیلەسوف بوو، لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی لە سوقرات و ئەرستۆ بەرزتر بوو، چونکە ئەم لە سەرەوە بۆیان دێت و ڕاستەکانیان و هەڵەکانیان دەزانێت و ڕەخنەیان لێدەگرێت و لێکۆڵینەوەی ئایینەکان دەکات، لەبەر ئەوە ئەو چەند قوتابخانەیەک بوو پێکەوە، ئیبن تەیمیەش بە هەمان شێوە، من نازناوی شێخی ئیسلام بۆ هەموو کەس بەکار نایەنم، بۆ کەسێک بەکاری دێنم، کە لە چەند قوتابخانەیەکدا لێهاتوو بێت، بەڵام ئەو کەسەی تەنها شەرعزانە یان بەتەنها ئوصولییە یان فەرموودەناسە، ئەم کەسە تەنها لە یەک لایەندا پسپۆڕە.

تێبینیی ئەوەم کردووە هەندێک لە ئیمامەکان ئەو لایەنانەیان تێدایە، کە باسم کرد، بەڵام شاراوەیە. بۆ نموونە مالیک بۆچوونی وایە پاش نوێژی عەسر هیچ نوێژێک ناکرێت، جارێک پاش عەسر چووە مزگەوت، کەسێک پێی وت: ئیمام نوێژەکەت بکە، ئەویش نوێژی کرد، وتیان: ئەمە لە مەزهەبی تۆدا نییە، وتی: ترسام لەو کەسانە بم کە لە بارەیانەوە وتراوە: (وإذا قيل لهم إركعوا لا يركعون) (المرسلات: ٤٨)، من لەم وتەیەوە بۆم دەرکەوت کە مالیکی

کوڕی ئەنەس شاعیرە، چونکە ئەمە هەستی مرۆڤێکی هەستیاری نەرمونیانی نائاساییە، ئەمەم لە ژیانی ئیمامەکانماندا بینیووە، بۆ نموونە ئیمامی بوخاری بە زمانی ئەهلی فەرموودە فەرموودەناسە، بزانین چیی کردووە؟ کتێبەکەی بە فەرموودەی ((إنما الاعمال بالنيات) دەست پێکردووە و بە فەرموودەی ((كلمتان خفيفتان على اللسان ثقيلتان في الميزان حبيبتان إلى الرحمن سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم)) کۆتایی پێ هێناوە، ئەو وتەی پێشەکی و کۆتایی بۆ نەنووسیوە، تەنها ئەو دوو فەرموودەی هێناوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هیجرەتەکەی بۆ خوا بووە، کار و کردەوەی بۆ خوا بووە، مەزنیەکەشی لەوەدایە لە سەرەتا و کۆتایی پەیوەستە بە پەروەردگارەوە، لەگەڵ ئەوەی فەرموودەناسە، بەڵام فەقیهیشە، فیقهەکەشی وەک زانایانی ئایینی باسیان کردووە لەو دابەشکردنەی کتێبەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، کە بۆ هەر بابەتێک بابێکی تایبەت کردووە، کەواتە لەو ڕووەوە فەقیهە.

ئێمە ئێستا پێویستمان بەم جۆرە زانایانە هەیە، بەڵام زانایان لە ڕابردوودا لە قوتابخانەی ئایینیدا ئەو زانستانەیان دەخوێند، لەوانەیە قووڵبوونەوە لە ئەدەب و زمانیشی لەگەڵدا بووبێت، چونکە کەسێک ئەدیب بێت ئەمجا ئەتوانێت تەفسیری قورئان بکات، کەسی دەردەدار یان کەسێک سەلیقەی ئەدەبی جیهانی نەبێت ناتوانێت ئەو کارە بکات، چونکە یەکەمین و کۆتایەمینی کتێبی عەرەبییە، ئێستا دەتوانرێت ئەو زانستانە ببرێنە پاڵ زانستە مرۆییەکان، زانستە مرۆییەکانیش زۆرن، وەک دەروونزانی و کۆمەڵناسی و ئابووریناسی و سیاسەتناسی و فیقهی واقیع، پێویست دەکات ئەم زانستانە بخوێندرێن، چونکە شتی لاواز و بەنرخ و ڕاستی و زۆر شتی تیایە، دەتوانین لەمە شتێکی مەزن دەربهێنین کە ئیسلامی پێ بەرز بکەینەوە، ئەوە لەم سەردەمەدا نەگونجاوە کە ئیسلام بە ڕوانگەی کەسێک بخەینە ڕوو، کە تەنها شارەزای زانستە ئایینییەکان بێت و لە تێگەیشتنی ژیاندا دەستەوسان بێت.

**د. محەمەد عەممارە:** واتە ئەو واقیعە فەراهەم نییە کە گونجاوە بۆی، لێرەدا دابڕان لە نێوان فیکر و ئەوەی پێویستە وا بێت ڕوو دەدات، دەمویست ئەو پرسیارە لە بەڕێزتان بکەم: لەو باوەڕەدام پاش سەرەتای قۆناغی نووسینی کتێب، میسر لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا بوو، چوویتە قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی و جۆری گرنگیپێدان... یەکەم کتێبت پاش شۆڕشی (٢٣ی یۆلیۆی ١٩٥٢ز) چی بوو.

**شێخ محەمەد غەزالی:** کتێبی (کفاح دین)بوو، بەخوا ئاراستەی شۆڕشەکەم بەدڵ نەبوو، چونکە بەخێرایی بۆم دەرکەوت، ئێمە بۆ ئازادی دەگریاین، دواتر سەیرم دەکرد ئەو ئازادییەی تێیدا دەژیاین لە سەردەمی فاروقدا هەزار میل بوو، لە ڕۆژانی شۆڕشدا کەم بوویەوە بۆ هەزار باڵ، واتە: ئەو ئازادییەی فرمێسکمان بۆ دەڕشت لەدەستچوو، دەمبینی دروشم ئایینییە و ئایینیش بەخێرایی لە کەمبوونەوەدایە، سەیرم دەکرد دادگا شەرعییەکان هەڵوەشێنراونەتەوە، پاشان بیر لە هەڵوەشاندنەوەی ئەزهەریش دەکرایەوە، دوای ئەوەش نەهێشتنی وەقفی ئایینی و بەدوایدا چەوساندنەوەی کۆمەڵە ئیسلامییەکان و ئەشکەنجەدانیان، لێرەوە دەستم بە نووسین لە دژی شۆڕش کرد، ئەو شۆڕشەی هەوڵم دەدا بەرپا ببێت، بە جۆرێک بۆی تێدەکۆشام بە دوژمنی کۆشکی پاشایەتی ناسرابووم، ژیان ئاوایە... لەوانەیە ئەو شتەی بۆی دەگریایت کاتێ هاتە دی ببێتە هۆی گریاندنت.

**د. محەمەد عەممارە:** کاتێ کتێبی (کفاح دین)ت بڵاو کردەوە سەرنجەکانی بۆخۆی ڕاکێشا؟ یان چیی لێکەوتەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** کتێبەکە دەستی بەسەردا گیرا، پاش ئەوە کتێبی (الاستعمار أحقاد وأطماع) و دواتریش کتێبی (ظلام من الغرب)م نووسی.

**د. محەمەد عەممارە:** فکرەی بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژئاوات دەست پێکرد.

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەستم بەوە کرد بە شێوەیەک سەرکردایەتیمان دەکرێت، کە خاچپەرستان لێمان ڕازی بن، فەرمانڕەوایانی جیهانی ئیسلامی وشەی قەومیەی عەرەبی، یان عەرەبچێتی بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە ئیسلام بەکار دەهێنن، وەک ئەوەی عەقیدەیەکی نوێ بێت و جێگای ئیسلام بگرێتەوە، من وا لە عرووبە تێگەیشتبووم کە وەک ئیسلام وایە، لە شۆڕشیش وەها تێگەیشتبووم، کە گەڕانەوەیە بۆ ئیسلام، ئەمە لە دوو شتدا دەرکەوت: من بەپێی هەوڵ و تێکۆشانم کەسێکی دیار بووم لە کۆنگرەیەکی نیشتمانیی ساڵانی شەستەکاندا ڕووبەڕووی دەوڵەت بوومەوە، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر توند، پاشان من لە مزگەوتی ئەزهەر بووم، مزگەوتی ئەزهەریش ئەو سیبیانەیە، کە قاهیرە هەناسەی خۆی لێ وەردەگرێت، من قسەم دەکرد و ڕقم لە لایەنی فەرمانڕەوا بوو، بەڵام بە جۆرێک لە حەزەرەوە قسەم دەکرد و هەوڵم دەدا خۆم نەخەمە بەردەستی ئەوانەی، کە بە شێوەیەکی وەحشیگەرانە یاسا جێبەجێ دەکەن، هەوڵم دەدا ڕێگایان بۆ ڕووناک بکەم، کۆتاییەکەی هەر دەبووایە پێکدادان ڕوو بدات، ئەوە بوو چواردە کاریکاتێری گاڵتەجاڕانەم لەسەر درووستکرا، کە لەلایەن سەلاح جاهینەوە کێشرابوون و لە ڕۆژنامەی ئەهرام بڵاوی کردنەوە، لە یەکەم وێنەیاندا بەهۆی یاساکانی ڕاکێشانی زانستییەوە عەمامەکە کەوتوەتە سەر زەوی، منیش پیاوێکم نموونەی کۆنەپەرستیم، کە پێویستە لا بچم، بە هەمان شێوە وێنەی ئەبو زەید هیلالیش کێشرابوو

**د. محەمەد عەممارە:** ئێمە گەیشتووینەتە کتێبی (ظلام من الغرب) وا دەزانم لە ئەڵقەی داهاتوودا قسە لەسەر ڕۆژئاوا دەکەین، وەک ئاراستەیەکی پرۆژەی فیکری کە بابەتێکی گرنگە.

لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەشدا، خۆشحاڵیی خۆمان بەو زانیارییە فراوانانە دەردەبڕین کە خستتەڕوو، لە خوای گەورە داواکارین تەمەندرێژ و لەشساغتان بکات و بەرەکەت بخاتە بەخشش و کۆششە فیکرییەکانتان بۆ ئوممەتەکەمان، دووبارە سوپاستان دەکەین.

## ئەڵقەی دووەم

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، مسوڵمانانی بەڕێز سڵاو و ڕەحمەتی خوای گەورەتان لێ بێت.

گەشتەکەمان لەگەڵ یادەوەرەییە دەوڵەمەند و پڕ لە پەند و وانەکانی مامۆستای پایەبەرز شێخ محەمەد غەزالی بەردەوامە، لەم ئەڵقەیەدا درێژە بە بابەتی خستنەڕووی دانراوەکانی دەدەین، لە پاڵ ئەمەدا، تیشک دەخەینە سەر ئاریشە و گرفت و جەنگە فیکرییەکانی لەسەر ئەو کتێبانە هاتوونەتە ڕێی، کە هەموویان بۆ خزمەتکردنی ئیسلام نووسیوونی، لە ڕێیانەوە ئیسلامی بە شێوەیەکی ئەرێنی خستووەتەوەڕوو، تا شوێنی سرووشتی و پێشەنگی خۆی لە سەرکردایەتیکردنی فیکری ئیسلامیی هاوچەرخدا نیشان بدات.

لەم ئەڵقەیەشدا گفتوگۆکار دکتۆر محەمەد عەممارەیە.

**د. محەمەد عەممارە:** لە سەرەتادا جارێکی تر خۆشحاڵیی خۆم دەردەبڕم، کە سەرپەرشتیی ئەم ئەڵقەیەی دیدارەکە دەکەم لەگەڵ شێخ محەمەد غەزالی، لەم ئەڵقەیەشدا بەردەوام دەبین لەسەر باسکردنی پرۆژەی فکریی مامۆستامان، وەک درێژەپێدەری ئەڵقەی ڕابردوو.

وەک ئاماژەم پێدا، ژمارەی دانراوەکانی شێخ محەمەد غەزالی ئێستا گەیشتووەتە پەنجا کتێب، لە داهاتووشدا بە ویستی خوا چەند کتێبێکی تری بە چاپ دەگات، لە کۆتایی ئەڵقەی ڕابردوودا باسمان لەسەر ڕۆژئاوا بوو، چونکە من لە کتێبەکانی بەڕێزتاندا تێبینیم ئەوەم کردووە، لە چەندین کتێبتدا باسی ڕۆژئاوا و هەڵوێست بەرانبەر ڕۆژئاوا دەکەیت، وەک کتێبی (ظلام من الغرب).

هەروەها کتێبی (الحديث عن الشريعة والعقيدة) و بەرەنگاربوونەوەی فیکری ڕۆژهەڵاتناسی و کتێبی (الزحف الاحمر) و کتێبێک سەبارەت بە غەزووی ڕۆشنبیری. بەڕێزتان ئاماژەتان بەوە دا، کە لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا دەرکەوت ڕۆژئاوا تەنانەت لەو زاراوانەشدا، کە دەکرێت قبوولکراو بن وەک

عرووبە، یاخود نەتەوەگەریی دەیەوێت ئەو چەمکانەی خۆی مەبەستییەتی دابنێت، وەک ڕەگەزپەرستی و عەلمانییەت، تەنانەت لەو زاراوانەشدا فێڵکردن ڕووی داوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەتا ئێستاش جیهانی عەرەبی گیرۆدەی ئەو فێڵکارییەیە.

**د. محەمەد عەممارە:** کەواتە ڕۆژئاوا کێشەیە، چونکە بەریەککەوتنی توند – تەنها سەربازی نییە، بەڵکو فیکرییشە– لەوانەیە ئەمە پێگەیەکی گەورەی لە پرۆژە فیکرییەکەتدا هەبووبێت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** دەبێت جیاوازیی لە نێوان ئەو دوو کارەدا بکەین: من پێمخۆشە مافی دوژمنەکەشم بدەم، هەرگیز توانا و لێهاتوویی و باشێتییەکانی نەیارەکەم ناشارمەوە و درۆ بۆ خوا بۆ خەڵکیش ناکەم و شتێکی نادەمە پاڵ نەگونجێت بۆی، من دەمەوێت لە وێناکردنی شتەکاندا ڕاستگۆ بم.

شارستانییەتی ڕۆژئاوا قۆناغێکی زیرەکانەی لە قۆناغەکانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی درێژەوەبووی تێدایە، کە عەقڵی مرۆڤ جووڵەیەکی درووستی لە ڕامانی لە گەردوون ئەنجام داوە، من لایەنداری بۆ ئوممەتەکەم ناکەم، ئوممەتی ئیسلامی تۆمەتبار دەکەم کاتێ ڕووی کردە توێژینەوە تیۆرییە یۆنانییەکان و پشتی کردە ئەو گەردوونەی، کە خوای گەورە سوێندی بە کات و شوێن تێیدا خواردووە، بەمە ناپاکیی کرد لە قورئانەکەی، هیچ توێژینەوەی لەبارەیەوە ئەنجام نەدا و نەیزانی چیی تێدایە.

کە لە قورئان ڕادەمێنم، دەبینم کتێبێکە ڕێزی لە گەردوون گرتووە، خوای گەورە سوێندی بە زەوی و ئاسمان و خۆر و مانگ خواردووە، گەردوون موعجیزەیە بۆ خاوەنەکەی، کە درووستی کردووە و سیفەتەکانی خۆی تێکردووە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا﴾ [الفرقان: ٤٥]، باشە واز لە هەموو ئەمە بێنین و بچین بۆ لای پێنج کولیاتەکەی ئەرستۆ، بنچینە و جۆر و ڕەگەز و... ئەوانە!

**د. محەمەد عەممارە:** لە میتافیزیکیادا نغرۆ بووین.

**شێخ محەمەد غەزالی:** مەنهەجە ئیسلامییە گەردوونییەکەمان واز لێهێنا کە لە گەردوون دەکۆڵێتەوە، چۆن درووست بووە، لە زەوی دەکۆڵێتەوە، چۆن ڕاخراوە (سطحت)، هەموو ئەوانەمان لەیاد کرد و هەوڵمان دا وتەی یۆنانیەکان وەربگێڕین، ئەو ئەوروپاییانە لە ئێمە عاقڵتر بوون، توانییان ئیسلام و لۆژیکی ئەزموون و ئیستیقرائو تێبینیکردن و گەڕان بەشوێن یەقینییەکان و ڕەتکردنەوەی گومان و خەیاڵات بناسن، کە لە کتێبەکەی ئێمەدا هۆشداریمان پێدراوە لەبارەیانەوە، سەردەمی ڕاپەڕینیان دەست پێکرد و گەیشتنە ئەوەی هێزەکانی گەردوون بخەنە خزمەتی خۆیان، هەرگیز من ناتوانم ئەمە فەرامۆش بکەم و ئەوروپییەکان لەوە بێبەش بکەین، کە گەردوون بخەنە خزمەت خۆیان و بگەنە ئەوەی کە پێی گەیشتوون، پێویستە لەم بابەتە ئاگادار بین، بەڵام ئەو زانستەی لە ئەوروپا لە ڕووی مرۆییەوە خراوەتە کار بەشوێن حەقیقەتدا دەگەڕێت و لەگەڵ مەسیحیەتدا بەریەک دەکەون و قوربانی دەدات، تا دەگاتە ئەوەی ئێستا پێی گەیشتووە، زۆر بەخێرایی دونیا گۆڕانی بەسەردا دێت و بە شێوەیەکی لێزانانە کڵێسای لەگەڵ زانست و شارستانیەت و پێشکەوتندا گونجاند و دەستی بەوە کرد، هەموو ئەمانە لە پێناوی خۆیدا لە دژی دوژمنە تەقلیدییە مێژووییەکەی بەکار بهێنێت کە ئەویش ئیسلامە، ئەمەش وای کرد، زۆر بەخێرایی ئەو ڤاتیکانەی، کە دوژمنی زانست بوو بووە دۆستی زانست و دەوڵەت، هات و هەموو ئەوەی بەدەست هاتبوو هەمووی بۆ لێدانی دوژمنە سەرەکییەکەی، کە ئیسلامە، خستەگەڕ.

دوژمنانی ئیسلام ناپاکییەکانی ئوممەتی ئیسلامییان بەرانبەر کەلەپوورەکەیان و پەیامەکەیان قۆستەوە و ئەم خیانەتەی مسوڵمانان پێویستی بە قوتابخانەیەک هەیە بۆ نووسین لەبارەیەوە، مسوڵمانان چۆن لە گۆڕەپانی فەرمانڕەوایەتی لایان دا؟ چۆن لە ئابووریدا تووشی لادان بوون؟ لە بواری پەروەردەدا چۆن بە لاڕێدا چوون؟ من ئێستا سەبارەت بە گۆڕینی ڕەوتی فیکری کەلەپووری ئایینیمان دەنووسم، چونکە چەندین هەڵەم بینی، کە تێیدا ڕووی داوە و لەبارەی ئەو هەڵانەوە دەنووسم، بەبێ گوێدانە هیچ کەس،

چونکە تێگەیشتم کە سەرنجدان لە خەڵکی بەرهەمی باشی نابێت و لەگەڵیاندا تووشی بەریەککەوتن دەبم، ئیتر چی دەبێت با ببێت، کاری خوای گەورە وایە بە تەنها ڕۆزی بەدەست خۆیەتی، ئیتر لە خەڵک بگەڕێ، پێویستە ئوممەتەکەمان تێبگات کە هەڵەی کردووە، ستەمی لە شوورا کردووە لە بواری فەرمانڕەوایەتیدا، ستەمی لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کردووە لە بواری ئابووریدا، ستەمی لە تەزکییە کردووە -کە بەشێکە لە پەیامەکەمان- لە بواری ڕەوشت و پەروەردەدا. ئێستا هات بە خەیاڵمدا، هەندێک لە موتەدەینەکان، ئەوەی گۆشتی حوشتر دەستونوێژ دەشکێنێت لایان گرنگترە لە چاندنی چاکەیەک لە دەروونی مرۆڤدا – ئەمە چ بەلاڕێداچوونێکە-، گرنگیدان بەو شتانەی کەم بایەخن و ڕاست و هەڵە بوون هەڵدەگرن و هیچ بەهایەکیان نییە گرنگ بووە لایان و بنچینەکانیش لە ناوچوون.

ئەوەی لەم سەردەمەی کۆتاییدا، لەگەڵ بەئاگابوونی ئێمەدا ڕوویدا بەرهەمی کاتێکە، کە جێنشینایەتی لەدەستچووە و نەماوە و جیهانی ئیسلامیش، کە ملیارێک و دووسەد ملیۆن کەس دەبێت بۆ حەفتا ڕەگەزنامەی جودا پەرتەوازە کراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە سوورین لەسەر پەرتکردنی زیاتر، ئەوروپا لێک نزیک دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەی پێشووی، قسەی ڕاشکاوی ئێستا ئەوەیە، کاتێ تورکیا داوای کرد لە ئەوروپا قبووڵ بکرێت پێی وترا: نەخێر، تۆ سەر بە جیهانی ئیسلامیت، بەڵام ئێمە سەر بە شارستانییەتی جوولەکە و گاورین، واتە ئێمە لەو جیهانە نامۆین، لە بواری مافەکانی مرۆڤیشدا ئەو بوارەی زیاتر جێگای گرنگپێدانە مافی ئەو مرۆڤانەیە کە عەرەب نین، بەڵام ئێمەی عەرەب مافمان نییە. مرۆڤی مسوڵمان دەکوژرێت و لە چەندین جێگا خوێنەکەی دەڕژێت، خۆ ئەگەر کۆمەڵەی مافی ئاژەڵانیش ئاوڕمان لێ باتەوە پێیان ناخۆشە.

لە واقیعدا هەر وەک فەیلەسوفی ئیسلام جەمالەدینی ئەفغانی دەڵێت: "هەتا ئێستاش ئەوان (مەبەستی ئەوروپایە) هەمان دڵی بوتڕسی خەڵوەتگەری کینەلەدڵیان بەرانبەرمان هەیە) ".

**د. محەمەد عەممارە:** ئەمە هەڵوێستێکی هاوسەنگانەیە بەرانبەر ڕۆژئاوا، کە مافە مادییەکانی لەبەرچاو دەگرین و دەشبینین چ گیانێکی دوژمنکارانەی خارچپەرستانەی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامدا هەیە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بۆم دەرکەوت کینە بەرانبەر ئیسلام کۆتایی نایەت، هەر ڕۆژهەڵاتناسێک کاتێ دێت قسە لەسەر محەمەد دەکات بە درۆزنی ناو دەبات و ئایینەکەشی بە خورافە و ئایینێکی هەمەجی دادەنێت، پێویست بەوە دەکات لەناو ببرێت و مەسیحییەت جێی بگرێتەوە، بە شێوەکی کوێرانە، یاخود منالانە گریمانەی ئەوەی کردووە، کە ئەوان لەسەر حەقن و مسوڵمانان ناحەقن، ئیدی لەسەر ئەو بنەمایە بەرانبەرمان دەجووڵێنەوە و لە نووسینەکانیاندا ئەمە بەدی ئەکەم، وای دەبینم ئەم کارە پێویستی بە بەئاگاهاتنەوە هەیە، لە ڕووی زانستییشەوە پێویستە هەڵوەستە لەسەر دوو شت بکەین، جارێکیان مامۆستا (حسن الهضبي) داوای لێکردم وەڵامی کتێبێک بدەمەوە، کە لە نووسینی دکتۆر (جاک تاجر)ی بەڕێوەبەری کتێبخانەی مەلیک فاروق بوو بە ناونیشانی (أقباط ومسلمون منذ الفتح العربي إلى عام (١٩٢٢م)) کتێبەکە مەترسیدارە، چونکە هەر وەک مامۆستا عەققاد وتی لە سەرەتایەوە تا کۆتایی درۆیە بەدەم ئیسلامەوە، کاتێ دەستم بە وەڵامدانەوەی کرد، هەستم بە دەستکورتیی خۆم کرد لە ڕووی فێربوونەوە، کە من دەرچووی ئەزهەرم، چونکە بە مامۆستا (الهضبي)م – بەڕەحمەت بێت- وت: من لە هەندێ لایەنەوە توانام کەمە و لە ئەزهەر مێژووی کەمینە ئایینەکانی لای خۆمان و چۆنیەتیی مامەڵەکردنم لەگەڵیان نەخوێندووە، چونکە بەشێکن لە ئێمە.

هەروەها مێژووی ئەو کەمینانەشمان نەخوێندووە، کە مەسیحی نەبوون و لە سایەی دەوڵەتی مەسیحیدا ژیاون، زمانی بیانی شارەزا نیم هەتا ئەوەی سەبارەت بە ئیسلام لە کتێبەکەی (دنیات)ی ئیتاڵی و مێژوونووسانی تردا نووسراوە بخوێنمەوە.

خوێندنەوەی بابەتی مێژووشم لە سەرچاوە مەزنە ئیسلامییەکاندا سنووردارە، هیچ لەبارەی دەستنووسەکانەوە شارەزا نیم، پێویستە شارەزای ئەمانە ببم، پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە، پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر، بە

کتێبێک وەڵامی ئەو کتێبەم دایەوە بە ناونیشانی (التعصب والتسامح بين المسيحية والاسلام)، هەمان نارەحەتی دووبارە بوویەوە بۆم، کاتێ داوام لێکرا وەڵامی کتێبەکەی (جولد زيهر) (العقيدة والشريعة في الاسلام) بدەمەوە، کاتێ نووسینەکەیم خوێندەوە بینیم ئەم پیاوە تووشی پەتای ڕقلێبوونی ئیسلام بووە، جوولەکەیەکی بەکرێگیراوی کڵێسای ئینجیلییە، تا وەڵامی مسوڵمانان و ئیسلام بداتەوە، هیچ ڕۆژهەڵاتناسێکم نەبینیووە وەک ئەم درۆیان کردبێت، هەستم دەکرد بێشەرمانە درۆ ئەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بینیم سەرچاوەکانی نزیکەی سێ سەد کتێبە، منیش کەسێکی شارەزای نووسینم بۆ خزمەتکردنی ئیسلام، ناتوانم بڵێم کە من هەموو ئەو کتێبانەم لەو بابەتەدا خوێندووەتەوە، من سەرکۆنەی ئەو برایانەم دەکەم، کە لە بواری ئیسلامیدا کار دەکەن، چونکە کەمی ڕۆشنبیرییان بێزارکەرە.

**د. محەمەد عەممارە:** خەڵکانی تر وەک دامەزراوە کار دەکەن، بەڵام ئێمە وەک تاک.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەی ئایا ئەگەر تاکەکان لە مێژووی ئێمەدا شتێکی نائاسایی بوون، نووسەرانی لای ئێمە لەوانەیە ئەوقاف هەندێک لە پێویستی و ڕۆزی بۆ دابین کردبن، لەگەڵ ئەوەدا توانیوویانە بەرهەمی زۆریان هەبێت و خزمەتی گەورە پێشکەش بکەن، بە هەرحاڵ هەستم کرد ئەو مەسیحیەتەی ئێستا حوکمی جیهان ئەکات، هەرگیز نایەوێت بەویژدان بێت بەرانبەرمان، بیرکردنەوەی تەنها لەوەدا قەتیسماوە، کە چۆن زاڵ بێت بەسەرماندا، چۆن پلان دابڕێژێت بۆ ئەوەی لە ناوەوە و دەرەوە گێژمان بکات؟ چۆن بەکارهێنانی بنەماڵە فەرمانڕەواکان، یاخود ئەوانەی ئارەزووخوازن و حەزیان بە خۆدەرخستن و بەرزبوونەوەیە لە زەویدا، لە کەسە میللەکان و ڕۆڵەی گەلان، کە ئەوانە لە پادشا و فەرمانڕەوایان زیاتر داوای دەسەڵات دەکەن؟ هەر بەڕاستییش، لەگەڵ قووڵبوونەوەم لە سەرنجدانی مێژووی داگیرکاریدا، بینیم ئەوانە کەسانێکیان بەکارهێناوە، لەنێو گەلدا پێگەیشتوون، لە نزمترین و تاریکترین ژینگەوە هاتوون، بەکاریان هێناون

بۆ لێدانی ئیسلام و لێدانی ئوممەت، کاتێ بە درووستی مێژوو دەنووسینەوە، نەهامەتییەکانی ئەوروپییەکانمان دژ بە ئیسلام بۆ دەردەکەوێت.  من دەزانم کەسێکی وەک (برناردشۆ) دەڵێت: لەوانەیە ڕۆژێک ڕۆڵەکانمان، کە سپیپێستن بانگ دەکرێن بۆ ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ ئەنجام بدرێت، کە چۆن ڕۆڵەی ڕەگەزەکانی تریان لەناو بردووە، پێشتر هیندییە سوورەکانیان کەوڵ دەکرد، هەر وەک چۆن ڕاوچی قاز کەوڵ دەکەن، شتومەکی میکرۆباوییان دەنارد، تا هۆزەکان لێک هەڵبوەشێننەوە و هەتا ئێستاش لە ئوستراليا خراپترین جۆری عارەق بە هندییە سوورەکان دەدەن، تا لەناویان ببەن.

**د. محەمەد عەممارە:** لەبەر ئەوەیە کە باوەڕیان بە پێکەوەژیان و فرەیی نییە، ڕەگەزێکن خۆبەگەورەزانی و دوژمنداریێتییان تێدایە و دەیانەوێت بچنە شوێنی کەسانی تر.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەوانەیە مەسیحیەت لاوازیی ئێمەیان قۆزتبێتەوە، ئەوان لە کاتێکدا هاتن، زەوی بە دەستی ئێمەوە بوو، کتێبی پیرۆزیش بە دەستی ئەوانەوە بوو، وای لێهات کتێبی پیرۆز بە دەستی ئێمەوە بێت و زەوی بە دەستی ئەوانەوە بێت، ئەوان ئاینییان بۆ لێدانی گەلان قۆزتووەتەوە. کاتێ لە نێوان ئیسلامییەکانی سەرەتا، کە جیهانیان فەتح کرد و گەلانیان بووژاندەوە بەراورد دەکەین، ڕۆژێکیان خەلیفەی ئەمەوی لە دیمەشق پرسیار دەکات: کێ فەرمانڕەوای بەسرەیە؟ کێ فەرمانڕەوای کوفەیە؟ سەیری کرد شەش فەرمانڕەوا عەجەمە و تەنها یەکێکیان عەرەبە، مسوڵمانان ئایین و سەروەرییان لە هەموو بوارەکاندا پێشکەش دەکرد، عەرەب هیچ ناڕەحەتییەکی لەوەدا نەدەبینی، کە قوتابیی ئیمامی بوخاری بێت، یان ناڕەحەت نەدەبوو، وەک قوتابی لەبەردەم ئیمام ئەبو حەنیفەدا دابنیشێت.

**د. محەمەد عەممارە:** ئەو تێبینییەی ئاماژەتان پێدا سەبارەت بە جەمالەدینی ئەفغانی پرسیارێک سەبارەت بە پرۆژەی فیکری دێنێتە ئارا، تۆ زۆرجار باسی ئەوەت کردووە قوتابی پێشەوای شەهید حەسەن بەننا و ئەفغانی و محەمەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا بوویت، ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەی بووژاندنەوە و نوێکردنەوەیە، دەمەوێت لەبارەی شوێن و پێگەیانەوە لە پێکهێنانی فیکریدا پرسیار بکەم؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** من لە محەمەد عەبدە و شێخ ڕەشید ڕەزاوەوە فێر بووم. جەمالەدین پیاوێک بوو زیاتر لە سیاسەتەوە نزیک بوو، بۆچوونی لەو بوارانەی ڕۆشنبیریی، کە من تیایاندا دەنووسم دوور بوو، عەقڵێکی گەورە و نائاسایی بوو، بەڵام محەمەد عەبدە پەروەردەکار بوو.

کاتێ (التفسير الموضوعي للقرآن الكريم) دەخوێنمەوە، سورەتی ئالی عیمران کراوە بە دوو بەشەوە، نیوەی یەکەم: گفتوگۆیە لەگەڵ هەڵگرانی کتێبە ئاسمانییەکان، نیوەی دووەم: قسەیە لەسەر جەنگی ئوحود و ئەو شکستەی تووشی مسوڵمانان بوو، لە کۆتایی سورەتەکەشدا نارەحەتییەکانی مسوڵمانان لەگەڵ ئەهلی کتابدا یەکدەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من لە نیوەی ئەم سورەتەدا، قسەیەکی سەیرم بینی دەستەوسان بووم لەوەی بیبەستمەوە بە هەمان سورەتەوە، وەک: ﴿كُلُّ الطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ﴾ [آل عمران: ٩٣]، نموونە: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا﴾ [آل عمران: ٩٧] ئەمانە چ پەیوەندییەکیان هەیە، خۆمم تۆمەتبار کرد، پاشان بە خۆمم وتم: باشە بۆ سوود لە زانستی کەسانی تر وەرناگریت؟ هاتم ئەوەی شێخ ڕەشید (کە قوتابیی محەمەد عەبدەیە) لە تەفسیری مەناردا نووسیوویەتی خوێندەوە، وا دەردەکەوێت کە لە شێخ محەمەد عەبدە وا تێگەیشتبێت، وەک ئەوەی شوێنکەوتەی ئایینی جوولەکە بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وتبێتیان: چۆن شوێن تۆ بکەوین، لە کاتێکدا ئەوەی خوای گەورە بۆ ئێمەی حەرام کردووە دەیخۆیت؟ چۆن شوێنت بکەوین لە کاتێکدا تۆ قیبلەیەکت هەیە جیاوازە لە قیبلەی ئێمە؟ ئەم قسانە گفتوگۆیەکی نێوناخی تێدایە، بینیم محەمەد

عەبدە شارەزایەکی بە سەلیقەیە لە قورئاندا، سەرم سوڕما کاتێ باس دەکات: (سەفەرێک تەنها بە مەبەستی سەفەرکردن بێت، ئایا تەیەموم تێیدا درووستە، لەسەر ئەم بابەت (٢٥) تەفسیرم خوێندەوە)، بڕوانە ئەو ئەمانەتی زانستیی و گەڕانەی بەشوێن دۆزینەوەی حەقیقەتی زانستیدا.

هەروەها هەردوو کتێبی (رسالة التوحيد)و (الاسلام والنصرانية)ی ئەوم خوێندووەتەوە، کە لە یەک شەودا نووسیوونی، چونکە پەرۆشیی ئایینی ناخی جۆشدابوو، غیرەتی دابووە بەرو دەستی بە نووسینیان کردبوو، هەموو کتێبەکەی لە یەک دانیشتندا نووسیبوو، بینیم محەمەد عەبدە لە لایەکی دیکەوە، سەرنجی ناکۆکییە فیکرییەکانی نێوان سوننە و ئەشعەرییەکان و موعتەزیلە دەدات، یان لەنێوان سەلەف و خەلەف، ئەوەی لەوەوە فێر بووم لە کەسی ترەوە فێر نەبووم، قوتابخانەکەی ئەو بوو، کە کاریگەریی هەبوو لەسەر مەحموود شەلتوت و محەمەد مەدەنی و عەبدولوەهاب خلاف. هەموو عەقڵە ڕۆشنگەرەکان لە ڕۆشنبیریی هاوچەرخماندا سوودیان لە محەمەد عەبدە وەرگرتووە، چونکە مامۆستایان بووە، باوکی عەقڵییان بووە، بینیم بەسادەییەوە دەیگوت: بۆچی سوننە و ئەشعەری دەمەدەمێیانە لەبارەی سەلماندنی تێڕوانینێکەوە؟ خیلافەکەیان تەنها لەفزییە، چونکە ئەو تێڕوانینەی دەیسەلمێنن جیاوازە لەوەی، کە ئینکاریی دەکەن، تاکەی ئەو خیلافە درێژە دەکێشێت، لە کاتێکدا ئوممەت پێویستە بزانێت چیی هەیە؟ ئەمە وەرچەرخانێکی مێژووییە لە ڕۆشنبیریی ئیسلامی، وەرچەرخانێکی مێژووییە پێویستە بە خەڵک بناسێنرێت.

**د. محەمەد عەممارە:** ئەفغانییش سەبارەت بە شەرعزانان و سۆفییەکان ئاماژەی بەمە داوە و دەڵێت: ئەگەر واتای زاراوەکانی لای یەک تێبگەیشتنایە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ محەمەد عەبدە عەقڵێکی گەورەیە، من بینیوومە حەسەن بەننا کتێبی محەمەد عەبدە و ڕەشید ڕەزای دەخوێندەوە، نووسینی هەموو ئەوانەی دەخوێندەوە کە سەبارەت بە ئیسلام دەیاننووسی، حەسەن بەننا توانایەکی وای هەبوو جگە لە ئەبو حامیدی غەزالی کەسی تر ئەو

توانایەیان نەبوو. ئەبو حامید توانای ئەوەی هەبوو ئەو فەلسەفانە بخوێنێتەوە، کە گیرۆدەیە بەدەستیانەوە -هەر وەک تەها حسین لە (عیبارات)ی ڕافیعیدا دەڵێت-، تا دەربڕینێکی دادەنا ئازار و زەحمەتیی زۆری دەچەشت، واتە شتێک سەیرە، ئەبو حامید و حەسەن بەننا دەیانتوانی ئاڵۆزترین فەلەسەفە بخوێننەوە، پاشان وەک ئەو هەنگە بوون، کە بەسەر باخچە و کێڵگەکاندا دەگەڕا و هەنگوینی دادەنا. حەسەن بەننا لە وانەی ڕۆژانی سێشەممەدا (نظرآت في القرآن)، یان (دراسات في التاريخ)ی بۆ ڕاڤە دەکردین، بابەتە زانستییە گشتی و ئاڵۆزەکانی وا بەئاسانی بۆ باس دەکردین، دەتوت مامۆستایە و چیرۆک بۆ منداڵان دەخوێنێتەوە، ئەمەش توانایەکی نائاساییە لەو پیاوەدا هەبوو، کاتێ دەڵێم: حەسەن بەننا مامۆستامە، پێویست دەکات بڵێم حەسەن بەننا سوودی لە قوتابخانەی پێش خۆی وەرگرتووە و سەرسام بووە پێی.

**د. محەمەد عەممارە:** ئەمە ئەو بابەتە دەوروورژێنێت، کە بزاڤی بووژانەوە و نوێکردنەوەی فیکری ئیسلامی لە سەردەمی ئێستادا، کە لەگەڵ ئەفغانی و محەمەد عەبدە دەستی پێکرد، وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی داگیرکاریی فیکریی ڕۆژئاوا و بەرەنگاربوونەیەکی ئەو چەقبەستن و لاساییکردنەوەی بۆمان ماوەتەوە، ئەم ئەڵقانە پێکەوە بەندن، واتە هەر یەک لە ئێمە ئەڵقەیەکە لەو زنجیرەیە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** هیچ کەس لە ئێمە لەخۆڕا نەهاتووە.

**د، محەمەد عەممارە:** هیچ پچڕانێک لەئارادا نییە، چونکە هەندێک خەڵک وا دەزانن بەڕێزتان و ژمارەیەک لە بیرمەندانی تر، کە ئێستا تازەگەری و ئیجتیهاد دەکەن، هیچ پەیوەندییەکتان بەو قوتابخانەیەوە نییە، یان حەسەن بەننا نوێنەری دابڕانە لەو قوتابخانەیەیە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر... بۆ ئەمانەتی زانستی دەبێت بڵێم لەوانەیە، من هەرگیز هیچ نەبووایەم، ئەگەر پەیوەندیم بە حەسەن بەنناوە نەکردایە، ئەویش پەیوەندیی بە محەمەد عەبدە و ڕەشید ڕەزاوە کردووە... مرۆڤ چۆن

دروست دەکرێت، ئەمە بابەتێکە هەر وەک خوای گەورە لەبارەی موساوە دەفەرموویت: ﴿واصطنعتك لنفسي﴾ [طه: ٤١] ﴿ولتصنع على عيني﴾ [طه: ٣٩].

ئەوە مرۆڤەکان دروست دەکات، دروستکردنەکەشی بریتییە لە دانانی ئەمە لەناو ئەوە، وا دەکات ئەمە لەوە سوودمەند بێت، دەبێت دان بەوەدا بنێین ئێمە لە کەسانی ترەوە فێر بووین، ئەو کەسانەش لە کەسانی ترەوە فێر بوون، لەوانەیە لە شاراوەکانی ئەوانەی بەدەر ناکەون کەسانێک ببینیتەوە، کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر کەسانێکی بەناوبانگ هەیە. تەنها خوا لە خەڵکان ئاگادارە، لە مێژووی مرۆڤایەتیشدا لێپێچینەوە بۆ مرۆڤ نییە، لێپێچینەوەی خەڵک لای پەروەردگارە، بابەتەکەش ئەوە نییە کە کێ زاناترە، بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە: لەوەی زانیوتە چیت پێکردووە؟ چ سوودێکت بە خەڵکی گەیاندووە و لەو فێرکردنەت چیت ویستووە؟ چونکە ئەوەی لە زانستی ئایینی لە دەروونماندا چەسپاوە ئەوەیە، کە سەرپێچییەکانی جەستە و پەلەکان سووکترە لە سەرپێچییەکانی دڵ، هەموو فێربوونێک یان فێرکردنێک بۆ جگە لە خوای گەورە، بەتاڵە و هیچ خێری تێدا نییە.

**د. محەمەد عەممارە:** لە ڕاستیدا پێم خۆشە بڵێم: وەک بەڕێزتان ئاماژەتان کرد بۆ مامۆستا خالید محەمەد خالید، کە جەنگێکی بەناوبانگ لە نێوانتان ڕوویدا، کاتێک ئەو کتێبی (من هنا نبدأ)ی چاپکرد، تۆش کتێبی (من هنا نعلم)ت چاپکرد، پێم خۆشە هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم جەنگە فیکرییە بکەم، ئایا هیچ کاریگەریی هەبوو لەسەر پەیوەندی و هاوڕێیەتیی نێوانتان؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** تا ئێستاش پەیوەندییەکانم لەگەڵ مامۆستا خالید لە پتەوترین پەیوەندییەکانە، لە بنەڕەتدا من جیاوازیی دەکەم لەنێوان ناکۆکیی فیکری زانستی و ناکۆکییە کەسی یان بەرژەوەندییەکاندا، من ڕاستگۆیی یاخود دڵسۆزیم بەلاوە گرنگە، کاتێ ئەبینم کەسێکی بێباوەڕ لە بێباوەڕییەکەیدا دڵسۆز و دامەزراوە، لێی نائومێد نابم و لەگەڵی دەڕۆم، چونکە وای دەبینم، ڕۆژێک لە ڕۆژان دڵسۆزییەکەی ڕێنمایی دەکات بەرەو چاکە، بەڵام ئەوەی من لێی دەترسم بەکرێگیراوەکانن، ئەوانەی درۆ دەکەن، چونکە لەبەرامبەر

درۆکـان شـتێک وەر دەگـرن، ئـارەزوو ویسـتن، کینـەیان لـە دڵدایـە بەرانبـەرم، چونکە وای دەبینێت من شتێکم لێ بردووە، یان من بەربەستم لـەوەی بگـات بـە شتێک... بەڵام ئەوەی لە بابەتێکی زانسـتیدا ڕاجیاییمـان هـەبێت، هـیچ ڕێگرییـەک نییـە بـۆ نـاکۆک بـوون، خالیـد و مـن هـەردووکمان ڕێـز لـە ئـازادیی دەگـرین و هەندێک جاریش داوای دەکـەین، هەرچەنـدە مـن بـە پێچەوانـەی ئـەوە تۆمـەتبار کراوم، زۆر دەمارگیر دەبم بۆ ئەوەی باوەڕم وایـە حەقـە و غیـرەتم دەبزوێت، ئەگـەر کەسـێک نزیکـی بکەوێتـەوە و لەسـەری دەجـەنگم، خالیـد بـە جـۆرێکی دیکەیـە، پشـوو درێـژە، لێزانـە و دەتوانێـت لەگـەڵ خەڵکیـدا هـەڵبکات، مـن ئـەو توانایانـەم نییـە، بـەڵام کەسـێکی دڵسـۆز و ئەمینـە، کـاتێ جـەمال عەبدولناصـر هەڵەی کرد، لـە کاتێکدا هـەمووومان عاشـقی ئـازادیی بـووین، بـە عەبدولناصـری وت: سـەرۆک! تۆ ئازادییەکان لەناو دەبەیت، من ئـەوەم پـێ نـەوت، بـەڵام شـتێکم نووسی، کە ئەو بە دوژمنایەتیی دانا و بەهۆیەوە تەجمیدی کـردم و بـە یـەکێک لە دوژمنانی شۆڕشی دانام.

چیرۆکەکە ئەوەیـە، هەریـەک لـە ئێمـە شـێوازی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، مـن کتێبی (من هنا نعلم) نووسـی، چونکـە تێگەیشـتم کـە ئـەوروپا دەیـەوێت ئیسـلام لـەناو ببـات، دەیـەوێت لـە دەوڵـەتی داماڵێـت، خالیـدیش فیکرەکـەی عـەلی عەبـدولڕەزاقی وەرگـرت، مـن هێرشـم کـردە سـەر هـەردووکیان، سـەیر ئەوەیـە پاش ئەوە، من لەگەڵ شـێخ عـەلی عەبدولڕەزاق ئاشـت بوومـەوە و ئـەویش لـە بۆچوونەکەی خۆی پاشگەز بووەوە و لەگەڵ من لـە مزگـەوتی ئەزهـەر نوێـژی دەکرد، پێکەوە بەخێزانی دادەنیشتین، پیاوێک بوو خێر و باشـە و ڕێـزی تێدا بوو، گرنگ ئەوەیە ئیدی کتێبەکەی چاپ نەکردەوە.

**د. محەمـەد عـەممارە:** نـەخێر... ئـەو لـە سـاڵی (١٩٥١ز) لـە گۆڤـاری (رسـالة الاسـلام) بابـەتێکی بڵاوکردووەتـەوە و تێیـدا دەڵێت: دەربڕینـی "ئیسـلام تـەنها پەیامێکی ڕۆحییە" دەربڕینێکە شەیتان خستییە سەر زمانم.

**شێخ محەمەد غەزالی:** گرنگ ئەوەیە، کە بینیم ڕۆژئاوا دەیەوێت ئەو هەڵانە بقۆزێتەوە کە ئێمـە تێیـان دەکـەوین، ئـەو دەیـەوێت بەتـەنها ئیسـلام لـە دەوڵـەت

دابیڕێت، لە کاتێکدا لە فەلسەفەی ئەوروپیدا ئایین دەکاتە دەوڵەت، لەم شێوازی مامەڵەکردنەدا مەبەستەکە دەردەکەوێت، ئەویش داڕنینی ئایینە لەو واتا کۆمەڵایەتییانەی ئێمە دەزانین تێیدایە و بەشێکە لە بوونی، تا زانستە مرۆییەکان بێنێت و لەو ڕووەوە شوێنی ئایین بگرێتەوە، زانستە مرۆییەکانیش وەک وێنایان کردووە ئەو زانستانەن لە ژینگەیەکی ئیلحادیەوە سەرچاوەیان گرتووە، (دۆرکایم) لە کۆمەڵناسیدا پێیوایە ئایین دیاردەیەکی گێلانەیە، (فرۆید) لە دەروونزانیدا وای دەبینێت چەپاندن (کبت) مەترسییە و پێویستە عەقڵی شاراوە (العقل الباطن) هەناسەیەکی پێ بدرێت، وەک دەزانین فرۆید گەورەترین نەخۆشە لە مێژوودا، لەبەر ئەوەیە لەسەر ئەوەی ئایین بکرێت بە دەوڵەت و کۆمەڵگا بە ئایینی دەمارگیریی دەمگرێت، ئیسلامیش هەر ئیسلامە.

هەموو ئەوەی کارەکە پێویستییەتی ئەوەیە، ئێمە دەمانەوێت ئەم ئوممەتی ئیسلامییە لە ئیسلام تێبگات، ئافرەت مافی خۆیەتی ئازاد بێت، بەڵام لەسەر شێوازی ڕۆژئاوا نا، کە بەرەڵایی و ئاژەڵییە، بەڵکو دەمەوێت سەربەست بێت و هەر پێنج نوێژەکەی لە مزگەوت ئەنجام بدات و لە کاری چاکە و بانگەشەی ئیسلام لە نوێژی جەژندا بەشدار ببێت... بەڵێ ئێمە ئازادیی ئافرەتمان دەوێت، چونکە کۆمەڵگا دوو قاچی هەیە، ئەوانیش: پیاو و ئافرەتن، دوو باڵن پێیان دەفڕێت، واز لە قاچێکیان یاخود باڵێکیان ناهێنین و بڵێین ئیسلام دەڕوات، نەخێر ناتوانێت بڕوات، لەبەر ئەوە کۆشش و هەوڵی زۆرم دا ئیسلام وا بمێنێتەوە، کە دەوڵەتە و کۆمەڵگایە، بەپێی ئەوەی تێگەیشتووم ئیسلام لێک بدەمەوە، ئەوا دەڵێم ئیسلام دەوڵەتدارییە، بەڵام ئایا دەوڵەتێکی چەوسێنەرەوەیە؟ دەوڵەتێکی تاکڕەوانەیە تێیدا خواوەندێک، یان فیرعەونێک فەرمانڕەوایە؟

لە نووسینە کۆنەکانمدا، هەردەم ئەم گوزارشتەم هەبوو (حوکمڕانییەکی فیرعەونیی و قاروونییەکی سەرمایە کۆکەرەوەمان ناوێت)، سەبارەت بە چەوساندنەوەی سیاسی و دارایی لە وتارەکانمدا هۆشداریم دەدایە خەڵک، بەڵێ! سورەتێکی وەک سورەتی (القصص) کاتێ بە باسکردنی فیرعەونی فەرمانڕەوای چەوسێنەری بکوژ دەست پێدەکات، کاتێ بە باسکردنی قاروونی

فەرمانڕەوای خاوەن دارایی و سامان و خۆبەگەورەزان بەهۆی سامانەکەیەوە کۆتایی پێ دێنێت، دواتریش بە پوختەی ئەم چیرۆکە تەواوی دەکات: ﴿تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ [القصص: ٨٣]، بەڵێ دەروونی مرۆڤ وایە ماڵ و سامان و دەسەلاتی خۆش ئەوێت، بەڵام ئیسلام ڕێگایەک بۆ بەکارهێنانی درووست بۆی دادەنێت و ئەم شێوە بەکارهێنانەی ماڵ و سامان و دەسەڵات دەبێتە مایەی خێر و خۆشی بۆ کۆمەڵگا.

**د. محەمەد عەممارە:** ئەوەش ئەو دوو کەلێنەیە، کە لێیانەوە گەشەسەندنی شارستانێتی ئیسلامی لێیدرا: گەڕانەوە پاشماوەی پەیوەندیی نێوان فەرمانڕەوا بە هاوڵاتیانییەوە و چەوساندنەوەی سیاسی و بابەتی دادگەری کۆمەڵایەتی لە دارایی و ساماندا، کە وای لێهاتووە لە دەستی دەوڵەمەندەکاندایە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخۆشییەکە بەپەنهانی دەستی پێکرد، دواتر بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گەشەی کرد: ئیسلام ئاشنای حەقی خودا بۆ فەرمانڕەوایان نەبوو، تا شیعە ئەوەیان بڵاو کردەوە و عەباسییەکان کاریان پێکرد و لەلایەن ئەوزاعی و ئیمامەکانی ئوممەتەوە بە درۆ خرایەوە و وتیان: خوای گەورە مافێکی نەداوە بە فەرمانڕەوایان، ئەوەی هەیە کەسێک هەڵدەبژێردرێت و بە ناوی خوای گەورەوە فەرمانڕەوایەتی دەکات، ئەمە بنچینەکەیە، بەڵام بگۆڕدرێت بۆ جێنشینایەتییەکی پاپایی، ئەوا لە ئیسلامدا ئەمەمان نەبینیووە.

**د. محەمەد عەممارە:** لە ئەڵقەی ڕابردوودا ئاماژەت بۆ ئەوە کرد، کە لە ئیشتراکیەتدا فریودران، ئەمە ئەو بابەتە دەورووژێنێت، کە مرۆڤ هەندێک جار کتێبێک دەنووسێت، دواتر لە ڕووی فیکرییەوە گەشە دەکات و پێداچوونەوە بە بۆچوونەکانی خۆیدا دەکات... ئەمە بابەتێکە لە ڕەوتی فیکریی بەڕێزتاندا، لەم ڕووەوە چی هەیە؟

**شێخ محەمـەد غـەزالی:** بـەڵێ هـەتا ئێسـتاش کتێبـی (الاسـلام والمنـاهج الاشـتراكية) تـا پێداچوونـەوەی بـۆ نەکـەم و گۆڕانکـاریی پێویسـتی تیـا نەکـەم چاپی ناکەمەوە، کتێبی (الاسلام المفترى عليه بين الشيوعيين والرأسماليين)شـم پێداچوونـەوە بـۆ کـرد و گۆڕانکاریی زۆرم تێدا ئـەنجام دا، لـە کتێبی (الاسـلام والاوضـاع الاقتصادية)شـدا هەنـدێ شـتم ڕەش کـردەوە، کـە هـیچ مانایـەکیان نەبوو، بەڵام (الاسلام والاستبداد السياسى) وەک خۆی ماوەتەوە.

لـە شـتە سەیروسـەمەرەکانی خـەڵک –لـە ڕۆژگـاری پاشـایەتیدا، کـە مـن شۆڕشگێڕ بووم– بەهۆی بێئاگاییان لە ئیسلام گومانیان وا بوو من شیوعیم، شـیوعییەت نـە ئـایینی تێدایـە نـە ڕۆحانییـەت، کـاتێ بینـیم سـەرۆک جـەمال عەبدولناصـر و ئەوانـەی لەگەڵیدا بـە ئاراسـتەیەکدا دەچـن، بەدڵنیاییـەوە بـەرەو شیوعییەتە، بڕیارمدا گیانم بکەمە قوربانیی حەقیقەت و کتێبی (الاسلام في وجه الزحف الاحمر)م نووسی، بۆ هەمیشە لە میسر ڕێی چاپکردنی نەدرا، لە کوەیت چاپم کرد، هاوڕێیەکم لـەوێ، کـە نـاوی غنیم بـوو وەزیـری خوێندنی بـاڵا بـوو، کەسێکی ڕۆشنبیری قوتابخانەکەی مامۆستا مـەحموود شـاکر بـوو، ئـەو چاپی کرد، لەو کتێبەدا بەڕاشکاوی قسـەم کردووە، هەستم کرد بـەهۆی ئـەو کتێبـەوە ڕووبـەڕووی مـەرگ دەبمـەوە، بـەڵام نـەمێنێ ئـەو ژیانـەی مـن بمێنم و ئیسـلام بمرێت، ویستی خـوای گـەورە وا بـوو نـەمرم، هـەتا ئێسـتاش ئـەم کتێبـەم چـاپ دەبێتەوە.

مـن هێرشـم کردووەتـە سـەر شـیوعییەت، هێرشـێکی توند، جارێکیـان باسـی ئەو کارە خراپانـەم کـرد، کـە لـە جێبەجێکردنەکەیدا هەیـە، ئەمـە وێـڕای بەڵگـەی فەلسـەفیی درۆینە، کە بوونی خوا نکوڵی دەکات و دژایـەتیی دەکات، پاشـان لـە نەهامەتیی تەمبەڵیی ئوممـەتی ئیسـلامیمان و بێدەنگی لـە بەرانبـەر کـەوتنی لای ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی هەمووی و ئەمەش لە ئەستۆی عەرەبدایـە، دەبێت سـەرکۆنەی خۆمـان بکـەین، چونکـە لـەژێر ئۆقیانووسـی بەستووی بـاکوور، تـا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و تا ئۆقیانووسی هێمن، هەموو ئـەم وڵاتانـە ئیسـلامی بـوون، لەسـەر دەریـای ڕەشـەوە، تـا دەگاتـە ئـەورانج و پاشـان تورکمانسـتان، هەموو ئەو وڵاتانە بە ئەودیو ڕووبار (مـاوراء النهر) نـاو دەبران، ئەمانـە تێکڕا

ئیسلامی بوون، قەیسەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر حوکمڕانییان کردن و پاشان شیوعیەکان بوونە میراتگریان و لە ئێستاشدا مسوڵمانان لە دژیان لە خەباتدان، قوربانییەکانیان لەگەڵ ئاهێکی کپبوودا دەڕوات، کە هیچ دەنگێکی نییە و کەس نایبیستێت و ئوممەتی ئیسلامییشمان بێدەنگە، بۆم دەرکەوت ئەو ئوممەتەی ئێستا بەبێدەنگی دەکوژرێت ئەوانەن، کە لە نارەحەتیەکەماندا هاتن بە هانامانەوە، پاڵەوانی عین جالوت (قطز) کێیە، هەر لە مسوڵمانانی ئەو وڵاتانە چەندین پاڵەوانمان لە بواری ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا هەیە، (سیبەوی) لە (نەحو)دا، (سکاکی) لە ڕەوانبێژیدا، هەموویان خەڵکی ئەو ناوچەیەن، (بخاری) و (مسلم) لە فەرموودەدا، باشە چۆن وازمان لەوانە هێنا؟ لە کتێبی (الاسلام والزحف الاحمرد)دا ئاماژەم بۆ ئەمە کردووە، باسی چۆنیەتیی مامەڵەی یەکێتیی سۆڤیەتم لەگەڵ مسوڵمانان کردووە، کە سێ-یەکی دانیشتووانی پێکدەهێنن، ئەمە ئەو بیرۆکەیە دێنێتەوە ئارا، پێویستە خەلافەت بگەڕێتەوە، بە هەر شێوەیەک بێت پێویستە بێتەوە، من شێوەیەم بەلاوە گرنگ نییە، گرنگ ناوەرۆکەکەیەتی.

لەو کتێبەمدا ڕاستییەکانم ڕوون کردووەتەوە و خاڵم لەسەر پیت داناوە - وەک دەڵێن- شیوەعیەتم ئاشکرا کردووە.

**د. محەمەد عەممارە:** بەڕێزتان ئاماژەتان بۆ ئیسلام و مسوڵمانان لە دەرەوەی عەرەب کرد، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئارا: ئایا ئەم پرۆژە فیکرییە، واتە پەرتوکەکانی بەڕێزتان، بەکوێ گەیشتوون؟ ئایا وەرگێڕدراون بۆ زمانی تر؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** وەرگێڕدراوە بۆ زمانی ئەندەنووسی و زۆربەی کتێبەکانم لەوێ وەرگێڕدراون، پێکەنیم کاتێ زانیم کەسێک ناوی خۆی خستووەتە سەر کتێبی (عقیدة المسلم)، وتم: با وا بێت! لە پاکستانیش باڵوێزخانەی پاکستان پەیوەندییان پێوە کردم و پێیان وتم: ئێمە میدالیای (دمغة امتیاز)ین، تا ئێستاش نازانم (دمغة امتیاز) مانای چییە، چوومە باڵوێزخانە قسەیان لەگەڵ بکەم، وا دیارە ڕێزلێنانە و کتێبەکانم ئێستا بۆ

فەڕەنسی و ئینگلیزییش وەردەگێڕدرێن، من مافی بڵاوکردنەوە بەخۆڕایی دەدەمە هەرکەس لەو وڵاتانە کە دەیەوێت بڵاویان بکاتەوە.

**د. محەمەد عەممارە:** کەواتە تۆ زانست بڵاو دەکەیتەوە، لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات، هەندێ لە خەڵکی سەبارەت بە هەڵوێستی فیقهی ئیسلامی لەبارەی مافی نووسەر پرسیار دەکەن، ئەم بابەتە پێشتریش هەبووە. ئایا درووستە لەسەر فێرکردنی قورئان یان لەبەرکردنی قورئان یان فێرکردنی زانست بەرانبەر وەر بگیرێت؟ هەندێک جار ئەمە لای شەرعزانان وروووژێنراوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** وا بە خەیاڵمدا دێت بابەتێکی دەروونی بێت ئەم بابەتە، واتە: هەرکەس چالاکی نووسین و وتاردانی خۆی بەستەوە بە وەرگرتنی بەرانبەرەوە ئەوا پاداشتی بۆ نییە، ئەرکی ئوممەتە ئەوەیە ئەوەی پێویستییەتی بۆی دابین بکات، نابێت وازی لێ بهێنرێت سواڵ بکات، ئەمە هیچ مانایەکی نییە، کاتێ سەیری کەسێکی وەک عەقاد دەکەین، دەبینین فەرمانبەر نییە تا لە بەرانبەرە ئەرکی فەرمانبەرێتییەکەی مووچەی هەبێت، پێگەی کۆمەڵایەتییشی وای **لێکرد**ووە هەردەم دەرگای ماڵەکەی کراوە بێت، باشە چۆن پێویستی خۆی و ماڵ و منداڵی دابین بکات ئەگەر لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە بەهای فرۆشتنی کتێبەکانی وەر نەگرێت، لە هەمان کاتدا بۆ دەگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە مافی کەسی تر ببەن؟ دەکرێت ڕێسا دابنرێت- ڕێساکان بازرگانی نەبێت - بەڵکو بۆ ڕێکخستن بێت، بە جۆرێک خاوەن فیکر مافی ماددی خۆی پێ بدرێت، خوای باڵادەست لە سورەتی (الانبیاء)دا دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلْنَاهُمْ جَسَدًا لَّا يَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَمَا كَانُوا خاليدينَ﴾ [الانبیاء: ٨].

ئەم چینەی بیرمەندان پێویستە بە شێوازێک ژیانیان بە شێوەیەکی ڕەها بۆ دابین بکرێت، بە جۆرێک خەمی ئەوەیان نەبێت داهاتیان لە فرۆشتنی کتێبەکانیان دەست بکەوێت. لەبیرمە جارێکیان لە جەزائیر یەکێک لە خوێنەران هات بۆ لام و وتی: بەبێ بەرانبەر کتێبەکانت بۆ خوێنەران چاپ بکەین؟ وتم:

چاپی بکە و ئەوە بخەرە ڕوو کە نووسەر دەستبەرداری مافی ماددی خۆی بوو بۆ خوێنەرانی جەزائیر، بەڵام دواتر بینیم بڵاوکەرەوەکان کتێبەکە بە نرخی چەندقات دەفرۆشن.

**د. محەمەد عەممارە:** بەڕێزتان سەبارەت بە کێشەی فیکری پەیوەندیی ئایین بە دەوڵەتەوە قسەتان کرد، هەروەها سەبارەت بە کتێبی (من هنا نتعلم) و (من هنا بدأ)، جەنگێکی تر هەیە لە کۆنگرەی هێزە نیشتمانییەکاندا سەبارەت بە بابەتی ئافرەت، دەکرێت لەم بارەیەشەوە قسەمان بۆ بکەیت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بابەتی ئافرەت بە شێوەیەک کێش کراینە ناو باسەکەوە، نازانم چۆن ئەو بابەتە ڕووی دا.

خاڵێکی گرنگم لە خەیاڵە بەر لەوەی لەبیری بکەم بەتایبەت سەبارەت بە یاسا مەدەنییەکان، یاسای مەدەنی دەڵێت دەبێت سووربوونی پێشتر (سبق الاصرار) و چاودێریکردن (ترصد)ی لەگەڵ بێت، لێرەدا حوکمی لەسێدارەدان دەر دەچێت کە دادوەر بۆی ڕوون ببێتەوە (سبق الاصرار)و (ترصد) هەبووە، وتم: ئەم مەرجانە لەکوێوە هاتووە، ئێمە لە ئیسلامدا کوشتنی بەئەنقەست (قتل العمد) یان هەڵە (خطأ) یان نیمچە هەڵە (شبه خطأ)مان هەیە، ئەو کەسەی بەئەنقەست کەسێک بکوژێت دەکوژرێتەوە، مەگەر خاوەن خوێن لێی خۆش ببێت، لە ماوەی نێوان خاوەن خوێن و لێبوردنەکەی و تۆڵەکردنەوەیدا دەکرێت خەڵکی و کۆمەڵگاش قسەی تیا بکەن و شتی زۆر ڕوو بدات، ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات لە (٢٠٠٠٠) تاوانی کوشتن تەنها نزیکەی پەنجا کەسیان سزای لەسێدارەدانیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت، پاشان کەسێک بکوژەی باوکی لەسەر جادە دەبینێتەوە و تۆڵەی خۆی دەکاتەوە ئەوە سرووشتییە، لەبەر ئەوەی یاساکان ڕاست نین و دەڵێن دژایەتیی تۆڵەسەندنەوە بکەن، چۆن دژایەتی بکەم؟ لە کاتێکدا یاساکان بڕیاریان لەسەر داوە و پێویستیان کردووە؟ بەپێی شەریعەتی خوای گەورە حوکم بکە، هەر کەس کەسێکی کوشت، دەکوژرێتەوە، مەگەر خاوەن خوێنەکە لەو حەقەی خۆش ببێت، ئەو ڕۆژەی خێزانێک دەبینین کەسێکیان کوژراوە و بکوژەکە کفنی پۆشیووە و

پێیان دەڵێت: من ئەوەتا لەبەر دەستاندام ئەگەر دەتانەوێت بمکوژن، بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات ڕق و کینە دەورووژێنێت و تۆڵەسەندنەوە پێویست دەکات، بۆیە دەستبەجێ داوام کرد واز لە یاساکانی فەرەنسا بهێنین و بەپێی شەریعەت حوکم بکەین، ئەمە بۆ ئێمە باشتر و گونجاوترە، ئەمە یەک.

شتی دووەم لە کاتێکدا من کە قسەم لەبارەی جلوبەرگەوە دەکرد، مەبەستم ئەوە بوو جیاوازیی نێوان دەوڵەمەند و هەژار لەنێوان قوتابیاندا دەرنەکەوێت، من دەمەوێت قوتابییەکان یەکجۆر جل و بەرگ بپۆشن و قوتابیانی کوڕ یان کچ بە زیرەکییەکەیان جیا بکرێنەوە، بەڵام کچی دەوڵەمەندێک بێت جوانترین ئەو جلوبەرگانەی پۆشیبێت کە تازە لە پایتەختی وڵاتانی ئەوروپی دەرچووە، کچی هەژارێکیش لەوانەیە تووشی بەلارێداچوون ببێت لە پێناوی بەدەستهێنانی پۆشاکێکی گرانبەها. ئەمە نەشیاوە، لەبەر ئەوە بوو داوام کرد یەکپۆشی لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا پەیڕەو بکرێت، مەبەستیشم لەمە دووبارەنەبوونەوەی ئەو نەهامەتیانە بوو کە خۆم بینیبووم، بۆچی ڕێگە دەدەیت کەسێک بێتە ژوورەوە، کە نیشانەکانی دەوڵەمەندیی پێوە دیارە و کەسێکی تریش نیشانەکانی هەژاری؟ بۆ یەک جۆری جلوبەرگ نەپۆشن؟ هەروەها وتم: سەیری سرووشتی جلوبەرگەکان دەکەین، بەپێی ژینگەکە بێت و جلوبەرگەکان لە لۆکە درووست کرابن، بەدلەش بە دوو سێ جونەیهـ بێت، یەکەم کەسیش کە لەبەری دەکات سەرۆکی وڵات بێت، من نازانم چی ڕووی دا؟ لە ڕاستیدا ئەوان لە بۆسەدا بوون بۆم، کاتێ وتم یەکپۆشی و پۆشاکی ئافرەت یەک بێت، پۆشاکی ڕاهیبەکان چییەتی، کۆی بابەتەکەیان واز لێهێنا و هاتن لەسەر هەندێ شتی لاوەکی تێیدا قسەیان کرد و دەستیان کرد بە هێرش بۆ سەر پیاوێک، کە پێیان وایە بەرگری لە شەریعەت دەکات و دەیەوێت ئیسلام بگەڕێتەوە و مەبەستیەتی بە ڕێگای دیکەی جیاواز لە ڕێگاکانی پێشوو بگاتە ئامانجەکەی، ویستیان دەرگاکان بە ڕوومدا دابخەن و هەڵمەتەکەیان زۆر توند بوو، بەڵام بەڕاستی جەماوەرەکە پشتیان گرتم، چونکە لە مزگەوتی ئەزهەر کە من وتارم تێدا دەدا، نزیکەی سی هەزار کەس بەڕێکەوتن و خەڵک

لـه مزگەوتـەکانی تریشـەوە چوونـە پاڵیـان، چـوون بـۆ ڕۆژنامـەی (الاهـرام) تـا لەسەر ئەو گاڵتەجاڕییەی لەسەر من بڵاویان کردبووەوە تەمبێیان بکەن.

**د. محەمەد عـەممارە:** کەواتـە شـەڕەکە بـووە شـەڕێکی جەماوەری، چونکـە جـەماوەر هەرچەنـدە هـەوڵ بـدرێت بگـۆڕدرێن، بـەڵام هەسـتی ئیسـلامەتییان سوپاس بۆ خوا ناگۆڕێت و لە شوێنی خۆیدایە، قسەکردن سەبارەت بە جەنگە فیکریـەکان لـەمیانی پـرۆژەی فیکـری بـەرەو کێشـەیەکی تـر، یـان جـەنگێکی گەورەمان دەبات، بەڵام وا دەزانم لە ئەڵقەی داهاتوودا بە ویستی خوای گەورە قسەی لەسەر دەکەین.

لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەشدا، جارێکی تر خۆشحاڵیی خـۆم دەردەبڕم، کـە ئـەو ڕێزەم پێ برا ئەم دیدارە لەگەڵ مامۆستام شێخ محەمەد غەزالی ئەنجام بدەم.

لـە کۆتاییدا لـە خـوای گـەورە داواکـارم لەشسـاغی بکـات و فـەڕ و بەرکـەت بخاتـە بەرهــەم و خزمەتــەکانی بـۆ ئوممەتەکـەی و هــەموو ئــەم خزمــەت و بەخشینانەی بکاتە مایەی خێر و بەرکەت بۆ هەمووومان و دووبارە سوپاس.



# بەشی سێیەم

## شێخ محەمەد غەزالی بانگخواز

گفتوگۆکار: د. عەبدولموعتی بەیومی

**د. محەمـەد کـەمال ئیمـام:** بـە نـاوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، برایـانی بـاوەڕدار سـڵاوی خـوای گـەورەتان لـێ بێـت، گفتوگۆکـان سـەبارەت بـە یادەوەرییـەکان و فیکـری زانـای پایەبـەرز شـێخ محەمـەد غـەزالی بەردەوامـە، ئەڵقـەی ئـەمجارە سـەبارەت بـە شـێخ محـەمـەد غـەزالیی بانگخوازە، گفتوگۆکار تێیدا مامۆستا عەبدولموعتی بەیومی ڕاگری کۆلێژی ئوصلی ئایینە لە زانکۆی ئەزهەر.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سوپاس وسـتاییش بـۆ پـەروەردگاری جیهانیـان و درووود و سـڵاو لەسـەر گیـانی پێغەمبـەری خـوا، بەڕاسـتی خۆشـحاڵم کـە قوتابییـەکی گفتوگۆکـار بـم لەگـەڵ مامۆستای پایـەرز بـانگخوازی گـەورە کـە لای هـەمووان ئاشـنایە مامۆسـتامان شێخ محەمەد غەزالی، لە بەخت باشیی من لیژنەی ئامادەکاری ئـەم گفتوگۆیانـە ئەو ڕێزەیان پێ بەخشیم کە لەسەر بابەتی (بانگخواز) گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێزتان ئەنجام بدەم، پاش ئـەوەی ڕۆڵـی بەڕێزتان لـە بانگەواز و کۆششـی گـەورەتان لەم بوارەدا کە لە پێناوی خوا ئەنجامتان داوە هاتەوە یادم.

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، جیاوازییەک هەیە لەنێوان وانەیەک لـە فیقهـ یان وانەیەک لە هەڵسەنگاندن کە شـەرعزان یـان مامۆسـتایەک دەیڵێتـەوە، لەگـەڵ وانەیـەک کـە بانگخوازێـک بـە مەبەسـتی چانـدنی ئیسـلام لـە دەروونـی خەڵکیـدا یـان لادان و نەهێشـتنی هەنـدێک گومـان سـەبارەت بـە ئیسـلام کـە دوژمنانی بڵاوی دەکەنەوە پێشکەشی دەکات، مامۆستا ڕۆڵەکەی دیاری کراوە، چونکـە بـەهۆی ئایینەکەیـەوە ئاشـنای ڕاسـتیی هەنـدێ تێگەیشـتنی دیاریکراوە لـەو زانسـتەی کـە دەیـەوێت ڕاڤـەی بکـات، بـە شـێوازێک یـان بـە جـۆرێکی تـر زانستەکەی بە خەڵک دەگەیەنێت، مامۆستایان لە هەموو قۆناغـەکانی فێرکردنـدا بەو زانستە هەڵدەستن، مامۆستا ماف و ڕێزی خۆی هەیە، بـەڵام سـەبارەت بـە بانگـەواز وا دەزانـم کـاری بـانگخواز بازنەکـەی فراوانتـرە و کاریگـەری و شوێنەواری لە کاری مامۆستا زیاترە، بەڵکو من کاری بانگەواز بە لووتکەی ڕۆشـنبیری ئـایینی دادەنـێم و دەبێـت بـانگخواز بـۆ ئـەوەی ئەرکەکـەی بـەجێ

بگەیەنێت و پەیامەکەی بگەیەنێت پێویستە لە هەر باخێک گوڵێکی هەبێت و لەپشت وشەکانیەوە یاریدەی فیقهـ و تەفسیر و فەرموودە و ئەدەب و ڕەوشت و فەلسەفەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئایینی هەبێت... پێویستە لە هەموو ئەوانە بەهرەمەند بێت پاشان بچێتە ناو خەڵک، لێرەدا پەیوەندییەکەی بە خەڵکەوە ئەو پەیوەندییە نابێت کە زانیارییەک بۆ خەڵک بگوازێتەوە کە پێویستیانە و بێئاگان لێی، بەڵکو لەوە گەورەترە، چونکە وتارەکەی ڕوو لە عەقڵ و ویژدانە، بۆ جووڵاندنی عەقڵی مرۆڤیش پێویستی بەوە هەیە لەگەڵیدا هەستەکانی بجووڵێنێت هەتا ئەو زانستەی لە دەروونـدا بەجێی دەهێڵێت شێوازێکی تایبەتی هەبێت، لەبەر ئەوە هەندێک جار ئەو شعیرەی شاعیرم دێتەوە یاد کە دەڵێت:

**سقوني وَقَالُوا لَا تُغْنِّ وَلَوْ سَقوْا . . . جِبالُ حُنَيْنٍ مَا سُقوني لغَنَّتِ**

هەندێک جار ئەم شیعرە دێنمەوە، لە کاتی باسی ئەوەی بانگخواز کەسێکە دڵی لەوەی تێیدایە لێی دەڕژێت، هەست و سۆزی تەواو پڕ بووە، بە جۆرێک بەسەر لایەکانیدا دەڕژێت و خەڵکی لێی وەر دەگرن، چونکە خاوەنی عەقڵ و سۆزە لە یەک کاتدا. چەند شکستخواردووە ئەو بانگخوازەی واتای مردووانەم پێ دەڵێت، لەوانەیە وێنای مێشکی بن، بۆی هەیە سەرکەوتووش بووبێت لەگەڵ وێنا مێشکیەکاندا بە وێنەیەکی جوان دایبپۆشێت، بەڵام بەمردوویی لەدایک دەبن، چونکە لای خاوەنەکەی هیچ واتایەکیان نییە، لە کاتێکدا دەیەوێت فێری خەڵکیان بکات. ئەم ڕاستییە ڕەنگدانەوەکانی لەسەر کتێبەکانی بەڕێزتان دەبینرێت، ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان، کاتێک قوتابی بووین لە دواناوەندی بەڕێزتانمان دەبینی بەرەنگاریی هەموو ئەو هەڕەشانە دەبوویتەوە کە ڕووبەڕووی جیهانی ئیسلامی دەبوویەوە، بە شێوازێکی عاقڵانەی وەها کە بە کەمترین ماوە بگاتە دڵ.

مامۆستای بەڕێز ئێمە فێر کراین کە وتار جۆرێکە لە جۆرەکانی قسەکردنی سۆزدارانە، لەبەر ئەوە لە لایەنی عەقڵییەوە کێشی کەمە، ئەو بانگخوازەی تەنها وتاربێژە شکستخواردووە، چونکە کارەکەی لەسەر بابەتی وروژاندنی سۆز

و دەروونی بەپەلەیە یان توانای جوولاندنی خەڵکییە بە شێوەیەکی خێرا، ئەم تێڕوانینینە لەوانەیە لەپێشدا هەبووبێت، بەڵام ئێستا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ڕۆژانە و هەفتانە و کتێب و ڕاگەیاندن بە هۆکارە جیاوازەکانی، هەموو ئەمانە ئاستی فکری خەڵکیان بەرز کردووەتەوە، بەمەش مەگەر کەسێکی خاوەن توانای زانستی و فیکر بتوانێت کاریگەری لەسەر خەڵک درووست بکات و بگاتە قووڵایی عەقڵی خەڵکی، پێویستە ئەمە بکات بە بناغە، ئەمەش تێگەیشتنێکی نوێیە بۆ وتاردان، دەبینین بەڕێزتان لە بواری بانگەوازدا کارت پێکردووە و جەختت لەسەر کردووەتەوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەوەم لە قورئاندا وەر گرتووە، چونکە قورئان کتێبی گفتوگۆیە (حوار)، لە زۆرکاتدا داوا لە خەڵکی دەکات بەڵگە بۆ ئەو قسانە بهێننەوە کە دەیڵێن: ﴿وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَرَىٰ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَدِقِينَ﴾ [البقرة: ١١١]، ئەم دەربڕینە: [هَاتُواْ بُرْهَنَكُمْ] زۆر دووبارە بووەتەوە، پێنج جاریش لە قورئاندا هاتووە: ﴿قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا﴾ [ **الانعام: ١٤٨**]، ﴿ٱئْتُونِى بِكِتَبٍ مِّن قَبْلِ هَذَا أَوْ أَثَرَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَدِقِينَ﴾ [الاحقاف: ٤]، ئەمە ئەو مانایە دەدات کاتێ بانگەشەکار دەبێت بۆ بنەمایەکی بێباوەڕی، ئەوا کار لە گاڵتەجاڕی و وروژاندنی ئارەزووەکان یان جوولاندنی خراپەکارییەکان لە دەروونی خەڵکیدا دەکات، ئەمەش بەزۆری ئەو کاتانە ڕوو دەدا کە ڕووی دەمی قسەکەران لە ورگ یان شەهوەت یان ئارەزووە دونیاییەکانە، بەڵام کاتێ من ئیسلام دەخەمە ڕوو پێویستە بزانم من پەیامی مرۆیی بە شێوازە باڵاکەی و مرۆڤایەتی بە شێوازە باڵاکەی لە عەقڵێکی بیرمەنددا دەگەیەنم.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** وا دەزانم ئەمە جیاوازیی نێوان بانگەواز بۆ ڕێبازە ماددیەکان و بانگەواز بۆ لای ڕێبازە ئیسلامییەکانە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ جیاوازیی نێوان ئەو دووانە ڕوونە، بەڵام شتێک دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە من هەندێک جار ئیسلام بە جۆرێک دەخەمە

ڕوو هەندێ شتی لەگەڵدا باس دەکەم کە دەروونی مرۆڤ دەیخوازێت، بەتایبەت لایەنە ماددییەکانی، لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازی هەیە لەنێوان من و ئەوانی تردا بەوەی من ئەو لایەنانە بە هۆکار دادەنێم نەک مەبەست، بۆ نموونە خواردن هۆکارە، جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ ئەوەیە ئاژەڵ بۆ ئەوە ئەژی تا بخوات، بەڵام مرۆڤ بۆ ئەوە دەخوات تا بژی، خواردن پێویستییەکە و هەر دەبێت هەبێت، بەڵام هەندێک کات هۆکارە، هەندێک کاتی تر مەبەستە.

من دەمەوێت خەڵک ژیانی ماددییان بکەنە بناغە بۆ ژیانێکی باشتر، لە ڕاستیدا من لە ژیانمدا کاتێ وەک ئیمام و وتاربێژ و مامۆستا لە مزگەوتی خەزنەدار لە عەتەبەی خەزرا دامەزرام، بە دەروونی خۆم فریوم خوارد، گوتم زانایەکی دەرچووی ئەزهەر خاوەنی توێژینەوە و نووسین و کتێب دەبێت سەرکەوتوو بێت، بەم لەخۆباییبوونەوە دەستم بەکار کرد، پاش سێ هەفتە یان مانگێک خەریک بوو ئیفلاسبوونم بۆ خەڵکی ڕابگەیەنم، وەخت بوو بە خەڵک بڵێم من درۆم لەگەڵ کردن، من لەسەر هیچ نیم، هیچیشم پێ نییە، وام دەبینی بگەڕێمەوە و سەرلەنوێ ببمەوە بە قوتابی و ئەو بڕوانامە زانستییەی بەدەستم هێنابوو پاساپۆرتی چوونمە بۆ ناو کۆمەڵگا، وردە وردە دەستم کرد بە خۆڕۆشنبیرکردن و لەگەڵ خۆمدا خەڵکیش ڕۆشنبیر بکەم، بەڵکو دەروونی خۆم کردە کێڵگەی ئەزموونکردنی چارەسەری نەخۆشی یان دەربازبوون لە خووی ناپەسەند یا گەیشتن بە پلەیەک لە پلەکانی تەواومەندی ئەوانەی دەروونیان پاکژ دەکەنەوە و هەوڵی بۆ دەدەن، ئەم ئەزموونکردنانەم کردە جۆرێک لەو وێنانەی نیشانی خەڵکی دەدرێت تا لە ڕێگای کارکردن لە پێناوی خوا پێکەوە بین.

لەبەر ئەوە هەندێک جار وتەی یەکێک لە بیرمەندە ئەمریکییەکانم دەهێنایەوە: (دەستکەوتە بالاکان لەوانەیە جیاوازییەک بێت کە ڕووتی عەقڵی لای زۆرکەس داپۆشێت) چونکە بڕوانامە هیچ درووست ناکات...

بە خزمەت شێخ عەبدولفەتاح عنانی دەگەیشتم، لە کاتێکدا بۆ ئەنجومەنی بالای ئەزهەر دەڕۆیشت، سەبارەت بە بابەتی زانستی و فیقهی گفتوگۆم لەگەڵ

دەکرد، پێم دەوت وەرە پرسیاری زۆرم هەیە لێت -ئەو زانایەکی مالیکی بوو- لەیادمە باسی زەکاتی داهات (زكاة الدخل) و زەکاتی سەرمایە (زكاة رأس المال)م لەگەڵ دەکرد، پێی وتم: ئەو قسە بێمانایە چییە؟ پێم وت: من دەمەوێت تێم بگەیەنی، زەویی کشتوکاڵی بەگوێرەی نرخی زەوییەکە زەکاتی لێ نادرێت بەڵکو بەپێی بەرهەمەکەی زەکاتی لێ دەر دەکرێت، بەمەش چوار مانگ یان پێنج مانگ بەپێی ئەوەی وەردەگیرێت دەبێت، بەڵام سامان حسابێکی تری هەیە، ئێستا هەندێک خەڵک جگە لە سەرمایەکەیان داهاتیان هەیە... لە وەڵامدا وتی: زەکات پەرستشە، پەرستشیش بواری ئیجتیهادی تێدا نییە، واز لە کاروبارەکانی پەرستش بهێنە دەستکاری ناکرێت... وتم: هەندێک پەرستش هەیە عەقڵ هیچ ڕۆڵێکی تێیدا نییە، بەڵام هەندێک پەرستش هەیە جۆرێک لە جووڵەی عەقڵی تێدایە، جا ئەو بۆچوونێکی هەبوو، شێخ ئەبو زوهرەش بۆچوونێکی تری هەبوو، هەردووکیشیان وانەیان پێ دەوتین.

کاتێک بەتەنها دەستم کرد بە خوێندنەوەی فەرموودە هەندێک شتم بۆ دەرکەوت کە پێشتر نەمدەزانی، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمانی پێ دەکردن دەستنوێژ بگرن لە هەر شتێ خرابێتە سەر ئاگر، پاشان مۆڵەتی دان دەستنوێژ لەوە نەگرن. لەیادمە من لەگەڵ قوتابییەکدا لە ژوورێکدا بووین و لەگەڵیدا فەرموودەمان دەخوێند، کەسێکی وابەستە بە دەقەوە بوو، من لەو توانایەی لەبەرکردنی و لەو شارەزاییەشی لە مەزهەبی مالیکدا هەیبوو سوودم وەر دەگرت... مەزهەبی ئیمامی مالیک لەگەڵ ئەوەی بە یەکێک لە چوار مەزهەبەکە دادەنرێت، من وا دەزانم ئەویش لە مەزهەبەکانی ئەهلی ڕەئییە، چونکە مالیک سەرنجی ئایەتی قورئانی دەدا، بۆ نموونە لای ئەو لیکی سەگ و ئارەقی پاکن، بانگەواز فێری کردین هەموو مەزهەبەکان بخوێنین، بەتایبەت کە ئێمە سەفەرمان بۆ شوێن و ناوچەی وا دەکرد کە سەگ تێیاندا زۆرە، وەک ڕۆژئاوا، باشە چی بکەین؟ لە پاریس و لەندەن ئەوان لەگەڵ سەگەکانیان دەژین، بۆچوونی مەزهەبی ئیمامی مالیک پێی وایە ئارەق و لیکی سەگ پاکن، بەڵام ئەم بۆچوونەی لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ لە کاتێکدا چەندین فەرموودە هەیە وای دەبینێت سەگ پیسە و سێ ئیمامەکەی تر لەسەر ئەوە

یەکدەنگن، لێرەدا پرسیارێک دێتە ئارا: ئیمامی مالیک ئەم بۆچوونەی لەکوێ هێناوە، لەکوێی وەر گرتووە؟ وا دەزانم لە فەرموودەیەکی بابی ڕاوکردن وەری گرتبێت، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: (ما أمسک علیک فکل)(١)، لە گێڕانەوەی ئەبو داودیشدا هاتووە: (ما علمت من کلب أو باز ثم أرسلته وذکرت إسم الله فکل مما أمسک علیک)وتم: ئەگەر خواردی؟ وتی: (إذا قتل ولم یأکل منه شیئا فإنما أمسکه علیک)(٢)، هەورەها: ﴿وَمَا عَلَّمْتُمْ مِنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّهُ فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ﴾ [المائدة: ٤] ئەمە بنچینەی بووە.

ئەمە وامان لێدەکات بانگەواز وا ببینین پێویستە فیقهێکی فراوانی تێدا بێت، چونکە دەبێتە موفتیی خەڵک لەسەر مەزهەبی مالیک یان ئەبو حەنیفە، من لە بانگەوازدا بە ژینگە جیاوازەکاندا دەگەڕام، بەرژەوەندیم لەوەدا بوو تێڕوانینەکانی ئیمامە سەر مەزهەبەکانمان بزانم، پاش ئەوە پێگەیشتین و ناچار بووین بۆ چەندین وڵات بڕۆین، بە هەندێک لە براکانم وت: بانگخواز لەلایەنی فیقهییەوە ناچارە لە کاتێکدا بەرگری لە ئیسلام بکات لە قەڵاکەی ئیبن حەزمدا بوەستێت یان لە قەڵاکەی ئیبن تەیمییە یاخود قەڵاکەی ئەبو حەنیفە، پرسیار دەربارەی مانای ئەو قەڵایە کرا کە تێیدا دەوەستێت؟ وتم: بۆ نموونە لە وڵاتێکدا ئافرەت هەموو مافەکانی بۆ دابین کراوە، باشە چ ڕێگرییەک هەیە پێیان بڵێم ئافرەت خۆی ڕاستەوخۆ گرێبەستی هاوسەرگیری بکات کە ڕووکاری دەقی قورئان بەو جۆرەیە، هەر وەک ئیمام ئەبو حەنیفە هێناویەتی و هەر ئەمەش بۆچوونی مەزهەبی حەنەفییەکانە، لای ئێمە لە میسر پێویستە دادوەری شەرعی یان ڕێپێدراو (مأذون) لەوە دڵنیا بێت ئەو کچەی گرێبەستی هاوسەریی بۆ دەکات باوکی کردووەتە بریکاری، مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفە بەو جۆرەیە، ئەو فەرموودەیەشی سەبارەت بە مارەبڕینی ئافرەت بەبێ سەرپەرشت (ولی) هاتووە و دەقەکەشی ئیبن ئەبی عومەر لە سوفیانی کوڕی عیینە، ئەویش لە ئیبن جریج و لە سولەیمانی کوڕی موسا لە زهریەوە، ئەویش لە عروە و ئەمیش لە عائیشەوە گێڕاویانەتەوە پێغەمبەری خوا (دروودی

خوای لەسەر) فەرموویەتی: (أيما إمرأة نكحت بغير إذن وليها فنكاحها باطل فنكاحها باطل فنكاحها باطل، فإن دخل بها فلها المهر بما أستحل من فرجها، فإن اشتجروا فالسلطان ولي من لاولي لە)(٣)، ئەبو عیسا دەڵێت: ئەمە فەرموودەیەکی (حسن)ە، حەنەفییەکان کاریان پێ نەکردووە، بەو پێیەی کە شەرعزان (فقیە)م دەبێت گرنگی بە زانستی زاراوە (علم المصطلح) و زانستی پیاوناسیی (علم الرجال) بدەم هەتا بزانم ئەو فەرموودەیە بۆ لاواز کراوە، ئەو کاتانەی بۆ بانگەواز بۆ ئیسلام دەچمە ئەوروپا تەنها بەگوێرەی مەزهەبی حەنەفی فەتوا دەدەم، تەنها ئەوە بە ئافرەت دەڵێم تۆ دەتوانی خۆت گرێبەستی هاوسەرگیریت بکەیت، ناتوانم باسی ئەوەی بۆ بکەم پێویستە کەسێکی نزیکت بهێنیت، چونکە لەوە تێناگات و ناچێتە عەقڵییەوە.

کاتێ بەگوێرەی مەزهەبی ئیبن حەزم فەتوا ئەدەم، کە شایەتیدانی ئافرەت لە تاوانکارییەکان (الجنايات) و سنوورەکان (الحدود) و تۆڵەکردنەوە (القصاص)دا هەر وەک لای ئێمە دەگوترێت وەر دەگیرێت، ئەمە مەزهەبمە، چونکە ئافرەتەکە بینیوویەتی کێ لێدەرە یان کێ بکوژە یان کێ بریندارکەرە، باشە چۆن شایەتیدانەکەی پووچەڵ بکرێتەوە؟ لە کاتێکدا خوێندەوار و ڕۆشنبیرە و بۆی هەیە لە پیاوانێک باشتریش بێت کە دەیانناسین، ئێستا لە هەموو شوێنێک ئافرەت خوێندەوارە... لە ڕاستیدا کاتێ مەزهەبی ئیبن حەزمم بینی بۆم دەرکەوت، ئەم کەسە بەمتمانەوە بێبەشکردنی ئافرەت لە شایەتیدان، وەک ئەوەی ترمزی گێڕاویەتەوە پشتی بە فەرموودەیەک بەستووە، کە فلان لە فلانەوە گێڕاویەتەوە (فلان لاوازە و فلانەکەی تر تیابەر(هالک)ە)، جا ئێستا من وەک بانگخوازێک ناچارم هەموو ئەوانە شارەزا ببم.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** ئەمە دەمانبات بۆ لای ڕۆڵی بانگخوازی هاوچەرخ، کە نەک تەنها بە تێڕوانینێکی گشتگیری بۆ مەزهەبەکان دەڕوانێت، بەڵکو بە هەمان شێوە سەیری تێکڕای ڕەوتە هاوچەرخەکان و هەڕەشەکانیش دەکات، هەر وەک بەر لە ماوەیەک کتێبی (الاسلام وأوضاعنا الاقتصادية)ی بەڕێزتانمان خوێندەوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ لەو کتێبەدا سەلمێنراوە، کە ئیسلام ئەوە ڕەتدەکاتەوە خراپییەکان هۆکاری ئابوورییان هەبێت و باشییەکانیش هۆکاری ئابوورییان هەبێت، ئەوەش ڕەتدەکاتەوە کە داگیرکاری ناوخۆیی پایەیەکی داگیرکاریی دەرەکی بێت، خەڵکانێک هێز و دەسەڵاتیان قۆرغ کردووە و خەڵکانێکیش خۆشگوزەرانییان قۆرغ کردووە، دەستم کرد بەوەی بەپێی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) قسە لەسەر بابەتەکە بکەم، ماوەتەوە ئەوەی بڵێم: هێرشکردنە سەر ئیسلام ئێستا لە ڕاست و ناوەڕاست و چەپەوە، واتە لە هەموو لایەکانەوە، لەوانەیە لەلایەن پارێزگارانی ئینگلیزەوە هێرشمان بکرێتە سەر، بۆی هەیە لەلایەن شیوعی و چەپەکانەوە پەلامار بدرێین، لەوانەشە لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە بێت، هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە، لە کاتێکدا من بەرەنگاری هەموو ئەو ڕەوتانە دەبمەوە تەنها شارەزای یەک بۆچوون بم، بۆچی تەنها ئاشنای غەزالی بم؟ لەسەرم پێویستە شارەزای غەزالی و ئیبن تەیمییە و ئیبن حەزم و ئیبن جەوزی و ئەبو حەنیفە و مالک و شافعی و ئیبن حەنبەل بم، ئەوانەی هێرشمان دەکەنە سەر ئەگەر ئاوا زۆر بن هیچ مانایەکی تیا نییە من لەگەڵ یەک کەسیاندا بم و سوود لەوە وەر بگرم کە دەیزانم وەک دەبینم ئەوان چییان هەیە و دەتوانم بەزانستی فراوان لە بەرانبەریان بوەستم.

ئەو کاتەی ئیمامی مزگەوت بووم، هەندێک جار لە کاتی نوێژی بەیانیدا هەستم بە کەشێکی ڕۆحی دەکرد و بە خۆمم دەوت: پێش شەش سەعات ئیمامی ئەم میحرابە بووم و نوێژی عیشام بە خەڵکی دەکرد، لەیادمە چوار ساڵ ئیمامی مزگەوتێک بووم پێشنوێژی عیشا و بەیانیم بۆ خەڵک دەکرد و لەنێوان مەغریب و عیشادا وانەم بە خەڵک دەوتەوە، کاتێ کرامە پشکنەر (مفتیش) سەرم سوڕما کاتێک لەنێوان مەغریب و عیشادا چووم بۆ قاهیرە ئەتوت لادێییەکم و تازە دەچمە قاهیرە، ئەو شوێنانەم نەدەزانی لەو کاتەدا، وردە وردە شارەزایان بووم، لەنێوان مەغریب و عیشادا تەنها لە مزگەوت بووم... هەموو ئەمانە مرۆڤێکی بانگخواز بە شێوەیەکی تایبەت پێدەگەیەنێت چونکە وای لێدەکات لە خوای گەورە نزیک بێت، بە پەرستش و سوور بوونی

لەسەریان، بانگەوازیش بەبێ هۆشیاریی تەواو و پەیوەندی بەتین لەگەڵ خوای گەورەدا ناچەسپێت.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** لە ڕاستیدا گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێزتان تام و چێژێکی تایبەتی هەیە، لە قۆناغێکەوە وەک بانگخوازێک بە شێوەیەکی جوان دەچیتە سەر قۆناغێکی تری ژیانت. ئێستا پاش خستنەڕووی بەرنامەی بەڕێزتان لە بانگەوازدا دەمانەوێت هەندێ یادەوەریت سەبارەت بە بانگخوازی بۆمان باس بکەیت، بەدڵنیاییەوە لەو تەمەنە درێژەدا ڕووبەڕووی چەندین ڕووداو و هەڵوێست بوونەتەوە، چ یادەوەرییەکتان هەیە بۆمان باس بکەن؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا وەک پیشنوێژ و وتاربێژ و مامۆستا دەستم پێکرد، پاشان لەلایەن ئەزهەرەوە هەڵبژێردرام ببمە واعیز و لەوێ کار بکەم، بۆ ماوەی چوار یا پێنج ساڵ وازم لە ئەوقاف هێناو چوومە صعید، پاش ئەو ماوەیەی،کە لە ئەزهەر بووم هاتمەوە و بوومە بریکاری مزگەوتەکان و گەڕامەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف، لەو ماوەیەدا لە ئەزهەر واعیز بووم، دواتر شێخ سلێمان نوار –ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کە بەڕێوەبەری وەعز و ڕێنمایی و سەرنووسەری گۆڤاری (نور الاسلام) بوو کە بەشی بانگەواز و ئیرشادی ئەزهەر دەری دەکرد، هەڵیبژاردم تا بنووسم، من پێشەکیم دەنووسی، برایانێکیشی هەڵبژارد لەگەڵم بنووسن، دیارە بەهۆی ئەوەی تەمەنی من کەم بوو ئەمە جۆرێک لە نارەحەتی بۆ درووستکردن، خەڵکی وا سەیری واعیزیان دەکرد، زۆربەیان تەمەنیان پەنجا شەست ساڵ دەبوو، منیش شتێ لە سی ساڵ زیاتر بووم، ئەمە بە یەکێک لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی دادەنرا.

بەهەرحاڵ لە سەردەمی پاشایەتیدا، کاتی حوکمڕانی مەلیک فاروق دەستگیر کرام، ئەو کاتە ئەندام بووم لە دەستەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین، لە هەمانکاتدا بانگخواز بووم، هەرکەس بچووایەتە عەتەبەی خەزڕا دەیبینیم وتارم دەدا، کەسێکیش بچووایەتە ئەبو قرقاص دەیبینیم ئامۆژگاری خەڵک دەکەم، هەر کەسیش بچووایەتە لاوانی مسوڵمان دەیبینیم نوێنەری ئەزهەرم لەوێ، ئەزهەر وەک نوێنەری خۆیان لە کەرتی غەزە ناردبوومیان،

ئیدی من لەنێو ئاوارەکاندا لە سەربازگەی رمال لەسەر کەناری دەریای سپی بووم، پاشان سەربازگەی مەغازی و دێر البلح و خان یونس و ڕەفەح و بە ناوی ئەزهەرەوە لەو ناوچانەدا دەهاتم و دەچووم، لە هەمانکاتدا دەزانرا، کە ئیخوانم.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** بەڕێزتان لە چ ناوچەیەک دەستگیر کران؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** چووم بۆ کێوی تور (جبل الطور)، لە ڕاستیدا بۆ کێوکە نەبوو، چونکە کێوەکە دوور بوو لێمانەوە، بەڵام دەمبینی و وا دەهات بە خەیاڵمانا کە نزیکە، بەڵام ماوەی نێوانمان لەگەڵ کێوەکە چەندین کاتژمێر دەبوو، هەندێک جار ژیان ئاوا دیارە... لە تور بووم هەستم دەکرد ئەو شوێنە گونجاوە بکرێتە هاوینەهەوار و شوینی سەیران، وا دەزانم هەوای ئەوێ هێندە پاکە ئەگەر نەخۆش بچێتە ئەوێ چاک دەبێتەوە، هەندێک جار کە با هەڵدەکات وا دێت بە خەیاڵمدا، کە گوێم لە نەڕەی دەرچوونی شەست ڕەشەبایە بە یەک جار، ناوچەکە زۆر سەیرە، کاتێ نوێژی تەراویحم بۆ برایانی دەستگیرکراو – کە چەند هەزارێک بووین- دەکرد، هەستم دەکرد کێوەکە گڵۆپی کارەبایی پێوە هەڵواسراوە و لەبەردەممدا دەهەژێت، وەک ئەوەی گەردوون بهەژێت!

ڕۆژانێکی سەیر بوو، ژمارەیەکی زۆر لە ئیخوان موسلمینم لەگەڵدا بوو، هەروەها هەندێک لە شیوعیەکان و هەندێک لەوانەی "مەترسی بوون بۆ سەر ئاسایش" لەگەڵمدا بوون، بەڵام زۆرینە لە خۆمان بوو، لەبەر ئەوە ئێمە بڕیاربەدەست بووین، لەیادمە بەو پێیەی ئیمامی ئەو کۆمەڵەیە بووم بڕیارم دەرکرد برایان سەردانی ئەو شوێنە نەکەن کە شیوعیەکانی تێدایە، هۆکارەکەش –لەگەڵ ئەوەی من کەسێکم سوپاس بۆ خوا فیکرم کراوەیە و دەتوانم مشتومڕ لەگەڵ جوولەکە و مەسیحی و بێباوەڕ و فاجریشدا بکەم-، بەڵام دەمبینی شیوعیەکان مایۆ لەپێ دەکەن و حەزیان لە ژیانی بەرەڵاییە، ئەو برایانەشی لەگەڵمدا بوون وامان کردبوو قورئان بخویننەوە و نویژ بکەن و پاڕانەوە و نزاکان بخوێننەوە و یادی خوای گەورە بکەن و بانگەواز بکەن، هەستمان دەکرد ئێمە نامۆ و سەیرین و پێویستمان بە چاودێریی خوای

گەورەیە، هیچ مانایەکی تێدا نییە سەرپێچی، یان خراپەکاری بێتە ژیانمانەوە، ئەوانەش لەوانەن کە دەڵێن، خوا بوونی نییە و ژیانیش ماددەیە، چاوەڕوانی چی بم لێیان؟ بۆیە حەزم نەدەکرد پێیان بگەم، بەڕاستییش بڕیارەکەم جێبەجێ کرا و برایان نەدەچوونە لای شیوعییەکان، لەوێدا چەندین وتارم بۆ ئەو برایانە دەدا، دواتر ئەو وتارانەم کۆ کردەوە و کتێبی (الاسلام والاستبداد السیاسي) لێدەرچوو، کە ئەو وتارانەی لەخۆ گرتبوو بۆ دەستگیرکراوان لەوێ پێشکەشم کرد و بەهای ئازادیم بۆ دەرکەوت.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** ئایا کتێب یان سەرچاوە هەبوو سوودی لێ وەر بگرن؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** سەرت سوڕ دەمێنێت، ئەگەر بڵێم زۆرترین شت لە بانگەوازدا پشتم پێ بەستبێت ڕامانم بووە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان، هیچ ڕێگری تێدا نییە، کە لەپاڵیاندا —لەوانەی لەپاڵ بەرچاوڕوونیم لە تێگەیشتن لە قورئان- بەشێک لەو خوێندنەوە زۆرانەش دابنێم، کە ژیانم پێ دەست پێکردبوو، هەموو شتێکم دەخوێندەوە، باش و خراپ، ئەوەی دەمخوێندەوە دەمخستە گەنجینەی عەقڵی ناواخن (العقل الباطن)، پاش ئەوە نازانم چۆن خوێندنەوەکان، یان ڕووداوەکان دەهاتنە جۆش دەهاتنە دەر، پاش ئەوە لەو کتێبانەی وەرم گرتبوون ناوی سەرچاوەکانم تۆمار دەکرد، کە باوەڕم وا بوو لەوێ خوێندبوونمەوە.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** لە یادەوەرییەکانی بەڕێزتان، کە لە کتێبێکتاندا خوێندومەتەوە و ئێستا ناوەکەیم لەیاد نییە، باسی هەڵوێستێک دەکەیت کاتێ کەسێک لە دێرلبلح پێش جەنگی (١٩٤٨ز) پرسیارت لێدەکات: ئایا من بەرەو بەهەشت دەچم، پاشان بەڕێزتان زانیوتە شەهید بووە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەوانە ژمارەیەک لە ئیخوان موسلمین بوون، کاتێ یادیان دەکەم، وا هەست ئەکەم لە بەردەممدان و ئێستا تارماییان لەپێش چاومە، چونکە ئەوان لە کاتێکدا من ئیمام بووم لە مزگەوتی عزبا لە عەتەبە

ئـەو کاتـەی بـۆ جـەنگ دەڕۆیشـتن خواحافیزییـان لـێ دەکـردم، زانـیم ئـەوان بەڕاستی بۆ دیداری خوای گەورە دەچن، چوومە دیرلبلح، کە لەوێ لاشـەیان خرابـووە گـۆڕەوە و شـوێنەکەم بینی، بەڕاسـتی دیمەنەکـەی وەک باخچەیـەکی ڕازاوە وا بـوو، سـەیری گـۆڕەکـان و دەوربـەریانم کـرد بینـیم گـوڵ و گـوڵزارە، وام هاتـە پێشـچاو کـە دەرەوەی شـوێنەکە ڕەنگدانـەوەی ناوەوەیـەتی، ئـەوان ئێسـتا لـە باخـەکانی بەهەشـتدان، وتـم: ئـەوان قوتـابیم بـوون ئێسـتا بوونـە مامۆستام، ئێمە زیاتر لەوەی ئەوان داوا دەکەین و ئەوان زۆر پێشـمان کـەوتن، پـاش ئـەوە بـۆم دەرکـەوت چـۆن مـردوون، بـەهۆی ئـەوەی چەکـەکانی ئـەوان سـادە بـووە و هـەرئـەوەش سـەیرە لـە مامەڵـەمان لەگـەڵ جـەنگی هاوچەرخـدا، جـــەنگی بێبـــاوەڕانی (داروم)، کـــە تێیـــدا هەشـــت لـــەو گەنجانـــەی ئیخـــوان کوژرابوون[1]، جـەنگێک بـوو نشـینگە جوولەکـەکە بەشـێکی دیاری ڕووی زەوی بوو، بەڵام کیانی ڕاستەقینەی نشینگەکە لە ناوەوەی زەوی بـوو، تۆپهاوێژەکـان بـە دوگمـە لـە ژێـرەوەی زەوی ئاراسـتە دەکـران و جوولەکـە نـەدەکوژرا، لـە کاتێکدا ئەوانەی دەیانویست لەشوێنەکە نزیک ببنەوە دەکوژران، ئەو گەنجانـەی ئیخـوانیش بـەو شـێوەیە کـوژران، یـەکێک لـە ئەفسـەرە ئینگلیزەکـان وتبـووی: ئەگـەر مـن سـەرکردەی ئـەو یەکـە سـەربازییە بوومایـە، ئـەوا هـەموو دونیـام پێـدەگرتن، چونکـە ئازایانـە و بـێ تـرس دەچوونـە پێشـەوە و کـوژران، بـە شێوەیەکی زۆر سەیر دەجەنگان، بوێرانە بەرەو لای خوای گەورە دەچوون.

لـە ڕاسـتیدا ئـەو برایانـە گـەورەترین جێدەسـتیان لـە کـەرتی غـەززە و دوروبەری نشینگە جوولەکەکە بەجێهێشت کە هیچ شـوێنەوارێکی جوولەکـەی تیا نەما.

بـەڵام شـتێک فێـر بـووم، چـی وای لـەو جوولەکانـە کـرد بـە نـوێترین چـەک بجـەنگن و سـەربازانی ئێمـەش سـادەترین چـەکیان پـێ بێـت و پێیـان بوترێـت

---

[1] ئیخـوان بـە سـەرکردایەتیی ئەحمـەد عەبدولعـەزیز بەشـداریی جـەنگی (١٩٤٨ز)یـان لـە میسـر و ئـوردن و سـوریا و فەڵەسـتین و عێـراق کـرد، لـە دیـارترین موجاهیـدەکانیان کامـل شـەریف و شـێخ محەمـەد فـەرغل و ئـەبو فـەتوح شوشـە لـە میسـر، مسـتەفا سباعی لە سوریا، محەمەد مەحموود سەواف لە عێراق بوو.

بـەرەنگاری دوژمنێـک ببنـەوە، کـە نـوێترین کەرەسـتەی وێرانکـاریی هەیـە، ئوممـەتی ئیسـلامی هەڵـەکانی زۆرن، ئـەو سـۆزە گەرمـە بەجۆشـە و توانایـەی شـوێن و کێشـی خـۆی هەیە، بـەڵام لـە ڕاستیدا دەمـەوێت بـە مسـوڵمانان بڵـێم: جیهادی زانستی پێگەی کەمتر نییە لە جیهادی سەربازی، پێدانی نـوێترین چـەک بـەو گەنجانـە کـارێکی پێویسـت بـوو، ئـەو کارمەنـدە هونەریەشـی لـە کارگـەی کیمیاییـە کـە چـەک بـۆ ئـەو جەنگاوەرانـە ئامـادە دەکـات کـە بەهۆیـەوە سـەر دەکـەون ئـەویش موجاهیـدە، ئـەو کەسەشـی بـە دووربینەکـەی سـەیری شـوێنەکانی دوژمـن دەکـات موجاهیـدە، ئـەوەی داودەرمـان ئامـادە دەکـات موجاهیدە، پێم خۆش بوو وا بکەم مسوڵمان هەست بکەن گۆڕەپانەکانی جیهاد فـراوان و زۆرە، ئـەوان پێویسـتە کـاری بـاش بـۆ خـوا ئـەنجام بـدەن و بـزانن کارکردن بۆ خوای گەورە، یەک شێوەیەی دیاریکراوی نییـە. لـە فەرموودەکانـدا گوێمان لێ بووە: عەلی کوڕی حەفص گێڕاویەتەوە بۆمان لە ئیبن موبارەکەوە، کە تەڵحەی کوڕی ئەبی سەعیدا وتوویەتی: لە سەعیدی مقبریم گوێ لێ بوو لە ئەبو هورەیرەی بیستووە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: (من احتبس فرسا في سبيل الله إيمانا بالله وتصديقا بوعده فإن شبعه وريـه وروثـه وبولـه فـي ميزانـه يـوم القيامـة)[1]، هـەموو ئەوانـە کـاری باشـن دەخرێنـە سـەر تەرازووی کارە باشـەکانی خاوەنەکەیـەوە، ئەمـە لـەو سـەردەمەدا بـووە، ئێسـتا نییـە، پێویسـتە ئـەو کەسـەی کـار دەکـات بزانێـت کـاتێ بـە ڕوخسـار و جلێکـی جوانەوە لەژێر تانکێک یان لە پشتەوەی توپهاوێژێک دێتـە دەرەوە و ڕوخسـار و جلوبەرگەکەی پیس بووە، ئەمە لە پێناوی خوادایە و کاری چاکەیـە، لەوانەیـە کـاری چاکـە پـەڕێک بێـت، کـە لـە کاتێکـدا دانیشـتووم و لەسـەر کاغـەز پێـی دەنووسم، لەوانەیە پاچێک بێت و بەو جۆرە...

**د. عەبدولموعتی بـەیومی:** مامۆسـتای بـەڕێز ئەمـە هەڵوێسـتێکی قوتابیـەکت بوو لە دێرلبلح، وا دەزانم ئەمە لە هەموو هەڵوێستەکان زیاتر کاریگـەری هەیـە، ئایا هەڵوێستی سەرنجڕاکێشی تر وەک بانگخوازێک لە ژیانتانا هەیە؟

---

[1] بوخاری و جگە لەویش گێڕاویانەتەوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا هەڵوێستەکان زۆرن، لە یادمە ڕۆژێکیان پارچە نانێکم هەڵگرت و لە برساندا خواردم، لە کاتی خواردنیدا زانیم لمی تیایە، بەڵام لەبەر ئەوەی برسیم بوو گوێم بە لمەکە نەدا، هەستم کرد ئەم کارە دەرئەنجامەکەی مەترسیدارە، بۆیە هەستام و خەڵکی گرتووخانەکەم کۆ کردەوە، کە نزیکەی هەزار کەس دەبوون و پێم وتن: پێویستە بۆ ئیسلام بژین، بەڵام ژیانمان بۆ ئیسلام پێویستی بەوە هەیە هەندێکمان ژیانی بۆ بکاتە قوربانی هەتا ئەوانی تر بژین و ئاڵاکە هەڵبگرن و پەیامەکە درێژە پێ بدەن و بیگەیەننە مەبەست، من یەکەم کەسم خۆم دەکەمە قوربانی، ئێمە ئێستا خواردنەکەمان دەستی بەسەردا گیراوە و ئەو دەستەیەی سەرۆکایەتی سەربازگەکەی لە ئەستۆدایە پێمان گەیشتووە، کە بازرگانیی بە خۆراکەکەمانەوە کردووە و بەبرسێتی وازی لێ هێناوین، پێویستە مافی خۆمان بە دەستی خۆمان بسێنین، پێم وتن: وەرن با بڕۆین، ڕەگی ڕووەکێکی بچوکم هەڵگرت و هاوارم کرد بڕووخێ سیاسەتی برسیکردن... لەیادمە هەندێ لەبرا بەتەمەنەکان وتیان: ئەمە شێتە بەرەو تیاچوونتان دەبات، پێم وتن: ئەوە باشترە لەوەی بەش بەش بمرین، هەموو خەڵکەکە لەگەڵم هاتن تەنها یەک دوو کەس نەبێت، ئەو سەرکردەیەی  ئەو ڕۆژە لەوێ بوو، پلەدارێک بوو بە پلەی بریکاری وەزارەت، دەبێت بزانین ئاکار و ئازایەتییە بەندکراو دەکاتە پیاو، بۆکسێکم لە مێزی پیاوەکەدا، خەریک بوو ئەوەی لەسەریەتی بکەوێت، پێم وت: دەمەوێت بزانم ئەو بەندکارەی منی وەک بەندکراوێک بۆ ئێرە ناردووە چ خواردنێکی بۆ نووسیووم، ئێمە خەریکە دەمرین، سوێند بەخوا (تور) پڕ دەکەین لە خوێن! پێی وتم: مامۆستا تۆ واعیزیت، واعیزیش ئەو قسەیە ناکات، پێم وت: بەهەرحاڵ پێویستە بێت و ئەوەی پێویستە بۆمان بهێنێت.

دواتر زانیم ئەو پیاوە لەنێوان ئەو و سەربازەکاندا شتێ ڕووی دابوو، قەدەر وای کرد دوایی بیزانم، ترسی ئەوەی هەبوو داوا لە سەربازەکان بکات، لێمان بدەن ئەوانیش بێنە پاڵ ئێمە و سەرپێچی فەرمانەکەی بکەن، لەبەر ئەوە فەرمانی کردبوو بە بەڵێندەر ئەوەی داواکراوە، وەک پێویست بدرێت بە بەندکراوان پێیان بدرێت، بینیم ئەوەی بۆمان نووسراوە پێمان نادرێت، لەو

کاتـەدا لـەباتی گرام دەرهـیم هـەبوو، پـەنجا دەرهـیم گۆشـت بـوو، بـەو جـۆرە شتەکانی تریش، چووین بۆ ئـەو شـوێنەی خـواردنی لـێ دابەشـدەکرا و هـەموو ئەو خواردنەی بۆمان نووسرابوو وەرمان گرت و هاتینـەوە، کاتێ بـەو هـەموو خواردنـەوە گەڕاینـەوە سـەیرم کـردن سـەرقاڵن بـەوەی هێناویانەتـەوە، هـاوارم لێکردن: کاتی نوێژە وەرن، بەسەرسوڕمانەوە سەیریان کردم و مـن چـووم بـۆ مزگەوت و ئەوانیش بەدوامدا هاتن، وتم: ئایا بۆ نانخواردن هـاتووین بـۆ ئێرە؟ سەریان لەوە سوڕ ما و وتیان: تـۆ ئێمـەت بـۆ ئـەوە برد! وتـم: ئێسـتا خـواردن درووست دەکەن، بـەڵام فـڵان بزانـە ڕووبـەری ئـەم مزگەوتـە چەندە و جێگـەی چەند نوێژخوێنی تێدا دەبێتەوە، یەکسـەر دەستمان کرد بـە نوێژی بـەکۆمـەڵ و کـەس دوانەکـەوت، ئێمـە لـە خـاکی ونبوونـداین و نـازانین چیمـان بەسـەر دەهێنرێت و برسـیترین کەسـی سـەر زەویـن، لیژنەیـەکمان بـۆ پاکوخـاوێنی و لیژنەیـەک بـۆ سیسـتەم و فێرکردنـی قوتابیـان پێکهێنـا و پـەیمانگای سـینای ئیسلامیمان بۆ فێرکردنی منداڵانی دەوارنشـین درووسـت کـرد، چێژی زۆرمـان لە ئیسلام و خزمەتی بانگەواز لەو شوێنەدا بینی، لەیادمە قورئانم دەخوێند بە برایانم و پێشنوێژیم بۆ دەکردن، ئەوەش خێرێکی زۆرە...

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** بەڕێزتان لەم هەڵوێستەتاندا، ئەوەتان بەرجەسـتە کـرد مسـوڵمان لـەپێناوی مافەکانیـدا دەجـەنگێ، لـە هەمانکاتـدا بـۆ داواکارییـە ماددیەکانیشی و سـەرکوت ناکرێت پێی.

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەر وەک وتم: ئەوە هۆکارە نەک مەبەست.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** یادەوەرییەکانی بەڕێزتان لە وەزارەتی ئەوقاف - کە ئـەوێ دامەزراوەیەکە لـە دامـەزراوەکانی بانگـەواز- کـە ئێـوە تێیدا گەیشـتنە پلەی بەرز.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ من سەرەتا ئیمام بـووم، دواتـر مـوفتی، پاشـان بریکاری بەشی مزگەوتـەکان، دوای ئـەوە بەڕێوەبـەری مزگەوتـەکان، دواتریش چـاودێری کاروبـاری ئـایینی، پـاش ئەوانـە بریکـاری وەزارەت بـۆ کاروبـاری

بانگەواز، بەڵام پێم خۆشە ئەوە بڵێم: من ئەوەم ڕەتکردەوە، کە پۆستە کارگێڕییەکان لە بانگەواز و فێربوون و فێرکردنم دابېڕێت، هەست دەکەم خوای گەورە ڕێزی ئەوەی لێنام، چونکە شێخی قورئانخوێن (ئەبی لعولا)م هێنا و داوام لێکرد هەموو بەیانیەک لە سەعات هەشت تا هەشت و نیو بێت بۆ لام تا ڕۆژانە جزمێک قورئانی بۆ بخوێنم.

یەکەم فەرمانبەر بووم بچێتە وەزارەتی ئەوقاف، نیو سەعات سەرقاڵ دەبووم بە قورئانخویندنەوەوە، لە هەمانکاتدا سەرقاڵی نووسین دەبووم... ئەو کاتەی، کە چاودێری کاروباری ئایینی بووم کتێبی (کفاح دین)م نووسی، لەم کتێبەدا باسی ئەوەم کردووە، کە فڕۆکەوان (عەبدولەتیف بەغدادی) وەزیری کاروباری شارەوانی و دێهاتەکان، بە ناوی جوانکاریی شاری قاهیرە نزیکەی بیست مزگەوتی تێکداوە! ئایا ئەگەر ئەوانە پەرستگای جوولەکە بوونایە، ئەم کارەی دەکرد؟ ئەوە پیلانگێڕییەکە دژی ئایین و پارێزەرەکانی لە خەودان! خەریک بوو مزگەوتی خەزنەداریش تێک بدەن، ئەگەر لوتفی خوای گەورە نەبووایە بەرانبەر مزگەوتەکە، باسی زۆر شتم تێدا کردووە، لەوانە (میسری نوێ) سیوچوار کڵێسای تێدایە، ئەمە لە کاتێکدا، کە تەنها حەوت مزگەوتی تیایە، ئەوەش کە نەخشەی بۆ داناوە (بارۆن ئیمبان) بوو.

بینیم وەزارەتی ناوخۆ پێی باشە دەست بەسەر کتێبەکەدا بگیرێت، بۆ ئەوەی دەستبەسەرداگرتنەکە جێبەجێ بکرێت، پێویستە نووسەرەکەی بانگ بکرێت بۆ بەردەم دادگایەکی تایبەت و سەرۆکەکەی ڕاوێژکارێک بێت، لە نووسەر بپرسێت بۆ؟ ئەو ساتانەم لەیاد ناچێت، کە لەبەردەم ڕاوێژکاردا بووم، هەندێک خەڵک **پێشنیازی** ئەوەیان بۆ کردم پارێزەرم لەگەڵدا بێت، پێم وتن: نا، خۆم بەرگری لە خۆم دەکەم، ئینشائەڵڵا خوای گەورەش بەرگرییمان لێدەکات.

ڕاوێژکار پێی وتم: شێخی غەزالی! ئەمە چییە؟ پێم وت: کتێبێکە بەهۆیەوە بەرگری لە ئیسلام دەکەم. پێی وتم: نا، ئەم کتێبە ئاژاوە و ئاشووب درووست دەکات. پێم وت: ئەوەی تیایەتی هەقیقەتە یان درۆیە؟ پێی وتم: هەقیقەتە، بەڵام هەموو هەقێک ناوترێت. پێم وت: بەڵێ، سەبارەت بە هەندێ لە خەڵک هەموو

هەقیقـەتێک ناوترێـت. پێـی وتـم: مەبەسـتت چییـە؟ پـێم وت: نموونەیـەکت بـۆ دەهێنمـەوە، تـا لـە مەبەسـتەکەم تێبگـەیت، بێنـە بـەرچاوت، بـەڕێزتان کاتێـک نیوەشـەو لـە قـاهیرە دەمێنیتـەوە، دزێکـت بینـی دەیـەوێت قـوفڵی دوکانێـک بشـکێنێت، تـا ئـەوەی لـە دوکانەکەدایـە بیـدزێت، لـە دڵـی خۆتـدا وتـت: ئەگـەر بەرانگاری ببمـەوە، ئـەوا بـەو چـەقۆیـەی لایـەتی لێم دەدات، وات بـە بـاش زانـی شوێنەکە بەجێ بهێڵیت، تۆ ئازادیت، لەوانەیە سەرزەنشت بکرێیت و لەوانەیە نەکرێیت، بەڵام ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە کە تۆ وا دەکەیت، بەڵام پۆلیس ئەگەر واز لەو دزە بهێنێت، ئەوا ناپاکە. پێم وت: مـن سـەربازێکی ئیسـلامم، مـن پۆلیسـی ئیسـلامم، پـارێزەری ئیسـلامم، مـن چـاودێری کاروبـاری ئـایینیم لـە وەزارەتی ئەوقاف، پێویستە ئەو شتانە ببینم.

بۆ خوا دەڵێم، پیاوەکە هـەژا و کتێبەکە لـە دەسـتیدا جووڵا، پاشـان دەسـتی کرد بە خوێندنەوەی، پێم وت: ئایا ئەنجومەنی شارەوانی بە درۆ یاخود هەڵـەی دادەنێـت؟ چونکـە مـن ئـەو قسـە و ئامارانـەم لەوانـەوە هێنـاوە؟ وتـی: نـەخێر. کەواتـە نەسلمێنراوە هـیچ هەڵەیـەکی تێدا بێت. ئیدی دەسـتی کرد بـە مشـتومڕ لەگەڵمدا لـەبارەی کاروبـارێکی نـاو کتێبەکـە، پاشـان وای بینـی کـە حـوکمی بـە پووچەڵیی ڕەفتارەکەی وەزارەتی ناوخۆ دەر بکات، فـەرمانی دا واز لـە کتێبەکـە بهێنن، بـەڵام ئـەو کاتـە لـە سـایەی یاسـای بـاری لـەناکاودا بـووین، ئەفسـەرەکە گوێبیستی فەرمانەکە بوو، بەڵام جێبـەجێی نـەکرد، ئـەوە بـوو ئـەو کتێبـە و دوو کتێبی دیکەش بە دەستبەسەری مانەوە.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** بەڕێزتان لـە پاڵ ئەزهـەردا لـە مزگـەوتی عـەمری کوڕی عاص بزاڤێکی ڕۆشنبیری و فیکری و ڕۆشنگەریی گـەورەتان پێشـکەش کرد، هەڵسەنگاندنت بۆ قوتابخانەی عەمری کوڕی عاص چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** من لەوێ سەرقاڵی تەفسیری بابەتی قورئانی پیرۆز بووم، وا دیارە خـوای گـەورە ئـەوەی بـۆ ڕەخسـاندم نزیکـەی سـێ سـاڵ لـەوێ بمێنمەوە، ئەوەش خێرێکی زۆری هەبوو.

**د. عەبدولموعتی بەیومی:** لـە کۆتـایی گفتوگۆیەکەمانـدا دەمـەوێت و هـەموو مسوڵمانێکیش دەیەوێت سوپاسی بەڕێزتان بکات، داوای لێبوردن دەکەم ئەگـەر هەنـدێ پرسـیارم **لێکـرد**بـن، مـن بـەردەوام حـەز دەکـەم گوێبیسـتت بـم، زۆر سوپاس، لە خوای گەورە داواکارم تەمەندرێژ و لەشسـاغ و پارێزراوتـان بکـات و پلە و ڕێزتان بە ئیسلام بەرزتر بکاتەوە.



# بەشی چوارەم

## شێخ محەمەد غەزالی و فەتوا

### گفتوگۆکار: د. جەمال عەتییە

**د. محەمـەد کـەمال ئیمـام:** بـە نـاوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، بـەڕێزان بڕواداران، سـڵاوی خـوای گـەورەتان لـێ بێت، لـە زنجیـرە چاوپێکەوتنـەکانمان لەگەڵ مامۆستای پایەبەرز محەمـەد غـەزالی، لـەمیانی قسـەکردنی سـەبارەت بـە یادەوەری و ژیـان و بۆچـوون و دانراوەکـانی، لـەم ئەڵقەیـەدا بـاس لـە فـەتوا و بابەتەکانی و زەوابیتەکانی دەکەین.

گفتوگۆکـاری ئـەم ئەڵقەیـە دکتـۆر جـەمال عەتییـە (ڕاوێژکـاری ئـەکادیمی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامییە).

**د. جەمال عەتییە:** بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لەم ئەڵقەیەدا لەگەڵ مامۆستای پایەبەرزمان شێخ محەمەد غـەزالی سـەبارەت بـە بابـەتی فەتوایـە لـە سـەردەمی ئێستادا، دەمانەوێت بەو پرسیارە دەسـت پـێ بکـەین: جیاوازی چییـە لەنێوان فەتوا و ئیجتیهاددا؟ ئایا دەتوانین بڵێین ئیجتیهاد بریتییە لە گەیشـتن بـە حـوکمی شــەرعی بــە ســیفەتێکی گشــتی یــان تیــۆری، فــەتواش بریتییــە لــە دابەزاندنی ئەو حوکمە شەرعییە بەسەر واقیعدا؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، فەتوا بە زۆری پـاش ئیجتیهـاد یـان پـاش ئـەوەی مـرۆڤ ئاگـادار دەبێـت لـە حوکمەکـە دەبێـت، ئــەویش یــان بــە تەقلیـدکردنی ئیمامێـک لــە ئیمامــەکانی پێشــوو، ئــەو فەتوایــە دەڵێتـەوە کـە پێشـتر وتـراوە، یـان بـە قەناعـەتێکی تایبەتـەوە و پـاش گـەڕان و چـالاکیی عــەقڵی خــۆی پێــی گەیشــتووە، ئەمــەیان پــاش هــەوڵدان فــەتوا دەدات، هەرکامیان بێت فەتوا پێویستی بە دوو شتە:

فـەتوا: بریتییـە لـە دابەزانـدنی حـوکمی شـەرعی بـۆ سـەر حاڵـەتێک خراوەتـە بەردەم مرۆڤێک کە حاڵەتەکە لە کاروبارەکانی خەڵکە، یان ڕەوشـیانە، پێویسـتە لەم حاڵەتەدا حوکمە شـەرعییەکە زۆر بەباشی بزانرێت، هەروەها دیراسـەی ئەو حاڵەتە بکرێت کە لە بەردەمیدایە، تا بتوانێت حوکمـە شـەرعییەکە بـۆ سـەر ئەو حاڵەتەی خراوەتە بەردەستی دابەزێنێت.

بەڵام ئیجتیهـاد -بـە چاوپۆشـی لـەوەی فـەتوا بێـت یـان نـا-: گشـتییە (زانینـی حـوکمی خـوای گەورەیـە لـەبارەی کاروبارەکـان بـە شـێوازێک کـە پشـت بـەو

ڕێسایانە دەبەستێت کە زانایان بڕیاریان لەسەر داوە لە تێگەیشتنی زمان و ئایین...)، بەو پێیەی کە قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبییە، ئەو کەسەی تێی دەگات پێویستە قووڵ بێت لە زماندا، شارەزا بێت لە دەربڕینەکان و تەرکیبی واتاکان. لێرەوە وا دەزانم کەسێک شایستەی تەفسیرکردن یان فەتوایە کە توانایەکی هونەری یان توانایەکی ئەدەبی یان توانایەکی ڕەوانبێژیی تێدا بێت هەتا بتوانێت لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پاک تێبگات، پاشان ئەوەی تێی گەیشتووە دایبەزێنێت بۆ سەر ئەو ڕەوشە گشتییەی دەیەوێت حوکمی خوای گەورەی لەسەر پیادە بکرێت.

**د. جەمال عەتییە:** ئایا دەتوانرێت جیاوازی بکرێت لەنێوان مەسەلەکانی فەتوادان لەنێوان ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن و لە ڕابردوودا هاوشێوەیان هەبووە، بەمەش لە کتێبە فیقهییە تەقلیدییەکاندا حوکمەکەی هەیە، لێرەوە ڕۆڵی موفتی تەنها گواستنەوەی ئەو حوکمە و دابەزاندیەتی بۆ سەر واقیعێک، لەگەڵ ئەو فەتوایەی کە نوێیە و سرووشتی خۆی ئیجتیهاد دەخوازێت، لێرەدا پێویستە موفتی مەرجەکانی ئیجتیهادی تێدا بێت، ئایا دەکرێت ئەمە وا بێت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، دەمەوێت باسی حەقیقەتێک بکەم کە پەیوەندداره بە حوکمە شەرعییەکانەوە:

وا دێتە بیرم حوکمە شەرعییەکان دوو بەشن: بەشێکیان بنچینەکەی ڕەوا و ناڕەوا (حق وباطل) و هەڵە و ڕاست (خطأ وصواب)ە، بەو مانایەی کە دژیەکییەک لەنێوان دوو بۆچوونەکەدا هەیە، دەبێت لە کاتی فەتوادانددا هەردوو بۆچوونەکە پێکەوە بزانرێت، چونکە بابەتەکە کوفر و ئیمانە، تاریکی و ڕووناکییە، بەڵام هەندێک جار بابەتەکە پەیوەنددار نییە بە ڕەوا و ناڕەوا یان شتە دژیەکەکانەوە، بۆ ئەمە نموونەیەک دەهێنمەوە، هەندێ بابەت هەیە دەکرێت مەعقوول بێت، هەندێ بابەتیش هەیە دەکرێت زۆر لە عەقڵەوە دوور بێت، بەڵام هەندێ بابەت هەیە ناتوانیت وا بیناسێنیت کە عاقڵانەیە یان ناعاقڵانەیە، وەک ئەوەی لەسەری ڕاهاتوویت، خەڵکی وا ڕاهاتووە لە کاتی ئاهەنگی سەربازیدا سوپا بە بەردەم سەرکردەدا تێدەپەڕێت، کاتێ دەگاتە

شوێنێکی دیاریکراو سڵاو دەکات یان مۆسیقا دەژەنرێت یان جۆرێک جووڵە دەکات، دواتر بەردەوام دەبێت لەسەر ڕۆشتنەکەی و ئیتر بەو جۆرە (واتە ئەو پلانەی خەڵک لەسەری ڕاهاتوون)، هەندێک جار سەیری حوکمەکانی حەج دەکەم دەبینم بەو شێوەیەیە، ڕەوا و ناڕەوا نییە، بەڵکو جۆرێک لە سڵاوکردن کە خوای گەورە بۆ ئەو نوسکە دایناوە، حەوت جار تەواف، خوای گەورە دایناوە حەوت جار بێت، لایەنی عەقڵی کامەیە؟ بابەتەکە بابەتێکی ئیعتیبارییە، خوای گەورە ڕەجمکردن (رمي الجمرات)ی کردووەتە حەوت، شتەکانی تریش بەو جۆرە... سەیری ئەم بابەتانە بکە بەو جۆرەی کە عەقڵیی نین، بەڵکو خوای گەورە بەو شێوەیەی داڕشتووە و داناوە تا خەڵکی سۆزیان بەرانبەر پەروەردگاریان بەو شێوازە دەر ببڕن کە خوای گەورە ویستوویەتی، بابەتەکە ڕەوا و ناڕەوا نییە بەقەدەر ئەوەی پابەندبوونە بە فەرمانێکەوە یان پابەندنەبوون پێیەوە، هەروەها وا دێتە پێشچاوم هەر ئەمەش هۆکاری جیاوازیی موجتەهیدەکانە، ئایا هەموو موجتەهیدێک دەپێکێت یان موجتەهیدیش هەڵە دەکات و دەشیپێکیت؟ هەڵە دەکات ئەگەر لە حەق دوور کەوتەوە، ڕاست دەکات ئەگەر لە حەق نزیک بوویەوە یان پێی گەیشت.

لە بیروباوەڕەکاندا، وا دەزانم ڕەوا و ناڕەوا هەیە بەتەنها، خوای گەورە تاکە و جگە لە یەکتایی کوفر یان هاوبەشبڕیاردان یان بەلاڕێداچوونە، بەگوێرەی جۆرەکانی کوفر کە پێچەوانەی یەکتاپەرستین، بەڵام کاتێ داوام لێ دەکرێت لەبەر دەستی خوای گەورەدا ڕابوەستم ئایا دەستم دەخەمە سەر سنگم یان ناوکم یان لای گەردنم، واتە نموونەی ئەم بابەتانە بابەتی عەقڵی نیین، بەڵکو هەیئەتێکە داوا لە مرۆڤ کراوە بەو جۆرە پەرستش بۆ خوای گەورە یان ملەکەچبوونی بۆ خوا دەر ببڕێت، ئەگەر یەکێک لەوانەی بەجێ هێنا ئەوا گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە، بەمەش دەتوانم لەوە تێبگەم ڕاستبوون (صواب) لێرەدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە بیروباوەڕەکاندا ئەمە پێشبینی ناکرێت، ئەم پێشەکییە ئەوەی دواتری بەشوێندا دێت کە موفتی پێویستە شارەزای بیروباوەڕەکان و پەرستشە ئیسلامییەکان و سەرچاوەی بەڵگەکان و حوکمەکان بێت لە فەرز و واجب و مەندوب و حەرامکراو و

مەکروهو ئەوەی هەیە، پاشان سەیری فەتوا یان ئەو پرسیارە بکات کە بۆی هاتووە، دەبێت لە پرسیارەکە و ئەوەی پەیوەندداره پێیەوە تێبگات، پێویستە لە حوکمە شەرعییەکان و ئەوەی پەیوەندداره پێیانەوە تێگەیشتبێت، هەتا بتوانین بڵێین کە فەتوایەکی ڕاستی داوە یان فەتواکەی لە حەقەوە نزیکە.

هەندێک خەڵک دەیانگوت: فەتوا هەیە و سیاسەتی فەتواش هەیە، وا دەزانم یەکێک لە مامۆستایان لە ئەندەلووس خەلیفەی کە بینی سوێندێکی بەجێ نەهێنابوو، پێی وت: کەفارەتەکەی ئەوەیە سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بیت، پێیان وت: شەرع وا ناڵێت، شەریعەت داوا دەکات کۆیلەیەک ئازاد بکات، ئەگەر کۆیلەی دەست نەکەوت ئازادی بکات ئەوا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت یان خواردنی دەکەسی نەدار دەدات ئەگەر نەبوو... وتی: ئەگەر بموتایە خواردنی دە کەسی نەدار بدات ئەوا بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ نارەحەتییەک یان ماندووبوونێک یان ئازارچەشتنێک بکات دەیدات، ویستم نارەحەتیی برسێتیبوونی پێ بچێژم هەتا جارێکی تر یاری بە سوێند نەکات.

ئەم قسەیە دەکرێت، بەڵام ئەو کەسەی ڕووکاری دەقەکان وەر دەگرێت ئەو حوکمە دەر ناکات، حوکمی شەرعیش ڕووکارە: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ﴾ [المائدة: ٨٩]، بێم پێی بڵێم کۆیلەیەک ئازاد بکە و پابەندی نەکەم بە ڕۆژووگرتن، ئەمە جۆرێکە لە پەروەردەی دەروونی دەکرێت موفتی پەنای بۆ ببات، بەڵام ئەو کاتەی فەتواکە گشتی نەبێت، بەڵکو تایبەت بێت بە کەسێکی دیاریکراو.

بەمەش دەکرێت هەندێ بابەت هەبێت وامان لێ بکات سەیری ئەو ڕەوشە بکەین کەسەکە یان ئوممەتەکەی پێدا تێدەپەڕێت، ناچار دەبین بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕەفتار بکەین، واتە ئێستا ئومەتی ئیسلامی کە لاوازترین ئومەتە لەسەر زەوی لە ڕووی چەکەوە، کەمترین ئامادەسازیی ڕووبەڕووبوونەوەی هەیە لە شەڕدا و زۆرترین دوژمنی هەیە، کاتێ هێرشێک دەبینم یان شتێکی

مەترسیدار تووشی ئیسلام دەبێت هەڕەشەیە بۆ سەر ئێستا و ئاییندەی، چی بکەم؟ لەوانەیە بابەتەکە پێویستی بە شەڕ هەبێت، بەڵام ئەگەر فەتوای شەڕکردن بدەم ئەوا ئوممەت تووشی بەڵایەک دەبێت لە توانایدا نەبێت، من لێرەدا پەنا بۆ ڕێسا گشتییەکان دەبەم کە ئەویش ئەنجامدانی سووکترین دوو زیانە لە فەتوادا، کە ئوممەت لە بەڵایەکی قورستر کە بەرگەی ناگرێت دوور دەخاتەوە، هەندێک جار هەمووان قبووڵیانە بەڵام لەبەر ئەو زەرورەتەی کە ئوممەت ناتوانێت ئەمە بکات یان لەناو دەچێت با بە شێوەیەکی کاتی ئەمە قبووڵ بکەین، هەر وەک شاعیرێک لە کاتی هەڵهاتن لە گۆڕەپانی شەڕ دەڵێت:

| | |
|---|---|
| الله يعلم ما تركت قتالهم حتى | علوا فرسي بأشقر مزبد |
| وشممت ريح الموت من تلقائهم | في مأزق والخيل لم تتبدد |
| وعلمت ان أقاتل واحدا | أهزم ولا يضرر عدوي مشهدي |
| فتركتهم وأرى الأحبة دونهم | طمعا لهم بلقاء يوم مرصد |

ئەم کەسە فەتوای بۆ خۆی داوە ئەمڕۆ ببەزێت تا سبەی سەر بکەوێت، هەر وەک لە ئایەتی قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە: ﴿إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَى فِئَةٍ﴾ [الانفال: ٦]، ئەمە ئەوەیە دەکرێت لێرەدا بوترێت، ئەگەر پرسیارەکە بەوردییەی مەبەستتە تێی گەیشتبم.

**د. جەمال عەتییە:** بەڵێ، ئایا هەر کەس لە خۆیدا بینی مەرجەکانی فەتوادان هەیە، فەتوا بدات، یان پێویستە بڕوانامەیەکی خوێندنی دیاریکراوی هەبێت، کە ڕێگەی فەتوادانی پێ دەدات، یان مۆڵەتدانی تایبەتی لەلایەن دەزگایەکی دیاریکراوەوە کە مافی فەتوادان لە هەندێک کەسدا قەتیس دەکات پێ درابێت، لەگەڵ ئەوەی لە بەسیاسیکردنی فەتوا لێی دەکەوێتەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بابەتی مۆڵەتدانی زانستی لەم سەردەمانەدا دەرکەوت، بوخاری دکتۆرای نەبووە لە فەرموودەدا، بەڵام پیاوێکی لێهاتووی بەرچاوڕوونی زیرەک بووە لە ناسینی سەنەد و پیاواندا، ئەو بە شێوەیەک

چووەتە گۆڕەپانی ئەو مەعریفەوە کە پسپۆڕی تێدا وەرگرتووە و تەواو دڵنیا بووە و هیچ بڕوانامە و شتێکی لەو جۆرەی نەبووە.

بە هەمان شێوە ئەبو حەنیفە لە بواری فیقهدا و زۆرێک لە زانایانی تری پێشین، بەڵام لەوانەیە ئێستا کارەکە پێویستی بە مۆڵەتی زانستی هەبێت لەبەر پێویستبوونی ڕێگری لە ساختەکردن لە پێودانگەکان و ڕێگری لە هەڵبەستانی پێودانگەکان، بەڵام ئەوەت لەیاد نەچێت کەسانیک هیچ بڕوانامەیەکیان نەبووە توانیوویانە بگەنە لووتکە، یەکێکی وەک عەققاد نە بڕوانامەی باڵا نە هی ناوەندییشی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاستە زانستییەی ئەو پێی گەیشتووە زیاترە لەو کەسانەی پلەی دکتۆرایان لە زانکۆکانی پاریس و لەندەن هێناوە، نووسەری بلیمەتیەکانیش بلیمەتە.

فەرید وەجدی کە توانی دائیرەتولمەعاریف بەتەنها دابنێت، بە جۆرێک کە چەندین کەسی خاوەن بڕوانامەی باڵا نەتوانن وەک ئەو دایبنێن، من نامەوێت لێرەدا دەروازەی باسکردنی ئەوانەی دەتوانن شتی زۆر بە زانستەکەیان ئەنجام بدەن بکەمەوە، بەڵام پاش ئەوەی لە ڕووی زانستییەوە سەلمێنرا کە ئەهلی ئەوەیە قسە بکات و شت بڵێت، ئەوا مۆڵەتی زانستی جۆرێکە لە پێودانگ، ئەگەرنا زانست بە مۆڵەتدان یان ئەو قوتابخانەیە نییە کە لێی دەر چووە.

من هەندێک لەو برایانەم دەناسم کە بەرزترین پلەیان بەدەست هێناوە، بەڵام متمانەی هیچیان پێ ناکەم، لەوانەیە کەسم بینیبێت کە باشتر خوێندبێتییەوە و ڕاهاتبێت لەسەر چاوپێداگێڕان و گەڕان بەشوێن حەقیقەتدا و داوام **لێکرد**بن هاریکارم بن لە هەندێ کاروباردا، لەوانەیە بە ڕاوێژپێکردنیان ئاسوودە بووبم، ئەڵێم: فەتوا کارێکی ڕێگەپێدراو نییە بۆ هەموو کەسێک، ئیجتیهادیش دەروازەیەک نییە هەرکەس ویستی قسە لەسەر ئایین بکات پەنای بۆ ببات، دەبێت خوێندنێکی زانستیی فراوانی هەبێت، پێویستە تێگەیشتنێکی باش بۆ قورئان و فەرموودەی هەبێت، تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز لەگەڵ تێگەیشتنی بیستوسێ ساڵ کە ئایەتەکانی تێدا هاتووەتە خوارەوە، یەک بە یەکیان بزانێت، کامە بەدوای کامەدا هاتووەتە خوارەوە (واتە ڕیزبەندیی

هاتنـەخوارەوەیـان) پاشـان کـۆتکراو و ڕەهـا، گشـتی و تایبـەت، موجمـەل و موفەصل، بزانێت، پێودانگی وشـەکان لـە زمانی عەرەبیدا شارەزا بێت، واتـای دەستەواژەکان لـە ڕووی مـەجازی و حەقیقەتـەوە و ئـەو شتانەی پەیوەندداره بـە هـەر ئایـەتێک کـە هاتووەتـە خـوارەوە، چونکـە ئـەوەی پەیوەنـدداره بـە هاتنەخوارەوەی هەر ئایەتێک لەوانەیە ڕووناکییـەک بێت و تیشک بخاتە سـەر ئەو مانایـەی مەبەست بووە و بەوردی دیاری بکرێت، بەوەش ڕووکارەکانی یەکنەگرتنەوە لای هەندێک لەوانەی دەخوێننـەوە و تێی ناگـەن نامێنێت، چونکە لە شتانەی لێرە یان لەویٚ ڕووی داوە تێنەگەیشتوون.

لـەپاڵ زانینـدا، مەبەسـتم زانینـی زۆرە، پێویسـتە ڕەوشـتیش هـەبێت، بـە واتایـەکی تـر: دەبێت تـەقوای خـوای گـەورە هـەبێت، پێویستە ویژدانێکی دڵـی هەسـتیار هـەبێت کـە وا بکـات لـە فـەتوا بـەرەو مەبەسـتی خـوای گـەورە و ڕەزامەندیی پـەروەردگاری ئاراستە بکات، دەتـوانین لـە هـەموو مرۆڤێکدا ئەمـە بەدی بکەین.

**د. جەمال عەتییە:** واتە کارەکە ڕەها ناکەین.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ناتوانین.

**د. جەمال عەتییـە:** واتـە هـەموو کەسـێک ناتوانێت فـەتوا بـدات و لـە هـەمان کاتدا کۆتوبەنـدی ناکـەین بـە ویسـتێکی سیاسیی دیـاریکراوەوە کـە ڕێگـە بـدات ئەمەیان فەتوا بدات و ڕێگری بکات ئەویان فەتوا بدات.

**شێخ محەمەد غەزالی:** من بینیم ئیمامەکانی پێشـوومان کاتیٚ فـەتوایان دەدا گوێیان بە فەرمانڕەوا نەدەدا و لەگەڵ سیاسـەتدا تووشـی بەریەککـەوتن بـوون، لە کاتێکدا مەبەستیان بەریەککەوتن نەبوو، ئیمامی مالیک کەسێکی بـەویقار بـوو زۆر ڕێـزی خـۆی دەگـرت، لـە فـەرموودەدا ئـەمیری ئیمامـەکان بـوو، بـەڵام نەیدەویست تووشی بێڕێزیپێکردن یان سووکایەتی ببێت، ناچـار بـوو کـە بڵێت: (لاطـلاق فـي الاغـلاق)، کـاتیٚ بینیـی جێنشـینایەتی (ولایـة العهـد) بـە شـێوازی بەڵێنوەرگرتن بۆ کەسانێک وەردەگیرێت کە شیاوێتییان نییە، وتی: (لا طلاق في إغـلاق)، واتـە ئوممـەت پابەنـد ناکـەم بـە ئەمەکـداری بـۆ کەسـێک کـە بـەزۆر

بەیعەتی لێ وەر گیراوە، چونکە ئەوان ئازادن لەوەی بەیعەت بە ئەو بدەن یان لەو لێهاتووتر، بەڵێندانەکەشیان هیچ بەهایەکی نییە، چونکە ناچار کراون بۆ ئەوە، فەتواکەی بە دڵی ئەمیری شاری مەدینە نەبوو، هێندەی لە ئیمامی مالیکدا تا قۆڵی شکاند، ئەو ئەمیری باوەڕدارانە کێیە کە لە مالیکی دا؟ نازانرێت. نەناسراوێکە لە مێژوودا و چووەتە زبڵخانەی مێژووەوە، مالیکیش بەو بێڕێزیپێکردنە هیچی کەم نەکرد.

ئەبو حەنیفە، کە دەوڵەت ویستی بیکاتە قازیی قازییان، هەتا پێگەیەکی هەبێت و پشتیوانییان بکات، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو هاریکارییان بکات و بەگوێرەی گێڕانەوەی ڕاست و درووست لە بەندیخانەدا مرد. گرنگ ئەوەیە ئەو کەسانەی فەتوا دەدەن لەپاڵ زانستەکەیاندا کە حەقی پێ دەناسنەوە ویژدانیشیان هەبێت، ویژدان وایان لێدەکات حەق بڵێن ئیتر مەبەستەکە هەرچی بێت. ئەحمەد شەوقی دەڵێت:

إن الذي خلق الحقيقة علقما لم يخل من أهل الحقيقة جيلا

**د. جەمال عەتییە:** ئەوان وتوویانە یەکێک لە فەرزەکانی کیفایەت ئەوەیە لە هەموو نەوەیەکدا کەسێک هەبێت بتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی ئەرکی فەتوا.

**شێخ محەمەد غەزالی:** فەتوا چەندین جۆرە، ئێستا ئەنجومەنی دەوڵەت فەتوای خۆی هەیە، دادگای دەستووری فەتوای خۆی هەیە، مەلای گەڕەکەکان فەتوای خۆیان هەیە، بابەتەکە ئەوەیە چ فەتوایەک و لەبارەی چ بابەتێکە، پاش ئەوە مەزاجی ئەدەبی و مەزاجی ئەخلاقی دەست لە فەتواکە وەر دەدەن، بۆ نموونە گەورەمان عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) بەتوندی و جەسووری بەناوبانگە، پیاوێکی بینی لە کاتی عیدەدا ژنێکی مارە کرد، بۆ هەتاهەتایی لێکی جیاکردنەوە، پەلەی کرد لەو شتەی بۆی حەڵاڵ بوو، بۆیە سزای دا بەوەی هەتاهەتایە بۆی نەبێت، بەڵام موفتییەکانی تر وتیان: جیا دەکرێنەوە و دەکرێ ڕووشکین بکرێت، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی عیدەکەی لەگەڵ داخوازیکەران دێتەوە. هەمان مەزاجی دەروونی لە فەتوای دیلکراوەکانی بەدردا دەبینین... هەندێک توندن و دەڵێن: دەبێت بکوژرێن، هەندێکی تر کە

نەرمونیان و بەئارامن دەڵێن: فیدییەیان لێ وەر دەگرین و ئوممەت پشتی پێ دەبەستێت بۆ چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی.

**د. جەمال عەتییە:** لە بابەتە مەترسیدارەکاندا کە گرنگییان هەیە، ئایا وا باش نییە فەتوا دەستەجەمعی بێت لەبری ئەوەی یەک کەس فەتوا بدات؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بێگومان من حەزم لە فەتوای دەستەجەمعییە، بەڵام ناتوانم بڵێم هەر دەبێت وا بێت، هۆکارەکەش ئەوەیە هەندێک کەس خوای گەورە زیرەکییەکی زۆریان پێ دەبەخشێت کە زیاترە لە توانای کۆمەڵێک لە خەڵک، دەبینم کەسێکی وەک ئەبو حامید کە بە (حجة الاسلام) ناسراوە و ئیبن تەیمیە بە (شیخ الاسلام) ناسراوە، ئەوانە لە فەتواکانیاندا گەیشتوونەتە ئاستێک کە جەماوەری زانایان لە بەرامبەریاندا دەستەوەستان بوون، ئێمە ئێستا چارەسەری کێشەکانی خێزان دەکەین –پاش ئەوەی ئاڵۆز بووە و زۆر خێزان خەریکە بەهۆی فەتواکانی ئیبن تەیمیەوە سەبارەت بە تەڵاق وێران دەبن، کاتێ لە بابەتەکە ڕادەمێنم دەبینم ئەو پیاوە لەسەر حەق بووە، چونکە کە دەڵێ تەڵاقی بیدعە وەک تەڵاقی سوننە ڕێزی هەیە و شوێنەوارەکانی لێ دەکەوێتەوە، ئەمە جۆرێکە لە سەرکەشی و جۆرێکە لەوەی ئوممەت بە ڕێگایەکی ناڕاستدا ببرێت.

ئێمە لە کاروباری مەدەنیی لای خۆماندا هەست دەکەین دەوڵەت کاتێ دەیەوێت بۆشایی وەزیفەیەک پڕ بکاتەوە، دەڵێت: لە فلانە بەرواردا داواکارییەکان پێشکەش دەکرێت، بۆ نموونە لە کۆتایی ساڵدا (لە کۆتایی ساڵ تێپەڕ نەکات) یان کاتێ خەڵاتێک لە خەڵاتەکان یان هاوشێوەی پێشکەش دەکات، داواکارییەکان لەو بەروارەدا پێشکەش دەکرێن، پاشان بۆ بینینی داواکارییەکە وێنە یان ڕسوماتی دارایی یان شتی لەو جۆرە دەکرێت، تا بتوانن سەیری داواکارییەکە بکەن، ئایا گومان دەکرێت کەسێک ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت ئەو وەزیفەیەی پێ بدرێت؟ بەڵام ئەوەی ڕوو دەدات ئەوەیە دەوڵەت چاوپۆشی لەوانە دەکات، ئنجا کاتێ خوای گەورە بفەرمووێت بەو کەسەی تەڵاقی دەوێت، سەرەتای سورەتی تەڵاق وتارەکەی ڕوو لە باوەڕداران نییە،

بەڵکو ڕووی لە سەرکردەیە، ئەمەش ئەو ئاماژەیەی لەخۆ گرتووە کە بابەتێکی مەترسیدارە و پەیوەندارە بە کیانی گشتییەوە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾[الطلاق: ١]، چاوەڕوانیی عیدە و (ل) بۆ جەختکردنەوەیە، هەندێ لە لێکۆڵەرەوان دێن و دەڵێن بەبێ چاوەڕوانیی عیدەش تەڵاق درووستە، کەواتە ئەم بانگەوازە بۆ، بۆچی چاوەڕوانیی عیدە کراوەتە مەرج ﴿وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ﴾ [الطلاق: ١].

نموونەیەکیش بۆ شاهێدیدان لەسەر تەڵاق دەهێنمەوە: ﴿فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ [الطلاق: ٢]. هەندێک دێن وا لێکی دەدەنەوە کە: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ لەسەر پێکەوە مانەوەیە نەک جیاکردنەوە، ئەمە پچڕاندنی سیاقەکەیە، دەکرا بمانوتایە یەکێک لە دوو کارەکەیە: شایەتیدانی لەسەر هەردووکیان پێکەوە (پێکەوەمانەوە و جیاکردنەوە)، وا دەکەین شایەتیدانەکە تەنها لەسەر کارەکەی دواییان بێت: ﴿أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ ، شایەتیدانیش: ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾ [الطلاق: ٢] واتای توندکردنی کارەکە دەگەیەنێت بەو مانایەی فەرمانەکە بۆ واجب بوونە، جا کەسێک دێت و ئەڵێت: نەخێر، فەرمانەکە بۆ نەدبە و شایەتیدانەکە پێویست نییە نە بۆ تەڵاقەکە نە بۆ پێکەوەمانەوە، کاتێ دەبینم پیاوێکی وەک ئیبن تەیمیە و جگە لەویش کاتێ سەیری ئیجتیهادەکانیان دەکەم دەبینم ئەوان ڕاستیان پێکاوە، ئەوا لەمەدا لەپێشترن لەو ئیمامانەی کە بۆچوونێکی تریان هەبووە.

ئیجتیهادی دەستەجەمعی پێویستە و ئوممەت لە زۆر کارەسات دەپارێزێت، بەڵام هەندێک بلیمەتیش هەن یان هەندێک پیاوچاک ماون یان هەندێک گەورە پیاو هەیە کە لەو چارەسەرانەن کە قەدەرەکان بۆ ئوممەتەکانی ناردووە تا کاروبارەکانیان ڕێک بێتەوە و خۆڕاگر بێت لە بەرانبەر ڕەوتی گشتیدا، بە شێوەیەک ئوممەت بهێنێتەوە هۆش و بەزۆری ئوممەت پێویستی بەم جۆرە هەیە.

**د. جەمال عەتییە:** ئەمە لەپاڵ ئیجتیهادی دەستەجەمعیدا.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەپاڵ ئیجتیهادی دەستەجەمعیدا، پێویستە گومانی باشمان بە عەقڵی مرۆیی هەبێت، چونکە خەڵکی بە شێوەیەکی منالانە بۆچوونەکانیان بە کەم ناگرن و دەستبەرداری بیروڕاکانیان نابن، خەڵکی ڕێز لە خۆیان و بۆچوونەکانیان دەگرن، باشتر وایە و وەک ڕێگرییش لە یاریکردن و بێهودەیی وا چاکە ئیجتیهاد دەستەجەمعی بێت، بەرژەوەندییش لەوەدایە ئیجتیهاد دەستەجەمعی بێت.

**د. جەمال عەتییە:** جیاوازیی فەتوا بە جیاوازیی کات و شوێن و حاڵ لە ڕووی بنەماوە زۆری لەبارەوە نووسراوە، ئەگەر بمانەوێت ئەوە بۆ سەر واقیعمان داببەزێنین پاش ئەوەی زۆر لە کاروباری ژیانماندا لە ڕەوشی ئیسلامی دوور کەوتینەوە دەبینین جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا پێویستە هەبێت، لێرەدا ئەو بیرۆکەیە سەر هەڵدەدات ئەم ڕەوشە یان هاوشێوەی ئەم ڕەوشە پێویستی بە فیقهێکی تایبەت هەیە تا ژیانی ئیسلامیانە تەواو بکات لەبەر ئەوەی بە تەواوەمەندبوون گشتگیربوونی ئەحکامی تایبەتی دەبێت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ناکۆکی لەوانەیە لەنێوان عەزیمە و ڕوخسەتدا بێت، ئەم ناکۆکییە (بینینی حاڵەتەکان) لە قورئانی پیرۆزدا هەیە، من لەو کەسانەم بۆچوونم وایە نەسخ نییەو ئەو فەرمایشتەی لەم ئایەتەدا: ﴿الْآَنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنْكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا فَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِئَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوا أَلْفَيْنِ﴾ [الانفال: ٦٦]، پێش ئەوە ئەم فەرمایشتە هاتووە: ﴿يا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِئَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ [الانفال: ٦٥]، ڕووی ئەم ئایەتانە واتە تاک ڕووبەڕووی دە کەس ببێتەوە و دوای ئەوە : ﴿الْآَنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنْكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا﴾ (واتە تاک بەرەنگاری دووان ببێتەوە)، ئەمە لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئاندا بوو، هەردوو ئایەتەکەش بەدوای یەکدا هاتوون لە

سورەتی ئەنفالدا. له ڕاستیدا دۆخی ڕەوشەکان ئەوە دەخوازێت، بەڵام نە حەرامێک حەڵاڵ دەکەم و نە حەڵاڵێک حەرام دەکەم، بەڵکو کاروبارەکان بەپێی پێودانگی خۆیان ڕێک دەخەم، کە ئەوانیش هەر وەک وتمان لەنێوان ڕوخسەت و عەزیمەت یان نێوان زەروورەت و ڕەوشی ئاساییدایە، لەوانەیە ناچاری ئەوە ببم.

**د. جەمالەدین عەتییە:** چ جۆرە ئالییەتێکی فیقهی ئیسلامی لەگەڵ ڕەوشەکاندا گونجاوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەدڵنیاییەوە ڕەوشەکان حوکم دەکەن، من وتوومە لەنێوان ڕوخسەت و عەزیمەتدا، هەندێک جار تێگەیشتنی ئاسایی لەوانەیە لەنێوان حەقیقەت و مەجازدا بێت، بۆ نموونە ئەبو حەنیفە لەبارەی ئەم ئایەتەوە دەڵێت: ﴿أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا﴾ [النساء: ٦]، ئەو لەسەر شێوەی مەجاز لەم ئایەتە تێگەیشتووە (دەستبەرکەوتنی ئافرەت واتە دەستبەرکەوتنی مەجازی)، بەڵام شافیعی دەستبەرکەوتنی حەقیقی وەری گرتووە، لەنێوان حەقیقەت و مەجازدا هەندێک شت هەیە، گریمان من لەگەڵ هەندێک کەسدا لەبارەی شەوڕەوییەوە (اسراء) قسە دەکەم شارەزای ئیسلام نییە، پێم خۆش نییە ئەمە بە جۆرێک بخەمە ڕوو کە ئەو کەسەی دەیەوێت بێتە ناو ئیسلامەوە تووشی کێشەیەکی دەروونی یان فیکری بکەم، ئەگەر پێی بڵێم: شەوڕەوی بە ڕۆح بووە، شتێکم نەوتووە لەسەری سەرکۆنە بکرێم، بینین لە خەوندا دەکرێت بەئاسانی لێی تێبگات، بەمەش ئیسلام لەلای قورس نابێت، بەڵام لە هەندێ شتدا لەسەری توند بکەم هەتا حەقیقەتێک باس بکەم کە پێی ئاسوودەم، ئەمەیان درووست نییە، چونکە فەتوا پێویستی بە کەسێکی شارەزا هەیە لە زۆر بۆچووندا تاوەکو ئەوەیان هەڵبژێرێت کە گونجاوە لەگەڵ ئەو کەسەی قسەی بۆ دەکات (یان ئەوانەی فەتوایان بۆ دەدات).

**د. جەمالەدین عەتییە:** ئەگەر هەندێک نموونە وەر بگرین لە واقیعی ئێستامان و ئەو بابەتانەی ورووژێنراوە، دەبینین بابەتی سەرپەرشتیار (ولی أمر) و ئەوەی بۆی هەیە و ئەوەی لەسەریەتی، هەندێک کەس ئەو قاعیدە

بنەڕەتییە وەر دەگرێت، کە بریتییە لەوەی فەرمانڕەوا لە سەردەمەدا و لە هەموو وڵاتێک وەلی ئەمری شەرعییە و بەو پێیەش پێویستە مافی خۆی پێ بدەین و پابەند بین بە ئەرکەکانمان بەرانبەری و ئەوەی لێ چاوەڕوان بکەین ئەو پابەندییانەی لەسەریەتی و پەیوەندیدارەکانیشی جێبەجێی بکات، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەوەی لە سەرمانە بەجێی دەگەیەنین و ئەوەشی هیی ئێمەیە لە خوای داوا بکەین، هەندێکی تر وای دەبینن فەرمانڕەوای ئێستا بەهۆی جیاوازییە زۆرەکانییەوە دوور دەکەوێتەوە لە بەجێگەیاندنی پابەندییە ئیسلامییەکانی کە لەسەریەتی، چیدی ئەو ئەو وەلی ئەمرە نییە کە ئەو مافانەی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ماف بە خۆیان دەدەن لە باجەکان هەڵبێن، کارەکە لای هەندێک کەس دەگاتە ئەوەی ئەمیرێکی تایبەت بە خۆیان هەڵبژێرن (وەلی ئەمری کەرتی تایبەت) ئەو مافانەی هەبێت (زەکات کۆ بکاتەوە، ناکۆکییەکانی نێوان شوێنکەوتووانی یەکلا بکاتەوە)، کار بەوە دەگات سزای حەددیش لەنێوان خۆیان جێبەجێ بکەن، بۆچوونت لەم بارەیەوە چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بابەتی جێبەجێکردنی حەددەکان لەنێوان خۆیان، شتێکە لە سەرەتای ئیسلامەوە هەتا ئێستاش هیچ مسوڵمانێک نەیوتووە، چونکە کاروبارەکان بەرەو پشێوییەکی بێکۆتا دەبات، جێبەجێکردنی حەددەکان بابەتێکی مەترسیدارە پێویستی بە حوکمڕانییەکی جێگیر و سیستەمێکی دامەزراوە، من پێویستم بە جێبەجێکردنی حەددەکان نییە لە ژینگەیەکی تەسکدا، تەنانەت ئەگەر لێکچووی ژینگەی سەردەمی نەفامیی پێش هاتنی ئیسلام بین، واز لە مرۆڤ دەهێنرێت تا تۆبە دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، ئەگەر تۆبەی کرد ئەوا سزاکەی لەسەر هەڵدەگیرێت، بەڵام ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک کۆ ببنەوە هەتا حەدی خوای گەورە جێبەجێ بکەن، بەزۆری خاوەن عەقڵێکی سنووردارن، ئەمە دەروازەیەکە بۆ پشێوی، من نامەوێت لە یەکێک لەو دوو دەستەیەدا بم، نە ئەوەی وەلی ئەمر بەو حاکمە ئیسلامییە دەزانێت، کە ئیسلام فەرمانی پێکردووە و پێویستە گوێڕایەڵی بکرێت و مافەکانی خۆی پێ بدرێت، لەگەل ئەوەشیاندا نیم بچم لەخۆمەوە فەرمانڕەوایەکی ناوچەیی

دیاری بکەم و پابەند بم پێیەوە. لەم حاڵەتەدا کارەکە پێویستی بە کەسێکە هەر حاڵەتە و شایستەی خۆی پێ بدات.

یەکەم: فەرمانڕەوای ئێستا، یان هەر وەک دەڵێن: فەرمانڕەوای زاڵبوون (ولاية التغلب) لە دەربڕینی شەرعزاناندا، ئەمە ئێستا بوونی هەیە، بوونەکەیشی حاڵەتێکە پێویستە دانی پێدا بنرێت، چونکە بە هێز خۆی سەپاندووە یان ڕەوشێک بە زۆر سەپاندوویەتی، ئەم ڕەوشانە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن و سنووریان بزانرێت و لە ئاست ئەو سنوورە بوەستین، بە جۆرێک کە بتوانم بە ڕێگایەکی ئیسلامی درووست حوکمی ئیسلامی جێبەجێ بکەم، لە ئەزموونی خۆماندا نەمانتوانیوە لە زۆر کاتدا بەباشی وەک پێویست ڕەفتار بکەین، من حەسەن بەننا بەباشی دەناسم، ئەو مامۆستامە و ناتوانم ئەوە نەڵێم کە لە ژیانمدا زۆر زۆر شتی لێوە فێر بووم، مامۆستا حەسەن بەننا دەیزانی کە حکومەت (هەر حکومەتێک لە جیهانی ئیسلامیدا) ملکەچی ڕەوشی سەردەمەکەیەتی کە تێیدا خەلافەتی ئیسلامی نەماوە و ئوممەت هەمووی کەوتووەتە ژێر دەستی بێگانە، باشە ئەو یان فەرمانڕەوا چی بکات، ئەگەر شەپۆلێکی نارەزایەتی بەرز بوویەوە و هەموو شتێکی گرتەوە، ئایا دەتوانێت بە هەردوو دەستی بەرەنگاری ئەو شەپۆلانە ببێتەوە؟ ئەستەمە نە ئەو و نە ئەو فەرمانڕەوایەی کە دژایەتی دەکات بتوانن، باشە ئەی چی بکات؟ بە نەخشەی پێغەمبەران دەست پێ بکات، بەنهێنی جەماوەر کۆ بکاتەوە و ئامادەیان بکات و بیانجووڵێنێت، بێت ڕای گشتی درووست بکات، بە کەسانی لاواز دەست پێ بکات، هەر وەک پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: (ابغوني في ضعفائكم، هل ترزقون أو تنصرون إلا بضعفائكم)[١]، بە شوێنکەوتنی پێغەمبەران لە هەموو کات و سەردەمێکدا دەست پێدەکات، لە دەوری خۆی کۆیان دەکاتەوە، چاوەڕوان دەکات بەئاگاییەوە، ئەو لە کاتی چاوەڕوانیدا تەنها تەماشاکار نابێت، بەڵکو هەموو ئەوەی دەکات، کە دەکرێت ڕەوشی ئابووری و شارستانی و زانستی بەسەریدا بسەپێنێت، تا لە کاتی

[١] ئەبو دواد و ترموزی گێڕاویانەتەوە.

گونجـاودا، خزمــەتی ئاییینەکـەی بکـات بـەو بەهرانـەی لەگـەڵ ناڕەحەتییەکانـدا پێکـدێت، لـەم کاتـەدا (بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە) خـۆی بـەدوور بگرێـت لـە بەریەککەوتن و بەرگەی ئەوە بگرێت، کە هەندێک لە ڕێنمایی (تعالیم)ەکان لە ئوممەتێکی شکستخواردوودا بەمردوویی بمێننەوە.

ئایا نازانیت پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) کاتێ لە غەزای ئوحوددا، وتـرا: (محەمـەد مـردووە یـان زینـدووە؟ بـە عومـەری وت: (وەڵام مـەدەرەوە)، کـاتێ وتـرا: هوبـەل بـەرز ڕابگـرن، فـەرمووی: (بڵـێ: خـوای گـەورە بـەرز و بەڕێزترە)، هەندێک شت هەیە دەکرێت لەسەریان بێدەنگ بیت، شتانێکیش هەیە ناکرێت لەسەریان بێدەنگ بیت، دەکرێت بەرپرسانی بانگەوازی ئیسلامیش، یان حوکمڕانی ئیسلامی خۆیان بە پەروەردەکردنی زیاتر و مەعریفە و پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و شارستانی و ڕۆشنبیری و بازرگانییەوە سەرقاڵ بکەن، چاوەڕوانیکردنەکە وەک چاوەڕوانیی کەسێکی بێکار نییە، پێشبینی بکات ڕۆژگـار خەونـەکانی بـۆ بهێنێتـە دی، نـەخێر، بـەڵکو چـاوەڕوانیی کەسـێکی زەحمەتکێشـە لـە گۆڕەپانێکـدا، کـە بـۆی ڕەخسـاوە چونکـە گۆڕەپانەکـەی تـر نەڕەخسـاوە بـۆی کـاری تێـدا بکـات، بـەڵام ئـەوەی ڕووی دا، هەنـدێک نیـوە مەعریفـەی دەوێـت... نیـوە پێشـکەوتن... بـەنیوە توانـای مـاددی و ئـەدەبی حوکمێکی ئیسلامیی بێنێتە دی، ئەمەش ئەستەمە.

کاری دووەم: فەرمانڕەواکان وەک یەک نین، من دەزانـم مستەفا نحـاس بـە حەسـەن بـەننای وت: مـن نـاتوانم هەڵبژاردنـەکان تـەزویر بکـەم و ناشـمەوێت ناچاری ئەوەم بکەیت، باشتر وایە بکشێیتەوە، من دەتخەمە خزمـەت بانگەوازی ئیسلامی، حەسەن بەننا لە هەڵبژاردنەکان لە بازنەی ئیسماعیلییە کشایەوە و دەرفەتەکـەی بۆ ڕەخسـا و ئاسـانکاریی چـاپکردن و زانسـتی پێشکەشـکرا، تـا زیاتر بانگەوازەکەی بڵاو بکاتەوە، ئـەوەی وتـرا بەڕاسـتی بـۆی ڕەخسـێنرا، ئـەم فەرمانڕەوایە ئەوەی بۆ پێشنیاز کرد لەبری بازنەی هـەڵبژاردن بـە باشـتر بـۆی قـەرەبوو دەکاتـەوە، مامۆسـتا حەسـەن بـەنناش قبـووڵی کـرد، لـە کاتێکـدا فـەرمانڕەوای تـر هـەن، هـیچ ناڕەحـەتی لـەوەدا نابینێت هەڵبژاردنـەکان تـەزویر بکات یان بکوژێت، بۆیـە فـەرمانڕەواکان وەک یـەک نین، پیـاوانی بانگـەوازیش

وەک یەک نین، کارەکە هەمیشە پێویستی بە حوکمێکی تایبەت هەیە، پەیوەندیی بە هەموو تاک و ئەو شتانەی پەیوەستە پێیانەوە هەیە.

**د. جەمالـەدین عەتییـە:** بابـەتێکی تـر... بۆ نموونـە بابـەتی هاوسـەرگیری... گرێبەستی هاوسەرگیری بەگوێرەی شەرع بە دوو شاهێد و ڕاگەیاندنی دەبێت، بەڵام بەپێی فیقهی تەقلیدی پێویستی بەوە نییە لە دەزگایەکی حکومەت تۆمار بکرێـت، بـەڵام مـافی وەلـی ئـەمرە، ئەگـەر بینیـی ئـەو ڕێکخسـتنە مافـەکانی دەپارێزێـت بـە جۆرێـک بکرێتـە مـەرج، کـە لای فەرمانبـەر ڕێپێـدراو (موظـف مأذون) ئەو کارە تۆمار بکرێت، دەمێنێتـەوە هاوسـەرگیریی عـورفی، کـە مەرجـە شـەرعییەکانی تێدا دێتە دی، تەنها مەرجی تۆمارکردن لـە تۆمـاری ڕێپێدراو بـۆ مارەکردن نەبێت، لە یاسای باری کەسیی، لـە کۆتاییدا وای لێکراوە ڕێپێدراوی مارەکردن بەپێی یاسا ئـەرکی سـەرشـانییەتی بـە ژنـی یەکـەم ڕابگەیـەنێت، کاتێ ژنـی دووەم بـۆ پیاوێـک مـارە دەکـات و پێـی بڵێـت پیاوەکـەت ژنـی دووەمـی بەسـەردا هێناویـت، هـەتا مـافی داواکردنـی تـەڵاقی هـەبێت، ئەگـەر زانیـی ئـەو ژنهێنانـە زیـانی هەیـە بـۆی، هەنـدێک لـە خـەڵک ئێسـتا پـەنا بـۆ هاوسـەرگیریی دووەمـی عـورفی دەبـەن، وەک هـەڵهاتن لـەوەی ژنـی یەکـەمی ئاگـادار بکرێـت، پاش جەنگی یەمـەن بۆ نموونـە هەندێک بێوەژن هـەبوون مووچـەیان پێدەدرا، بەڵام تا ئەو کاتەی هاوسەرگیری دەکەن، جا بـۆ ئـەوەی مووچەکـەی بمێنێت و هاوسـەرگیرییش بکـات، پـەنای بـۆ هاوسـەرگیریی عـورفی دەبـرد و بـەردەوام مووچـەی هاوسـەرگیریی یەکـەمی وەردەگـرت و ئیتـر بـەو جـۆرە، بۆچـوونی بەڕێزتان سەبارەت بە هاوسەرگیریی عورفی لەو حاڵەتانەدا چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** باسەکە دوو لایەنی هەیە:

لای یەکــەم: تۆمــارکردن، تۆمــارکردن بــۆ بەرژەوەنــدیی ژن و مێردەکــە هەردووکیانـــە، چونکـــە کـــاتێ هـــەردووکیان دەچنـــە لای تۆمارکارەکـــە و گرێبەسـتەکە دەچەسـپێت، ئـەوا شـتێکی گرنگتریـان دابـین کـردووە، ئـەویش سـەلماندنی وەچەیـە، هـەروەها ئـەوەیان بۆ دابینـە، ئەگـەر لاوازیـی جەسـتەیی تووشی یەکێکیان بوو، ئـەوا نابێتـە هـۆی هەڵسـوکەوتی نـەرێنی، واتـە لەوانەیـە

ئینکاری هاوسەرگیرییەکە بکات، لەبەر ئەوە تۆمارکردن بۆ بەرژەوەندیی هەردوو لایە و من لەگەڵ تۆمارکردندام، بەڵام بنەمایەک هەیە دەڵێت: (خەڵک بە ڕادەی ئەو خراپەکارییەی دەیکەن، تووشی کێشە دەبن)، داواکردنی بۆچوونی ئیسلام سەبارەت بە ڕەفتارێکی نائیسلامیی قبووڵکراو نییە، ئەگەر فەرمانڕەوا نایەوێت فرەژنی هەبێت، ئەوا بۆی نییە پابەندم بکات بە بۆچوونەکەی خۆیەوە، چونکە ئەو یاسایەی ئێستا ئێمە لە سایەیدا دەژین ڕێگە بە زینا دەدات، ئیتر چۆن ڕێگە لە حەڵاڵ دەگرێت، لە کاتێکدا تۆ ڕێگەت بە حەرامێک داوە، چۆن پاڵم پێوە دەنێیت بیکەمە دۆست و نەیکەمە هاوژین، لەو کاتەدا من ناچارم سەرپێچی فەرمانڕەوا بکەم و کارەکە لەنێوان من و خوای گەورەدا بێت، لەبەردەم حکومەتدا من سەرپێچیی ڕێنماییەکانی حکومەتم کردووە، ئەگەر هاتوو ئەو ڕێنماییانەی حکومەت لە بەرژەوەندیی شەریعەتدا نەبوو، لە بەرژەوەندیی مرۆڤدا نەبوو، ئەوا سەرپێچیکردنیان تاوان نییە.

بەڵام پاش ئەوە شتیک لە دوودڵیی لە دەروونمدا دەمێنێتەوە، ئایا ئەو کەسەی بێوەژنێک مارە دەکات، تا سوود لە مووچەکەی وەر بگرێت، یان ئەو کەسەی ژنێک دەهێنێت، تا بیپارێزێت و خۆیشی بپارێزێت، ئایا گرەنتیی ڕەوشتی دەکەم، چارەسەر چییە ئەگەر ئینکاریی کرد؟ ئەم نەهامەتییە هۆکاری دوودڵیەکەمە، گومانی تێدا نییە، هاوسەرگیریی عورفی هاوسەرگیرییە و هەیە و لە ڕووی شەرعییەوە ڕەچەڵەکی پێدەسەلمێت، با لە دادگاش پێی نەسەلمێنرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە، ڕەوشی ئوممەت باش بکەین، بە جۆریک دابڕان لە کاروبارەکانیدا ڕوو نەدات، کەوا دەکات نابینا بێت لە بینینی واقیع و حەق، بابەتی یاسای مەدەنیی دانراو، ڕێگە بە زینا دەدات و ڕێگرە لەوەی پیاو ژن بەسەر ژنەکەیدا بهێنێت، ئەمە بێمانایە و قبووڵکراویش نییە، ئەگەر خەڵکی فێڵی تیا بکەن، ئەوا مافی خۆیانە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** ڕێگەی پێدەدات، بەڵام تەنها بە ژنی یەکەمی ڕادەگەیەنێت، تا هەڵوێستی دیاری بکات، کە داوای تەڵاقی دەکات، یان بەو ڕەوشە ڕازییە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەو بەمە وەک ئەوە وایە، ئافرەتەکە هان بدات تا داوای تەڵاق بکات، بە هەر شێوەیەک بێت ئەوە جۆرێکە لە فریودان، لە قسەی زانایانی دێرینەوە هاتووە لە ڕووی ئایینییەوە دەگونجێت، بەڵام لە ڕووی دادگاوە نەگونجاوە یان لە ڕووی دادگاوە گونجاوە، بەڵام لە ڕووی ئایینیەوە نەگونجاوە، هەندێک جار دابڕان لەنێوان ئایین و دادگادا ڕوو دەدات، بەڵام ئێمە ئیجتیهاد دەکەین، کە ڕەوشەکە بەرەو ئەوە ببەین، ئەو دابڕانەی خەڵکی لەنێوان ئایین و دادگادا درووستیان کردووە نەمینێت، لەیادت نەچێت ئوممەتی ئیسلامی بەگشتی لە نەهامەتییەکی یاسادانان و نەهامەتییەکی گشتیدایە و هیچ وڵاتێکی ئیسلامی نازانم دادگای شەرعی تێیدا توانیبێتی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، ئێمە لێرە لە یاساکانی خێزاندا بۆ چەند بەشێکی شەریعەتی ئیسلامی دەگەڕێینەوە، هەندێک بەشی زۆر یان کەم، بەڵام هەموو شەریعەت جێبەجێ ناکەین با (٩٠%)ی شەریعەتیش جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە تاوانکارییەکان (الجنایات) و لە کەتن (جنح) و لە زۆرێک لە یاساکانی تردا، تەواو لە ئیسلام دوورین، تەنانەت ئەو وڵاتانەشی تۆڵەکردنەوە (قصاص) و حەددی بە ڕووکار تێدا جێبەجێ دەکرێت، یاساکانی کار و کرێکاری لە دەرەوە هێناوە، چونکە فیقهی ئیسلامی بۆ چەندین سەدەیە بەستوویەتی، بەڵکو وەختە بەهۆی ڕاوەستانییەوە بە کەڵک نەمینێت، نە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نە لەسەر ئاستی دەستوور نە لەسەر ئاستی کرێکاریدا، هیچ جووڵەیەکی نەکردووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا بوونی هەیە، وا دێتە خەیاڵی من، کە فیقهی پەرستشەکان تووشی شێرپەنجە بووە، شێرپەنجەش هەر وەک پزیشکەکان ناساندوویانە دەرئەنجانی درێژبوونەوەی نارێکی هەندێک لە خانەکانە لەسەر حسابی خانە درووستەکان، ئەم درێژبوونەوە نارێکەش لە فیقهی پەرستشەکاندا لای ئێمە ڕووی داوە، کاتێک تا ڕادەیەکی زۆر گەورە دەکرێت، بە جۆرێک وای لێهاتووە لە باسی دەستنوێژگرتن، یان شۆردن چەندین موجەلەدمان هەبێت، لەسەر بابەتێک کە دەکرێت لەسەر ڕووی نامیلکەیەک بنووسرێت، چی وای کردووە بەو ڕادەیە گەورە بکرێت؟ ئەم گەورەکردنە لەسەر حسابی یاسای دەستووری و یاسای نێودەوڵەتی و

یاسای مامەڵەکردن و کار و کرێکار و یاسای کارگێڕی و یاساکانی تر بووە، ئوممەتی ئیسلامی دەکرێت شکستخواردووترین کەس بن لە کارگێڕیدا.

**د. جەمالەدین عەتییە:** بابەتیکی تر بریتییە لە بەرتیل (رشوة): نەهیکردن لێی توندە، هەم بۆ بەرتیلدەر، هەم بۆ وەرگر، هەم بۆ ڕێکخەری کارەکە، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەرتیلدا، زیاتر لە جارێک لە مامۆستای بەڕێز حەسەن بەننام بیستووە، لەبارەی کەسێک بەبێ پێدانی بەرتیل مافی خۆی پێ نەدەن، دەیوت: ئەو کەسە لە حاڵەتێکی ناچاریدایە و بەرتیلەکە دەدا بۆ بەدەستهێنانی مافەکەی، نەک بۆ بەدەستهێنانی مافی کەسێکی تر، گوناهەکەش لەسەر وەرگرەکەیە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ ئەو فەتوایە ڕاست و تەواوە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** بەڵام جیاوازییەکی تر هەیە لەنێوان ئەو فەرمانبەرەی دەوڵەت مووچەیەکی پێویستی ناداتێ و ئەویش دەستی بۆ لای ئەو کەسانە درێژ دەکات، کە کاریان بەو هەیە و ئەمە جیایە لەو بەرپرسانەی دەیانەوێت بە ملیار پارەیان هەبێت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ جیاوازیی هەیە لەنێوان فەرمانبەرێکی گەورە، کە بەرتیل بۆ ئەوە وەردەگرێت تا ماڵ و سامانەکەی چەند قات زیاتر بکات، ئەو کەسە حەرام دەخوات و دەبێتە سووتەمەنیی دۆزەخ، لەگەڵ فەرمانبەرێکی بچووک لەوانەیە خەڵک خێری پێ بکات، یان دەستی بۆیە درێژ کردووە، تا کەمێک باری قورسی سووک ببێت، بەڵام لە ڕاستیدا وای دەبینم، ئادابە ئیسلامییەکان لێرەدا ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت، هەرچەندە هەژاریش بێت دەست بۆ ئەوە نەبات، ئەوەی بۆی هات لە کاتێکدا پێویستی بوو، قبووڵی بکات و ئەوەی بۆی نەهات داوای ناکات.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەشدا، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی ئیمامی عەلامە شێخ غەزالی دەکەین، هەروەها سوپاسی دکتۆر جەمالەدین عەتییەی گفتوگۆکاری ئەم تەوەرە دەکەین، ئومێدەوارین لە ئەڵقەیەکی دیکەدا، بەخزمەت شێخ محەمەد غەزالی شاد ببینەوە.



# بەشی پێنجەم:

## شێخ محەمەد غەزالی و ڕەوتە ئیسلامییە هاوچەرخەکان

گفتوگۆکار: مامۆستا فەهمی هوەیدی

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بڕوادارانی بەڕێز، سڵاو و ڕەحمەتی خوای گەورەتان لێ بێت. لە درێژەی گفتوگۆکانمان لەگەڵ زانای پایەرز شێخ غەزالی سەبارەت بە یادەوەرییەکانی و ئەوەی پێشکەشی فیکر و ژیانی دەکات لەم جیهانە ئیسلامییە ڕووبەر فراوانەدا، گفتوگۆی ئەمڕۆمان لەگەڵ بەڕێزیان تایبەت دەبێت بە ڕەوتە ئیسلامییەکان و ئەو تیڕوانینانەی پێشکەشیان کردووە، تێڕوانینی ئیمام محەمەد غەزالی سەبارەت بەو تێڕوانینانەیان. گفتوگۆکاری ئەم ئەڵقەیە مامۆستا فەهمی هوەیدییە، کە نووسەرێکی ئیسلامیی ناسراوە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** وا دەزانم مامۆستای بەڕێز بۆ قسەکردن سەبارەت بە بزووتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان یان ڕەوتە ئیسلامییە هاوچەرخەکان وا باشترە بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر دەست پێ بکەین، کە باسی ئەوە دەکات ئوممەتەکەم پەرتەوازە دەبێت و گرووپەکان بە زیاتر لە حەفتا دەستە دادەنێت، لەبارەی گرووپی سەرفراز (الفرقة الناجية) قسە دەکات بەتایبەت، کە لەنێو بزووتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکاندا هەیە خۆی بە گرووپی سەرفراز، یان دەرباز بوو لە ئاگر دادەنێت! لەوانەیە گەر ئەم فەرموودەیە ڕێکبخرێت و بە چوارچێوەکەی ئاشنا ببین، بتوانین بیکەینە دەروازەیەکی گونجاو بۆ ئەم بابەتە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، فەرموودەی: (يفترق أمتي على بضع وسبعين فرقة)[١]، ئەمە هاتووە، بەڵام لە (صحيح)دا نییە، نە بوخاری لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی، نە موسلیم لە صەحیحەکەیدا داینەوە، لەگەڵ تێبینیی ئەوەی بوخاری و موسلیم لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیدا بوون، ئەمە بەو واتایەیە ئەوان لە سەردەمێکدا هاتن، کە زۆرترین ناکۆکی لەنێو ئوممەتی ئیسلامیدا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچکامیان ئەم فەرموودەیەی نەگێڕاوەتەوە، بەڵام لە هەندێ لە کتێبەکانی سوننەندا

[١] تەبەرانی لە (الكبير) و حاکم لە (المستدرك) هێناویانە.

گێڕدراوەتــەوە... مــن ســەرنجتان بــۆ لای شــتێکی گرنــگ ڕادەکێشــم، ئــەویش دەربڕینی حەفتایە، کە لە زمانی عەرەبیدا بۆ زیادکردن بەکار دێت، وەک حافز ئیبراهیمی شاعیر سەبارەت بە زمانی عەرەبی لە سەردەمی ئێستاماندا دەڵێت:

**فجاءت كثوب ضم سبعين رقعة          مشكلة هكذا الأيام مختلفات**

ماناکەی ئەوەیە ئێوە ئیختلافتان زۆر دەبێت، ئەمەش بیدعە نییە، بەڵام ئێوە بەو جۆرە لە ئوممەتانی پێش خۆتان، کە جوولەکە و مەسیحی بوون دەچن، لە فەرموودەیەکی صەحیحدا، کە لە بوخارییەوە هاتووە: (لتتبعن سنن من كان قبلكم شبرا بشبر وذراعا بذراع حتى لو دخلوا جحر ضب لتبعتموهم، قلنا: يا رسول الله اليهود والنصارى؟ قال: فمن؟)[١]، واتە شوێن ڕەفتار و ئاکاری ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، بست بە بست، باڵ بە باڵ، تەنانەت، ئەگەر بچنە کونی (مارمێلکە)یشەوە، ئێوە هەر شوێنیان دەکەون. وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا مەبەستت جوولەکە و گاورەکانە؟ فەرمووی: ئەی کێ؟).

واتای فەرموودەکە: نەخۆشییەکانی ئایینداری دەکەوێتە نێو ئاییندارەکان و کەسی لێ دەرناچێت، مەگەر یەکێک خوای گەورە بیپارێزێت، نەخۆشییەکانی ئاییندارییی لەوانەیە بەهۆی حەزکردن بە مشتومڕ و شوێنکەوتنی هەوا و هەوەس یان شکانەوە بەلای ئارەزوودا بێت، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات، بە گوێرەی هەوا و هەوەسی خۆی ئاینداریییەکەی دەکات و تێگەیشتنەکەی لە ئایین خراپ دەبێت، دیارە خیلافاتەکان وەک یەک نین، هەندێ ناکۆکی هەیە لە ئەحکامەکاندایە،کە لە پەراوێزی عەقیدەدان، هەندێ ناکۆکی لەو ئەحکامانەدا دەبێت کە لاوەکین، مسوڵمانان ناکۆکیی عەقیدەییان نییە، وەک ئەوەی ئێستا ناوی دەبرێت، هەموویان باوەڕیان بە خوای تاک و بێهاوتا و بە پەیامی محەمەد و گەیشتنەوە بە خوای گەورە و پێنج پایەکە هەیە، وا نازانم هیچکام لەو گرووپانە، لەو گرووپانە بێت، کە دەچنە ناو ئاگرەوە، لەوانەدا جیاوازیی و ناکۆکی نییە، بەدڵنیاییەوە نیەت کاریگەریی هەیە لەسەر حوکمدان بەسەر مرۆڤێکدا، مشتومڕ نێوانی هاوڕێ و دۆستان تێک دەدات، ئەبێت بۆ نێوان

---

[١] بوخاری گێڕاویەتەوە.

خـەڵکی ڕەشـۆکی چـۆن بێت؟ ئـەو مشـتومڕ (جـدل)ە هـیچ واتایـەکی نییـە و لـە فەرموودەشدا هاتووە: (ما ضل قوم بعد هدى كانوا عليه إلا أتوا الجدل)[1] خـۆم بینیوومـە هەنـدێک لـە هاوڕێیـان مشـتومڕیان دەکـرد و پەیوەنـدیی نێوانیـان تێکچـوو، مەبەسـت ئەوەیـە هەریەکـەیان حـەزی بەوەیـە بەسـەر ئـەویتردا سەربکەوێت، ئەگەر ئەمە هاتە نێو ئایینی خواوە، ئەوا خراپی دەکات.

پێویسـتە سـنوورێک دابنرێـت لـەنێوان ئـەو نـاکۆکی (الاخـتلاف)ەی، کـە مسـوڵمانان بـەخراپیان نـەزانیووە، بگـرە بـە هـەوڵی عـەقڵی ئاسـاییان زانیـووە و خاوەنەکەشی پاداشتی بۆ هەیە، بەپێی فـەرموودەی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر): (إذا إجتهد القاضي فأصاب فله أجران وإذا إجتهد فأخطأ فله أجر واحد)[2] واتە: ئەگەر موجەتەهید ئیجتیهادی کرد و پێکای، ئەوا دوو پاداشـتی بـۆ هەیە، بەڵام ئەگەر موجتەهید ئیجتیهادی کرد و نـەیپێکا، ئـەوا یـەک پاداشـتی بـۆ هەیە.

پاداشـتی ئیجتیهادەکەیـەتی نـەک هەڵەکـەی، گرنـگ ئەوەیە هەڵەکـە لەسـەری حسـاب ناکرێـت، لەبـەر ئـەوە درووسـت نییـە و ناکرێـت ئـەو مسـوڵمانانەی شـوێنکەوتەی چـوار ئیمامەکـەن بـەگرووپـی جیـاواز ئـەژماریان بکـەین، چونکـە ئـەوان لەئوصـوله شـەرعییەکاندا هـاودەنگن و لەحوکمـە لاوەکـی (الاحكـام الفرعية)یەکانیشدا جیاڕاییان هەیە با هەیانبێت، بابەتەکە ئاسانترە لەوەی بابـەتی ناکۆکییەکـە لـەنێوان ئوممەتـدا بێـت، ئەمـەش لەسـەردەمی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) ڕوویـدا، کارەکـەش ڕاشـکاوانە بـوو کـاتێ پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: (لا يصلين العصر إلا في بني قريظة)[3]، مەبەستی لەمە بەسـەرردادانی جوولەکـە بـوو، بەرلـەوەی لـەڕووی سـەربازییەوە خۆیـان کۆبکەنـەوە و لـە قەڵاکانیانـەوە بـەرەنگاری مسـوڵمانان ببنـەوە، ویسـتی لـەناکاو بەسـەریاندا بـدات، ئـەوەبوو تێڕوانینێکیـان بـۆ درووسـت بـوو، کـە دەبوایـە درووست بێت، هەندێ لەشـەرعزانان وتیـان: کـاتی نـوێژ لێرەدا نامێنێت، بـەڵام

[1] ئیبن ماجە گێڕاویەتەوە.

[2] عەبدوڕەزاق لە (مصنف)ەکەیدا گێڕاویەتەوە.

[3] بوخاری گێڕاویەتەوە.

هەنـدێک لەزاهرییـەکان، کـە حوکمـەکان بـەگوێرەی وشـەکانی دەق وەردەگـرن وتوویـان: دەبێـت لەوێـدا نوێژەکـە بکـەین، ئەگـەریش کاتەکـەی بەسـەرچێت، هەنـدێکیش وتیـان: ئـەوەمان ناوێـت و کـات بـەفیڕۆ نـادەین، ئەمـە ناکۆکییەکـە هیچـی تێـدا نییـە، لەگـەڵ ئـەوەی ئیـبن تەیمییـە کەسـێکە لـە سـەلەفییەکان، کـە چـاوەڕوان دەکرێـت بۆچوونیـان وەک ئەوانـە بێـت حوکمـەکان بـەگوێرەی دەق دەردەهێنن، کەچی ئـەو بۆچـوونی لەگـەڵ ئەوکەسـانەیە لـەڕێگادا نوێژیـان کـرد، ئەمـەش نیشـانت دەدات، ئەوانـەی گوایـە ئێسـتا لەسـەر ڕێگـەی سـەلەفن، شەرعزان نین.

**مامۆستا فـەهمی هوەیـدی:** کەواتـە ئەوانـەی سـەر بـە مەزهەبـەکانن لـەو گرووپانە ئەژمار ناکرێن، بە هەمان شێوە کۆمەڵە، یان ڕەوتـە ئیسـلامییەکانیش لەو گرووپانە نین!!

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەندێکیان کۆبوونەتەوە و داخراون و لەکیانی گشتی دابـڕاون، دەکـرا تێڕوانینـی خـۆمم بکردایەتـە قوربـانی بـەرژەوەی کۆمەڵـە (الجماعـة)، وەک ئـەوەی ئێسـتا لـە وڵاتـە مەزنەکانـدا ڕوودەدات، حـزب بۆچوونێکی هەیە، بەڵام کاتێک ڕێکەوتنێک دەبێت، زۆرینە دەگاتە چارەسـەرێک، ئەوا هەمووان ئەوەی لایانـە دەیپێچنـەوە و تێکڕای ئوممـەت بەشـدار دەبێـت لـە جێبەجێکردنی ئەو بۆچوونەی زۆرینە پێی گەیشـتووە، هەندێکی تر ئـەو نەزعـە شـازەیان هەیـە، خۆیـان تـاک دەکەنـەوە و شـتێک پێکـدێنن، کـە بـەگـرووپ ناودەبرێـت، ئـەم جـۆرە ناکۆکییـە ئوممـەت دەکاتـە چەنـد حزبێکـی جیـاوازی داخراو، هەر حزبێک بەوەی لایـەتی دڵخۆشـە و ڕقی لـەوانی ترە و دژایـەتیان دەکات، ئەمە ئیسـلام ڕەتـی دەکاتـەوە، هۆکاری ئەمـەش بـەزۆری مەترسـیداری بابەتەکەیە لای خاوەنەکەی، یان هەندێک کەس جگە لـەخۆی لـە کـەس تێناگـات، بۆیە نایەوێت لەگەڵ کەسانی تر هاوکاری بکات، هـەردوو بابەتەکـەش تـاوانێکی ئاکاریی، یان عەقڵییە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** بەڕێزتان وای نابینن، بیرۆکەی گرووپی سەرفراز (الفرقة الناجية)، کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین پێویستی بە هەندێک ڕێککردن هەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەوەی من دەیبینم، گرووپی سەرفراز (الفرقة الناجية) هەرکەسێکە لەپێناوی خوا کارێک جیاواز لەوانی تر بکات، ئەوانەی لەڕێگادا نوێژیان کرد، یان ئەوانەی لەبەنی قوڕەیزە نوێژیان کرد، هەردوولایان مەبەستیان ڕەزامەندیی خوای گەورە و گوێڕایەڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بوو لەوەی فەرمانیان پێکرابوو، لەبەر ئەوە هەردوولایان سەرفرازن، بەڵام ئەوەی جیایە لەبەر ئەوەی بەگوێرەی نییەت دەجوڵێتەوە. ئەو کەسەی جیاوازیی دەکات، بەهۆی ئەوەی کەسێکی دەروون شازە و ئاکار ناپەسەندە، دەیەوێت ئەوەی لەدەروونیدایە لەخۆڕا بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت، ئەو تەرازووەی بڕیاری پێدەدەین لێرە و قەدەر و چارەنووسی خەڵکی پێ ڕێک دەخەین، بریتییە لەنییەتی باش کە حوکمەکەی لەسەر بابەتەکە پێ بەراورد دەکرێت، پاشان نیەتی باش وادەکات، کەسێکی خاوەن عەقڵێکی دیاریکراو خۆی بداتە دەست کەسانی عەقڵ گەورە، لەوانەیە مرۆڤ بەئاگا نەبێت لە کێشەی گەورە، بەڵام عاقڵمەندەکان و خەڵکی دابەشبوون، وەک خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿فسالت أودية بقدرها﴾ [الرعد: ١٧]، باران دەبارێت، هەندێک گۆماوی بچوک هەن و دەریاچەی گەورەش هەیە، لەوانەیە کەسی فیقهزان فەقیهـ نەبێت، لەوانەیە فیقهزان فیقهەکەی بۆ کەسێک لە خۆی شارەزاتر بگوازێتەوە، پێویستە ئەوکەسەی بەشێوەیەکی سنووردار شارەزای فیقهە خاکەڕا بێت و کەسێکی سادە بێت و شوێن بۆچوونی کەسانی تر بکەوێت، ئەگەر پێچەوانەیان بوو، چونکە فیکری سنووردارە، لەبەر ئەوە ئەوانەی ڕەتی دەکەنەوە خۆ بگونجێنن لەگەڵ ئەوانی تردا و دەست بە گەمژەییەکەیانەوە دەگرن... ئەوانە درووست نییە لەدەربازبووان (الناجين) دایان بنێین، بەڵام حسابیان دوور و درێژ و جیاوازە، هەندێکیان لەوانەیە بۆ هەتاهەتایی لە ئاگردا بمێنێتەوە، چونکە پەیوەندی خۆی لەگەڵ خوادا پچڕاندووە، هەندێکی تر لەوانەیە هەندێ هەڵەی بچووکی ئەنجام دابێت، حسابی ئەو لای خوای

گەورەیە، من تەواو لێی دڵنیام: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ وَإِنْ تَكُ حَسَنَةً يُضَاعِفْهَا وَيُؤْتِ مِنْ لَدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ [النساء: ٤٠].

گرنگ ئەوەیە ئەوەی بەزۆری خەڵک لەسەری یەکدەنگە بنچینە ئەخلاقییەکان و بنچینە پەرستشیەکانە، کە دەرچوون لێیان قبووڵکراو نییە، بەڵام من لە شتێکدا لەگەڵتدا جیاڕام، کە لە بنچینە ناگرنگەکانە و تۆ دێیت و بەناوی ئەوەوە شتێکی مەترسیدار ئەنجام دەدەیت، ئەمە نەگونجاوە و خوای گەورە قبووڵی ناکات.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** کەواتە لێرەدا مەبەست گرووپێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو ئاراستەیەکە بە نیەتێکی تەواو بۆ خوای گەورە، نزیکترین زاراوەش دەکرێت بە چەمکی (حزب اللە) دابنرێت، نەک خودی حزبێک، بەڵکو هەرکەسێک کە مەبەست و نییەتی بۆ خوای گەورە بێت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، زەمەخشەری بە ئایەتیک لە ئایەتەکانی خوای گەورە دادەنرێت لە تەفسیری ڕوونکردنەوەیی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا، لەوانەیە هەموو موفەسیرەکان پشتیان پێ بەستبێت، لە شیکردنەوەی ڕەوانبێژییانەی ڕستە قورئانییەکاندا، بەڵام ئەو لە موعتەزیلەکان بوو، ئەوانەی بینینی خوای گەورە ڕەتدەکەنەوە، ئەوانەی ئەنجامدەری گوناهی گەورە بە هەتاهەتایی لە ئاگردا دەهێڵنەوە و.... هتد. قازی عەبدولجەباری موعتەزیلی لە کەسە هەرە عەقڵ درەوشاوە و بیرتیژەکان بوو، مشتومڕی لەگەڵ پەیڕەوانی کتێبی ئاسمانی تردا کرد و حەقی سەرخست و قورئان و فەرموودەی سەرکەوتوو کرد، ئایا دەتوانم بڵێم لەبەر ئەوەی لە موعتەزیلە بووە، ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە؟

بیرکردنەوەکان لێرەدا جیاواز دەبن، بەڵام بینیم (ئەبو جەعفەری مەنصور) دەڵێت: هەمووتان داواکارن، خۆزگە هەمووتان هێواش هێواش دەڕۆیشتن. جگە لەعەمری کوڕی عبید، عەمری کوڕی عبیدیش لە شێخەکانی موعتەزیلەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی پاک بووە و دوور بووە لەخۆنزیککردنەوە لە

فـەرمانڕەوا و چـاوەڕوانی هـیچ لـە دونیـای ئـەوان نـەبووە، لەبـەر ئـەوە ئەبوجەعفەری مەنصـور لـەخۆی نزیـک دەکـردەوە و ڕاوێژی پێدەکرد، چونکـە ویژدانێکی پاکی هەبوو، با لەموعتەزیلەش بووبێت. دەزانی ئـەم واتایەشـمان لـە کتێبـەکانی فـەرموودەدا هەیـە، ئیـبن حـەتان پیـاوێکی فـارس بـوو، بوخـاری فەرموودەی لێیەوە گێڕاوەتەوە، لەکاتێکدا کە جگە لەکەسانی متمانەپێکراو، لە کەسی تر گێڕانەوەی وەرنەدەگرت، ئەمە با لەبۆچوونیشدا لەگەڵی جیا بووبێت، بەڵام کەسێکی پاک بوو لە ئایینداریی و ڕەوشتیدا.

**مامۆسـتا فـەهمی هوەیـدی:** ئەمـە ڕێگـەمان پێدەدات سـەیرێکی واقیعـی ئیسـلامی هاوچـەرخ بکـەین، ئەگـەر دابەشـکردن یـان پۆلێنکردن دەسـت بـدات، وادەزانم ئێستا لەگۆڕەپانی ئیسـلامی هاوچەرخدا چەندین بزووتنـەوە و ڕەوت هەیـە، هەنـدێکیان سـەرقاڵی کـاری سیاسـین و هەنـدێکی تریشـیان دابـڕاون لـە سیاسـەت وەک تەصـەوف و کۆمەڵـەی شـەرعی و کۆمەڵـەی تـەبلیغ، ئەوانـەی سـەرقاڵی کـاری سیاسـین وێـڕای کۆمەڵـەی ئیخـوان موسـلمین، جەماعـەی ئیسـلامیش هەیـە، کـە فیکـری مـەودودیان کردووەتـە مەنهـەجی خۆیـان، برایانیشـمان لـە هینـد لـە نەدوییـەوە بگـرە تـا دەگاتـە ڕەوتـەکانی تـر لـە پـاش ئیخـوان پەیـدابوون، وەک فیکـری جیهـادیی و فیکـری مامۆسـتا سـەید قوتـب، ئـەویش لەسـەر هێڵـی خـۆی حسـابە و مـەرج نییـە لـە سـەر ئیخـوان بێـت، ئایـا بەڕێزتان پێتانوایە خـاڵێکی هاوبـەش لـەنێوان ئـەم ڕەوتـە ئیسـلامییانەدا هـەبێت، بتوانرێت دەستنیشان بکرێت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەر لەوەی بچمە نێو بابەتەکەوە، دەمەوێت باسـی هۆکارەکـەی بکـەم، بـە بۆچـوونی مـن ئوممـەتی ئیسـلامی لـەم سـەردەمانەی دواییدا، لـە ڕووی عەقڵییـەوە داڕوخـاوە، ئـەم داڕوخانـە عەقڵییەشـی کاریگـەری لەسـەر کیـانی دەوڵـەت و حەقیقـەتی گـەلان درووسـت کـرد و بـەوە کۆتـایی بـە داڕوخانەکـەی هـات، کـە لـە ڕووی سـەربازیی و سیاسـییەوە داڕمـا، خەلافـەت نـەما و ئوممـەت پارچـەپارچـە بـوو، لـەم کاتەشـدا داگیرکـاری ڕۆژئـاوا هێرشـی کـردە سـەرمان، مـن تێڕوانینێکـی دووانـەییم هەیـە بـۆ داگیرکـاری ڕۆژئـاوا،

لەوانەیە لـە ڕووی سـەربازییەوە بـە سـوپاکانی وڵاتـانی داگیـر کردبێت، ئەمـە کێشەیەکی ترسناک نییە، کێشـەیەکی لەمە ترسـناکتر هەیـە، ئـەویش داگیرکردنی عەقڵەکانە بە ڕۆشنبیرییەکەیان... داگیرکاریی ڕۆشـنبیرییە توانی شـتێکی سـەیر لـە مێژووی ئیسـلامی بکات، ئـەویش بەدووانـەییکردنی فێربوون بـوو، هەنـدێک لایـەنگری خوێنـدنی مـەدەنی و هەنـدێکی تـر لایـەنگری خوێنـدنی ئـایینی بـوون، لایـەنگرانی خوێنـدنی ئـایینی لـە چوارچێـوەی ئـەو کتێبانـەی بۆیـان مـابووەوە، دەرنـــەدەچوون، لەوانەیـــە شـــارەزاییان لـــە بـــارەی ڕابـــردووەوە هـــەبێت، ڕابردوویـەک لـە باشـترین وێنـەدا، بـەڵام ئەوانـەی لایـەنگری خوێنـدنی مـەدەنی بوون، ئەوا داگیرکەر بە مەبەست وایکرد ببێتە ئەندازیارێک یان پزیشـکێک یان دەرمانسـازێک یـان پسـپۆڕێکی کۆمەڵایـەتی یـان هـەر پسـپۆڕییەکی تـر، هـیچ پەیوەندییـەکی بەئیسـلامەوە نـەبێت، لەوانەیـە تـەنها شـارەزای هەنـدێک بنـەمای پەرستشـەکانی ئیسـلام بێـت یـان هەنـدێ بنـەمای ڕەوشـت کـە بتپەرسـتەکانیش دەیزانن.

کاتێ ڕاپەڕینی ئیسلامی لەنێو مسوڵمانانـدا هەڵگیرسا بۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـــەو کارەســـاتەی بەســـەریان هـــاتووە، دوو جـــۆر خـــەڵکمان بینـــی، کەســـانێکی شارەزامان بینی زانستێکی بۆماوەیان هەبوو بەڵام لەپاڵ عەقڵێکی تەسکدا بـوو، ئەمـەیان لەگـەڵ داخـران لـەنێو زانسـتە بۆماوەکانـدا، بـۆ ئـەم سـەردەمە دەسـت نـــادات، لەولاشـــەوە کەســـانێکی مـــەدەنیمان بینـــی کـــە تـــوانرا بـــوو لەڕێگـــەی بانگـــەوازەوە پەیوەنـــدیی بکـــەن بەئیســـلامەوە، بەتایبـــەت بانگـــەوازی ئیخـــوان موسـلمین کـەڕووی کـردە خوێنـدکارانی زانکۆکـان و ئەوانـەش کـە بەشـێوازی ئـایینی فێرنـەبووبوون، بینیـان کـە دڵسـۆزییەکی زۆریـان بـۆ ئیسـلام هەیـە و لەناخەوە هەست بە پەرۆشـی دەکـەن بـۆ پاراسـتنی ئایینەکـەیان لـەو کێشـەیەی تێی کەوتووە، بەڵام ئەو زانیارییەی هەیانـە ناتـەوا و ناڕێکـە، لێکۆڵینـەوەکانیان وەک دەڵێن ئەکادیمی نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەی ڕووکەشیە.

لەمەوە ئەوە هاتە ئـارا کـە هەریەکـە ئـەوەی هەیـەتی زۆری کـردو بـۆ خـۆی قۆرغکرد و وایزانـی ئـەو لەسـەر شـتێکە، ئوممـەتیش لـەم لایەنـەوە دەسـتی بـە ناکۆکییـــەکی زۆر گـــەورە کـــرد، لـــەپاڵ ئەمـــەدا ئەوەشـــی هاتـــە ســـەر کـــە

شارستانیەتی ئیسلامی، ئەوەی سەرنجی بدات، تێبینی ئەوە دەکات کە سیاسەت کەمێک لەزانست دابڕاوە، چونکە ئەبو جەعفەر با لەڕووی سیاسییەوە خەلیفە بووبێت، خۆی بە هاوشانی ئیمامی مالیک دادەنا، بەڵام بەهۆی ئەرکەکەی بواری نووسینی نەبووە، بەمالیکی دەوت: شوێن فیقهو سونەن بکەوە و واز لەتوندیی ئیبن مەسعودو ئیبن عومەر و ڕوخسەتی ئیبن عەباس بێنە، ئەو پیاوە شارەزای فیقهـ بوو، توانای زانستی هەبوو، نووسینی بۆ مالیک لێ گەڕابوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کۆی حوکمڕانەکان دوور بوون لە فیقهی ئیسلامی و کۆمەڵی شەرعزانانیش دووربوون لەحوکمڕانی، بەمەش دابڕان لەنێوان زانست و فەرمانڕەواییدا درووست بوو، پاش ئەم دابڕانە دابڕانێکی تریش ڕوویدا –من هۆشداری لە مەترسیدارییەکەی دەدەم– ئەوەیە خوێندنی ئایینی دابڕا یان بوو بەدوو بەشەوە، بەشێکیان پەیوەندی بەفیقهو فەرموودەو تەفسیرو ئەوانەوە هەیە، بەشەکەی تر پەیوەندی هەیە بەزانستەکانی پەروەردە کە ئەویش تەسەوف دەگرێتەوە... تەسەوفیش بۆ خۆی دوو بەشە، بەشێکیان خوداییە باسی یەکێتیی بوون (وحدة الوجود) و یەکخوایی (وحدة الالە) دەکات، بەشەکەی تر باسی دونیا نەویستی دوور کەوتنەوە لەخراپەکارییەکان و ئەوشتانە دەکات.

شەرعزانان دابەشبوون، هەیانە شوێنکەوتەی تەنها ئەبو حەنیفەیە، یان تەنها مالیک، یا بەس شافیعی، یا تەنها ئیبن حەنبەل، لەبەر ئەوە بینیمان هەریەکەیان پەیوەست بووە بەبەشێک لەبەشەکانی فیقهەوە و بێئاگابوو لەوانی تر و ئەوەمان بۆ مایەوەو لەخوێنماندا جێگیر بوو، بابەتی زۆری تریشی هاتە سەر کە سەردەم لەگەڵ خۆیدا هێنای، وا پێویست دەکات خزمەتکاری ڕۆشنبیریی ئیسلامی تێبینی ئەمانە بکات:

لەهەموو سەرچاوەکان وەربگرێت، چونکە شارستانیەت پەیوەندی هەیە بە پەروەردەوە، پەیوەندی هەیە بەیاسادانانەوە، بەڕەفتارەوە، بەبنچینەکانی حوکم و زۆر شتی تریشەوە، بۆیە لەبەرەنگاربوونەوەیدا کەسێک قبووڵ ناکرێت کە هەموو ئەوەی هەیەتی کەمێک زانیاری بێت لەبارەی ڕەوتێک لەڕەوتەکانی فیقهـ لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا، سۆفییەکیش قبووڵ ناکرێت کە هەموو ئەوەی

هەیـەتی زانیـاری بێـت سـەبارەت بـەئیبن عـەرەبی و ئیـبن فـارز، سـۆفییەکیش قبووڵ ناکرێت هەموو پەیوەندییەکەی بەتەسـەوفەوە ئەوەبێ کە شـوێنکەوتەی شازلی یان یەکێک لـەپیاوە گەورەکانی تـر بێت. مامۆستایانێکی ئایینی خاوەن زانستی فراوانیش بوونیان نەبووە، لەوانەیە حەسەن بەننا هـەبووبێت، حەسـەن بـەنناش –بـەبۆچوونی مـن- درێژەوەبووی هۆشیارانەی عاقڵانـەی زیرەکانـەی قوتابخانەکـەی محەمـەد عەبـدەو ڕەشـید ڕەزایـە. محەمـەد عەبدە سـۆفی بـوو، بەڵام عەقڵێکی لێهاتووی درەوشاوەی هەبوو.

لەبەر ئەوە ئێمە لەقوتابخانەی ئەو پیاوەدا قوتابخانەیەکی تەواوەمەند (کامل) دەبینین، ئەوەی زیاتر تەواوەمەندی کرد ئەوەیە ڕەشید ڕەزا لـەزانایانی ئوصـول و زانایانی گێڕانەوە بـوو، هەرشتێک لای محەمـەد عەبدە نەبووایـە لای ڕەشـید ڕەزا هەبوو، بۆیە قوتابخانەکە بەهەردووکیان پێکەوە تەواوەمەند بوو.

پاش ئەوە هـاتین و بینیمـان حەسـەن بـەننا –کـە مـن زۆر شـارەزایمی- پێی گەیشـتم و ڕۆژێـک کردمییـە سـکرتێری ئـایینی خـۆی، پیـاوێکم بینـی، کـە کتێبخانەیەکیم لەماڵەکەی لە سەبتییەوە دەگواستەوە بۆ ماڵەکـەی لـە حلمییە و متمانـەی گواستنەوەی کتێبخانەکـەی پێدابووم، دەفتـەرێکم بەدەستخەتی خـۆی بەرچاو کەوت، هەندێ باری سەرنجم بینی، تێگەیشتم ئاگادارە لـەو زانستانەی لەئەزهەر دەمانخوێندو شارەزای عیلمەکانی شێخ محەمەد عەبدەو شێخ ڕەشـید ڕەزاو شـێخ محەمـەد فەریـد وەجـدی خـاوەنی چەنـدین مەوسـوعەی زانسـتییە، بـەڵام بەداخـەوە ئیسـلامییەکان ئـەوەی پێویسـت بـوو ئـەنجامیان نـەدا، پێویست بوو قەدری ئەم پیاوە بزانرێت، چونکە شـارەزاییەکە ئیسـلامی فراوانـی هـەبوو، حەسەن بەننا لەپاڵ ئەو مەعریفە فراوانەیدا، ئەو بەهرەیەشـی وەرگرتبوو، کە پـێش ئـەو ئەبوحامیـدی غـەزالی هـەیبووە، ئەبوحامیـدی غـەزالی بەهرەیـەکی بـەرزی هـەبوو، کـە ئاڵۆزییـەکانی فەلسـەفی دەخوێنـدەوە. پاشـان بـەجۆرێک دەیگێڕایـەوە، وەک ئـەوەی چیرۆکـی هـەزارو یـەک شـەوە بگێڕێتـەوە. حەسـەن بـەنناش ئـەو توانایـەی هـەبوو، کـە هـەموو شـتێک بخوێنێتـەوە، پاشـان بێتـە بەرامبەر جەماوەر، لـە (٤٠٠٠) گونـدی میسـری و لەشارەکان، بتوانێ بیرۆکـەو تیرِوانینـەکان بـۆ جەماوەرەکـە دابڕێژێـت و بەشـێوازێکی میللیانـەی گشـتی

بەرەنگاری داگیرکاریی ڕۆشنبیریی بێتەوە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دیندار یان کەسانی دڵسۆز لەقوتابیان و ئەندازیاران و کیمیاناسان و فەلەکناسان و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی جەماعە شوێنی کەوتن.

ئەو پیاوە دەروونێکی فکر فراوان بوو، ئەوانیشی فراوان کرد، کاتێ هۆکاری ناکۆکیی ترسناکی هەست پێ بکردایە فەسڵی دەکردن، لەبەر ئەوەی گرووپی (شباب محمد)ی دەرکرد، چونکە ئەمانە بابەتێکی ترسناکییان لەدژی وروژاندبوو، کە پەیوەندار بوو بەکێشەی ئافرەتانەوە، ئەوانە کەسانێک بوون وایان دەبینی کە خۆداپۆشین(حیجاب) ڕەهایە، بەڵام نە شارستانییەت ڕێگا بەوە دەدات و نە ئیسلامی ڕاست و درووستیش بەوە ڕازییە ئافرەت بەوجۆرە حەپس بکرێت، حەسەن بەننا فەسڵی کردن. کۆمەڵێکیش بەبێ ئەوەی خاوەنی هیچ بن، هەوڵیاندا سەبارەت بەبابەتی چارەنووس بەگژ جوولەکەکاندا بچن، ئەوانیشی فەسڵ کرد، چونکە مەبەستی بوو بەپێی سیاسەتێکی ڕێکوپێک کۆمەڵەکە پێبگەیەنێت، بەڵام شەپۆلەکە لەو گەورەتر بوو، یان داگیرکاری جیهانی خێراتر لەمەترسییەکەی تێگەیشت، بۆیە لەناویان برد، کاتێک حەسەن بەننا مرد، ئیدی فکرە خامۆشکراوەکان لە شوێنکەوتەکانی و ئەوانەی پەیوەنداربوون بەهەستاوەی ئایینییەوە دەردەکەوتن، بەگشتی زۆرینەیان لەئیخوان بوون یان لێیان نزیک بوون.

ئەوەبوو کەسی وامان بینی بۆچوونی تاکڕەوانەی خۆی هەبوو، کە ئەو ڕەوشە نەهامەتەی تێی کەوت بەسەریدا سەپاندبوو، ئەویش مامۆستا سەید قوتب بوو، مامۆستا سەید کوڕە خوشکێکی بەناڕەوا و دوژمنکارانە بەند کرابوو... خۆیشی لەبەندیخانەدا ئازار و ناڕەحەتیی زۆری بینی، لەڕاستیشدا دادگاییکردنەکەی گاڵتەجاڕی بوو... ئەو پیاوە کتێبەکەی بەشێوازێک نووسیووە توندو تیژیی بەرانبەر فەرمانڕەوایانی تێدایە، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی وا لێک داوەتەوە، کە پێویستە ڕاشکاوانە ڕووبەڕووی ئەوانە ببنەوە، کە ئەمەش لەتوانادا نییە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** مامۆستای بەڕێز دوو خاڵم هەیە:
یەکەمیان: بۆچوونتان چییە کە بزووتنەوەی ئیسلامی کاریگەریی زۆری ڕەوشی مێژوویی لەسەرە؟ مامۆستا سەید قوتب نموونەی ئەمەیە، چونکە مامۆستا سەید کە کتێبی (العدالة الاجتماعیة في الاسلام)ی نووسیوە هەمان ئەو مامۆستا سەیدە نییە کە کتێبی (في الظلال)و (المعالم)ی نووسیووە، بەڕێزتان لەمن زیاتر شارەزایت کە کتێبی (العدالة الاجتماعیة في الاسلام) سێ جار گۆڕانکاری تێدا کراوە، وەک ئەوەی گەشەسەندنی مێژوویی بەردەوام ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵوێستی و گوتاری دەبێت و بەو هۆیەوە بەردەوام دەبێت لەگۆڕانکاری ئەو هەڵوێستە لەنووسینەکانیدا.
خاڵی دووەم: بەڕێزتان گرنگترین خاڵ یان تێبینیتان لەسەر مەنهەجی مامۆستا سەید قوتب چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** یەکەم: مامۆستا سەید قوتب لەکەوتنە ژێر کاریگەری ڕەوشی سیاسیی و چەند جارێک گۆڕینی هەڵویستی ئەمە شتێکە خراپ لەسەری ئەژمار ناکرێت، چونکە ئیمامی شافیعی کاتێ لەعێراق بوو مەزهەبێکی هەبووە، بۆ نموونە وایدەبینی هەرکەس تەوبەی کرد دەکرێت سزای حەدی لەسەر لاببرێت، هەندێک جار مەیلم بەلای ئەم بۆچوونەدایە، بەڵام کاتێ هات بۆ میسر وتی: حەدەکە هەرگیز لانابرێت مادام ئەوە گەیشتووە بەحاکم، جیاوازی لێرەدا درووستە، بەڵام منیش ئەو جیاییەم ئەزموون کردووە، سەرەتای ژیانم لەسایەی دەرەبەگایەتیدا بووە، تێیدا جوتیاری میسریم بینیووە لەلادێکەماندا لەنێو کێڵگەیەکدا ژیانی بەسەر بردووە کە خاوەنی بستێکی نەبووە ئەوە نەبێت خاوەنەکەی پێی دابێت تابیخوات، ئەگەر دەریان بکردایە ئەوا شوێنێکی نەبوو تێیدا بخەوێت، ئەمە پاڵی پێوەنام سەیری ئەو ئیشتراکیەتە بکەم لە جیهاندا بڵاو دەبوویەوە و باسی دادگەری کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی سامانی دەکرد، سەرەتای ژیانم ئەم بیرکردنەوەیەم هەبوو، بەهەمان شێوەی کە سەید قوتب کردی با ئەو لەمنیش بەتەمەنتر بێت لەگەڵ ئەوەدا کاتێ (الاسلام والاوضاع الاقتصادیة)ی خوێندەوە یەک لاپەڕەی تەواوی لەڕۆژنامەی

(الجمهـور المصـري)دا لەسـەر نووسـی و وتـی: ئـەم کتێبـە لەگـەڵ کتێبەکـەی عەبدولڕەحمان عەزام (الرسالة ال**خالید**ة)دا دوو بنەڕەتن بۆ تێگەیاندنی ئیسلام.

من پاش ئەوە ئەوەی لە کتێبی (الاسلام والاوضاع الاقتصادیة) نووسیبووم گۆڕانکاریم تێدا کرد، چونکە بینیم ژمارەیەکی زۆر لەئیشتراکیەکان لەوڵاتی ئێمەدا بۆ حسابی تایبەتی خۆی ئیشتراکییە، ئەگەر بووە خاوەن موڵک ئەوا دەبێتە دەرە بەگ و بەخراپترین شێوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکات، وەک ئەوەی ئیشتراکیەتی کردبێتە ڕێگایەک بۆ خواردنی ماڵی خەڵک بەناڕەوا، بەڵام ئەوەی لەو گۆڕانکاریەدا گرنگە ئەوەیە من سەیری ئەو بنەڕەتە دەکەم کە لێیەوە سەرچاوە دەگرین، ئەو گۆڕانکاریە ناکەنە هۆکاری دابەشبوون، بەڵکو من بۆچوونێکم هەیەو جگە لەمنیش بۆچوونێکی تریان هەیە، بنەڕەتە گشتییەکە هەموومان پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەمە سەبارەت بەو جیاوازیانەی مامۆستا سەیدی تێکەوت.

دووەم: هەڵە لە بیرکردنەوەی مامۆستا سەیددا لەوەدایە، ئەم پیاوە لەلایەنی فیقهییەوە سادەبوو، قووڵ نەبوو، زانیارییەکی گشتگیری لە ئەحکامە فیقهیەکاندا نەبوو، لەبەر ئەوە هەندێک قسە دەکات ئەستەمە شەرعزانان قبووڵی بکەن، وەک: (ماڵەکانتان بکەنە قیبلە، بابێتە مزگەوت و نوێژی تیا بکەن) ئەم قسەیە ناکرێت قبووڵ بکرێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە سۆز بەسەریدا زاڵ بووە لە دابڕان لە کۆمەڵگا و لێدان لەفەرمانڕەوا ، بەڵام درەوشاوەترین کەسە لەقوتابخانەکەی عەقادداو شارەزاییەکەی لەئەدەبی ئیسلامی و ئەدەبی عەرەبی بەگشتی زانیارییەکی باشە بۆ ئەوانەی خۆیان بەقوتبیەکان ناودەبەن، ئەوانە نەعەقڵیان هەیە، نەفیقهو لەهیچ شتێکدا سەیریان ناکرێت.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** بەڕێزتان پێتان وایە جیاوازی نێوان پرۆژەکەی مامۆستا حەسەن بەننا و پرۆژەی مامۆستا سەید قوتب –ئەگەر درووست بێت بۆمان بەراورد بکەین- ئەوەیە مامۆستا بەننا چاکسازیخوازو ئاشتیخواز

بـووەو مامۆسـتا سـەید بـەگژدا چـوو، لێرەدا نامـەوێت بڵـێم لەبیرکردنـەوەدا کودەتاچی بووە، بەڵام بەگژداچوو بووە زیاترە لەوەی ئاشتیخواز بێت؟

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** جیاوازییـەکی زۆر هەیـە لـەنێوان مامۆسـتا بـەنناو مامۆستا سـەید قوتبدا، مامۆستا بـەننا مەوسـوعەیەکی فیقهی و زانستی بـوو، بناغەکـــەی ئەوەیـــە ئـــەو پـــەروەردەکار بـــوو، لەلایـــەنی پەروەردەییـــەوە درێژەپێدەری ئەبو حەسـەنی شازلی و پیاوە گەورەکانی تەسـەوف بوو، لەیادمە لەسـەرەتای ژیانیـدا لـەنێو دەسـتەیەکی سـۆفیگەری بـوو و دەرکـرا، چونکـە سەرقاڵی ئەوە بوو کاری تیا دەکرد، جارێکیان پێی وتم، وا دەزانـم ئەمـەی بۆ کەس باس نەکردبێت: شێخی تەریقەت هاتە خـەوم و بـەڵێنم پێداو پەیوەندیمان پێکەوە تازە کردەوە، وتی: پاش ئـەوە گوێ بـەهیچ نـادەم، لـەم بیرکردنەوەیـەدا بیرکردنـەوەی سـۆفیگەرییانە بەسـەریدا زاڵـە، هۆکـاری سـەرکەوتنی حەسـەن بـەنناش ئـەوە بـوو خـاوەن سـۆزێکی زۆر بـوو بـەجۆرێک کـە یـەک تۆزقـاڵ کینەشـی لەدەروونـدا نـەمابوو، بەسـۆزییەکەی ئەوەنـدە فـراوان بـوو ئـازیزانی خۆی لەسودانەوە تا سوریا دەناسی، بە لەبەرکردن و زۆرلەخۆکردن نـا بـەڵکو بـەهۆی خۆشەویستییەوە، کەسێکی زۆر شـارەزای فیقهـ بـوو، بەلایـەوە گرنـگ نـەبوو لەبـەردەم قوتابییەکیدا دابنیشـێت و فێر ببێت، هەنـدێک جـار پرسـیاری لەهەندێ لەمامۆستایانی ئەزهەر دەکرد لـە هەنـدێ کاروبـاردا لەهەنـدێک بابـەتی لاوەکی (فرعی)دا قووڵ دەبوویەوە، بەڵام لەسنووری خۆیدا ڕادەوەستا.

بـەڵام مامۆسـتا سـەید قوتـب ئەدیبـە، لەتەفسـیرەکەیدا گەڕاوەتـەوە بـۆ ئیـبن کەسیر، ئیبن کەسـیریش پیـاوێکی سـەلەفییەو تەفسـیرەکەی لەسـەر ژمارەیـەکی زۆری فەرموودەیە کە هەیانە صـەحیحەو هەیانە حەسـەنەو لاوازیشـیان تێدایە، بەڵام دوورە لەفیقهو بابـەتی فەلسـەفی و بابـەتی بـەیان و ڕەوانبێژی، مامۆسـتا ســـەید ئەحکامـــە تەفســـیرییەکانی لەنزیکترینـــەوە بـــۆ ســـەلەف لەتەفســـیردا وەرگرتـووەو بەشـێوەی بـەیان فراوانـی کـردووەو ئەمـەی ناونـاوە کودەتـا لەسایەی واتـادا، ئـەوەش لقێکە لـەفیکری حەسـەن بـەننا و ئەسـڵ نییـەو نابێتـە هاوتای.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** ئایا دەتوانین پرۆژەی مامۆستا حەسەن بەننا –من وشەی پرۆژە بەکار دێنم- بەپێی ئەو چوارچێوە گشتییە لە سالآنی بیستەکان بەدەرکەوت، وەک بەدەمەوەچوونی ئەو قۆناغە بێت، کە پاش هەڵوەشاندنەوە خەلافەتی ئیسلامی و پێویستیی ئوممەت بۆ پرۆژەی هەستانەوە هات، لەکاتێکدا دەرکەوتن یان درووستبوونی پرۆژەکەی مامۆستا سەید قوتب لەسایەی حاڵەتی بەگژداچوونی سیاسی، لەگەڵ شۆڕشی (٢٣ی یۆلیۆ) بوو؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ڕاڤەی پرۆژەکەی مامۆستا سەید بەوجۆرە قبوولکراوە، بەڵام مامۆستا بەننا لەوانەیە بەکەوتنی خەلافەتی ئیسلامی کاریگەر بووبێت، زیاتر لەمەش مۆدەی ئیلحاد، کە لەئەورووپاوە هات و پەیوەندی خودی ئەورووپیەکانیشی بە ئایینەکەیانەوە هەژاند، پەیوەندی ئوممەتی ئیسلامیشی بە ئایینەکەیانەوە هەژاند، ئەو بەرەنگاری ئەو لەرزینە بوویەوە و دەیزانی باوەڕبوون بەخوا و ئیسلامی فراوان ئایینی دەروون و ئایینی کۆمەڵگاو ئایینی دەوڵەتە، ئەو لەگەڵ هەموو بەشێکدا تا کۆتایی ڕێگا دەڕۆیشت، لەوانەیە ڕەخنەی ئەوە لە پرۆژەی مامۆستا بەننا –ڕەحمەتی خوای لێ بێت- بگیرێت کە ژمارەیەک لەمەدەنییەکان لەڕێگای ئەوەوە گەڕانەوە بۆ لای ئیسلام، ئەوانە کاتێ گەڕانەوە بۆ لای ئیسلام دەیانوویست پەروەردگاریان لەخۆیان ڕازی بکەن و ئایینەکەیان پیادەبکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا لەوانەیە بیرۆکەی سیاسیان بەرانبەر ڕووداوە جیهانییەکان و دەقەکانی دەستوور هەبووبێت، من خۆم ڕۆژێکیان قسەم لەگەڵ مامۆستا بەننادا کرد، چونکە ئەو لەگەڵ حزبی وەفددا کێشەی هەبوو، حزبی وەفدیش حزبی زۆرینە بوو، نێوانیان لەگەڵ کۆشک نەمابوو، ئەمیش نەیدەویست تووشی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆشکدا ببێت.

لەیادمە ڕۆژێکیان –مامۆستا خالید محەمەد خالیدیشم لەگەڵ بوو- چووینە خزمەت مامۆستا حەسەن بەننا تا لەگەڵی پێکبێین، باسی دەستوورمان کرد وتی: قورئان دەستوورمانە، وتم: وایە بەڵام دەستووری قورئان ئەیەوێت پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و گەل لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراو بێت،

هـەر وەک ئـەو پەیوەندییـەی تـۆ هەتـە لەگـەڵ ئیخـوان، قورئـان دەسـتوورمانە وشەیەکی گشتییە کێشە نییە، سەرچاوەکە قورئانە، بەڵام ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و سەرۆکی دەوڵەت من وا دەزانم لەدەستووری (٢٣) کە ئێستا لەبەردەستدایە دەیبینم، لەبەرئـەوە دەسـتوورمان دەسـتووری (٢٣)یـە. دیـارە ئـەویش بەڕێزێکەوە وتـی: بـەڵێ، بـەڵام هەندێک شت هەیە وازی لـێ نـاهێنین، لەگـەڵ ڕۆژگـاردا ئـەو بـەناچاری لەگـەڵ زۆرینـەی وەفـدو کەمینـەی حکومەتـدا بەشدار بـوو پشتگیری دەسـتووری (٢٣)ی کـردو چـووە هەڵبژاردنـەوە لەسـەر بنەمای ئەوە، بەڵام پاش ئەوە ڕێگری لێلێکراو ئـەوەش ڕەوشـی خـۆی هـەبوو، قسەکردن لەبارەیەوە درێژە دەکێشێت.

**مامۆستا فـەهمی هوەیـدی:** ئێمـە کـە باسـی پێکداداني فیکریـی دەکـەین، ئایا بـەڕێزتان هـیچ ڕوویـەکی لێکچـوون لـەنێوان بزووتنـەوەی ئیخـوان لەمیسـر و جەماعەی ئیسلامیدا دەبینن. ئایا ڕاستە جەماعەی ئیسلامی لە ساڵانی چلەکان (نزیکـــەی ١٩٤٦ز) و بزووتنـــەوەی ئیخـــوان لەمیســـر (نزیکـــەی (١٩٢٧ز) درووستبوون، ئایا هیچ هەڵسـەنگاندنێکتان بـۆ جەماعـەی ئیسـلامی لـە هینـد و پاکستان هەیە دواتر؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** وا دەزانم لێکچوون هەیە، بەڵام ئایا ئەوە لێکچوونـە، یان کەوتنـە ژێـر کاریگـەریی یـان یـەکێکیان فیکرەکانی ئـەویتریانی وەرگرتـووە، بگرە وا دەزانم ڕابوونی ئیسلامی لـە ئێرانیش، کـە ڕووداوی زۆری لێکەوتـەوە ئەویش لەژێر کاریگەری بانگەوازەکەی حەسەن بەننادا بووە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** کتێبەکانی مامۆستا بـەننا لـەئێران وەرگێڕدراوە، هەندێک لەوانە بـەڕێز عـەلی خامەنـەئی ڕابـەری ئێسـتا وەریگێڕا، بـەڵام لەیادمـە کە بزووتنەوەی ئیخوان پێشتر پەیامەکانی مەودودیان وەرگێڕابوو.

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** مـەودودی پـاش حەسـەن بـەننا هـات، لـەڕووی فیکرییەوە لێکچوونیان هەبوو، هەر وەک چۆن بۆچوونەکان بەیەکدەچن، بـەڵام پـاش ئـەوە هەنـدێک شـت هەیـە لەهیندسـتان، وەک جووڵانەوەکـەی مامۆسـتا

نــەدوی تێــی دەگــەم، مامۆســتا نــەدوی زانایــەکی پایەبــەرز و پســپۆڕە لەبزووتنەوەی ئیخواندا و شارەزاییەکی زۆر باشی لەبارەوە هەیە.

پێکەوە سەفەری منوفیەمان کرد، من بابەتێک پێشکەش بکەم و ئەویش وتاری هەینی بدا، ئەوکاتەی کە بەسەفەر لەمیسر بوو، کتێبی (مذكرات سائح في الشرق الاوسط)ی نووسی، ئێمە لەکاردا برا بووین، کاتێ کتێبی (ماذا خسر العالم من إنحطاط المسلمين)ی نووسی، دەیوویست ئەحمەد ئەمین پێشەکییەکی بۆ بنووسێت و پێکەوە یەکمان ناسی، یەکێک لەشتە دەگمەنەکان ئەوەبوو لای ئێمە نەخۆش کەوت و نارەحەت بوو، من و مامۆستا سەید سابقی هاوڕێم بردمان بۆ لای دکتۆر، دکتۆرەکە وتی: پێویستی بەو دەرمانانە هەیە کە نرخەکەیان پێنج جونەیهە، ئەو بڕە پارەیەش ئەستەم بوو، دکتۆرەکە وەک ئاماژە تێیگەیاندم، کە بێئومێد بووە لێی و زۆر نەخۆشە، سەیر ئەوەیە ئەو دکتۆرە مرد و نەدویش ماوە و ئەژی، خوای گەورە تەمەن درێژی بکات.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** سەبارەت بە برایانمان لە هندستان، بۆچوونت وا نییە ڕەوشی مێژوویی هیندستان لەڕووی پەیوەندی مسوڵمانان لەگەڵ هندۆس، یان ئینگلیزەکان جیاوازە و ئەوەش هەندێک بۆچوونی سەپاندووە، کە بۆ ئێمەش گوێزرایەوە، لەوانە پەیوەندی توند لەگەڵ نامسوڵمان یان مکوڕبوون لەسەر فیکرەی حاکمییەت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** فیکرەی حاکمییەت تەنها پاش مردنی حەسەن بەننا بیستم، ئەو لەفیکریدا هاوشێوەی زانایانی ئەزهەر بوو، زانایانی ئەزهەر هەتا ئەمڕۆش عاقڵانە و بەوردییەکی لۆژیکی قسە لەسەر فیکرەی حاکمییەت دەکەن، وەختە بڵێم ئەو ئیسلامەی لە ئەزهەر دەخوێندرێت، ڕێکترین قوتابخانەی ویناکردنی ئیسلامە، حاکمییەت وشەیەکی هێنراوە، ئەگەر (لا حكم الا لله) بێت ئەمەیان وشەیەکی حەقە و ناحەقێکی پێ مەبەستە، بەڵام پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و گەل، نێوان فەرمانڕەوا و ئوممەت، سەرچاوەی فەرمانڕەوایەتی چی بێ، ئەم چەمکە لەبنەڕەتەوە لە ئیسلامەوە هاتووە، فەرمانڕەوا لە قورئان وسوننەت و بەڵگەکانی تری وەک ئیستحسان و

ئیستصحاب و ئیستصلاحەوە وەردەگرێت و ئەوەش ڕێکترین شتە لەسەر ئەم بابەتە بوترێت، بەڵام حاکمیەت بەواتای حوکم بۆ جگە لەخوا نییە، کاتێ دێیت باسی ئیسلام دەکەیت کە لە قورئاندا دەقی لەسەر نەبوو، لەفەرموودەدا دەق نەبوو ئەوا قیاس ئەوەت پێ دەدات، ڕێساو مەصڵەحەی مورسەلە و ئیستحسان پێت دەدات، ئەوەی ئەزهەر لەمبارەیەوە دەیڵێت باشترینە، چونکە مرۆڤ یاساکە دادەڕێژێت، من لەهەندێک لە لق (فرع)ەکاندا کە هاتوون یاسا دادەنێم، لەڕاڤەی ڕێساکانیشدا، پاشا لقەکان دادەڕێژم، مافی خۆمە دەستوورێکیش دابنێم.

ڕێسا لای من (وأمرهم شورى بينهم) (الشورى: ٣٨) بەلام چۆن ئەو ڕێسایە ڕێکبخەم؟ دەڵێم: حوکم بۆ خوایەو من ڕێساکە دادەنێم، دەڵێم: ئوممەت سەرچاوەی دەسەڵاتە و فەرمانڕەوا لەسەری پێویستە هەڵبژاردن ئەنجام بدات. ئەم یاسایانە عەقڵی مرۆڤ بنەڕەتەکەیانە. پشت بەڕێساکە دەبەستێت کە ئەویش حوکم بۆ خوایە و ئەویش شورایە و لقەکانیش بۆ عەقڵی مرۆڤ وازیان لێهێنراوە، وازی لێهێنراوە بۆ قیاس و ئیستصلاح و ئیستحسان، قوتابخانەی ئوصوڵی ئیسلامی –مەبەستم لە ئوصوڵییەت ئەوەیە، کە گرنگی بەئوصولی فیقهـ دەدات- هەر وەک چۆن ئەو ئوصولانە لەلایەن زانایانەوە لێکدراوەتەوە، سەرەتا ئیمامی شافیعی چەندانی تر، تا دەگاتە ڕۆژگاری ئیستامان کۆتا کەسیش کتێبی فیقهی نووسیبێت ئیمامی شاتبییە لە کتێبی (الموافقات)دا، ئەوانە نووسیوویانە و فراوانیان کردووە، هەر ئەوەش حوکمی ڕاست و درووستە، بەڵام مەودودی کاتێ باسی حاکمییەت دەکات دەیەوێت بە ئینگلیزەکان لەوێ بڵێت: ئێوە هیچ پەیوەندییەکتان بەحوکمڕانییەوە نییە، حوکم تەنها بۆ ئیسلامە، جا هەندێک کەس هاتن و ئەمەیان گواستەوە بۆ ئێمە بەبێ ئەوەی ئاشنای ئەو ژینگەی ئەوێ ببن بزانن لەچ ڕەوشێکدا نووسراوە، لای من ئیسلام ئاینی دەوڵەتە کەواتە بۆ دەقەکانی دەگەڕێمەوە، هەروەها بۆ جێبەجێکردنەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و بۆ شەرعزانانیش.

ئوصولی فیقهـ لای ئێمە سەرمایەیەکی ڕەسەنە و پێویستە فیقهـ لەزانایان و ئیمامەکانییەوە وەربگیرێت، بەلام ئەوانەی لەم سەردەمانەی دواییدا

نووسیوویانە ئەوا ناتوانم بڵێم ئیمامی مزگەوتێک لەعەتەبەی خەزرا نوێنەری ئیمام ئەبو حەنیفەیەو بڵێت من حەنەفیم لەبەر ئەوەی کتێبێکی لەفیقهی حەنەفیدا خوێندووەتەوە... کتێبە گەورەکان کە دایکی مەزهەبەکانن کە فیقهی ئیمامەکەو ڕێگاکەی لەیاسادانان بناغەیەکە و لێی وەردەگرین، بەڵام حاکمیەت بۆ خوایە، مەبەست لەبۆ خوایە چییە؟ پیش ئەوەش کەسانێکی تر وتوویانەو مەبەستیان لێی نارەزایەتی بووە لەخەلیفەی ڕاشیدین عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب لەوەی کە ئەو قبووڵی کردووە خەڵکانێک ببنە حەکەم لەهەندێ کاروباردا، خوای گەورە ڕێگەی داوە لەناکۆکی نێوان ژن و مێرددا حەکەمێک لەملاو حەکەمێک لەولا بهێنین، باشە ئیتر چ ڕێگرێک هەیە دوو حەکەم هەبێت و بۆچوونی خۆیان بڵێن... حاکمیەتیش هەر بۆ خوایە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** بەهەرحاڵ هێشتا ئێمە لەبەردەم بەشێکی تردایین، هیوادارم لەقۆناغی داهاتوودا تێبپەڕێنین، سوپاس بۆ بەڕێزتان و خوای گەورە تەمەن درێژتان بکات.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** بڕوادارانی بەڕێز گفتوگۆکە قووڵ وبەرهەمدار بوو، وەک هەمیشە مامۆستای پایەبەرز شێخ محەمەد غەزالی زانیاریی زۆری بەخشی، باسمان لەڕەوتە ئیسلامییەکان و فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) سەبارەت بە تەفرەقەی ئوممەت کرد، وەک دەستپێکێک بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕەوت و بزووتنەوانە.

لەکۆتایی ئەم ئەڵقەیەشدا سوپاس و پێزانینی زۆرمان بۆ مامۆستا فەهمی هوەیدی.

# ئەڵقەی دووەم

**د. محەمەد کەمال ئیمام:**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەڕێزان بڕوادارانی ئازیز، سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت، گفتوگۆکەمان لەگەڵ زانای پایەبەرز شێخ محەمەد غەزالی بەردەوامە، ئەو یادەوەری و بۆچوون و تێڕوانینانەی لەماوەی ژیانیدا لەگۆڕەپانی ئیسلامییدا خستوونیەتە ڕوو، زۆر و قووڵ و دەوڵەمەندە، لەئەڵقەی ڕابوردوودا باسمان لەبیروڕاکانی سەبارەت بەڕەوتە ئیسلامییەکان و بۆچوونی ڕەخنەگرانەی بۆ تێڕوانینەکانی ئەو ڕەوتانە کرد، لەم ئەڵقەیەدا درێژە بەهەمان بابەت دەدەین، لەم گفتوگۆ قووڵ و بەرهەمدارەدا باس لەڕەوتە جیاوازەکان دەکەین، گفتوگۆکاری ئەم ئەڵقەیش نووسەری ناسراوی ئیسلامی فەهمی هوەیدییە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** پاش ئەو باسانەی لە ئەڵقەی ڕابردوودا تایبەت بەزەمینە و پاشینەی ئەو کۆمەڵە ئیسلامییانەی لەگۆڕەپانەکەدا بوونیان هەیە خرانەڕوو، وا دەزانم بەڕێزتان هاوڕای منیت، کە جەمعیەی شەرعی خاوەن پێگەیەکی تایبەت بوو لەگۆڕەپانەکەدا، جا نازانم بەڕێزتان هیچ ئەزموون و هەڵسەنگاندنێکتان بۆ ئەو پرۆژەیە هەیە یان نا؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** دەتوانم بڵێم: من ئەو کاتەی قوتابی بووم، پەیوەندیم بە جەمعیەی شەرعییەوە کرد، هەرچەندە لەکۆمەڵەی ئیخواندا ئەندام بووم لەبەشی کۆلێژی ئوصولی دین، نوێژی بەیانیم لە مزگەوتی جەمعیەی شەرعی لەشبرا دەکرد، پێم خۆشبوو لەو مزگەوتە نوێژ بکەم، یەکەم چونکە نزیکترین مزگەوت بوو لەشوێنی نیشتەجێبوونمەوە، دووەم نوێژی بەیانی تێیدا درێژ بوو، جەمعیەی شەرعی بە ڕێکوپێکیی ئەنجامدانی نوێژەکان جیا دەکرانەوە، لەوانەیە زیادەڕەوییان کردبێت لە ڕێکوپێکیی نوێژکردنیاندا، تەنانەت جارێکیان لەیەکێک لە مزگەوتەکانی جەمعیە فریودرام، کاتێک لەمیسری کۆن بووم، بۆ

نوێژی نیوەڕۆ چوومە ئەو مزگەوتە، لەهەموو ڕکوع و کڕنووشێکدا نزیکەی بیست (سبحان اللـه)م ژمارد، ئەمە وای لێکردم تۆبە بکەم و جارێکی تر نەچمەوە بۆ ئەو مزگەوتە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کاتەی قوتابی بووم بەزۆری نوێژی بەیانیم لەمزگەوتی (حافظیة) دەکرد لە شبرا، قورئانخوێنێک هەبوو، لەوانەیە پاککەرەوەی ڕێگا بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا قورئانی لەبەربوو، خوێندنەوەیەکی بەسۆز و دەنگێکی خۆش وکاریگەری هەبوو، منیش ئەو کاتەی قوتابیی کۆلێژ بووم، پێمخۆشبوو لەپشتییەوە نوێژ بکەم، لەنێو ریزی نوێژخوێناندا هەوڵم دەدا دەرنەکەوم، بەڵام زانرا کە من لەو مزگەوتە نوێژ دەکەم. پاشان ئەو پەیوەندییە درێژەی هەبوو، هەستم دەکرد، کە جەمعییە شایانی ئەوەیە بەهای بەرزی بۆ دابنرێت و ڕێز لەکاریان بگیرێت.

پەیوەندیم بەشێخ ئەمین خەتابەوە کرد، کە سەرۆکی جەمعیەکە بوو، پیاوێکی چاو بەگریان بوو، کاتێک لەکۆلێژی ئوصولی ئایین وانەی پێدەوتین، زۆرجار گریان بەسەریدا زاڵ دەبوو، چونکە خواپەرستێکی بەدڵ ملکەچ بوو، خەمبار بوو بۆ حاڵی مسوڵمانان، پەروەردکارێکی باش بوو، من کاتێک قوتابی بووم، هەندێک جار بەهەندێ شت گاڵتەم لەگەڵ دەکرد بەڵکو دڵخۆشی بکات، جارێکیان پێم وت پرتەقاڵ ناوکەکەی دەخورێت یان نا؟! وەک جۆرێک لەگاڵتەو گەپ، بە تەقواو لەسەرخۆیی و دەنگێکی کزەوە پێدەکەنی و لەخوا دەپاڕایەوە بۆم. لەوان و هاوڕێیانی تریشدا تێبینی ئەوەم کرد، لەو دەستوورەدا، کە بۆ خۆیان نووسیبوو، بڕیاریان داوە لەسیاسەت دووربکەونەوە، کۆمەڵەکەشیان ناو نابوو (الجمعية الشرعية للعاملين بالكتاب والسنة المحمدية)، بە دەق لە پێڕەوی ناوخۆیاندا نوسسیبوویان، کە دوور بن لە سیاسەت، تێبینیی ئەوەشم کردبوو، کە ئەم دەقە وەختە لە جەمعیەی شەرعی و ئەنصارولسوننە و جەماعەی تەبلیغدا ڕەنگ بداتەوە.

لە ڕاستیدا ئوممەتی ئیسلامی لەپاش ڕوخانی خەلافەت و لەدوای ئەوەی شارستانێتی ڕۆژئاوا بە حەفتا بەش لە بوارەکانی ژیانی گشتیدا هێرشی هێنا، پەیوەندییەکانی ئومەتی ئیسلامی پچڕابوو، وای لێهاتبوو تاک و کۆمەڵەکان بە نیمچە تەنهایی دەژیان، هەر کۆمەڵە و دەیویست دەست بەشتێکی ئیسلامەوە

بگرێت، کە لەتوانایدا بێت دەست بگرێت پێیەوە، بەڵام ئەوەی لەتوانایدا نییە، یان دەستەوسانە، یان ترسی لەبەشداری کردنی گێلانەی تییدا هەیە، ئەوا لێی دوور دەکەوێتەوە، وەک ئەوەی بیەوێت ژیان بۆ ئەو بەشەی ئیسلام دابین بکات و هیچی دیکە نا. جا نازانم بە ئومێد بوون ناتەواوییەکان تەواو بکرێت، یان تەنها ئەوەندە بەسەو کارەکە بەوە کۆتایی دێت؟ بەهەرحاڵ تێبینی ئەوەم کرد ئەو ناتەواوییە وایکردبوو ڕەفتاری ئەو کۆمەڵەیە شتێک لە هەڵەی زانستی و هەڵەی ڕەفتاریی تێدا بێت.

ئەگەر ئیسلام حەفتا و هەندێ بەش بێت، ئەوا درێژەدان بەهەندێ بەش لەو حەفتا بەشە، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەروونی و ئاکاریی لەکیانی کەسێکدا، وا دەکات بۆشایی و شڵەژانێک لەو ڕەفتارەو لەو تێگەیشتنەیدا بۆ ئیسلام درووست بێت، پاشان ئەوانەی ئەو شتانەی پێیەوە سەرقاڵن گەورەیان کردو ئەوەی وازیان لێ هێنابوو بەکەم سەیریان کرد، ئەمەش مەترسیدارە، لە ئەنجامی ئەوە ئەو کۆمەڵەیە کەم بووەوە و زۆرکەس لێیان دوور دەکەوتنەوە یان دەربازبوونی دونیا و قیامەتیان تێدا نە دەبینی، ڕێگای کۆمەڵەکە دیاربوو، بە شتێک لەزیادەڕەویی دەستی پێکرد، تەنانەت با ڕیش و شۆڕبوونەوەی بەشێکی عەممامە بەسەر شانی مسوڵماندا ئاماژەیەکی ئیسلامیی بێت، سەیر ئەوەیە ئایینێک هەموو نیشانەکانی دونیا و گشت نیشانەکانی قیامەتیشی لەخۆ گرتبێت، کارەکەی بگاتە پۆشاکێک و عەمامەیەک و مووی ڕوخسار بەتەنها، ئەوانە ڕووکاری درووست و نیشانەیەکی دیارن، بەڵام گرنگییەکی زۆر بەوانە درا، بەجۆرێک چەندین حەقیقەت ونبوون، کە دەبوایە لەئایندەدا دەربکەون.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** وا نابینیت لەچوارچێوەی ئەوەی، کە دەکرێت ناوی فرەیی لەکاری ئیسلامیدا لێ بنێین هچی تێدا نییە یەکێک لەکۆمەڵەکان پەیامی خۆی بگەیەنێت، جەمعیەی شەرعیەت لەدەروازەی مزگەوتەکاندا وەستاو بەرگری لەمزگەوت و وتاربێژان کردو، ڕۆڵی هەبوو لە پێگەیاندنیاندا.

**شێخ محەمەد غەزالی:** گرنگترین شت لای ئەوان بەگژداچوونەوەی بیدعە بوو لەپەرستشەکاندا.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** بەڕێزتان پێتانوایە خاڵی جیاواز، یان بەیەکگەیشتنیان هەبوو لەگەڵ کۆمەڵەی ئیخواندا؟

**شێخ محەمەد غەزالی:**

هەیە، تێبینی ئەوەم کرد مامۆستا بەننا لە نوێژکردنیدا بە وردی وەک جەمعیەی شەرعییەت دەیکرد، لەسەر ئەو سوننەتانە مکوڕ بوو، کە هەندێ لە مزگەوتە گشتییەکان لەیادیان چووە، لەوانەیە ئەو نوێژانەی لەمزگەوتەکانی تر کە سێ خولەیەکی دەخایاند و جۆرێک لەخێرایی تێدا بوو، لە پیرۆزی نوێژی کەم کردبێتەوە، چونکە نوێژ میعراجێکە و بڕوادار لە ڕێیەوە بۆ موناجاتی پەروەردگاری بەرز دەبێتەوە، بەڵام مامۆستا بەننا لەپاڵ سەرقاڵبوونییەوە بە سیاسەتی ئیسلامی و فێرکردنی ئیسلامی و پەروەردەی ئایینی و مامەڵەی ئابووری و بازرگانی لە کۆمەڵەی ئیخواندا، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، سووربوو لەسەر نوێژەکانی، یان پێشنوێژی دەکرد، وا دەزانم نوێژم لەپشتییەوە کردووە، بۆ نموونە سورەتی ئەنبیائی خوێندووە، لەپاڵ ئەوەدا گەرم بوو لەگەڵ ئەوانەی لەجەمعیەی شەرعیەتەوە هاتبوونە ڕیزەکانی ئیخوان، وەک سەید سابق، کاروباری پەرستشەکانی پێ سپاردبوو، سەید سابق لە جەمعیەی شەرعیەتدا لە دانەرانی کتێبی (الدین الخالص)بوو، یاریدەدەر بوو لەڕێکخستن و پێکهێنانیدا، هەر ئەوەش بناغەی کتێبەکەی (فقه السنة) بوو، کە بەجۆرێک فراوانبوو هەتا گەیشتە ئەوەی هەموو ڕووەکانی فیقهی ئیسلامی لەخۆ گرت و لە باشترین کتێبەکانە و لەوانەیە باشتر و وردتر بێت لە کتێبەکەی صەنعانی (سبل السلام)، یان کتێبەکەی شەوکانی، هەریەکەیان سوود و جیاوازی خۆی هەبوو.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:**

وا دەزانم مامۆستا خالید محەمەد خالیدیش لەجەمعیەی شەرعیەتدا بوو.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ لەجەمعیەی شەرعیەتدا بوو، هەتا ئێستاش لەپێش چاومە بەعەباکەیەوە دەڕۆشت، کەسێکی پارێزکار و زۆر سۆزدار بوو، هەندێک جار ڕەخنەی لە مامۆستایان لە جەمعیە دەگرت، ئەگەر دەوڵەمەند بوونایە و دەیووت: ئەی ئێوە نین ڕامان دەسپێرن واز لەدونیا بهێنین، خۆتان لە کوێی ئەمەدان؟.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** لەگۆشەی بزوتنەوەی ئیخوان و جەمعیەی شەرعیەتەوە، ئەو تێڕوانینەی لە مێشکی مامۆستا بەنّنادا هەبووە، بۆچوونێکە بەسەر گۆڕەپانێکی فراواندا دەڕوانێ، لەکاتێکدا جەمعیەتی شەرعیەت تێڕوانینیان بەسەر کەلێنێکدا دەڕوانێت، ئایا ئەمە زۆر جیاوازە لەمەنهەجی جەماعەتی ئەنصارولسوننە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** جەماعەی ئەنصارولسوننەی موحەممەدی لە قاهیرە، یان لە پایتەختەکانی تری وڵاتانی ئیسلامی درێژەوەبووی جووڵانەوەکەی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب بوون، کە لە نیوەدورگەی عەرەبیدا سەری هەڵدا، بنچینەی جووڵانەوەکەش پاکژکردنەوەی عەقیدەی تەوحید بوو لەو شتانەی تێکەڵی کرابوو، دەوارنشینان وایان دانابوو – بەدەربڕینی وەهابیەکان- گۆڕ بپەرستن بە پیرۆز سەیری بکەن، یاخود گیرابوونی دوعاکانیان لە مردووی ئەو گۆڕانە بخوازن، گومانی تێدا نییە ئەمە هەڵەیە، مافی شوێنکەوتووانی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب و جگە لەوانیش بوو بەگژ ئەو دیاردەیەدا بچن، چونکە ئیسلام داوا لەهەموو مسوڵمانان دەکات تەنها لەخوای گەورە بپاڕێنەوە و تەنها لەویش چاوەڕوانی گیرابوون بکەن.

تێبینی ئەوەم کردبوو ئەنصارولسوننەکان پەیوەستبوونێکی زیاد لە پێویستیان تێدا بوو، بەرانبەر کەسانی تریش توندییەکیان هەبوو، بەبێ گوێدانە جیاوازی نێوان وڵاتەکان بەهەمان شێوە چارەسەرەکانیان دەگواستەوە، لەیادمە ئەو کاتەی بەڕێوەبەری مزگەوتەکان بووم، چووم بۆ سەردانی مزگەوتی حسین – دەشچوومە مزگەوتی سەید بەدەوی لەتەنتا- جا کەسێک بینیمی، کە دەیزانی من لەکەسانی یەکتاپەرستم و کتێبەکانم لەبابەتی عەقیدەدا

پـڕه لـەوەی ئاراسـتەی دڵـەکان بـەرەو لای خـوای گـەورە بکـات و هـەر خواروخێچییـەکی دیکـە ڕەتدەکاتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەدا پێـی وتـم: تـۆ بـۆلای بت دەچیت، پێم وت: مەبەستت چ بتێکە؟ وتـی: حسـین، پێم وت: بـرام ئایا ئـەدەبی قسەکردن نازانن، حسین نەوەی پێغەمبـەری خوایـە (دروودی خـوای لەسـەر)، نابێت ناوی بتی لێ بنرێت، پاشان ئەو کەسانەی بۆ ئەنجامدانی نوێژ دەچنە ئەو مزگەوتە لە دە کەسیان نۆیان یان هەر دەیان بیریان لەوە نەکردووەتەوە، کـە حسـین بپەرسـتن، یـان داوای لـێ بکـەن، بـەڵکو بـەهۆی ئـەوەوە لـەخوا دەپاڕێنـەوە، ئـەو تەوەسـول یـان پاڕانەوەیـەش جیـاڕایی فیقهـی لەسـەرە، کـە درووسـتە یـان نـا؟ قسـەکردن لەسـەر ئەمـە درێـژە دەکێشـێت و بونیاتنـانی عەقیدەش لەسـەر پەیوەندییـەکی پـاک بـەخوای گـەورەوە بـەو زیادەڕۆییـە و دەربڕینە توندە نابێت.

ئەمـە سـەبارەت بەعەقیـدە، بـەڵام لـەبارەی پەرستشـەکانەوە ئـەوەی لەجەمعیـەتی شـەرعییەت زانـراوە ئەوەیە، بەئیتقانـەوە پەرستشـەکانیان ئـەنجام دەدا، جیاوازی نێوانیان ئەوە بوو جەمعیـەی شـەرعی ڕێزی چوار ئیمامەکـەیان دەگـرت و بۆچوونـەکانیان وەردەگـرت و تـەرجیحیان دەدا، خاوەنەکـەی مـافی تەرجیحـدانی بـەخۆی داوە و ئەمـەش مـافی خۆیـەتی و نکـوڵی لـێ ناکـەین. لـە کاتێکـدا ئـەو پیـاوێکی زانـا بـوو، بـەڵام ئەنصارولسـوننە مەزهەبـەکانیان وەک هاوشێوەی گرووپەکان (فرق) سەیر دەکرد، بەجۆرێ کـە خەریکـە لـە گومڕایی نزیک بن، ئەگەرچی ئەمەیان بەڕاشکاوانە نەدەوت، دەیانوت: ئێمە شـوێنکەوتەی مەزهـەبێک نـین، بـەڵکو ڕاسـتەوخۆ لەسـوننەوە وەردەگـرین، کـاتێ ڕاسـتەوخۆ لەسونەوە وەریان دەگرت بەڕاستی ئەوان شوێنکەوتەی مەزهەبی ئیبن حەنبەل بـوون، ئـەویش لەئـەهلی حەدیسـەوە نزیکتـرە لـەوەی لەفیقهـەوە نزیکتـر بێـت. ئەگەر کەمێک لێی دوور بکەوتنایەتـەوە ئـەوا دەچـوون بۆ لای مەزهـەبێکی تـر. زۆر بەکـەمی باوەڕیـان بەمەزهـەبێک هـەبوو دووربێـت لـەچوار مەزهەبەکـە، مەگەر شوێن ئیبن تەیمیە کەوتبان، لەگەڵ ئەوەشدا من وای دەبینم سـەبارەت بە ئیبن تەیمیە لە بابەتی خێزانیدا ئەو تەڵاقی بیدعـە ڕەت دەکاتـەوە و ڕەفتـاری

چاکی لەفیقهدا هەیە، کە ئەوان ئەو ڕەفتارانەی ڕەت دەکەنەوەو شوێنی ئین حەنبەل دەکەون لەتوندییە کۆنەکەیدا.

لەلایەنی ئوصولْ و فروعەوە ئەو بۆچوونەی ئیخوان لەسەری جێگیر بوون هاوسەنگترینی بۆچوونەکان بوو، لەلایەنی ئوصولەوە پێویستە ڕێزی مەزهەبی پێشین (سەلەف) بگرین و ڕێز بۆ مەزهەبی پاشین (خەلەف) دابنێین، چونکە من وای دەبینم، هەریەکەیان ئاراستەی خۆی هەیە و هەریەکەیان نیەتێکی هەیە لە پاکزانین(تنزیە)ی خوادا.

گریمان ئێمە گوێمان لە فەرموودەیەک بوو لە هەردوو صەحیحەکە و سونەنەکان و جگە لەوان، لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرمووێت: ((ینزل ربنا تبارک وتعالی إلی السماء الدنیا حین یبقی ثلث اللیل الاخر، فیقول: من یدعوني فأستجیب لە، من یسألني فأعطیە، من یستغفرني فأغفر لە)). ئیبن ماجە ئەمەی بۆ زیاد کردووە: ((حتی یطلع الفجر)). بەهۆی ئەوەوە نوێژی کۆتایی شەویان لەسەرەتای شەو لا خۆشتر بوو، لەگێڕانەوەی موسلیمدا: ((أن اللە یمهل حتی إذا ذهب ثلث اللیل االاول نزل إلی السماء الدنیا فیقول: هل من مستغفر؟ هل من تائب؟ هل من سائل؟ هل من داع؟ حتی ینفجر الفجر)). لەگێڕانەوەیەکیشدا: ((حتی إذا مضی شطر اللیل أو ثلثاە، ینزل اللە تبارک وتعالی إلی سماء الدنیا فیقول: هل من سائل فیعطی؟ هل من داع فیستجاب لە؟ هل من مستغفر یغفر لە؟ حتی ینفجر الصبح)). سەلەف سەبارەت بەم فەرموودەیە بۆچوونیان وایە، کە دادەبەزێت بۆ ئاسمانی دونیا دابەزینێک، کە هاوشێوەی جەستەی ماددیی نییە، خەلەف دێن و دەڵێن ئەدرەوشێتەوە، ئەمە تەفسیری دابەزینەکەیە، کە هاوشێوەی جەستەی ماددیی نییە، هەموو ئەوەی هەیە ئەوەیە، کە خەلەف ئەوە ڕەت بکەنەوە شوێنێکی بەجێهێشتووەو چووەتە شوێنێکی تر وەک هەر شتێکی ماددی جووڵاو، چونکە ئەو پەروەردگاری هەموو شوێن و کاتەکانە، ئەوانەی دەستیان گرت بەتێگەیشتنەی خەلەفەوە بەهەڵەداچوون، ئەوانەشی ئەو ڕووکارێتییەی بەرجەستەکردنیان وەرگرت هەڵەیان کردووە. مافی زانایانی خەلەفە وا تەفسیری بکەن. تەفسیرەکە لێرەدا تەئویلێکی مەکروهـ نییە بەڵکو

کارێکەو دەبێت بکرێت، لەمبارەیەوە لەزۆر کتێبدا بینیوومە کاتێ خوای گەورە سەبارەت بەکەسێک لەسەرەمەرگدایە و خەڵک لەدەوروبەرینی دەفەرموێت: ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَكِن لَّا تُبْصِرُونَ (٨٥) فَلَوْلَا إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ (٨٦) تَرْجِعُونَهَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ [الواقعة: ٨٥-٨٧]، خوای گەورە دەفەرمووێت: ئێمە بە فریشتەکانمان نزیکترین، نزیکبوون لێرەدا ڕەهایە، نزیکی لێرەدا چونکە عەقڵم ماددییە یان بیرکردنەوەم ماددییە، وا دێتەبەرچاو کەخوای گەورە جەستەیەکی نزیکە، ئەمە هەڵەیە، ئەو لەدەماری بناگوێ (حبل الورید) نزیکترە لێمان، چۆن؟ سەلەف دەڵێن بەفریشتەکانی، خەلەفیش دەڵێن بەبیستن و بینین و زانین و ئاگاداربوونی و جگە لەوانە.

وا دەزانم، ئەوانەی دەیانەوێت پەرتەوازەیی ئوممەت بکەنە حەقیقەت بەم ناکۆکیانە، لەکاتێکدا ئەمانە لەپەراوێزی عەقیدەدان و عەقیدەیی نین، بەڵکو تەفسیرن بۆ عەقیدە، تا ئەوکاتەی مەبەست بەرزڕاگرتنی خوای گەورە و دوورکەوتنەوە لەئاراستەی ئایینە کۆنەکانە بەوێناکردن (تجسیم)، ئەوا ئێمە بەوە لەڕاستییەوە نزیکین و ئەو بەرەنگاربوونەوە توندە لەنێوان سەلەف و خەلەفدا نابێت.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** ئایا زاراوەی سەلەف و خەلەف پێویستیان بەڕێککاری هەیە؟ چونکە چوارچێوەی هەردوو زاراوەکە وا فراوان بووە زۆرکەس دەگرێتە خۆی.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەوە هەڵەیەکی باوە، زۆرێک لەو کەسانەی لەئێستادا ناوی سەلەفی لەخۆیان دەنێن، ئەوانە ئەو سەلەفە نین، کە لەفیقهی ئیسلامی و مێژووی ئیسلامیدا بەزاراوەی سەلەف مەبەستن. سەلەف لەمێژووی ئیسلامیدا و لەسوننەدا هاوەڵانی پێغەمبەری خوان (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ ئەوانەی لەپاش هاوەڵان شوێنکەوتەی پێغەمبەر بوون، لەگەڵ ئەمانەدا شوێنکەوتەی شوێنکەوتووانیش دەگرێتەوە، ئەوانەی لەسەرچاوەکەیەوە لەنورەکە نزیک بوونەوە، لە ڕاستیدا تێبینی ئەوەم کردووە، ئەوانەی

لەژیاننامەی پێغەمبەر نزیک دەبنەوە، هەتا لە چاوپیاخشاندن و لە خوێندنەوە سوننەتەکاندا، ڕۆحیان پەیوەستی شتێک لە جوانی و ناسکی و ویژدان پاکی دەبێت، چونکە ئەو کەسایەتییە بەهێزە هەندێک لەهێزەکەی بەخشیووەتە شوێنەوارەکانی، ئەوانەشی بەدوای خەیردا دەگەڕێن لە خوێندنەوەی سیرەدا بەدوایدا دەگەڕێن، هەندێک جار مۆسیقایەکی غەمناک دەبیستیت غەمبار دەبیت، دەروونە بەهێزەکان ئەو کاریگەرییەیان هەیە، ئەوانەی لە پەیامەکە نزیک بوون هاوەڵێتییان کرد و لێی نزیکبوونەوەو دەورەیاندا و خەریکبوو بۆ ئاستی نزیک لەو بەرز ببنەوە، لێیەوە فێر بوون و وەک هاوشێوەی ئەویان لێهات، لەبەر ئەوە لەگێڕانەوەیەکی تورمزیدا هاتووە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: ((خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم ثم يجيء قوم يتسمنون يحبون السمن يعطون الشهادة قبل أن يسألوها))[١]، (صححه الالباني في صحيح الجامع)، مەبەست لە (قرون): خەڵکی سەردەمەکەن، ئەوانەی هاوسەردەمی بوون.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:**

هەیە بابەتەکە بەپێوەری کات دادەنێت نەک سەدەکان.

**شێخ محەمەد غەزالی:**

نەخێر، خەڵکانی سەردەمەکەین، لە ڕاستیدا زۆرینەیان، حوکمەکە زۆرینە دەگرێتەوە نەک هەموویان، کەواتە ئەوان زۆرینەیەکی مەزن بوون، لەبەر ئەوە لەزانستی (الجرح والتعديل)دا ئەگەر صەحابی نەناسراو بوو، ئەوا ترسێک لەسەنەدەکەی درووست ناکات، چونکە هاوەڵان هەموویان ڕاستگۆن، خاتوو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە، کە نازانێت ئایا بۆ نموونە لەخەدیجەوە وەریگرتووە، لێرەدا ڕاوی نەزانراوە بەڵام هاوەڵە، هاوڵانیش هەموویان ڕاستگۆن، چونکە ئاستی عەقڵییان بە یەقینەکە گەورەترە لەئاستی ئەوانەی پاش ئەمان دێن. ((رب حامل فقه إلى من هو أفقه منه))، ((بلغوا عني رب مبلغ أوعى من سامع)) لەوانەیە لەنێو ئەوانەدا، کە گوێبیستی

---

[١] رواه أحمد في مسنده.

دەبن، کەسانێک هەبێت عەقڵی پێشکەوتر بێت لەهاوەڵان، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە کۆمەڵی هاوەڵان کەمترن لەکۆمەڵی تابعین و بەو جۆرە.

بەڵام ئەوانەی بانگەشەی سەلەفییەت دەکەن لەم سەردەمەدا، ئەوانە کۆمەڵە گەنجێکن هیچ پەیوەندییەکیان بەو زاراوەیەوە نییە، بەڵکو خۆیان بەوان دەچوێنن، بریا خۆیان بە عەقیدەو ڕەوشت و بنەماکان و مامەڵەکان بچواندایە، بەڵام وا گومانیان برد تەنها عەبایەکی سپی و هەندێ لەحوکمەکان بەسە، لەکاتێکدا ئەوان لە ڕاستیدا لەکاتی هەڵسەنگاندنیاندا دەردەکەوێت ئەمانە زیادەڕۆکارانی حەنبلەین.

سەلەفیەکانی ئێستا حەنبەلییە توندڕەوەکانن، توندڕەوانی حەنبەلی کۆمەڵێکن وا ناسراون لەڕووی عەقیدەوە ڕووکەشن و دەمارگیریان هەیە بۆ ئەو ڕووکەشایەتییە و لە فروعەکاندا واناسراون کەشوێنکەوتەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلن و لەشوێنکەوتن و بەرەنگاربوونەوەی کەسانی تردا زۆر توندڕەون، لە (تأريخ بغداد) باسیان کراوە کە هەندێک جار بەردبارانی شوێنکەوتەی مەزهەبەکانی تریان کردووە، بۆ نموونە لەسەر ئەوەی وتوویانە لەنوێژی بەیانیدا قنوت هەیە، وەک شافیعی و مالیکییەکان، هەرچەندە شافیعییەکان لەوکاتەدا زۆرینە بوون لەبەغداد، بەڵام حەنبلییەکان مزگەوتەکانیان بەرباران دەکردن، چونکە ڕقیان لەقنوتە لەنوێژی بەیانیدا، ئەوانە بەداخەوە هەمان ئەو کەسانەن ئێستا دەژین و دەیانەوێت بیروبۆچوون و تێڕوانینە تەسکەکانیان بگوازنەوە، تا ئەوە ببێتە سەلەفیەت بەوەش لەدژی ئەوانەی تر شەڕی لەدژ بکرێت، لەوانەیە ئەمە مەترسیدارترین ئاشووب بێت کە تووشی ڕەوتی ئیسلامی بووە لەم سەردەمەماندا، بەڵکو گومان دەکەم، خوای گەورە زاناترە، ئەو نسکۆیانەی تووشی بزووتنەوەی ئیسلامی بووە هۆکارەکەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕەوتە سەلەفییە و ئەو نەفامی و کورتبینیانەی دەوریانە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** ئەمە سەبارەت بە سەلەف، ئەی مەبەست لە خەلەف چییە تا بەچاکی لێی تێبگەین؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** خەلەف خەڵکانی ئەو سەردەمانەن، کە پاش ئەوان هاتن، ئەمانە لەسەدەی سێهەم و چوارەم و پێنجەمدا زۆربوون، هەموومان بەخەلەف دەژمێردرێین، (الاخلاف) کۆی وشەی (خَلَف)خەلەف مەبەست لێی خەڵکانێکی باشە، بەڵام (الخَلف) ئەوانە خراپەکارانن: ﴿فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا﴾ [مريم: ٥٩] خوای گەورە لە پێڕی خەلەفە چاکەکانمان دابنێت.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** لێرەدا بەڕێزتان جەماعەی تەبلیغ لەکوێی ئەم نەخشەیەدا دانێنن؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەخوا من پاساوی زۆر بۆ هەڵەی خەڵکی دەهێنمەوە، ئەگەر نیەتیان باش بوو، جەماعەی تەبلیغیش لەهیندستان دەستی پێکرد، لەوانەیە تەبلیغ لەوەوە وەرگیرابێت، کە هیندستان پێویستی بە بەلاغ هەبووبێت.

هیندییەکان لەئێستادا ژمارەیان لە نۆسەد ملیۆن نزیک دەبێتەوە، نزیکەی سەد ملیۆن کەسیان لەناو خودی هیندستاندا مسوڵمانن، خۆ ئەگەر پاکستانی و بەنگالییەکانیشمان خستە پاڵیان، ئەوا لەوانەیە ببنە یەک لەسەر سێی دانیشتووانی کیشوەرەکە، هەندێک جار دێت بەخەیاڵمدا، ئەو دابەشکارییەی پاش داگیرکاریی ئینگلیز درووست بوو دابەشکارییەکی سیاسییە، چونکە ئەگەر مسوڵمانەکان کە لەهیندستانی گەورە لەدورگەکەدا سێ یەکی دانیشتووان دەبوون، ئەوا حاڵەتی ئیسلام باشتر دەبوو، بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو (محەمەد عەلی جەناح) توندڕەو بوو لەوەدا، کە پێویستە مسوڵمانان لەهیندستانی گەورە جیا ببنەوە، من هەندێک جار دەپرسم کاتێ مسوڵمانانی پاکستان جیا بوونەوە، کە ئەو هەستەیان جێگای ڕێزە، چونکە بتپەرستان عەقڵێکی بۆگەنیان هەیەو ڕەفتاریان وەحشیگەرانەیە، لەوانەبوو زیانی گەورە

بەو مسوڵمانانە بگەیشتایە، بەڵام پاش جیابوونەوەیان چییان بەسەر ئیسلام هێنا؟ دەوڵەتێکی ئیسلامییان تەنها لەڕووکاردا دامەزراند، ئیدی لەئەحکام و پەرستشەکاندا ئیسلامی نەبوو، نیەتی چاک هەبوو بەڵام پێویستی بەوانەیە بیگوازنەوە بۆ کرداری چاک. لەم کەشەدا تەبلیغییەکان و جەماعەی مامۆستا ئەبو حەسەنی نەدوی کە لە باشترین کەسەکان بوو پەیدا بوون.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** جەماعەی تەبلیغ ئێستا لەوڵاتانی عەرەبی هەن.

**شێخ محەمەد غەزالی:** وا دەزانم دوو هۆکار هەبوون بۆ گوێزرانەوەی بۆ جیهانی عەرەبی، هۆکاری یەکەمیان: ئەو نەهامەتیانەی تووشی ئیسلامییەکان بوو لەنیشتمانەکەیاندا لەژێر ناوی ئیخوان یان ناوەکانی تردا. دووەمیان: هەبوونی ویست بۆ هەر شتێکی تازە هاتبێت لەشوێنەکانی ترەوە بەڵکو شتێکی تێدا بێت، ڕاستیەکەی ئەوەیە: ئیسلام لەوڵاتانی عەرەبیدا وێنە ڕێکەکەیەتی کە بەوجۆرە هاتووە، ناتوانم بڵێم کە مسوڵمانانی ناعەرەب –بەوەی هەندێکیان تێگەیشتن و زیرەکی بلیمەتیان هەیە- لەمسوڵمانانی عەرەب زیاتر لەئیسلام ئاگادار بن، هەتا ئێستاش ئیسلام لەقوتابخانە گەورەکانیدا لێرە ئەو ئیسلامە بێگەردەیە کە لەخاوەنی پەیامەکەو ئیسلامی یەکەم جارو خەلەفی دادپەروەرەوە هاتووە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** بەڕێزتان وای نابینن، کە ئەو بۆشاییەی لەگۆڕەپانی کاری ئیسلامیدا سەریهەڵدا، بەتایبەتی لە میسر، بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو بۆچوونانەی، کە زیادەڕۆییان تێدایە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** تەبلیغ لەدوورکەوتنەوە لەسیاسەتدا، هەمان خەسڵەتی جەمعیەی شەرعییەت و جەمعیەی ئەنصارولسونەیان تێدایە، چونکە لەدەستورەکەیاندا نووسیوویانە لەسیاسەت دوور بن، کەسانێک هەن لەدەروونەوە شکاون، وەک ئەوەی لەچاکسازی لەجیهانی ئیسلامیدا بێئومێد بووبن، تەنها بەوە وازیان هێنا دەروونی خۆیان چاک بکەنەوە، ئەمەش بەو واتایەی تەنها پەرستشەکانیان بەسە، لەبەر ئەوە دەستیان تەنها بە چیرۆکی

ڕاگەیاندنەوە گرت، بەو پێیەی چاککردنی دەروونەکانی تێدایە و پاشان بانگەوازکردن بۆی لەو سنوورەی دەیخوازن، چونکە بانگەوازە بۆ پەرستشەکان. بچۆ چاخانەیەک یان یانەیەک لەیانەکان و داوا لەو کەسانە بکە کە لەوێن بچن بۆ مزگەوت و نوێژەکانیان ئەنجام بدەن، ئەمە ڕاگەیاندن (تبلیغ)ە، خۆیان نەزر کردووە کە هەریەکەیان سێ ڕۆژ یان چل ڕۆژ بۆ ئەم بانگەوازە دەربچێت، لەوانەیە هەستم کردبێت، کە ئەم شێوازەی تەبلیغ پەیڕەوی دەکات گونجاو بێت بۆ هیندستان، چونکە هیندییەکان هەر وەک هەندێک خەڵک بۆیان باسکردووم شەقامەکانیان دابەش کردووە، لەبەر ئەوە دەکرێت کۆمەڵێک پەیدا ببێت و بچێت بۆ هەر جێگایەک تا تێیدا بخەوێت.

ئەوکاتەی بەڕێوەبەری مزگەوتەکان بووم، زانیم کۆمەڵێک لەوانە هاتوون بۆ فەیوم، بەپشکنەری مزگەوتەکانم وت: لێیان گەڕێن لەمزگەوت بخەون چونکە نیەتیان باشە. بەڵام نوێژ لە تەعالیمەکانی ئیسلامە و بەشێکی دیاریکراوە و هەموو شتێک نییە.

وتنی ئەوەی لە ئیسلامدا سیاسەت نییە، ئەم قسەیە پێویستی بە کەمێک بیرکردنەوە هەیە، لەوانەیە سیاسەتێکی کەسیی یان نێوخۆیی یان شوێنکەوتنی کەسێکی تێدا نەبێت، کە ئەندامانی حزبەکان پێویستە لێی تێبگەن، بەڵام سیاسەتی جیهانی وا پێویست دەکات، ئیسلام دەوڵەتێکی هەبێت تێکڕای ئەحکامەکانی پیادە بکات، دەبێت بەرەنگاری دوژمنانی خوا ببێتەوە، ئەوانەی کە دەیانەوێت خاکمان ئەتک بکەن، پێویستە لەڕووی ڕۆشنبیریی و یاسادانانەوە بۆ کۆمەڵگا ئامادەسازیی بکرێت، لەڕووی شارستانی و ئاوەدانکارییەوە، وەها ئامادەکاری بکرێت مسوڵمانان بتوانن پارێزگاری لە خاک و خۆیان بکەن، ئەمە پێویستە بکرێت، چونکە ئیسلام پەیامی گەردوون و ژیانە، بەو جۆرە، بەڵام ئەندام بم لە فلان، یاخود فیسار حزب ئەمەیان نەخێر.

بابەتە نێوخۆییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە ئیسلامەوە نییە، بەڵام بابەتە گشتییەکان ئیسلام بیروڕای خۆی هەیە لە سەریان، لەوانە یاسادانان هەمووی، ئیدی یاسادانانی کۆمەڵایەتی بێت، یان خێزانی یان سەربازی یان نێودەوڵەتی یان نێوخۆیی، هەموو ئەمانە دەبێت بزانین کە ئیسلام هێناونی.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** ئێستا کە گەیشتووینەتە ئەم خاڵە، ئایا بەڕێزتان وای نابینن ئەزموونی حزبی تەحریری ئیسلامی وەک پرۆژەیەکی سیاسیی، شایانی قسە لە سەر کردنە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا پەیوەندیم لەگەڵ چەند ئەندامێکی حزبی تەحریر هەبوو، یان ئەوان پەیوەندییان پێوە کردم.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** شێخ تەقییەدینی نەبهانی لەمیسر خوێندوویەتی و دەرچووی ئەزهەرە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئاشنایەتیم لەگەڵی کەم بوو، بەڵام زانایەکی بوێر بوو، هیچی تێدا نییە وەکو سەرکێشییەک هەندێک حوکم بڵێت، کە کەسانی تر نەیانوتووە، ئەو دەیەوێت حوکم بدات بە ڕاگرتنی هەموو شتەکان تا ئەوکاتەی دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێت، تا ئەو کاتەشی دەوڵەت دادەمەزرێت ئەندامەکانیان سەرقاڵن بە دامەزراندنی دەوڵەتەکەوە، ئەمەش پێچەوانەی کیانی ئیسلامی و پێچەوانەی شێوازی ئیسلامییە، چونکە ئیسلام سەرەتا بە تاک و دەوڵەت و کۆکردنەوە لە سەر خەیر دەستی پێکرد، پاشان دەوڵەتەکە دامەزرا، هەموو چاکسازیخوازانیش هەمان شتیان پەیڕەو کردووە، ئەوان وایدەبینن کە خراپەکاری لەسەرەوە دێت و دادەبەزێت بۆ خوارەوە، بەڵام چاکسازیی لەخوارەوە دەست پێدەکات و بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە، دەبێت خەڵک پەروەردە بکەیت و پشت بەو ڕای گشتییە ببەستێت، کە بەدەستی دێنیت و درووستی دەکەیت لە سەر پێڕاگەیاندن و لە سەر گەیشتن بە ئامرازەکانی دەسەڵات، هەتا ئەوەی دەیەوێت بیهێنێتە دی، بەڵام بێم و سەرەتا داوای دەسەڵات بکەم، بەچ ئامرازێک داوای بکەم، بەچ تاکێک پێی بگەم؟ هەندێک جار بە کەسانێکی فاسق، سەیرم کردووە هەندێکیان بە کەڵکی هیچ نایەن، لەوانەیە قسەی زۆر بکەن و توانای مشتومڕیان هەبێت، بەڵام ئیسلام سەرەتا و بناغەکەی پەرستشی پەروەرگارە، واتای پەرستشیش ئەوەیە ئەو کەسەی کەمتەرخەمی لە نوێژەکانیدا کرد لێی دڵنیا نابم، هەر کەس پشتبەستنی بەخوای گەورە لاواز بوو لێی دڵنیا نابم، هەرکەس سەرکەوتن بە پشتیوانیی خوای

گەورە لای بێ بەها بوو، ئەوا هیچ بەهایەکی نابێت لام، پەیوەندی بەخوای گەورە بنچینەکەیە.

جێگەی داخە، ڕۆشنبیریی ئیسلامی لای ئێمە لەگەڵ دابەشبوونی ئەو دەستەو گرووپانەدا، ئەویش دابەشبووە، هەریەکەیان وا گومانیان برد ئەوەی لایەتی بە تەنها ئەوە حەقە، ئەمەش ڕاست نییە، بەو واتایەی: پێویستە تەوەکولمان هەبێت، دەبێت سوپاسگوزاریمان هەبێت، پێویستمان بەئارامگرتن هەیە، دەبێت ترسمان هەبێت، دەبێت تکاکاریمان هەبێت، چونکە ڕێککردنی پایەی ئیحسان هەر وەک لە زانستی تەصەوفدا دەوترێت پێویستە لایەنەکانی فراوان بکرێت و خەڵک وا لێ بکرێت، بەو جۆرە خوای گەورە بپەرستن، وەک ئەوەی بیبینن، خۆ ئەگەر ئەوان نەیبینن، ئەوا ئەو دەیانبینێت، ئەمە شتێکی پێویستە، بەهۆی ئەوەی صۆفییەکان ڕۆدەچنە نێو ئەم لایەنەی ئیسلامەوە، پاشان زۆر زیادەڕۆیی تێدا دەکەن، یان ئالوودە ئەبن لەگەڵ زیکردا و دەیڵێنەوە، ئەمە شتێکی خراپە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** ئایا دەتوانین مەنهەجی حزبی تەحریر لەنێو ئەو قوتابخانە، یان مەنهەجانەی کودەتادا ئەژمار بکەین، کە بەدەسەڵات دەست پێدەکات پاش ئەوە بونیاتنانی کۆمەڵگا؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەم ڕووەوە بەڵێ وایە، بەڵام کودەتای سەربازیی مایەی چارەڕەشییە بۆ ئوممەت، چونکە هاوەڵانی، هەر وەک پێشبینیمان دەکرد، لەوانەیە بوێر بن، لەوانەیە هەندێکیان خۆبەختکار بن، بۆی هەیە هەندێکیان هەندێ بیروبۆچوونی باشیان هەبێت، بەڵام کاتێ دەسەڵات دەگرێتە دەست، ناتوانێ هیچی لێ بەرهەم بێنێت، چونکە کەرەستە و لایەنەکانی بوونی نییە، سەیر بکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) موعجیزەکەی لە پێڕاگەیاندندا دەبینرێت، بەڵام موعجیزەی هەرە گەورەی لە پەروەردەکردنی ئوممەتدایە، کاتێ خەڵکی بەجێهێشت لە ڕەفتار و کاردا وەک ئەو بوون، لەوانەی ئەوانی بۆ ئامادە کردبوو، لە کاتێکدا بۆ هەموو جیهانیان نێردرابوو، لە پاش مردنی کوا جیهانییان، لە کاتێکدا ئەو بۆ دوورگەی عەرەبی ڕەوانە

کرابوو، تەنها ئەوانیش باوەریان پێهێنابوو؟ خۆیان لەبەردەم جووڵانەوەیەکی هەڵگەڕانەوەدا بینییەوە خەریک بوو هەموو دوورگەی عەرەبی بگرێتەوە، ئەگەر ئەو پەروەردە ئایینی و قووڵبوونەوەیە نەبوایە لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، لەنێو ئەوانەی دەوروبەریدا، ئەوا ئەو کەسانە نەیاندەتوانی یەکبگرن و پاشان حوکمڕانییەکی ئیسلامی لە دوورگەی عەرەبیدا لەو جیهانەی ئەو ڕۆژگارەدا دابمەزرێنن، بەڵام سەبارەت بەکودەتا، لەوانەیە خەڵکانێک بتوانن کاروبارێک لەکاروبارەکان بگرنە دەست، چەند کودەتای سەربازیمان ئەزموون کردووە، بینیمان زیانی لەسوودی زیاترە.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** لە ڕووڕووبوونەوەی ئەزموونێک، کە لەم هەڵویستەوە دوور نییە، ئەویش ئەزموونی کۆمەڵەی جیهاد یان جەماعەی ئیسلامییە، نازانم چۆنی دەبینن؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** کۆمەڵەکانی جیهاد ئەو کۆمەڵانەن پاش ئەو لێدانە کوشندەی بەر کۆمەڵەی ئیخوان کەوت دامەزران، ئەم کۆمەڵانە خاوەن ئەو سەرکردانە نەبوون، کە لەڕووی فیقهییەوە زۆر شارەزا بن و خاوەن هۆشیاریی زۆر بن، پەروەردەی دەروونی سەرەتایی و تەواوکاری فیقهیان لەدەستدابوو، کە هەستانەوە دەکاتە خاوەن چەندین پایە، کە لەسەریان دابمەزرێت و بتوانێت لەوێوە دەست پێبکات. من هەندێک کەسم بینیووە بە جیهادی ئیسلامییەوە سەرقاڵبوون، ئەمە هیچی تێدا نییە، بەڵام لەسەر چ بناغەیەک؟ ئیسلام ئایینێکە عەقڵ بناغەی فیترەتیەکەیەتی، عەقڵ نەک ویست و ئارەزووی گەنجێک، کە ئەوەی لایەتی بڵاوی بکاتەوە، کارەکە هەر ئەوە بێت و تەواو، زانستی ئیسلامی لای ئەو کەسانە کوا؟ نابینرێت، ئەی تێگەیشتن؟ نییە...، لەبەر ئەوە من کاتێ لە مەغریبی گەورەدا بینیمن هەستم بە مەترسیان بۆ سەر هەستانەوەی ئیسلامی کرد.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** ئایا ئەوانەی لە مەغریبی گەورە بوون درێژەوە بووی هەمان قوتابخانەی فیکریی ئەو قاعیدەیەن کە ئێستا لەمیسر هەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** درێژەوە بووی بەشێکی جیهادییەکانی ئێرە و بەشی سەلەفییەکانن، لەبەر ئەوە هەمان ئەو هەڵانەی لەو دوو گرووپەدا هەیە، تێیاندا دەبینم... بەرپرسێک لەبەرەیەکی گەورەدا دەیەوێت، فەرمانڕەوایەتی جەزائیر بکات دەڵێت: ((ئافرەتان تەنها بۆ منداڵ خستنەوە دروست کراون))، ئەگەر ئەمە تێڕوانینی مرۆڤێک بێت بۆ نیوەی جیهان، لە کاتێکدا ئافرەت سەرۆکایەتی حکومەت دەکات لە ئینگلتەرا، شاژنی ئینگلتەرا و شاژنی هۆڵەندا و شاژنی وڵاتانی تریشن، ئافرەت ئێستا وتەبێژی کۆشکی سپییە، سەرکردایەتی ئۆپۆزسیۆن دەکات، دەستەی تایبەتیان هەیە لە سوپاکاندا، ئایا ئەو کەسەی ئەم قسەیە دەکات، هیچ ئاگای لەڕەوشی جیهان هەیە؟ ئایا دەزانێت ئافرەت لە ئیسلامدا جەنگاوە؟ ئەگەر ئافرەتی جوولەکە بەتانکەوە دەچێتە نێو چێشتخانەکەی و ئامادەیە بۆ بەرگری، ئایا ئافرەت لە ئیسلامدا بە کلدانەوە خۆی ئامادە دەکات؟! ئەمە چ وڵاتێکە، ئەوانە شێتن لەبەر ئەوە لەڕووی تێگەیشتنی گشتییەوە بەلاکەیان توند بوو. ئیسلام لە پشت ئابوورییەکی گەشاوە و دادپەروەرەییەکی کۆمەلایەتی و ڕاوێژێکەوە، هەموو تاکەکان کۆبکاتەوە ڕێگری بکات لەوەی گەمژەکان دەست بەسەر جەماوەردا بگرن. لە کاتی شیکاریی بۆ ئەو جەستەیەی، کە لەپاش خەلافەتی ئیسلامی ماوەتەوە، دەبینین تاکڕەویی سیاسی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە خراپبوونی ئوممەتدا، ئەگەر کیانێکیش دروست بکات، ئەوا گەمژەیەک هەموو کیانەکە لەناو دەبات، پاشان شتانێکیان هەیە مایەی سەرسوڕمانە، هەیانە دەڵێت پەروەردەی صۆفیگەرانە بریتییە لە بەئەدەببوون لەگەڵ خوای گەورە و ڕەوشت جوانبوون لەگەڵ خەڵکی و ئاواتەخوازبوونی چاکە و خێر بۆ خەڵک، ئەم واتایانە بنچینەی ئایینن.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** وای نابینیت ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە، لەوانەیە دەرهاویشتەی قۆناغێک بێت، کە بۆشایی ئیسلامی تێدا بووە و تێیدا کاری ئیسلامی سەرکوت کراوە و فشاری زۆری بەرەو ڕۆژئاوایی هەبووە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەم قسەیە ڕاستە، ئەو بێسەروبەرییە فیکرییەی ئێستا لەجیهانی ئیسلامیدا هەیە بنچینەی چەندین کاروبارە کە بۆ ئەو جیهانە دەچنرێت. وا دەزانم ئەوروپییەکان بەوردی و بەئاگابوونەوە لەهەموو ڕوویەکەوە کار بۆ لێدانی گورز لەجیهانی ئیسلامی دەکەن، لەبواری موژدەدەراندا جووڵانەوەیەکی ورد لەدژی عەقیدە هەیە، لەگۆڕەپانی نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا و لەگۆڕەپانی نووسینی ڕۆژنامەوانیدا، لەبواری هەماهەنگی نێودەوڵەتی و کارگێڕیدا، لەبواری جیهانیدا، ئەڵێی تەونی شاراوە هەبێت و یەکتر کێش بکەن، تا لەڕێی داگیرکاریی ڕۆشنبیریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوەوە، بەسەریدا زاڵ بن، درووست نییە کەسانێک بە سیاسەتی ئیسلامییەوە، یان جووڵانەوە ئیسلامییەکانەوە سەرقاڵ بێت، کە خاوەن فیکرێکی فراوان و ئاسۆیەکی فراوان نەبێت، بەڵام ئەوەی دەچێتە بواری بانگەواز و جگە لەهەندێ بیدعە، کە لەدەوری پەرستشەکان سەریهەڵداوە هیچی تر نازانێت، لەوانەیە هەندێک حەقیقەتی لەلا بێت، بەڵام حەقیقەتی کەم بەهان.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** ئایا وای نابینیت لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئوممەت دەبنەوە لەسایەی ئەو ململانێ گەورەیەدا، کێشەی سوننە و شیعەیە، لە کتێبی (دستور الوحدة الثقافية بين المسلمين)دا بینیوومانە بەڕێزتان لەسەر ئەم بابەتە قسەتان کردووە، لەگەڵ هەندێ پێشنیازی دیاریکراو بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەک بۆ دەرچوون لەم تەنگەژەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بە ئەمانەتەوە دەڵێم، من یەکەم کەس نیم قسە لەسەر ئەم بابەتە بکات، شێخ حەسەن بەننا، کە گەورەی بانگخوازان و نوێکەرەوەی ئیسلامە لەسەدەی ڕابردوودا بینیوومە پێشوازیی برایانەی لەشێخ محەمەد تەقی گەورەی شیعەکان دەکرد، لێکتێگەیشتنی هەبوو لەگەڵی و

بانگی دەکرد بۆ وانەکانی ڕۆژی سێشەمە کە بەردەوام پێشکەشی دەکرد، گەورە مامۆستایانی ئەزهەر وەک شێخ مەحمود شەلتوت، کە لەمەزنترین پیاوانی ئەزهەر و تێگەیشتووترینیان لە ئوصولّی فیقهدا، لە بانگەشەکاران بوو بۆ نزیککردنەوەی نێوان مەزهەبە ئیسلامییەکان، مامۆستاکەشی شێخ عەبدولمەجید سەلیم بەهەمان شێوە بوو، شێخ محەمەد مەدەنی و شێخ عەبدولعەزیز عیسا و ژمارەیەکی تریش لەزانایانم بەهەمان شێوە بینییوە، من کاتێ بیر لەسەدەی پازدەهەمی ئیسلام دەکەمەوە، ئەگەر بازرگانێک پازدە ساڵ ئەزموونی هەبێت لەناو بازاڕدا و بەباشی سوودی لە ئاڵوگۆڕی بازاڕ وەرنەگرتبێت، دەتوانین بڵێین: مرۆڤێکە شایانی مانەوە لە بازاڕ و بازرگانیدا نییە.

ئەو کەسەشی سەیری مێژووی ئیسلام دەکات، پاشان هۆکارەکانی دارمان و گەشەسەندن ئاشنا نابێت و جووڵەی بەرزو نزمبوونەوەی زانست نازانێت و شوێنەوارەکانی ئەو ناکۆکیانەی ڕوویانداوە نابینێت، هەبوونی ئوممەتی ئیسلامی ئێستا لەنێو شەپۆلە سەرکەشەکانی ئەو هاوپەیمانێتی و نەتەوانەی، کە دەیانەوێت بەسەر جیهاندا بالا دەست بن، کاتێ شتێ دەزانین لەمە و حاڵی خۆمان دەهینینەوە یاد وا دەزانم پێویستە کەلێنی نێوان ڕاجیاوازەکان کەم بکەینەوە، بەتایبەت ئەگەر ناکۆکییەکان سنووردار بوو. هەندێ ڕاجیایی هەیە هەر دەبێت هەبێت، هەندێ ڕاجیایی تر هەیە بەدڵنیاییەوە هیچ واتایەکی نییە، بەڵام قورسایی خۆی هەیە، جا ئەوەی کێشی درهەمێک بوو ناتوانم بڵێم: کێشەکەی قینتارێکە، ئەمە درووست نییە، پێویستە بابەتەکان بخەینەوە شوێنی خۆیان.

ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و شیعە سەبارەت بە مافی ئیمامی عەلی بۆ خەلیفایەتی دەستی پێکرد، ئەمەش بابەتێکی مێژووییە و کۆتایی هاتووە، ئەگەر ئێمە لەسەدەی یەکەمدا بووینایە هەڵبژاردنێکی ئازادمان دەکرد، بەڵام ئێستا ئێمە لەسەدەی پازدەیەمی ئیسلامداین، شەڕکردن لەسەر حەقبوونی ئیمامی عەلی بۆ خەلیفایەتی چ مانایەکی هەیە، شتێکی بێمانایە، هەندێک حوکمی دیکەی فیقهی هەیە کەبیروڕا جیاوازییان لەبارەیانەوە هەیە، لەوانەیە جیاڕاییەکە زۆر

بێت لەهەندێ بابەتدا، وایدەبینم بابەتی هاوسەرگیریی موتعە و میرات لەکۆمەڵگادا ڕووبەریکیان هەیە، ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێت، بەڵام لەگەڵ ناکۆکیەشدا دەکرێت لەکۆڕی زانایاندا بەقەناعەت پێکردنی ئاسایی و ڕاڤەی تێڕوانینە جیاوازەکان بگەینە ئەوەی حەق لەگەڵ بۆچوونەکەی منە یان بۆچوونی بەرانبەرەکەم، بەڵام لێ بگەڕێم بنچینەی یەکەمی ئیسلام لە قورئان و فەرموودەدا لەناوبچێت و سوک ببێت، لەکاتێکدا خاچپەرستی و زایۆنیزم لەگەڵ ئەو ناکۆکیانەدا دێنە ناومانەوە، خۆزگەم دەخواست کەنزیکبوونەوە لەیەک دەست پێ بکات، لە ڕاستیدا بەسوربوونەوە داوای ئەو نزیکبوونەوەیە دەکەم.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** خەڵکی باسی ئەوە دەکەن ئەزهەر لەقۆناغێکدا سەرکردایەتی جووڵانەوەی نزیکبوونەوەی دەکرد، پاشان لەقۆناغێکی تردا بووە لایەنێکی شەڕە سیاسیەکە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەزهەر نەیتوانی لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، ڕەوتە سیاسیەکان لەشوێنی خۆی دایانبڕی، ئەویش لەگەڵیدا داخزا، ئەمەش هەڵەیە، پێویستە ئەزهەر لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە و دوور لەهەر ڕەوتێکی سیاسی و حزبی بەرگری لەئیسلام بکات، ئەزهەر پێویستە ئەمە بکات.

**مامۆستا فەهمی هوەیدی:** لەم حاڵەتەدا پێویستە دوو وشەمان لەبەرێزتەوە گوێ لێ بێت سەبارەت بەصۆفیگەرێتی و تەصەوف، ڕاستە پێشتر کەمێکیش لێی دوایت، دەمانەوێت زیاترمان گوێ لێ بێت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەخوا مامۆستا فەهمی لەوانەیە سەرت سوڕ بمێنێت ئەگەر بڵێم من لەقووڵایی دڵمدا سۆفیم، وایدەبینم سۆزداری گەرم و گوڕ بەشێکە لەحەقیقەت، وایدەبینم پێویستە هەموو مرۆڤێک بڕێکی زۆر لەتەصەوف و ڕەوشتی تێدا بێت، ڕەوشتیش وەک وتمان دووبەشە: ڕەوشتی خوایی پەروەردگاریی و ڕەوشتی مرۆڤایەتی لە ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی و ئەمەکداری و هاوشێوەکانیان، بەڵام ڕەوشتی مامەڵەکردن لەگەڵ خوای گەورە

واتـه پێویسـته خـودی ڕەوشـتەکە کـەعادەتێکی دەروونییـه دەبێت لـەدەروونی مرۆڤایەتیـدا لەپشـت بەسـتن بـەخوداو دەسـتگرتن بـەهۆکارەکان و مەحەبـەتی خوای گەورە ڕابێت، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ﴾ [البقرة: ١٦٥].

پێویسـته مسـوڵمان زۆر خـودای خـۆش بوویـت، خـەڵکی سـامانیان خـۆش دەویت. بەخوا ئەگەر خۆشەویستی ماڵ و سامان لـەکیانی مرۆڤدا لەپێشـتر و پتـەوتر بـوو لەخۆشەویسـتییەکەی بـۆ خـوای گـەورە، ئـەوا ئیمانەکـەی لـەناو دەچێت و هـیچ خێرێکـی تێدا نییـە. پێویسـتمان بـە سـۆفیگەریێتی هەیـە، بـەڵام سـۆفییەکان لـەکوێن؟ خـاوەن تەریقەتـەکان نـین، چونکـە خـاوەن تەریقەتـەکان کۆمەڵێکن خۆیان بەتەریقەیەکی دیاریکراو ڕێکخستووە، من نـاتوانم بڵێم ئەوانـە سۆفیەکانن.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** بڕوادارانی بەڕێز ئـەم ئەڵقەیـە تـەواوکاری ئەڵقـەی پێشوو بـوو، گفتوگۆیـەکی جدی بـوو لـەڕێی فیکری مامۆسـتای پایەبـەرز شـێخ محەمەد غەزالی و ئەوەی ڕەوتە ئیسـلامییە جیاوازەکـان لـەپرۆژەو بیرکردنـەوە پێشکەشـیان کـردووە، شـێخ محەمـەد غـەزالی حەقیقـەتی ئـەو بیرکردنەوانـەی خسـتە ڕوو تـا وەک ڕێنمونیکارێـک بیخەینـە بـەردەم ئەوانـەی لـەگۆڕەپانی ئیسلامیدا بەجیاوازی شوێنیانەوە کاردەکەن.

لەکۆتایی ئەم ئەڵقەیەشدا سوپاسـی زۆرمـان بـۆ مامۆسـتای پایەبـەرز هەیـە، بەو ئومێدەی لەئەڵقەی داهاتوودا پێتان شاد ببینەوە.



# بەشی شەشەم

## شێخ محەمەد غەزالی و ئیخوان موسیلمین

### گفتوگۆکار: دکتۆر جەمال عەتییە

## ئەڵقەی یەکەم

**د. محەمەد کەمال ئیمام:**

برایانی باوەڕدار سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت، هێشتا گفتوگۆکەمان لەگەڵ زانای گەورە بەڕێز شێخ محەمەد غەزالی بەردەوامە، بەشێکی زیاتر لە یادەوەریی و بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بەچەندین باس و بابەت، کە بە فیکر و تێکۆشانی لە بواری بانگەوازدا پشکی هەبووە لەدروستکردنیدا، گفتوگۆکاری ئەم ئەڵقەیە بیرمەندی ئیسلامیی دکتۆر جەمال عەتییەیە.

**د. جەمال عەتییە:** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سڵاو لەشێخ محەمەد غەزالی، زۆر شادومانم گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێزتان لەبارەی بابەتێکەوە ئەنجام دەدەم، کە لای هەمووومان ئازیزە، ئەویش پەیوەندی بەڕێزتانە لەگەڵ ئیخوان موسلمین وەک جووڵانەوەیەکی بانگەوازیی، لەچەندین بۆنەدا بەڕێزتان باسی ئەوەتان کردووە لە یەکەم بینیندا شوێن مامۆستای شەهید حەسەن بەننا کەوتوویت، ئایا هێزی کێشکردن لە کەسایەتیدا هەبوو، ئەو هێزە لەچ ڕوویەکەوە بوو؟ یان ئەو خەسڵەتانەی بانگەوازە، کە بانگەشەیان بۆ دەکات، ئەو خەسڵەتانە چی بوون وایان کرد بەڕێزتان ڕاستەوخۆ شوێنی بکەون؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بۆ من لەوانەیە هەردووکیان بێت پێکەوە، لەوانەیە بۆ کەسانی تریش بەهەمان شێوە بێت، ئەو پیاوە هێزی کێشکردنە تایبەتەکەی ناسراوە، لەوانەیە خەڵکانێکی سەرپێچیکاریش شوێنی بکەون و بەرەو لای خوای گەورە هەنگاو بنێن، لە هەمانکاتدا لەوانەیە کەسانێک خوای گەورە فەزڵی خۆی بەسەردا باراندوون ببینن، کە ئیمامەتی و تەقلید شایستەی ئەم پیاوەیە، وا دەزانم هەردوو شتەکە پێکەوەن، چونکە حەسەن بەننا بەشێکی باشی لەو ڕەوشتە جوانانە تێدا بوو، کە لە پێغەمبەرماندا (درودی خوای لەسەر) هەبوو، کەسێکی ڕەوشتبەرز بوو، خۆی یەکلاکردبووەوە بۆ خوای گەورە، وەک ئەوەی بەچاکی لەم فەرمایشتەی پەروەردگار بۆ پێغەمبەرەکەی تێگەیشتبێت: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لَا شَرِيكَ لَهُ

وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾ [الانعـام: ١٦٢، ١٦٣]، ئـەو كاتـەی لـەكۆلێژی ئوصوڵی دین قوتابی بووم و پاش ئەوەی مامۆستا حەسەن بەننام ناسی، ئەو كاتـە لەپشـووی سـاڵانەدا بـووین، چـووین بـۆ كێڵگەیـەک قامیشـی شـەكرمان دەمژی، ژمارەیەک قوتابی بووین، لەپڕ هات بەخەیاڵمدا، كە نزیكەی سـەعاتێكە قامیشی شـەكر دەمـژین، وتـم: ئایا دەكرێت بۆ سـەعاتێک بـەم شـتەوە بـەفیڕۆ بدەین، وەڵامەكانی ئـەوەبوو، كە ئەسـتەمە قبووڵی بكات سـەعاتێک لـە تەمـەنی بەكارێكی ئیسلامدا بوو، لەدوو دێڕە شیعری عەقاد تێگەیشتم:

ربّ عمرِ طال بالرفعة لا بالسنوات        وقطيرات زمنٍ ملأت كأس حياةِ

لـەو تەمەنـە كەمـەدا، كـە چـل سـاڵ بـوو، مامۆسـتا بـەننا لـە نوێكردنـەوەی ئیسلامدا بوو، من بەچاكی لێكۆڵینـەوەم لـەجووڵانەوەكەی جەمالـەدینی ئـەفغانی و جووڵانەوەی محەمەد عەبدە و جووڵانەوە چاكسازیخوازییەكان كردبوو، كە لـە جیهـانی ئیسـلامیدا سـەریان هەڵـدابوو، بـەردەوام جیهـانی ئیسـلامی پڕیـەتی لەنوێكـەرەوە، بەكـەمی سـەردەمێک هـەبووە كەسـی نوێكـاری تێـدا نـەبووبێت، حەسەن بەننا لە چل ساڵدا توانی زۆر شت درووست بكات، مەگـەر كەسـێكی شارەزا لە حاڵی ئوممەتی ئیسلامی بتوانێت پەی بەمە ببات و ڕێزی لێ بگرێت.

ئوممەتی ئیسلامی لە كاتی ڕوخـانی خەلافەتـەوە سـاڵی (١٩٢٤ز)، واتـە پـاش حـەوت سـاڵ لـە لـەدایكبوونی مـن، منالێـک بـووم لـەهیچ تێنەدەگەیشـتم، پـاش ڕوخانی خەلافەت تاریكییەک باڵی بەسـەر جیهانی ئیسلامیدا كێشابوو، شـەوێكی تاریک بوو لەجیهانی ئیسلامیدا، بەزەلیلی و تاریكییەكەیـەوە، لـە ئـەفریقیادا هـیچ دەوڵـەتێک یـان خـاكێكی ئیسـلامی سـەربەخۆ نـەبوو، لـە ئاسـیا ئـەفغانسـتان و دوورگەی عەرەب هەبوو، كە داگیركەر لەسـەر دەریـای سـوورو ئۆقیـانووس و كەنداو بەناوچەی سەربازگە (محميات) دوورەیـان گرتبـوون، جیهـانی ئیسـلامی لـــەو ســـەردەمەدا ونبوویـــەكی بێدەســـتەڵات بـــوو، كـــێ داگیـــری كردبـــوو؟ خاچپەرستێتی جیهانی، هەندێک جار ناونیشانی خاچپەرستی وندەبوو، كەسـانی بـەتوانا بەئاشـكرا بانگەشـەیان بـۆ دەكـرد، وەک مارشـاڵ (ئـەلمبی) لـەنێو (بیـت المقـدس)دا وتـی: ئـەمڕۆ جەنگـەكانی خاچپەرسـتێتی كۆتاییـان هـات، جـەنڕاڵ

(جین)یش کاتێ چووە دیمەشق بە ئاشکرا لە سەر گۆڕی سەلاحەدیین وتی: سەلاحەدیین! ئەوەتا هاتینەوە، ئەوان واناڵێن، بەڵام کردەوەکانیان ناخۆشتر و سەختترە لە قسەیان، جیهانی ئیسلامیی لەئاداب و ئاکارو نەریت و یاساکانیدا، لەهەموو ئەوەی پەیوەندارە پێیەوە تووشی بورکانێکی لەناوبەر بوو، کاتێ گەیشتمە تەمەنی پێگەیشتن و بیرم لەدەروبەرم دەکردەوە، بینیم ئایینەکەمان لەسەرە مەرگدایە، ئەگەر لەلایەن خوای گەورە نەمریی بۆ بڕیار نەدرایە، ئەوا مردبوو، بەڵام کێ ژیانی بۆ گێڕایەوە، من وەک بانگخواز چووم بۆ ئەبو قرقاص لەصەعید، لقێک لە لقەکانی ئیخوانم بینی، چوومە لایان پێیان وتم: ئێمە دەچینە لای خەڵکی و بۆ نویژی بەیانی بەخەبەریان دێنین، شتێکمان فێر بکە، کە پێیان بڵێین، منیش هەندێک شیعرم لەبەر بوو، کە ناوی شاعیرەکەم لەیاد نییە:

| | |
|---|---|
| **قم في الدجى أيها المتعبـد** | **حتى متى فوق الاسـرة ترقد** |
| **قم وادع مولاک الذي خلق الدجى** | **والصبح وامضي فقد دعاک المسجد** |
| **واستغفر الله العظيـم بذلـة** | **واطلب رضـاه فانـه لا يحقد** |

گرنگ ئەوەیە، ئەوانە گەنجانێک بوون لە نوێژی بەیانییەوە هەڵدەستان بە بانگەوازی خەڵکی بۆ پەرستشی خوای گەورە، لە نێوان مەغریب و عیشادا نوێژەکانیان لەکاتی خۆیدا ئەنجامیان دەدا، لە وانە ئایینیەکانیاندا کۆدەبوونەوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو ئەو وانە ئایینیانە وازی لێهێنرابوو، ئەوانە گەنجانێک بوون شانازیان بە مسوڵمانبوونیانەوە دەکرد، لە کاتێکدا ئایینداری وەک عەیبەیەکی لێهاتبوو، من پیاوێکی ئەزهەریم و لەئەزهەر فێربووم و عەممامەی ئەزهەرم لەسەر کردووە و هەستم بەو لاوازییە دەکرد، کە داگیرکەر لەدەوروبەرم و سەبارەت بە زمانی عەرەبی، کە قسەی پێدەکەم بڵاوی کردبووەوە، قسەکردن بە زمانی فوسحا مایەی گاڵتەپێکردن بوو، ئایینداری جێگای گاڵتەپێکردن بوو، لەو کەشەدا، کە عەلمانیەت برەوی پێدەدا و تەعالیمە ئیسلامییەکان لەسەر زەویدا لەناو برابوو، باوی داب و نەریتی بێگانە بوو، مسوڵمانان وایان دەزانی ئیدی ئیسلام ڕوو لە لەناوچوونە، حەسەن بەننا هات و شانازیکردن بەئاییی

بۆ خۆی و بۆ خەڵکیش گێڕایەوە، گومانی تێدا نییە ئەو پیاوە لە ئیمانەکەیدا شتێکی سەرسوڕهێنەر هەبووە، هەروەها لە شوێنکەوتنی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) بەقورئان و سوننەت و فیقهـ، بۆ نموونە کاتێک کەتیبەیان دەکرد، شەوی کەتیبە تەرخان دەکرا بۆ پەرستش، لەسەر شەوێک ڕێک دەکەوتین، پاش ئەنجامدانی نوێژی عیشا بەجەماعەت، وانەیەکی دورو درێژ دەخوێنین، دواتر خواردنێکی ئاساییمان دەخوارد، خواردنێک -وەک دەڵێن- نە گۆشتی پێ دەگری و نە برسێتی پێ دەشکێ، بەڵام جۆرە خواردنێکی بەکۆمەڵە، کە ڕیزەکان پتەوتر دەکات و دەروونەکان پێکەوە پەیوەست دەکات، دوای ئەوەش بۆ ماوەی سەعاتێک وانەیەکی ئایینی دەخوێنین، بەشێکی کەمی شەو بەپەرستش و یادی خوای گەورە بەسەر دەبەین و پاشان کەمێک دەخەوین، دواتر بەر لە نوێژی بەیانی جارێکی تر وانەیەک دەخوێنین، ئەمجا نوێژی بەیانی دەکەین، دواتر بەڕیز وەرزشێکی بەهێز دەکەین، کە بەیانی دەکەیتەوە، هەست دەکەیت، کە ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی جیاواز بوو لەتەمەنماندا، پاڵنەرێکی ڕۆحی بەهێزە، ئێمەش ڕێگەمان بەخۆمان دەدا کار بە قەولە بکەین، کە نوێژە سونەتەکان بەجەماعەت درووستە، لە نوێژەکەدا سورەتی (طـه) هەمووی و سورەتی (الانبیاء) هەمووی و ئەوانی تریشی هەمووی دەخوێند و ئێمەش لە دوایەوە بووین، زۆرێکمان بە بیستنی قورئانخوێندنەکەی بەننا دەگریاین، چونکە دەنگێکی سەیری هەبوو، کاتێک قورئانی دەخوێندەوە، وا هەستت دەکرد، کە لەبەردەم خوای گەورەدایت... لەم دەروازەیەوە دەستمان پێکرد.

لە ڕاستیدا ئیخوان موسلیمین کاتێ وتم ئەوان موجەدیدی سەدەی چواردەیەمی کۆچین، هەر مەبەستم ئەو بوو، چونکە ئیخوان موسلمین لە ئەزهەر و هەموو زانکۆکان و لە قوتابخانەکانیش گەنجانێکی پێشەنگ بوون، هەمووان ڕێزیان دەگرتن و ئاسوودەبوون لەگەڵیان، لێرەدا پێویستە باسی شتێک بکەم، ئەزهەر هەبوو، کەسانی باوەڕدار هەبوون، بەڵام ئاییندارییەک بوو، میراتی سەردەمانێک بوو، کە لە شکستدا بوو و لەگۆڕەپانی ژیان کشابوویەوە، ئاییـنداری هەبوو، خەڵکانی ئاییندار کاتێ دەیانوویست

ئاییندارییەکەیان بەرجەستە بکەن، ئەوا کۆمەڵەیان پێکدەهێنا، وەک کۆمەڵەی کفنکردنی مردووان و کۆمەڵەی ڕێگری لەمادده هۆشبەرەکان، پێکەنینم هات کاتێ کۆمەڵێکم بینی ئالآی بوژانەوەی ئیسلامیان هەڵگرتبوو، ئەزهەر وانەکانی تێدا دەوترایەوە، خەمی گەورەی ئێمە ئەوانە بوو، کە ماوەیەکی زۆر سەری لەمسوڵمانان شێواندبوو، مەبەستم ئەم مەزهەبە فیقهیانەیە، کاتێ ئەو مەزهەبانە دەگەڕێنیتەوە بۆ سەرچاوەکانیان، دەبینیت کەسانێکی خاوەن ڕێزو هیمەت و عەقڵێکی مەزن بوون، لەپاڵ ئاییندارییەکەیاندا قسەخۆش بوون، بۆ نموونە ئەبو حەنیفە کاتێ دەچوو بۆ لای سەرتاشەکەی، تا پرچە سپییەکەی بۆ بتاشێت، سەرتاشەکە پێی دەوت: هەر تاڵە موویەکی سپی ئەگەر بتاشرێت، دوو تاڵی سپی لەجێیدا دێتەوە، ئەبو حەنیفە پێی دەوت: کەواتە تاڵە مووە ڕەشەکان بتاشە، تا مووە ڕەشەکان زیاتر ببن، کاتێ سەرنجی شێوازی ئەدەبی ئەوان دەدەیت، زۆر دوورە لەو وشکی و دڵڕەقییەی ئێستا لەهەندێک لەمسوڵماناندا دەبینرێت.

عەلمانیەت دوو بەشی هەیە، یان با بڵێین حەسەن بەننا لەدوو گۆڕەپانەوە دەجەنگا، جا چۆن مسوڵمانان تێبگەیەنرێت کە لەپاڵ ئەوەی ئیسلام عەقیدەو پەرستشە، بەهەمان شێوە شەریعەت و جیهاد و شمشێرو ئاسانکردنی ژیانیشە، گۆڕەپانی دووەمیش ئەوەیە عەلمانیەت کە داگیرکەر بەزیرەکی درووستی کردووە، کاتێ دەبینیت خدێوی میسر دەڵێت مەبەستییە میسر بکاتە پارچەیەک لەئەوروپا، یەکەمین شت بەبیریدا بێت درووستکردنی ئۆپێرایە، ئەو دەیەوێت لەبوونی مەلهاو لەناوچووندا بەشێک بێت لە ئەوروپا، کاتێ دەبینیت کەسێک سەبارەت بەئایندەی ڕۆشنبیری میسر قسە دەکات دەڵێت: پێویستە ئەو شارستانییەتە بەچاک و خراپیەوە، بە بەسوودو زیانبەخشییەوە وەربگرین، بەڵام لەگەڵ ئەو عەلمانیانەدا خەڵکانێک هەبوون خاوەن ڕەوشت بون، وتیان هەستانەوەیەکی نیشتمانیمان دەوێت، لە پێناوی سەربەخۆیی میسردا مردن، چۆن ئەو کەسانە تێدەگەیەنیت کە ئیسلام لەیەک کاتدا دین و دەوڵەتە، ڕۆشنبیری لەخوێندنی مەدەنیدا ڕۆشنبیرییەکی مەدەنیانەیە، خوێندن

لەئەزهەریش ڕۆشنبیرییەکی ئایینی بوو، شتێکی کەم ژیانی تێدا بوو، بەڵام خەڵکەکەی دەبوایە بمرن.

**د. جەمالەدین عەتییە:** لەبارەی بەشداریی بەڕێزتان لەچالاکییەکانی ئیخواندا، من دەزانم تەنها ڕۆڵت وەک بانگخوازێک نەبووە، بەڵکو زیاتر لەوە بووە، وەک پەروەردەکارێک لەنێو وانەکانی ئیخواندا، دەکرێت بەڕێزتان باسی ئەو گۆڕەپانە جیاوازانە بکەیت کەبەشداریت تێدا کردوون؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڕاستی لەگەڵ مامۆستا حەسەن بەننا کارکردن لە هەموو بوارەکانی بانگخوازیم پێ خۆشبوو، من هەندێک جار دەچوومە مەڵبەندی گشتی کۆن، نەک ئەو مەڵبەندەی کە دەوڵەت لێی سەندن و لە جێگایدا بەشێکی پۆلیسیان کردەوە، بەڵکو مەبەستم مەڵبەندە کۆنەکەیە، لەهەموو ژوورێکی مەڵبەندەکەدا نووسینگەیەکم هەبوو، بەهەموو بەشەکانی مەڵبەندەکەدا دەگەڕام، مامۆستا حەسەن بەننا هەر دوومانگ یان سێ مانگ جارێک دەیناردم بۆ بەشێکی تر، نهێنی نییە ئەگەر بڵێم کردبوومییە سکرتێری ئایینی خۆی، من ئەو فەتوایانەم وەردەگرت کە بۆی دەهات و سەیرم دەکردن و پاش گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوە لێکتێگەیشتنمان لەسەری بۆ درووست دەبوو، دەتوانم بڵێم ئەو نیوەی وتارەکەی دەنووسی و داوی لێ دەکرا بۆ شوێنێک بچێت بەمنی دەووت: وتارەکە تەواو بکە، پاش ئەوەی بینیمی لەوەدا باشم هەندێک جار داوای لێ دەکردم پێشەکی بۆ هەندێک کتێب بنووسم، هەستم بەچێژێکی زۆر دەکرد کە ئەو ئەرکانەم بەجێ دەگەیاند.

**د. جەمالەدین عەتییە:** ئەو بوارانە کامانەن بەشداری نووسینت کردووە تێیاندا؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئیخوان لەسەرەتای ساڵانی چلەکاندا گۆڤارێکیان دەردەکرد ناوی (المباحث القضائية) بوو، بەردەوام لەو گۆڤارەدا بابەتم دەنووسی، پاشان ئیخوان ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیان دەرکرد، لەویشدا بەردەوام دەمنووسی، قەڵەمی من لەڕۆژنامەگەری ئیخواندا گەشەی کرد، بەوجۆرەو

لەژێر چاودێری مامۆستا حەسەن بەننادا، پێشتریش باسی ئەوەم کرد یەکەم وتار بۆ ئیخوانم نووسی بڵاو نەکرابوویەوەو مامۆستا بەننا لەپڕ چاوی پێ کەوتبوو زۆر توورە بووبوو کەبینیبووی بڵاو نەکراوەتەوە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** ئەوە زانراوە مامۆستا حەسەن بەننا داوای لەهەندێک لەئیخوانەکان کە توانای نووسینیان هەبوو، لەسەر هەندێک بابەتی دیاریکراو کەدەیزانی بانگەواز پێویستی بەو بابەتانەیە بنووسن، ئایا بەڕێزتان وەک مامۆستا سەید سابق و دکتۆر مەحمود ئەبو سعود داواتان **لێکرا**وە بنووسن؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەبارەی پەروەردەکردنی بانگخوازانەوە داوای لێکردم بنووسم، نامیلکەیەکم سەبارەت بەچۆنیەتی پێگەیاندنیان نووسی و چەندین بابەتێکم لەو بوارەدا پێشنیاز کرد، لەیادمە لەنێو بابەتەکاندا نووسیم: دەمارگیریی (التعصب)، ڕەشی کردەوەو پێی وتم: بیگۆڕە بۆ هێزی دڵنیابوون (قوة الیقین)، لەسەر ئەوە قسەمان کرد، وتی: بەوشێوەیە باشتر دەبێت، ئەو دەیوویست لایەنی ئەرێنی وەربگرێت و نەیدەویست بەرەوڕووی ئەوانە ببێتەوە کە لەبۆسەدا بوون بۆ ئیخوان، عەبدولحەکیم عابدین هات بینی بابەتەکە چاپکراوەو لەبەردەستی مورشیددایە، هیچی لەبارەیەوە نەدەزانی، وتی: سبحان الله کاری ئیخوان ئەوەندە فراوان بووە کتێبێک بنووسرێت و چاپ ببێت و من نەزانم، ئەو سکرتێری گشتی دەستە بوو، لەگەڵیدا پێکەنیم و پێم وت: جا تۆ چ پەیوەندییەکت بەوەوە هەیە؟

**د. جەمالەدین عەتییە:** بەڕێزتان چەند پۆستێکی دیاریکراوتان لەئیخواندا وەرگرتووە، ئەمە وایە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ سەرۆکی بەشی بڵاوکردنەوەی بانگەواز بووم تا ئەوکاتەی مامۆستا سەید سابق (بەڕەحمەت بێت) وەریگرت، پاشتر مامۆستا هوزەیبی بووە بەرپرسی ئەو بەشە، کاتێ مامۆستا هوزەیبی هات بەشەکەم وازلێهێنا بۆی، کاتێ من بەرپرسی ئەو بەشە بووم بۆ زۆر وڵات و لای زۆر گەلی دەناردم تا قسە بۆ جەماوەر بکەم، زۆر بەکەمی بۆ وتنەوەی وانە لە

مەڵبەندی گشتی دەینارد‌م، وتنەوەی وانە لەمەڵبەندی گشتی زۆر ماندووی دەکردم، چونکە ئیخوان لەگەڵ مامۆستا بەننا ڕاهاتبوون، دووەمیش شوێنی ئەو بەکەس پڕ نەدەکرایەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر داوام لیَ بکرایە وانەی ڕۆژی سێشەمە بلێمەوە هەستم بەناڕەحەتییەکی زۆر دەکردو باری شانم قورس دەبوو، بەڵام بەرگەم دەگرت و ئەرکەکەم جێبەجیَ دەکرد، هەندێک شت ڕوویداوە کە ئێستا پەشیمانم لێیان، چونکە نەدەگونجا، بەڵام لەڕوانگەی بەیادهێنانەوەی ڕاستییەکانەوە باسی دەکەم، من سکرتێری گۆڤارەکە بووم، مامۆستا صالح، کەسێکی بازرگانی بوو، نووسینەکانی سنووردار بوون، بەڵام پیاویکی بەئەدەب و ڕاهاتوو بوو، من لەهەر ژمارەیەکدا دوو تا سیَ وتارم دەنووسی، ئەوەش کارێکی سەخت بوو، بەڵام دەمکرد و ویژدانم ئاسوودە بوو، چونکە لەپەرستشدا بووین.

ڕۆژێکیان نازانم چی ڕوویدا، بەڵام ئەو بریکارەی لەمەڵبەندی گشتی بوو هات و نووسینگە تایبەتەکەی گۆڕیم و دەستی کرد بە دەستکاریی ناو ژوورەکە، پێم وت: چی ڕوو دەدات؟ وتی: سکرتێرێکی نویَ دێت بۆ گۆڤارەکە، دووان بوون: مامۆستا عوسمان نەجاتی و مامۆستا عیاد، ئەو دووانەش لە باشترین کەسەکان بوون، ئەم قسەیە وەک ئامۆژگاری دەکەم و دەبیَ پەنای بۆ ببەم و کەسانی تریش بیزانن، ئاگاداربن کە من کەوتمە ئەم هەڵەیەوە، نابیَ کەسانی تر تێی بکەون، ئەوان کاتیَ هاتن وایان دەزانی گۆڤارەکە نووسەرانێک کاری تێدا دەکەن و لەچەند بەشێک پێکهاتووە، بەڵام وانەبوو، تەنها مامۆستا صاڵح و من و سەرۆکی چاپخانەکە بووین، هەر وەک دەیانووت هەر بە بەرەکەتی خوا دەردەچوو... بەهەرحاڵ من بۆ خۆم توورە بووم، وتم: ئەگەر کەسێک هەیە بێت، واباشتر نەبوو پێشتر ئاگادارم بکەن، ئەوکاتە ڕۆشتم و مەڵبەندم جیَ هێشت و چوومەوە بۆ ماڵ، دڵنیا بووم ئەوان لەویَ دەمێننەوەو دەرناچن چونکە کەسانی بلیمەت بوون، مامۆستا بەننا هەستی بەوە کردبوو کە ڕوویدابوو، وای دەزانی ئەو کەسەی پێی ڕاگەیاندووم بە باشی نەیگەیاندووە، کەسێکی نارد بۆ لام بۆ ماڵەوە و بردمی بۆ ماڵی خۆیان و قسەی لەگەڵ کردم، پێی وتم: چی بووە؟ وتم: ئەوەو ئەوەو ئەوە ڕوویداوە،

دەکرا پێشتر ئاگادار بکرامایە، پێکەنی و وتی: تۆ بەرپرسی گۆڤارەکەیت، فەرموو برۆ، ئیدی چوومەوە سەرکار و ئەو کەسانەی دانرابوون کشانەوە.

ئەو شێوازەی گرتمە بەر ئیسلامیانە نییە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بە ئەنصارییەکانی وت: ((أنه سيكون عليكم أمراء وترون أثرة بعدي))، ئەمەش بەواتای: فەرمانڕەوایانێکتان دەبێت و خۆیان لەپێشتر دادەنێن، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، کەسێکمان گەیشتە ئەو کاتە چی بکات؟ فەرمووی: ((ئەرکی سەرشانی بەجێ بگەیەنێت و ئەوەشی بۆتان هەیە لەخوای داوا بکەن)) [1]، بەجێگەیاندنی ئەرک پێویستە، ئەگەرنا ئوممەت لەناودەچێت، ئەگەر هەرکەس، کاتێ بابەتێکی پەیوەندار بە شکۆی تایبەتییەوە هاتە ئارا، لەکارەکەی بکشێتەوە، بەو شێوەیە ئیسلام تیا دەچێت، من تا پاش ماوەیەک نەمدەزانی هەڵە بووم، ئەوکەسانەی هاتبوون لەباشترینی خەڵک بوون و مامۆستا بەنناش هێنامییەوە بۆ سەر کارەکەم.

هەربۆیە من داوا لەهەمووو مرۆڤێک دەکەم، کە ڕۆڵی خۆی ببینێت و ئەرکەکەی لەپێناو خوای گەورە بەجێی بگەیەنێت، خۆ ئەگەر ڕوویدا و مافی خورا، ئەوا با ئەو ڕاسپاردەیەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) جێبەجێ بکات، کە دەفەرموێت: ((أدوا الحق الذي عليكم وسلوا الله الذي لكم)) [2]، ئوممەتەکەمان تەنها تەنها بەو شێوەیە سەرکەوتوو دەبێت، بەوەی بۆ ستەمێک کەلێم کراوە دڵم زیز نەبێت، مادام شتەکە لەپێناوی خوای گەورەدایە، بۆ نموونە خالیدی کوڕی وەلید، کە سەرکردەیە و ڕەوشتی وەک سەرکردەیەکی سەربازی شتێک لەتوندیی تێدایە، ئەوەی لەگەڵ مالیکی کوڕی نویرە کردی، بۆی هەبوو ئەگەر بانگخواز بووایە، ئەوا دەیتوانی بەجۆرێک چارەسەری بکردایە، ئەو ڕازی نەبوو زەکات بدات، ڕاستە شاییستەی کوشتن بوو، بەڵام خالیدی کوڕی وەلید بانگخواز نەبوو، بەڵکو سەرکردەیەک بوو ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرابوو، بە سەر جووڵانەوەی هەڵگەڕاوەکاندا زاڵ ببێت، هەر وەک عومەر وتی: (في سيفه رهق) واتە: (لە شمشێرەکەیدا هەڵە هەیە)، ئەو ئامادەتر

[1]- رواه أحمد في مسنده.

[2]- پێشتر تەخریجەکەیمان دیاریکرد.

بــوو بــۆ جــووڵان و ســەرکەوتنی بەدەســتهێنا، پــاش ئــەوە ئیمــامی عومــەر لەسـەردەمی خەلافەتیدا دوای خست، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاحی خستە پێشی، خالید هەستی بەناڕەحەتی نەکرد و هەڵوێستی نەگۆڕا و تووڕە نەبوو، بەڵکو وەک سەربازێک کاری کرد، هەموو خەڵک هەستیان دەکرد، کە خەسڵەتە سەربازییەکانی خالید لەدەرکەوتن و دەروشانەوەدایە، ئەوە بوو هاتەوە بۆ سەرکردایەتی.

**د. جەمالـەدین عەتییـە:** ئەو بابەتانەی بەڕێزتان لە ڕۆژنامەکانی ئیخواندا نووسیوتن، ئایا لە کتێبێکدا کۆکراونەتەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر، هەموو ئەو بابەتانەم، کە لەگۆڤاری (المباحث القضــائية)دا بڵاوکراونەتــەوە هیچیــان کــۆ نەکراونەتــەوە، لەگــەڵ ئــەوەی ئــەو وتارانەم بەسۆز بوون.

**د. جەمالـەدین عەتییـە:** لەپاڵ ئەوەی بەڕێزتان سەرۆکی بەشی بانگەواز بوون، ئایا پۆستی کارگێڕی دیکە هەبوو لە سەردەمی مامۆستا بەننادا بەتۆ سپێردرا بێت؟ ئایا هیچ شتێک هەیە حەز بکەیت باسی بکەیت پێش ئەوەی بچینە سەر سەردەمی مامۆستا هوزەیبی؟

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** بەخوا، ڕۆژێکیان مامۆستا حەسەن بەننا تووڕە بووبوو، ناردی بەشوێنما و چووم بۆماڵیان، لەکاتێکدا سەرقاڵ بوو بەهەندێ کاروباری گشتییەوە و بێ زۆر لەخۆکردن پێی وتم: گوێبگرە غەزالی، داوای شتێکت لێدەکەم، وتم: خێرە ئینشائەڵلا، وتی: دەمەوێت ئەم ماوەیە زۆر بچیت بۆ مەڵبەندی گشتی، زیاتر لەوەی ئێستا دەچیت، پێم وت: بۆچی؟ وتی: هەست دەکەم ئیخوان تووشی شتی مەترسیدار دەبێت و لەوانەیە لێتان داببڕێم، جا ئەگەر شتێکم بەسەرهات، ئەوا تۆ یەکێکیت لەو دەکەسەی ئەمانەتی بانگەواز و جەماعەی ئیخوانتان پێ دەسپێرم، منیش بێدەنگ بووم و لێم نەپرسی ئەو دە کەسە کێن؟ جگە لە خۆم نەمزانی ئەوانی تر کێن، ڕۆشتم و بەڵێنەکەم بـەجێهێنا، ئـەو ڕۆژەی کـوژرا مـن لای مزگـەوتی قەیسـون بـووم، دەمویست

لەگـەڵ جەنازەکەیـدا بچـم، ئـەوەش ئەسـتەم بـوو، چونکـە پـۆلیس بەتونـدی لەخەڵکی دەدا، من و کەسێکی تر، کە ناوی شێخ ڕەزوان بوو، خەڵکی شـەرقییە بـوو، باڵابـەرز و ڕیشـدار بـوو، هـەڵهاتین، بـەهۆی زۆر گریانـەوە خـەریک بـوو چاوی نەبینێت، کاتێک بەئاگا هاتینـەوە لەگۆڕستانی (دەربی ئەحمـەر)دا بـووین، پـاش ئـەوە دەسـتگیر کـرام و فڕێدرامـە (تـوڕ)ەوە و نزیکـەی سـاڵێک لـەوێ مامەوە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** ئەو قسەیەی مامۆستا بەننا ڕاستەوخۆ پێش کوژرانی بوو؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نزیکەی دوو مانگ پێش کوژرانی بوو، لە ڕاستیدا قـەدەر وابـوو، دوو ڕۆژ پـێش کـوژرانی پێـی بگـەم، مـن لـە (دربـی سـەعادە) نیشتەجێ بووم، بەرەو ئاراستەی قیبلە ئەچووم، مامۆستا حەسەن بـەننام بینی لە (دربی جەمامیز)ەوە بەرەو خانەی لاوانی مسوڵمان دەڕۆیشت، پێی گەیشـتم و لە ئامێزم گرت، وەک ئەوەی جل هەڵواسـەرێک لـەباوەش بگرم وابوو، زۆر لاواز بوبوو، ئەو جەستەیە چیی لێهات؟! هەستی بەترسـەکەم کرد، وتـی: حاڵی براکانـت چۆنـە؟ یـەک یـەک نـاوی ئـەو برایانـەی بـرد، کـە دەسـتگیر کرابـوون، پاشان قسەیەکی کرد، کە لەهەندێ لە کتێبەکانمدا باسم کردووە: (لـە سیاسـەتدا هیچ بەشیکمان نییە، ئەگەر پێشتر ئەمەم بزانیایە، ئـەوا ئیخـوانم دەگێڕایـەوە بـۆ ڕۆژانی پێشـینەکان)، ئەمـە بیرۆکەیـەک دەدات بـۆ ئـەو ڕەوتانـەی سـەرقاڵبوونی بە سیاسەتەوەیان سەپاند بە سەر ئیخواندا، ئەوانـە ڕەوتـانێکی گێژەڵوکـە ئاسـا بوون.

**د. جەمالـەدین عەتییـە:** لـەو ماوەیـەی کۆتاییـدا، مامۆسـتا بـەننا گۆڤـاری (الشهاب)ی دەرکرد، بەگوێرەی ئەو پەیوەندییەی بەڕێزتان لەگـەڵی هـەتانبوو، چ ڕەوشێک وای کرد بەو ئاراستەیەدا بڕوات؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لـە ڕاستیدا مـن وا تێگەیشـتم، دەیـەوێت بـۆ خـۆی و کەسـانێکی تایبـەت لـە ئیخـوان گۆڤـارێکی زانسـتی ئـایینی تایبەتمەنـد دەربکـات،

تێیدا ئەزموونەکانی خۆی بخاتە ڕوو، جیا لە ڕۆژنامە ڕۆژنامەکە، چونکە تایبەتمەند بوو بەهەواڵ و ئەوشتانەوە، کاتێ بیری لەنووسین کردەوە بینیم لەبارەی سورەتی ڕەعدەوە دەنووسێت، لێم پرسی بۆ بە ڕەعد دەستت پێکرد؟ وتی: بۆیە بە ڕەعد دەستم پێکرد، چونکە شێخ ڕەزا بە کۆتایی سورەتی یوسف کۆتایی پێهێنا، ناکرێت بگەڕێمەوە سەر ئەوەی لەسەری نووسراوە، هەر بۆیە پرۆژەی مەنار تەواو دەکەم، لە ڕاستیدا تەفسیری مەنار تەفسیرێکی سەلەفیانەی خەلەفییانەی عەقیدەیی شەریعەتیی ئەخلاقیی سیاسیی کۆمەڵایەتیی نێودەوڵەتیی و ناوخۆیی بوو، تەفسیرێکی هەمەلایەن بوو، وا بەباش دەزانم کەس بەبانگەوازەوە سەرقاڵ نەبێت، تا ئەو تەفسیرە نەخوێنێتەوە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** پێش ئەوەی کۆتایی بە ماوەی مامۆستا حەسەن بەننا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بهێنین، بەڕێزتان، کە لەگەڵ فیکر و چالاکییەکانیدا ژیاون، هەستت کردووە لەساڵی (١٩٢٨ز) کاتێ دەستی بەبانگەواز کرد، تا ساڵی (١٩٤٨ز)، کە کوژرا، فیکری گەشەی کردبێت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** مامۆستا حەسەن بەننا یەکەم جار، کە دەستی پێکرد، پشتی بەخۆڕۆشنبیرکردنی ئیسلامییانە بەهەردوو بەشەکەیەوە، مێژوویی و تەفسیریی بۆ قورئانی پیرۆز دەبەست، بەشی زۆری ژیانیشی بەوجۆرە مایەوە، بەڵام بێگومان بانگەواز دەروازەی بۆ هەزاران کەس کردەوە، کاتێ ئیسلامی وەک ئایین و دەوڵەت دەخستەڕوو، بۆی هەبوو میسر بکاتە دەوڵەتێکی ئیسلامی، بۆ ئەوەش دەبوو لەپاڵ سیاسەتی جیهانی بە سیاسەتی ناوخۆییەوە سەرقاڵ ببێت، لەسیاسەتی نێوخۆییدا ئەو ڕەوتانەی ناو بانگەواز ڕوبەڕووی بوونەوە، کە خەڵکانی میللی بوون، لەجوتیار و کرێکار پێکهاتبوون، کەسانێکی ڕۆشنبیریشیان تێدابوو، کەسانێکیش هەبوون حەزیان بەوە بوو ببنە سەرۆک، لەگەڵ زۆر جۆری تریش، مامۆستا حەسەن بەننا لەنێو ئەو گێژەڵووکەدا تاڕادەیەک لە کار وەستا و دەستی کرد بە کاری سیاسی، کە تێیدا ئەو ڕەوتانەی، کە بە سرووشت پێکەوە ناسازێن، کۆدەبنەوە.

**د. جەماڵـەدین عەتییـە:** مامۆسـتا موکـەڕەم عوبەیـد بـۆ کۆبوونـەوەکانی جەماعەی ئیخوان بانگ دەکرا؟

**شێخ محەمـەد غـەزالی:** نـەخێر، ئـەو تـەنها هـاوڕێی بـوو، لـەو بـاوەڕەدام بوێریش بـوو، چونکـە تاکـە کـەس بـوو، کـە سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی لەگـەڵ تەرمەکەیدا بچێت، تاکە کەسیش بوو پاش ئەوە قسـەی کرد، موکـەڕەم عوبەید سیفەتی مەردانەی تێدا بوو، حەسـەن بەنناش لایەنی ئایینی تێیدا بنـەڕەتی بـوو، بـەڵام ئەوەشـمان لـەیاد ناچێت، کـە ئـەو پۆسـتی بـەلاوە گرنـگ نـەبوو، هێنـدەی خزمەتکردنی ئیسلام و کارکردن لـەپێناوی خـوای گـەورەی بـەلاوە گرنـگ بـوو، ئـەدیبیش بـوو، لـە مەڵبەنـدی جیـزە دەچـووە پێـنج ناوچـە و لەهـەر ناوچەیـەک وتـارێکی پێشـکەش دەکـرد، لەعیشـاوە دەسـتی پێدەکرد تـا نیوەشـەو بـەردەوام دەبوو، پاشان دەگەڕایـەوەو پـاش نـوێژی بـەیانی دوو سـەعات لەسـەر مێزێکی قوتابخانە دەنووسـت، پاشـان لەقوتابخانـە دەسـتی بەوانـەکانی دەکـردەوە، وەک هەر مامۆستایەک، ئەوکاتەی لەقوتابخانەی عەباسی ئەوەل لەسـەبتییە مامۆسـتا بوو.

**د. جەماڵـەدین عەتییـە:** ئایا بـەڕێزتان هیـچ پەیوەندییـەک یـان چالاکییـەکتان لەگەڵ ڕێکخستنە تایبەتەکانی ئیخوان هەبوو؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر، بگرە ئەو ناوی منی ڕەش کردبووەوە، چونکە پاڵێوراو بووم و ناوم لەلیستەکەدا نووسرابوو، لیستەکە ڕۆشتبوو بۆ مامۆسـتا بەننا تا واژۆی لەسەر بکات، بـەڵام نـاوی منـی ڕەش کردبـووەوە، ئـەو کەسـەی لیسـتەکەی پێشـکەش کردبـوو پێـی وتبـوو: پیـاوێکی دڵسـۆزی مـەزنـە، وتبـووی: سبحان اللە، خۆ من نەمووتووە پیاوێکی وا نییە، من دەزانم دڵسـۆزە، بـەڵام بـۆ ئـەو سیسـتەمەی ئێوە ناگونجێت، ئێوە سیسـتەمێکی سـەربازیتان هەیـە و ئـەم مامۆستایەش ناڕەزایەتی دەبێت لەهەر شتێ عەقڵی نەیگرێت، پاشـان ئـەم پیـاوە ئەوەی لەدڵیدا بێت نایشارێتەوە، کاتێ تووڕە ئەبێت تـووڕەییەکـەی دەردەبڕێت، ئەگـەر ڕەزامەندیش بـوو ئـەوا ڕەزامەندییەکـەی پێوە دیـار دەبێت، لەبـەر ئـەوە

هیچ نهێنییەکی نییە، وازی لێ بێنن با سەرقاڵی کاری خۆی بێت، بنووسێت و وتار بدات، بۆیە بۆ ئەو کارەی ئێوە ناگونجێت.

ڕاستی دەگوت، لەخۆم چاکتر منی دەناسی، کاتێ خەزنەدار کوژرا لەنووسینگەکەم لەعەتەبە دانیشتبووین، جنێوم دەداو نەفرەتم لەبکوژانی دەکرد، کە لە ئیخوانیش بوون، ناردی بەشوێنماو چووم، کەمێک سەیری کردم پاشان وتی: گوێبگرە غەزالی، سوێند بەخوا ئەگەر بمزانیایە بکوژەکە لەئاسمانە، ئەوا بەشوێن پەیژەیەکدا دەگەڕام تا بچوومایە بمهێنایەو ڕێگریم لێ بکردایە، من هەرگیز بەوە ڕازی نیم و هەرگیزیش بیرم لێ نەکردووەتەوەو داوای ئەوەشم نەکردووە، (سیستەمی تایبەت-النظام الخاص) لەزۆر کاروباردا بەشێوەیەکی تاکڕەوانە دروستبوو، ناڕەحەتیی زۆری تووشی ئیخوان کردووە، بەڵام بیرۆکەکەی باش بوو، کە بریتی بوو لەوەی بەگەڕۆکی کار بکات، تا وابکات لاوانی ئیخوان گرنگی بەوەرزش بدەن و جەستەیان بەهێز بکەن و ڕێکخراوە سەربازییەکان لەسایەیدا بن، تا خاوێتیی جەستەیان نەمێنێت و ئەو شتانە، چونکە ئیسلام لەم ماوەیەدا پێویستی بەو پیاوانە دەبێت، بەڵام کێشە ئەوەیە لەسیستەمە نهێنییەکاندا، کە لەتاریکیدا کار دەکەن، دزەکردن بۆ ناوی مەترسیدارە، لایەنە نەیارەکانی ئیسلام دەکرێت تاریکیدا دەستی تێوەربدەن، لەیادت نەچێت، ئیخوان لەدژی خاچپەرستان و زایۆنیزم جەنگان، پاش چەندین سەدە لە سەرکوتکردن، دوای ئەوەی پێشەنگی کاروانی مرۆڤایەتی بوون، کەوتنە دواییەوە، گێڕانەوەی ئەوانەش بۆ ڕەسەنایەتی و پاڵەوانێتییەکانی خۆیان، کارێکە پێویستی بەهەوڵێکی زۆر و کاری عاقڵمەندانە و کاری سۆزداریش هەیە.

مامۆستا بەننا سرووشتێکی سۆفیگەریانەی هەبوو، لەهەمان کاتدا سرووشتی ریای سیاسی تێدا بوو، بەڵام ڕەوتەکان گەورە بوون و ئەو گێژەڵوکەیەی هێزە نەیارەکانی ئیسلام دروستیان کردبوو لەم بەهێزتر بوو، لەهەمان کاتدا لاوازی و ملکەچیی ئەو حکومەتانەی لەگەڵ داگیرکەر کاریان دەکرد، ئەوەی تێیدا جێی سەرنجڕاکیشانم بوو ئەوە بوو، مورشیدی ئیخوان بوو، کە گەورەترین کۆمەڵی ئیسلامییە لەسەردەمی هاوچەرخدا دامەزرابێت،

کـاتێ هەڵوەشـێنرایەوە هـیچ ڕێگرییـەکی نـەبوو لـەوەی بچێت و لەجەماعـەی لاوانـی مسـوڵمان ببێتـە ئەنـدامێکی ئاسـایی، تـا لـە هـەر شـوێنێک بێت کـار بـۆ ئیسـلام بکـات، ئیـدی بچـوک بێـت یـان گـەورە، سـەرباز بێـت یـان سـەرکردە، هەرچییەک بێت.

**د. جەمالـەدین عەتییـە:** بەپشـتیوانی خـوای گـەورە گـەڕێکی ترمـان دەبێت لەقۆناغی داهاتوودا سەبارەت بەمامۆستا هوزەیبی (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێت)، بـــەڕێزتان هـــیچ شـــتێکتان مـــاوە لـــەبارەی قۆنـــاغی یەکەمـــەوە کـــەماوەی سەرکردایەتی مامۆستا حەسەن بەننایە بۆ ئیخوان باسی بکەیت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا ئەو ماوەیەی لەخزمەت مامۆستا حەسەن بـەننادا بەسـەرم بـرد ماوەیـەکی پـڕ بەرەکـەت و خێـر بـوو، ڕەزامەنـدی لـێم و ڕەخنەی لێم کەم نـەبوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو لەهـەردوو حاڵەتەکـەدا باشـترین پـەروەردەکار و چـاکترین مامۆسـتا و ڕێنمونیکـار بـوو، هـەرگیز باشـەکانی بـۆ ئوممەتی ئیسلام لەیاد ناکرێت، مەگەر کەسێکی غەدرکار، منیش غەدرکار نیم.

**د. محەمەد کـەمال ئیمـام:** ئـەم گفتوگۆیانـەو ئـەو یادەوەریانـە سـەبارەت بـە پەیوەنـدی مامۆسـتا محەمـەد غـەزالی لەگـەڵ جەماعـەی ئیخـوان موسـلمین، کـە گفتوگۆیەکی پەرۆشانە بوو، تێیدا مامۆستای پایەبـەرز شـێخی غـەزالی چەنـدین بەرپرسـیارێتی ئـایینی لـەنێو چالاکییـە ڕۆشـنبیرییەکانی جەماعـەدا گرتبـووە ئەســتۆ، بەقەڵەمەکــەی لەهــەموو ئــەو گۆڤارانــەدا دەینووســی کــەئیخوان دەریـدەکرد، ئەمـە وێـڕای ڕۆڵـی لەدەسـتەی دامەزرێنـەری جەماعـەی ئیخوانـدا، سەرەڕای ئەنجامدانی چەنـدین کـاری ڕۆشـنبیری کـە لەیـەن مامۆسـتا حەسـەن بــەننای مورشــیدی جەماعــەی ئیخوانــەوە پێــی دەســپێردرا، ئــەم ماوەیــەی سەرەتای ژیانی شێخ محەمـەد غـەزالی لەپەیوەنـدی بەجەماعـەی ئیخوانـەوە کـە لــەقۆناغێکی تریشــدا لەبەشــی دووەمــی ئــەم گفتوگۆیــەدا کــە بــەڕێز دکتــۆر جەمالـەدین عەتییـە ئـەنجامی دەدات قسـەی لەسـەر دەکرێتـەوە، تـا ئـەو کاتـە بەخوای گەورەتان ئەسپێرین.

## ئەڵقەی دووەم

**د. محەمەد کەمال ئیمام:**

برایانی باوەڕدار سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت، گفتوگۆکەمان لەگەڵ زانای پایەبەرز مامۆستا شێخ محەمەد غەزالی بەردەوامە، لەم ئەڵقەیەشدا یادەوەری زیاتر و بیروبۆچوونی سەبارەت ئەو بابەتانە دەخاتەڕوو، کە بە فیکر و کۆششی لە بانگەوازدا بەشدار بووە تێیدا.

**د. جەمالەدین عەتییە:** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، خۆشحاڵین گفتوگۆکەمان لەگەڵ مامۆستا محەمەد غەزالی سەبارەت بەیادەوەرییەکانی لەنێو جەماعەی ئیخوان موسلمیندا درێژە پێدەدەین، لەئەڵقەی ڕابردوودا گەیشتبووینە شەهیدبوونی مامۆستا حەسەن بەننا، ئەو ماوەیە-لەکاتی کوژرانی مامۆستا بەنناوە- دەکرێت باسێکی ئەو ماوەیە و یادەوەرییەکانتمان لەگەڵیدا بۆ بکەیت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** وا دەزانم کوژرانی مامۆستا بەننا دیارییەکی حزبی سەعدی بوو بۆ مەلیک فاروق لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا، چونکە وەک ئەوەی دێتەوە یادم لەهەشت یان حەوتی مانگی فیبرایەردا بوو، پاش کوژرانی ڕابەری گشتی شەپۆلێکی دەستگیرکردن دەستی پێکرد، منیش لەنێو ئەو دەستگیرکراوانەدا بووم، وابزانم پێشتر باسی ئەو ساڵەم کرد، کە لەبەندیخانەی (دربی ئەحمەر)و گرتووخانەی (تور)، کە نزیکەی هەشت مانگم لەوێ بەسەر برد، گرتووخانەی (عیون موسا)، کە لەوێش ماویەک مامەوە، ئەم دەستگیرکرانانە لە ڕاستیدا لەرووکاردا نەهامەتی بوو بۆ جەماعەی ئیخوان، گومانی تێدا نییە خەڵک تۆقێنراو ناڕەحەتی زۆر تووشی ئەو خێزانانە بوو، کە کەسانێکیان لەدەست دابوو، یان دەستگیرکرابوون و لەکەسوکاریان دوورخرابوونەوە، بەڕاستیش نەهامەتییەکە سەخت بوو، من لەم فەرمایشتەی خوای گەورە تێنەدەگەیشتم: ﴿وَاذْكُرُوا إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِي الْأَرْضِ تَخَافُونَ

أَن يَتَخَطَّفَكُمُ النَّاسُ فَآوَاكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِ وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [الانفال: ٢٦]، نیوەی یەکەمی ئایەتەکە تێنەدەگەیشتم سەبارەت بەڕفاندنی مرۆڤ، تا ئەو کاتەی کە ڕفێنرام و کچە بچووکەکانم لەگەڵ دایکیان، لای کەسوکاری بەجێهێشت.

بەهەرحاڵ نەهامەتییەکە زۆر سەخت بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی بونیاتنانی ئیخوان بوون، لەیادمە گرتووخانەی تورڕ قوتابخانە بوو، شەوو ڕۆژ پەرستشی بەردەوامی تێدا دەکرا، لەنوێژی بەیانییەوە تا عیشا نوێژم پێیان دەکرد، دوودوو، سێ سێ، چوارچوار قورئانم پێ دەخوێندن، خوێندنە ئایینییەکان بەردەوام بوو، هەر لەوێ ئەوەی ناومان لێ نابوو پەیمانگای سینای ئیسلامی دامەزرا، تا ئەو مامۆستایانەی زانکۆ، کە دەستگیر کرابوون بتوانن وانە بەقوتابییە دەستگیرکراوەکان بڵێنەوە، بۆ ئەوەی کاتێ گەڕانەوە زانکۆ وەک ئەوە وابێت کە دانەبڕاون، هەر بەڕاستی ئەو ماوەیە – وەک وتم– لەگێڕانەوەی ڕۆحی ئیخواندا، کە لەگەڵ ئەو نارەحەتیانەدا کەمێک پاشەکشەی کردبوو، ماوەیەکی مەزن بوو، ویستی خوای گەورە وەها بوو، پاش نزیکەی ساڵێک کە ئازاد کراین، دووبارە ڕووبەڕووی سێ کێشە ببینەوە:

کێشەی یەکەم: کێشەی بوونمان بوو، چونکە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی جەماعەی ئیخوان دەرچوو بوو، بەڵام مامۆستا دەڵێت: ئەو کەسەی بەڵگەنامەی لەدایکبوونی لەدەست دەدات بە مردوو دانانرێت، تەنها بەکەوتنی ناسنامەکەم ئیدی ئەوە ناگەیەنێت من مردووم، نەخێر، دەبوو بگەڕێینەوەو چالاکییەکانمان درێژە پێبدەین بۆ خزمەتکردن ئیسلام.

کێشەی دووەم: بریتی بوو لەو جەنگەی لەنێوان ئینگلیز و تێکۆشەرانی ئیخواندا ڕوویدا، جەنگەکەش لەنۆکەند توند بوو، ئیخوان هێرشیان دەکردە سەر سەربازگەکانی داگیرکەران و زیانی گەورەیان پێدەگەیاندن، هەندێکیان هەر لەناودەبرن، یان چەکی زۆریان برد و توانییان بەسەر خەڵکی گوندو شارەکاندا دابەشیان بکەن.

کێشەی سێیەم: جەنگی نێوان ئێمە و جوولەکە بوو، دەمەوێ ڕۆشنایی بخەمە سەر لایەکی، ئەویش ئەوەیە هەموو ئەو جەنگانەی لەنیوان ئیخوان و

جوولەکەدا ڕوویداوە هەردەم ئیخوان سەرکەوتوو بوون، بەڵام تاکە جارێک لە (کەفار دیرۆم) ڕوویدا، ناوچەیەکی سەقامگیر بوو، هیچ شتێکی جوولەکەکان دیار نەبوو، جگە لە تاوەر (برج)ەکان نەبێت، کە بە دووگمە و کلیل لەخوارەوە کاریان پێدەکرا، هیچ کەسیانت نەدەبینی، بەڵام تۆپهاوێژەکانیان لەسەرەوە بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی دەجوولان، لەو جەنگەدا هەشت کەس لەئیخوان کوژران، پاش ئەوە ئەو نشینگەیە بەتەواوی وێران کرا، بەڵام سەرکردەی ئینگلیزەکان کاتێ کوژراوانی ئیخوانی بینیبوو سەیری کردبوون و وتبووی: ئەگەر سوپایەک لەمانەم هەبووایە، ئەوا هەموو جیهانم دەگرت، چونکە ئەوانە هەموویان بەرەو توپهاوێژەکان دەڕۆیشتن، لەکاتێکدا نەیاندەزانی لەکوێوە دێن و ئەوانەی دەیانجوولاندن نەیاندەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا ئازا بوون و بوێرانە دەجەنگان و مەردانە مردن (خوای گەورە لێیان خۆش ببێت).

ئەم سێ جەنگە (شەڕی سەلماندنی کەسێتی، شەڕ لەدژی ئینگلیز و پێویستبوونی دەرکردنیان، جەنگ لەدژی جوولەکە و لەدژی بوونی جوولەکە، کە دەیانویست خۆیان بسەپێنن بەسەرماندا)، ئێمە خۆمان بەسەر بەرەی ئەو جەنگانەدا دابەش دەکرد و هەوڵی زۆرمان دەدا، ئەمە وا دەزانم لەساڵی (١٩٥١ز)بوو، لەیادمە لەو ساڵەدا هاوڕێی مامۆستای گەورە سەید قوتب بووم ڕەحمەتی خوای لێ بێت، ساڵی (١٩٥٠ز) پێشنیازم بۆ کرد بێتە ڕیزەکانی جەماعەی ئیخوانەوە، پێی وتم: باشتر وایە دوور بم، مامۆستا ساڵح عشماوی بەو پێیەی جێگری ڕابەری گشتی بوو، ڕابەریش نەمابوو، هەربۆیە ئەو کاروباری ئیخوانی بەڕێوە دەبرد، بەبۆنەی یادی شەهیدکرانی مامۆستا حەسەن بەنناوە ژمارەیەکمان دەردەکرد، باشتر وایە بڵێم: ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٩ز) تا (١٩٥٢ز) وڵات بەو دەستوورەی هەبوو بەڕێوە دەبرا، بینیمان ئامادەسازیمان تەواوە و دەتوانین ڕیزەکانمان ڕێکبخەینەوە و هەستمان دەسەڵاتی یاسای هەڵاوێرد (القانون الاستثنائي)، یان حوکمی عورفی نەدەکرد، کە ئازادیی کەسەکانی زەوت دەکرد و وایکرد بتوانێت هەرکەسێک بەندبکات و ئەشکەنجەی بدات.

کێشـە لـەوەدابوو لـەو ڕۆژانـەدا پرسـیاری ئـەوە سـەریهەڵدا: کـێ ئیخـوان بەڕێوە دەبات؟ بەڵام پێویستە باسی ئەوە بکەم، مامۆستا ساڵح پیاوێکی بەڕێز بوو، لەوانەیە بەزەبروزەنگ نەبێت، سووربوونی ئەو کەسانەی تێدا نەبوو، کە داوای دەســەڵاتیان دەکــرد و بــە هەنــدێک تونــدوتیژی خۆیــان دەســەپاند، ڕووخۆش و نـەرم و نیان بوو، ئەگـەر ڕۆژهەڵاتییەکان یان عـەرەب ڕێڕەوی ڕۆژئـاوا پـەیڕەو بکـەن لـەوەدا، کـە سـەرۆک بهێنرێت و پاشـان بەکەسـانی تـر کەسـێتییەکەی پـڕ بکرێتـەوە، ئاسـایی بـوو ئەگـەر مامۆسـتا سـاڵح عشـماوی سـەرۆکی کۆمەڵەکـە بووایـە و کەسـانی تـر هاریکـاری بوونایـە، مـن پێشـنیازم کرد: کە مامۆستا بەننا هێزێکی ئایینی ڕۆحی و هێزێکی کارگێڕی ڕێکخستنی و هێزێکی سیاسی دەرەوەیی بوو، دەکرێت ئـەو لێهاتوویانـەی ئـەو بەسـەر سـێ کەسدا دابەش بکرێت، ئەوانیش سەرۆک و بریکارو ئەمینداری گشتی بن، بـەڵام ئـەوەی مـن وتـم بەشـێوەیەکی تـر لێـی تێگەیشـتن، یـەکێک پێـی وتـم: ئێمـە لای خۆمانەوە جیهانێتی دەبەخشینە ڕابەری نوێ، پێکەنیم، ئـەم قسـەیەم لەدەسـتەی دامەزراندن کرد، دانیشتنێکی فەرمی نەبوو، بـەڵکو کۆبوونەوەیـەکی ئامادەکاری بوو، بۆچوونەکە ڕوون بوو، هەندێک لەئیخوانەکان دەیانووت ئێمە و حکومـەت نـاکۆکی لـە نێوانمانـدا هەیـە، نامانـەوێت ئـەو ناکۆکییـە بمێنێـت، باشـتر وایـە کەسـێکی یاسـایی بکرێتـە بـەرپرس، چونکـە ئیخـوان کێشـەی زۆرە، چـاکتریش وایـە پەیوەندیشـی لەگـەڵ کۆشـکدا بـاش بێـت، تـا دووبـارە تووشـی نەهامـەتی نەبینەوە، مامۆستا ساڵح بۆ ئەوە ناگونجێت، لەبـەر ئـەوە بـا مامۆسـتا هـوزەیبی بهێنین، بۆچوونم سـەبارەت بە مامۆسـتا هـوزەیبی ئـەوە بـوو پیـاوێکی باشـە و چاکەی تێدایە، بەڵام کێشـەکە کێشـەی کەسێتی نییە، بەڵکو کێشـە ئـەو کەسـانەی دەوروبەریەتی، ئەو ڕاوێژکارە، سرووشتی قازی و ڕاویژکـاران وایـە بێدەنگن، لەوانەیـە سرووشـتی خـۆی وا بێـدەنگ بێـت، دادگـاش وای پێویسـت کردبێـت بێـدەنگ بێـت، مـاوەی بانگـەوازیش لـەڕۆژگاری دەسـتپێکردنیدا پێویسـتی بـە قسەکەر هەبوو، لەوانەیە کارەکە بەڕاستی پێویستی بەدادوەرێک بێت.

بـەڵام کاروبارەکـان دابەشـبوونی لـەنێو جەماعـەدا درووسـت کـرد، هۆکـاری ئەم دابەشبوونە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کەسانەی لەنۆکەند لەجەنگدا بوون و

ئەو گرووپانەی ناویان (النظام الخاص) بوو، ئەوانە گرنگترین دەستەی نێو جەماعەی ئیخوان بوون، دەگوترێ: کەلێن کەوتووەتە نێوان ئەوان و ئەندامانی دیکەی وەک ئێمە، کە دەردەکەوتین و تەنها بەئارەزووی خۆمان قسەمان دەکرد، کەلێنەکەش لە ڕاستیدا کەوتبووە نێوان ژمارەیەک لەو ئیخوانانەی لە نیزامی تایبەتدا کاریان دەکرد، لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیانوویست مامۆستا هوزەیبی بهێنن، ئاگاداری ئەوە نەبووم، تا ئەوەی لەڕەمەزاندا ڕۆژانی سێشەمە، کە لەماڵی مامۆستا ساڵح عشماوی بەشتین و نوێژی تەراویحمان دەکردو بەردەوام وانەمان لەوێ دەوتەوە، هەتا پێمان وترا: ئیخوان بۆ بەربژێرکردنی مامۆستا هوزەیبی کۆدەبنەوەو باشترە وایە ئێوەش بێن، بینیمان هیچ پێویست بەدابەشبوون ناکات، ئەگەر برایان بیانەوێت کەسێک لە برایان بهێنن با بیهێنن، ڕێگرییەکی تایبەتیم نییە، من ئەو قسەی هەمبوو کردم، کە ئەو لێهاتوویانەی پێویستە لەڕابەردا هەبێت بەسەر سێ کەسدا دابەش بکرێت، ئەو قسەیەم ڕەتکرایەوەو هەندێک مشتومڕ لەنێوان من و چەند کەسێکدا درووست بوو، چونکە مامۆستا هوزەیبی هەمیشە پێی دەوترا (بیە) و ئەوسا لەمیسردا نازناو زۆر باوبوو، ڕۆژێکیان وتم: مستەفا عەبدولڕەزاق کاتێ هات بۆ ئەزهەر نازناوەکەی پاشا بوو، دواتر نازناوەکەی گۆڕا و بووە شێخی ئەزهەر، نازناوە ئایینییەکان نازناوە مەدەنییەکانی تر دەسڕێتەوەو نایهێڵێت، جا داوا دەکەم وشەی (بیە) بەکار مەهێنن، بەڵام وا دیار بوو قسەکەم بووبووە مایەی تووڕەبوونی هەندێک کەس، ئەوەم لەسەر کەوت، بەڵام چی ئەبێ بابێت.

پاش ئەوە بەشێوەیەک لەکۆدەنگی مامۆستا هوزەیبی هێنرا، چونکە ئەوانەی ڕەتیان کردەوە دیار نەمان یان بێدەنگ بوون، مامۆستا هوزەیبیمان بەشێوەیەک لەکۆدەنگی هەڵبژارد، مەکتەبی ئیرشادی نوێ دامەزرا، وا دەزانم من لەنێو بەربژێرەکانیدا یەکەم یان دووەم دەنگ بووم بەتەواوی لەیادم نییە، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو لەگەڵ ئەوەی هەندێک لەئیخوان لێم نیگەران بووبوون، بەڵام ئەوەی ڕۆژێک لەڕۆژان لەناو جەماعەدا لەخاڵەکانی ڕامان لەوڵات هەمبووە بۆ دوورخستنەوەی کەسێتی ئیخوان و پاراستنی،

ئەمانە لەلایەن ئیخوانەکانەوە لەیاد نەکرابوون، بۆیە وەک ئەندامی مەکتەبی ئیرشاد هەڵبژێردرام و دەست بەکاربووین، من یەکێک بووم لەوانەی قین لەدڵ بوون بەرانبەر کۆشکی پاشایەتی و یەکێک بووم لەوانەی لەحکومەتی کەمینەو وەفدی میسری بێزار بوون، ئەمە حەقیقەتێکەو دەبێت دانی پێدا بنێین، ئەو حزبی شەعب بوو، لەهەر هەڵبژاردنێکدا ئیدی سەعد زەغلول بێت یان مستەفا نەحاس لەهەموو بازنەکاندا براوە دەبوون، ئەمەش ڕاستیەکەو هەمووان دەیزانن، من بۆ خۆم یەکێک بووم لەو کەسانەی ڕقم لەتەزویری هەڵبژاردنەکان بوو، لەبەر ئەوە ئەگەر محەمەد مەحمود پاشا، یان مەحمود فەهمی نەقراشی، یان سدقی پاشا بچوونایەتە هەڵبژادنەکانەوە، ئەوا هەردەبوو تەزویر بکرێت.

لەوانەیە بەوە تۆمەتبار کرابم، کە ڕقم لەکاری ناڕێکە، بەڕاستیش هەتا لەڕۆژانی مامۆستا بەنناشدا باسی ئەوەم کردوەو وتوومە ئەو شێوازە شەڕکردنەی ئیخوان لەجەنگی شوراو هەڵبژاردنە ساختە یان ڕاستەکاندا دەیکات من لێی تێناگەم و دەستم کرد بەنووسین لەوبارەیەوە، مامۆستا ساڵح هەندێک جار ڕێگری دەکرد، بەڵام مامۆستا حەسەن بەننا پێی وت: ئەوەی شێخ غەزالی دەینووسێت با لەدژی جەماعەی ئیخوانیش بێت، بڵاو دەکرێتەوە، ئەمە قسەی ڕاشکاوی مامۆستا بەننا بوو بۆی، منیش ئەدەب و شەرمم هەبوو، ناکرێت ڕەخنە لەجەماعە بگرم، بەڵام لەبارەی فیکری خۆمەوە دەمنووسی و دەمووت وایدەبینم، وام پێباشە و کەسانی تر وایدەبینن، وا ڕوویدا کە مەلیک فاروق داوای بینینی مامۆستا هوزەیبی کرد، مامۆستا هوزەیبی پاش کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند دیدارێکی باش بووە لەگەڵ مەلیکێکی بەڕێزدا، من لەو لێدوانە زۆر ناڕەحەت بووم و وتم: نە مەلیک بەڕێزەو نە ئەو دیدارە چاک بووە، باشە ئەم فاروقە چییە، دیارە لەلایەنی فەرمییەوە ئەو قسەیەی من هەڵەیە، لەڕووی سیاسیشەوە هەڵەیە بەهۆی ئەوەی ئوممەت شێوەی فەرمڕەوایەتی پاشایەتی پەیڕەو دەکات هەربۆیە قسەکانی من بێ مانان، وەک ئەمانەتێکیش پاش ئەوە زانیم دیدارەکە توند بووە، ئەمەش بۆ مامۆستا هوزەیبی حساب دەکرێت، ئەو قسانەی بۆ ئەوە کرد تا ئەو قسە توندانەی

کەوتووەتە نێوان ئەو و مەلیک پەردەپۆش بکات، بەڵام من پاش چەندین ساڵ ئەوەم زانی، بەهەرحاڵ ئەوە ڕوویدا، ئەوەی لەمنەوە بووبێت یاخود پەیوەندی بەمنەوە بووبێت باسی دەکەم، شتێک ڕوویدا وایکرد نێوانی من و مامۆستا هوزەیبی ساردی تێبکەوێت، وام بیردەکردەوە ئاراستەی هەموو ئیخوان لەگەڵ مامۆستا هوزەیبیدایە، منیش لەگەڵ ئەو ئاراستەیەدا بووم و ئەگەر ئەو قسانەم نەکردایە، لەدڵی خۆمدا وتم لەو کەشە دوور بکەومەوەو بچم بۆ شوێنێکی تر، کە دەڕۆم با پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا هوزەیبی باش بێت، چووم بۆ لای و وەک ڕاستکردنەوەو پۆزش لەوەی بەهەڵە لێم تێگەیشتبێت قسەم بۆ کرد، ئەویش وەک قازی گوێی لێ گرتبووم، هیچی نەووت، تەنها گوێی گرت وەک ئەوەی کارەکە تەواو بووبێت، ئەمە یەک کاتژمێر بەر لەکۆبوونەوەی مەکتەبی ئیرشاد بوو، دانیشتنەکە دەستی پێکرد، یەکێک لەو ئیخوانانەی کەوا ناسرابوون ئەوان لەبەربژێرکردنی مامۆستا هوزەیبیدا دەستپێشخەر بوون و لەهاوڕێکانی ئەو و حزبەکەی –ئەگەر دەربڕینەکە درووست بێت– بوون، وتی: بانگەواز ناکرێت بەو شێوازە بکرێت لەکاتێکدا کە ئێمە لەسەر گوێڕایەڵی و ملەکەچبوون ڕاهاتوین و قبووڵ ناکرێت کەس لەوە دەربچێت و پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر ئەوەی ڕوویداوە، منیش بەسادەییەوە وتم بەڵێ ئەگەر شتێ ڕوویدابێت شایانی لێکۆڵینەوە بێت پێویستە لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، تا ڕەوا لەناڕەوا و هەڵە لەڕاستی جیا بکرێتەوەو پێگەی مامۆستای ڕابەر جەختی لەسەر بکرێتەوە، مامۆستا هوزەیبی لەسەرەتاوە ڕێگر بوو وتی، واز لەوە بێنن، من دەستم لێ هەڵگرتووە، پێی وت: ئەوە مافێکی کەسی تایبەت بەخۆت نییە تا دەستی لێ هەڵبگریت، بەڵکۆ مافی جەماعەیە، وتی: باشە مادام مافی جەماعەیە وەریبگرنەوە، وترا: شێخ غەزالی لەگۆڤاری (الدعوة)دا قسەی بەمامۆستا هوزەیبی وتووە، منیش بەشێوەیەک سەیرم کردن کەبێئاگایی و سەسوڕمانی تێدا بێت و وتم: باسی من ئەکەن؟! وتیان: بەڵێ باسی تۆ ئەکەین، وتم: من لەدژی مامۆستا هوزەیبی نووسیوومە؟ وتیان: بەڵێ، وتم: ئەو قسانەم لەکوێیە؟ وتیان: وتارەکەت لەم ژمارەیە بڵاوبووەتەوە، وتم: من هیچم نەنووسیووەو ئاگام لەهیچ نییە، بەشێوازێک سەرکۆنەی تێدا بێت سەیرێکی

مامۆستا هوزەیبیم کرد، وەک ئەوەی پێی بڵێم من لای تۆ بووم داوای لێبووردنم لێکردیت لەسەر ئەو بۆچوونەم، ئەوە هەڵوێستێکی نەیارانەم بووەو ئاماژەم بەهیچ شتێکی وا نەداوە، نەیاریتی شتێکەو قسە پێ وتن شتێکی تر، پێیان وتم: ئیخوان دیراسەی بابەتەکە دەکەن و ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکەیان هێنا و دەستیان کرد بەخوێندنەوەی وتارەکە، وتم: من ئەوەم نەنووسیوەو واژۆی منی لەسەر نییە، وتیان: تۆ واژۆی لەسەر ناکەیت بەڵام تۆ دەینووسیت، وتم: نەمنووسیووە، لەمامۆستا ساڵحم پرسی: کێ ئەو وتارەی نووسیووە؟ وتی: ئەوە نهێنی کارە. پێم وت: لەمەدا نهێنی کار بوونی نییە پێویستە بزانرێت کێ نووسیوویەتی، دەرکەوت مامۆستا ئەحمەد عەبدولعەزیز نووسیویەتی، کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرەو باشترینی ئیخوانەکان بوو، بۆچوونی خۆی لەسەر مامۆستا هوزەیبی و دژی سیاسەتەکەی نووسیووە، پاش ئەوەی دەرکەوت هیچ پەیوەندییەکم بەو کارەوە نییە، چاوەڕوان بووم داوای لێبوردنم لێ بکەن و بڵێن ئێمە هەڵەبووین کە گومانمان وابوو تۆ ئەوەت نووسیووە، بەڵام تۆ هیچ پەیوەندیت بەو نووسینەوە نییە، بەداخەوە هیچیان نەووت، وەک ئەوەی سووکایەتی پێکردنم شتێکی ئاسایی بێت و بوهتان کردن بۆم ئاسایی بێت.

چووم بۆ سعودیە، خۆمم تەنها کرد و ڕووم کردە پەروەردگارم و دەستم بەموناجات کرد، هەستم بەچێژی موناجات دەکرد، ئەوکاتەی لەشاری مەدینە بووم دوو کتێبم نووسی: یەکەمیان (خلق المسلم)، بیرم لەوە کردەوە لەبارەی ژیاننامەی پێغەمبەر بنووسم، بەڵام خۆم بەکەم هاتە بەرچاو و وتم: من کێم تا لەبارەی پێغەمبەرەوە (درووودی خوای لەسەر) بنووسم، بۆیە لەبارەی ڕەوشتم نووسی، وەک جۆرێک لەپەروەردەی دەروونی، پشتم بەخوای گەورە بەست و دەستم کرد بە نووسینی، ژیاننامەی پێغەمبەرم نووسی و ئەو ماوەیەی لەمەدینە بووم ئەو دوو کتێبەم نووسی، پاشان جارێکی تر گەڕامەوە بۆ قاهیرە، بەڵام لەراستیدا نەیارەکانم لەیادیان نەکردبووم و بەبوونم نیگەران بوون، لەوانەیە لەو نیگەرانییەیان لێم پاساوێکیان هەبووبێت، چونکە من زۆر ڕاشکاو بووم، لەوانەیە شتێ لەفیقه یان عیلمم هەبووبێت، بەڵام لەوە بێتاقەت

نـەدەبووم، خـەڵکیش دەهـاتن و داوایـان لـەمن دەکـردو منیش گـوێم بـەفلان و فیسار نەدەدا، گوێم بەوە نەدەدا کێی پێی خۆشە یان کێ پێی ناخۆشە، ئەمـەش لەگەڵ سرووشتی کەسێکدا نـەدەگونجا کە ئەندامی جەماعـە بێت، مـن ئەندامی مەکتـەبی ئیرشـاد بـووم و وەک جـاران گەڕامـەوە بـۆ ئەنـدامێتی، بـەڵام مـن دابڕابووم و کـەلێنی نێوان مـن و مامۆسـتا هـوزەیبی زۆر فراون بووبـوو، یـان بەدەربڕینێکی وردتر لەنێوان نیزامی تایبـەت و مامۆسـتا هـوزەیبی و دەسـەڵاتی مامۆسـتا هـوزەیبی، بـەهۆی بیرۆکەیەکـەوە کـەجۆرێک ڕێـزی تێدایـە، ئەوانـە دەیانەوێت لەپێناوی خوادا لەقەنات یان قیتـاع بمـرن، بـەڵام دەشـکرێت لـەپێناوی خوادا بژین، ئەمە قسـەیەکی باشـە، بەڵام مردن لەقەنات و لـەجیهادکردن لـەدژی ئینگلیزەکان و لەفەڵەستین، جیهاد حەقـە، بـەڵام پێویسـتی بەئامادەسـازی هەیـە، لـەو کاتـەدا میسـر یـان ئیخـوان هـەتا توانـای بەرەنگاربوونـەوەی ئینگلیـز یـان جوولەکـەشیان نـەبوو، بـەو هۆیـەوە بیرۆکـەی کشـانەوە نـەک هـەڵهاتن سـەری هەڵـدا، بـەڵام بـۆ ئامادەسـازی و وەک جۆرێـک لەسیاسـەتی بانگـەواز، ئەمـە قسـەیەکەو دەکرێت و هیچ ناڕەحەتییـەکی تێدا نییـە، بـەڵام هەندێک کـەس بـەوە ناڕەحەت دەبوون و دەیانوویست شـەڕەکە بەردەوام بێت.

پاشان لەگەڵ سەرکەوتنی شـۆڕشـی (١٩٥٢ز) کـە گومـانی تێدا نییـە ئیخـوان لەپشت ئـەو شـۆڕشـەوە بـوو کێشـەکان زیـادی دەکـرد، ڕێکخسـتنی ئەفسـەرانی ئازادیخواز (ضباط الاحرار) بەچاکی جەماعـەی ئیخوانیـان قۆسـتبوەوەو لـەدژی مەلیک هانیان دەدان، ڕێکخستنی ئیخوانی بەگوێرەی ئامادەسازییە نوێیەکە یان سیاسەتە نوێیەکەی ئیخوان بەشێوەیەک بـوو هـیچ کارێکی ئـەرێنی نـە لەقـەنات نە لەفەڵەستین نە لەنێو سـوپادا ئـەنجام نـەدات، جـەمال عەبدولناصـر سـەرۆکی ئەفسـەرانی ئـازادیخواز بـوو، لەهـەمان کاتـدا سـەردانی مەڵبەنـدی گشـتی ئیخوانیشـی دەکـردو بەیعەتیشـی دابـوو بـە سـەید سـابق وەک نوێنـەری ڕابـەر، ئـەو یـەکێک بـوو لەئەنـدامانی ئیخـوان و لـە نیزامـی تایبـەت (النظـام الخـاص)دا لەگەڵ سندی و کەسانی دیکـەدا بـوو، کاتێ چـووە سـەر گـۆڕی مامۆسـتا بـەننا وتی: ئێمە لەسـەر بەڵێنی خۆمانین و وەک هێمایەک لـەنێوان دوو شمشـێرەکەدا مایـەوە کـە لۆگـۆی ئیخـوان بـوو، بـەڵام مامۆسـتا هـوزەیبی لەگـەڵ هەڵوێسـتی

ئیخواندا نەبوو، ئەفسەرانی ئازادیخواز توانیان یەکلایەنە کاربکەن و بیرۆکەکە وەربگرن وەک ئەوەی بەرهەمەکەیان لەئیخوان بردبێت، بەهەرحاڵ هەندێک لەخەڵکی بەهۆی ئەو نەرێنییانەی ڕوویدا لێمان نیگەران بوون، هەندێکی تریش وتیان: لەسەر ڕێگای خۆمان بەردەوامین چی دەبێت با ببێت، هەرچۆنێک بێت مامۆستا هوزەیبی لەسەرەتای کارەکەیەوە وەک بێلایەن دەستی پێکرد لەئاست شۆڕشگێڕەکان، بەڵام مەکتەبی ئیرشاد کۆبوونەوەو بڕیاری پشتیوانیکردنی شۆڕشیان دا، بگرە مەکتەبی ئیرشاد لەکۆبوونەوە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی دەستووری (٢٣ی یۆلیۆ) هەڵوەشێنرایەوە، لەو ڕۆژەدا تەنها یەک دەنگ لەدژی هەڵوەشاندنەوەی بوو، وتی: برایان دەستووری (٢٣ی یۆلیۆ) بەرکاربووەو سوودمان لێ وەرگرتووە و نابێت دەستوور هەڵبوەشێنرێتەوە و گەل بەبێ دەستوور بمێنێتەوە، چونکە فەرمانڕەوایی دەبێتە سەربازیی، مامۆستا عەبدولقادر عودە -بەڕەحمەت بێت- پیاوێکی زۆر ئیماندار بوو، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر گومانی باشی بەشۆڕشگێڕەکان هەبوو، بەگاڵتەوە پێی وتین: ئێوە دەستووری نوێ دادەنێن، نەماندەزانی کە دەکوژرێین.

بەهەرحاڵ لەو ماوەیەدا شتێک ڕوویدا وەک ئێستا ڕوویدابێت لەیادمە، دکتۆر حەسەن سلێمان –بەڕەحمەت بێت- ئەندامی لیژنەی دامەزراندن بوو هات، یەکێک لەچاکترین کەسەکانی نێو ئیخوان بوو، پێی وتم: ئیخوان بەخراپی دابەش دەبن و ڕەوشەکە ناهەموارە و نیزامی تایبەت لەدژی رابەرن، پێم گەیشتووە لەمەڵبەندی گشتی کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدرێت، هەر لەمەڵبەندی گشتی مانگرتنێک دەکرێت تا ئەو کاتەی بوونی مامۆستا هوزەیبی یەکلا دەکرێتەوە، باشتر وایە بۆت لە پێناوی بەرژەوەندی بانگەوازدا قسەیەکی تێدا بکەیت، منیش وەک کەسێکی بێلایەن ڕۆشتم، چونکە ڕۆژێک لەڕۆژان لەنیزامی تایبەت نەبووم، ئەوەی باس دەکرا لێیانم بیست و بردم بۆ لای مامۆستا هوزەیبی لەماڵەکەی، خۆی نەهات بمبینێت بەڵکو ئەو کۆمەڵەی لەگەڵی بوون و پشتیوانیان دەکرد لەگەڵم دانیشتن و پێیان وتم: تۆ واباشترە بۆت دوور بکەویتەوە، چونکە هیچ پەیوەندیت بەوەوە نییە، منیش چوومەوە ماڵ، مانگرتنەکە ڕوویداو بەردەوام بوو، پاشان لەناکاو بانگکرام بۆ لێپێچینەوە، وا

دانرابوو کەمن لەپشت ئەو مانگرتنەوەم کە لەمەڵبەندی گشتی دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا من هەڵوێستێکی بێلایەنانەنم هەبوو، هیچ پەیوەندییەکم بەوەوە نەبوو، من حەزم بەخەڵک کۆکردنەوەو کارکردن لەتاریکیدا نییە، قسە بەیەک وتن لەنێوان من و ئەوانەدا ڕوویدا، کە قسەیان لەگەڵ دەکردم و وتم: ئەمە تۆمەتبار کردنێکە زۆر پێی ناڕەحەتم و درووست نییە.

بۆ ئەوەی ئەندامێک لەدەستە یان ئەندامێکی ئەنجومەنی ئیرشاد دەربکرێت، پێویستە دەستەی دامەزراندن کۆ ببێتەوە، دەستە کۆبوویەوە و مامۆستا هوزەیبی لەشتێک دەترسا یان ئەوانەی کە لەدەوروبەری بوون پێیان وتبوو: غەزالی لەنیزامی تایبەتەو پێویستە دەربکرێت لەمەکتەبی ئیرشاد و لەدەستەدا خەڵک و لایەنگری هەیە لەبەر ئەوە ئەگەر هەڵبژاردن بەنهێنی بکرێت ئەوا دەردەکرێت، ئەویش ڕازی نەبووبوو بەنهێنی بکرێت و سوور بوو لەسەر ئەوەی ڕاشکاوانەو ئاشکرا بێت، ئەوە بوو من و سێ کەس لەئیخوان دەرکراین، کە بڕیاری دەرکردنەکەم دەرچوو چوومە دەرەوە، یەکێک لە ئەندامە زۆر حزبییەکان کە لەدژم بوو پێم گەیشت و وتی: ئەگەر قسە بکەیت سەرت دەبڕین، منیش بەگاڵتەجاڕییەوە پێم وت: ئەی بۆ سەربازە ڕەشەکەتان سەرنەبڕی؟ من قسەی خۆم دەکەم و چوومە دەرەوەو دەمووت: سوبحانەڵلا ئەوانەی لەپێشینەن لەبانگەوازدا دەردەکرێن لێی و ئەوانەی تازە هاتوون تێیدا دەمێننەوەو هەستم بەسەرسوڕان دەکرد، لە ڕاستیدا بڕیارەکە زۆر دوور بوو لەقوولایی ناخم، چونکە چاوەڕوان نەبووم ئەوە ڕووبدات، پاش ئەوەی لەگەڵ مامۆستا هوزەیبیدا پێکهاتمەوە زانیم هەندێک لەبرایان لەپشت ئەوەوە بوون، بەهەرحاڵ ئەوە مێژوویەکەو تێپەڕیووە، باسکردنی جێگەی داخە بەڵام ئەوەی پاش چەند ڕۆژێک لەبڕیاری دەرکردنم ڕوویدا دەرچوونی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی جەماعەی ئیخوان موسلمین بوو، ئەندامانی ئیخوان دەستگیر کران، من و ئەو سێ کەسەی تر کە دەرکراین دەستگیرنەکراین، نەهامەتیەکە بەو هەڵوەشاندنەوەیە کۆتایی هات و جەماعەی ئیخوان هەڵوەشایەوە.

لە ڕاستیدا ناخۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بەسەر برد، چونکە ئیخوان فەسڵیان کردبووم، لەنێوان من و ئەواندا تووڕەیی هەبوو، باشە من چی بکەم،

لەکاتێکدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیان دەرچووە، بەڵام من لەناخی خۆمدا بڕیارم وایە بانگخوازم و بەجۆرێک لەبەرەنگاربوونەوەوە وتم من لەئیخوان نیم بەڵام ئیخوان لەمنن، من پێگەیەنەری ژمارەیەکی زۆریان بووم، من کەسێکم کار بۆ ئیسلام دەکەم و لەخزمەتیام، بڕیارمدا بچمە ئەزهەرو لەوێ کاربکەم، یەکەمین وتاریش نووسیم بەناونیشانی (ویل للإسلام من المحترفين القدامى ومن الهواة الجدد) بوو، ئیدی بەتەنها ڕێگای خۆم گرت و هەستم کرد پێویستە گیانی ژیانەوە بەبەر کێشەی فەڵەستین و جیهاد لەدژی ئینگلیز و مانەوەی ئیسلامدا بکەم با ڕێکخستنێکی تایبەتیش بۆ ئەمە نەبێت، با بمینێتەوەو با ئوممەتەکەمان هەمووی ئەو ڕێکخستنە بێت کە من تێیدا کار دەکەم، لەسەر ئەو ڕێگایە ڕۆیشتم و بەئەندامی یەکێتی نەتەوەیی هەڵیان بژاردم، بۆ ماوەی نۆ ساڵ وەک وتاربێژ لە ئەزهەر مامەوە، بۆ هەر شوێنێک بچوومایە نوێنەرایەتی ئیسلامم دەکرد، ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان من و ڕۆژنامەی ئەهرامدا ڕوویدا، لە ڕاستیدا ئەوان هاتن بەگژمدا، لەکۆبوونەوەیەکدا بەگژ جەمال عەبدولناصرو ئەنوەر ساداتدا چوومەوە، لە ڕاستیدا مامۆستا کەمال حسین لەگەڵمدا بوو، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بەپەیماننامەکە نووسی تا پەیماننامەکە بکاتە ئیسلامی، بەڵام ڕاپۆرتەکەی وەرنەگیرا و من هاندەری ئەو ڕاپۆرتە بووم و هەندێ لەو خاڵانەی تێیدا هاتبوون ڕوونم کردەوە، قاهیرە لەو ڕۆژگارەدا تەنها لەڕێگەی ئەزهەرەوە بواری قسەکردن تێیدا هەبوو، من کە لەمزگەوتی ئەزهەر وتارم دەدا، بانگەشەم بۆ لای ئیسلام دەکرد، هیچ کەس نەیدەتوانی بڵێت من ئەندامی ئیخوانم، چونکە دەرکرابووم، ئیتر ئەبێ چی بڵێن لەبارەمەوە؟

**د. جەمال عەتییە:** ئەگەر دەرکرانت لە ئیخوان لەساڵی (١٩٤٨ز) واتە پاش کوژرانی مامۆستا بەننا، یان پێشی ئەوە وەک نەهامەتییەک بێت، بەڵام باشێتی خۆی هەبووە، هەر وەک بەڕێزتان باستان کرد، بەڵام ئایا ئەم چارەسەرەی دووەم و ئەو ناکۆکییە ناوخۆییانەی پێشتر هەبوو ئاشوب بوون، ئایا ئەم ئاشوبە تەواو ناوخۆیی بوو، یاخود دەستوەردانی دەسەڵاتدارانیشی تێدا هەبوو بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە و قۆزتنەوەی ئەو هەڵوێستە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە باوەڕ ناکەم، بەڵام من ئێستا دەڵێم ئایا بەرەنگاری جوولەکە و ئینگلیز و حکومەتە کەمینەییەکان ببینەوە، پاشان بەرەنگاری وەفدییەکان ببینەوە، وەک ئەوەی لەڕۆژانی مامۆستا حەسەن بەننا –بەڕەحمەت بێت– و پاش ئەویش لەڕۆژگاری مامۆستا هوزەیبیدا ڕوویدا، دەکرێت هەموو ئەوانە ڕوو بدات و ئەو لایەنانە دەستیان لەنێوماندا نەبێت، کەسانێک هەن وا دەزانم بە بێگومان ئەوان هۆی ئەو بەڵایانە بوون، بەڵام تەنها خوای گەورە دەیانناسێت، گومانم لەزۆر ناو هەیەو هەست دەکەم لە ناپاکییەوە نزیکن لەوەی لە ئەمەکدارییەوە نزیک بن، بەڵام ناتوانم یەکلای بکەمەوە.

**د. جومالەدین عەتییە:** بۆچوونی بەڕێزتان سەبارەت بەو هەڵوێستەی ئیخوان لەمەڕ هەڵوەشاندنەوەی دەستوور چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا هەڵەبوو، ئیخوان چەندین هەڵەیان هەیە، نیگەرانم کە دەڵێم: من ئەگەر ڕاشکاوانە بمووتایە ئیخوان هەڵەیان هەیە، ئەوا چەندین چاوم لێ سوور دەبوویەوەو چەندین ڕوو لەبەرانبەرم گرژ دەبوون، وەک ئەوەی کوفرێکم کردبێت، پێیان دەڵێم: مسوڵمانان لەڕۆژی ئوحوددا شکستیان هێنا و پێیان وترا: ئێوە هەڵەتان کرد لەبەر ئەوە چۆن دەتانەوێت خۆتان لەهەموو هەڵەیەک بەدەر بکەن... بەڵام شتێکی سەیر بوو، دەمارگیرییەکی کوێرانە لەئارادا بوو!!

**د. جەمالەدین عەتییە:** ئایا بەڕێزتان لەو گفتوگۆیەی لەسەر دەستوور لەمەکتەبی ئیرشاددا کرا لەو کەسانە بوویت لایەنگری مانەوەی دەستوور بوون یان لایەنگری ئەوانە بوویت هەڵوەشاندنەوەیان دەویست؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر، من لەو کەسانە بووم کەپشتیوانی ئازادییەکانیان دەکرد، ئێستا وا دەزانم دەستووری (٢٣ی یۆلیۆ) ئەگەر ئەو ماددەی لێ لابرایە کە بەخششێکە لەمەلیکەوە، ئەوا لەباشترینی دەستوورەکان بوو لەمێژووی میسر و جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، دەتوانرا لە سایەیدا

ویستەکانی پاشایەتی کۆت بکرێت، بەڵام ئیخوان هەڵەیان کرد، ئەوان ئەوکاتە هەڵەیان کرد کە بەگژ زۆرینەدا چوون، بەڵام بۆ ئەم هەڵەیان پاساوێک دەهێنینەوە، ئەویش بریتییە لە لەخۆباییبوونی حزبی وەفد کە وای دەبینی هەرکەس لەدژی بوەستێت ئەوا بوونی نابێت، ئەمە لەکاتێکدا ئیخوان بوونێکی ڕاستەقینەیان دوور لە وەفد هەبوو، ڕکابەرایەتی لەسەر بنکەی جەماوەری هەبوو لەنێوانیاندا، ئەو ڕەخنەیە لەسەر ئیخوان هەبوو خۆیان بێلایەن کرد لەئاست ئەو گزی و ڕاستکردنەوەیەی لەهەڵبژاردنەکاندا کراو گرنگیان پێ نەدا، لەکاتێکدا ئەوان بوونە قوربانی، ئەمە یەکێک بوو لەهەڵەکانیان، لە ڕاستیدا ئەوان پێویستیان بەشەرعزان و پیاوانی جێبەجێکاری فیقهـ هەبوو، چونکە بابەتی سەرۆکایەتی و لایەنگری، سەرۆکایەتی و توانەوە لەکەسێکدا کە هەڵبژێردراوە یان لەڕێگەی ڕێکەوتەوە دۆزراوەتەوە، ئەمە جۆرێکە لەو هۆکارانەی بووە هۆی دارمانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی لەکۆنداو دەبوو بیری لێ بکرێتەوە.

مامۆستا بەننا دانراوەکانی ڕەشید ڕەزاو فەرید وەجدی و نووسەرانی مسوڵمان و نووسەرانی نامسوڵمانیشی دەخوێندەوە، لەگەڵ ئەمەدا توانیبووی بەهەڵکردن لەگەڵیان و بلیمەتیەکەیەوە هەندێک لەوانە کۆبکاتەوە کە لەڕووی فیکرییەوە لەگەڵی نەبوون و لەگەلیان خۆی دەسازان و هیچ نارەحەتیشی تێدا نەبوو، بەڵام لەڕێکخستنی گشتی جەماعەی ئیخواندا مامۆستا بەننا بەجۆرێ سەیری دووکەسی دەکرد کە لە لێهاتوویدا تەواو وەک یەکن، یان یەکێکیان لێهاتوویی لەویتریان شتێک کەمترە، بەڵام زیاتر لەدەروونی نزیکە و لەوی تر بە چاکتری دەزانێت، ئەگەریش کەسەکەی دیکە لێهاتووتر بێت، وایدەبینی ئەمە ئیخوان لەئاشوب و لێکترازان دەپارێزێت و بەدووری دەگرێت لەشڵەژان و نارەزایەتی پارێزکارەکان و ژمارەیەک لەو پارێزکارانە هۆشی خۆی لەدەست دەداو دەیویست تەواوی ئوممەت گیرۆدەی هەندێک بۆچوونی خۆی بکات کە هیچ بنەمایەکی نییە، ئەم جۆرە بیرکردنەوە ئاییننیە لەنێو بەندیخانەکان و دەرەوەی بەندیخانەکانیشدا سەری هەڵدا.

مامۆستا بەننا سوور بوو لەسەر ئەوەی جەماعەی ئیخوان یەکگرتوو بێت، لەبەر ئەوە نزیکترین کەس لەخۆیەوە ئەوانە بوون کە لایەنگری بوون یان پشتیوانیان دەکرد، ئەمە بەو واتایە نییە ئەو تواناکانی بەهەدەر دابێت، چونکە بەهەدەردانی تواناکان تاوانە یان ناپاکییە، بەڵام مرۆڤ لەشوێنی خۆی دادەنێت و لێدەگەڕێت دوور لەبەیەکدادان لەگەڵ سیستەمی جەماعە تواناکانی بخاتە گەڕ.

**د. جەمالەدین عەتییە:** پاش ئەو ماوە زۆرەی بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕیوە، بەشێوەیەک کە لەتوانای مرۆڤدایە حوکمێکییان بەسەردا بدات کە زیاتر بابەتیانە بێت، ئایا بەڕێزتان وای دەبینن هەندێک هەڵە لە ئیخوان وەک تاک ڕوویدا، بووە هۆی ئەو ئاشووبە ناوخۆییە؟ یان پێکهاتەی ئیخوان و سەرکردایەتی ئیخوان و مەکتەبی ئیرشاد، کە لەگەڵ بوونی ئەمانەدا دەبوو ئەوە ڕووبدات، بەهۆی نەبوونی ئەو لێهاتوویەتییەی کە لەگەڵ گەورەیی قەبارەی ئیخواندا بگونجێت، کە بەوجۆرە فراوان بوبوو، نەبوونی ئەو لێهاتووییانە بووە هۆی ڕوودانی ئەو ئاشووبە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا دەکرێت بڵێم: هەردوو شتەکە بوو پێکەوە، ئێمە ڕۆڵەی میسرو ڕۆڵەی جیهانی ئیسلامیین، ئەگەر ئەندامانی مەکتەبی ئیرشاد هەندێکیان خەڵکی ئوردن و هەندێکی تریان خەڵکی سوریا بن، بەڵام هەموو ئەوانە لەو کەسانە بوون لەوکاتەدا سرووشتی جیهانی ئیسلامی بوون، ئەو سرووشتە ناڕاستەی پێویستی بەچارەسەر هەبوو، چونکە نەخۆشیەکانی جیهانی ئیسلامی هاتبوویە ناومان، دەتوانین بڵێین ئەمە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی ئیخوان لەبەرپرسەکان، هەمانبوو وای دەبینی کاروبارەکان بدرێتە دەست مامۆستای ڕابەر، هەموو کارەکان بەدەست ئەو بێت، هەشمانبوو هیچ گرنگی نەدەدا بەبۆچوونی ئەوانەی دەستەی دامەزرێنەر بوون لەدەستەکانی ترو حزبەکانی دیکە، بۆیە دەبوو بەچاکی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین، دەبوو نهێنی پێشکەوتنی شارستانیەتی هاوچەرخ و ئەو ئاسۆیانە بەسەریدا زاڵبوون بزانین، ئەو هۆکارانەش بزانین کە وایکردووە

دوابکەوین، ئەمەش بوونی نەبوو، لەوانەیە هەندێک کەس خۆیانیان خۆش بووێت، من وایدەبینم ژمارەیەک لەئیخوان تەنها بیریان لەخۆیان دەکردەوە، لەوانەیە مامۆستا هوزەیبی بۆ ئەوە هاتبێت تا کێشەی ڕق و کێنە لەنێوان ئەمینداری ئیخوان و بریکاری ئیخواندا نەهێڵێت، ئەمانە کێشەی کەسیی بوون جەماعە لەنێویدا ونبووبوو، بەهەرحاڵ پێغەمبەران کاتێ هەڵەیان دەکرد وەحی دەهات بۆیان چارەسەری دەکرد، بەڵام وەحی ڕاوەستاوە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** بەڕێزتان چۆن سەیری ئەو هەڵوێستانە دەکەن ئێستا کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیووەو بەهێمنی سەیری دەکرێت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەڵەی هاوبەش هەیە لەنێوان من و جەماعەی ئیخواندا، هەربۆیە هەرچەند ڕاشکاو بم پێویستە لەم قسەی زوهەیری کوڕی سەلما تێبگەم:

**وَمَنْ لَمْ يُصانعْ فِي أُمُورٍ كَثيرةٍ يُضَرَّسْ بأنْيابٍ ويُوطَأ بِمَنْسِمِ**

واتە: هەرکەس لەگەڵ خەڵکدا لەزۆر شتدا نەژیابێت، ئەوا دەکەوێتە بەرکەڵبەو ژێر پێ و ئازاری پێ دەگات.

هەندێ کاروبار هەیە پێویستی بە پێکەوەگونجان و لێزانی هەیە، لەوانەیە من لەو دوو شتەدا باش نەبووبم، ئەمەش وایکردبێت من بۆ ئەوە باش نەبم ببمە کەسێکی سیاسی لەکاتێکدا من کەسێکم بۆ ئیسلام دەنووسم و بانگەوازی خەڵک دەکەم بۆلای، هەر بۆیە هەرچەند ڕاشکاو بووبم ئەوا با ئەوە هەڵەیەکم بێت لەنووسینەکانمدا، بەڵام مادام من لەگەڵ جەماعەدام دەبێت لەگەڵیدا بەرگەی ئەو بڕیارانە بگرم کە ویستی زۆرینەی لەسەرە و من ڕەتی دەکەمەوە، دەبوو بەرگەی ئەو هەڵەیە بگرم لەگەڵیان چونکە من تاکێکم لەو کۆمەڵەیە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** ئایا پاش ئەوە بەڕێزتان وەک جەماعە یان ڕێکخراو پەیوەندیت کردەوە پێیانەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ، پاش ئەوەی مامۆستا هوزەیبی لەبەندیخانە ئازاد کرا، هەمووان دەیانزانی من کەسی یەکەمم لەبواری بانگەوازدا کە بەرگری لەدەستگیرکراوان دەکەم، لەدژی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیە کار دەکەم کە تووشی ئەوان دەبێت، ئەوەندەی پێم بکرێت دڵنەواییان دەکەم و داوای هاوسۆزی دەکەم لەگەڵیان و لەدژی فەرمانڕەوا دەجولێمەوە و ئابڕووی دەبەم و بوێرانە قسەی خۆم لەوبارەیەوە دەکەم، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئیخوانەکاندا خرامە بەندیخانەی (طرە)، ئیخوانەکان ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوت کە ستەمیان **لێکرد**ووم کەدەریان کردم، منیش برام بۆلایان، پاشان جارێکی تر ئازاد کرامەوە، کاتێ مامۆستا هوزەیبی لەبەندیخانە ئازاد کرا چووم بۆلای، ئەوکەسەی بردمی بۆلای مامۆستا مەتراوی بوو –بەڕەحمەت بێت– ئەو یەکێک بوو لەباشترین کەسەکانی ناو ئیخوان و پێی وتم: چۆن مامۆستا هوزەیبی ئازاد دەکرێت و تۆ ناچیت بۆلای؟ وتم: ترسام بڵێن: من بەرگریم **لێکرد**ووە، گرنگ ئەوەیە من بەرگریم **لێکرد**و چووم و دەستم خستە ناودەستییەوەو وتم: هاریکاری یەک دەبین لەکارکردن بۆ ئیسلام، بەڕاستیش ئەو لەئاستی گومان باشی مندا بوو، بگرە زیاتر لەوەی پێشبینیم دەکرد ڕێزو مەرحەمەتی نواند و پێی وتم: دەرکردنەکەت هەڵەی تێدا بووە، هەندێک لەنێو بەندیخانەدا تێدەکۆشا، هەندێکی تر لەدەرەوەی بەندیخانە تێدەکۆشا، ئێستا بەویستی خوای گەورە بۆ خزمەتکردنی ئیسلام دەگەڕێینەوە ناو کار.

**د. جەمالەدین عەتییە:** سوپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە چاکە تا گۆیمان لەیادەوەرییە گرنگەکانی بەڕێزتان بێت.



## بەشی حەوتەم:

## شێخ محەمەد غەزالی و بیری ئابووریی هاوچەرخ

گفتوگۆکار: د. ڕەفعەت ئەلعەوەزی

**د. محەمەد کەمال ئیمام:**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، برایانی باوەڕداری بەڕێز! سڵاو و ڕەحمەت و بەرکەتی خوای گەورەتان لێ بێت، شێخ محەمەد غەزالی لەمیانی ئەڵقەکانی پێشتردا باسی لەیادەورەییە بەپیتەکانی ژیانی بەرزی خۆی بۆ کردین، خوای گەورە تەمەن درێژی بکات، لەسەر زۆر بابەت قسەی کردووەو بۆچوونی هەمەجۆر و ڕووداوگەلی گرنگی باسکرد، لەم ئەڵقەیەدا باس لەفیکریی ئابووری لە دانراوەکانی بەڕێزیاندا دەکەین، گفتوگۆکار دکتۆر ڕەفعەت ئەلعەوەزی -مامۆستای ئابووری لەزانکۆی ئەزهەر-ە.

**د. ڕەفعەت ئەلعەوەزی:** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان و سەڵات و سەلام لەسەر بەڕێزترینی نێردراوان گەورەمان محەمەد -دروودی خوای لەسەر بێت-، زۆر خۆشحاڵین بەدیداری بەڕێز شێخ محەمەد غەزالی دەگەم، خۆشحاڵییەکەم زیاترە کە دەرفەتم بۆ ڕەخساوە ئەم گفتوگۆیەی سەبارەت بەبابەتێک لەگەڵیدا ئەنجام بدەم کە یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی ڕووبەڕووی جیهانی ئیسلامیمان بووەتەوە.

مامۆستای گەورەمان! یەکەمین کتێبی بەڕێزتان بەناونیشانی (الاسلام والاوضاع الاقتصادیة)بوو، دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم کتێبی (الاسلام والمناهج الاشتراکیة)تان چاپکرد، مۆڵەتم بدەن هەڵوەستەیەکی مەنهەجیی تێدا بکەین.

بەجۆرێک کە ئابووریی ئیسلامی ئێستا لەسەر گفتوگۆی نێوان دوو گرووپ ڕاوەستاوە، گرووپێکیان وای دەبینێت ناونیشانەکە پێویست بوو ئابووری ئیسلامی بە تیۆرەکانییەوە و ئەوەی پەیوەندارە پێیەوە بێت، گرووپەکەی دیکەش وایدەبینێت ڕاستەکە ئەوەیە کە: ئابووری و ئیسلام بێت، ئایا کتێبەکانی بەڕێزتان بەڵگەی پەیوەندار بەم بابەتەی هەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** دەمەوێت سەرەتا بەناوی خۆمەوە داوای لێبوردن بکەم، چونکە یەکەم کەسم بەزمانی عەرەبی لەسەر ئەم بابەتانەم نووسیووە، لەساڵانی چلەکاندا ئەوانەم نووسیووە، ئەو کتێبە لەساڵی (١٩٤٧ز) کەوتە بازاڕەوە، لەکاتێکدا من ساڵی (١٩٤٥ز) تەواوم کردبوو، قسەکردن لەسەر ئابووریی ئیسلامی لەو کاتەدا یان پاش ئەوە لەئارادا بوو، دەمویست جێگرەوەیەکی ئیسلامی بۆ ئەو فەلسەفەو مەنهەجانە بخەمەڕوو، کە دەیانوویست خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن و ئێمەش بەناوی ئیسلامەوە بەرەنگاری ببینەوە، بۆ نموونە لە کتێبی (الاسلام والاوضاع الاقتصادية)دا بەلامەوە گرنگ بوو سەرنجەکانم بۆلای بوونی چینێک لەکۆمەڵگادا ڕاکێشا، کە خۆشگوزەرانە و کاروبارەکانی بەدەستەوە گرتووەو بەتەنها خۆی وڵات لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەڕێوە دەبات و ئەمەش مەترسیدارە، بۆچی؟ چونکە ئیسلام فێری کردووم ئەو خۆشگوزەرانانە دوژمنی پەیامی پەیامبەران و دوژمنی چاکسازین: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾ [سبأ: ٣٤، ٣٥]، ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا فِيهَا وَمَا يَمْكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ [الانعام: ١٢٣]، چۆن ئەو هەستەکان لەو پێڕەدا هەڵدەگێڕمەوە کەدەمبینی ستەمکارە لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا بەشێوەیەک تەنها خزمەتی داگیرکاری جیهانی دەکات و تەنها بەلای بۆ ئوممەت هەیە، ئەمە یەک.

شتی دووەمیش ئەوەیە چینە جیاوازەکانی گەل لەباری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا جگە لەنەهامەتی هیچی لەو داگیرکارە نێوخۆییە پێ نەبڕاوە، بۆیە ئامادە نییە بۆ قوربانیدان و بەرگریکردن لەم وڵاتە، هەر وەک شاعیر وتوویەتی:

**لا أذود الطير من شجر　　　وقد بلوت المر من ثمره**

پاشان جارێکی تر چوومەتەوە سەر ئەوەی باشێتیەکان هۆکاری ئابووریی خۆیانیان هەیە، خراپێتیەکانیش هۆکاری ئابوورییان هەیە، هەربۆیە ئەو کەسەی خۆی لەسەر ئەوە ڕاهێناوە دەستی لەخوارەوە بێت ئەوا سەربەرز

نابێت، ئەوکەسی خۆی لەسەر ئەوە ڕاهێنابێت حاڵی لەناوەوە شڵەژاو بێت، ئەو ئەو شڵەژانە ناوەکییە ڕێگا بۆ داگیرکاری دەرەکی واڵا دەکات، بەم جۆرە لەلایەنی گشتییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندییان پتەوترە بەو ڕێسایانەی چاکسازییەوە کە لەسەری دامەزراوە، ئەوەی لای من بوو زیاتر بوو لەوەی تەنها بۆ ئەوە سەیری دەرەوە بکەم هەتا بەس ناونیشانەکان ببینم، بەڵکو دەمویست لەسەر ئەو بناغە ئیسلامییە چاکسازی بکەم.

**د. ڕەفعەت ئەلعەوەزی:** بەڵێ، بەڕێزتان لە کتێبەکەتاندا سەبارەت بەئابووریی ئیسلامی لەساڵی (١٩٤٥ز) ئەوەی وتووتانە بۆ ئەو کاتە شتێکی نوێ بووە، لەیادمە ساڵی (١٩٦٩ز) کاتێ قسەکردن زیاتر بەڕوونی لەبارەی ئابووریی ئیسلامییەوە دەستی پێکرد هێشتا کارەکە جێی سەرسوڕمان بوو، واتە پاش نزیکە (٢٤) ساڵ لە کتێبەکەی بەڕێزتان.

مامۆستای پێشەوا، سەبارەت بە بابەتێکی مەنهەجی دیکە مۆڵەت لەبەڕێزتان دەخوازین، کاتێ لەگەڵ خەڵکیدا باسی ئابووریی ئیسلامی دەکەین هەندێک لەپسپۆڕانی ئابووری و جگە لەوانیش زۆر کەس پێمان دەڵێن: بابەتەکانی ئابووری لەگەشەی خێرادان و یەکێک لەسرووشتەکانی شەریعەتیش ئەوەیە کە جێگیرە، ئەم بابەتە زۆر دەخرێتە بەرباس، من وتەیەک لە کتێبی (الاسلام والاوضاع الاقتصادية) بۆ بەڕێزتان باس دەکەم -خۆم زۆر سوودم لەو وتەیە وەرگرتووە- مۆڵەت لەبەڕێزتان دەخوازم کەبەو وتەیە گفتوگۆیەکی مەنهەجی دەست پێ بکەین، ئێوە کاتێ باس لەبابەتی زەکات دەکەن دەڵێن: ((ئەگەر ئێستا سەیری ژیانی ئابووری بکەین بێگومان واقیعی ئابووری و چالاکییە ئابوورییەکان، ئەو جۆرە پیشەسازییانەی کە هەن و جۆرکانی دەستمایەو سەرچاوەکانی بەتەواوەتی گۆڕاون لەوەی کەپێشتر هەبووە))، بەڕێزتان وتەیەکی تریشتان هەیە لەبارەی زەکاتەوە دەڵێن: ((ئێمە چاوەڕوان ناکەین جوتیارێک خاوەنی پێنج فەدانە داوای زەکاتی لێ بکەین و پزیشکێکیش لەڕۆژێکدا هێندەی ئەوەی جوتیارێک لەساڵێکدا دەستی دەکەوێت بەدەست دەهێنێت داوای زەکاتی لێ نەکەین))، ئەمە کێشەیەکی پڕبایەخە،

لـەڕێی ئـەم نموونـە زۆر قووڵـەی بەڕێزتانـەوە گفتوگۆکـەمان دەبەینـە سـەر ئەوەی چۆن جیهانی ئابووری گەشەسـەندوو بەشـەریعەتی ئیسـلامی چەسپاوە بەڕێوە ببەین؟

**شێخ محەمـەد غـەزالی:** سـەرەتا مـن ناڕەزایـەتیم هەیە لەسـەر دەربڕینـی شـەریعەتی ئیسـلامی جێگیـر، جێگیـری لەئامانجەکاندایـە، بـەڵام ئامرازەکـان دەگۆڕێن، من دەڵێم شورا، پێویستە هـەبێت، هـەرگیز قبووڵم نییە کاروبارەکان بەسەرکوتکردن بێت یان تەنها لەدەستی یەک کەسدا بێت و بەتـەنها حـوکمڕانی بکـات، بـەڵام شـورا چـۆن دەبێـت، شـورا تەنانـەت لـەجیهانی ئـازادی ئێسـتادا مەنهـەجی جیـاوازی هەیـە، شـورا لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا ئێسـتا دەبینی فەرمانڕەوایەتی سەرۆکایەتییەو جیاوازە لەو شورایەی لەئینگلتەرا هەیە کەحوکمڕانییـەکی پاشـایەتییە، جیایـە لـەو شـورایەی لەفەڕەنسـا هەیـەو لـەوێ سـەرۆک کۆمـار لەلایـەن خەڵکـەوە هەڵـدەبژێردرێت، جیاوازیشـە لـەئیتاڵیا کـە سـەرۆک کۆمـار لەلایـەن ئەنجومـەنی نوێنـەران و ئەنجومـەنی پیـران پێکـەوە هەڵدەبژێردرێت، شـورا ئـامرازی جیـاوازی هەیـە، بـەڵام ئامرازەکـان بـەگوێرەی سەردەمەکان دەگۆڕێن، گرنگ ئامانجەکەیە، ئـەو تـەوەرەی کـە جـەختی لەسـەر دەکەم ئەوەیە کاروبارەکان سەرکوتکارانە نەبێت.

لەلایەن داراییەوە ئاراستەیەک هەیە پێویستە هەبێت، ئـەویش دادپەروەرییـە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿دْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾ [الحديد: ٢٥]، ئەنجامـدانی دادپـەروەری لەلایـەن خەڵکەوە شـتێکی پێویسـتەو دەبێت وا بێت، ئـەو دادپەروەرییـە چـۆن بێت، ئایـا دەکرێـت چـاوەڕوانی دادپـەروەری و کێشـە و حوکمـەکانی لەژینگەیـەکی کۆچەریدا بکەین؟ ناکرێت، من لەیادمـە لەسـەر ئـەم بابەتـە وتـارێکی درێـژم بـە ناونیشانی ((زكاة لرأس المال وزكاة للدخل)) نووسـی و لـە گۆڤـاری ئیخواندا لـەو کاتـەدا بـڵاو بوویـەوە، ڕاگـری کـۆلێژ لـەو کاتـەدا کـە شـێخ محەمـەد عەبدولفـەتاح عـەنانی بـوو، کـە لەگـەورە زانایـانی مەزهـەبی مـالکی بـوو، بـانگی کـردم و پێـی وتـم: چیـت نووسـیووە؟ وتـم: مـن لـەزەکات ڕامـام، بینیم ئیسـلام

بەدوو تێڕوانین فەرزی کردووە، جارێک لەسەر سەرمایە، جارێکیش لەسەر داهات. وتی: سەرمایە چۆن؟ وتم: لەسەر زەوی کشتوکاڵی، سەیری زەوی ناکرێت بەڵکو سەیری بەروبوومەکەی دەکرێت، کە ئەویش داهاتە. لەماڵ و بازرگانی یاخود لەخراوە ڕووە گشتییەکان و هاوشێوەکانیدا، سەرمایەی جووڵاو تێیدا گرنگە، یان زەکاتی لەسەر فەرز دەکرێت، وتی: ئەمە قسەیەکی باشە، پێم وت: من ئاوا تێگەیشتووم، ئەو کەسێکی مالیکی چەقبەستوو بوو، پێی وتم: لەدەقدا ئیجتیهاد نییە، تۆ بەمە دەتەوێت ئەو کەسەی خاوەنی بێستانێکە و بەکرێ دەیداتە خەڵکی و هەزار جونەیهـ کرێی لێ دەست دەکەوێت، دەبێت زەکات لەو داهاتە دەربکات، درووست نییە... یان بۆ نموونە کەسێک خاوەنی چاپخانەیەکەو مانگانە هەزار جونەیهی لێی دەست دەکەوێت، زەکات لەو داهاتەی دەربکات، نەخێر ئەمە لای ئێمە نییە.

شتێک لەجیاڕایی لەنێوان من و ئەودا ڕوویدا، بەڵگەی ئەو لەمەدا ئەوە بوو لە پەرستشەکاندا ئیجتیهاد نییە، من پێم دەوت: تەنها ئەوانەی پەرستشن ئیجتیهادیان تێدا نییە، بەڵام ئەو پەرستشانەی گۆڕاون و پەیوەنددارن بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە ئەوا وا باشترە لەسەریان بگەینە ئەنجامێک، لەبەر ئەوە ناکۆکی کەوتە نێوان ئوممەت و تێگەیشتنی دەقیشەوە، تۆ وای دەبینیت بۆ نموونە ئەبو حەنیفە زەکات لە هەموو ئەوانەدا پێویست دەکات کە لە زەویی پەیدا دەبێت، گوڵی تیا چێنرابێت و فرۆشرابێت، تووری تیا چێنرابێت و فرۆشرابێت، لۆکەی تیا چێنرابێت و فرۆشرابێت، هەموو ئەوانە زەکاتیان لەسەرە، ئەمە لەکاتێکدا کە سێ ئیمامەکەی تر وادەبینن زەکات لە چەند جۆرێکی دیاریکراوی بەروبوومدا هەیە، قسەی حەنەفییەکان وردترەو زیاتر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵکە و زیاتر ڕەچاوی سرووشتی ئایین کراوە لەڕووی دادپەروەری و دابەشکردن و سرووشتی بابەتە ئابوورییەکەوە، چونکە ڕاشکاوانە هەندێ دەنگۆ سەبارەت بە هەڵوێستی ئیسلام لە دورگەی مەلایۆ بڵاو کراوەتەوە، کە لەوێ مەزهەبی شافیعی پەیڕەو دەکرێت، وتوویانە ئیسلام زەکات لە هەژاران وەردەگرێت و واز لەدەوڵەمەندەکان دەهێنێت، هۆکارەکەش ئەوەیە لەوێ دەوڵەمەندەکان چای و کاکاو وقاوەو درەختی

(مەتات) و شتی تر دەچێنن و بەروبوومی ئەمانەش ئاڵتونیان دەست دەخات، بەڵام لەڕووی فیقهییەوە لای شافیعییەکان زەکاتی لەسەر نییە، زەکات لەگەنم و جۆ و خورماو مێوژدا هەیە، ئەمەش قسەیەکی بێ مانایە و ناکرێت قبووڵی بکەین.

بۆ نموونە جوتیارێک ماندوو دەبێت و زەحمەت دەکێشێت و پێنج فەدان دەچێنێت و بژێوی خۆی و ماڵ و مناڵی لێ بەدەست دەهێنێت و کەمێکی لێ وەردەگرم، لەکاتێکدا خاوەنی کێڵگەکانی چای و قاوەو کاکاو بە مەلایینیان دەست دەکەوێت و هیچیان لێ وەرناگرم، هەربۆیە ڕەواتر ئەوەیە لەمەدا مەزهەبی حەنەفییەکان پەیڕەو بکرێت... لێرەدا پێم خۆشە بڵێم من بەیەک مەزهەب بەرگری لەئیسلام ناکەم و ڕازی نیم بەوەی حوکمەکانی لە یەک فیکرەوە وەربگیرێت، بەڵکو لەڕێی هەموو شەرعزانەکانیەوە سەیری شەریعەت دەکەم، هیچ ڕێگرییەم نییە بچم بۆ لای ئیبن حەزم کە دەڵێت: ((هەموو مسوڵمانێک ماڵێکی هەیە لەگەرماو سەرماو چاوی ڕێبواران بیپارێزێت و بەشی خۆیشی خۆراکی هەیە، لەسەر دەوڵەت پێویستە ئەوە دەستەبەر بکات، ئەگەر بۆی دابین نەکرد، دەجەنگێت و هەرکەس کوشتی ئەوا بکوژەکەی ستەمکار (باغی)ە))، لای ئێمە لەئیسلامدا هەندێ تیۆری ئابووریمان هەیە ئەگەر ئەوروپییەکان ئاشنای بوونایە ئەوا کارل مارکسیان تەڵاق دەداو بەنەعل دەکەوتنە سەری، وەک ئەوەی ئێستا کردیان، بەڵام کێشەکە تەسکبینییە لەخستنەڕوو و خراپ تێگەیشتنە لەفیقهدا، ئێستا دەچیتە لای پزیشکێک لەنۆرینگەکەی، هەموو مانگێک هەزار جونەیهـ یان دوو هەزار جونەیهـ داهاتی هەیە، ئایا لێی بگەڕێم زەکات نەدات و بچم بۆلای جوتیارێک کە لە ساڵێکدا داهاتی زەوییەکەی هەزار جونەیهە، ئەمە دەچێتە عەقڵەوە؟ باشە ئەگەر ئیسلام لەسەر عەقڵ ڕانەوەستابێت ئەبێت لەسەر چی بووەستێت؟

**د. ڕەفعــەت ئەلعــەوەزی:** مامۆســتای پێشــەوا، لەهــەمان چوارچێـوەی مەنهەجیدا مـن وتەیـەکی بـەڕێزتان بـەیاد دەهێنمـەوە کـە لـەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بابـەتی بەکرێدان و بەکرێچاندن(مزارعـە) وتووتانـە، چەندین فـەرموودە لەسـەر ئـەم بابەتـە هـاتووە، ئـەوەی لێرەدا دەمـەوێت قسـەی بەڕێزتانـە، کـاتێ لەمـەڕ حوکمەکـەی قسـەتان دەکـرد وتـت: (وکـل مرهـون بملابسـاتە) واتـە: (هەریەکەی بەوە پەیوەستە لێی دەکەوێتەوە).

بـەڵێ، کـاتێ پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) چـوو بـۆ مەدینـە حاڵەتەکـە دیـار بـوو، ئەنصـارییەکان زەوییـان دەچانـد، زەویەکەشـیان فـراوان بـوو، ئـەو موهاجیرانەشی پەنایان بۆ شاری مەدینە برد یان ئەوە بوو بازرگان بوون یان بێکـار بـوون. پێغەمبـەر (درووی خـوای لەسـەر) سـەیری زەویەکـەی کـرد و فەرمووی: ((من كانت له أرض فليزرعها، فإن لم يستطع أن يزرعها وعجز عنها فليمنحها أخاه المسلم ولا يؤجرها إياه)) [1]، واتـە: ((هەرکـەس لـەئێوە زەوییـەکی هەیە بابیچێنێت، ئەگەر نەیتوانی بیچێنێت و ئەوەی پێ نەدەکرا ئەوا بابیداتـە بـرا مسـوڵمانەکەی و کرێـی لـێ وەرنـەگرێت)). مـادام زەویـت هەیـە بیچێنـە، ئەگـەر ناتوانی هەمووی بچێنیت، ئەوا هێندەی لەتواناتدا هەیە بچێنەو ئەویتر بدە بـەبرا مسوڵمانەکەت بیچێنێت، بەبێ ئەوەی کرێی لـێ وەربگریت، بۆچی؟ چونکـە لـەو ڕۆژانـەدا دەوڵـەت بێدەرامـەت و نـەدار بـوو، سـەرۆکی دەوڵەتەکـەش پێغەمبـەر بوو (درووی خوای لەسەر) پێشوازی لەپەناهەندە لەهەموو لایەکی دوورگەی عەرەبییـەوە دەکـرد کـە بـەهۆی بیروباوەڕیانـەوە دەردەکـران و مـاڵ و سـامانی خۆیانیـان بەجێهێشـتبوو، ئایـا ئەوانـەی ئـاوا هـاتوون لێیـان بگـەرێت بـۆ خـاوەن زەوییـەک کرێیـەکی دیـاریکراو لەبرانبـەر کشـتوکاڵکردن بەسـەریاندا بسـەپێنیت، لێرەدا نەهامەتی تر دێتە ئارا، بچێنـەو لێبگـەڕێ بچێنێت و زەوی بەشـت دەکـات و بەشی دەکەیت، ئیتر ڕژدیبوون هیچ مانایەکی نییە.

بـەڵام کـاتێ دونیـا فراوان بـوو، وایلێهـات تـەنها بەخشـین نییـە، بـەڵکو مـافی خۆتـە بـەپارە بیچێنیـت، بـۆ ئەمـەش نموونـە هەیـە، ڕۆژێـک دەڵـێن هـەڵگرتنی

---

[1]- رواه مسلم.

گۆشتی قوربانی حەرامە، پاش ئەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگەی بەهەڵگرتن دا، درووستە بۆ زیاتر لەسێ ڕۆژ گۆشتی قوربانی هەڵبگیرێت، بەوتەی زۆرینەی ئەهلی عیلم، عەلی و ئیبن عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕێگەیان پێ نەداوە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) ڕێگریی کردووە لە هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی بۆ زیاتر لەسێ ڕۆژ، ئەوەشمان هەیە کە پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((...**ونَهَيْتُكُمْ عن لُحُومِ الأضاحِيِّ فَوْقَ ثَلاثٍ، فأمْسِكُوا ما بَدا لَكُمْ**)) (مسلم گێڕاویەتیەوە)، واتە: ((نەهیم کردبوو لێتان گۆشتی قوربانی زیاتر لەسێ ڕۆژ هەڵبگرن، بۆیە ئەوەندەی پێویستتانە هەڵیبگرن))، عائیشە –ڕەزای خوای لێ بێت– گێڕاویەتیەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((**إنَّما نَهَيْتُكُمْ للدَّافَّةِ الَّتي دَفَّتْ، فَكُلُوا وَادَّخِرُوا وَتَصَدَّقُوا**))[1]، واتە: (بۆیە نەهیم **لێکردن** بەهۆی ئەو شاڵاوەی ڕوویدا، بۆیە بخۆن و هەڵبگرن و لێی ببەخشن)، ئەحمەد دەڵێت: سەنەدی سەحیحی تێدایە، بەڵام عەلی و ئیبن عومەر ئەو ڕێگەپێدانەی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) پێیان نەگەیشتووە، گوێیان لەنەهیکردنەکە بووە و ئەوەی گوێیان لێ بووە گێڕاویانەتەوە. پێیان وتن: هەڵگرتن بەهۆی نەداری خەڵکەوە حەرام کرا، بەهۆی ئەوەی سەختی لەئارادایە ئەوا بخۆو خۆراکیش بدە بەکەسانی تر و هیچ پێویست بەهەڵگرتن ناکات، بەڵام ئێستا کێشەیەک لەئارادا نییە لەبەر ئەوە چۆنت دەوێت ئاوا هەڵبگرەوە، ئایا وەک ئەوەی هەندێک کەس دەیڵێن لێرەدا حوکمی هەڵگرتن نەسخ کراوە، نەخێر چونکە کاروبارەکان بەگوێرەی ڕەوشەکانە، ئەگەر نارەحەتی لەئارادا بوو ئەوا نابێت هەڵگرتن هەبێت، ئەگەر ڕەوش باش بوو ئەوا چۆنت پێ خۆشە هەلبگرە.

**د. ڕەفعەت ئەلعەوەزی:** بەوجۆرە دەکرێت لەئابووریی ئیسلامی تێبگەین، لەم چوارچێوەیەدا دەچینە سەربابەتێک کە هەموومانی سەرقاڵ کردووە، ئەویش بابەتی سوو (ریبا)و چۆنیەتی جێبەجێکرانیەتی، ئابووریناسان دەڵێن:

[1]- رواه النسائي في سننه.

سوو قەرزێکە دەوڵەمەند بەهەژاری دەدات، بگرە بووەتە سیستەمێکی هاریکاریکردنی بانک، بگرە بووەتە سیستەمێکی ئابووری جیهانی... کێشەیەک لەو ئاستەدا خراوەتە بەردەم عەقڵی ئیسلامی و فیکری ئیسلامی، دەخوازین ئەم بابەتە لەگەڵ بەڕێزتان تاوتوێ بکەین، تا چ ڕادەیەک توانای جووڵەمان هەیە لەچوارچێوەی حوکمی ئەم بابەتەدا؟

**شێخ محەمەد غەزالی:**

پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم کە پێویست دەکات قسەی لەسەر بکرێت، دەمەوێت سەرنجتان بۆ لای ڕاستییەکی ناخۆش و مایەیی نیگەرانی ڕابکێشم، ئەویش ڕەوشی ئوممەتی ئیسلامییە لەڕووی ئابوورییەوە، چونکە ئەم ئوممەتە ئێستا قەرز دەکات، جیهانی عەرەبی هەر وەک تۆ دەڵێیت (٢٣٠) ملیار دۆلار قەرزارە، باشە چی وای لێکردین ئاوا هەژار بین، چی وایکرد دەستمان پان بکەینەوەو قەرز بکەین؟!

من پێش ئەوەی قسە لەسەر سوو و چۆنیەتی چارەسەرکردنی بکەم، قسە لەسەر ئەمە دەکەم؟ قسە دەکەم و دەڵێم: ئوممەتی ئیسلامی هەرگیز ناپاکی لەئیسلام نەکردووە بەڵکو ناپاکی لەمرۆڤایەتی کردووە، ناپاکی لەڕەچەڵکی بۆ ئادەم کردووە، ئادەم (سەلامی خوای لێ بێت) کاتێ دابەزییە سەر زەوی بەدوو کوڕەکەی وترا: ﴿ وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾ [الاعراف:١٠]، پاشان وترا: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ﴾ [الاعراف: ١١]، ئێمە زەوی خرایە ژێر دەستمان، ئێمەی مرۆڤ کەن ەوەی ئادەمین زەوی خرایە ژێر دەستمان و پێمان وترا: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ [البقرة: ٢٩]، پێمان وترا: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا﴾ [الملک: ١٥]، بەسەریدا دەڕۆیت و بەسەریدا زاڵ دەبیت و بەرەنگاری هەرکەس دەبیتەوە کە بیەوێت دوورت بخاتەوە لەو زاڵبوونە، چونکە دەسەڵاتت بەسەریدا هەیە... ئایا ئێمەی مسوڵمان دەسەڵاتمان بەسەر زەویدا هەیە؟ ئێمە هیچ لەبارەی نهێنیەکانی زەوییەوە ئاشنا نین، ئەوەی من زانیوومە کاتێ باسی چیرۆکی

ئـادەم دەكـەم، خـوای گـەورە بـەئادەم دەفـەرموویت: پـەیامێكی تایبـەت بـۆ تـۆ هەیـە: ﴿وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا﴾ [البقـرة: ٣١]. ئـەم ناوانـە وەک ئـەوەی لـەمیانی ئایەتەكـەوە لێـی تێدەگـەین عیلمێكـە فریشـتەكانیش نـایزانن، ئـەویش زانسـتی زەوییـە، زانسـتی پێكهاتـەكان و هێـزو نهێنـی و جوڵێنـەرو هـەموو ئـەوەی ئـەم خاكە بەرهەمی دەهێنێت بەخشیوویەتی بـەئادەم، بەفریشتەكان وترا: ئایا ئێوە دەتـوانن ئـەوە بكـەن؟ ﴿قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾ [البقرة: ٣٢]، من وا دەزانـم مسـوڵمانان لەهـەمان خەسڵەتە مرۆییەكانـدا كـە مرۆڤایـەتی لەئادەمـەوە بۆیـان مایـەوە زیادەڕۆییـان كـرد، باشـە چـی وایكردووە چاومان لەئاست نەوتی ژێر زەویدا كوێر بێت هـەتا خـەڵكی تـر هـات بۆیان دەرهێنایـن؟ باشە چی وای لێكردین نەتوانین (سەدلعالی) بونیاد بنێین تـا خـەڵكی تـر هـاتن و بۆیـان بونیـاد نـاین؟ ئێمـە جێبـەجێكاربووین بـۆ ئـەو ئەندازیارەی كە هات و وتی: ((خوا بوونی نییەو ژیان ماددەیە)).

ئێمـە سـووكایەتیمان كـرد بـەئادەمی بوونمـان، كـاتێ دەستەوسـان بـووین لەتێگەیشـتنی هێزەكـانی زەوی و وەبـەرهێنان و گەشـەپێدانیان. هەنـدێک جـار لەخۆم دەپرسم و دەڵێم: ﴿هُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لَّكُم مِّنْهُ شَرَابٌ وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ تُسِيمُونَ﴾ ١٠ ﴿يُنبِتُ لَكُم بِهِ الزَّرْعَ وَالزَّيْتُونَ وَالنَّخِيلَ وَالْأَعْنَابَ وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [النحل: ١٠،١١]، و: ﴿وَعَلَامَاتٍ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ﴾ [النحـل: ١٦]، دەریـا و ئـەوەی تێیدایـە لەماسـی و هـەتا گەورەهـەكانیش كـە دەیپۆشـین، كـێ توانـای درووسـتكردنی ئەمانـە و سـوودمەندبوون لێیـانی هەیـە؟ ئـەوەی ئێسـتا توانـای هەیـە نامسـوڵمانەكانە، لەكۆنـدا ئێمـە جیهـانی یەكـەم بـووین و ئـەو ڕێنماییانـەمان لەبـەر دوو هۆكـار جێبەجێ دەكرد: یەكەمیان چونكە ئێمە مـرۆڤین و ئیسـلامیش توانـا مرۆییـەكانی تەقاندووینەتـەوەو وای لێكـردوین بجـوڵێین، هەربۆیـە ئوممـەتێكی شارسـتانی بووین، ئوممەتێكی مـەزن بـووین، دووەمیش ڕۆژێكیـان لەبارەیـەوە وتـم باڵێک لەزەوی جێگای چوار مرۆڤ دەبێتـەوە نوێژی تێدا بكـەن، پێویسـتی بـەعیلمێک

هەیە کە لەسەر زەوییەوە تا مەریخ ببێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لێ بکەن، باشە چۆن هێزەکانی زەوی ملکەچ بکەین بۆ بەرگری لەبیروباوەڕ، کاتێ دز دەمانچەیەکی هەبێت تاوانەکەی پێ دەپارێزێت و بەهۆیەوە دەتوانێت ئەنجامی بدات، باشەی ئەو کەسەی خاوەنی ئیمانە بەچی دەتوانێت باشێتی و ئەمانەت لەزەویدا بپارێزێت؟ ئەی واتای ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە چییە کە پاش باسکردنی ئاسن دەفەرموویت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ [الحديد: ٢٥]؟ ئایا لێهاتوویەتیەکە لە دروستکردنی ئاسن و بەکارهێنانی ئاسندا نییە هەتا بکرێتە خزمەتکاری حەق یان پەرژین و پارێزەرێک بۆی.

ئێمە لەڕووی مرۆییەوە ناپاکیمان لەخەسڵەتە مرۆییەکانی نێو دەمارو خوێنمان کرد، لەڕووی ئاینیشەوە ناپاکیمان لەخەسڵەتەکانی ئیسلام لەبەرگریکردن لێی و لەزەویەکەی لەبیروباوەڕەکانی و لەبەهاکانی کرد، بەوەش بووینە هەژار و دەستمان پان کردەوە، بەرلەوەی باسی سوو بکەین باس لەبنچینەکە دەکەین، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) نەیفەرمووە هەژار لەزەکات بخوات، بەڵکو فەرموویەتی: زەکات بۆ دەوڵەمەند درووست نییە، بۆیە هەرکەس بەهێز بێت، خاوەنی هەست و کەرەستەو ئەندام و بازوو بێت با کار بکات تابتوانێت بژی و زەکات تەنها بۆ بێکاری لەناکاو بێت، من وای دەبینم کە ئوممەتەکەمان لە ئابووری و گەشەپێدان یان بەرهەمهێنان یان بنەڕەتی ژیاندا باش نەبووە، باشە واتای چییە جیهانی ئەورووپی حوکمڕانی شەپۆلەکانە لەهەموو ئۆقیانووسەکاندا و من یەک کەشتیم لەسەر ئەو شەپۆلانە نییە، ڕۆڵی من لەکوێدایە؟ خوای گەورە ئەمەی بەکێ فەرمووە: ﴿اللَّهُ الَّذِي سَخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (١٢) وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [الجاثية: ١٢،١٣].

وایدەبینم کە ئوممەتی ئیسلامی زۆر زیادەڕۆیی و ناپاکی کردووە و دەبێت بزانێت هەژاری و سەرشۆڕە، داگیرکران و نەهامەتیەکانی بەهۆی دەبەنگییەکی عەقڵییەوە تووش بووە کە بەسەریدا زاڵ بووە، هەروەها بەهۆی تێگەیشتنی ئایینەوە لەکلکەکانیەوە، دەبینم هەندێ خەڵک وایدەبینێت دەستت بەر ئافرەتێک بکەوێت دەستنوێژت دەشکێ و یەکێکی تر دەڵێت: نەخێر دەستنوێژ ناشکێنێت، کێشەکە دەگاتە ئەنجومەنی ئاسایش. باشە هەموو ئەمە لەسەر شتێکی بێمانا بۆ؟ لەکاتێکدا بیر لەوە ناکەینەوە کە دەبێتە مایەی ژیان و هەستانەوەی نەتەوەکان، وایدەبینم ئوممەتی ئیسلامی لە ئەفریقیا و ئاسیا خۆی لەبێکارو هەژاراندا دەنوێنێت، لەکاتێکدا (١٤) ملیۆن جوولەکە کە لەسەر زەویدا بڵاو بوونەتەوە نموونەی دەستی بەهێزو عەقڵی زیرەکی بلیمەتن.

**د. ڕەفعەت ئەلعەوەزی:** مامۆستای بەڕێز بابەتێکی تر هەیە مسوڵمانی هاوچەرخی سەرقاڵ کردووە، بەتایبەت لەم ڕۆژانەدا، ئەویش کەوتنی شیوعیەتە لەکەرتی ڕۆژهەڵاتدا و شڵەژانی سەرمایەدارییە لە کەرتی ڕۆژئاوادا، هەرچەندە هەندێک لەو باوەڕەدان کە سەرمایەداری جێگیرە، بەڵام دیارە کە جێگیر نییە، ئەمە وامان لێدەکات بڵێین جیهان لەڕووی سیستەمی ئابوورییەوە لە حاڵەتی پارەداریدایە، ئەگەر دەربڕیینەکە درووست بێت، چونکە لەئێستادا جیهان هیچ سیستەمێکی ئابووریی جێگیری تێدا نییە، واقیعی مسوڵمانانیش ناتوانین لەڕێیەوە تیۆرێکی ئابووری پێشکەش بکەین، بەڵام لەئیسلامەوە دەتوانین تیۆرێک پێشکەش بکەین و کێشەی سیستەم وەک دەزانن بابەتێکی ئاڵۆزە، تێیدا شێوەی موڵکداری ڕووبەڕوو دەبێتەوە، موڵکداری تایبەت و موڵکداری دەوڵەت، تییدا ڕۆڵی دەوڵەت لەڕووی ئابوورییەوە بڕیار دەدرێت، هەروەها سرووشتی ئازادی تاک لەڕووی ئابوورییەوە تێیدا بڕیار دەدرێت، ئەم بابەتە دەخەینە بەردەم بەڕێزتان، مسوڵمانان لەئێستادا داوایان لێکراوە لەڕووی سیستەمی ئابوورییەوە شتێکی لەمجۆرە پێشکەش بەجیهانی ناسەقامگیر بکەن.

**شێخ محەمەد غەزالی:** یەکەم هەر دەبوو شیوعیەت داڕوخێت، لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان: هەر وەک ئەوروپیەکان دەڵێن لاهوتی بوو، یان فەرمانێکی ڕۆحی یان فەرمانێکی ئاینی، هەربۆیە هەرکەس فاجر بێت لە نکوڵیکردن لەبوونی پەروەردگار دەبێت ئەم سیستەمەی پەروەردگاری بەسەردا جێبەجێ ببێت: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى﴾ [طه: ١٢]، ئەوان دابەشکاری خوا بۆ ڕۆزییان لابرد و وتیان: ئێمە دابەشی دەکەین و خوا نییە، دابەشیان کردو برسیی بوون و مردن، ئەمە لەڕووی ڕۆحییەوە، هەندێک کەس بەمە دڵتەنگ یان نارەحەت دەبن، بەڵام من تەنانەت لەڕووی ماددیشەوە بۆی دەڕوانم، من زەوی دەچێنم، بەرهەمەکەی بیست قینتار دەبێت، ئەمە فەرمانی خوایە، چونکە هەندێک جار لافاو دێت یان شتێک دەهێنێت ئەوەی لەڕووی عەقڵییەوە درووستت کردووە لەکاری دەخات، بەلۆژیکی عەقڵیش ئەگەر خوای گەورە تووڕە بوو دەکرێت وابکات هۆکارەکان ڕابوەستن، لەبەر ئەوە ڕوسەکان زەوییە کشتوکاڵییەکانیان کرد بەموڵکی خۆیان، ئۆکرانیا لەکۆندا گەنمی بۆ جیهان دەنارد، تا ئەوکاتەی شیوعیەت هات ئیتر ڕوسەکان دەستیان کرد بەکڕینی گەنم بەو زێڕەی کە لەدەستیاندا بوو، تا گەیشتە ئەوەی هیچیان زێڕ نەماو مایەپوچ بوون، بۆ ئەوەی گەل برسی نەبێت، ئەمە یەک.

دووەم: بریتییە لەسیستەمی کۆمەڵایەتی و نەمانی پاڵنەری تاکیی، ئەمەش بووە هۆی لاوازبوونی چاک درووستکردن و بەرهەمهێنان لاواز بوو، لەبازاڕەکاندا دەرکەوت کە بەرهەمی سەرمایەداری ڕۆژئاوا ڕاسترو جوانترە لەهەموو ڕوویەکەوەو باشتریشە، ئیدی سیستەمەکە نەنگییەکانی دەرکەوت، بۆیە هەردەبوو بڕوخێت، با پاڵنەرە زۆرەکان لەسەرەتاوە وای کردبێت بڕوات، بەڵام ئاکامەکەی بەوە کۆتایی هات و کەوتنیشی دەنگی دایەوە، شارستانێتی ڕۆژئاوا دوو بەشە: بەشێکی شیوعییەتەو بەشەکەی تریشی سەرمایەداری، سەرمایەداری تەنانەت بەهەردوو بەشە سۆشیالیستی و سەرمایەدارییەکەیەوە، وشەی سۆشیالیستی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوونی نییە، بەڵام دەکرێت بوترێت کە سیستەمە سەرمایەدارییەکان

لەوێ کەسانێکیان دابینکردووە کە خەرجیی زانست بکێشێت، کەسانێکیان دابین کردووە پارە لە وشکانی و دەریا خەرج بکات، واتە برسێتی بەو واتایەی وێنای دەکەین بوونی نییە، ئەم سیستەمە سەرمایەدارییە لەئێستادا گەشاوەتەوە، بەڵام بەکتریاکان لەخوێنیدا دەسوڕێنەوە، ئەگەر وا بمێننەوە ئەوا لەناوی دەبەن و دەچێتە پاڵ سیستەمی شیوعی ڕۆژهەڵاتی، بەڕاستی ناسەقامگیریش هەیە، ڕۆژئاوا خۆپەرستە، مافەکانی مرۆڤی تەنها بۆ خۆی دەوێت، تا ئێستا سێ و پێنج ملیۆن زنجی لەباشووری ئەفریقیا وەک خزمەتکاری پێنج ملیۆن سپی پێست دەژین و جیهانیش ئەمە دەبینێت.

من لە لێکدانەوەم بۆ ئەو لۆژیکەی کە لەفەڕەنسا و ئینگلتەرا یان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جگە لەویش هەیە کە بەجۆرێکە دەمارگیری بۆ سپی پێست تەنها کاتی نییە بەڵکو لە بنەچەکانی گەلانی ئەوێیە، ئینگلتەرا وەها سەیری ئەو کەسانە دەکەن لە گەلانی ترەوە بۆ وڵاتەکەیان دێن کە ئەوانە مرۆڤانێکن لەچینی دووەم یان سێیەم، فەڕەنسیەکانیش ئێستا دەستیان کردووە بەڕاگەیاندنی ئەوە، چونکە بەملیۆنان لەو مسوڵمانانەی کە لەنێویاندا دەژین خزمەتکارن، حزبی ڕاستڕەو ئەوەی خستە ڕوو بەئاشکرا باسی کرد، تەنانەت ئەگەر ئەو حزبەش نەیخاتە ڕوو ئەوا دارایی دونیا لەدەستی ئەوانەدایە و جگە لەو کارە دونیاییانە هیچی تر نازانن، سێ ملیۆن مسوڵمانی پۆڵەندی و تورکی لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەهەمان ڕۆڵ هەڵدەستن و سپی پێستەکان بە سووک سەیریان دەکەن، وایدەبینم ئەو ئەوروپیانە بەسەرماندا زاڵ بوون، جەرگیان خواردووین، لەهەموو شوێنێ سەرشۆڕیان کردووین، بەڵام کاتێ دەمەوێت تۆڵەیان لێ بکەمەوە و سزایان بدەم ئەو وتەیەی عەقادم بیردەکەوێتەوە:

**أنصفت مظلوما فأنصف ظالما     في ذلة المظلوم عذر الظالم**

**من يرض عدوانا عليه يضيره     شر من العادي عليه الغانم**

واتە: ((هاوکاریی ستەملێکراوێک دەکەیت، ئەویش هاوکاریی ستەمکارێک دەکات، سەرشۆڕیی ستەملێکراو پاساوە بۆ ستەمکار

هەرکەسێ ڕازی بێت بە دوژمنکارییەک کە زیانی لێ دەدا، خراپترە لەو دوژمنەی تاڵانی دەکات)).

چـی وای لێکرووێـت بچێـت ڕازی بێـت قـاپ و قاچـاغ بشـۆیت و ڕەتـی بکەیتەوە زەوی وڵاتەکەی خۆت بچێنیت؟ بۆچی کاتێ تۆ بەوڵاتەکەدا دەڕۆیت زەوییـەک دەبینیت کـە دەکرێـت خزمـەتت بکات و گـوڵ و گـەنم و میـوەو خێ وبێرە شاراوەکانی خوای خستوویەتییە ناوەوەی زەوی و ئـەوەی سـەر زەوی لێ دەربهێنیت لەهەموو ئەمانەدا تەمبەڵی دەنوێنیت...

**د. ڕەفعـەت ئـەلعـەوەزی:** واتـە لـەچوارچێوەی سیسـتەمی ئابووریـدا، ئایـا مسوڵمانان دەتوانن سیستەمیکی ئابووری لەبەردەم ئەو ڕەوشـانەدا پێشکەش بکەن؟

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** لـە ڕاسـتیدا ئێمـە دەکرێت سیسـتەمیکی ئـابووری پێشکەش بکـەین کـە بنچینەکـەی بریتـی بێت لـە: یەکـەم: ئـەوەی باسـم کـرد کـە هەردەبێت بەرهـەمهێنان هـەرچی زەوی بیبەخشـێت وەریبگرێت، ئەمـە لەلایـەنی بەرهەمهێنانەوە، دەستی بێکار تاونبارەو پێویسـتە ببڕدرێت، لەکاتێکدا دەبینیت هەندێک نەتەوە هەن دەیانەوێت لەپاشماوەی گەلانی تر بخۆن و هاوسـەرگیریی بکـەن و (٧، ٨) منداڵیشـیان ببێـت، دەیـەوێت لەئـەمریکاو ڕوسـیاوە سـامانی بـۆ بێت، نەخێر، ئێمە ئەوەمان قبووڵ نییـە. ئابووریی ئیسلامی بنچینەکەی ئەوەیـە: جوتیاربـە، پیشـەگەربە، بازرگـان بـە، قـاچ و دەسـت و سـەرت بکـە بەهـەموو ئاسـۆکانی زەویداو کۆشش بکـە بـۆ ئـەوەی بەرهـەمهێنـەر بیت، خـوای گـەورە دەفەرمووێت: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ﴾ [هـود: ٦١]، فەرموودەیـەکیش هەیـە ئیمـامی ئەحمـەد (بەڕەحمـەت بێـت) لەپێغەمبـەرەوە (دروودی خـوای لەسـەر) گێڕاویەتـەوە: ((إن قامت الساعة وبيد أحدكم فسيلة، فإن استطاع أن لايقوم حتى يغرسها فليفعل))، واتە: ((ئەگەر ڕۆژی قیامەت هات و یەکێکتان نەمامێکی بەدەستەوە بوو، ئەگـەر دەیتوانی هەڵنەسێتەوە تا دەیڕوێنێت ئەوا با بیڕوێنێت))، چونکە ئەمـە بـۆ دونیـا نییە بەتەنها بەڵکو بۆ قیامەتیشە، چونکە هەموو ئەوەی دەیچێنیت بەچاکە بۆت دەنووسرێت، ئەوەی هەر ئاژەڵ یان باڵندە یا مرۆڤ لێی بخوات چاکە بۆ تۆ

دەنووسـرێت و گەیانـدنی پەیامەکەیـە، لـەبـەر ئـەوە پێویسـتە عـەقڵ مەنهەجـە ئیسلامییەکەی لەسەر بناغەی بەرهەمی زۆر پێشکەش بکات.

دووەم: پێویستە گرەنتی کرێی کرێکار هەبێت، ئەوەتا ئەو کرێکارە پارەی خۆی بەجێهێشت و نەیبرد، خاوەن کارەکە پارەکەی بۆ خستە کارەوە، کاتێ کرێکارەکە پاش شـەش سـاڵ دێتـەوە، پێـی دەڵێت: بـڕۆ بـۆ لای ئـەو مـاڵات و خێرو بێرە، ئەوانە هی تۆن و بەگاڵتەی مەزانە، چونکە پارەکەتم خستە کارەوە و ئـەوە بەرهەمەکـەی بـوو، ئـەم چیرۆکـە بەناوبانگـەو بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کرێی کرێکار پێویستە گرەنتی کرابێت و هـەرگیز کەمکردنـەوەی یان خـواردنی دروست نییە، شتی وا باو نەبووە، بە گرەنتی بـووە، وازمـان لـەئایین هێنـا بـۆ ڕەوشـتە تاکییـەکان، بنـەماکانیش ڕاسـپاردەی ڕەوشـتی تـاکیی دەکرێـت، ئەمـە کاتێک گرنتیی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی ڕەوشـتی لەهـەموو جێگایەکدا دەکـەیت، ئەگەر بینیمان بنەما ڕەوشتییەکان لە دەستوەردانی یاسا نائومێد نییە، عومـەری کـوڕی خـەتاب دەبینیـت بـە پیاوێـک دەڵێـت: ((دەبیـنم ئێـوە کـاری زۆر بەکرێکارەکان دەکەن و کرێی خۆیانیان پێ نادەن))، ڕەتیشـی کردەوە دەسـتی ئەو کۆیلە ببڕدرێت کە دزی دەکات، چونکە پاساوی بۆ هێنانـەوە بـەوەی ئێوە وایان لێ دەکـەن زۆر کار بکـەن و کرێـی خۆیانیـان پـێ نـادەن، بۆیـە پێویستە گرەنتـی کرێـی کرێکـار لەهـەموو وڵاتێکـدا هـەبێت، بـەڵام ئـەو گرەنتییـە بـێ سـەروبەرەیی نـەبێت، بـەجۆرێک کرێکـار لەسـایەی گرەنتـی دادپـەروەری لـەوەرگرتن یـان لەکرێدا وابکـات تەمبـەڵی بنوێنێت، نـەخێر، ئـەوە قبـووڵ نییـە، لێرەدا یاسا دەبێ ورد بێت.

سیسـتەمی سۆشیالیسـتییە گرەنتـی بـە تەمبـەڵیش دەدات کـە وەریبگرێـت، ئێسـتا لای ئێمـە یاریکردن بەیاسـاکان وایکـردووە ژمارەیـەکی زۆر لـەکرێکاران زەوی نەچێنن، ئەمەش هەڵەیە، چونکە ئـەوە ئەمانەتـە لای، چونکـە بـۆ خـۆی و جگە لەخۆیشی بەرهەم دەدات، هیچی تێدا نییە ئەگەر بەرهەم نەدات و با گوێی پێ نـەدات، پێویسـتە سیسـتەمی کارگێڕی لەگـەڵ سیسـتەمی ئەخلاقیدا بـۆ ئـەم گرەنتییە کاری پێ بکرێت.

سێیەم: دەبێت ڕەچاوی ئەوانەی ناتوانن کار بکەن بکرێت، چونکە خەڵکانێک هەن ناتوانن کار بکەن، بۆیە دەبێت چاودێریان بکرێت، زەکات پێویستە بۆ هەموو ئەوانە بێت.

**د. ڕەغعەت ئەلعەوەزی:** بەڵام لەو چوارچێوەیەدا سنووری ڕۆڵی تایبەتی دەوڵەت چییە، لەکاتێکدا ئێمە لەبەرانبەر دوو سیستەمداین: سیستەمێک دەستی دەوڵەت کراوە دەکات، ئەویتریشیان دەستی دەوڵەت دەبەستێتەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** وایدەبینم بازنەی دەوڵەت ئێستا لەبزنەی دەوڵەتی کۆن فراوانترە، لەکۆندا دەکرا پیاوێکی چاک بیوتایە کە دەسەڵاتدار ناناسێت و لەفەرمانڕەوا دوور دەکەوێتەوە و دوور لێی دەژی، بەڵام ئێستا ڕەوشەکان گۆڕاون، ئەگەر تۆش سوڵتان نەناسیت ئەوا ئەو تۆ دەناسێت، چونکە ئەگەر کوڕێکت ببێت ئەوا ناوی تۆمارکراوە، دەوڵەت بۆ خوێندن یان سەربازی پێویستی بەو زانیارییەیە، هەربۆیە تۆ پێتخۆش بێت یان پێت ناخۆش بێت لەهەمو بوارەکاندا پەیوەستی بەدەوڵەتەوە، من ئێستا واز لەدەوڵەت ناهێنم بەبێ ئەوەی چاودێری گەل و ئەو کاروبارانە بکات کە لەبەردەستیدایە، من کاتێ هەڵسەنگاندن بۆ دەوڵەت دەکەم، پێویستە سەیری لایەکەی تری زەوی بکەم، چونکە من نوێنەرایەتی یەک ملیار دانیشتووان دەکەم، واتە یەک لەسەر پێنجی جیهان، چوار لەسەر پێنجەکەی تریش، من کاتێ لەلای خۆم بونیاد دەنێم، دەبێت سەیری شێوازی بونیادنان لای ئەوانیش بکەم، ئەگەر لەوێ دەوڵەت بەشێوەیەکی لێهاتووانە بالادەست بێت بەسەر بەرهەمهێناندا یان بەسەر دابەشکردندا و ئێمە بەشێوەیەکی بێسەروبەر بەڕێوەی ببەین، ئەمە مانای وایە من دەوڵەت ڕووبەڕووی شکستێکی ئابووری دەکەمەوە، من دەمەوێت بەدوو چاو سەیر بکەم، چاوێک سەیری ئەوە بکات کە لەدەرەوە ڕوودەدات و چاوێکیش لەسەر ئەوە بێت لەناوەوە ڕوودەدات، هەتا تای من لە تەرازووی نێودەوڵەتیدا لارەسەنگ نەبێت.

**د. ڕەفعەت ئەلعەوەزی:** مامۆستای بەڕێز لەڕەوشی ئابووری ئیستای جیهاندا شتێک هەیە، بەو شێوەیەی ئێستا هەیە نوێیە، ئەویش بابەتی ((کۆمکارییە ئابوورییە هاوچەرخەکانە- التكتلات الاقتصادية المعاصرة))یە، من وتەیەکی بەڕێزتانم لە کتێبی ((لماذا تخلف المسلمون والعرب)) لەیادە باسی ئەوەت کردووە، کە نەتەوەکانی تر بەگوێرەی ئایینەکەیان یەکدەگرن، کارەکە ئێستا تەنها نەبووەتە ئایین، بەڵکو بووەتە ئابووریش، بەڕێزتان دەزانن کە ئەوروپا ساڵی (١٩٩٢ز) دەبێتە یەک دەوڵەت و ئەمریکا یەک دەوڵەت، وادیارە جیهانی ئیسلامی ئەگەر نەیەتەوە هۆشی خۆی، ئەوا چارەنووسی خراپ دەبێت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** من ڕاهاتووم بەو جۆرە سەرنج بدەم، پێویستە بەدووچاو سەیر بکەین: چاوێکیان سەیری دەرەوە بکات و چاوێکیشیان سەیری ناوخۆ بکات، ڕۆژئاوای ئەوروپا ئێستا نزیکەی دوازدە دەوڵەتە، زانیوومە کە یەک ئاڵا دەبێتە سایەی ئەو دەوڵەتانە و ڕاشکاوانە وتوویانە: ئێمە نوێنەرایەتی شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەکەین، شارستانیەتی مەسیحیش برای گەورەو ئەو بنچینەیەی کەلێیەوە سەرچاوەی گرتووە بریتییە لەجوولەکە، لەبەر ئەوە کتێبی پیرۆز بەشی یەکەمی عەهدی قەدیم لەخۆ دەگرێت و دووەمیشی عەهدی نوێ لەخۆ دەگرێت، هەردووکیان پێکەوە وەک دەڵێن یەک شارستانیەت پێکدەهێنن، شارستانیەت لەئێستادا لایەنێکی ئایینی و لایەنێکی ئابووری هەیە کە لەگەڵ یەکدا کار دەکەن.

گومانی تێدا نییە ئێمە ئێستا دەمانەوێت جیهانی ئیسلامی دابەش بکەین، زیاتر لەوەی کە بۆی دابەش بووە، ڕەوشی ئێستا بەرهەمی دەستی خۆمان نییە، بەڵکو درووستکراوی داگیرکاری جیهانییە، ئەفریقیا دوو دەوڵەت یان سێ دەوڵەت بووە، ئێستا بووەتە نزیکەی (٥١) یان (٥٢) دەوڵەت، دابەشکردنەکە دابەشکارییەکی داگیرکارییە و لەپێناوی بەرژەوەندی ئەفریقیادا نییە، مەبەست لێی لێدانی لایەنی ئابووری و لاوازکردن و لێدانی لایەنەکانی سیاسەتی ئیسلامی و لاوازکردنیەتی، دابڕانی ئەفریقیای ڕەش لەئەفریقیای ئیسلامی

لەباکوور، ڕۆژئاوا هەمووی چەند یەکەیەکە، پێنج دەوڵەت پێکەوە یەک دەوڵەت پێکدەهێنن، دەتوانرێت هەموو وڵاتانی دۆڵی نیل کە میسرو سودان و ئۆگەنداو حەبەشەو سۆماڵە ببنە یەک وڵات، پێویستە خەڵکی بزانن حەبەشە چوار لەسەر پێنجی مسوڵمانە و ئەوروپییەکان باش ئەمە دەزانن، دوورگەی عەرەبیش دەکرێت ببێتە یەک وڵات، پاش ئەوە ئەو یەکانە لێک نزیک دەبنەوە و یەکتر تەواو دەکەن و دەبنە کۆمەڵێکی ئابووری پێکەوە گونجاو یان بازاڕێکی ئیسلامی هاوبەش ،ئەمە زۆرباشە ئەگەر ڕووبدات.

سوێند بەخوا خێرو بێرەکان دادپەروەرانە دابەشکراوە، زەوییە کستوکاڵییەکان بەزۆری کەوتووتە سودان، کانزاکانیش بەزۆری کەوتوونەتە بیابان، بازرگانیش بەزۆری کەوتووەتە لای هەندێک لەگەلان، دەتوانرێت ئەوانە و ئەمانەی تر یەکتر تەواو بکەن، ئێمە چیرۆکی ئەو نابینایە دەزانین کە ئیفلیجێکی هەڵگرتبوو، دیارە ئیفلیج ناتوانێت بڕوات چونکە قاچی نییە، با توانای بینینیشی زۆر بەهێز بێت، نابینا دەتوانێت بڕوات بەڵام لەتوانایدا نییە ڕێگا ببینێت، لەبەر ئەوە کەسە ئیفلیجەکەی هەڵگرتووە تا سوود لەتوانای بینینی وەربگرێت و ئیفلیجەکەش لەقاچی کوێرەکە سوودمەند ببێت و بەهەردووکیانەوە مرۆڤێکیان پێکهێناوە کە دەتوانێت بەسەر زەویدا بڕوات، مرۆڤایەتیش بەم جۆرەیە، دەکرێت بازاڕی هاوبەشی ئیسلامی ئەو مسوڵمانانە پێکەوە کۆبکاتەوە کە خێرو بێرەکانی خوای گەورە بەسەر زەوییەکانیاندا دابەش بووە، گومرگ و باج و هاوشێوەکانیان لەنێوانیاندا نەمێنێت، بەمە ئوممەت دەگۆڕێت بۆ یەک ئوممەت.

**د. ڕەفعەت ئەلعەوەزی:** مامۆستای پێشەوا مۆڵەتت لێ وەردەگرم ژمارەیەک لەبارەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان دەوڵەتانی ئیسلامی باس بکەم: وڵاتانی ئیسلامی نزیکەی (٤%)ە بازرگانی دەرەکییان لەنێوانداینە، (٩٦%)ی تر لەگەڵ وڵاتانی نائیسلامیدایە، بەو خزمەتە زۆرەی لەبواری کاری ئیسلامیدا هەتانە، وەک بەڕێزتان وتتان پێویستە ئیستا لەڕووی ئابووریەوە یەکبگرین، بەڵام بەچ شێوازێک؟

**شێخ محەمـەد غـەزالی:** لـە ڕاسـتیدا کـاتێ بمانـەوێت شـێوازەکە بۆخـۆی دروووسـت دەبێت، باسـەکە ئەوەیـە ئێمـە نامانـەوێت، ئـەو پەرتەوازەییـەی هەیـە لای مسوڵمانان بۆتە ئاسایی، وەک ئـەوەی بیانـەوێت هـێچ نـەگۆڕێت، دواتـریش ئەم نسکۆیەی کۆتـایی هـات، نسکۆی سـوو، نسـکۆی ئـەوەی جیهـانی ئیسـلامی زیـاتر لـە (٣٠٠) ملیـار قـەرزاری ئـەو ئەوروپیانەیـە، لـەوەی خوێندوومەتـەوە دەردەکەوێت کە میللەتە دواکەوتووەکان ئـەو قەرزانـەی وەریانگرتووە نزیکـەی هەموویان داوەتەوە، ئێستا ئـەو سـووانە دەداتـەوە کـە لەسـەری کەڵەکـە بـووە، نـــەنگی شارســـتانیەتی ئەوروپیـــەکان و بێبـــاوەڕبوونی بـــەخواو لادانـــی لەشـەریعەتەکەی دەرکـەوت، چونکـە شارسـتانیەتی ئـەوروپی هـەر وەک چـۆن ڕێگەی داوە بە زینا، بەهەمان شێوە سوویشی ڕێگـە پێداوە، لـە ڕاسـتیدا ئـەوان لەیاسـاکانیاندا وایـدەبینن کـە زینـا هـیچ نەنگییـەکی تێدا نییـە، بـەڵکو نـەنگی لەزۆرلێکردندایـە، ئەگـەر هـەردوولا ڕازی بـوون ئـەوا هیچی تێدا نییـە، لەسـەر ئەمـە بانکـەکان دەسـتیان کـرد بـەکاری سـوو، لەسـەر ئـەو بنەمایـەش کارمـان لەگـەڵ دەکـەن، جگـە لـە گوێڕایـەڵیش هیچی تریـان لەئێمـە نـەبینیووە، دەتـوانرا مسـوڵمانان سیسـتەمێکی دوور لەسـوو پێشـکەش بکـەن، دەتـوانرا خەرجییـە کارگێڕییـەکان دابـین بکرایـە، دەکـرا فـەرزی زەکاتـەکان دابـین بکرایـە، یـان مافەکانی مەردایەتی هەندێ شت ئەنجام بدات.

من وایدەبینم واباشە چارەسەری سەرپێیی بۆ بابەتـە جیهانیـەکان دانـەنێین، ئەمە بێهودەیە، بەڵکو دەبێت چارەسـەرێکی ئـابووری ئامـادە بکـەم و یاسـایەکی گشـتگیر و فـەقیهێکی ڕاسـتەقینە ئامـادە بکـەم، ئەوانـەش کۆببنـەوەو جیاکـاری بکـەن لـەنێوان ئـەوەی سـووەو بناغەکـەی چاوچنۆکییـەو بنچینەکـەی خـواردنی لاوازەکانــەو قۆســتنەوەی خەڵکــە، لەگــەڵ ئــەوەی کــە ئاییـنــەو مامەڵەیــەکی درووستە و دەکرێت بەهۆیەوە پێکەوە ژیان بێتەدی و پێکەوە لەسەری بژین و ماوەیـەکیان پێ بدەین جیهـان وا لـێ بکـەین چـاوەڕوانی ئـەو بڕیارانـە بـن کـە دەریدەکــەن، بــەڵام فەتوایــەکی نــاوخۆیی لــەقاهیرە و هەوڵــدانێکی کــەم بــۆ چاکسـازی لایـەنێک لەلایەنـەکان، ئەمانـە چارەسـەری ناتـەواون و کـاری پـێ ئەنجام نادرێت.

**د. ڕەفعـەت ئەلعـەوەزی:** مامۆسـتای پایەبـەرز لەکۆتاییـدا مـن و هـەموو خوێنـەرە مسـوڵمانەکان زۆر خۆشـحاڵین بـەدانراوەکانی بـەڕێزتان و وا دەزانـم کـە زۆر خۆشـحاڵین بـەم گفتوگۆ باشـە لەگـەڵ بانگخوازی گـەورەی ئیسـلامی، لــەخوای گــەورە داواکــارم باشــێتیەکانتان زیــاتر بکــات و جیهــانی ئیســلامی لەکۆششـەکانتان سوودمەند بێت، خوای گەورە بەرەکەتدارتان بکات و سـوپاس بۆ ئێوە.



# بەشی هەشتەم

## ئیسلام و ئافرەت

گفتوگۆکار: مامۆستا سافیناز کازم

## ئەڵقەی یەکەم

**د. محەمەد کەمال ئیمام:**

برایانی باوەڕدار، سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت، گفتوگۆکەمان لەگەڵ مامۆستای پایەبەرز شێخ محەمەد غەزالی سەبارەت بە بۆچوون و یادەوەری و تێڕوانینەکانی بەردەوامە، تەوەری ئەم ئەڵقەیە لەبارەی ئیسلام و ئافرەتەوەیە، گفتوگۆکار تێیدا کە نووسەری ناسراوی ئیسلامیی مامۆستا سافیناز کازمە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەڕێز مامۆستا غەزالی گفتوگۆکەمان بەدیاریکردنی خاڵێکی زۆر گرنگ دەست پێ دەکەین کە تێیدا جیهانی ڕۆژئاوا زۆر درەنگ دانی پێدا نا، ئەوپیش گوتاری قورئانی پیرۆزە بۆ نێرو مێ، کە بە (یا أیها الانسان) واتە: ئەی مرۆڤەکان، دەماندوێنێت، باشە ئەو سایەو سێبەرانەی تایبەت بە دواندن سەبارەت بە ئافرەتی مسوڵمان چین؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** قورئانی پیرۆزە لەپەیامەکەیدا بۆ مرۆڤایەتی هەندێک جار دەفەرمووێت: ﴿يَا بَنِي آدَمَ﴾ [الاعراف:٢٦]، ئەم دەربڕینە لە سورەتی (الاعراف)دا چوار جار دووبارە بووەتەوە، هەندێک جاریش دەفەرمووێت: (يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ) (الانفطار: ٦)، جاریش هەیە دەفەرمووێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ) (البقرة: ٢١) بۆ مرۆڤایەتی هەموویەتی، جاریش هەیە فەرموویەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) (البقرة: ١٠٤)، ئەوەی لەم هەموو گوتارەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە ئیسلام بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، تایبەت بەهۆزێک لەخەڵک، یان ناوچەو وڵاتێک نییە.

تێبینی ئەوەم کردووە یاسای دانراوی ئێستا بەگشتی لەهەموو نەتەوەکاندا بەجێناوی نێرینە دێت، ئەمەش بەو واتایە نییە کە مێینە نەگرێتەوە، بەڵکو ئەرکبارکردنەکە بۆ هەمووانە، نێرینەو مێینە دەگرێتەوە، با دەربڕینە یاساییەکەش بەجێناوی نێرینە بێت ئەرکبارکردنەکە هاوبەشە، کاتێ ئیسلام

هات و وتی: ((حافظوا)) (واوی) كۆ لەزمانی عەرەبیدا بۆ نێرینەیە: ﴿حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَىٰ﴾ [البقرة: ٢٣٨]، ئەمە بەو واتایە نییە تەنها ڕوو لەپیاوان بێت، بەڵكو گوتارەكە ڕوو لەپیاوان و ئافرەتانە، ڕووی لەهەمووانە، مسوڵمانان لەمەدا هیچ ناكۆكییەكیان نییە. ئەمە تێبینییەكە، شتێكی تر تێبینی ئەوە دەكرێت لە قورئانی پیرۆزدا زۆر ئایەت هاتووە ڕوونی دەكاتەوە كە پیاو لەئافرەتە و ئافرەت لەپیاوە و ئەركباركردن لەچاكەكاندا هاوبەشە: ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ﴾ [ال عمران: ١٩٥]، ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُحَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ [النحل: ٩٧]، ﴿ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا﴾ [الاحزاب: ٣٥]، ئەركباریێتی لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا هاوبەشە، هیچ هەڵاوێردێك بۆ ئافرەتان نییە لەهیچكام لە ڕێنماییەكاندا نییە، مەگەر تایبەتمەندییەكی هەبێت، ئەویش لەشوێنی خۆیدا ڕوون كراوەتەوە.

**مامۆستا سافیناز كازم:** ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ [الاسراء: ٧٠]، ڕێزلێگرتن (تكريم) لێرەدا بۆ پیاوو ئافرەتە، ئەمە وەك ئافرەتێكی مسوڵمان ئەو هەستەم پێ دەبەخشێت كە یەكسانی لەنێوان پیاو و ئافرەتدا هەیە. بەبۆچوونی بەڕێزتان جیاوازی نێوان پیاو و ئافرەت دەبێتە ڕێگر لەوەی لەڕووی ئیسلامییەوە پیاو و ئافرەت یەكسان بن؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەئیسلامدا یەكسانی نێوان پیاو و ئافرەت لەهەموو شتێكدا هەیە، مەگەر –وەك وتتان- جۆرێك لەهەڵاوێرد بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری هەبێت، بەو واتایەی كاتێ ئافرەت نیوەی پیاو میراتی بەر

دەکەوێت ئایا ئەمە کەمکردنەوەیە لەڕێزی؟ نەخێر، چونکە خێزان بەو جۆرە بەڕێوە دەچێت، پیاو بژێوی لەئەستۆیە، با ژنەکەیشی دەوڵەمەندیش بێت، بژێوی لەئەستۆی ئەو نییە.

پیاو خەرجی لەسەرشانە، ئەو مارەیی دەدات، ئەرکی پەروەردەی مناڵی لەئەستۆیە، ئەگەر میراتی تەواوی پێ درابێت، ئەوا ئەو میراتییە تەواوەی پێی دراوە لەو ئەرکانەی لەسەر شانییەتی خەرجی کردووە، بەڵام ئەو نیو پشکە میراتییەی بەئافرەت دراوە بۆی ماوەتەوەو ئەرکی خەرجی و بژێوی لەئەستۆ نییە، بۆیە ئەمە هەرگیز ستەمکردن لەئافرەت نییە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئەی شایەتیدان؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** شایەتیدان... لەم بابەتەدا بەڕەهایی هیچ نیگەرانی نییە، پێم خۆشە سەربووردەیەکی خۆش بگێڕمەوە: دکتۆرێک پێی وتم: ئیسلام و ئێوەی شەرعزانانیش دەڵێن: ئافرەت لەکاتی خوێنی مانگانەو زەیستانیدا ڕۆژو و نوێژی لەسەر لادەکەوێت و شایەتیدانیشی نیوەی شایەتی پیاوە، ئەمە هەمووی هیچ ئەسڵێکی نییە، ئەو دکتۆرە، هەروەها وتی: لەلایەنی جنسی و فسیۆلۆژییەوە ئەرکی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت هەر وەک هی پیاوەو هیچ جیاوازییەکیان نییە، منیش ڕۆشتم لەڕووی تەندرووستی و پزیشکییەوە بەدواداچوونم کرد و گەڕام، بینیم نووسەرێکی ڕۆژئاوایی وا دەزانم ناوی (فاندیک)ە، نووسەری کتێبی (الزوج الادبي)ە و خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەڵێت: ئافرەت لەکاتی خوێنی مانگانەیدا تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی جەستەیی و دەروونی دەبێت و بەهۆیانەوە مەزاجی تێک دەچێت، ئەگەر پارێزەر یان مامۆستا بوو دەنگی دەکەوێت و لەوانەیە تووشی ئەوەو ئەوە ببێت، لەوانەیە بۆنیشی بگۆڕێت و زۆر نەخۆشی ڕووی تێ بکات، لەوانە کوێریی ڕەنگەکان و هەندێک جاریش تووشی سەراسیمەبوون و لەبیرچوونەوەش ببێت، تێگەیشتم خوای گەورە کاتێ شایەتیدانی ئافرەتی قبووڵ کردووە پێی خۆش بووە بەڵگەدار بێت" شایەتیدانی ئافرەتێکی تریشی لەگەڵدا بێت، چونکە کێ دەزانێ، لەوانەیە لەکاتی خوێنی مانگانەدا بێت، خوێنی

مانگانەش یەک لەسەر چواری ژیانی دەبات، ئێمە نامانەوێت ڕاستییەکان ون ببن، دەمانەوێت جەخت لەسەلماندنی ڕاستییەکە بکەینەوە، خۆ ئەگەر هەندێک تووشی کوێری ڕەنگەکان ببێت ئەوا کەسانی تر ڕەتی دەکەنەوە، ئەمانەش بابەتی تاوانکاری(جنایات)ە، لەلێکۆڵینەوە لەڕووداوەکاندا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر سەلماندنی تۆمەت یان ڕەتکردنەوەی، لێرەدا دەبینین قورئانی پیرۆز کاتێ ئەوەی تۆمار کردووە کە ئافرەت لەشایەتیداندا پێویستە ئافرەتێکی تری لەگەڵ بێت ئەمە بەو واتایە نییە کە عەقڵی تێناگات، بەڵکو هەندێ نەخۆشی هەیە تووشی دەبێت وای لێدەکات لەڕووی دەروونی یان جەستەییەوە نەخۆش بکەوێت، ئەوەش کاریگەری دەبێت لە بڕیاردانی لەسەر شتەکان.

خوای گەورە فەرزی ڕۆژو و نوێژی لەسەر هەڵگرتووە لەوکاتانەدا، جا ئەگەر فەرزەکانی لەسەر لاچوو بێت، کە لەسەر مرۆڤەکان دانراوە، ئەمە وەک ڕێزێکە لێی لەوحاڵەتەی تێی کەوتووە، لەبەر ئەوە کاتێ شایەتیدانی ئافرەتێکی تری لەگەڵ دەبێت لەبەر کەمی بەهای نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ڕاستییەکە بسەلمێت و لەبەلاڕێداچوون بەدوور بێت.

**مامۆستا سافیناز کازم:** دەتوانرێت بوترێت: ئەمە لەشوێنەوارە لاوەکییەکانی ڕێزگیرانە لێی وەک دایک؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەو مرۆڤە، هەمان ڕێزی هەر مرۆڤێکی هەیە، هەرکەسێک ئافرەتێک بکوژێت دەکوژرێتەوە، ئەگەر بکوژەکە فەیلەسوفێکی گەورەش بێت ئافرتەکەی کوشتبێت هەر دەکوژرێتەوە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** لێکدانەوەی بەڕێزتان بۆ ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ [البقرة: ٢٢٨] و ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ [النساء:٣٤] چییە؟

**شێخ محەمـەد غـەزالی:** ئەمـە بەمەبەسـتی ڕێکخسـتنی خێزانـە لـەنێو ماڵدا، هـەموو کۆمپانیایـەک پێویسـتە سـەرۆکێکی هـەبێت، ئایـا ئەگـەر کۆمپانیایـەکی نەوتمان دامەزراند و سـەرۆکێکمان بۆ دانا، ئەمە ئـەو واتایـە دەدات سـەرۆکەکە بەڕێزو بەرزترە و بـەهای لەئەندامانی تری ئەنجومـەنی کارگێڕی زیاترە؟ ئـەو دەسـەڵاتی هەیـە، چونکـە بڕیـار دەدات، ئەگـەر بهاتبایـە بڕیارەکـان بەیەکسـانی بوایە ئەوا هیچ شتێک ئـەنجام نـەدەدرا، کاتێ منداڵێک لـەدایک دەبێت پێویستە نـاوێکی لـێ بنرێـت، دایکەکـە دەیـەوێت نـاوی لـێ بنرێـت مـەحزوز یـان نـەبیل، باوکەکـەش دەیـەوێت نـاوی لـێ بنرێـت عوبەیـدوڵلا یـان عەبدولعـەزیز، دەبێـت بۆچوونێکیان پەسـەند بکـەین، ئەگـەرنا لەبەڵگەنامـەی لەدایکبووندا ناوی تۆمـار ناکرێت، ئەگـەر وتمـان پیـاو سـەرۆکی ماڵـە، لەبـەر ئەوەیـە مـاڵ کۆمپانیایـە و پێویستە سەرۆکی هەبێت.

**مامۆستا سافیناز کازم:** بەڵام کارەکانیان بەڕاوێژە **(وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْـنَهُمْ)**، ئایا گوێڕایەڵیکردنی مێرد کوێرانە دەبێت یان بە لێکتێگەیشتن دەبێت؟

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** کـە دەڵـێم پیـاو سـەرۆکی ماڵـە بـەو واتایـە نییـە دیکتـاتۆری مـاڵ بێت! نـەخێر، بـەڵکو مەبەسـت ئەوەیـە قسـەی سـەنگی هـەبێت، خەرجی لەسـەر ئەوە، خۆ ئەگەر ئەوان لەساڵێکدا دە جونەیهیان خـەرج کردبێت و ئەویش ئەمـەی نـەبێت، پێویسـت دەکات گوێ لەقسـەی بگیرێت ئەگـەرنا ئـەو بڕە پارەیە  لەکوێوە بێنێت.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئـەم پێشـەکییە دەمانبـات بـۆ بابـەتێکی تـر، ئـافرەتی مسوڵمان لەسەردەمی ئێستاماندا لەنێوان دوو بازنەی دژ بەیەکدایـە، وێڕای دژ بەیەکبوونەکەیان لەو خاڵەدا بەیەک دەگەن کە پابەندبوون بەئیسلامەوە ڕێگـرە لەوەی ئافرەت لەکۆمەڵگادا کارلێکی ئەرێنی بکـات، بازنـەی عەلمانییەکان دەڵێن: ئەگـەر پابەنـدبوو بەئیسـلامەوە واتـای ئەمـە ئەوەیـە ڕێگـرە لـەئازادی ئـافرەت و کۆسـپە لەبـەردەم کاریـدا و ڕێگایەکـە بـۆ بەنـدکردنی لەماڵـەوە، لەولاشـەوە دەبینین لەنێو بازنەی ئیسلامیدا –بەشێوەیەک کە وادەزانن ئەوە بەرگرییە لە

ئیسـلام- ئەگـەر ئـافرەت پابەنـدبوو بەئیسـلامەوە ئـەوا لەسـەری پێویسـتە کـار نـەکات و لەپـەراوێزی کۆمـەڵگادا دابنیشـێت و لـەنێو چواردیـواری ماڵەکەیـدا بمێنێتەوە، شێخ محەمەد غەزالی لەسەر ئەم بابەتە چی دەڵێت؟

**شێخ محەمەد غـەزالی:** بەخوا هـەردوو بۆچوونەکە هیچکامیان ئیسـلامیانە نییەو هیچ پەیوەندییەکیشی بەئیسلامەوە نییە، بەڵام وەک میللی کاتژمێر چووە بۆ ئەوپـەڕی ڕاسـت و ئەوپـەڕی چـەپ، ئیسـلام ئـایینی مامناوەنـدگیرە، ئـەوەی ئێستا لای هەندێک کەس ناوی لێنراوە ئیسلام ڕاست نییە، بۆ نموونـە هەندێک لـــە ئیســـلامییەکان دەڵـــێن: ئـــافرەت نـــەخوێنێت و قوتابخانـــەکانی کچانیـــان لەدوورگـەی عـەرەبی و دۆڵـی نیلـدا لەسـەردەمێکی پێشـکەوتوودا داخسـت، بنچینەکەش فەرموودەیەکی ناڕاستە کە حاکم لە (مستدرک)دا هێناویەتی: ((لا تعلموا النساء ولا تسكنوهن الغرف)) واتە: ئافرەتـان فێر مەکـەن و لـەژووردا نیشتەجێیان مەکەن، باشە ئەی لەژێر زەمیندا نیشتەجێیان بکەن. لەبارەی ئەم فەرموودەیـــەوە (الحـــافظ الـــذهبي) لـــە کتێبەکەیـــدا دەڵێـــت: ((موضـــوع))، فەرموودەیەکی (موضوع) مێژووی ئیسلامی لەڕووی عەقڵییەوە تێکداوە.

**مامۆستا سافیناز کـازم:** ئەمە دژە لەگەڵ ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللهِ﴾ [الاحزاب: ٣٤].

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** فەرموودەکە هـیچ ئەسـڵێکی نییـە، بـەڵام حـوکمی ئوممەتی کردووە، شتی دووەمیش ئەوەیـە ئـافرەت پێویستە فێر ببێت، ئـافرەت پێویســتە خــوا بپەرســتێت، باســەیری جێبــەجێکردنی پەرستشــی خــوا بکــەین لەڕۆژانی پەیامەکەدا، ئایا خاوەنی پەیامەکە کاتێ لەشاری مەدینە مزگەوتی بۆ ئافرەتان کردەوە بۆ ماوەی ئەو دەساڵەی لەمەدینە بوو، ئایا سەرپێچی ئیسـلام بوو؟ ئایا ناپاک بوو بەرانبەر پەیامەکەی کـاتێ دەرگـای بۆ ئافرەتـان کردەوەو لەو دە ساڵەدا بەلاڕێدا چووبوون، لەنوێژی بەیانییـەوە تـا نـوێژی عیشـا کراوە بوو بۆیـان، ئافرەتـان لـەپێنج فەرزەکەدا، باشـە چۆن دواتـر ڕێگری لـەئافرەتان کرا بێنە مزگەوتەکان؟

ئەو لەجەژندا دەفەرموویێت: ((تخرج الحيض وذوات الخدور ليشهدن الخير ودعوة الاسلام))، واتە: ((ئەوانەی لەسوڕی مانگانەدان و ئەوانەی لە پەردەدان، دەربچن تا ئامادەی خێر و بانگەوازی ئیسلام ببن))، هەروەها دەفەرموویێت: ((من لا جلباب لها تستعير جلبابا من جارتها وتخرج)) واتە: ((هەر ئافرەتێکی جلی بالاپۆشی نییە با لەدراوسێکەی وەربگرێت و بێتە دەرەوە))، باشە کێ ئافرەتی بەند کردووە لەماڵدا؟ لەجەنگدا یان لە ئوحوددا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (دروودی خوای لەسەر) بەشداری جەنگی کردووە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموویێت: ((إحداهن ماكنت ألتفت يمينا أو يسارا إلا وأراها تقاتل عني)) [١]، واتە: ((ئافرەتێکیان سەرنجی هەرلایەکم دەدا، بەلای ڕاست و چەپدا، دەمبینی بەرگریم لێدەکات و دەجەنگێت))، ئافرەتێک دەڵێت: کاتێ عەبدوڵڵای کوڕی قمئە هات دەیویست پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بکوژێت، من یەکەم کەس بووم بەرەنگاری بوومەوەو بەشمشێرەکەم لێی داو و برینێکی قووڵم لەجەستەی درووست کرد، ئەم بەشداریکردنە لەجەنگ بەردەوام بوو هەتا حەنین کە لەکۆتا جەنگەکانی ئوممەتی ئیسلامی بوو لەسەردەمی پێغەمبەردا، ئافرەت بەشداری جیهادی کردووە، بەشدارە جەنگی کردووە، بەشداری فێربوونی کردووە، لەهەموو شتێکدا بەشداری کردووە، باشە چی وایکرد ئافرەت لەنێو ماڵدا زیندانی بکرێت، جگە لەئامادەکردنی خواردن و سەرجێی هیچ ئەرکێکی تری نەبێت، ئەمە لاسایکردنەوەی سەردەمی نەفامییە بەسەر ئوممەتی ئیسلامیدا زاڵ بووەو هیچ پەیوەندییەکی بەئیسلامەوە نییە.

من دەمەوێت بڵێم: ماستەرنامەیەک هەیە بەم دواییانە لە (دار العلوم) دەرچووە، برایەک لەسەر سوننەتی پێغەمبەر لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا نووسیوویەتی، لەم ماستەرنامەیەدا باسی نزیکەی سێ سەد ئافرەت کراوە کە فەرموودەناس بوون... سەیر ئەوەیە کە حافز منزری بڕوانامەی لە دووان یاخود سیانیان وەرگرتووە و ئیبن خەلەکان بڕوانامەیەکی زانستی و ئیبن

---

[١]- أخرجه ابن سعد، هەروەها بڕوانە (كنز العمال).

عساکریش بڕوانامەیەکی زانستی لەئافرەت وەرگرتووە، ئەگەر ئافرەتان گەیشتبنە ئاستێک مامۆستای حافز مونزری خاوەنی کتێبی ((الترغیب والترهیب)) و ئیبن خەلەکانی خاوەن کتێبی ((وفیات الاعیان)) و ئیبن عساکری خاوەن کتێبی ((التاریخ))ی بەناوبانگ، باشە چی وایکرد ئافرەت لەم سەردەمانەی دواییدا هیچ جێدەستێکیان لەبواری مەعریفەدا نەبینرێت؟ ئەمانە هەندێ نەریتن لەزۆر لاوە بەسەر ئوممەتەکەماندا زاڵ بوون، نامەوێت بەشوێن سەرچاوەکانیاندا بگەڕێم، بەڵام بەسەر ئوممەتەکەماندا زاڵ بووە و وای لێکردووە ئیسلام نەناسێت.

یەکێک دەڵێت: پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ﴾ [الاحزاب: ٣٣] پێی دەڵێم: ئایەتەکە تەواو بکە: ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى﴾ [الاحزاب: ٣٣]، ئەم دووانە پێکەوە لەهەمان سورەتدا هاتوون، سورەتەکە تاکۆتایی بخوێنەرەوە لەکۆتاییەکەیدا دەبینیت فەرموویەتی: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ﴾ [الاحزاب: ٥٩] لەنێو ماڵ یان لەشەقام؟ لەشەقام، شۆڕکردنەوەی جل و بەرگ بەسەر جەستەدا بۆ ئەوەیە تا هەوا نەیجوڵێنێت و جەستە دەربکەوێت، ئەمە ئەو واتایە دەدات ئافرەت دەچێتە دەرەوە، بەڵام بەندکردنی لەماڵەوە تەنها بۆ ئەو ئافرەتانەیە تاوانێکیان ئەنجام دابێت: ﴿وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِّنكُمْ فَإِن شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ﴾ [النساء: ١٥].

هێشتنەوە لەنێو ماڵدا، تا کاتی مردن بۆ هەندێ ئافرەتە تاوانیان ئەنجام داوە، باشە چۆن ئەبێت ئەم سزایە ئێستا بۆ هەموو ئافرەتانی ئوممەت بێت؟ بەندکردن لەماڵدا لەکاتێکدایە ژمارەیەکی زۆر فەرموودە هەیە کە باس لەچالاکی کۆمەڵایەتی و زانستی ئافرەتی مسوڵمان دەکات، ئێستا ئێمە لەنێوان دوو شت داین: یەکێکیان دەیەوێت لەماڵدا بەناوی ئیسلامەوە بەندی بکەین، یەکێکیشیان دەیەوێت بەناوی مەدەنیەتەوە بینێرینە سەرشەقامەکان، ئەمانە هەردووکیان هەڵەن، چارەسەرێکی مامناوەند هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی

ئـافرەت بـۆچی لـەماڵ بچێتـە دەرەوە؟ بـۆ ئـەوەی بەلاڕێـدا بچێـت! نـەخێر، بـۆ مزگەوت لەماڵ دەچێتە دەر، بۆ بازاڕ دەچێتە دەر و دێتەوە بۆمـاڵ، کـە دەچێتـە دەرەوە بەداپۆشراوی پۆشتەییەوە دەچێت، ئەگەر کەسـێک بـەچاوی ناپاکییـەوە لێی بڕوانێت ئەوا ئەو پیاوە تاوانبارە، ئەگـەر کەسـێک ویسـتی لەکەداری بکـات پێویستە ئەو کەسە بەند بکرێت تاتەمبێ ببێت، ئەمە کۆمەڵگای ئیسلامییە.

کۆمەڵگای ئەورووپی ئێستا چی دەکات؟ ئافرەتی کردووەتـە هاوبەشـی پیـاو لەهەموو شتێکدا بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئادابـە ئیسـلامیەکانی ئـافرەت بکـات، مـن چەنـدین لیژنـەی بێلایـەنم بینییـوە لەسـەر ڕەوشـی ئـافرەت و خێـزان قسـەیان کـردووە، وتوویانـە: پـەردەی کچێنـی لـە کچـانی تەمـەن (١٦) بـۆ (١٧) سـاڵیدا بەنزیکـەیی نـەماوە، لایـەنی جنسـی وەک لایـەنێکی جەسـتەیی دانـراوە، کـە هـیچ پەیوەندییەکی بەشەریعەت و ئەخلاقەوە نییە، تەنانەت ئەو یاسایەشی کە کـاری پێ دەکـەین، ڕاوێژکـار (عـەلی مـوافی) وەک ئـەوەی لەگـەواد بووبێـت، پێـی وتـم: ئافرەت ئازادەو پیاویش ئازادە، سزا لـەکاتی زۆرلێکردندایـە، ئەگـەر زۆرلێکـردن نـەبوو، ئـەوا بەویسـتی ئازادانـە پیـاو و ئـافرەت لـە هـەرکوێ بیانـەوێت بەیـەک دەگـەن، ئایـا ئەمـە ئایینـە؟ ئـەمـە یاسـایە؟ ئەمـە شـەرەفە؟ ئەگـەر ئیسـلام شارستانیەتی ڕۆژئاوای ڕەتکردەوە ئـەوا لـەڕووی بێشـەرمی و خراپـەکاری و سەرپێچییەوەیە، بەڵام ڕێزی لێ دەگیرێت ئەگەر هـاتوو ڕەچـاوی فیترەتـی کـرد لەکردنـەوەی دەرگـای فێربـوون بـەڕووی هـەردوو ڕەگـەزدا پێکـەوە، ئـەوەش لەڕێنماییەکانی ئایینەکەمانە.

**د. سافیناز کازم:** بۆ جەختکردنەوە لەسـەر قسـەکانی بـەڕێزتان، ئافرەتـانی فـەرموودەناس و ئافرەتـە سـوارچاکەکانی کـە بەشـداری جەنگـەکانی جیهادیـان کردووە لەو کادیر یان نموونانە بـوون کـە لـەخۆڕا نـەهاتبوون، بەڵکو پێویسـتە ژینگەیەک هـەبووبێت ئـەو توانایانـەی پێشـکەش کـردبێن کـە توانیویانـە شمشـێر بەکاربهێنن و بوێر بوون، ئەمە هەروها لەخۆیەوە نەهاتووە، دەبێت ژینگەیـەکی ئیسـلامی لەسـەرەتای هـاتنی ئیسـلامدا هـەبووبێت ئـافرەتی بـاوەڕداری بـەهێزی موجاهیـدی بـەتوانای پێگەیانـدبێت، ئەمانـە مافـە شـەرعییەکانی ئـافرەتن

لەئیسـلامدا، ئەگـەر بتـەوێت بیخەیتـە لیسـتێک، چیـت لێیـان لـەیاد مـاوە؟ وەک بەیادهێنانەوە و بوژانەوەی یادگەی ڕابوونی ئیسلامی.

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** یەکـەم مزگـەوت، پێویسـتە بونیاتنـانی مزگـەوت بەشـێوەیەکی ئەنـدازەی دیـاریکراو بێـت، لـەو ئەندازەیـەدا دەرگایـەک هـەبێت تایبـەت بـەئافرەتان کەلێیـەوە بێنـە ژوورو بچنـە دەرەوە تـا ئـازادی هاتوچۆیـان هەبێت.

**مامۆسـتا سـافیناز کـازم:** نامـەوێت قسـەتان پـێ ببـڕم، لەمزگـەوتی حسـین دەرگایەک هەیە تایبەت بە پیاوان قەدەغەیە ئافرەت لێیەوە هاتوچۆ بکات، بـەڵام دەرگای ئافرەتان پیاو هاتوچۆی لێوە دەکات.

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** ئـەوە نابێت، ئـەو واقیعـە ئێسـتا هەیـە نابێتـە بەڵگـە لەسەر ئیسلام، لەوانەیە واقیعەکە ناتـەواو بێت، بـەڵام ئیسـتا ئیسـلام وا نـەبێت، پاشان ئافرەتان ڕێزی خۆیانیان هەیە، خێزان لـەڕابردوودا هـەموویان دەچـوون بۆ مزگەوت، ئافرەتان لەڕیزەکانی دواوە بوون، منداڵان لـەڕیزەکانی ناوەڕاسـتدا بـوون، پیـاوانیش لـەڕیزەکانی پێشـەوە نوێژیـان دەکـرد، ئەمـە بـەو واتایـە نییـە ئافرەت کە لەڕیزە دواوە بوو مانـەی ڕقلێبوون یان سـووکایەتی بدات، نـەخێر، لەبەر ئەوەیە نوێژ لەئیسلامدا چەمانەوەو کڕنووشی تێدایە، لـەڕووی ئـەدەب و ڕێزەوە گونجاو نییە ئـافرەت لـە بـەردەم پیاوانـدا بچەمێتـەوە و کڕنـووش ببـات، بۆیـە دانـراوە لـەڕیزەکانی پشـتەوە نـوێژ بکـات، هەنـدێک جـار ئـافرەت بەمنـداڵی ساوایەوە بۆ نوێژی بەیانی هاتووە بۆ مزگەوت، پێغەمبـەریش (درووودی خـوای لەسـەر) لەنوێژی بەیانیدا قورئانی زۆر دەخوێندو نوێژەکەی درێژ دەبوو، بـەڵام جارێکیان لەنوێژی بەیانیدا تەنها سـورەتی نـاس و فەلـەقی خوێند، لەوبارەیـەوە پرسیاری لێکرا فەرمووی: ((سمعت بكاء صبي مع أمه فخشـيت أن ينشـغل قلبهـا عليه في الصلاة))، واتە: گوێم لـەگریانی منداڵێک بـوو کـە لەگـەڵ دایکـی هـاتبوو، ترسـام دڵـی لای منداڵەکـەی بێـت لەنوێژەکـەدا. نەیفـەرموو ئـافرەت هـەرگیز نەیەت.

یەکێک لەزانایان فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە، من و زانایانی تریش قسەمان لەسەری هەیە و ڕەتمان کردووەتەوە، ئیبن حەزم قسەی لەبارەوە کردووەو وتوویەتی: فەرمووده‌یەکی باتڵە، ئەویش ئەو فەرموودەیەیە کە ئافرەت نوێژەکەی لەماڵەکەی خۆیدا بکات باشترە لەوەی لەمزگەوت بیکات، نەخێر، ئافرەت بۆی هەیە لەمزگەوت نوێژ بکات و گوێ لەوانەکان بگرێت و فێر ببێت، چونکە مزگەوت شوێنی فێربوونی ئایینییە، من کاتێ بەرپرسی مزگەوتەکان بووم ڕۆژی شەممەم بۆ تەفسیر تەرخان کردبوو، ڕۆژی یەکشەمە بۆ سوننە، ڕۆژی دووشەممە فیقهی مەزهەبی لەگەڵ فیقهی سوننە، ڕۆژی سێشەمە عەقیدە، چوار شەممە ژیاننامەی پێغەمبەرو مێژووی ئیسلام، پێنج شەممە ڕەوشت، هەینی بۆ وتاری هەینی، پێویستبوو ئافرەت گوێ لەهەموو ئەوانە بگرێت و لەنێو کۆمەڵگاکەیدا بژی، لێیگەڕێن با لەئیسلامدا بژی.

من لەمێژووی خاچپەرستان و هێرشەکانیاندا بۆ سەر وڵاتەکانمان خوێندوومەتەوە ئافرەتێک گوێی لێ بووە وتاربێژ باسی جیهاد دەکات، لە هەینی داهاتوودا وتاربێژ هاتووە وتوویەتی: ((ئەم کەزیانەم بۆ فڕێ درابوو لەسەر نووسرابوو: من ناتوانم لەگەڵتان بەشداری بکەم، بەڵام ئەم کەزیانەم شتێکی بۆ ئەسپی مسوڵمانان لێ درووست بکەن)) مزگەوت هاوار و دەنگی گریانی تێدا بەرز بوویەوە، پیاوان چوونە دەرەوە بۆ جیهاد و خاچپەرستان شکان، ئافرەت هۆشیار بووە.

کەواتە فێربوون و مزگەوت هەبوون، هەروەها ئەرکی دیکەشی هەیە، دوو کار هەیە پێویستە ئافرەتان تێیاندا پسپۆڕی وەربگرن، کاروباری پزیشکی و کاروباری فێرکردن تا لەقوتابخانەکانی کچاندا وانە بڵێنەوە، من وایدەبینم تێکەڵبوون لەدواناوەندی و زانکۆدا لە ڕاستیدا هیچ پێویست نییە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئەی تێکەڵبوون لە کۆڕبەندە زانستییەکاندا.

**شێخ محەمەد غەزالی:** دەمەوێت بەتەواوەتی واتای تێکەڵبوون تێبگەم چییە؟

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا ئێستا من لەحاڵەتی تێکەڵبووندام؟ مەبەست لەتێکەڵبوون مامەڵەکردنی ئافرەتە لەگەڵ پیاودا لەکۆمەڵگادا.

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەندێک جار تێکەڵبوون لەگەڵ ئافرەتان لەکۆمەڵگادا بەشێوەیەکی نا ئاسایی دەبێت، من ئەوەیان ڕەت دەکەمەوە، من لەوڵاتی جەزائیر قوتابی کچم هەبوو لەزانکۆ، نیوەی پۆلەکە بۆ کچان بوو، نیوەکەی تر بۆ کوڕان، یان وردتر بڵێم لەسێ بەش بەشێکی بۆ کچان و دووبەشەکەی تر بۆ کوڕان، بەڵام پیاو لەتەنیشتی ئافرەتەوە دابنیشێت ئەوا ئاگای لەمن نامێنێت، باشە بۆ ئەمە قبووڵ بکەم؟ بۆیە یەک لەسەر سێیان کە کچن دەخەینە لایەک و دوو بەشەکەی تریش کە کوڕن بەتەنها لەلایەک بن، زانکۆ بەوجۆرە ڕێکی خستبوون.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا ئەمە دژ نییە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە ئافرەت بۆ جیهاد دەرچووە، ئایا ئەوەیان تێکەڵبوون نییە، یان ئەو ئافرەتەی بۆ مزگەوت دەچێت ئەی ئەوە تێکەڵبوون نییە بەگوێرەی نەریتە ئیسلامییەکان؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** وەک وتت بەگوێرەی نەریتەکانمان، یەکەم: شەرم و حەیای تەواو، دووەمیش: بەتەنها مانەوە (خلوة) بەتەواوەتی ڕەتکراوەتەوە، ئەوەشی ببێتە هۆی ئەوە ئەویش ڕەتکراوەیە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** بەڕێزتان مەبەستتان لە شەرم و حەیا (إحتشام)ی تەواو چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** جل و بەرگی ئیسلامیی.

**مامۆستا سافیناز کازم:** یان مەبەستت دامەنی شۆڕ بێت و قژی بەدەرەوەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر، نەخێر، ئەو جلوبەرگەی باوە، تەنانەت لای مەسیحیەکانیش، دەبینیت ئافرەتی ڕوخسار جوان، بەڵام سەری داپۆشراوە و

جەستەی داپۆشراوە، تەنها دەم و چاوی بەدەرەوەیە لەگەڵ هەردوو دەستی، ئەوەیە شەرم و حەیا(احتشام).

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئێستا وشەی شەرم و حەیا (إحتشام) واتایەکی تری هەیە لە دەرەوەی چوارچێوەی حیجاب.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەوانەیە خەڵکی لەسەر یەک زاراوە بۆچوونی جیایان هەبێت، من مەبەستم زاراوەکە نییە، بەڵکو دوو بنەما هەیە: (ئەوەی دەبێتە هۆی حەرام، حەرامە)، من نامەوێت قوتابییەکی کچ لەگەڵ قوتابییەکی کوڕ لەتەنیشت یەکتر دابنیشن، بەتایبەت لەقۆناغی هەرزەکاریدا، من لەجەزائیر ئەوەم ڕەتکردەوە، ئەوان دەیانوویست قوتابخانەی دواناوەندی تێکەڵاو بێت، نەخێر، چونکە قۆناغی هەرزەکاری لەڕووی حەز و ئارەزووەوە شێتێتی تێدایە. من هەرگیز ڕێگە بەوە نادەم، چونکە دەمەوێت هەندێک پێودانگ بۆ غەریزەی جنسی دابنێم، دەروونناسی دەڵێت: غەریزە لەگەڵ زۆربوونی وروژاندندا بەهێزتر دەبێت و کەمی وروژێنەرەکانیش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی، ئەمە ڕێسایەکی دەروونناسییە، باشەی ئیتر بۆ وروژێنەرەکان لەبەردەمیدا زۆر بکەم؟

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا لەچوارچێوەی تێکەڵاوبووندا ئافرەتی مسوڵمانی پابەند بۆی هەیە بانگەشەی کۆنگرەیەکی بۆهات قبووڵی بکات؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بۆ کۆنگرە بچێت، بەڵام کاتێک دەچێت لەوێ لە میوانخانە بمێنێتەوە و ڕێزی لێ بگیرێت، شوێنی تایبەتیان هەبێت لەکۆنگرەکەدا، گرنگ ئەوەیە شەرم و حەیا(احتشام) و ئەدەب و ڕەچاوکردنی حەرامکراوەکان دابین کرابێت، شەقام پڕیەتی لەپیاو و ژن، بازاڕ پڕە لەپیاو و ژن، بەڵام هەرکەسەو خەریکی کاری خۆیەتی.

**مامۆستا سافیناز کازم:** من گێڕانەوەیەکم لەیادە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمانی بەئافرەتێک کرد لەکاتی ماوەی چاوەڕوانی (عیدە)دا لەماڵی ئافرەتێکی تر نەمێنێتەوە، چونکە زۆرێک لەهاوەڵان هاتووچۆی ئەو ماڵە دەکەن.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ، فاتیمەی کچی قەیسی ڕاسپارد لەماڵی ئیبن ئوم مەکتوم ماوەی چاوەڕوانییەکەی بەسەر ببات، پیاوێکی نابینا بوو، لەماڵی ئەودا عیدەکەی بەسەر ببات هیچی تێدا نییە، بۆیە لەماڵی ئافرەتێکی تر ڕێگری لێکرد چونکە پیاوان هاتووچۆیان دەکرد.

**مامۆستا سافیناز کازم:** کەواتە درووستە ئافرەت تێکەڵاوی خەڵک ببێت.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەگێڕانەوەیەکی بوخاریدا هاتووە: ((كنا نفرح بصلاة الجمعة، لأن إمرأة تصنع لنا حساء فيه حبوب، فكنا نفرح لأننا نتغدى عندها))واتە: (دڵمان بەنوێژی هەینی خۆش بوو، چونکە لەو ڕۆژەدا ئافرەتێک شۆربای بۆ درووست دەکردین کە دانەوێڵەی تێدا بوو، هەربۆیە ئێمە دڵخۆش دەبووین لەبەر ئەوەی لای ئەو نانمان دەخوارد)، ((عەبدوڵڵای کوڕی مەسلەمە لەئیبن ئەبی حازم ئەویش لە سەهلی باوکییەوە دەگێڕنەوە: ((كنا نفرح يوم الجمعة، قلت: ولم؟ قال: كانت لنا عجوز ترسل إلي بضاعة، قال ابن مسلمة: نخل بالمدينة فتأخذ من اصول السلق فتطرحه في قدر وتكركر حبات من شعير، فإذا صلينا إنصرفنا ونسلم عليها فتقدمه إلينا فنفرح من أجله وما كنا نقيل ولا نتغدى إلا بعد الجمعة)) واتە: (ڕۆژانی هەینی دڵمان خۆشدەبوو، وتم: بۆچی؟ وتی: ئافرەتێکی بەتەمەنمان هەبوو شتی بۆ دەناردم، ئیبن مەسلەمە دەڵێت: خۆراکێکە لەمەدینە لەقەدی سڵق وەردەگیرێت و دەخرێتە مەنجەڵەوە و دەنکە جۆی تێکەڵ دەکرێت، کاتێ نوێژی جومعەمان تەواو دەبوو دەڕۆیشتین سڵاومان لێی دەکردو و ئەو خواردنەی بۆ دەهێناین، ئێمەش دڵخۆش دەبووین پێی، هەرگیز پێش نوێژی هەینی نەدەخەوتین و خواردنیشمان نەدەخوارد)[1]. ئافرەتێک ئەمەیان بۆ درووست دەکات و هیچی تێدا نییە. سەلمانی فارسی ڕۆشتە ماڵی ئەبو دەرداء، ئەم گێڕانەوەشیان لەبوخارییەوەیە، لە ئەبو جەحیفەوە گێڕاویەتەوە، وتوویەتی: پێغەمبەری خوا سەلمان و ئەبو دەردائی کردبووە برا، سەلمان چوو بۆ سەردانی ئەبو دەرداء، ئوم دەردائی بینی،

---

[1] بوخاری گێڕاویەتەوە.

بێسەرو بەر دیاربوو (گرنگی بەخۆی نەدابوو)، لێی پرسیی: چیتە؟ وتی: ئەبو دەردائی برات هیچ پێویستی بەدونیا نییە، دەڵێت: کاتێ ئەبو دەرداء هاتەوە خواردنەکەی لێ نزیک کردمەوەو وتی: بخۆ چونکە من بەڕۆژووم، وتی: هیچ ناخۆم تا تۆش لەگەڵم نەخۆیت، دەڵێت: خواردی، کاتێ شەو داهات ئەبودەرداء چوو شەونوێژ بکات، سەلمان پێی وت: بخەوە، ئەویش خەوت، لەکۆتایی شەو سەلمان پێی وت: ئێستا هەستە بۆ نوێژ، هەستان و نوێژیان کرد، پێی وت: نەفسی خۆت مافی لەسەرت هەیە، پەروەردگارت مافی لەسەرت هەیە، میوانت مافی لەسەرت هەیە، خێزانت مافی لەسەرت هەیە، هەربۆیە مافی هەموو خاوەن مافێک بدە، چوون بۆ خزمەت پێغەمبەر و ئەوەیان بۆ باسکرد، فەرمووی: ((سەلمان ڕاستی فەرمووە))[١].

من باسی ئەو فەرموودەیەم کرد و وتم: ئەمە گوزارشتە لەسەر سرووشتی ئەو ژینگە ڕوونە، کاتێ دەبینم گەورەمان موسا، هەر وەک قورئانی پیرۆز بۆمان باس دەکات: ﴿وَلَمَّا وَرَدَ مَاءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ النَّاسِ يَسْقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ امْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِ قَالَ مَا خَطْبُكُمَا قَالَتَا لَا نَسْقِي حَتَّى يُصْدِرَ الرِّعَاءُ وَأَبُونَا شَيْخٌ كَبِيرٌ﴾ [القصص: ٢٣]، وتی: چیتانە، بەسادەیی وەڵامیان دایەوە، ئەوقسەیەی دەڵێ دەنگی ئافرەت عەورەتە بێبنەمایەو هیچ ئەسڵێکی نییە، ﴿مَا خَطْبُكُمَا قَالَتَا لَا نَسْقِي حَتَّى يُصْدِرَ الرِّعَاءُ وَأَبُونَا شَيْخٌ كَبِيرٌ (24)فَجَاءَتْهُ إِحْدَاهُمَا تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاء ﴾ [القصص:٢٣-٢٥]، کچەکەی ناردووە بۆلای و هیچ نەنگییەکی تێدا نەبوو. ﴿قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا فَلَمَّا جَاءَهُ وَقَصَّ عَلَيْهِ الْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) ٢٥ (قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ﴾ [القصص: ٢٥-٢٦]، سەرنجی ئاکار و ڕەفتاری داوە، باوکیشی بەبێ هیچ نەنگییەک گوێی لێ گرتووە و دواتر کردوویەتییە هاوسەری، فیترەتی مرۆیی ڕوونە،

---

[١] بەتەنها بوخاری ئیخراجی کردووە.

ئایینەکەشمان ئاییینی فیترەتە، ئەمە ئەو واتایە دەدات ئەو باشێتیانەی لەبەردەممدایە پێویستە پارێزگارییان لێ بکەم و غیرەم هەبێت لەسەریان بەڵام شێت نابم، کوشتنی نیوەی ئوممەت لەپێناوی هەندێ خەیاڵاتدا هیچ پێغەمبەرێک یان خەلیفەیەک ئەنجامی نەداوە، تەنانەت لەو گێڕانەوەی (المحلی)دا دەڵێت: عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب مزگەوتی تەنها بۆ ئافرەتان دەکردەوە تا شەونوێژ بکەن، فەرموودەی ئەحکامیش لای صەنعانی لە کتێبی (بلوغ المرام)دا ئافرەتی کردووە بەپێشنوێژ لەماڵەکەیداو بانگدەریش پیاو بووە، بۆچوونی من وایە کە ئەم فەرموودەیە تایبەتە، چونکە ئافرەت شەرعزان (فەقیهـ) بووە، کاتێ ئافرەتێکی وەک عائیشە عەبدوڕەحمان ناسراو بە (بنت الشاطیء)م لابێت، پێی دەڵێم لەپشت ئەو شەرعزانەوە نوێژەکەت بکە، لەکاتێکدا ئەو شەرعزانترە لەپیاوەکە، ئەمانە هەندێ هەڵاوێردن لەئیسلامدا ڕەچاوکراون.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا درووستە ئافرەت پێشنوێژی بکات بۆ پیاو؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** وتم: عائیشە عەبدوڕەحمان مامۆستای تەفسیر و فەرموودە، پیاوێک هات بۆلای کە نەیدەزانی بەباشی بانگ بدات، ئایا پێشنوێژی بۆ عائیشە بکات، کە ئەو شارەزاترە لەشەرعدا؟! ئەمە تایبەتمەندییەکە بۆ ئەو، ئاشکرایە لەئیسلامدا ئافرەت پێشنوێژی بۆ پیاو ناکات.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئیسلام ئافرەتیشی خستووە پێگەی سەرکردایەتی وەک فەرموودەگێڕەرەوە، وەک: ((خذوا نصف دینکم عن هذه الحمیراء)) واتە: نیوەی ئایینەکەتان لەو سوورەیە وەربگرن.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەم فەرموودەیە هیچ بنەمایەکی نییە، عائیشە فەرموودەناس بووە، بەڵام ئەو فەرموودەیە لەهیچکام لەشەش کتێبەکەی فەرموودەدا نەهاتووە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئەی فەرموودەی ((ناقصات عقل ودین))؟

**شێخ محەمـەد غـەزالی:** یەکـەم جـار ڕاڤـەی فەرموودەکـە دەکـەین، چونکـە هەنـدێک کـەس غەڵبەغـەڵبێکیان لەسـەر درووسـت کـردووە، پـێم خۆشـە بەڕاڤەیەکی فراوان و لێکدانەوە باسی بکەم تا تەواوی حەقیقەتەکە ئاشنا ببین: ((سـەعیدی کـوڕی ئـەبو مریـەم گێڕایـەوە: محەمـەدی کـوڕی جەعفـەری بـۆی گێڕاینەوە وتی: زەید (کە ئیبن ئەسلەم دەکات) لەعـەیازی کوڕی عەبدوڵلاوە، ئـەویش لەئـەبو سـەعیدی خدرییـەوە گێڕاویەتیـەوە دەڵێـت: پێغەمبـەری خـوا (دروودی خوای لەسەر) لە جەژنی قوربان یان ڕەمەزاندا بوو چووە نوێژگەو فەرمووی: ((يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ) فَقُلْنَ : وَبِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ: (تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الْحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ) قُلْنَ: وَمَا نُقْصَانُ دِينِنَا وَعَقْلِنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ: (أَلَيْسَ شَهَادَةُ الْمَرْأَةِ مِثْلَ نِصْفِ شَهَادَةِ الرَّجُلِ) قُلْنَ: بَلَى ، قَالَ : (فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا، أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ) قُلْنَ: بَلَى ، قَالَ : (فَذَلِكِ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا)[١]، واتـە: (ئـەی کۆمـەڵی ئافرەتـان خێـر بکـەن، چونکـە مـن ئێـوەم پیشاندرا زۆرینەی خەڵکی ناو ئاگر بوون، وتیان: بـەهۆی چـی ئـەی پێغەمبـەری خـوا؟ فـەرمووی: زۆر نـەفرین دەکـەن، چاکـەتان لەبـەرچاو نییـە، کەسـم نـەدیوە لەوانەی عەقڵ و ئایینیان ناتەواوە، زیاتر لە یەکێک لەئێوە بتوانێت مێشکی پیاو کێش بکات، وتیان: ئـەی ناتـەواوی ئایین و عـەقڵمان لەچیدایە ئـەی پێغەمبـەری خـوا؟ فـەرمووی: ئایـا شـایەتیدانی یـەکێک لـەئێوە بـەنیوەی شـایەتیدانی پیاوێک ئەژمار ناکرێت؟! وتیـان: بـەڵێ، فـەرمووی: ئـەوە بـەهۆی ناتـەواوی عەقڵیەوەیـە، ئایـا یـەکێک لـەئێوە کەکەوتـەوە بێنوێژیـەوە نـوێژو ڕۆژووی لەسـەر نامێنێت؟، وتیان: بەڵێ، فەرمووی: ئەوە ناتەواوی ئایینیەتی).

وەک ئـەوەی پێغەمبـەر بیـەوێت ئافرەتـان لەخوویـەکی ناپەسـەندی نێوانیـان ئاگادار بکاتەوە، ئەویش لەبەرچاونەگرتنی ماندووبوونی پیاوە، بۆی هەیـە پیـاو بەماندوویـەتی بگەڕێتـەوە بـۆ مـاڵ، ژنەکـەی پێـی بڵێـت: تـۆ بـەدرێژایی تەمـەنت

---

[١] صحيح البخاري.

هـەروا بوویـت، پێویسـتە هەسـتێکی وای هـەبێت بـاری شـانی سـووک بکـات، پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) لەسـەربوردەی سـەرەتای هـاتنی وەحـی و هاتنی فریشتە بۆلای، کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵـەوە دەلـەرزی، ئـەو ئافرەتـە مەزنـە عاقڵەی هەیبوو دەیزانی مرۆڤێکی ئاکار بـەرزی وەک محەمـەد (دروودی خـوای لەسەر) کە سیلەی ڕەحم بەجێ دەگەیەنێت و ڕێزی میوان دەگرێت و ڕەوشـتی بـەرزی پەسـەندی هەیـە، ئایـا خـوا سەرشـۆڕی دەکـات؟! وتـی: سـوێند بـەخوا، خوای گەورە سەرشۆڕت ناکات، دڵنەوایی دایەوەو دڵنیایی کرد.

پێویسـتە ئـافرەت پشـتیوانی پیـاو بێـت، نـەک ببێتـە بارقورسـی بەسـەرییەوە لەماڵـدا، هــەر وەک پێغەمبــەر (دروودی خــوای لەســەر) بــەپیاوانی فــەرمووە: ((رأيت النار فرأيت أكثرهـا الأغنيـاء))[1]، واتـە: (ئـاگری جەهەنـەمم بینـی زۆرینـەی دەوڵەمەنـدەکانی تێـدا بـوو)، ئایـا ئەمـە بـەو واتایەیـە کـە پێغەمبـەر لـەدژی دەوڵەمەنـدەکان بجـەنگێت؟! نـەخێر، بـەڵکو دەیـەوێت سـەرنجیان بـۆ ئـەوە ڕابکیشـێت کـە زۆرکەسـی دەوڵەمەنـد هـەن ڕەزیلـن و مـافی خـەڵک بـەجێ ناگەیـەنن، دەبێـت ئـەو کەشـەی تێیـدا وتـراوە ئاشـنا ببـین، کـاتێ خـوای گـەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾ [الاعراف: ١٧٩]، ئەمە بەو واتایە نییە کەسانێکی تایبەتی بۆ ناو ئاگر درووست کردبێت، نەخێر، بەڵام لەدژی گەمژەیی دەجەنگێت، لەدژی ئەوانە دەجەنگێت دەبینێت و عاقڵ نابێت و تێی ناگات، دەبیستێت بەڵام هۆشیار نابێتــەوەو ســەرنج نــادات، ئــاگر بــۆ ئەوانەیــە، کــاتێ دەگوترێــت شکســت، شـوێنکەوتووانی لـەنێو ئـەو کەسـانەدا هەڵـدەبژێرێت کـە لەسـەر شـەقام و نێـو چاخانـەو یانەکانـدا پاڵیـان داوەتـەوەو ئـەرکی سەرشـانیان بـەجێ ناگەیـەنن، شکسـت هــەڵنابژێردێت، دەربڕینــە ئەدەبیەکــە وایــە، گوزارشــتە ئەدەبیەکــەی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر) بەوجۆرەیە دەفەرمووێت: ((إن أكثر أهل النار من الأغنياء))...

---

[1] أخرجه أحمد في مسنده.

ئەمــە بـۆ ئەوەیــە هــەتا دەوڵەمەنـدەکان زەکـات بـدەن و خێـر و چاکــەی پێویسـتی سەرشـانیان بکـەن، زۆرینـەی ئەوانـەی لـەئاگردان ئافرەتـانن بـۆچی؟! چونکە ئەوانە چاکەی پیاوەکان لەبەرچاو ناگرن، کەواتە وا مەبن، ئەوە مافی مێردە، بەدوایدا ئەم دەستەواژەیە دێنێت: ((ما رأيت من ناقصات عقل ودين أغلب للب الرجل الحازم منكن)) واتە: کەسم نەدیوە لەوانەی عەقڵ و ئایینیان ناتـەواوە، زیـاتر لـە یـەکێک لـەئێوە بتوانێت مێشـکی پیـاو کـێش بکـات... ئەمـە قسـەیەکی ڕوونـە. دەسـتەیەکی دیاریکراوی نێو پێڕێکی دیاریکراو ڕەوشـتێکی دیاریکراویان هەیە، قسەکەمان لەوێوە هێناوە، هەر وەک زانایانی لۆژیک دەڵێن هەمووەکی تێکڕایی گشتی (كلية استغراقية عامة)، کەئافرەتان لەڕووی عەقڵ و ئایینـەوە ناتـەواو بـن، ئەمـە ڕاسـت نییـە، پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) قسەی وای نەکردووە.

من ئەمەم لە کتێبی (مائة سؤال في الاسلام) بەدرێژیی لێکداوەتەوەو ئەم بابەتەم ڕوونکردووەتەوە. بەوپێیەی پیاو شتی لەبیر ئەچێتەوە، ئافرەت شتی لەبیر ئەچێتـەوە، ئەمـە خەسڵەتێکی مرۆییە لـەئادەمی یەکەمـەوە وەرگیـراوە کـە باوکە ئادەمە، ﴿وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِن قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا﴾ [طه: ١١٥]، ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِفَتَاهُ لَا أَبْرَحُ حَتَّى أَبْلُغَ مَجْمَعَ الْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِيَ حُقُبًا (٦٠) فَلَمَّا بَلَغَا مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا نَسِيَا حُوتَهُمَا فَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ سَرَبًا (٦١) فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ لِفَتَاهُ آتِنَا غَدَاءَنَا لَقَدْ لَقِينَا مِن سَفَرِنَا هَذَا نَصَبًا (٦٢) قَالَ أَرَأَيْتَ إِذْ أَوَيْنَا إِلَى الصَّخْرَةِ فَإِنِّي نَسِيتُ الْحُوتَ وَمَا أَنسَانِيهُ إِلَّا الشَّيْطَانُ أَنْ أَذْكُرَهُ وَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ عَجَبًا﴾ [الكهف: ٦٠-٦٣]، یوشـەع کـە لەپێغەمبـەرانی بـەنی ئیسـرائیلە لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەیادی چـوو، دەڵێم: ئافرەتـان بـۆچی تایبەتمەندن بـە لـەبیرکردن و ناتـەواوی یادگە؟! لەکوێوە؟! لەکاتێکدا قوتابخانەکان پڕیـەتی لـەقوتابیانی کچ کـە دەخـوێنن و بەسەر کوڕاندا سەردەکەون.

ئـوم سـەلەمە لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوا دا بـوو (دروودی خـوای لەسـەر) لەگەشتەکەیدا بۆ شاری مەککە کە لەوێ ڕێکەوتنی حودەیبییە کرا، ئەوەی کە قورئانی پیرۆز بە (فتح المبين) ناوی بردووە، ڕۆڵێکی بەرزی هەبوو کە مێژوو

لـەیادی نـەکردووە، ئـەو نموونـەی ئـافرەتی هۆشـمەندی ڕاسـتبوو کـە تـوانی ریزەکـــانی کۆمـــەڵی مســـوڵمانان لەپەرتـــەوازەیی بپارێزێـــت. هەڵوێســـتەکە دەیسـەلمێنێت ئـافرەت تـوخمێکی کـارا و زینـدووە، ئـەم توخمـە پـاش ئـەوەی ئیســـلام بـــەرزی کـــردەوە و پێغەمبـــەری خـــوا (دروودی خـــوای لەســـەر) پەروەردەی کرد و بەشداربوو لەکۆچدا و هاوبەشی نەهامەتییەکان و بۆچوون و جـەنگ و زانسـت و گێڕانـەوە و ئیجتیهـاد و خـۆپرێزی لـەدوژمنان بـوو، هەڵوێستەکە لەوێدا ئەوە بوو ئافرەتێک هەستا بەپاراستنی کۆمـەڵی مسـوڵمانان و دوورخستنەوەی لەداڕمان بەهۆی ئەو کێشـە دروونییـەی پاش مەرجـەکانی ڕێککـەوتنی حودەیبییـە و گەڕانـەوەیان بـۆ مەدینـە بـەبێ ئـەوەی بچنـە مەککـە تووشیان بوو، مسوڵمانەکان ئەوەی ڕوویدا بەجۆرێک لەسەرشۆڕبوون لێکیان دایـەوە... کـاتێ پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر بێت پـێش گەڕانـەوەیان بـۆ شاری مەدینە داوای لێکردن سەریان بتاشن و قوربانی سەرببڕن بۆ شکاندنی ئیحـرام ئـەوەیان ئـەنجام نـەدا، لەنێویشـیاندا هاوەڵـەکانی، سـێجار دووبـارەی کـردەوە، هیچکامیـان هەڵنەسـتان ئـەنجامی بـدەن، پێغەمبـەر چـووە ژوورەوە بـۆلای ئـوم سـەلەمە (خـوا لێـی ڕازی بێت) بـەتـووڕەییـەوە فـەرمووی: ((هلـك المسـلمون)) ئـەوەی ڕوویـدابوو بـۆی باسـکرد، وەک ئـەوەی خـوای گـەورە چارەسەری ئەو نارەحەتییەی لەسەر زاری حەوایەکی زیرەکی دانا دەربڕیبێت وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئایا ئـەوەت پێخۆشـە؟ بڕۆ دەرەوە و قسـە لەگـەڵ کەسیان مەکە، تا قوربانییەکـەت سـەر دەبڕیت و سەرتاشـەکەت بانگ دەکـەیت تـا سـەرت چـاک بکـات... پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر) دەرچـوو، قسەی لەگەڵ کەس نەکرد، تا ئەوەی ئەنجامدا، بەدەستی خۆی قوربانییەکـەی سـەربڕی و سـەرتاشـەکەی بـانگکرد و سـەری بـۆ تاشـی... کـاتێ ئـەوەیان بینـی هەستان قوربانیـەکانیان سـەربڕی و هەندێکیان سـەری هەندێکی تریـان تاشـی، بەجۆرێک وەخت بوو هەندێکیان لەخەمباریدا هەندێکیان بکوژێت.

ئیبن ئیسـحاق وتوویـەتی: عەبـدوڵڵای کـوڕی ئـەبو نـەجیح لـە موجاهیـدەوە ئـــەویش لـــەئیبن عەبباســـەوە گێڕاویانەتـــەوە، دەڵێـــت: کەســـانێک لـــە ڕۆژی حودەیبیەدا سـەری خۆیان تاشی هەندێکیش کورتیان کـردەوە، پێغەمبـەری خـوا

(دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: ((یرحم اللـه المحلقین)) (خوا ڕەحم بەوانە بکا کە سەریان تاشیوە)، وتیان: ئەی ئەوانەی کورتیان کردووەتەوە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((یرحم اللـه المحلقین))، سێجار ئەمەی دووبارە کردەوە، لەسێیەمیاندا پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: ((والمقصرین)) (ئەوانەشی کورتیان کردەوە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، بۆ داوای ڕەحم و بەزەیت بۆ ئەوانەی سەریان تاشی بەتەنها کردو ئەوانەی کورتیان کردبووەوە بۆت نەکردن؟ فەرمووی: ((لم یشکوا)) گومانیان نەبوو. زوهەری لەفەرموودەکەیدا باس دەکات: پاشان پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) ڕۆشت و لەنێوان مەککە و مەدینەدا بوو سورەتی فەتح دابەزی، کە لەو سورەتەدا موژدەیەکی مەزن هەیە: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُبِينًا(١) لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا﴾ [الفتح: ١،٢]، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و هاوەڵان زۆر بەوە دڵخۆش بوون، وەک بەخششێک لەسەر ئارامگریان کە دەرئەنجامی بۆچوونەکەی ئوم سەلەمە بوو، ئەو ئافرەتێک بوو لەباوەشی ئیسلامدا گۆش بوبوو، خوای گەورە بۆچیی دانایانەو فیکری ڕاستبینی پێبەخشیبوو، بەم جۆرە پێغەمبەر بۆچوونی هاوسەرەکەی لەکارێکدا وەرگرت کە ریزی مسوڵمانانی لەپەرتەوازەیی پاراست، ئەوەش داننان بوو بەڕاستی و دانایی بۆچوونەکەیدا.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا لە کەلەپووری ئیسلامیماندا ئەو قسەیە هەیە: ئافرەت لەپەراسوویەکی لار درووست کراوە، یان ئەوە لە تەوراتەوە هاتووە و هیچ پەیوەندی بەئیسلامەوە نییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەو وتەیە لەتەوراتدا هاتووە، لە سەرەتای سفری تەکویندا ئافرەت بووەتە هۆی دەرکردنی ئادەم لەبەهەشت، ئەمەش درۆیە و هیچ ئەسڵێکی نییە، چونکە ئیسلام کاتێ باسی بەسەرهاتی درووستبوون دەکات، بەرپرسیارێتی خستووەتە ئەستۆی ئادەم و حەوا هەردووکیان وەک یەک، وشەی پەراسووی لار لەهەندێک فەرموودەدا هاتووە، بەڵام مەبەست لێی

ئەوەی سۆزدارییەکەی هەندێک جار، یان زۆرجار بەسەریدا زاڵ دەبێت. لە ڕاستیدا ئەگەر ئافرەت زیاتر لەپیاو خاوەنی سۆزداری نەبووایە، ئەوا هەموو گەردوون تێکدەچوو، کێ بەرگەی گریانی منداڵ و شەونخونی بۆی و دایکایەتی و ماندووبوونەکانی دایکایەتی دەگرێت، ئەگەر سۆزدارییەکی زۆر نەبێت کەزاڵ بێت بەسەر عەقڵدا هەندێک جار.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا ئەمە دادپەروەرییەکی خوایی نییە، کە حەوا لە ئادەم درووستکراوە و عیساش لەمەریەم؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئادەم ئەسڵی درووستکراوەکانە، حەواش لەو درووستکراوە، مەریەم عیسای (سەلامی خوای لەسەر) لێ درووست بووە، بە ڕۆحی جوبریل، کە لەلایەن خواوە بە نەفخەوە نێردرابوو، ئەم شتانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە یاسای سەبەبیەت هیچ دەسەڵاتێکی نییە بەسەر پەروەردگاری هۆکارەکاندا.

**مامۆستا سافیناز کازم:** مەبەستم ئەوەیە کەمێتی نییە، کە حەوا لەئادەم درووستکراوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەوانەیە زۆر ئافرەت ئەوە بسەلمێنن، کە بڵێت مەریەمی پاکیش دەکرێت نمونەی یەکێک لەهاوشێوەی حاڵەتی من بێت، ئەو لای خوای گەورە لە من مەزنترە، چونکە لەپێناوی خوادا بەرگەی نەهامەتی زۆری گرت و منیش پیاوێکی لاوازم، عائیشەی دایکی باوەڕداران زیرەکتر و هۆشمەندترە لە شەرعزانانێک لەدوای ئەو هاتوون، هەموو ئافرەتێک لەپیاوان باشتر نییە هەر وەک باسمان کرد، ئەوانیش پێڕی جیاوازیان هەیە، هەر وەک چۆن تێکڕای مرۆڤایەتی پێڕی جیاوازیی هەیە، کەڵەشێر کەڵەشێرە و مریشکیش مریشکە، بەڵام ئایا کەڵەشێر بەنێرینە دادەنرێت لەئاست مێینەی شێردا، شێرە مێینەکە بەبێ دوودڵی سەد کەڵەشێر دەخوات، بەبێ ئەوەی هەست بکات نێرینەیەتی لەوێدا بەهایەکی هەیە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئەو مافە زۆرانەی ئافرەتان، کە باسی هەندێکیانمان لەئیسلامدا کرد و هەندێکیانی لەسەردەمانێکدا لێی دزراوە و بووەتە مایەی زیانگەیاندن پێی. باشە بۆچی زانایان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا شانیان نەدایە بەر ڕزگاریی ئافرەت بەوپێیەی کێشەیەکی ئیسلامییە، چونکە هەندێک مافی شەرعیی لێ سەندراوەتەوە، کە لە قورئان و فەرموودەدا هەیە، بۆیە بە زەرورەت بووەتە کێشەیەکی ئیسلامی، کەسانێک شانیان دایە بەر رزگارکردنی ئافرەت کە پێوەرێکی درووست بۆ ئیسلام دانانێن، لەبەر ئەوە ئەو ئاریشانەی ئێستا ئێمەی تێداین، لەبازنەیەکی داخراوی نێوان ئیسلامییەکان و عەلمانییەکان پێکهاتووە، پێویست دەکات زانایانی مسوڵمان شانی بدەنە بەر؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەوە ڕاستە، ئەو قسەیە حەقە، ڕەخنەکەش لەجێی خۆیدایە، نکوڵی لەکەمتەرخەمی زانایان ناکەم، کەمتەرخەمییەکە تەنها لەبابەتی ئافرەتدا نییە، بەڵکو کەمتەرخەمی لەبابەتی ڕاوێژ (شورا)شدا هەیە، من لە کتێبی ((سر تخلف العرب والمسلمين))دا لەسەرەتاکەیدا دە یاسای خوداییم هێناوە، حوکمدارە بەسەر مێژووی سەرکەوتن و شکستی مرۆڤەکاندا، هەروەها بەسەر بەرزبوونەوەی و دواکەوتنی شارستانیەتدا، باسی ئەوەم کردووە زانایان لەبابەتی شوردا، بەڵکو نەک هەر لەشورادا، ئوممەتی ئیسلامی کۆتا ئوممەتەو ئایینی ئیسلامیش کۆتا ئایینەکانە، گومانی تێدا نییە کاروانەکە گەورەیە و تائێستاش خوای گەورە نوێکەرەوە دەنێرێت تا کاروباری ئایینەکەیان بەردەوام بۆ ئوممەت نوێ بکەنەوە، هەیانە خوای گەورە ڕێنمایی دەکات بۆ حەق و بەرچاوڕوونی کە کەسانی تر نایبینن... لە ڕاستیدا ژمارەیەک لەگەورە زانایانی وەک جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە کە پێشەوا بووە و لەنموونەی محەمەد ڕەشید ڕەزا، کە ئەویش پێشەوا بووە و نموونەی عەبدوڕەحمانی کەواکبی، کە پێشەوا بووە، هەموویان قسەیان لەسەر ئەم بوارانە کردووە، باسیان لەمافەکانی ئافرەت کردووە، یەکەمین کەس قسەی لەسەر مافی ئافرەت کردووە محەمەد عەبدە بووە، جەمالەدینی ئەفغانی زیاتر سەرقاڵی ڕزگارکردنی هەموو ئوممەت بووە، بەڵام محەمەد عەبدە هەتا باسی لە بابەتی فرەژنی کردووە، قاسم ئەمین کەمێکی لەوەوە

وەرگرتووەو پاشان سەری لێشێواوە، تەها حوسێن کەمێکی لێ وەرگرتووە و پاشان سەری لێشێواوە، سەرلێشێوان هۆکارێک بووە بۆ چەقبەستنی هەندێک لەدەستەکان هەتا ئێستا و چەقبەستنی هەندێک لەدەستە ئایینییەکان، واتە تەها حوسێن بەرچاو ڕوونتر بووە ئەوکاتەی کولێژی ئادابی بۆ ئافرەتان کردەوە، ئەزهەرییەکان زۆر لەحەقەوە دووربوون کە ڕێگرییان لەئافرەت کرد بچێتە زانکۆی ئەزهەرەوە، پاشان ڕێنماییان بۆ ڕێگای ڕاست وەرگرت و زانکۆیان بۆ ئافرەت کردەوە.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:**

گفتوگۆکەی نێوان هەردوو میوانی بەڕێز عەلامە شێخ محەمەد غەزالی و مامۆستا سافیناز کازم ئومێدەوارین درێژەی هەبێت و لەوادەیەکی تردا بەیەک بگەینەوە.

# ئەڵقەی دووەم

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئەڵقەی دووەمی دیدارەکەمان لەگەڵ بەڕێز شێخ محەمەد غەزالی بە باسکردنی چەند ژنی دەست پێدەکەین، ئایا بەتەنها شەریعەتی ئیسلامی باسی ئەمەی کردووە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** تەورات ڕێگەی بەجوولەکەکان داوە زیاتر لەهاوسەرێکیان هەبێت، ژمارەکەشی دیاری نەکردووە کە دەتوانن تا چەند هاوسەریان هەبێت، بەڵام تەلموود دیاریی کردووە پێویستە چوار هاوسەر بێت بەو مەرجەی توانای بەخێوکردنیانی هەبێت، لەمبارەیەوە دەڵێت: ((درووست نییە پیاو زیاتر لە چوار هاوسەری هەبێت، وەک یەعقوب مەگەر لای هاوسەری یەکەمی سوێندی خواردبێت. مەرجە بۆ ئەو ژمارە هاوسەرە توانای بژێوییانی هەبێت)). ئەمە ئەو ژمارەیەیە کە لە عەهدی کۆندا هاتووە، دوای ئەوە مەسیحیەتیش هات، ئەگەر سەیری ئینجیل بکەین هیچ دەقێک بەدی ناکەین ڕێگریی بکات لە چەند ژنیی، خەریکە چەندژنیی لەمەسیحییەتدا ببێتە فەرمانێکی کڵێسایی هاوشێوەی پابەندبوونی ئەو خاوەندارێتییەی کە سۆشیالستی لای ئێمە دەیسەپێنێت، کۆتوبەندکردن وەک من بینیبێتم لەئایینەکاندا نییە... ئەوەی کۆتی کردبێت بەمەرجی ماددی یان ئەدەبییەوە ئیسلامە، بەڵام بەرلەوەی باسی ئایین بکەم دەگەڕێمەوە بۆ مەنهەجەکەی خۆم، من جیاوازی ناکەم لەنێوان ئایین و عەقڵدا، وا هەست ناکەم حوکمێکی عەقڵی هەبێت جیاواز بێت لەحوکمێکی ئایینی، ئەستەمە، هەربۆیە من لەلایەنی عەقڵییەوە سەیری ئەم بابەتە دەکەم و دەمەوێت وێنای باسەکە بکەم، دەڵێم: مرۆڤایەتی لەنێوان دوو بژاردەدایە، یان ئەوەتا ژمارەی ئافرەتەکان لەژمارەی پیاوان زیاتر بێت، یان ژمارەیان بەقەدەر یەکە، یا ئەوەتا ژمارەی پیاوان کەمترە لەژمارەی ئافرەتان.

چەند ژنیی لەو کۆمەڵگایانەدا نامێنێت کە ژمارەی ئافرەتان تێیدا یەکسان بێت بەژمارەی پیاوان، یان ژمارەی ئافرەتان کەمتر بێت لەژمارەی پیاوان، لەم دوو حاڵەتەدا چەندژنیی خۆی نامێنێت، چونکە کێشەی کەمی ئافرەت درووست

دەبێت، چەندژنیی کاتێک دێتە ئارا ژمارەی ئافرەتان زیاتر بێت، وەک دەڵێن دە کەسم هەبێت ئەگەر شەشیان پیاو بێت و چواریان ئافرەت ئەوا کێشەی کەمی ئافرەتمان دەبێت، ئەگەر پێنج پیاو و پێنج ئافرەت بن ئەوا چەندژنیی نابێت، چونکە هەریەکەیان یەکێکی بەردەکەوێت، خۆئەگەر شەش یان حەوت ئافرەت لەگەڵ سێ پیاو بن ئەوا فرەیی دەبێت، لەخۆم دەپرسم چ چارەسەرێک بۆ ئەم حاڵەتە باشترینە؟ ئایا ڕەهبانییەت بەسەر زیادەکاندا بسەپێنین، ئەمە چارەسەرێکە لە چارەسەرەکان، یان ڕێگە بە بەرەڵایی بدەین وەک ڕێگەچارەیەک لە ڕێگاچارەکان، یاخود ئافرەتێک بکەینە هاوبەشی ئافرەتێکی تر و ئەمە چارەسەری سێیەمە، دەمەوێت لە ئافرەتان بپرسم: کام چارەسەرەیان ڕێزدارترینە بۆیان؟

**مامۆستا سافیناز کازم:** تەنها خاڵێکی یەکتربڕین هەیە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لێرەدا ڕێگرییەک هەیە، ئەویش ئەگەر ژمارەی ئافرەتان زیاتر بوو لە ژمارەی پیاوان، نامسوڵمانان دەڵێن ئەمە سرووشتییە، وەڵامەکە ئەوەیە لە پزیشکان دەپرسین، ئەوانیش هەرگیز کۆت و بەندێکیان دانەناوە بۆ پەیوەندیی پیاو بە چەند ژنێکەوە، بەڵام لەکاتی بەیەکگەیشتنی ژن بە چەند پیاوێک، یەکسەر نەخۆشی دەرکەوت، نەخۆشیی وەک سەیەلان و هی دیکە پەیدابوون، کەواتە ناچارم چەند پیاویی بۆ ئافرەت قەدەغە بکەم، بۆ پاراستنی تەندرووستیی گشتی، بە سەرنجی بابەتیانە ئەوە چارەسەرەکەیە، بەچاوپۆشیی لە شەریعەتەکان.

**مامۆستا سافیناز کازم:** کەواتە ئەم بابەتە لەوەدا پوخت دەبێتەوە کە ئەوە دەروازەیەکە لەڕووی کوتوپڕییەوەیە، تەنها لەکاتی ناچاریدا دەکرێتەوە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەکاتی کوتوپڕی نا، بەڵکو ڕێگای پێ دەدەین، ئەو بەڵایەی لە گرفتی چەندژنیدا هاتووەتە ئارا، لە پیادەکردنەوە هاتووە نەک لە بنەماکە، من دەبینم کە ئیسلام بەو پیاوەی توانای هێنانی یەک ژنی نییە، دەڵێت بەڕۆژووبە، واتە ڕووبەڕووی ئارەزووی خواردن بەرەوە، هەتا

ڕووبەڕووبوونەوەی ئارەزووی خواردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی سێکس دوورت بخاتەوە، ئەوە لەکاتێکدا کە ناتوانێت هاوسەرگیریی بکات، بەڵام ئەگەر پیاوێک ژنێکی هەبێت و چاوی لەوە بێت ژنێکی تر بهێنێت، پێی دەڵێین بیهێنە... بە هەر شێوازێک بێت، کەواتە ئیسلام کە ڕێگر بێت لە هەرزەکار، کە نابێت ژن بهێنێت تا توانای خەرجیی ژنهێنان و ئەو پێویستییانەی ژیانی خێزانی دەیخوازێت، نەبێت، چۆن ڕێگا دەدات بە پیاوێک ژنی هەیەو زیاتر بهێنێت لەکاتێکدا توانای نییە؟؟! پێویستە توانای ماددی لەئارادا بێت، ئەمە یەک، دووەم دادوەری، بابەتەکە ئاژەڵانە نییە، هەر پارەی زۆر خەرج بکەیت و تەواو، نەخێر، دەبێ دادوەریش پیادە بکرێت، ئەگەر دادوەریی نەبێت، چەندژنیی ڕێگەی پێنادرێت.

پێم خۆشە سەرنج بۆ دوو بابەت ڕابکێشم، ئەمە لای کۆمەڵگەی میسری و زۆر کۆمەڵگەی دیکە وەک یادەوەرییەکی مێژووییە و لە واقیعدا ڕەنگدانەوەی نییە، چونکە ژنهێنان گرفتی هەزاران گەنجە، کە تاکە ژنێکیان دەست ناکەوێت، لە ئامارەکانی هێنانی زیاتر لە یەک ژن بەبێ پێوەندە ئەدەبی یان ڕەوشتییەکان، ڕێژەی هێنانی زیاد لە ژنێک لە میسر (١%) یان (٢%)یە.

من شارەزای وڵاتانی دیکە نیم، لە وڵاتانی دیکە هەرکەس توانای هەبوو زیاتر لە یەک ژن بهێنێت، ئەو چەند ژنییەی لەبەردەمە کە ئیسلام مەرجی ماددی و ئەدەبیی بۆ داناوە.

لێرەدا پرسیارێکی دیکە دەکەم، پاش ئەوەی بەهۆی حاڵەتی کۆمەڵگاوە لای ئێمە خۆمم لێ پاراست: ئایا کۆمەڵگا ئەوروپییەکان ئاشنای فرەیی نین؟ هیچ توێژەرێک ئەو بوێرییەی نییە بڵێت پیاوی ئەمریکی یان ئەوروپی یا ئوستورالی لەژیانیدا تەنها بە ژنێک واز دەهێنێت، بەڵکو کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئەوەی جنس ڕێگەپێدراوە، چیرۆکی چەند ژنیش لە ڕاستیدا سەرپشکبوونە لە نێوان فرەیی دۆستایەتی تایبەت یان فرەیی حەڵاڵکراو بێت، ئەمە واقیعەکەیە، ئەگەر پرسیار لەهەر بیانییەک بکەین ئایا تۆ لە ژیانی تایبەتدا تەنها یەک ئافرەتت بەسە؟ بوێری درۆکردنی نییە و دەڵێت من تەنها یەک ئافرەتم بەسە، بەڵام لەواقیعدا زۆری هەیە، جا کاتێ چەند دانەیەک لەژیانیدا هەبێت، ئایا ئەوانە

لەتاریکیدا دۆستی بن و منالّەکانی وەک زۆڵ کە باوکیان دیار نییە تۆمار کرابن، کە لە ئێستادا ڕێژەی منالّی زۆڵ (بیژی) خەریکە بگاتە ئاستی منالّی حەلاڵ لەخێزاندا، باشە چ حالّەتێکی خراپەکاری گشتی لە وڵاتدا یان لەجیهان هەموویدا درووست دەبێت، کاتێ دەڵێین ڕێگە بە چەند ژنیی نادەین لەسایەی خێزانی حەلاڵدا کە ئیسلام داینـاوە و فرەییەکەی تر ڕێگە پێبدەین، وەک ئەوە وایە من فەتوایەک بدەم کە زینا ڕێگا پێدراوە، بەمە ناوترێت ئایینداریان عاقڵ.

**مامۆستا سافیناز کازم:** بەڕێزتان ئاماژەتان بۆ بابەتی چەند ژنیی کرد کە بووەتە خاڵێکی مێژوویی لە کۆمەڵگاکانماندا، ئەمە لە قۆناغێکدا ڕاستە. بەڵام گەڕانەوە بۆ بوژانەوەی سوننەت لەئارادایە، هەر وەک هەندێک لەبرایان و لەهەندێک کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی ئەوروپاو ئەمریکا باسی دەکەن، خوشکێکی تازە مسولّمان بوو لای من سکاڵای کرد کە یەکێک لە ڕێنماییەکان بۆ تازە مسولّمانبووەکان ئەوەیە چەند ژنیی وەک بنەمایەکی ڕەسەن پێویستە هەبێت، من واسەیری بابەتەکە دەکەم بەرژەوەندی لەوەدا بێت تەنها یەک هاوسەری هەبێت، لەوانەشە بەرژەوەندی ژنی دووەم لەوەدا بێت شوو بە کەسێکی تر بکات، ئەم یاسایە چاکە و خراپەی تێدایە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەرژەوەندییەکان دژبەیەکن، لە ڕاستیدا ئەو کەسەی لەسوننە وا تێبگات سواربوونی حوشترە لەبری ئۆتۆمبێل، یان ئەوانەی سوننە -لێمبوورن- واتێگەیشتوون خۆپاککردنەوە بەبەردە لەبری کلێنکس. ئەوانەی سوننە وا تێگەیشتوون بانگەشەیە بۆ ژیان وەک سەردەمانی سەدەی یەکەمی هاتنی ئیسلام، ئەوا ئەو کەسانە لەئیسلام تێنەگەیشتوون، بەڵکو من ئەوان لەئایین وەدەر دەنێم، چونکە مەترسین بۆ سەری، ئەوە نەخۆشییەکە تووشی ئێستا و ئایندەی ئوممەتی ئیسلامی دەبێت. ئیسلام ئایینێکە سەرەتاکەی عەقڵێکی تەندرووستە و دڵێکی بێگەردە، چونکە ئایین فیترەتی مرۆڤایەتییە کە لە لایەن تەواومەندبوونەوە لە جووڵەدایە، وەک خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [الروم: ٣٠].

ئەو ئایینە جوانەی بۆمان ماوەتەوە، ئایینێکە وای گریمانە کردووە کە مرۆڤ یەکەم جار عاقڵە، هەر بۆیە یەکەم دواندنی بۆی ئەوەبوو: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُم بِوَاحِدَةٍ أَن تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَادَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَيْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾ [سبأ:٤٦].

جا هەر کەسێک ئەو عەقڵەی لەدەست دا، لای من لە ئیسلامدا جێی نابێتەوە، چیی لێبکەم؟ ئەگەر ئاژەڵێکی بێ عەقڵ بێتە لای چیی لێ بکەم؟ کەسێک بێت لە ئاژەڵ نزیکترە لەسەر شێوەی مرۆڤ، لەڕوویدا دوو چاو و دەمێکی هەیە، بەڵام عەقڵی نییە، یان عەقڵێکی هەیە لەسنوری ئارەزووەکاندا پێی دەژێت، ناتوانم لەگەڵی بکەمە تێگەیشتنێک، چونکە ئیسلام ئایینی کتێبێکە، هەزار ساڵە فەقیهەکانی دیاریی کردووە، واجبەکانیان تێیدا سنوردار کردووە، واجبیش ئەوەیە کە بە بەڵگەی بنەبڕ سەلمێنراوە، واتە بنچینەیەکی تێدایە بۆ تاک، تا تاکێک پێبگەیەنێت شتانێک لەسەر خۆی فەرز بکات کە پێی خۆشە، یان شتانێک لەسەر خەڵک فەرز بکات کە خۆی دەیەوێت، نەخێر، دەبێ دەقێکی بنەبڕ هەبێت، جا کێ دەڵێت فرەژنی لە ئیسلامدا فەرزە؟ من گوتم ڕێگەی پێدراوە بە مەرج، گۆڕینی ڕێگەپێدان(اباحة) بۆ نیشانەیەک لە نیشانەکانی ئیسلام، شێتایەتییە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** کەواتە ئێمە لەبەردەم هەڵوێستێکی مامناوەنداین لەنێوان ئەوانەی بەشێوەیەکی توند دژایەتی فرە ژنی دەکەن و ئەوانەشی بەشێوەیەکی ڕەهای بێ کۆت و بەند ڕێگەی پێدەدەن.

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەئیسلامدا هیچ کەس بە شێوەیەکی ڕەهای بێ کۆت و بەند ڕیگای بە فرە ژنی نەداوە، چونکە لای ئاژەڵان بەوجۆرەیە، پێم خۆشە بڵێم: ئوممەتی ئیسلام لەجێبەجێکردنی ئیسلامدا زیانی بە ئیسلام گەیاندووە، خوای گەورە فەرمانی کردووە ئەو کەسەی لە توانایدایە حەج بکات، کەسێک

بێت سواڵ بکات بۆ ئەوەی حەج بکات، باشە چی بەم کەسە بڵێم؟ پاشان کە دەچێت بۆ ئەو شارە پیرۆزانە دەبینیت پاشماوەکانیان دەبێتە نیشانەیەکی سەر ڕێگاکان، چونکە هیچ شوێنێکیان نییە خۆیانی تێدا پاک بکەنەوە و نازانن بە جوانی نان بخۆن و هیچیان دەست ناکەوێت بەڵکو سواڵ دەکەن، باشە ئایا ئەمە شەرعی خوایە بۆ حەجکردن؟

حەجکردن لەسەر کەسێک فەرزە لەتوانایدا بێت، حەج گەشتێکی ڕۆحییە، شارەزابوونی دروشمەکانی ئیسلام و جیهانی ئیسلامی گەورەی پێویستە، باشە چی وادەکات کەسێک لە توانایدا نەبێت بچێت بۆ حەجکردن؟! ئەمە جێبەجێکردنێکی هەڵەیە... ئەگەر کەسێک وا لەئیسلام تێگەیشتبێت کە شەریعەتێکی ئاژەڵییە و هەر ئافرەتێکی ویست لەگەڵی جووت ببێت و منالی لێی ببێت و ئیتر کارەکە تەواو، هەمووتان سەرپەرشتکارن و بەرپرسن لەوەی لە ژێر سەرپەرشتیتاندایە، کەسێک نەتوانێت سەرپەرشت بێت، لەگەڵ خۆیدا دادپەروەر نەبێت، چۆن دەتوانێت لەگەڵی کەسی تردا دادپەروەر بێت، ناتوانێ بەشی خۆی پەیدا بکات، باشە چۆن دەتوانێت هاوسەرێکی تر بهێنێت و بەخێوی بکات. ئیسلام ڕێگری کردووە لێی، لەکاتێکدا هەرزەکارە و توانای بژێویدانی نییە، هاوسەرگیری بکات، ئیتر چۆن زیاتر لە ژنێک بهێنێت کە توانای بژێویدانیانی نییە؟

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا هاوسەری یەکەم لە شەرعدا ئەو مافەی هەیە کە بزانێت و مێردەکەی هەواڵی پێبدات کە نیەتی هەیە ژنێکی تر بهێنێت، یان درووستە بۆ پیاو ژنێکی تر بهێنێت و بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕێزی ژنەکەی ئاگاداری نەکات؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەم بابەتە بەهۆی بوونی بۆشایی یان لاسایکردنەوەی ئەوروپاوە هاتووەتە ئارا، وەک پێشتر وتم دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ لای ڕێگەپێدراو و ڕوخسەتەکانی ئایینەکەم، بەپایەو پاشکۆکانیەوە، بەو سنوورانەوە کە حەرام قەدەغە دەکات و بەو فراوانیەش کە خۆشیەکانی ژیان ڕێگە پێدەدات، تێکەڵکردن لە نێوان ئەمە و ئەوەدا درووست

نییە، لەگەڵیدا ڕۆژوو و نوێژ تەواو نییە، چونکە لەوانەیە هەندێک کەس پێم بڵێن: من دەمەوێت بجەنگم، کەچی نوێژ ناکات، یان دەمەوێت نوێژ بکەم، کەچی ئەو دزی ئەکات.

بابەتەکە ئەوەیە ئیسلام وەک خوانێک وایە خواردنی زۆری لەسەرە، هەموو خواردنەکان یەکجۆر نین، خواردنیش بەبێ نیشاستە و شەکر و چەوری و ڤیتامینەکان و خوێ و شتی زۆری تر تەواو نابێت، کەسێک بێت و پارچەیەک لە ئیسلام وەربگرێت و ئاشنای بەشەکانی تری نەبێت ئەوا نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت، بۆی نییە بەوە بڵێت من لە ئیسلامم وەرگرت، چونکە ئیسلام کۆمەڵێک بەشەو هەریەکە بەڕێژەی خۆی، خوای گەورە کاتێ پەنجەکانی درووست کرد، جیاوازی نێوان پەنجەکانی سنووردار کرد، پەنجەیەکی بەقەد دوو باڵ لێ نەکرد و پەنجەکەی تر هێندەی یەک باڵ بێت، نەخێر، ڕێژەیی لەڕێنماییەکانی ئیسلامدا هەیە، هەرکەس لەو ڕێژەییانە تێنەگات ئەوا لەئیسلام دوور دەکەوێتەوە، نامانەوێت ئیسلام بشێوێنرێت، ئەوەندەمان بەسە کە ئێستا کەسانێک هەن فەتوا دەدەن، لەوانەن کە نە عەقڵیان هەیەو نە لە ئیسلام تێدەگەن.

ئیسلام کتێبێکە کەسێک لێی تێدەگات دیراسەی کردبێت و ڕۆشنبیر بێت و دیدگای فراوانی بێت و لەحەقیقەتەکانی زمان تێ بگات، چ زمانێک، ئەوە کتێبێکی ئاسایی نییە، یەکەمین بەڵگەنامەی ئەدەبییە لە زمانی عەرەبیدا، بۆیە ئەگەر خوێنەر تاڕادەیەک شارەزای ئەدەب و بەرچاو ڕوون نەبوو لەبارەی شێواز و ئەوەی ڕووکار و نزیک ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوا قسەکانی لەبارەی ئیسلامەوە وەرناگیرێن، لەکەسێک تێناگەم ئێستا بێت و بیەوێت پایەکانی ئیسلام بکاتە ڕیش و تەزبیح، لەوانەیە ڕیش لە ئادابە ئیسلامییەکان بێت یان لە سونەتەکانی فیترەت، بەڵام تەزبیح قسەیەکە کە هەندێک ڕێگری لێ دەکەن کە ئەمە لەپایەکانی ئیسلام نییە… یەکێکیش دەیەوێت هاوسەرگیری بکات، هەموو ئەوەی بەلایەوە گرنگە تێرکردنی ئارەزوویەتی، ئەوە ئاژەڵە، ئارەزووی تێر دەکات و تەواو، بەڵام ئیسلام بەوجۆرە نییە، ئیسلام ئەو ژیانی هاوسەرییە دەکاتە پەرستش، پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی نێوان ژن و مێردایەتی پەیوەست

دەكات بەيادی خوای گەورەوە، ئەو منداڵەشی لەدایک دەبێت بانگ بەهەردوو گوێیدا دەدرێت بۆ ئەوەی یەکەم وشە بچێتە گوییەوە ناوی خوای بێهاوتا بێت، پاش ئەوە بوونەوەرێکی ئیسلامی پەروەردە دەکەین نەک سواڵکەرێکی سەر ڕێگاکان یان کەسێک بۆ ئەوە بژی تا ئازاری کەسانی تر بدات، یان ڕێوییەک لەپاشماوەی شێرەکان بخوات، ئەوە ئیسلام نییە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئەگەر مەرجە ئیسلامییەکان هەبێت پێویست دەکات هاوسەری یەکەم بە ژنهێنانی دووەمی مێردەکەی بزانێت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بزانێت یان نەزانێت، ئەگەر ژنەکە بەوە ڕازی نەبوو، ئەوا مافی خۆیەتی خولع بکات و پێی بڵێت: من ناتوانم ژنێکی ترت هەبێت لەگەڵت بمێنمەوە و ئەو مارەییەی پێتداوم فەرموو پێت دەدەمەوە، ئیتر ژنەکە دەچێتەوە ماڵ خۆی.

**مامۆستا سافیناز کازم:** واتە مافی تەڵاقی نییە، بەڵکو مافی خولعی هەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** مافی خولعی هەیە، خولع لەشەریعەتی ئیسلامدا هەیە، لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری خوا (درووودی خوای لەسەر) هاتووە، مسوڵمانان پلانیان لەدژ گێڕاوەو و نەیانویستووە کاری پێ بکەن، چونکە مسوڵمانان ناپاکی لەپەیامەکەیان دەکەن، بوخاری لەفەرموودەی ئەیوب لەعیکرمەوە، ئەویش لە ئیبن عەباسەوە، ژنەکەی سابتی کوڕی قەیس هاتە خزمەت پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر)و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، سابتی کوڕی قەیس گلەییم لەڕەوشت و ئایینداریەکەی نییە، بەڵام تەحەمولیم نەماوە! پێغەمبەری خوا (درووودی خوای لەسەر) فەرمووی: ((أتردين عليه حديقته؟)) واتە: (ئایا باخچەکەی بۆ دەگێڕیتەوە؟) وتی: بەڵێ[1].

---

[1] بوخاری گێڕاویەتییەوە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** جیاوازی نێوان تەڵاق و خولع چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** خولع مافی ئافرەتە کە واز لە مێردەکەی بهێت کە ڕقی لێییەتی، بەڵام تەڵاق بۆ پیاو هەیە ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە پیاو ئەو مافەی هەیە ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام ئەگەر ویستی خولع بکات ئەوا دەچێت بۆ دادگا، بۆچی؟ چونکە مارەیی وەردەگرێت، ئەگەر مافی هەموو ئافرەتێک بووایە خولع بکات، ئەوا مارەییەکە وەردەگرێت و ڕۆژی دواتر خولع دەکات، هەندێک بابەتی ماددی لێدەکەوێتەوە و هەندێ بابەتی مەعنەویش، دەکرێت قازی بیگەڕێنێتەوە بۆ بۆ شتێک کە باشترە و ڕەحمەتە بۆی.

**مامۆستا سافیناز کازم:** یاساکانی باری کەسیی.

**شێخ محەمەد غەزالی:** یاساکانی باری کەسیی لەفەڕەنسییەوە وەرگێڕدراون، ئەوەش وشەیەکە و ئیسلام ئاشنای نییە، بەڵکو لەگەڵ هەژموونی ڕۆشنبیریدا کەل ە نێوماندا بڵاو بوویەوە هاتە فیقهی ئیسلامییەوە، نەزانراوە هیچ ئیمامێک لەئیمامەکانمان لەمیانی هەزار ساڵدا ئەو وشەیەی بەکار هێنابێت، بەڵکو کاروباری خێزان بووە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** من لەچوارچێوەی وڵاتانی ئیسلامیدا قسە دەکەم، بینیوومە یاساکانیان ناوناوە باری کەسیی.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەم هەژموونەی یاسا بەر لە هەندێ ئەحکام بووە کە پیشتر هەبوون و ناویان لێناوە یاسای باری کەسیی و لای ئەوان وەرگێڕدراوە.

**مامۆستا سافیناز کازم:** بەڕیزتان هەندێکیانت بینیووە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا وەک ڕێکخستنی یاسا ئیسلامییەکانە یاخود پێچەوانەیانە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** هەندێکیان وێنەیەکی وەک خۆی یاسا ئیسلامییەکانن، بەڵام بەگوێرەی مەزهەبێک لەمەزهەبەکان یان ئیجتیهادێک کە لەژینگەیەکی تایبەتدا لەسەری بوون، فیقهی ئیسلامیش لەوە مەزنترە کە فیقهی ئەبو حەنیفە بێت بەتەنها، یان بەتەنها فیقهی مالیک بێت، یاخود شافیعی بەتەنها... فیقهی ئیسلامی بریتییە لەکاری عەقڵی ئیسلامی لەتێگەیشتنی دەقەکان لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خواوە (دروودی خوای لەسەر) و ئەو بنەما گشتییانەی لەو دەقانەوە وەرگیراون، وەک (قیاس و استصلاح و استحسان)، ئەم بابەتانە هەموویان بە گوێرەی تێگەیشتنی قورئان و سوننە و عەقڵی ئیسلامی لە یاساداناندا عەقڵێکی پێگەیشتووی کراوەی ئاسۆ فراوانە، بگرە من هەندێک جار فیقهی ڕۆمانی کە شوێنکەوتووانی قسەیان لەسەر کردووە، هاوشێوەی گردۆڵکەی وشک دادەنێم، لەئاست چیایی هیمالایای فیقهی ئیسلامیدا، چونکە فیقهی ئیسلامی فیقهێکی فراوانە، نەنگییەکەی ئەوەیە سەرمایەیەکی زۆری مەعنەویاتی بەرز و یاسای گەورەیە کەوتووەتە کەسانێکی دەست کورتەوە و ئەوە ڕوویداوە کە هەیە، ئوممەتی ئیسلامی لە ڕاستیدا ئوممەتێکی کورتە، چونکە لەئاستی ئیسلامدا نییە، ئەمە تەنها لەیاسای خێزاندا نا بەڵکو لەهەموو یاساکاندا، ئوممەتی ئیسلامی هیچ ڕێگرییەکی نییە کە شورا نەمێنێت، حوکمڕانییەکی فیرعەونی باڵادەست بێت و فیرعەون و هیرقل و کیسرا بەرز ڕابگرێت، لەوانەیە هەندێ بەکرێگیراوی بواری فیقهیش بێن و ئەوە بکەنە ئایین، کاتێ ئوممەت ئاوا سووک بێت، نابێتە ئەمینداری ئایینەکەی، ئەوکاتەش قەدەرەکان تەمبێکردنی سەرەوەتری بۆ دەهێنن. ئەوەیە ئێستا ڕوودەدات، چونکە دارمانی ئیسلامی سیاسی بەشوێندا هاتووی دارمانی فیکری و ڕۆحی بوو، لەبەر ئەوە داگیرکرا و دوژمنانی لەسەرسنگی دانیشتوون، ئەگەرچی ئێستا مسوڵمانان ملیارێک و دووسەد ملیۆنن.

**مامۆستا سافیناز کازم:** بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی ناونراوە یاسای باری کەسیی، باسی ئەوە دەکرێت بەڕێزتان سەرکردایەتی ڕێپێوانێک یان خۆپیشاندانێکت لەدژی یاسای باری کەسیی کردووە، لەچ شتێکی ئەو یاسایە ناڕازی بوویت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** من سەرکردایەتی هیچ خۆپیشاندانێک لە خۆپیشاندانەکانم نەکردووە، ڕقم لەڕۆشتنی سەرشەقامەکانە و توانای ئەوەم نییە، لەبەر ئەوە ناچمە هەڵبژاردنەکانەوە چونکە بۆچوونم لەوبارەیەوە خراپە، بەڵکو من لە مزگەوتی عەمری کوڕی عاص وتارم دەدا، لە هەمان کاتدا لە ئەزهەریش مامۆستا بووم، ئەوکاتەی خەریکبوو لەژێر کاریگەری هاوسەری فەرمانڕەوا ئەنوەر ساداتدا یاسا دەردەچوو، دەیوویست یاساکە سەربخات و بیکاتە یاسایەکی گاورانە و ڕێگە نەدرێت زیاتر لە ژنێک بهێنرێت، وتم: دەکرێت سەیری بابەتەکە بکەم، بەڵام پاش هەمواری یاسای تاوانەکان –یاسای سزاکان کاتێ سزای لەسەر زینا دانەناوە، لەتونسیش پیاوێک بە قازی وت: ئەمە ژنی من نییە، چونکە یاسایەک هەیە ڕێگری لە چەندژنی دەکات، بەڵکو ئەم ژنە دۆستمە، چۆن دەبێت لەکۆمەڵگاکەمدا قبوولی بکەم لەکاتێکدا ڕێگە بەزیناکردن دەدرێت و بەتاوان ئەژمار ناکرێت بێن فرەژنی ڕێگە پێ نەدەن... ئەمە وەرگرتنە لەئەوروپا، چونکە ئەوروپا ڕێگەی بەنێربازی داوە، لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانی و ئەنجومەنی لۆردەکان بڕیاریان لەسەر داوە، هەروەها ڕێگەیانداوە بە پەیوەندی جنسی کە لەئایینی ئێمەدا هیچ بنەمایەکی نییە، بەڵام ڕێگری دەکەن لە فرەژنی، ئەمەش لەشوێنەوارەکانی کڵێسای ئینگلیزی و کەنیسەکانی ترە کە ڕێگری لە فرەژنی دەکەن و ڕێگەی نێربازی دەدەن، ئەمە کارێکی نائاساییە، من لەڕووی مەبدەئەوە وتم: ڕازی نابم ئەم یاسایە بەوشێوەیە یاری پێ بکرێت و ئافرەتێک یاری پێ بکات کە هەموو باشێتیەکەی ئەو ژنە ئەوە بێت ژنی فەرمانڕەوایەک لەفەرمانڕەواکانە، ئەو لای من هیچ بەهایەکی نییە.

کاتێ خەڵکیم لەوە تێگەیاند ئەو خەڵکەی لەمزگەوتی عەمری کوڕی عاص بەرەو ئەنجومەنی ئوممەت ڕۆشتن تا ڕێگری لەو یاسایە بکەن، بەڵام بەهێز

خۆپیشـاندانەکەیان نەهێشـت. لەئەزهـەریش بەهـەمان شـێوە ئـەو خۆپیشـاندانە ڕوویدا، منیش لە میانی کۆنگرەیەکدا لە هۆڵی محەمـەد عەبدە بووم لەئەزهـەر، نەخێر بۆ هەر گۆڕانکارییەک لەیاساکەدا بەر لەگۆڕانکاری لە یاسای سزاکاندا.

**مامۆستا سافیناز کازم:** واتە تۆ ڕازی بوویت بەگۆڕینی یاسای خێزان بەمەبەسـتنی ڕێکخسـتنی یاسـاکان، ئەگـەر یاسـاکانی تـر بگـۆڕێن، بـەڵام ناڕەزایەتییەکی سەرەکی لەسەر یاسایەک لەیاساکان نەبوو.

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** نـەخێر. ناڕەزایـەتی لـەدژی وەرگرتنـەوەی مـافی تەڵاقـدان لـە پیـاو هـەبوو، چونکـە دادوەر تـەڵاقی دەدا، ئەمـەش قسـەیەکە و لەئەوروپاوە وەرگیراوە، چیرۆکەکە ئەوەیە ئەو ئافرەتە سەرسامە بەسیستەمی ئەوروپی و دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆمان، من ڕێگریم لەمە کرد.

مـن دەمویسـت لەکاتێکدا باسـی ئیسـلام دەکـەم هاوسـەنگی خـۆم لـە دەسـت نەدەم و کاتێ سـەیری دەقەکانمان دەکەم هۆشم نـەڕوات، چونکـە دەقـەکان لای مـن تەواومەنـدن، واتـای تەواومەندییەکەشـی لەوەدایـە، لـە نائامـادەیی ڕەوشـت یـان نـەمانی عەقیـدە یـان لەگـەڵ مردنـی ویژدانـدا، یـاخود لەگـەڵ ئـەوەی پەرستشەکان ڕووکاریی بن، یا شـەریعەت ئامادەیی نـەبێت و شـەریعەتێکی تـر لە ئارادا بێت، دەکرا پرۆژەیـەکی ئیسـلامی لەسـەر دابمـەزرێت. مـن سـەردەمی حوکمڕانی مـەحاکمی شـەرعیم بینیـووە لـە لایـەن پۆلیسـەوە ئـافرەت دەبرایـەوە ماڵەکەی خۆی.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا لە ئیسلامدا ئەوە هەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر، ئیسلام فەرمان دەکات: ﴿فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾ [الطلاق: ٢]، یـان دەفـەرموێت: ﴿تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلَا تَتَّخِذُوا آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ [البقرة: ٢٣١].

یەک ئایەت هەشت فەرمانی ڕێکخستنی ماڵی تێدایە، باشە چۆن هەموو ئەمە فەرامۆش بکەم و بەزەبری چەک ئافرەت بهێنمەوە بۆ ماڵی گوێڕایەڵی، ئوممەتی ئیسلامی دەستکاریی ئایینەکەی و ڕێنماییەکانی ئیسلامی کردووە، دەستکاری زۆر شتی کردووە کە پێویست بوو بەباشی لەسەری بڕوات، من کاتێ بۆ ئیسلام دەگەڕێمەوە، بۆ ئیسلامی تەواومەند دەگەڕێمەوە. حەفتا لقی ئیمانم هەیە پێویستە بەتەواوەتی بهێنرێنەجێ، دەبێت یەکەمین شت ڕەوشت لەبەرچاو بگرم، چونکە ویژدان مرد ئیتر یاسا بەهایەکی نابێت، بەهەزار شێواز فێڵ لەیاسا دەکەم، من یەکەم جار دەمەوێت ویژدانی ئایینی و دڵێکی ملکەچ کە بزانێت خوا چاودێری دەکات بژێنمەوە، لەنێو ماڵدا ئەوە بژێنمەوە کە پیاو و ژن تەواوکاری یەکترن، هەر وەک خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [الروم: ٢١] مەوەدە و سۆزم پێ بدە وەک بناغەی مامەڵکردنی نێو ماڵ و چیت دەوێت بیکە، بەڵام بەبێ مەوەدە و سۆز یاسا چی دەکات؟

**مامۆستا سافیناز کازم:** بەڕێزتان باسی یاساتان کرد، وەلی ئەمر یان دادوەر تا چ ڕادەیەک بۆی هەیە دەستوەردان بکات بۆ ڕێککردن یان ڕێکخستنی شەریعەتی ئیسلامی بە یاسایەکی ئیسلامی کە دەقی ڕاشکاوی لە قورئاندا لەسەر هاتبێت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** دەسەڵاتی هەندێ بابەت دراوەتە دادوەر، وەک کۆت و بەندکردنی ڕێگەپێدراو (تقييد المباح)، درووستە بۆ دادوەر کۆت وبەند بۆ ڕێگەپێدراو دابنێت، وەک دانانی کۆت و بەند بۆ بەکرێدان، لەبری ئەوەی خەڵک کرێ گران بکات و چینێکی زۆری هەژران بەهۆیەوە تووشی نارەحەتی ببن، لێرەدا دادوەر دەستوەردان دەکات و کۆت و بەند لەسەر کرێ دادەنێت، یان نرخی شت و مەک، بۆیە دەکرێت کۆت و بەند لەسەر ڕێگەپێدراو دابنێت، یان بڵێم زیاتر لە دوو لەسەر سێ مەکە بە لۆکە، ئەمەش بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئایا درووستە فرەژنیی کۆت و بەند بکرێت، یان تەڵاق کۆت و بەند بکرێت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** تەڵاق لێرەدا کاتێ کۆتی لە سەر دادنێم، ئەوا من یاسا سەردەخەم، یاسا لە ئیسلامەوە دەگۆڕم بۆ مەسیحیەت، ئەمەش ناکرێت.

**مامۆستا سافیناز کازم:** لێرەدا درووست نییە، بەڵام لەلایەن کەسانێکی نەزانەوە ڕێگەپێدرانی تەڵاق کە ڕقلێبوترین حەڵاڵە لای خوای گەورە بەشێوەیەکی خراپ بەکار بهێنن کە دەکرێت ببێتە هۆی دەربەدەری منداڵان.

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئافرەت لەو حاڵەتەدا بەیتولمالی هەیە، دەتوانرێت یاسایەک دابنرێت سزای ئەو فەرمابنەرە بدات بە بێ هۆکارێکی ماقووڵ هاوسەرەکەی تەڵاق دەدات، سزاکەی ئەوە بێت بەرزبوونەوەی پلەی فەرمانبەرێتییەکەی ڕابگیرێت یان هەڕەشەی دەرکردنی لەکارەکەی لێ بکرێت یان هەر شتێکی تر، بەڵام یاسایەکی وەرگیراو لە ڕۆژئاوا دەرنەکات. هەر وەک وتم لە کەلەپووری ئێمەدا کۆتکردنی ڕێگەپێدراو دەکرێت، بەڵام کێشەکانی خێزان لە کۆتکردنی ڕێگەپێدراوەوە نەهاتووە، بەڵکو لە شتی ترەوە هاتووە، لەوانە وڵات یاسایەکی بەسەردا سەپێنراوە، کاتێ حوکمی ئیسلامی دێت و دەست بەسەر شوێنەکانی بەرەڵایەتی و ئەو ڕووکارانەدا دەگرێت کە دەبنە هۆی لەناوبردنی ڕەوشت، دەبینین ماڵ سەقامگیر دەبێت، پیاو ئەگەر لە ماڵەکەیدا ڕەفتاری نەشیاوی کرد، ئەوا لە بازرگانی یاخود پیشەسازییەکەیدا لەسەری دەکەوێت، بێگومان ڕێگاکەی باشتر دەبێت، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەوەی من بینیم ئەوەیە مزگەوت کەسانێکی تێدا پەروەردە بوو ڕێز لە ژنەکانیان دەگرن.

**مامۆستا سافیناز کازم:** لە کۆتاییدا نموونەی هەرە باڵای ماڵی مسوڵمان کامەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا وێنەی نموونەیی ماڵی مسوڵمان وەک ئەوەی من بینیوومە گەڕانەوەیە بۆ ئەو شێوەیەی لە سەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵاندا هەبووە، لەو سەردەمەدا پیاو دەچووە مزگەوت، ژنەکەشی دەچووە مزگەوت، لەوتارەکانی هەینییەوە فێر دەبێت و منداڵەکانی لەسەر ئەو بنچینەیە پەروەردە دەکات، هەست دەکەم پیاو ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئافرەتێکی نەفامدا بکات، بگرە کاتێ قسەی لەگەڵ دەکات بەڕادەی سنووری نێوانیان قسە دەکات، پاشان لەپەرستشی خوادا ژن و مێرد لە ڕابردوودا پێکەوە شەو نوێژیان دەکرد، کاتێ پیاوەکە دەمرد دەهاتن سەرەخۆشییان لە ژنەکەی دەکرد، چونکە دەیانزانی نارەحەتە، ژنەکە دەیووت: ((بەهەر حاڵ من مێردەکەم وا ناسیووە خۆراک دەرە نەک ڕۆزی دەر، ڕۆزیدەر خوای گەورەیە))، ئەو لە ڕۆزیی خوای گەورەی دەخوارد، ئارامیی خۆی لەدەست نەدا، هەندێک خۆڕاگر بوو.

ئەم واتایانە لەکۆندا لە ئایینەکەماندا هەبوون، ئەمانە ئێستا ئایینەکەمان دەهێڵنەوە، ئافرەت بەمناڵەکەی دەوت بڕۆ بجەنگە، چونکە دەیزانی شەهیدبوونەکە ڕاستە، هەر کاتێ باسی ئەو ئافرەتە دەکەم کە کەزیی خۆی بۆ خەتیبی مزگەوتی دیمەشق نارد کە بانگەوازی جیهادی دەکرد، ئافرەتەکە وتی: من جیهاد نازانم، بەڵام کەزیم ببە و بیکە جڵەوی ئەسپی مسوڵمانان... مزگەوتەکە پڕ بوو لەدەنگی هەنسک و گریان... ئا ئەمەیە ئاییندارى و ڕەوشت لەپیاو و ژندا، ئەوەیە بنچینەی درووستی ماڵ.

**مامۆستا سافیناز کازم:** کەواتە پیاوی هاوشێوەی (سي السيد) وەک دەڵێن نییە، کە تۆقێنەر و ترسناک بێت و فەرمان بکات؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر، ئیسلام ئەو شێوەیە ناناسێت.

**مامۆستا سافیناز کازم:** ئەی ئافرەتی سەرشۆڕی لاواز کە هیچ مافێکی نەبێت و بەتەواوەتی ژێرپێ خرابێت؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر، هەموو ئەوە لەئیسلامدا نییە: ﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ ، وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ، وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكُيمٌ﴾ [البقرة: ٢٢٨]، پیاوێک هاتە خزمەت عومەر و پێی وت: من کە چوومەماڵەوە ئەو کەسەی قسە دەکات بێدەنگ ئەبێت، ئەوەی بەپێوەیە دادەنیشێت، عومەر لە ئەمیرێتی لایبرد، چونکە تۆ ئەگەر لەماڵی خۆتدا نەرمونیان نەبیت چۆن لەگەڵ خەڵکیدا نەرمونیان دەبیت، لەماڵی پێغەمبەری خوادا خێزانەکەی گلەیی کرد، تەنانەت پێغەمبەر سوێندی خواردبوو بۆ ڕازیکردنیان واز لە حەلاڵیش بهێنێت، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو سەرکۆنەی کرد: ﴿أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ﴾ [التحريم: ١].

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) خزمەتکارەکەی بانگ دەکرد، گوێی لێ نەبوو، دووبارە بانگی کردەوە، پاشان چوو بۆ لای و سیواکەکەی پێ بوو، پێی وت: **((لَوْلا خَشْيَةُ القصاصُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، لأوْجَعْتُك بِهَذَا السِّوَاكِ))** واتە: (لەبەر تۆڵەکردنەوە نەبووایە بەمە ئازارم دەدایت))، باشە ئەبێت لەگەڵ هاوسەردا چۆن بێت.

لێرەدا دووشت هەیە، هەردووکیان شایانی ئەوەن ئافرەت لەسەریان لێی بدرێت: ڕێگە بەکەسانێک بدەن بێنە ماڵەوە، کە پیاوەکە پێی خۆش نییە، دووەمیش لەکاری هاوسەرێتیدا گوێڕایەڵ نەبێت، تەنها ئەم دوو کارە نەک لەسەر شتی تر، ئایا کەس هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا دەکات ڕازی نەبێت لەگەڵی بژی؟!

**مامۆستا سافیناز کازم:** لە بەڕێزتانەوە باس دەکەن درووستە ئافرەت پلەکانی سەرکردایەتی بگرێتە ئەستۆ.

**شێخ محەمەد غەزالی:** من لەئیمامی تەبەری و ئیمامی ئیبن جەوزی هێناوەمە و وتوومە، چونکە هەندێ لە ئیسلامییەکان مێشکیان بەستراوەتەوە بە بابەتی ژنەوە، لەچەند بابەتێکی ئافرەتەوە نەبێت لەئیسلام تێناگەن، ئەم ئایینە فراوانە لەزەوییەوە تا ئاسمان پەلی هاویشتووە و هەموو شتێک

دەگرێتەوە، کەچی لە مێشکی ئەواندا لە کێشەی ئافرەت قەتیس بووە، ئەوانەی لەئینگلتەرا مسوڵمان بوون و ئێستا دوو ملیۆن مسوڵمانی لێیە، سەیری مسوڵمانان لە ئینگلتەرا دەکەم دەبینم وەک مێگەل وان، هەموو قسەیان ئەوەیە ئایا درووستە ژن ببێتە فەرمانڕەوا، کە لە ئینگلتەرا شاژن هەیە، لە هۆڵەنداش شاژن هەیە، لە وڵاتی تریش، ئەوانە نارەزایەتی لەشارستانیەت لەعەقڵیان دایە، چونکە ئەو شارستانیەتە ڕێگەی بەوە داوە، پێم وتن: گریمان تاتشەر ئافرەتێکی مسوڵمانە و پێی وتیت ئیسلام ڕێگە بەوە دەدات، پێی دەڵێیت: نەخێر ئەوە قەدەغەیە، پێت دەڵێت: نەخێر، ئەوە ڕێگەپێدراوە، چونکە ئیبن حەزم کە پیاوێکی مسوڵمانە و لەئیمامەکانی فیقهە و تەبەریش، کە لەگەورەترین موفەسیرەکانە لای ئێوە ڕێگەیان بەوە داوە و ئێمەی مسوڵمان لەسەر مەزهەبی تەبەری و ئیبن حەزمین، بەڵام ئەو مسوڵمانانە نەزانن و ئیبن حەزم ناناسن، ئەوانە مسوڵمانێتیان وەک میرات لە ڕۆژگاری توانەوە لەفیکری ئیسلامیدا بۆیان ماوەتەوە، ئەو ڕۆژانەش وەک تۆمەتبار سەیریان دەکرێت نەک وەک دادوەر، دادوەر خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەری خوا و جێبەجێکردنەکانی سەردەمی یەکەمە، بەڵام یەکێک سیستەمی حوکمڕانی وا قبووڵ بێت نەپاشایەتییەکە بە میرات بمێنێتەوە و سەرمایە لەدەستی کۆمەڵێکدا بێت و زۆرینەی خەڵک برسی بێت یان هەندێ حوکم پەیڕەو بکات کەهیچ ئەسڵێکیان نییە و لە هەندێ نەریتەوە وەری بگرێت کە هەندێ ژینگە پێیانخۆشە یان چەند ژینگەیەکی نەزان، من لەسەرم نییە ڕێزی هەموو ئەوە بگرم، بەڵکو پێویستە لەسەرم ئەوە بگۆڕم و وەک لادان لە حەقیقەت سەیری دەکەم، چونکە دەمەوێت سەنگ بۆ وەحی بگێڕمەوە.

ئیسلام بەهۆی ئەو مێشکە پوتانەوە ڕێزی خۆی لەدەستداوە، من لەوە تووڕەم چۆن ئایینەکەمان بەهۆی خراپ جێبەجێکردنەوە ڕێزی خۆی لەدەست بدات، بۆ نموونە ئێمە قسەمان لەسەر تەڵاق دەکرد، ئیسلام کاتێ هات تا حەڵاڵی بکات ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ خەڵک نەکرد، بەڵکو قسەی لەگەڵ خاوەنی پەیامەکە کرد: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾

[الطلاق: ١]، ئـەم بابەتـە پەیوەنـدداره بـەكیانی گشـتی ئوممەتـەوه كـۆتكردنێكی دەوێت، قسـه لێرەدا بۆ سـەرۆكە، لەعیدەی خۆیاندا تـەڵاقیان بدەن، كـاتێ سـەیر دەكەم دەبینم (٩٠%)ی تەڵاق لەعیدەدا نییه، پاشان فیقهـ دێت و دەڵێت تـەڵاقی بیدعی ئەو تەڵاقەیه كه بەو شێوەیه نییه خوا حەڵاڵی كردووه، من مـافی خۆمـه ئێستا پاش ئەو چەندین سـەدەیه و سووكایەتی بەئیسلام بڵێم: مـن لەگـەڵ ئیبن تەیمییه و سەلەفیەكانم و تەڵاقی بیدعی هـیچ بەهایـەكی نییـه، هـەر وەک ئـەوەی حكومەت وەزیفەیەكی بەتاڵی هەبێت، دەڵێین: كێ دەیەوێت بـەو وەزیفەیـه بگـات بـا داواكارییـەک پێشـكەش بكـات و ئـەو داواكارییـه بۆ نموونـه مۆرێكی لەسـەر بێت، هەر داواكارییەک ئەو مەرجەی تێدا نەبوو ئـەوا سـەیری ناكرێت، كەسـێک بێـت و سـەرپێچی ئـەو مەرجانـه بكـات ئایـا مـافی خـۆم نییـه بڵـێم: نـەخێر، داواكاریەكەت دەخەینه سەبەتەی فەرامۆشكراوەكانەوه، من كـاتێ دەڵێم تـەڵاقی بیدعی هیچ بەهایەكی لام نییه، مافی خۆمه ئەوه بڵێم.

**مامۆستا سافیناز كازم:** ڕوونی دەكەنەوه مەبەست لەتەڵاقی بیدعی چییه؟

**شـێخ محەمـەد غـەزالی:** تـەڵاقی سـوننه ئەوەیـه پیـاو كـاتێ ژنەكـەی لەپاكیتییەكدا بێت كه تێیدا نەچووبێتـه لای ژنەكـەی تـەڵاق بـدات، بـەڵام ئـەوەی ژنەكەی لەبێنوێژیدایه ئەوا تەڵاقەكه ناكەوێت تا ئەو كاتەی بێنوێژییەكەی تـەواو ئەبێت، لەكاتی ئەو پاكبوونەوەشدا نەچێته لای، ئەوكاته یـەک تـەڵاقی دەكـەوێت، ژنەكـه لەماڵەكـەی دەمێنێتـەوه و بـەدرێژایی مـاوەی عیدەكـەی لـەماڵ ناچێتـه دەرەوه، ئەمـە تـەڵاقی سـوننەیه، واتـه نیـەتی تەڵاقـدان بێـت نـەک پیـاوێكی سـەرخۆش یان تـووڕه بەهۆی هەرشـتێكەوه بێت تـەڵاق بێت بەسـەر زاریـدا، نەخێر، یان وەک ئـەوەی مالیک گێڕاویەتـەوه: ((لا طلاق في إغلاق))، مەبەسـت ئەوەیـه مێشـكی داخـرا بێت و قسـەیەک بكـات كـه نازانێت چـی ئـەڵێت، تـەڵاقی هەڵپەسـێردراو (معلـق) یـان سـوێندخواردن بەتـەڵاق، تـەڵاق سـوێند نییـه، گەمژەكان سوێندی پێ دەخۆن، چۆن كار بەهەموو ئەوانه بكەین؟! من دەتـوانم

هەندێک بنەمای ئیسلامی دابڕێژم کە لەسەدا سەد بۆ ڕێکخستنی ماڵی مسوڵمانان بێت، ئەمڕۆ ئافرەت کاتێ گوێی لە تەڵاق دەبێت یەکسەر دەچێتەوە بۆ ماڵی خزم و کەسی، ئیسلام وانییە، ئەوانە خەڵکانێکن یاریان بەپەرتووکەکەی خوای گەورە و ئایینەکەی خوای گەورە کردووە، ئەوەی لەسەر دەستی داگیرکەر بەسەریان هاتووە سزای خواییە بۆ ئەو بێهودەییەیان، چەند منالی هەتیوو هەیە لەکاتێکدا باوک و دایکیان لەژیاندان، بەهۆی ئەوەی باوکەکە بە بێ مێشکانە تەڵاقی خواردووە و لەگەڵ بێ مێشکییەکەیدا تەڵاقەکەی خراوە لەکاتێکدا ئەوە بیدعەیە. ئەمە چ ئیسلامێکە؟

پێویستە پێداچوونەوە بەڕێنماییەکانی ئیسلامدا بکەینەوە، پێداچوونەوەیەکی ئازادانە بێت، واتە بیرمەندان بەیەک بگەن، ئایینی خوای گەورە لەوە بەرزترە لەدەمی کەسانی گەمژەوە وەربگیرێت، وتەیەکە و محەمەد فەرید وجدی خاوەنی گەورەترین موسوعە لە ئیسلامدا وتوویەتی: (الموسوعة الاسلامية، دائرة المعرف الاسلامية)، ئەو پیاوە تا مرد کەس نەیدەناسی، هەرچەندە کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بووە، تووڕە بوو، چونکە ئیسلام لەزاری گەمژەکانەوە وەرناگیرێت، ئێمە دەمانەوێت ڕاستیەکان وەک ئەوەی لەئیسلامدا هاتووە بیناسین، دەتوانین بەوە خێزان ڕێک بخەین و پێوەری بۆ دابڕێژین کە لەسەری بڕوات، بەڵام بێین هەڵە بە هەڵە چارەسەر بکەین، ئەوا هەڵەیان کرد، ئێمە دەڵێین: تەڵاق بخەینە بەردەم دادوەر وەک ئەوەی لە ئەورووپا دەکرێت گۆڕا بۆ هەڵەیەک.

**مامۆستا سافیناز کازم:** لە خوای گەورە داواکارین یارمەتیدەرمان بێت بۆ هەستانەوە و بەردەوامی ببەخشێت بە ئیسلام و ڕابوونی ئیسلامی و ڕێنماییمان بکات بۆ ڕێگای ڕاست، سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان.

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** لە ڕاستیدا ئەم گفتوگۆیە سەبارەت بەکێشەکانی ئافرەت و ماف و ئەرکەکانیان و لەبارەی یاسا پەیوەندارەکان بەخێزان لەجیهانی ئیسلامیماندا گفتوگۆیەکی دەوڵەمەند بوو، تێڕوانینی عەلامە شێخ محەمەد غەزالی بۆ ڕێگری لەگەشەپێدانی یاساکانی خێزان یاخود ڕێگەنەدان بەهەڵێنجانی حوکمە شەرعیە پەیوەندارەکان پێیەوە، خوازیارین لەسەر خێر پێتان بگەینەوە.



# بەشی نۆیەم

## ئیسلام و هونەرەکان

گفتوگۆکار: د. جەمالەدین عەتییە

**د. محەمەد کەمال ئیمام:**

برایانی بڕوادار، سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت، گفتوگۆکەمان لەگەڵ عەلامە شێخ محەمەد غەزالی بەردەوامە، ئەم ئەڵقەیە تایبەتە بەناساندنی بۆچوونەکانی سەبارەت بەهونەر وبابەتەکانی، شێخ غەزالی لەم بوارەدا شارەزاییەکی باش و بۆچوونی ڕەسەنی هەیە، گفتوگۆکاری ئەم ئەڵقەیە ڕاوێژکاری ئەکادیمی پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی دکتۆر جەمالەدین عەتییە یە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سوپاس بۆ خوا، درووود و سڵاو لەسەر پێغەمبەری خوا، لە ڕاستیدا مامۆستا شێخ محەمەد غەزالی نەک تەنها بۆچوونی تایبەتی سەبارەت بە لایەنە دیاریکراوەکان یاخود جیاوازەکانی هونەر هەیە، بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا تێڕوانینێکی گشتگیری بۆ هونەر هەیە، لەوە نزیک دەبێتەوە ببێتە دەروازە یان تیۆرێکی ئیسلامی لەهونەرەکاندا، لەبەر ئەوە پێمانخۆشە ئەم ئەڵقەیە بە پرسیارێک سەبارەت بەو دەروازە گشتییەی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بۆ هونەرکان هەیە دەست پێبکەین؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە ڕامانم بۆ قورئانی پیرۆز بینیم خوای گەورە سەرنج و بینینمان بۆ لای گەردوون ڕادەکێشێت کە ناو و سیفەتەکانی تێدا دەدرەوشێتەوە. لە تێڕوانینی قورئانی پیرۆزدا گەردوون بەهادار و بەنرخە، بەهاداری و بەنرخیەکەشی بەهۆی ئەوەیە خوای گەورە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە و داهێنەریەتی، لەئاسۆکانی ئاسمان و ڕێگای فراوان لە زەویدا دەبینین دەسەڵاتی خوای گەورە و توانا و جوانی و بەرزو ڕێکی تێدا دەدرەوشێتەوە، خوای گەورە خاوەنی ناوە جوانترینەکانە، سەرنجی ئەم فەرمایشتەی بدە: ﴿وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ﴾ [الحجر: ١٦]، دەبینین ئەم ئایەتە یان وشەیە دووبارە بووەتەوە: ﴿إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ﴾ [الصافات: ٦]، هەروەها دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ﴾ [فصلت: ١٢]،

وشەی (البهجة)ش دەبینین: ﴿أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ(٦) وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ﴾ [ق: ٦،٧]، لە ئایەتێکی تردا هاتووە: ﴿أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَٰهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ﴾ [النمل: ٦٠].

خوای گەورە گەنمی چاندووە تا بیخۆین، ئایا چێنراوەکان تەنها گەنمە؟ باشە شوێنی گوڵ و گوڵزار و بۆنخۆشەکان لەگەردووندا کوێیە؟ هەر وەک گەنم و برنجی درووست کردووە بۆ ئەوەی بیخۆین، لەهەمان کاتدا گوڵ و گوڵزاری درووست کردووە تا چاومانی پێ ڕوون ببێتەوە، بەدەم بینینیانەوە دڵشاد بین و سەرمان لەو جوانییە سوڕ بمێنێت، کە خوای گەورە لە گەڵا و بۆنەکانیاندا نەخشاندوویەتی، ﴿انظُرُوا إِلَىٰ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ﴾ [الانعام: ٩٩]، بگرە دیمەنی جوتیار کاتێ دەچێت بۆ کێڵگە و دەگەڕێتەوە و وڵاخەکانی لە دەوروبەریەتی کە ڕۆزی خۆی لە ڕێیەوە دەست دەکەوێت، لە قورئاندا ناساندنێکی بۆکراوە شایستەی تۆمارکردنە: ﴿وَالْأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (٥) وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ (٦) وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَى بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُوا بَالِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ الْأَنفُسِ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ [النحل:٥،٧]، گەردوون جوانی زۆری تێدایە، (الجميل) یەکێکە لە ناوەکانی خوای گەورە، لەم ناوە باشەوە واتاکانی جوانی لە دونیادا پرشنگیان دایەوە، خۆ ئەگەر هەندێ کەس کوێر بێ لەئاست بینینی جوانی لە زەوی و ئاسماندا ئەوا خۆی بەرپرسە لەو پەردەیەی داویەتی بەسەر بینینیدا، ئەگەر کەسانێک هەبن پرشنگی ناخیان لەئاست ئەو جوانیانەی لە گەردووندا هەیە کرابێتەوە و ئەو گەردوونەیان خۆش بووێت کە خوای گەورە درووستی کردووە، بەهۆی ئەوەی خوای گەورەیان خۆش دەوێت و ئەوەشیان خۆش دەوێت کە درووستی کردووە ئەوا ئیمان هیچ ڕێگرییەکی نییە.

ئیمان ئەگەر بنچینەی عەقڵی و نەقڵی هەبێت چۆن ئەبێت نارەزایەتی لەوە هەبێت.

بە بۆچوونی من خودی ئیمان دەکرێت لە ئەرکێکەوە کە نارەحەتی تێدایە یا جدیەتێکی تێدا بێ کە مرۆڤ بە شتێک لە سەختی پێشوازی لێ بکات ئەمە بەهۆی ئیمانەوە بگۆڕێت بۆ شتێکی شیرینی خۆش، هەر ئەم واتایەشە پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) سەرنجمانی بۆ لای ڕاکێشاوە، لە عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیبەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر خوا (دروودی خوای لەسەر) بوو فەرمووی: **((ذاقَ طَعْمَ الإيمانِ مَن رَضِـيَ باللَّـهِ رَبًّـا، وبالإسْـلامِ دِينًـا، وبِمُحَمَّـدٍ رَسـولًا))** ، واتە: (( تامی چێژی ئیمانی کردووە هەرکەس ڕازی بووبێت بەوەی خوای گەورە پەروەردگاری بێت و ئیسلام ئاییني بێت و محەمەدیش کە پێغەمبەری بێت)[1]، لەفەرموودەیەکی تریشدا ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) لەپێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گێڕاویەتەوە فەرموویەتی **((ثلاثٌ من كُنَّ فيه وجد بهن طعمَ الإيمانِ : من كان اللهُ ورسولُه أحبَّ إليه مما سواهما، وأن يحبَّ المرء لا يحبه إلا للهِ، وأن يكرهَ أن يعودَ في الكفرِ بعد إذ أنقذَه اللهُ منه، كما يكرهُ أن يقذفَ في النارِ))**[2]، واتە: سێ خەسڵەت هەیە لە هەرکەسدا هەبێت چێژی ئیمانی دەست کەوتووە: خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی لە هەمووکەس لا خۆشەویستر بێت، کەسێکی خۆش ویست لەبەر خوا خۆشی بووێت، ڕقی لەوە ببێتەوە کە بگەڕێتەوە بۆ بێباوەڕی، پاش ئەوەی خوای گەورە ڕزگاری کرد لێی، هەر وەک چۆن ڕقی لەوەیە دەبێتەوە فڕی بدرێتە ناو ئاگرەوە)، گۆڕانی ئیمان و ئەرکەکان بۆ پرشنگی دەروونی ناکرێت ئیمان تەواو بکەن و تەزکییە بێتە جێ لەم ڕێگەیەوە نەبێت.

لەخۆمم پرسی، کاتێ پێیەکانی پێغەمبەرمان (دروود و سڵاوی خوای لەسەر بێت) بەهۆی وەستانی زۆرە لەبەردەم خوای گەورەدا ئاوسا، ئایا

---

[1] صحيح مسلم، كتاب اليمان، باب الدليل على أن رضي بالله ربا، بە ژمارە: (٣٤)، (٦٢/١)، ترموزیش گێڕاویەتییەوە.

[2]بوخاری گێڕاویەتییەوە.

ئازاری ئاوسانی پێیەکانی زاڵ بووە بەسەر موناجاتیدا یان شیرینی موناجات زاڵ بووە بەسەر ئازاردا، بەختەوەری و چاوڕوونی لەنوێژدا وای لێدەکات ئازار بگۆڕێت بۆ چێژ، هەربۆیە ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە: ((جعلت قرة عيني في الصلاة))... پێویستە حەقیقەتەکان بگۆڕین بۆ شتێکی شیرینی خۆش.

لە ڕاستیدا من خۆم باوەڕدارم و لە پەروەردگارم دەترسم، پێویست دەکات لە پەروەردگارم بترسم، چونکە ترس لەخودا دەبێت هەبێت، بەڵام مرۆڤ دەمرێت ئەگەر ماوەیەکی درێژ لەگەڵ هەستی ترسدا ژیا، بەڵام دەبوژێتەوە و دەژێتەوە کاتێ لەگەڵ واتاکانی ترس و مانای لێبووردەیی و واتاکانی لێخۆشبوون و خۆشەویستی خودایی و ئەوانەدا دەژی... ﴿نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ(٤٩) وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الْأَلِيمُ﴾ [الحجر: ٤٩،٥٠].

بەهەرحاڵ کەسانێک هەن لە لایەنێکی تەنگەوە پەیوەستن بە ئایینەوە و خۆشیان ویستووە و خۆشویستراو بوون، خوای گەورە کاتێ ڕاڤەی پەیوەندی دروستکراوان بەخۆیەوە دەکات، بەیەک شێوە باسی نەکردووە، بەڵکو فەرموویەتی: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ] (البقرة: ٢٩)، بەڵێ: [قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ [الاعراف: ٣٢]، واتە لە دونیادا بێباوەڕانیش بەشیان هەیە تێدا، بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا تەنها تایبەتە بەوان، ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە هۆکاری حەرامبوونەکەی دیارە: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ [الاعراف: ٣٣].

گومانی تێدا نییە، هونەرەکان دەکرێت بواریان لە ژیانماندا هەبێت، سەرنجی ئەوەم داوە بنەڕەت لە گەردووندا ڕێگەپێدانە: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ **[البقرة: ٢٩]**، ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ

﴿قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾ [الاعراف: ١٠]، پەروەردگارمان ڕقی لەوەیە هەندێک خەڵک دەستوەردان لەفراوانیەکەیدا بکەن و بەوهۆیەوە تەنگی بکەنەوە، یان لەسۆزو بەزەییدا دەستوەردان بکەن ببێتە هۆی کەمکردنەوەی: ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ لَكُمْ مِنْ رِزْقٍ فَجَعَلْتُمْ مِنْهُ حَرَامًا وَحَلَالًا قُلْ آللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ(٥٩) وَمَا ظَنُّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ﴾ [یونس: ٤٥، ٦٠]، قورئان هۆشداری دەدات کە شەیتان هەوڵدەدات ژیان لەبەرچاوی مرۆڤەکان غەمناک بکات، ئەمەش بەزۆرکردنی ئەوەی حەرامکراوە تێیدا و بەزۆرکردنی ئەوەی لەسەر خوای گەورە دەوترێت: ﴿يا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ(١٦٨) إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة: ١٦٨، ١٦٩].

قسەکردن بەدەم خوای گەورە بەبێ بوونی عیلم، چەک یان کەرەستەی دەستی هەندێک خەڵکە، کە بەدەم ئیسلامەوە قسە دەکەن و حوکمی ڕقاویی و حەرامکردن بۆ شتانێک دەردەکەن، کە هیچ بەڵگەیەک لەسەر حەرامکردنیان یان ڕقلێبوونیان نییە و ئەو شتانە لەسەر ئەو بنەڕەتە ماوەنەتەوە کە ئەسڵەکەیان وەک خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە ڕێگەپێدراوە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** ئەگەر بابەتێکی پەرستشی وەک نوێژ وەربگرین، دەبینین دوو لایەنی هونەری لەم پەرستشەدا کە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە جێبەجێ دەکرێت، من لە قسەکانی بەڕێزتانەوە ئەوەم بۆ دەرکەوت ئەگەر پێمان خۆش بێت بەدەربڕینی وەزیفەکان بەرجەستەیان بکەین، وەزیفەیەکی ئیمانی بۆ لایەنە جوانییەکان هەیە کاتێ مرۆڤ سەیری گەردوون و ئەوەی تێیدا لەجوانی دەکات، ئەمە جەختکردنەوەی بوونی ئیمانە لە دڵدا، وەزیفەیەکی پەروەردەییش هەیە بۆ ناسککردنی هەست و پەروەردەی تاکەکان بەپەروەردەیەکی جوانناسانە، پاشان وەزیفەیەکی کردارییی هەیە کاتێ ئەو

هونەرانە جێبەجێ دەکەین ژیانی دەوروبەرمان جوان دەکەین، ئایا دەکرێت ئەمانە پایەی تیۆری ئیسلامیمان بن بۆ هونەر؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ من وایدەبینم شیعر وەک جۆرێک لەهونەرەکان، پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر) لەبارەیەوە فەرموویەتی: ((إن من البيان لسحرا)).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەگەڵ زبرقانی کوڕی بەدر و عەمری کوڕی ئەهیم و قەیسی کوڕی عاصم دانیشتبوو، زبرقان شانازی بە خۆیەوە کردو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من گەورەی بەنی تەمیمم، لەنێویاندا گوێڕایەڵیم دەکرێت و بەدەممەوە دێن، ڕێگریان لێ دەکەم لەستەمکردن، مافەکانیان بۆ وەردەگرم، پاشان ئاماژەی بۆ عەمری کوڕی ئەهیم کرد و وتی: ئەمیش ئەوە دەزانێت.

عەمری کوڕی ئەهیم تەنها ئەوەی بۆ مایەوە زیاتر پێیدا هەڵبدات، وتی: زۆر توندە لە نەیارێتیدا، پارێزەری ئەوانەیە کە لەلای ئەون و هەرشتێک مۆڵەت بدات گوێڕایەڵیی دەکرێت. زبرقان ئەم پیاهەڵدانەی بەکەم زانی، وتی: سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا زیاتر لەوەش لەبارەمەوە دەزانێت" بەڵام لەحەسوودیدا باسی نەکرد، کاتێ عەمر گوێی لەو قسەیەی زبرقان بوو، تووڕە بوو، وتی: من حەسوودیت پێ دەبەم؟! واتە ئەو تۆمەتەی پێناخۆش بوو کە ئاراستەی کرد و بێزاری خۆی دەربڕی، پاشان وتی: سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا! خاڵوانی خراپن، تازە پیاکەوتووە، باوکێکی گەمژەی هەیە، بۆ هۆزەکەی خراپە.

ئاشکرایە پێشتر مەدحی کرد، پاشان قسەی گۆڕی و زەمی کرد، درێژەی بەقسەکانی داو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، سوێند بەخوا لە قسەکانی یەکەم جارمدا ڕاستگۆ بووم، لەوانەی دواتریشدا درۆم نەکرد، من کەسێکم ئەگەر ڕازی بووم ئەوا ئەوەی باشە بێت بیزانم ئەیڵێم، بەڵام کە تووڕە بووم ئەو خراپەیەی هەیبێت دەیڵێم، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: ((إن من البيان لسحرا))، واتە: (هەندێ دربڕین هەیە ئەفسونی تێدایە).

هونـەری بـەهێز جۆرێکـە لـە جـوانی، وادەکـات مـرۆڤ بەهۆیـەوە بتوانێت خزمەتی حەق بکات و دەروونـی خـەڵکی پێ بکاتـەوە، دەتوانێت وا بکـات تـامی حـەق شـیرین بێت وەک ئـەوەی شـاعیر دەریبڕیـووە، نـازانم ئایا باشـە (بـەڵام تامی خۆشـە... ڕووی جوانـە). کاتێ گوێم لـە شـاعیرێک دەبێت دەڵێت: هـەژارە بەڵام ئەگەر هیمەتی بـەرزتر بێت لـە سـەرمایەکەی، یـان سـەرمایەکەیان کـەمتر بێت لـە هیمەتەکـەی، ئـەوا خـۆی بـۆ ئاسـتی هەڵوێسـتێک نـزم ناکاتـەوە لێـی نەوەشێتەوە... سەیری ئەم دەربڕینە جوانە بکە:

**إني وإن ضعفت همتي جدتي[1]  وكان مالي لايقوى على خلقي**
**لتارك كل أمر كان يلزمني عارا  ويشرعني في المنهج الرنق**

واتە: (من ئەگـەرچی سـامانەکەم بەرامبـەر هیمـەتم لاواز بێت، ئـەوەی هەمـە کاریگەری لەسەر ڕەوشتم نییە، دەسبەرداری هەر کارێک بووم، کە کردبێتم و عەیبە بووبێت و بووبێتە مایەی دڵتەنگیم)

گومـانی تێـدا نییـە ئەمـە ئـەدەبێکی بـەرزە، خۆزگـە هەنـدێ لـەم شـیعرانە ئاوازیان بۆ دادەنرا و دەکرانە گۆرانی.

کاتێ شاعیر ئەڵێت:

**فـإن تكـن الأيـامُ فيـنا تَبـَدَّلَتْ  بِـبُؤْسى ونُعْمى والحـوادثُ تَفعـلُ**
**فـما ليَّـنَت منَّـا قنـاةً صـليـبةً  ولا ذلَّلـتْـنا للـتي ليـس تجْمُـلُ**
**ولكن رحـلنـاها نفـوساً كريـمةً  تُحمَّـلُ مـا لا يُستـطاعُ فتحمـلُ**
**وقَيْنا بحسن الصبر منا نُفـوسَنا  فَصَحّتْ لنـا الأعـراضُ والنـاسُ هُـزَّل**

واتە: (ئەگـەر ڕۆژگارمـان گـۆڕا بێت، کارەسـات و نەهامـەتی و ڕووداوەکـان ڕوویان دابێت، هیچ لە دامەزراویمان کەم ناکات، هیچیش سەرشـۆڕمان ناکـات، بەڵکو بەدەروونێکی بەرزەوە بەڕێمان کردووە، کە توانـای بەرگـەگرتنی ئـەوەی

---

[1] واتە سەرمایەکەم.

لەتوانادا نەبێتی هەیە، بە بەرچاوڕوونی خۆمان لێ پاراستووە، ئەوانەی ئارمگر نەبوون سەرشۆڕ بوون).

ئایا وای نابینیت ئەگەر مۆسیقاژەنێکی پسپۆڕ لە هونەری دەنگ و ئاواز و درووستکردنی کاریگەرییەکی جوان کاری تێدا بکات و بەدەنگێکی خۆش بوترێت دەروونەکان دەوروژێنێت و هانی دەدات بۆ ئەو جۆرە بەرزی و خۆڕاگرییە لەبەرانبەر خۆشی و ناخۆشییەکان و دەتوانێت پەیوەستیان بکات بە بەها مەزنەکانەوە، ئەگەر قەیرانێکی تووش بوو بەرگەی دەگرێت و بەوێنەی دەرچوونی مانگ لەنێو هەورەکان لێی دەردەچێت، چەند کارێکی باشمان بۆ خۆمان کردووە کاتێ مۆسیقا دەگۆڕین بۆ جوانی و ڕەوشت و ئەدەب.

شتی زۆر لەئەدەبەکەماندا هەیە دەکرێت بیانگۆڕین بۆ شتێک کە دەروونەکان و کۆمەڵگاش بونیاد بنێت، بەڵام ئێمە لێگەڕاین کەسانێک دەربکەون کە کاریان لاواندنەوەیە، ڕێگەمان داوە بەوانە داوە کەسانێک گۆرانی بڵێن کە بۆ جەستە و ئارەزووەکان سووتاون، لەبری ئەوەی گۆڕەپانەکەیان لێ وەربگرین و بەو تەواوەتیەی هەمانە پڕی بکەینەوە، چۆڵمان کردووە بۆ ئەوان گۆرانی بۆ خراپەکاری و گریانی بێدەسەڵات و خۆ بەئافرەت چواندنا بڵێن، ئەوەش درووست نییە.

وا دەزانم دەکرێت هونەرەکان بگۆڕین بۆ فاکتەرەکانی بونیادنان، نەک فاکتەری وێرانکردن، من ئەوە ڕەتدەکەمەوە مرۆڤێک بێت و کشانەوەی خۆی لە دونیا بسەپێنێت بەسەر خەڵکیدا و پێیان بڵێت: واز لەو هونەرانە بهێنن، نەخێر، نا وازی لێ ناهێنم، من دەیگۆڕم بۆ شتێ خزمەتی بنەما و ئامانجەکانم بکات، لەتوانامدایە ئەوە بکەم، بەڕاستیش گوێم لە هەندێ لە گۆرانیبێژان بووە کە خاوەن ڕەوشتی ئایینین، توانیوویانە کاریگەری لەسەر دەروونەکان درووست بکەن، بەجۆرێ کە داوای چاکەی زیاتر بکەن... عەقاد کاتێ باسی مۆسیقا دەکات، وا دەزانم لە بەشی شەشەمی دیوانەکەیدایە دەڵێت:

معلمة الإنسان ما ليس يعلم   وقائلة ما لا يبوح به الفم

تهزين أعطاف البخيل فيكرم   ويصغي إليك المشمخر فيرحم

واتە: (مامۆستای مرۆڤ ئەو شتەیە کە نایزانێ، وتراوەکەشی ئەوەیە کە زمانی نەیدرکاندووە، سۆزەکی ڕژدێک ئەهەژێنێ و ڕێزت لێ دەنێ، خۆ بەگەورەزان گوێت لێدەگرێت و بەزەیی پێدادێت)

واتای ئەم جۆرە مۆسیقایە دەکرێت چ کاریگەرییەکی هەبێت؟

**د. جەمالەدین عەتییە:** ئایا واینابینی لێکۆڵینەوە تا ئێستا زیاتر لە لایەنی تیۆری نزیکترە وەک لە واقیعی ژیان، واتە ئەوانەی قسەیان لەسەر گۆرانی و هونەرەکانی تر هەیە کە خراپە و بێشەرمی تێدایە، ئەمانە بەگوێرەی ئەو واقیعەی تێیدا دەژین حوکمی بەسەردا دەدەن، ئایا ئەمە بانگەشەی مسوڵمانان ناکات بۆ ئەوەی کۆمەڵێکیان بێن و ئەو بیرۆکە فێرکارییە پەروەردەییە جوانانە جێبەجێ بکەن، بەوەش واقیعێک دەبێت کە بتوانین درووستی ئەو بیرۆکانە و سوودەکانیان بە گوێرەی ئەو بپێوین؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** من لەگەڵتدام، لە کۆتا کتێبیشمدا چەند بوارێکم بۆ گۆرانی داناوە، دەکرێت باش بێت، گۆرانی تێدا بێت بۆ نموونە داوا لەخەڵکی بکات بچن بۆ خەبات لەپێناوی خوا، مۆسیقاش دەکرێت سەدایەکی بەهێز بێت بۆ بەرزکردنەوەی هیمەتە داڕوخاوەکان، گۆرانی هەیە تایبەت بەڕۆشتن بۆ حەج و عومرە، باشە ئەگەر پیاهەڵدانێکی حەلاڵیش بێت چی تێدایە؟ ئێمە دەزانین پێغەمبەرمان (درووود و سڵاوی خوای لێ بێت) گوێی لەم قەسیدەیەی کەعبی کوڕی زوهێر گرتووە، ئەم قەسیدەیەی ئەوکاتە وتووە کە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) هاتە مەدینە:

| | |
|---|---|
| بانَــتْ سُـعادُ فَقَلْــبي اليَــوْمَ مَتْبــولُ | مُتَــيَّمٌ إثْرَهــا لم يُفْــدَ مَكْبــولُ |
| وَمَــا سُــعَادُ غَــداةَ البَــيْن إذْ رَحَلــوا | إلاّ أغَــنُّ غضــيضُ الطّــرْفِ مَكْحُــولُ |
| هَيْفــاءُ مُقْبِلَــةً عَجْــزاءُ مُــدْبِرَةً | لا يُشْــتَكى قِصَــرٌ مِنها ولا طُــولُ |
| تَجْلُــو عَــوارِضَ ذي ظَلْــمٍ إذا ابْتَسَــمَتْ | كأنّــهُ مُنْهَــلٌ بــالرّاحِ مَعْلُــولُ |
| شُــجّتْ بِــذي شَــبَمٍ مِــنْ مــاءِ مَعْنيــةٍ | صــافٍ بــأَبْطَحَ أضْــحَى وهْوَمَشْــمولُ |
| تَنْفِــي الرِّيــاحُ القَــذَى عَنْــهُ وأفْرَطُــهُ | مِــنْ صَــوْبِ سـارِيَةٍ بِــيضٌ يَعالِيــلُ |

أكْرِمْ بِها خُلّةً لوْ أنّها صَدَقَتْ     مَوْعودَها أو لَوَ أنَ النُّصْحَ مَقْبولُ

لكِنّها خُلّةٌ قَدْ سِيطَ مِنْ دَمِها     فَجْعٌ ووَلَعٌ وإخْلافٌ وتَبْديلُ

فما تَدومُ عَلَى حالٍ تكونُ بِها     كَما تَلَوّنُ في أثْوابِها الغُولُ

ولا تَمَسّكُ بالعَهْدِ الذي زَعَمْتْ     إلاّ كَما يُمْسِكُ الماءَ الغَرابيلُ

فلا يَغُرّنْكَ ما مَنّتْ وما وَعَدَتْ     إنّ الأمانيّ والأحْلامَ تَضْليلُ

كانَتْ مَواعيدُ عُرْقوبٍ لَها مَثَلا     وما مَواعيدُها إلاّ الأباطيلُ

أرْجو وآمُلُ أنْ تَدْنو مَوَدّتُها     وما إخالُ لَدَيْنا مِنْكِ تَنْويلُ

أمْسَتْ سُعادُ بِأرْضٍ لايُبَلّغُها     إلاّ العِتاقُ النّجيباتُ المَراسِيلُ

ولَنْ يُبَلّغَها إلاّ عُذافِرَةٌ     لها عَلَى الأيْنِ إرْقالٌ وتَبْغيلُ

مِنْ كُلِّ نَضّاخَةِ الذِّفْرَى إذا عَرِقَتْ     عُرْضَتُها طامِسُ الأعْلامِ مَجْهولُ

تَرْمِي الغُيوبَ بِعَيْنَيْ مُفْرَدٍ لَهِقٍ     إذا تَوَقّدَت الحَزّازُ والميلُ

ضَخْمٌ مُقَلّدُها فَعْم مُقَيّدُها     في خَلْقِها عَنْ بَناتِ الفَحْلِ تَفْضِيلُ

غَلْباءُ وَجْناءُ عَلْكوم مُذَكّرَةٌ     في دَفْها سَعَةٌ قُدّامَها ميلُ

وجِلْدُها مِنْ أُطومٍ لا يُؤَيّسُهُ     طَلْحٌ بضاحِيَةِ المَتْنَيْنِ مَهْزولُ

حَرْفٌ أخوها أبوها مِن مُهَجّنَةٍ     وعَمُّها خالُها قَوْداءُ شِمْليلُ

يَمْشِي القُرادُ عَلَيْها ثُمّ يُزْلِقُهُ     مِنْها لبانٌ وأقْرابٌ زَهاليلُ

عَيْرانَةٌ قُذِفَتْ بالنّحْضِ عَنْ عُرُضٍ     مِرْفَقُها عَنْ بَناتِ الزُّورِ مَفْتولُ

كأنّما فاتَ عَيْنَيْهاومَذْبَحَها     مِنْ خَطْمِها ومِن الّلحْيَيْنِ بِرْطيلُ

تَمُرُّ مِثْلَ عَسِيبِ النّخْلِ ذا خُصَلٍ     في غارِزٍ لَمْ تُخَوّنْهُ الأحاليلُ

قَنْواءُ في حَرّتَيْها لِلْبَصيرِ بِها     عَتَقٌ مُبينٌ وفي الخَدّيْنِ تَسْهيلُ

تُخْدي عَلَى يَسَراتٍ وهي لاحِقَةٌ     ذَوابِلٌ مَسُّهُنّ الأرضَ تَحْليلُ

سُمْرُ العَجاياتِ يَتْرُكْنَ الحَصَى زِيماً     لم يَقِهِنّ رُؤوسَ الأُكْمِ تَنْعيلُ

كأنّ أوْبَ ذِراعَيْها إذا عَرِقَتْ     وقَد تَلَفّعَ بالكورِ العَساقيلُ

يَوْماً يَظَلُّ به الحِرْباءُ مُصْطَخِداً     كأنّ ضاحِيَهُ بالشّمْسِ مَمْلولُ

وقالَ لِلْقوْمِ حادِيهِمْ وقدْ جَعَلَتْ ... وُرْقَ الجَنادِبِ يَرْكُضْنَ الحَصَى قيلُوا
شَدَّ النّهارِ ذِراعا عَيْطَلٍ نَصِفٍ ... قامَتْ فَجاوبَها نُكْدٌ مَثاكيلُ
نَوّاحَةٌ رِخْوَةُ الضَّبْعَيْنِ لَيْسَ لَها ... لَمّا نَعَى بِكْرَها النّاعونَ مَعْقولُ
تَفْرِي الُّلبانَ بِكَفَّيْها ومَدْرَعُها ... مُشَقَّقٌ عَنْ تَراقيها رَعابيلُ
تَسْعَى الوُشاةُ جَنابَيْها وقَوْلُهُمُ ... إنّك يا ابْنَ أبي سُلْمَى لَمَقْتولُ
وقالَ كُلُّ خَليلٍ كُنْتُ آمُلُهُ ... لا أُلْفيَنَّكَ إنّي عَنْكَ مَشْغولُ
فَقُلْتُ خَلُّوا سَبيلِي لاَ أبا لَكُمُ ... فَكُلُّ ما قَدَّرَ الرَّحْمنُ مَفْعولُ
كُلُّ ابْنِ أُنْثَى وإنْ طالَتْ سَلامَتُهُ ... يَوْماً على آلَةٍ حَدْباءَ مَحْمولُ
أُنْبِئْتُ أنَّ رَسُولَ اللهِ أَوْعَدَني ... والعَفْوُ عَنْدَ رَسُولِ اللهِ مَأْمُولُ
وقَدْ أَتَيْتُ رَسُولَ اللهِ مُعْتَذِراً ... والعُذْرُ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ مَقْبولُ
مَهْلاً هَداكَ الذي أَعْطاكَ نافِلَةَ ... القرآن فيها مَواعيظٌ وتَفُصيلُ
لا تَأْخُذَنِّي بِأَقْوالِ الوُشاة ولَمْ ... أُذْنِبْ وقَدْ كَثُرَتْ فِيَّ الأَقاويلُ
لَقَدْ أقْومُ مَقاماً لَو يَقومُ بِهِ ... أرَى وأَسْمَعُ ما لم يَسْمَعِ الفيلُ
لَظَلّ يرْعُدُ إلاّ أنْ يكونَ لَهُ مِنَ ... الّرسُولِ بِإِذْنِ اللهِ تَنْويلُ
حَتّى وَضَعْتُ يَميني لا أُنازِعُهُ ... فِي كَفِّ ذي نَغَماتٍ قيلُهُ القيلُ
لَذاكَ أَهْيَبُ عِنْدي إذْ أُكَلِّمُهُ ... وقيلَ إنّكَ مَنْسوبٌ ومَسْئُولُ
مِنْ خادِرٍ مِنْ لُيوثِ الأُسْدِ مَسْكَنُهُ ... مِنْ بَطْنِ عَثّرَ غِيلٌ دونَهُ غيلُ
يَغْدو فَيُلْحِمُ ضِرْغامَيْنِ عَيْشُهُما ... لَحْمٌ مَنَ القَوْمِ مَعْفورٌ خَراديلُ
إذا يُساوِرُ قِرْناً لا يَحِلُّ لَهُ ... أنْ يَتْرُكَ القِرْنَ إلاّ وهوَمَغْلُولُ
مِنْهُ تَظَلُّ سَباعُ الجَوِّضامِزَةً ... ولا تَمَشّى بَوادِيهِ الأَراجِيلُ
ولا يَزالُ بِواديهِ أخُو ثِقَةٍ ... مُطَرَّحَ البَزِّ والدِّرْسانِ مَأْكولُ
إنَّ الرَّسُولَ لَنورٌ يُسْتَضاءُ بِهِ ... مُهَنَّدٌ مِنْ سُيوفِ اللهِ مَسْلُولُ
فِي فِتْيَةٍ مِنْ قُرَيْشٍ قالَ قائِلُهُمْ ... بِبَطْنِ مَكّةَ لَمّا أسْلَمُوا زُولُوا
زالُوا فمَا زالَ أَنْكاسٌ ولا كُشُفٌ ... عِنْدَ الِّلقاءِ ولا مِيلٌ مَعازيلُ

شُـــــمٌّ العَـــــرانِينِ أَبْطـــــالٌ لُبوسُــــــهُمْ مِـــنْ نَسْـــجِ دَأُوُدَ في الهَيْجَـــا سَـــرابيلُ
بِـــيضٌ سَـــوَابِغُ قَــد شُـــكَّتْ لَهَـــا حَلَـــقٌ كأنّهـــا حَلَـــقُ القَفْعـــاءِ مَجْـــدولُ
يَمْشــونَ مَشْــيَ الجِمـــالِ الزُّهْـــرِ يَعْصِـــمُهُمْ ضَـــرْبٌ إذا عَـــرّدَ السُّـــودُ التّنابِيـــلُ
لا يَفْرَحــــــونَ إذا نَالـــــتْ رِمــــــاحُهُمُ قَوْمـــاً ولَيْســـوا مَجازِيعـــاً إذا نِيلُـــوا
لا يَقَـــــعُ الطّعْـــــنُ إلاّ في نُحـــــورِهِمُ ومــا لَهُــمْ عَــنْ حِيــاضِ المــوتِ تَهْليــلُ[١]

لەشیعرە کۆنەکەشدا ئەم بەیتانە وتراوە:

أمــن اجــل دار بالرقاشــين اعصــفت عليهـــا ريـــاح الصـــيف بـــدءاً ومرجعـــا
اربـــت بهـــا الارواح حتـــى تنســـفت معارفهــــا الا الصـــــفيح الموضـــــعا
وغـــير ثـــلاث في الـــديار كأنهـــا ثـــلاث حمامــــات تقــــابلن وقعــــا
أتبكـــي عـــلى رىا ونفســـك باعـــدت مـــزارك مـــن رىا وشـــعباكما معـــا
بكـــت عينـــك اليســـرى فلمـــا زجرتهـــا عـــن الجهـــل بعـــد الحلـــم اسـبلتا معـاً
كأنــــك لم تشــــهد وداع مفــــارق زلم تـــر شـــعبي صـــاحبىن تقطعـــا
بنفســـي تلـــك الارض مـــا أطىب الربـــا ومـــا أحســـن المصـــطاف والمتربعـــا
ســلام عــلى الــدنىا فمــا هــي راحــة إذا لم ىكـــن شملـــي وشملكـــم معـــا
أمـــا وجـــلال الله لـــو تـــذكرىنـــني كـــذكراك مـــا كففـــت للـــعىن أدمعـــا
فقالـــت بـــالى والله ذكـــرا لـــو انـــه ىصـــب عـــلى الصـــخر الاصـــم تصـــدعا
لعمـــري لقـــد نـــادى منـــادي فراقنـــا بتشـــــتيتنا في كـــــل واد فأسمعـــــا
لقـــد خفـــت أن لا تقنـــع الـــنفس بعـــده بشــيء مــن الــدنىا وإن كــان مقتنعــا
كأنـــا خلقنـــا للنـــوى وكأنمـــا حـــرام علـــى الأيـــام ان نتجمعـــا

[١] ئیبن هیشام دەڵێت: کەعب ئەم قەسیدەیەی هاتنی پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) بۆ شاری مەدینە وتووە.

ئەم بەیتە شیعریانە پیاهەڵدان (غزل)ن، ئایا هیچ داڕمان یان سوکییەکی تێدا دەبینیت، دەروونی مرۆڤ پێویستی بەم سۆزە هەیە، باشە بۆچی لێی حەرام بکەین گوێ لە شتێکی باش بگرێت، کەی ئەمە حەرام بووە، هەر وەک ئیبن حەزم دەڵێت کێ حەرامی کردووە: (**وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا**) (مریم: ٦٤)، ئەگەر بیوویستایە حەرامی بکات بۆچی بێدەنگ بووە لەحەرامکردنی تا ئێمە بۆی ڕاست بکەینەوە... هەندێک جار شکانی ئایین بەهۆی ئەو کەسانەوەیە کاری بۆ دەکەن، چونکە بوارەکان چۆڵ دەکەن کە شەڕ و خراپەی تێدایە، ئەگەر بە چاکە پڕیان بکردایەتەوە پەرەی نەدەسەند و بواری پەرەسەندنی نەدەبوو.

**د. جەمالەدین عەتییە:** لەمیانی قسەکانی بەڕێزتاندا سەبارەت بە هونەرەکان تێبینی ئەوەم کرد ئەوان وایدەبینن کۆدەنگییەک بۆ نموونە لەسەر حەرامکردنی گۆرانی هەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لەو باوەڕەدام ئەو کەسانە هیچ شارەزاییەکیان نییە، ئەوانە لە بواری فیقهدا درۆ دەکەن، درۆ دەکەن، چۆن کۆدەنگی دەبێت لەکاتێکدا ئەو فەرموودەیەی بوخاری هێناویەتی تێیدا هاتووە: ئیسماعیل بۆی گێڕاینەوە وتی: ئیبن وەهەب بۆی باسکردین عەمر وتوویەتی: ئەبو ئەسوەد لە عروەوە، ئەویش لەعائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) هات بۆ لام، دوو کەنیزەکم لابوو گۆرانیی (بعاث)یان دەوت، لەسەر جێگا ڕاکشا و ڕووی لێ وەرگێڕاین، ئەبوبەکر هات و سەرکۆنەی کردم و وتی: شمشاڵی شەیتان لای پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)، پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) ڕووی تێکرد و فەرمووی: وازیان لێ بێنە، هەرکە بێئاگا بوو، بەچاو ئاماژەم بۆ کردن و ڕۆشتن. دەڵێت: لە ڕۆژی جەژندا بوو کە ڕەشپێشتەکان بە ڕم و خەنجەر یاریان دەکرد، یان من داوام لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر) کرد، یان خۆی فەرمووی: ((تشتهين تنظرين؟)) (حەزدەکەیت سەیر بکەیت؟)، وتم: بەڵێ، لەپشتی خۆی ڕایگرتم و ڕوومەتم لە سەر ڕوومەتی بوو، فەرمووی: ((دونكم بني أرفدة)) (بەردەوام بن ئەی بەنی

ئەرفەدە)، هەتا ماندووبووم، فەرمووی: ((حسبک؟)) بەستە؟، وتم: بەڵێ، فەرمووی: ((برۆ)).

باشــە چــۆن لەکاتێکــدا ئــەوەی لــە خــاوەن ســوننەکانەوە گێڕدراوەتــەوە، ئەوەشی لە بوخاری و ئیبن حەبان و حاکم و جگە لەوانیشەوە بە سەنەدی صــەحیح لــە عائیشــەوە گێڕاویانەتــەوە دەڵێت: کــەنیزەکێکی هــەتیوومان لابــوو، کردمانە هاوسەری پیاوێکی ئەنصاری، منیش لەوانەدا بووم بووکەکەیان دەبرد بـۆلای مێردەکـەی، پێغەمبـەری خـوا (دروودی خـوای لەسـەر) فـەرمووی: (( یـا عائیشـة، إن الانصـار فـیهم غـزل، فمـا قلـت؟)) واتـە: (ئـەی عائیشـە ئەنصـارەکان گۆرانی پیاهەلدانیان هەیە، ئەی تۆ چیت گوت، وتـم: دوعـای بەرەکـەتمان کـرد، فەرمووی: (( أفلا قلتم:

أتیناکم أتیناکم فحیونا نحییکم

ولولا الذهب الاحمر ما حلت بوادیکم

ولولا الحبة السمراء لم تسمن عذاریکم

ئـەی بـۆ نـەتانووت: هـاتین بۆلاتـان، هـاتین بۆلاتـان سـڵاومان لـێ بکـەن، سڵاوتان لێ دەکەین ئەگەر زێڕی سوور (گـەنم) نەبووایە، گوندەکانتان خۆش نەدەبوو ئەگەر دەنکەڕەشەکان نەبوایە، کچەکانتان قەڵەو نەدەبوون).

پاشان حەرامکردن پێویستی بە دەق لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (دروودی خــوای لەســەر) هەیــە، دەقێکــی بنبــڕ، باشــە دەقــی بنبــر بــۆ ئــەو حەرامکردنـە کامەیـە؟ کـاتێ ئیـبن حـەزم باسـی ئـەوەی لـەبارەی گۆرانییـەوە هــاتووە دەکــات، لەکتێبەکەمــدا لێیــەوە گوازتوومەتــەوە هــیچ فەرموودەیــەکی بـەڕێزی نـەهێناوە، هـەموو ئـەوەی لـەم بـوارەدا هـاتووە فـەرموودەی لاوازی تێدایە یان لەناوبەر یان نەزانراو یا هیچ سەنگێکی نییە یان هیچ چاکەیەکی تیا نییە، باشە چ کۆدەنگییەک؟ هیچ کۆدەنگییەک لەوێدا نییە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** مەبەستم ئەوەیە زۆرترین شت لەتوانادا بێت بوترێت ئەوەیـە بابـەتێکی ئەخلاقییـە، بـەڵام بانگەشـەکردنی ئـەوەی کۆدەنگییـە، ئەمـە پێچەوانەی حەقیقەتی بیروبۆچوونەکانە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** کۆدەنگی، ئەمە درۆیەکە و هیچ شەرعزانێک نایڵێت، کتێبە فیقهیەکان –تەنانەت کتێبە بێلایەنەکان- بەڵگەی هەردوو تیمەکە باسکراوە و بابەتەکە بۆ هەرکەس بیەوێت لێ دەگەڕێین.

**د. جەمالەدین عەتییە:** لە کتێبی *کۆتایتاندا* سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هونەرەکان و بەکارهێنانی بۆ ئاسوودەیی دەروون، باسی ئەوەتان کردووە ئاسوودەبوون مافێکی ئەوانەیە بەهۆی کارکردنەوە ماندووبوون نەک مافی خانەنشینەکان بێت، ئەمە پرسیارێک دەهێنێتە ئارا: ئایا هونەرەکان لە تەحسینیاتە، یان کەمالیات، یان حاجیات، یان زەروریات؟ بەڕێزتان لەڕووی شەرعیەوە چۆنی دەبینن؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** دەتوانم بڵێم مرۆڤ هەندێک جار پێویستی بە قسەی خەندەئامێز یان گاڵتەکردن یاخود پێکەنین هەیە، بۆ ئەوەی دڵتەنگییەکەی کەم بکاتەوە، لە فەرموودەیەکدا هاتووە: ((أريحوا القلوب ساعة بعد ساعة فإن القلوب إذا كلت عميت)) واتە: (دڵتان کات دوای کات ئاسوودە بکەن، چونکە ئەگەر دڵ ماندوو بوو کوێر دەبێت)، ئەم فەرموودەیە لە صەحاحەکاندا نییە، بەڵام لە گێڕانەوەیەکی (حسن)ەوە هاتووە کە هیچی تێدا نییە، لەبەر ئەوە ئاسوودەکردنی دڵ هیچی تێدا نییە و پێویستە، هەر وەک لە صەحیحدا هاتووە ((ساعة بعد الساعة))، ئەم فەرموودەیە صەحیحە.

((ساعة وساعة)) بە بۆچوونی من لێرەدا بۆ کاریگەرییەکەی لەسەر دەروون دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی نازانم بە باشی ئەوە بکەم جگە لەکەمێک حەوانەوە، حەوانەوەی دڵیش لێرەدا فەرزە، چونکە ئەوەی ئەرکی پێ جێبەجێ بکرێت خۆیشی ئەرکە. پەیوەندی بەکارکردنەوە هەیە لەبەر ئەوە دەبێت ئەنجام بدرێت، بەڵام تەنها بۆ چێژوەرگرتنی ژیان بێت و بەس بەشتە ڕێگەپێدراو (مباح)ەکانەوە سەرقاڵ ببێت بەبێ ئەوەی لەگەڵیدا کارێک ئەنجام بدات، نابێت ئەوە سرووشتی باوەڕدار بێت، یان ناکرێت پەیامی مرۆڤ لەژیاندا تەنها ڕێگەپێدراوەکان بێت.

**د. جەماڵەدین عەتییە:** ئایا ترسی ئەوەت هەیە قسەکردن لەسەر هونەرەکان و جگە لەوان، ببێتە هۆی ئەوەی لاوان ڕوویان تێبکەن و بەو کارانەوە سەرقاڵ ببن و لەکاری گرنگ و ئەرکەکان دوور بکەونەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** کۆمەڵگا چەندین لایەنی هەیە، سەیری ئەو کۆمەڵگایە بکە ئێمە بە بێباوەڕ باسی دەکەین لە ئەوروپا، ئەوانە کە مۆسیقا و سەمفۆنیا و گۆرانی زۆریان هەیە، ئایا دەسبەرداری کارە پێویستەکان بوون؟ ئەوانمان بینی سەرباز بوون لە جەنگەکانی ئەوروپادا، کە ئەوەی لێکەوتەوە بینیمان، لە دوو جەنگی بەدوای یەکدا نزیکەی پەنجا ملیۆن کەسیان لێ کوژرا.

مەبەست لەو قسەیەم ئەوەیە، دەترسم گەنجەکانمان ڕووبکەنە ڕێگەپێدراو و چێژبەخشەکان و واز لەکارکردن بهێنن، بۆ بونیادنانی کۆمەڵگا کارکردن زۆر پێویستە، کاتێک کۆمەڵگا درووست دەکەم، یەکەم جار لەسەر پایەکانی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی بونیادی دەنێم و خەڵک ئاگادار دەکەمەوە لەوەی کارکردن بۆ ڕۆژی دوایی پێویستە، پاشان ڕۆژانە پێنج جار نوێژەکەم دەکەم و بەکۆمەڵ ئەنجامیان دەدەم، قوتابخانەی زانستە ئایینی و مەدەنیەکان بونیاد دەنێم، هەموو ئەمانە سەرقاڵبوونە بە ژیانەوە لە زۆر ڕووەوە، پاش ئەمانە دەمێنێتەوە ئەوەی پێویستم بە یاریە وەرزشییەکانە، یاریەکان پێویستە هەبن، پێویستیشم بەوەیە بچمە بێستان و باخچەکانەوە.

موتەنەبی وتوویەتی:

**مَغَاني الشِّعْبِ طِيباً فِي المَغَاني — بمَنْزِلَةِ الرّبيعِ منَ الزّمَانِ**
**وَلَكِنّ الفَتى العَرَبيّ فِيهَا — غَرِيبُ الوَجْهِ وَاليَدِ وَاللّسَانِ**
**مَلاعِبُ جِنّةٍ لَوْ سَارَ فِيهَا — سُلَيْمَانٌ لَسَارَ بتَرْجُمَانِ**
**طَبَتْ فُرْسَانَنَا وَالخَيلَ حتى — خَشيتُ وَإنْ كَرُمنَ من الحِرَانِ**
**غَدَوْنَا تَنْفُضُ الأغْصَانُ فيهَا — على أعْرافِهَا مِثْلَ الجُمَانِ**
**فسِرْتُ وَقَدْ حَجَبْنَ الحَرّ عني — وَجِئْنَ منَ الضّيَاءِ بمَا كَفَاني**
**وَألْقَى الشّرْقُ مِنْهَا فِي ثِيَابي — دَنَانِيراً تَفِرّ مِنَ البَنَانِ**

پێی ناڵێم ئەمەی تۆ دەیڵێیت بێمانایە، من دەبینم لەگۆڕەپانی جەنگدا چی دەکات؟ لە گۆڕەپانی کارکردندا چی دەکات؟ جا ئەگەر پاش ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانی بە شتێکی گاڵتە و گەپ یان یاریکردن کەمێک دەروونی ئاسوودە بکات، هەرکەس حەوانەوەی نەبێت ناتوانێت کاریش بکات.

د .**جەمالەدین عەتییە:** لە کۆتا کتێبتاندا لەبارەی سوننەوە ئاماژەتان بۆ بۆچوونی ئیمام ئەبو حامیدی غەزالی کرد کە بابەتی گۆرانی هەر پێنج حوکمەکەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، دەکرێت ئەم بابەتەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** ئەبو حامید... تێبینی بکە ئەو کەسێکی ئوصولی و فەقیهە، کاتێ باسی ئامێرە مۆسیقییەکان یان لەبارەی دەنگەکانەوە قسەی کردووە، ئایا جریوەی باڵندەکان حەرامە؟ هاژەی شەپۆلەکان ئەگەر من هاتم بە ئامێرێکی مۆسیقی ئەو دەنگەم دەرهێنا ئایا کارێکی حەرامم ئەنجام داوە؟ نەخێر، کاتێ دەڵێت پێنج حوکمەکە دەیگرێتەوە، بابەتەکە بە بۆچوونی من شتەکە کاتێ حەرام دەبێت کە لە ئەنجامدانی ئەرکێک دوورت بخاتەوە، یان مەکروهە ئەگەر لە کارێکی باش دووری خستیتەوە، ڕێگەپێدراو بێت، ئەگەر لە کاری باش یان خراپ سەرقاڵی نەکردیت، واتە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەو دوو کارە ڕێگەپێدراوەوە نەبوو، هەندێک جاریش پاڵنەر دەبێت بۆ هەندێ کاری باش ئەمەیان خۆشویستراو (مستحب)ە، بۆ ئەو کەسەشی لەکارەکەیدا ماندوو دەبێت و پێویستی پێیەتی تا ڕێگاکەی ببینێت و بەچاکی کارەکەی ئەنجام بدات هەر دەبێت هەبێت.

هەندێک جار کتێبێک دەخوێنمەوە هیچی لێ تێناگەم، چونکە عەقڵم پڕە لەو سەرقاڵییانەی کە وام کردووە عەقڵم ماندوو ببێت و لەتوانایدا نییە بەچاکی هەڵێنجان بکات و لە بابەتەکە تێناگەم و ناتوانم لە باشترین دەروازەکانەوە بۆی بێم مەگەر پشوویەک بدەم، لەوانەیە ئەو پشووە لای من دەنگێکی خۆش یان ئاوازێکی دڵگیر بێت، باشە چی ڕێگرە لەمە؟ لەم بارودۆخانەدا ئەوە دەبێتە واجب تا بتوانم ئەرکەکانی سەرشانم بەجی بگەیەنم.

نەتەوەکان ئێستا بەردەوام دەهۆڵی شەڕ دەکوتن، ئەمە تەنها بۆ ڕێکخستنی هەنگاوەکان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو لێدانانە دەنگێکی تۆقێنەری وای هەیە خەڵکی بەخێرایی بەرەو مەرگ بڕۆن، هەر شتێک بۆ ئەنجامدانی واجبێک پێویست بێت ئەوا خودی شتەکەش دەبێتە واجب.

بۆچوونەکەی ئەبو حامید ڕوونە لەبارەی ئەوانەی گوێ لەدەنگی خۆش دەگرن و حەزیان لێیەتی، ئەگەر فەرموودەناسێکی وەک شەوکانی کە لەیەک کاتدا شارەزای سوننە و فیقهـ بوو، شەوکانی گۆرانی بە هەنجەت بۆ حەرام دانـاوە ((ئەگەر باسـی ڕوومەت و گۆنـا، لەنجەولار و جـوانی، دەم و لێـو، بێشەرمی و خۆ دەرخستن، خواردنەوەی ئارەق، لابردنی پەردەی شەرم و شکۆی تێدابێت)). شەوکانی ئەو گۆرانییەی نەکردووەتە حەرام کە ((باسی جـەنگ و خەسـڵەتەکانی ئازایـەتی و بەخشـندەیی و باسـی جـوانی زێـد و پیاهەڵدانی نیعمەتە جیاوازەکان دەکەن)).

ئەمە تێڕوانینی زانایانی پایەبەرزە، ئێمە ئایینەکەمان لە زاری کەسانی گەمژەوە وەرناگرین، یەکێک لە هۆکارەکانی دابڕانی ڕەوتی ئیسلامی ئەوەیە کەوتووەتە دەستی کەسانیکەوە لەسەر زەویدا کە نازانن پەیوەندییەکی چاکی پێوە بکەن، لەوانەیە بەهۆی هەندێ حوکمەوە کاروانەکەیان وەستاندبێت کە بۆچوونی خۆیانە و لەئاییندا هیچ بنچینەیەکی نییە.

**د، جەمالەدین عەتییە:** تێبینی دەکرێت سۆفییەکان هونەرەکان یان هەندێک لە هونەرەکانیان لە چالاکی ئایینیدا بەکارهێناوە، هەندێک کەس لەبناغەوە هێرش دەکەنە سەر سۆفییەکان، بەجۆرێک کە ئەو ڕووکارانەش بگرێتەوە کە هەندێک مۆسیقای و هەندێ گۆرانی و هەندێک جووڵەی تێدایە، ئایا بەڕێزتان وای دەبینن ئەم بەرەنگاربوونەوەیە کە ئامانجی لەناوبردنی سۆفیگەرییە لەبنچینەوە یان بەو ئامرازانەی کە پێویستیان بە گەشەپێدان و ڕێککردنیان هەیە لە نێو پێودانگە شەرعییەکاندا سەرکەوتوو بووە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** وایدەبینم سۆفیگەرێتی –وەک لەهەندێ کتێبمدا ناوم لێناوە- بریتییە لە لایەنی سۆزداری ئیسلام، ئەستەمە ئیمان تەواو بێت و

واتاکانی لەدەروون‌دا پێبگەن لەکاتێکدا دڵ وێران بێت، یان وشک بێت، پێویست بە دەروونێک دەکات هەڵچوونی تیدا بێت... سەیری ئەم قسەیەی موسا بکە: ﴿وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَىٰ﴾ [طه: ٨٤]، دڵە پەرۆشەکەی قاچەکانی جووڵاندووە و خێرای کردووە، خاڵیکردنی دڵ لە هەستەکان ناکرێت لای کەسی عاقڵ ڕووبدات، ئیسلامیش دڵ و عەقڵە، عەقڵێک خورافەی تێدا نەبێت، دڵێک لاوازیی تێدا نەبێت، تەمبەڵیکردنی لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی دەبیت بە چوست و چالاکی ئەنجامیان بدات تێدا نەبێت... چۆن لە دڵەکاندا ئەو پەرۆشییە بۆ لای خوای گەورە و ئەو ڕێزگرتنەی نیعمەتەکانی و ئەو گەشانەوە دەروونییە درووست بکەم لەبارەی ئەوەی لای خوای گەورە هەیە لە خێر و فەڕ لەئایین و لە دونیادا، لەبەر ئەوە هیرەقل بە ئەبو سوفیانی وت –وەک ئەوەی لە بوخاریدا هاتووە–: ((ئایا هیچکەس لەوان بەقینەوە لەئایینەکەی هەڵدەگەڕێتەوە پاش مسوڵمانبوونی؟ وەڵامی دایەوە: نەخێر... ئیمان بەوجۆرەیە ئەگەر گەشییەکەی تێکەڵ بە دڵەکان بوو))، گەشی ئیمان بەتەنها لە بەڵگەی عەقڵییەوە نایەت، بەڵکو لە کرانەوەی دەروونی بۆ دڵئارامی و بەدەمەوەچوونیەوە بۆی دێت.

تەسەوف پێویستە هەبێت، لێرەدا ئاماژە بۆ ئوصولە ئەخلاقییەکانی ئیمان دەکەم، یان ئەوەی ناوم ناوە ئەخلاقە ڕەبانییەکان، هەموویان لەسەر کاری دڵ ڕاوەستاون، واتە لەسەر خۆشەویستی خوای گەورە، لەسەر پشت پێبەستن، لەسەر ئەوەی کارەکان بەخوا بسپێردرێت، ترس لە خوا، پاڕانەوە لەخوا، خۆپارێزیی لەبەر خوا، ئەم واتایانە هەموویان لە ئارامگرتن و سوپاسگوزاریی و ترس و پاڕانەوەوەن و لەسیفەتەکانی عەقڵ نین، بەڵکو لەسیفەتەکانی دڵن، هەڵچوونەکانن، ئەو قسەیەی کە ئایین هیچ هەڵچوونێکی تێدا نییە، وەک ئەو قسەیە وایە بڵێیت ئایین هیچ تەسەوفی تێدا نییە... تەسەوف هەیە بەڵام کێ وتوویەتی پێویستە تەسەوف شتی خورافی تێدا بێت، فیقهی گەمژانە وەک تەسەوفی گەمژانە وایە، هەردووکیان مەترسین بۆسەر ئیسلام و لەبواری بانگەوازدا زیانی پێ دەگەیەنن.

من دڵێکم دەویێت بە کلیلی عـەقڵی بکرێتـەوە، سۆفیگەری لـەڕێی جووڵاندنی دڵەکانـەوە تـوانی سـەرکەوتوو بێت لـە دەسـتگرتن بەسـەر خەڵکدا، بـەڵام لـە شتێکدا لەگەڵی نیم، لـە ڕاستیدا من لـەو کەسانە نیم دەیانـەوێت پەرستشـەکان ببەستنەوە بە مۆسیقاوە، چونکە لەپەرستشدا من پابەندم بـەوەی لەسـوونەتی پێغەمبەرماندا هـاتووە، بەصـەحیحی لـەژینی پێغەمبـەرەوە (دروودی خـوای لەسەر) پێمان نەگەیشتووە لە کۆڕی یادی خوادا، لـە کۆڕی پەرستشدا گوێی بـۆ مۆسـیقا گرتبێـت، بـەڵکو یـادی خـوا بەدەربڕینـە جوانـە بەرزەکـەی هیـزی جووڵاندنی عـەقڵی مرۆڤـەکان و جووڵانی دڵـەکانی هەیـە. لێرەدا ئـەو پرسیارە دێتە ئارا بۆچی مۆسیقا بەکار بێت؟ بە بۆچـوونی مـن مۆسـیقا لەوانەیـە کلیلێک بووبێت بـۆ کردنـەوەی قبـووڵکردنی خورافات، مـن لای هندییـە هـەزارەکان، کـە شتی ناڕاست (اوهام) پیرۆزە لایان بینیوومە مۆسیقا و دەنگە کاریگـەرەکان بـۆ قبــووڵکردنی شـــتی بێبنـــەما بـــەکار دەهێـــنن، هـــەروەها لـــە بیروبـــاوەڕی هاوبەشـبڕیاردەراندا بینیوومـە بـە هەنـدێ ئـاوازی خـۆش عـەقڵی مرۆڤـەکان بێهـۆش دەکـەن، تـا ئـەوەی مایـەی قبـووڵکردن نییـە قبـووڵی بکـەن، مـن ئـەوە ڕەتدەکەمــەوە مۆسـیقا و گـۆرانی بهێنرێتـە کـۆڕی پەرستشــەوە، وا دەزانــم پێشینەکانمان کە حەرامیان کردووە لەم ڕووەوە بووە.

بەڵام من بێم گوێ لە قەسیدەیەک بگرم گۆرانییەکی ئایینی تێدایە، مۆسـیقای ئایینی تێدایە، ئەمە شتێکی ترەو جیاوازە، وەک ئەوەی کۆڕی پەرستش و یـادی خوا نییە، لای من هیچی تێدا نییـە گـوێ بگریـت لـەیادی لـەدایکبوونی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) وەک ئەوەی بوسـەیری لە بوردەکەیدا نووسـیوویەتی، یـان ئەحمـەد شـەوقی وتوویـەتی، لـە یادمـە لەچێشـتخانەیەک بـووم گـوێم لـە دەنگێکی دڵگیر بوو، دڵمی هەژاند، وای لێدەکردم ئارەزووی ئـەو شـوێنە بکـەم، کـە ئـەو دەنگـەی لێیـەوە دێـت، وەک بـۆم دەرکـەوت پیـاوێکی بەتەمـەن بـوو بەدەنگەوە شتی دەخوێندەوە، یان گۆرانی دەوت، بێ هیچ زۆر لـەخۆکردنێک لـە دەنگەکەیدا – دەنگی خۆش بوو– ئەو دیڕانەی بوسەیری دەخوێندەوە:

**كَأَنَّهُ وَهُوَ فَرْدٌ فِي جَلالَتِهِ          فِي عَسْكَرٍ حِينَ تَلْقَاهُ وَفِي حَشَمِ**

**كَأَنَّمَا اللُّؤْلُؤُ الْمَكْنُونُ فِي صَدَفٍ          مِن مَّعْدِنَى مَنْطِقٍ مِّنْهُ وَمُبْتَسَمِ**

لاَ طِيبَ يَعْدِلُ تُرْبًا ضَمّ أَعْظُمَهُ طُوبَى لِمُنْتَشِقٍ مّنْهُ وَمُلْتَثِمِ
أَبَانَ مَوْلِدَهُ عَنْ طِيْبِ عُنْصُرِهِ يَا طِيْبَ مُبْتَدَإٍ مّنْهُ وَمُخْتَتَمِ
يَوْمٌ تَفَرّسَ فِيْهِ الْفُرْسُ أَنّهُمُ قَدْ أُنْذِرُوا بِحُلُولِ الْبُؤْسِ وَالنّقَمِ
وَبَاتَ إِيوَانُ كِسْرى وَهْوَ مُنْصَدِعٌ كَشَمْلِ أَصْحَابِ كِسْرى غَيْرَ مُلْتَئِمِ
وَالنّارُ خَامِدَةُ الأَنْفَاسِ مِنْ أَسَفٍ عَلَيْهِ وَالنّهْرُ سَاهِي الْعَيْنِ مِنْ سَدَمِ

وێنەی ئەم جۆرە شیعرانە، کە هەمووی باسی خەسڵەتە جوانەکانی پێغەمبەر دەکات بەشێوەیەکی ڕاستەقینە دەمباتە حزوری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وەک ئەوەی لە کۆڕیدا بم، هەست بەڕێز و بەرزیی و بەخشندەییەکەی دەکەم، خوای ئەو گەورە ئەو خەسڵەتە بەرزانەی بەجۆرێ پێداوە، هەر مرۆڤێک شەیدای جوانیی و بەرزیی بێت سەرنجی بەلایاندا ڕادەکێشرێت.

**د. جەمالەدین عەتییە:** ئەگەر ئەم بابەتانە بە پێوەرە شەرعییە جیاوازەکانیانەوە بن، لەپاڵ ئەو جیاڕاییەی سەبارەت بە بەڵگەکان کەسانێکی تایبەت لێی تێدەگەن، بەبۆچوونی بەڕێزتان ئایا وروژاندنی ئەم بابەتە لەنێو خەڵکی عەوامدا نابێتە هۆی کێشەی گەورە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بابەتەکە بخرێتە بەردەستی ڕەخنەگرانی هونەریی و شەرعی، تا ئەوان هەستن بە دیاریکردنی ئەو پێودانگ و پێوەرانە بۆ ئەو کارە هونەرییانەی هەیە و لە نێوماندا بڵاون؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** من پێشنیازی ئەوە دەکەم... هەندێک لە شەرعزانان – مەبەستم ئەو کەسانەیە، کە ئوصوڵی فیقهیان خوێندوە و مەزهەبە جیاوازەکانی شەرعزانان ئاشنان- لەگەڵ هەندێک مۆسیقار و گۆرانیبێژدا، ئەوانەی خاوەن ڕەوشت و ئاکار و ڕێزن، لە یادمە هاوڕێیەکم لە ئاهەنگێکی ئوم کەلسومدا بوو، دەمبینی هەرگیز لە نوێژەکانی دوا ناکەوێت، جارێکیان پێیگەشتم لەگەڵ ژنەکەیدا بوو، بۆ عەمرە دەچوون، کەسانی لەمجۆرە، دەکرێت لەگەڵ ئەوانەی پێشتردا بن کە باسمان کرد، ئەمانە هەستن بە ڕەخنەگرتن لەو

کەلەپووره هونەرییە کۆن و نوێیەی هەمانە، ئەوەی باش بوو با بڕیار لەسەر مانەوەی بدەن و سوودی لێ وەربگیرێت، ئەوەشی لادانی تێدا بوو، ئەوا خەڵکی لە لادانەکانی ئاگادار بکەنەوە، تا لێی دوور بکەونەوە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** هەندێک لاپەڕەی گۆڤارە هونەرییەکان و جگە لەوانیش لاپەڕەی ڕەخنەی ئەدەبی هەیە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئیسلامییەکانیش بێنە ئەو بوارانە و ئەو بۆچوون و پێودانگانە بەسەر کارە هونەرییەکاندا جێبەجێ بکەن، کە لە هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنا پەخش دەکرێن؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** وا دەزانم کەلەپوورەکەمان تەنها پێویستی بە ڕەخنەگرێکی هونەریی نییە، بەڵکو پێویستی بە چەندین ڕەخنەگر هەیە، تا ب ێن و سەیری ناکۆکییەکان لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیماندا بکەن، چونکە فیقهی بەراوردکار و ناکۆکی مەزهەبەکان و زۆری بۆچوونە فیکرییەکان حەقیقەتێکن و هەیە، ناتوانین لەفیقهەکەماندا نکوڵی بوونی ئەمە بکەین، بەڵام ویستی هاتوهاوارکاران بەسەریدا زاڵ بووە، وایکردووە نەتوانین بە باشی سوود لەو کەلەپوورە وەربگرین... بەهەندێک لەخەڵکم وت: لە ئینگلتەرا پارتی کرێکاران و پارتی پارێزگاران هەیە، جاری وا هەیە ئافرەتێکی ئەندامی ئەم حزبەیان شوو دەکات بە پیاوێک، کە لە پارتەکەی ترە، لەنێوانیاندا سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی و ناکۆکیش دەبێت، بە یەکەوە پێدەکەنن و گاڵتە دەکەن، ئەوەی لە نێوانیاندا لە ناکۆکی هەیە بۆ داهاتی گشتی، لە کۆت و بەندکردنی پاشایەتی، لە سەیرکردنی سەندیکاکان، تا دەگاتە کۆتایی، زۆر بە ئاسانی تاوتوێی هەموو ئەمانە دەکەن، باشی چی وای لە هەندێکمان کردووە، کە تێڕوانینێکی قێزەونانەمان بۆ جیاوازییە فیقهیەکانمان هەبێت، بەجۆرێک، کە دەیەوێت دادگایی ئیمامەکانمان بکات و بە بەلاڕێداچوون و خراپی باسیان بکات و جیاوازییەکانیان بە تاوان دابنێت؟ ئەمە بیرکردنەوەی هات وهاواکارانە لە ئایینەکەماندا و ئەم بیرکردنەوەیە درووست نییە...

جیاوازیی بیروبۆچوون هەر دەبێت و تا ڕۆژیی قیامەت دەمێنیتەوە، چونکە سرووشتی قورئانەکەمان و سوننەتەکانمان و زمانی عەرەبی، کە بەو زمانە بۆمان هاتووە و ئەوەی بۆمان ماوەتەوە و گێڕانەوەکانی، کە پێمان گەیشتوون وادەکەن جیاڕایی لەگەڵ سرووشتە دەروونییەکاندا هەر دەبێت هەبێت، لە ڕووی دەق و مەعنەوی و ئەوانەوە، لەکۆنیشدا ئەمە هەبووە و خەڵکی پێی دڵگران نەبوون، باشە چی وا دەکات، ئێمە سنوورێک لە نێوان بۆچوونە جیاوازەکاندا دابنێین، ئەو سنوورەش ببێتە شوێنی بەڕێکەوتنی سوپاکان بۆ هێرشکردن... دەکرێت ڕەخنەی زانستیانە هەبێت، هیچ ڕێگر نییە لەوەی ڕەخنە لە کەلەپووری حەنەفییەکان، کەلەپووری مالیکییەکان، کەلەپووری شافیعییەکان بەشێوەیەکی زانستی بگرین... ئەم ڕەخنەگرتنە شتێکە، جنێودانیش بە بەرانبەر شتێکی ترە، ڕەخنەگرتن گەڕانە بەشوێن حەقیقەت و ڕاکێشانی سەرنجە بەلایدا، لەگەڵ ئەوەی باوەڕم وایە هەڵە و ڕاست لە کەلەپووری ئێمەدا پاداشتیان لای پەروەردگارمان بۆ هەیە، ئەم واتایە ئەگەر لای ئێمە لە ڕاستیدا هاتە دی، ئەوا من لەلایەنە ئایینیەکان و فیقهیەکانەوە، بگرە لە نەهێشتنی ناکۆکییەکان و پەرتەوازەییە زۆرەکانی نێوان مسوڵمانان سوودی لێ وەردەگرم، ئێمە ئێستا پێویستمان بەڕەخنەی هونەریی و جگە لە هونەریش هەیە.

**د. جەمالەدین عەتییە:** هەندێک لەخەڵک لە قسەکانی بەڕێزتان سەبارەت بەگۆرانی وا تێدەگات و بە شێوەیەکی گشتگیر وەریدەگرێت، بەوەش وا دەزانێت هەموو ئەو گۆرانیانەی ئێستا هەیە و بڵاوە هەموویان حەڵاڵن، بەڕێزتان هیچ ڕوونکردنەوەیەکتان لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر نازانم چۆن ئەو تێگەیشتنە دەچێتە گوێیەکی بەوێژدان یان ژێرەوە، من خۆم زۆرکات ڕادیۆ و تەلەفزیۆن دەکوژێنمەوە، تا گوێبیستی زۆرێک لەو گۆرانیانە نەبم کە ئێستا بڵاون، لەوانەیە هەندێک لە عاشقانی نەشیاوەکان سوودی لێ وەربگرن بە هەڵگێڕانەوەی ماناکان، یان خستنەڕووی بەڕوویەکی تر، بەڵام من لە کتێبەکەمدا وتوومە: هەرکەس هات

ویستی جگە لە چاکە گۆرانییەکتان بۆ بڵێت ئەوا خۆڵ بکەنە دەمیەوە، بەڵام ئەگەر ویستی گۆرانی (أخی جاوز الظالمون المدی فحق الجهاد وحق الفدا) (برام ستەمکاران لەڕادە دەرچوون، کاتی خەبات و قوربانیدانە) بڵێت، ئەمە گوێی لێدەگرین، چونکە هەستی پەرۆشی لامان دەجولێنێت و بەرەو جەنگ لەدژی دوژمنان دەمانبات.

هونەرەکان زۆرن، هونەریی جەنگی هەیە وادەکات ترسنۆکیش بجولێت، مۆسیقای ورەبەریش هەیە، وادەکات کەسی بەهێزیش بڕوخێت، باشە کێ حەزی لە وێرانکردنە و ڕقی لە بونیادنانە؟! من دەمەوێت ئوممەتەکەم بونیاد بنێم نەک بیڕوخێنم، دەمەوێت گوێ لە گۆرانییەکی بەڕێز بگرم ویژان بجولێنێت و دڵ و دەروون پڕ بکات لە هەستی بەرزی با ئەو گۆرانییە سۆزداریش بێت حەزم لێیە گوێی لێ بگرم، نموونەشم هێناوەتەوە:

**بكت عيني اليسرى فلما زجرتها عن الجهل بعد الحلم اسبلتا معا**

**كأنک لم تشهد وداع مفارق ولم تر شعبي صاحبين تقطعا**

جگە لەمانەش دەربڕینی تر هەیە، کە لەلایەنی بونیادنانی مەعنەوی و ماددیەوە لە چاوی زمانی عەرەبیدا و لەچاوی واتا بەڕێزەکانییەوە... من ئەمانەم دەوێت، بەڵام گۆرانییەک وشەکانی ئەو قسە خراپانە بێت، کە ئێستا لە هەندێ خراپەکارەوە دەیبیستین، ئەوە قسەیەکی خراپە و ناکرێت هیچ عاقڵێک قبووڵی بکات...

**د. محەمەد کەمال ئیمام:** گوێمان لەو وتوێژە بەسوودە بوو، سەبارەت بە بۆچوونەکانی زانای پایەبەرز شێخ محەمەد غەزالی لەبارەی بابەتی ئیسلام و هونەرەوە، گفتوگۆکار تێیدا دکتۆر جەمالەدین عەتییە بوو، کە پێشتر ڕاوێژکاری ئەکادیمی بووە لە پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی، تا لە گفتوگۆیەکی تردا پێی شاد دەبینەوە، بەخوای گەورەتان دەسپێرین.



# بەشی دەیەم

## شێخ محەمەد غەزالی و زانکۆ ئیسلامییەکان

گفتوگۆکار: د. حەسەن شافعی

**د. محەمەد کەمال ئیمام:**

بـەناوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، برایـانی بـاوەڕدار سـڵاوی خـوای گـەورەتان لـێ بێت، گفتوگۆکـەمان لەگـەڵ مامۆسـتای پایەبـەرز شـێخ محەمـەد غـەزالی، کـە یادەوەرەییـەکانی و مێـژووی ژیـانی و بیروبۆچوونـە زانسـتی و ڕۆشنبیرییەکانی دەگێڕێتەوە بەردەوامە، ئەڵقەی ئەمڕۆ تایبەت بە شێخ محەمـەد غەزالی بیرمەند لەبواری زانکۆدا، ئیتر لە دامـەزراوە زانکۆییەکاندا بێت، یان لـە گەشـەپێدانی پرۆگرامی زانستە شـەرعییەکاندا جیاوازیی نییـە، گفتوگۆکـاری ئـەم ئەڵقەیە دکتۆر حەسەن مەحمود شافعی (مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی قاهیرە و بریکاری کۆلێژی خانەی زانستەکان)ە.

**د. حەسەن شافعی:** ئێمە متمانەمان بە چاودێریی بەڕێزتان بۆ گەشـەکردنی کاروبارەکـانی بـواری زانکـۆیی لـەجیهانی ئیسـلامیدا هەیـە، گومـانی تێدا نییـە ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت لـەم سـەردەمەدا زۆربـوونی زانکۆکانـە، لـە پاکسـتان زانکۆیەکی ئیسلامی درووست کراوە، بەهەمان شێوە لـەمالیزیا، یـەکێکی تریش لە نایجیریا، لەناوچەکانی تری جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بۆچوونی بـەڕێزتان لەسـەر ئـەم ئاراسـتەیە چییـە؟ لەبنەڕتدا ڕۆڵـی فێرکـردن بـە تایبـەت فێرکردنـی زانکــۆیی چییـــە لـــە جەختکردنـــەوە و ڕێنمـــونیکردنی ڕابـــوونی ئیســـلامی هاوچەرخدا؟

**شێخ محەمەد غـەزالی:** بۆ بونیادنـانی ئوممەتەکـەمان سـەرلەنو ێ،پێویسـتە فێرکردنێکـی زیرەکانـەی بـەپیت هـەبێت. ئێمـە بەڕاسـتی پێویسـتمان بـە زانکـۆی زۆر هەیـە، ئومێدمان وایە ئـەو زانکۆیانـە ئـەو ئاودێریـە بن، کە زەوی مـردوو دەگـۆڕێـت بـۆ باخچـەی ڕازاوە، دەمانـەوێت ڕۆڵـەکانمان بەهـەمان شـێوەی باووباپیرانمان فێر ببن، کە مامۆستای جیهان بوون، لـەیاد نـەچێت ڕزگارکردنی سـەربازیی هیـچ بەهایـەکی نابێـت، ئەگـەر لەگەڵیـدا ئاسـتێکی باشـی ڕۆشـنبیری نەبێت، هەستانەوەی محەمەد عەلی پاشا لەمیسر مـرد، چونکـە سـەربازیی بـوو، لەگەڵیـدا ڕۆشـنبیرییەکی فـراوان بـوونی نـەبوو، تەتـەرەکان شـاری بەغـدایان داگیرکـرد، بـەڵام بـەهۆی دارمـانی ڕۆشـنبیرییانەوە مسـوڵمان بـوون، چونکـە

مسوڵمانە شکستخواردووەکان ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزتر بوو، لەبەر ئەوە ئومەتەکەمان پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی فراوانە بیژێنیتەوە، ئێمە بە سوپاکانمان جیهانمان ڕزگار نەکردووە، سوپاکانمان ئەو هێزانەی تێکشکاند، کە میسر و باکووری ئەفریقیا هەمووی و ئاسیای بچوکی داگیرکردبوو، ڕۆم و فارسەکانی لەڕیشەوە دەرهێنا، کە وەک دەوڵەت هەژموونێکی سەربازیی زاڵی سەرکوتکاریان هەبوو، بەڵام چی وایکرد تێکڕای ئەو ناوچانە بگۆڕێت بۆ چاوگەی گەش، کە جیهان ڕوونـاک و گەشاوە بکات و لە بارودۆخێکەوە بیگۆڕێت بۆ بارودۆخێکی تر، زانستی ئیسلامیی بوو توانی باوکانمان بکاتە ڕزگارکار و شارستانیەت بەخەڵکی بگەیەنن، خۆ ئەگەر ئوممەتی ئیسلامی ئێستا بیەوێت ئەو شانازیانەی بگێڕێتەوە و کاروانەکەی بەردەوامی پێ بدات، جگە لە زانست هیچی دیکەی لەبەردەمدا نییە.

من باوەڕم بەوە هەیە زانکۆ لە پاکستان و مالیزیا بکرێتەوە، ئومیدەوارم لە زۆر شوێنی دیکەی ئیسلامیش بکرێتەوە، دەمانەوێت جیهانی ئیسلامیی بە زانستەوە سەرقاڵ ببێت، کە لەڕێی ئەوەوە خاوەنداریێتی زەوی ئەکرێت، بەڵام بە وردی، چ فێرکردنێکمان دەوێت، کە دڵ و دەروونمان پڕ بکات و وابکەین بە بابەتەکان و پرۆگرامەکانیەوە سەرقاڵ ببین، ئەوەی ئێستا باڵادەستە بەسەرماندا سوود بە مناڵەکانمان دەگەیەنین پێی؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، لە ڕاستیدا بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە پێم خۆشە بڵێم: من جامعیی نییم بە واتا فەرمییەکەی، چونکە من دەرچووی کۆلیژی ئوصولی ئایینم ساڵی (١٩٤١ز)، ئەوکاتە شتێ هەبوو بەناوی بابەتی پسپۆریی، بەڵام دواتر لابرا، هیچ ڕێگایەکی ترم لەبەردەمدا نەبوو بۆ خوێندنی باڵا، بۆیە پسپۆڕێتی بانگەواز و ئیرشاد، لە ڕاستیدا پسپۆڕێتییەکی زانستی سەرکەوتوو بوو، بەڵام وانە وتنەوە وەک دەروونزانی و کۆمەڵگا و پەروەردە و هەندێ شت، کە بۆ پیشەی وانەوتنەوە پێویست بوون ئاوا بوو، دکتۆرام بەدەستنەهێنا وەک دەڵێن، بەڵام بە جۆرێک سەرقاڵ بوم بە مەعریفەوە کە شاییستە بم، چونکە وەک ئیمام و وتاربێژ و مامۆستا کارم کرد، کاتی سەرقاڵ بووم بە ئیمامەتی و وتاربێژیی و مامۆستایەتییەوە لەگەڵ پەروەردگارمدا ڕاستگۆ

بووم، کۆششم کرد، بە کەس نەگەیشتووم بابەتێکم لەلا نەبووبێت، کە بەجوانی خوێندبێتمەوە و سەرەتا و کۆتاییم ڕێک نەکردبێت و پوختەی ڕاستیەکانیم بۆ گوێگر نەخستبێتەڕوو، بەڕادەی ئاستی خۆی ئەوەندەی لە تواناما بێت بەرزم کردووەتەوە، کاتێ بوومە بەرپرسی مزگەوتەکان خشتەیەکم بەم جۆرە بۆ وانەوتنەوە دانابوو: ڕۆژی شەمە تەفسیر، ڕۆژی یەکشەممە سوننە، ڕۆژی دووشەمە فیقهـ ڕۆژی سێشەمە ژیان و مێژووی پێغەمبەر، ڕۆژی چوارشەمە بیروباوەڕەکان، ڕۆژی پێنجشەمە ڕەوشت، ڕۆژی هەینی وتاری هەینی تێدا بوو، ئەگەر کارەکە بەدەست من بوایە، ئەوا نەمدەهێشت هیچ کەس لە قوتابخانەیەک، یان زانکۆیەک وانە بڵێتەوە هەتا لە مزگەوتێک لە مزگەوتەکاندا دوو ساڵ یان سێ ساڵ وانەی پێشکەش جەماوەر نەکردبێت، هەر وەک ئەوەی پێشینانمان کردیان. مزگەوت لای ئێمە کۆکەرەوەی شوێنی پەرستش و زانکۆیەکی ڕۆشنبیرییە، ئەمە لەوکاتەوە دەستی پێکردووە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بونیادنانی ئەم ئوممەتەی دەست پێکرد، چونکە چ مانایەکی هەیە نوێژی بەیانی بکەم دوو سورەتی درێژ بخوێنمەوە، یان سورەتی بەقەرە، من لەخوێندنەوەمدا زۆر زانست دەخوێنمەوە، خوێندنەوە بۆ خۆی زۆر زانستە، لەبەر ئەوە هاوەڵی پایەبەرز عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە کاتێ باسی ئەمەی کردووە وتوویەتی:

**وفينا رسول الله يتلو كتابه إذا إنشق معروف من الفجر ساطع**
**أرانا الهدى بعد العمى فقلوبنا به موقنات أن ماقال واقع**
**يبيت يجافي جنبه عن فراشه إذا استقلت بالمشركين المضاجع**

لە مزگەوتدا ئوممەتەکەی بونیاد نا، لەبەر ئەوە ڕۆشنبیریی ئیسلامی لە ڕۆژانی یەکەمەوە لە مزگەوتەوە سەرچاوەی گرت، هەر بۆیە زانست و پەرستش بوو، ڕۆشنبیریی مانای دوو بەشی دەدا: فراوانی زانستی تیۆریی، مەشقکردن لەسەر زانستیبوونی ئەخلاقی ڕەفتارەکان، نەتەوەکانیش بۆ ئەوەی هەستنەوە هەر ئەمەیان پێویستە، کاتێ چوومە زانکۆ پەیوەست بووم بە مزگەوتەوە، پاشان لە کاروبارە کاگێڕییەکاندا دەستم پێکرد. بەڵام سەرقاڵبوونم بە زانستەوە وایکرد بەردەوام وانە بڵێمەوە و قسە بکەم،

بەرپرسانی ئەزهەر، کە ئەوەیان بینی ویستیان لە بانگەوازی ئیسلامیدا سوودم لێ وەربگرن لە کۆلێژی ئوصولی ئایین، کاتێ چووم لە کۆلێژ وانە بڵێمەوە، لە لایەن کۆلێژەوە داوام لێکرا کتێبێک بەگوێرەی مەنهەجی بڕیار لەسەردراو دابنێم، کاتێ سەیری مەنهەجە بڕیار لەسەردراوەکەم کرد، بینیم وەک ژەمێک خواردن وایە، کە شتە سەرەکییەکانی کەمە، لە نێوان خۆم و دەروونمدا مەنهەجەکەیانم گۆڕی، لە کاتی نووسینیشدا بۆم زیاد کرد، بەهۆی ئەوەی من وانەی ئوصولی ئایینم بە بانگخوازان دەوتەوە، باسی زمانی عەرەبیم لە جیهانی ئیسلامیدا بکردایە، چونکە هێرشێکی ڕێکخراو لەسەر زمانی هەبوو، سەرەتا ڕۆژهەڵاتناسەکان لە (صفاقة) ویستیان شێوە قسەکردنی خەڵکی (اللهجة العامية) زیندوو بکەنەوە و ڕێزمانی بۆ دابنێن، بینیم داگیرکەر لە ڕۆژئاوای عەرەب ڕووی خۆی ئاشکرا کردووە، هەوڵدەدات زمانی بەربەری ئەمازیغی کۆن ببوژێنێتەوە، تا جێگای زمانی عەرەبی بگرێتەوە، هەروەها هەوڵیدا بەرواره کۆنەکانی سەردەمی تۆرانیەت و فیرعەونیەت زیندوو بکاتەوە، تا ڕێگا لەبەردەم خوێندنی خودی ئیسلام و مێژووەکەیدا دابخرێت، بۆیە پێویستی دەکرد لەوبارەیەوە بەرچاوڕوونیی بەقوتابیان بدەین، لەبارەی زمانی عەرەبی و حەقیقەتەکانی و ئەمەکداریەکەی بۆ ئەوەی شارستانیەتی هاوچەرخەخ لە زاراوەکان پێویستییەتی ئاگاداریان بکەین.

پاشان تیبینی دارمانی سەربازیی و دارمانی مێژوویی و دارمانی ڕۆشنبیریی و دارمانی ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتی ئومەتەکەمانم کردبوو، لە کتێبی ((مع الله دراسات في الدعوة الاسلامية))دا هەوڵمدەدا هەموو بەرچاوڕوونییەک سەبارەت بە بانگەوازی ئیسلامیی ڕاستەقینەی نێو جەماوەر بخەمە بەردەستی قوتابییەکان، چۆن بەرگری لە پەیامەکەیان دەکەن، چۆن ئەرکی سەرشانیان بەجێدەگەیەنن، چۆن ئێستای ئومەت بە ڕابردوویەوە دەبەستنەوە، چۆن ڕێگا بۆ ئایندەیەکی ڕووناک خۆش دەکەن، کە تێیدا ئیسلام گەشیی و شارستانیەتەکەی دەگەڕێتەوە، هەوڵ و کۆششم بۆ ئەمەدا، کتێبێک بوو بۆ قوتابخانە، بەلام تا ئێستاش سوودی لێ وەردەگیرێت، دەکرێت ئەزموونی هەندێک لەو برایانەی بۆ زیاد بکرێت، کە لەم بوارەدا نووسیوویانە،

وەک مامۆستا بەها خەولی ((تذكرة الدعاة))، وەک شێخ عەبدولبەدیع صەقەر، کە کتێبی ((تجارب في الدعوة))ی نووسیوە... بەو جۆرە، دەکرێت لەگەڵ ئەو کتێبانەدا، لە هەموویان پرۆگرامێک دەربهێنرێت و ببێتە گەنجینە بۆ بانگخوازان، لەکاتێکدا دەچنە ناو خەڵکی و بەرۆشنایی ئیسلام شوێنەوارەکانی نەفامێتی هاوچەرخ دەسڕنەوە، کە بەداخەوە زۆر شوێنی گرتووەتەوە.

**د. حەسەن شافعی:** بەڕێزتان لە کۆلێژی شەریعەش بەشداریتان هەبووە.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ، خوالێخۆشبوو شێخ محەمەد محەمەد مەدەنی (بەرحمەت بێت)، پیاوێک بوو لە درەوشاوەترین زانایانی ئەزهەر و لەزۆربەیان وردتر بوو، ئەو وەک مەزهەب مالیکی بوو، بەڵام مەزهەبی ئیبن تەیمییە و ئیبن قەیم و ئیبن حەزمی خوێندبوو، بەهەمان شێوە چوار مەزهەبەکەش، من گوێم لەو وتەیەی بووە ((هەرکەس لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر فیقهی عائیشە پی بدات دکتۆرای پێ دەدەم))، من لەو قسەکەم گواستەوە و بۆ قوتابیەکانم ڕوون کردەوە: ((هەوڵ بدەن بۆ تێگەیشتنی فیقهی ئیسلامی، من پێتان دەڵێم هەرکامتان لێکۆڵینەوەیەکم لە فیقهی عائیشەدا پێ بدات دکتۆرای پێ دەدەم))، بەڵکو شتێکی تریشم وت: ((هەرکەس بتوانێت تەفسیری خازن لە خورافیەتە ئیسرائیلییەکانی و لەو شتە لابەلایانەی ئەو موفەسیرە بەلایاندا ڕۆشتووە پاک بکاتەوە، ئەوا دکتۆرای پێ دەدەم، بەو مەرجەی هەموو ئەو شتانەی لە فەرموودەکاندا هاتووە بگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتیەکەیان))، ئەو تەفسیرەم بەدڵ بوو، چونکە ئاسان و سادە بوو، زۆر زانستی ئیسلامیی گەورەی زانستە ئیسلامییەکانی لەخۆ گرتبوو، بەڵام ئەو پیاوە حەزی بە بەلاڕێدابەرەکان بووە و بەشێوەیەکی وا باسیان دەکات مرۆڤ دەوروژێنێت، سەیرم لێهات بۆ ئەو قسانە دەکات؟ دەرگایەک لە دەرگاکانی خراپەی کردووەتەوە، کە ئەویش کۆگایەکە لە کۆگاکانی ئیسرائیلیاتەکان لای ئێمە و کۆگایەکی خورافیاتەکانە.

**د. حەسەن شافعی:** بەڵام بەڕێزتان کتێبێکتان هەبوو لە کۆلێژی شەریعە لەوکاتەدا.

**شێخ محەمەد غەزالی:** بەڵێ، کاتێ شێخ محەمەد مەدەنی بانگی کردم پێم وت: بۆچی بانگت کردوم، ئێوە زاناتان لایە زیاتر لە من فیقهـ و ئوصوڵ دەڵێنەوە؟ بەو لێکۆڵینەوانە دڵم تەنگ دەبێت پێیان، ئاسوودە نیم پێیان، لە ڕاستیدا لام خۆشتر بوو لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی فەلسەفی، یان بابەتێکی ئەخلاقی بکەم و بچمە قووڵایی دەروونزانی و کۆمەڵناسییەوە، چونکە زانستە مرۆییەکان زیاتر لە فیقهـ لام سەرنج ڕاکیشە، پێی وتم: بۆ ئەوە تۆم ناوێت، پێم وت: ئەی بۆچی منت دەوێت؟ سەرسامی کردم بەوەی داوای کرد لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگای عەرەبی بکەم، مووم گرژ بوو، ناوچاوم دا بەیەکدا، پێی وتم: چییتە؟ پێم وت: لە ئەزهەردا، کە بە نوێنەری جیهانی ئیسلامی دەگەم، کە لە شەست ڕەگەزی جیاوازن، منیش وانەی عەرەبایەتیی و نەتەوەی عەرەبیان پێ بڵێمەوە؟ پێی وتم: ئەمە شتێکە و بەسەرماندا سەپێنراوە، بابەتێکە دەبێت هەبێت، یاسایەکی شۆڕشگێڕییە وەک دەڵێن، تۆ باشترین کەسیت بتوانیت لەم تەنگەژەیە ڕزگارمان بکەیت، پێم وت: باشە چی بکەم؟ وتی: من داوام لێکردیت، تۆش ئەوپەڕی هەوڵت بدە.

منیش کتێبی ((حقيقة القومية العربية وأسطورة البعث العربي)) دانا، چەمکی عەرەبییتیم بردەوە سەر ئەوەی کە ئیسلامییە، واتای ڕاستی عەرەبی بوون ئیسلام بوونە، من خاوەنی ئەو هاوکێشەیە بووم (عەرەبێتی- ئیسلام= سفر)، دەبوو عرووبە بکەمە ئیسلامی، لەبەرئەوە کتێبەکە تەنها یەک ساڵ مایەوە و نووسەرەکەشی یەک ساڵ لە زانکۆ هێڵرایەوە و پاش ئەوە لە کۆلێژ وەدەرنرام، هەندێ لە عەرەبچییە بەعسییەکان وتیان: ئێوە دوژمنێک لە دوژمنەکانی عەرەبچێتی، یان دوژمنانی نەتەوەتان هێناوە تا ڕامان بهێنێت، ئیتر ئەوەی بوو بوو... من دڵخۆشم بە کتێبەکەی، کە دامنا و توانیم چەمکێک ڕاست بکەمەوە، کە داگیرکەری ڕۆشنبیریی هەوڵی شێواندنی دا، ئەوان سەرەتا عەربچێتیان دەکردە ئایینێک، تا بیخەنە جێگای ئیسلام، هەیهات ئیسلام ئایینمانە، بەڕادەی ئەوەی ئیسلام سەربەرز بێت، ئەوا عرووبەش بەڕێز دەبێت،

ئەگەر زمانی عەرەبی پیرۆزیەکەی بمێنێت کە ئیسلام پێی بەخشیووە، من میسریم، پەیوەندیم بە عرووبەوە، یان زمانی عەرەبیەوە ئەوەیە، کە وەک دەفرێک وایە بۆ فێرکردنی ئیسلام، زمانی عەرەبی لەو کاتەوەی دابەزیووە پەیوەست بووە بە وەحییەوە، وای لێهاتووە بەهۆی ئەوەی دەناسرێت و ئەمیش بەو دەناسرێتەوە، قورئانیش جەختی لەمە کردووەتەوە: ﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا﴾ [یوسف: ٢]، ئەم واتایە پێویست بوو ڕوون بکرێتەوە، سوپاس بۆ خوا ئەو مانایە دەستی پێکرد و ئەوانەی لە من بەتواناتر بوون لە لێکۆڵینەوەی زانکۆییدا لە خۆیان گرت و ئێستا ئەو واتایە بڵاوە، بەڵکو ئەوەیان واتای ڕاستە ئێستا.

**د. حەسەن شافعی:** لە کۆلێژ بەرەو جیهانی ئیسلامی گەورە دەرچوونە دەرەوە، پاش ئەو نیشانەیەی بەجێتان هێڵا لەخزمەتی ئەزهەر لەبواری ئوصولی ئاییندا و لەکۆلێژی شەریعەش، ئەو فراوان بوونە لە فێرکردنی زانکۆییدا بە درێژایی جیهانی ئیسلامی –با فراوانبوونێکی ئاسۆیش بێت–، دەخوازین فێربوون وەک بەڕێزتان باستان کرد هۆکارێک بێت بۆ بونیادنان و ئامادەکردنی ئەو سەرکردانەی کە کۆمەڵگا ئامادە دەکەن ولێکۆڵینەوی زانستیش گەشە پێ دەدەن، بەڵام لەهەندێکدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە کێشەیەک لەو زانکۆ نوێ و کۆنانەدا هەیە دەکرێت ناوی لێبنێین کێشەی مامۆستای زانکۆیی مسوڵمان. بۆچوونی بەڕێزتان لەمبارەیەوە چییە، بەگوێرەی ئەو ئەزموونەی هەتانە خەسڵەتەکانی مامۆستای زانکۆیی سەرکەوتوو چییە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕێی ئەزموونەکانمەوە دەڵێم: ئاریشەکە ڕاستەقینەیە، بوونی مامۆستای زانکۆی زۆرباش شارەزا لە زانستە شەرعییەکان و عەقیدە و زانستەکانی زمانی عەرەبی پێویستی بە هەوڵێکی درووست هەیە، پێش ئەو هەوڵە بە بۆچوونی من شتێک هەیە دەبوو کەسانی تر، ئەوانەی دڵسۆزانە لەپێناوی خوا و پێغەمبەرەکەی بۆ ئایندەی ئەم ئوممەتە

دەورە دراوە بـە مەترسـی کاریـان لەسـەر بکردایـە، لـە ئێسـتادا عاقڵمەنـدانی بلیمەت هەن هەست دەکەن ڕۆشنبیریی ئیسلامی کۆن بەهۆی ئەو مشتومڕە دروستکراوەی هەیە لەسەر ڕێگای بەرهەمهێنانی درووست بە لاڕێدا براوە، چونکە مشتومڕ هەندێک جار وا لەمرۆڤ دەکات لەحەق لابدات، هەتا ئێستاش لەوانەیە هەندێک کەس بیری کردبێتەوە قسە لەسەر ئەوە بکات ئەم قورئانە دروستکراو (مخلوق)ە، لەوانەیە هەندێک کەس لەسەر ئەوە قسەیان بکەن ئایا مرۆڤ ڕەفتاری هەیە یان نییەتی؟ لەوانەیە قسە بکات ئایا سیفەتەکان لەگەڵ لەخودن یان هەر خودن، یان نە ئەمیان و نە ئەویان؟

شـێخ محەمـەد عەبـدە عـەقڵێکی گـەورەی هـەبوو، دەڵێت: ناکۆکییـەکان لـە دەربڕیندا بووە و بێ مانا بووە، دەکرێت بەو کەسەی بینینی خوا لە ڕۆژی قیامەتدا دەسـەلمێنێت بڵێیت تۆ لەسـەر حـەقیت، چونکـە قسـەی هـەردوو لایـان واتایەکی تری مەبەستە جیاواز لەوەی ئەویتریان وتوویەتی، ئەگەر دانەنیشین بەیەکەوە و لەیەک نزیک نەبینەوە و یەکتر نەناسین و پوختەیەکی خێرا نەدەین بە نـەوە نوێیـەکان، ئـەوا چـی ڕوودەدات جگـە لـە مانـەوەی ناکۆکییەکـە، بـەس ڕەوشتی خراپ دەمێنێتەوە، ئەوەش جیهانی ئیسلامی دەفەوتێنێت.

جیهانی ئیسلامی فیقهی بۆ ماوەتەوە، ئەو فیقهەشی بۆمان ماوەتەوە مـن بـە بەرز و مەزنی دادەنێم، بەجۆرێک دەکرێت بە کەلەپوورێکی جیهانی دابنێین کە عەقڵی مەدەنی کە بەشوێن حەقیقەتدا دەگەڕێت، لەئینگلتەرا یان فەڕەنسا پێیەوە سـەرقاڵ ببێـت، چونکـە -هـەر وەک لەچەنـدین کـۆنگرەی مەدەنیـدا هەسـتم پێکردووە- فیقهێکی نائاساییە، مرۆڤایەتیش گرنگترین شتێک پێویستی بێت بۆ ڕێککردنـی یاسـاکانی و دانـایی و ئەحکامـەکانی کـە پێویسـتن بـۆ سیاسـەتێکی شەرعی گونجاو، بەڵام ئەم فیقهە نازانم بۆ هەندێک دابڕان کەوتووەتە نێوان چاوگـەکانی؟ ئـەوەتا فیقهـی حەنـەفی، فیقهـی مـالیکی، فیقهـی حەنبـەلی، فیقهـی شـافیعی، فیقهی زاهـری، پاشـان فیقهـی زەیـدی، فیقهی ئـەبازی، فیقهـی ئیمـامی، تاکەکانی ئوممەتیش چۆن لەیەک دابڕاون، بەهەمان شێوەی دابڕانی برۆتستانی لە کاسۆلیک، جوولەکە لە مەسیحی، ئایا ئەوانـە شـەریعەتیان جیاوازە؟ ئەوانـە خاوەن یەک شەریعەت و پەیامن، دەبوو واتای ئەو جیاوازییە نەهێڵدرێت.

تێگەیشـتنێکی نـوێ پەیـدا بـووە -پێویسـتە بـەخێرایی نـەهێڵرێت- ئـەویش بریتییە لە وازهێنان لـە هـەموو ئەوانـە و سـەرلەنوێ کارکردن لـە لێکۆڵینـەوەی فیقهـ لە قورئان و سوننەتەوە. وازهێنان لە پێشـەوا پێشینەکان کـە نزیکـەی سـێ تـا چـوار سـەدە هـەوڵ و خزمـەتیان هـەبووە، ئـەو سـەدانە لـە تێکڕای مێژووی ئیسلامی و شارستانیەتدا بە کۆڵەکە دادەنرێت، چـی بـە دوادا بێت؟ سـەرلەنوێ بونیادی بنێینـەوە، کـێ سـەرلەنوێ بونیادی بنێتـەوە؟ کەسـانیکم بینی سـەلەفی بـوون دەیـەوێت بڵێت واز لـە ئـەبو حەنیفـە بێنن، واز لـە مالیـک بێنن، وەرن ڕاسـتەوخۆ لــە قورئــان و فــەرمــوودە وەربیگــرن، کــاتێ ســەرنجی شــێوەی بیرکردنـەوە و شـێوازی دەرهێنـانی دەرئەنجامـەکانیانم کـرد بینیم ئەوانـە لـەو ئاستە باڵایـەدا نین کـە باسـی دەکـەن، بگـرە بـۆ ئـەوە ناشـێن ببنـە قوتـابی ئـەو گـەورە زانایانـەی سـەرکردایەتی جووڵانـەوەی فیقهـی ئیسـلامییان لەسـەرەتاوە کرد، لەوە باشتر وا دەزانم نەهێشتنی کەلێنی نێوان مەزهەبەکانـە و ئـەو وانەیـە بخوێندرێت کە ناوم لێناوە فیقهی بەراوردکاری یان ئـەو وانەیـەی نـاوی فیقهـی سـوننەیە بخوێنـدرێت لەگـەڵ بۆچـوونی ئیمامـەکان سـەبارەت بـە ئایەتـەکانی ئـەحکـام و فـەرموودەکانی ئـەحکام، بـەوەش دەکرێـت سـوود لـە سـەلەف و خەلەف وەک یەک وەردەگرین.

باسکردنی بوژانەوەی بیرۆکەکانی سەرەتا لە عەقیدە و لێکدانەوە و جگـە لـە لێکدانەوەشـدا، ئـەم قسـانە وا دێتـە خـەیاڵم پێویسـتە کۆتـایی بێت، ئەگـەر لـێم بپرسـی باشـە ئـەی چیت دەوێت؟ پێت دەڵـێم: مـن بـەخوا لـەبواری عەقیـدەدا سوودم لە دۆزینەوەکانی زانستی هاوچەرخ وەرگرتووە، کۆتـا شـت بـۆ هەنـدێ لـە هاوڕێیـانم باسـم کـرد ئـەو کەشـتییە ئاسـمانییە بـوو کـە ئەمریکییـەکان لـەم ماوەیەی دواییدا ناردیان و لەمەریخەوە گەیشتە نبتۆن، ئێسـتاش گەیشـتووەتە کەناری بۆشایی لە کۆمەڵـەی ڕۆژدا، چەنـدین وێنـەی ڕۆژی گرتـووە، هـەروەها چەندین وێنەی زەوی گرتووە، لە وێنەکاندا زەویم بینی خاڵێکە لـە نێـو بۆشـایی نێو دەریایی تاریکی.

من وتم ئـەم کەشـتیە چەنـدین سـاڵە بـەڕێکەوتووە و خێرایـیەکـەی هـەزاران میلـە لـە خولەکێکدا، ئیسـتا ئـەو قۆنـاغی دونیـای لـەنێو قۆناغـەکانی ئاسـمانی

دونیادا تێنەپەڕاندووە، ئەگەر گەردوون بەو شێوەیە مەزن بێت و ئێمە لە ژێر زەویداین بۆ بەرزتر بەرز نەبووینەتەوە، باشە ئەبێت خالقی گەردوون چەن گەورە بێت؟ پاشان ئەوەم بیرکەوتەوە لەمەزنیدا ئەو فەرموودە قودسیە لەمیشکمدا بۆم ڕوون بوویەوە:

ئەبوبەكر عەبدوڕەحمانی كوڕی قاسمی كوڕی فەرەجی كوڕی عەبدولواحیدی هاشمی هەواڵی پێداوین، ئەو مسهیر عەبدولئەعلای كوڕی مسهیری غەسانی، لەسەعیدی كوڕی عەبدولعەزیز، ئەویش لە ڕەبیعەی كوڕی یەزید، لە ئەبو ئیدریسی خەولانی، ئەویش لە ئەبو زەرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، لە پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر)ەوە، لە جوبریلەوە، ئەویش لە خوای گەورە گێڕاویانەتەوە فەرموویەتی: (( يا عبادي إني حرمت الظلم على نفسي وجعلته بينكم محرما، فلا تظالموا، يا عبادي كلكم ضال إلا من هديته فاستهدوني أهدكم، يا عبادي كلكم جائع إلا من أطعمته فاستطعموني أطعمكم، يا عبادي كلكم عار إلا من كسوته فاستكسوني أكسكم، يا عبادي إنكم تخطئون بالليل والنهار وأنا أغفر لكم ذنوبكم جميعا فاستغفروني أغفر لكم، يا عبادي إنكم لن تبلغوا ضري فتضروني ولن تبلغوا نفعي فتنفعوني، يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم كانوا على أتقى قلب رجل واحد منكم ما زاد ذلک في ملكي شيئا، يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم كانوا على أفجر قلب رجل واحد منكم ما نقص ذلک من ملكي شيئا، يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم قاموا في صعيد واحد فسألوني فأعطيت كل إنسان منهم مسألته ما نقص ذلک عندي إلا كما ينقص المخيط إذا دخل البحر، يا عبادي إنما هي أعمالكم: أحصيها لكم ثم أوفيكم إياها، فمن وجد خيرا فليحمد الله عز وجل. ومن وجد غير ذلک فلا يلومن إلا نفسه))[١]، ئەبو مسهیر وتوویەتی: سەعیدی كوڕی عەبدولعەزیز باسی كردووە: ئەبو ئیدریسی خەولانی ئەگەر ئەو فەرموودەیەی باس بكردایە لەسەر ئەژنۆكانی دادەنیشت[٢].

---

[١] مسلیم گێڕاویەتیەوە.

[٢] سەنەدەكەی نەپچڕاو (متصل)ە، پیاوەكانی متمانەپێكراون، بەگوێرەی مەرجەكانی ئیمامی مسلیم.

واتـای فـەرمووده قودسـیەکە: ((بەنـدەکانم، سـتەمکردنم لـە سـەر خـۆم حـەرامکردووه و لەسـەر ئێوەشـم حـەرام کـرووه، سـتەم مەکـەن، بەنـدەکانم هەمووتان ونبوون ئەوانەتان نەبێت ڕێنموونیم کردبێت، داوای ڕێنماییم لێبکەن ڕێنماییتان دەکەم، بەندەکانم هـەمووتان برسین ئەوانە نـەبن خواردنم پێداون، خـواردنم ببەخشـن پێتـان دەبەخشـم، بەنـدەکانم هـەمووتان بێ پۆشـاک بـوون ئەوانـەتان نـەبێت داپۆشـراوم کـردن، داوای داپۆشـینم لێبکـەن داتـان دەپۆشـم، بەندەکانم ئێوه شەو و ڕۆژ هەڵە دەکەن و من لە گوناهـەکانتان خۆش دەبم، داوای لخۆش بوون بکەن لێتان خۆش دەبم، بەندەکانم ئێوه ناگەنـە زیانم تا زیانم پێ بگەیەنن، ناگەنە سوودیشم تا سوودم پێ بگەیەنن، بەندەکانم ئەگەر یەکەم و کۆتا کەستان، مرۆڤ و جنۆکەکانتان لەسەر دڵی خراپترین کەسێکتان بێت ئـەوا ئـەوه هـیچ لـە موڵکم کـەم ناکاتـەوه، بەندەکانم ئەگەر یەکـەم و کۆتـا کەسـتان، مرۆڤ و جنۆکەکانتان لـە یەک شـوێندا کۆببنـەوه و داوام لـێ بکـەن، بەشـی هـەر یـەکێکتان ئـەوەی داوای کردبـوو دەدا و هـیچ لای مـن کـەمی نەدەکرد، هەر وەک دەرزییەک بخەیتە ناو دەریاوه، بەندەکانم ئەوەی بۆتـانی دەژمێرم کردەوەکانتانـە پاشـان پاداشـتیتان دەدەمـەوه، هەرکـەس خێری هاتـە ڕێ بـا سوپاسـگوزاری خـوا بێـت، هەرکەسـیش جگـە لـەوەی هاتـە ڕێ بـا سەرکۆنەی کەس نەکات، جگە لە خۆی)).

بـەخۆمم وت: ئەگـەر کەسـێک سـەدان هـەزار ملیـاری هـەبێت، ئەگـەر تـەنها قروشێک لە گیرفانی بەرببێتـەوه ئایا دێتـەوه یادی؟ ئایا گرنگی پێدەدا؟ بەخوا لەوانەیە قوروشێک زیاتر لەزەوی بێت سەبارەت بە هەسارەکانی تر سـەبارەت بـە گـەردوون، هـەر بۆیـە خـوا زۆر مەزنـە، ئەگـەر پـەروەردگارمان قسـەی بـۆ کردین و وەحی بە هەندێک ئایـەت لـە میشکمان نزیک کـردەوه، زیرەکی ئەمـە لەوەدایە بـەگوێرەی ئـەوەی عـەقڵمان پێی دەگات دەمانـدوێنێت، ئەو ئەوەندەی لێی تێدەگەین بۆمان باس دەکات، هەوڵدان بۆ ئەوەی بزانم عەرش چییە، مانـای چوونـە سـەر عـەرش چییـە ئەمـە هـەوڵێکی شـێتانەیە، هاتـەوه یـادم جارێکیـان سـەرقاڵی نووسـین بـووم، ئـەو یادەوەرییـەم لـە کتێبێکمـدا نووسـی، خـەریکی نووسین بووم مێشێک هاتە نزیکمەوه، سەیریم کرد، پاشان وتم ئایا ئـەم مێشـە

دەزانێت ئێستا چ بابەتێک دەنووسم؟ دیارە نازانێت و ناشکرێت بزانێت، وتم باشە ئێمە لەبارەی خواوە چی دەزانین، ئەوەی دەیزانین کەمتر و سوکترە لەوەی بۆ ئەو ئاستە درێژەی پێ بدەین، باشە بۆ بەندە نەبین و پابەند بین بەوەی بۆمان هاتووە و هەوڵی ئەوە نەدەین بچینە ناو دووریەکانی پاش ماددە، چونکە ئەوانە لەسەرەوەی ئێمەوەیە، بەوەش ئەوەی لە سەلەفەوە بۆمان هاتووە قبووڵی دەکەین، چونکە عەقڵمان جێی ئەوەی تێدا دەبێتەوە، ئەوەشی عەقڵ ڕەتی بکاتەوە وەری ناگرین، ئەمەیە جیاوازیی نێوان ئیسلام و ئایینەکانی تر. جیاوازیی هەیە لەنێوان ئەوەی لە عەقڵ دیار نییە لەگەل ئەوەی عەقڵ ڕەتی دەکاتەوە... من نهێنی تیشک، نهێنی کارەبام لێ دیار نییە، نازانم کارەبا چییە؟ بەڵام دەزانم ئەستەمە دووشتی دژ بەیەک پێکەوە کۆببنەوە، ئەمە حوکمێکی عەقڵییە، لە ئایینەکەمدا شتێک نییە عەقڵ ڕەتی بکاتەوە، ئیتر بۆ ئەوەندە بوێر بم؟ بەڵکو باوەڕم وایە گێلییە بمەوێت هەموو شتێک بەهۆی عەقڵەوە بزانم، ئەمە لەزانستی مادەدا لەتوانادا نییە، ئیدی ئەبێت ئەوەی لە دوا مادەوەیە چۆن بێت، بەمە کەلێنی نێوان سەلەف و خەلەف نامێنێت.

**د. حەسەن شافعی:** بەڵام بەڕێزتان بەگوێرەی حوکمی ئەزموونی واقیعیتان و ئەو خوێندنەوە ڕووناکبیرییە ئاسۆ فراوانەی ڕۆشنبیریمان، ئایا ئەو جۆرە مامۆستایانەی ئێستا لە زانکۆکانماندا هەن ئەو تێڕوانینە بنوێنن، ئەو لێهاتووییەیان تێدایە؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** نەخێر، بەداخەوە ئەوەی ئەمەوێت ئەستەم نییە، نموونەیان لەنێو خەڵکدا بوونی هەیە، دەتوانم بڵێم لێی سوودمەند بوون، وەک حەسەن بەننا و ڕەشید ڕەزا و شێخ محەمەد عەبدە، هەروەها لە چوار پێشەواکە سوودمەند بوون، هەروەها لە قوتابخانەی پیاوە سەرکەوتووەکانی وەک ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم سوودمەند بوون، سوودمەند بوون لەکەسانی سەرکەوتوو لە بانگەوازدا وەک ئیبن جەوزی، کە لە بواری تەفسیر و مێژووشدا شارەزاییەکی فراوانی هەبووە، کەسانێکمان دەوێت لە ڕۆشنبیرییە ئیسلامییە فراوانەکە سوود وەربگرن، پاشان پێویستە سەیری زانستە

هاوچەرخەکان بکەین –مەبەستم شارستانیەتی هاوچەرخە- پاشان زانستە گەردوونییەکان و زانستە مرۆییەکان، زانستە گەردوونییەکان زانستێکن جێگیر بوون، دەرئەنجامی زانستییان لەسەر بونیاد نراوە، ئەگەر مرۆڤێکی عەقڵ ناتەواوی داماو هات و هەوڵیدا ئەملاو ئەولا بکات، یاخود هەوڵی ئەوە بدات زەوی بەدەوری خۆردا بسوڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئاوا و ئاوایە، لەگەڵ ئەمەدا هەڵناکەم، دەمەوێت بەزوویی بەجێی بهێڵم و بڕۆم بۆ لای کەسێک لەو عاقڵتر بێت؟ ئەگەر دەستمان کرد بە خوێندنەوە لەبارەی گەردوونەوە بەشێوەکی درووست، ئاوا ئێمە لە قورئان تێدەگەین، من وایدادەنێم قورئان کتێبێکە کەسێک خوێندنی فیزیا و کیمیا و زیندەورزانی و فەلەک و ئەو زانستانەی حەرام کردبێت، ناتوانێت لێی تێبگات، چونکە پێگەی ئەم کتێبە دەریدەخات کە ئەوکەسەی دەستەوسانە لە تێگەیشتنی زانست و گەردوون هەرگیز لە بواری ئیماندا بەرز نابێتەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ [فصلت: ٥٤].

کاتێ باسی جینەکان یان خەسڵەتە بۆماوەییەکان دەکەم و دەبینم ئەو جیناتانە هەزاران و هەزاران بچوکتر لە سەری دەرزی لێ پێکدێت، لەویش مرۆڤێکی زەبەلاح درووست دەبێت، من دەڵێم: قورئان لەنێو هەموو کتێبە ئاسمانییەکاندا کتێبێکی بێهاوتایە، من هیچ کتێبێکی ئاسمانی تر ناناسم چونکە کۆتاییان هاتووە، جگە لە قورئان هەموویان دانراوی مرۆڤن، لای من ئەوە گرنگە کەسێکی بێئومێدی هەژار لەزانستە گەردوونیەکاندا ناتوانێ بەقورئاندا بگەڕێت، پێویستە زانستە گەردوونییەکانی خوێندبێت، منیش کتێبە گەردوونییەکان دەخوێنمەوە، کتێبی (زانست بانگەشە بۆ لای ئیمان دەکات)م خوێندەوە کە دامەزراوەی (فرانکلین) بڵاویکردبووەوە، لە نووسینی کریسی مۆریسۆن، سەرۆکی پێشووی ئەکادیمیای زانستی نیویۆرک و سەرۆکی پەیمانگای ئەمریکی شاری نیویۆرک بوو، ئەم کتێبە کە بۆمان وەرگێڕدراوە چەندین سەرنجی باش و ئاماژەی نایابی تیدایە... لەخوای گەورە داواکارین

مسـولْمانه چالاكـەكان لێـى سـوودمەند بـن، چەنـدەها كتێبـى تـریش هەیـە بەشێوەیەكى زانستى باسى گەردوونیان كردووە.

لەگـەڵ ئـەوەی ئەنیشـتاین جوولەكـە بـوو، كـەچى مـن هەنـدێك جـار لەگـەڵ ئـەودام، وەسـفێكیم خوێنـدەوە كـە بـە سەرسـوڕمانەوە سـەیرى گـەردوون و ئـەوەى تێیدایـە دەكـات و لـە غەیبـەوە هەسـت بـە توانایـەكى سەرسـوڕهێنەرى جـوان دەكـات، ئەوانـە درووسـت دەكـات كـە لەبەردەمیـدا دەیبینێـت، ئـەمیش دەستەوسانە لەوەى لە بەردەمیدایە، ئەى چى بەرامبەر درووستكارەكە، بینیم لە ڕاستیدا ئەو پیاوە باوەڕى  بە خوا هەیە، بەهۆى ئەوەى باوەڕى بەو شتانە نییە بۆ ئێمە گوازراوەنەتەوە، بۆیە هۆكارى بێباوەڕبوونەكەى منم (مەبەستم مسولْمانە بە گشتى)، چونكە هیچم پێ نەگەیاندووە، كاتێ پێمگەیشت ڤیكتۆر هۆگۆ لەكاتى سـەرمەرگدا ئـەو قەشـەیەى دەركـردووە كـە هـاتبوو بـۆ لاى تـا دانپێدانانى لێ وەربگرێت، پێى وت: فەرموو من باوەڕم بەخواى تـاك و تـەنها هەیەو، ئەوەى هەمە بەخشیومە، بڕۆ هیچ پێویستم بە تۆ نییە، وتـم: ئـەم پیـاوە مسـولْمان بـووە، ئـەوەى نوێژەكـان و حـەج نازانێـت، مـن هۆكـارم بـۆ ئـەو بێئاگاییەى ئەو، لەبەردەم خواى گەورەشدا من بەرپرسیارم لە نەزانیەكەى و پرسیار لەو ناكرێت، بەڵێ ئێمەى مسولْمانان زۆر بە خراپ ئیسلاممان ناساند:

**كاد الليالي وكادته مجالدة          وارتد عدوانها من بعد تقتال**

**ثم أنثنت وبها من صبره حرق          وإن كسته لكيد ثوب أسمال**

ئـەم بیرۆكانـە لـە ڕۆشـنبیریماندایە، هـەر وەک مـن تێگەیشـتووم ڕێگـاى دەركـەوتنى مامۆسـتا زانكـۆیى نموونـەیى بـەوە دەبێـت سـەرەتا كـەلێنى درووسـتكراوى نێـوان چـوار مەزهەبەكـە و مەدرەسـە علمییـە جیاوازەكـان نەهێڵێت، لەلایەكى ترەوە ئەو كەلێنەى لە نێوان ڕۆشنبیرى ئێمـە و ڕۆشـنبیریى هاوچەرخـدا هەیـە نـەهێڵێت، پـاش ئـەوە سـەرلەنوێ ئـەم ئیسـلامە بـەجوانى بەخەڵک ڕابگەیەنینەوە.

لـەپاڵ ئەوانـەدا ئـەم داواكاریەشـم لـە بەرپرسـانى سیاسـەتى جیهـانى ئیسـلامى هەیـە كـە زۆرینـەیان بـەهۆى ئـەوەى نـەزانن لـە ئیسـلام دەترسـن، دامـاون، ئـەو فەرمانڕەوایانە لە قوتابخانە مەدەنیەكاندا خوێندوویانـە لەبـەر ئـەوە شـارەزاییەكى

ڕووکەشـانەی لـەبارەی ڕۆشـنبیریی ئیسـلامی هەیـە، پاشـان هەنـدێ ڕەفتـاری نالـەباری نـەگونجاویان لـە مسـوڵمانان بینیـووە، ئیسـلام لـەوە مـەزنترە کـە ئـەوان وێنایان کردووە، دەمەوێت پێداچوونەوە بەخۆیاندا بکەنەوە، ئەی بۆ نا؟ لەکاتێکدا نـەیارەکانیان دەسـتیان کـردووە بـە گەڕانـەوە بـۆ لای بنـەماکانی سـەرەتایان، ئـەو بنەمایانـەی کـەمێک شـتی تێدایـە وابکـات عەقڵـەکان بـۆ لای بگەڕێنـەوە، لەگـەڵ ئەوەشدا جوولەکەکان دەستیان کردووە بە گەڕانەوە بۆ لای عەهدی کۆن کە دەڵێت: خوای گەورە بۆیە بڕیاری دەرکردنی ئادەمی لـە بەهەشت دا، چونکە لێی دەترسا، هەروەها بەهۆی ئەوەی درەختی مەعریفەی ناسی و هەر ئەوەی مابوو درەختی ژیان بناسێت و لە نەمرییدا بەرامبەری بگرێت، وەک ئەوەی خوا غیرەی **لێکرد**بێت، ئایا ئەمە قسەیەکە کتێبی پیرۆز بیکات؟!

لەگەڵ ئەوەدا دەستیان کردووە بە گەڕانەوە بۆ لای و وای دەخوێننەوە کە ئەو شایستە بووە بەپێغەمبەرایەتی و پێغەمبەرایەتییەکەی لێ دزراوە، یەعقوب بە فێڵ لێی دزیووە، وەک ئەوەی زاڵبوون لەم ژیانەدا بە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و دزییەوە بەدەست بێت، ئەگـەر خـەڵکی بگەڕێنـەوە بـۆ لای بنـەماکانیان و ئـەو حەقیقەتـە بێبایەخـە ڕەشـەیان گۆڕی، ئایـا نەگەڕێینـەوە بـۆ لای ئایینـە بێگـەردە لێبوردەکەمان و ئەو کتێبەی دونیا و قیامەتمان بۆ دابین دەکات: ﴿وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُوا خَيْرًا لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَٰذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ وَلَنِعْمَ دَارُ الْمُتَّقِينَ﴾ [النحل: ٣٠]، من دەمەوێت حوکمڕانانی وڵاتانی ئیسلامی یان حوکمڕانـانی مسـوڵمانان بوارەکـە لەبـەردەم هەنـدێ کەسـانی بـە غیرەتـدا بـەکراوەیی بهێڵنـەوە کـە دەیانـەوێت فێرکردنـی ئیسـلامی بـەو شـێوازەی ئێسـتا خستمە ڕوو ببوژێننەوە.

**د. حەسەن شافعی:** لەکاتێکدا لەو ئەزموونە دەوڵەمەندە سوودمەند دەبین، دەکرێت لایەنێکی ڕۆڵی بەڕێزتان لە بونیادنانی بەشی بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆی ئوم لقورا لەشاری مەککەی پیرۆز بزانین.

**شێخ محەمـەد غـەزالی:** لـە ڕاستیدا مـن سوپاسـی بەرپرسـانی شانشـینی سعودیە دەکەم، کە بۆ وانە وتنەوە لە کۆلێژی شەریعە میوانداریيان کردم،

لەوکاتـەدا مـن لـە قـاهیرە شکسـتخواردوو سـتەملێکراو بـووم، لـە کارەکـەم لـە وەزارەتـــی ئـــەوقاف بەشـــێوەیەکی دڕندانـــە دەرکرابـــووم، لـــە کاتێکـــدا مـــن بەڕێوەبــەری گشــتی بانگــەوازی ئیســلامی بــوم، پــێم وتــرا: نەیەیتــەوە نێــو نووسینگەکەت و بۆ کوێ دەڕۆیت بڕۆ، هەندێک لە هاوڕێیان وتیان وەرە بۆ لای ئێمە بۆ شاری مەککە، وتم: دەچم بۆ حەرەم پارێزراوە، من ئەزهەرییەکی ڕۆشنبیر بووم، کاتێ دەستم پێکرد هەستم بەوە کرد کە ئێستا بۆم باسکردیت، شتێک لە نێوان سەلەف و خەلەفدا هەیە، لەوانەیە ئەو کەسەی ئەزموونێکی زۆری هەیە بەسەریدا زاڵ ببێت، بەڵام بەرەوڕووی کەسانێکی بێ ئەزموون دەبێتەوە، بۆیە پێم خۆش بوو واز لەو شەڕە بێنم کە زۆرجار دەوروژێنرا و بەکاری ترەوە سەرقاڵ ببم.

ڕادیــۆ دەرەفــەتیان پێــدام ڕۆژانــە قســەی تێــدا بکــەم، بەهــەمان شــێوە تەلەفزیۆنیش، بابەتانێکم هەڵبژارد هیچ پەیوەندییەکیان نە بە سەلەفەوە هەبێت نە بە خەلەفەوە، بۆیە ڕێگای خۆم لەو بوارەدا گرت، یەکجار، ئەویش لەکاتی تـاوتوێی نامـەی قوتابییەکدا لەسـەر پێنج ئوصـوڵەکە لای موعتەزیلـە تـووش بوومـەوە، قوتابییەکـە هەندێ بۆچـوونی هێنـابوو بـەدڵم نـەبوو، دەیـووت: ئێمـە نامانەوێت بچینە ناو زۆر بابەتەوە، ئیبن قەیم وای دەبینێت ئەگەر پرسیارمان کرد ئایا خوا جەستەیە یان جەستە نییە؟ ڕادەوەستین و دەڵێین نە جەستەیە، نـە جەسـتە نییـە، پێم وت: ئـەم قسـەیە مەترسـی تێدایـە، چونکـە بـە دڵنیاییـەوە جەسـتە ماددەیـە، کـە دەڵێین ماددەیـە واتـە خەسـڵەتەکانی مـاددە دەیگرێتـەوە، خەسڵەتەکانی مادەشمان لە بابەتی سرووشت ناسیدا خوێندوە کە بەداخەوە ئێستا پێی دەوترێت زانستی فیزیا، ئەویش بریتییە لە (ناتەواوی خودی، بوونی دەرچەی سەر پێست (المسامية)، لایەنداریی و شتی دیکەی لەوجۆرە...)، ئەم قسەیە ناوترێت، وەڵامدانەوەکەی جێی سەرنج بوو، ئەو وتی: ئەو قسانەم لە (ئیـبن قـەیم)ەوە هێنـاوە، وەک ئـەوەی پـێم بڵـێ: ڕەخنـە لـە قسـەی ئیـبن قـەیم دەگریت!! پێم وت: من بەدەم ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەوە چووم: ﴿لَيْسَ

كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرِ﴾ [الشورى: ١١]، خوای گەورە کلیلی خەزێنەکانی ئاسمانەکان و زەوی هەیە، لەوانەیە تێگەیشتنەکان لە سەردەمی ئیبن قەیمدا ئاڵۆز بووبێت، بەڵام ئێستا ڕوون بوونەتەوە، ئێمە ئیبن قەیم وەلا دەنێین تا عەقیدەمان تووشی گومانلێکراوەکان نەبێت، لەسەر بۆچوونەکەی خۆی سوور بوو، پێم وت: ئەستەمە ئەم نامەیە، تا ئەو قسانەی تێدا بێت تێبپەڕێت، بەرپرسی نامەکە شێخ عەوەزوڵڵای حیجازی سەرۆکی پێشووی زانکۆی ئەزهەر بوو، ئەویش وای بە باشزانی ئەو ڕستانە لا ببرێن، ئەوە بوو لابران، پاش هاتنە دەرەوەمان قوتابیەکە پێی وتم: من ساکاڵا لای قازی شەریعەی ئێرە دەکەم، گاڵتەم بە شتەکە هات، یەکێکی تر هات پێی وتم: تۆ و ئیبن قەیم ڕق و کێنەتان لە نێواندایە؟ پێم وت: ئیبن قەیم مامۆستامە و لێیەوە فێربووم، لەکاتێکدا دەستگیر کرابووم کتێبی (مدارج السالكين بين إياك نعبد وإياك نستعين)یم خوێندووەتەوە، کە نزیکەی هەزار لاپەڕە دەبێت، شێخ بەهی خەولی و هەندێک لە زانا باشەکانی ئەزهەر بۆیان دەخوێندمەوە، دەیانخوێندەوە و من گوێم گرتبوو، هەستم دەکرد، کە لەسەر ڕاخەرێکم لەنێوان ئاسمان و زەویدا دەفڕێت، کاتێ خوێندنەوەی کۆتایی هات دابەزیمەوە بۆ سەر زەوی، سوبحانەڵڵا، ئیبن قەیم لوتکەیەکی بەرزە لەنێو لوتکە بەرزەکانی فیکری ئیسلامیدا، پێم وت: جیاوازی بیروڕا بە ڕق و کینەی کەسیی، یان دەروازەیەک بۆ خراپە دادەنێن، ئەوە هەڵەی ئێوەیە، من لەوانەیە نەیارێتی ئیبن قەیم بکەم، بەڵام زیاتر لە ئێوە شانازی پێوە دەکەم و زانستەکەیم لا گەورەترە، باشە چی واتان لێدەکات بەوجۆرە هەڵسوکەوت بکەن.

ئەوەبوو بۆچوونەکەم سەرکەوت، بەڵام ئەوەم لەسەر حسابکرا، کە من وەک پێویست بۆ سەلەف دڵسۆز نیم، ئەوانە نەفامن، من زانستی فراوانم دەوێت، دەمەوێت لە دەریای مەعریفەدا مەلە بکەم، بە ڕاستی مرۆڤ دوژمنی ئەو شتەیە کە نایزانێت، ئەو کەسانەی تەنها نووسینی یەکلایان خوێندووەتەوە،

سەراسیمە دەبن بە نووسینی تر، کە نەیانخویندووەتەوە و پێیان هەزم ناکرێت، من پێم خۆشە پێت بڵێم: من هەندێ لە نووسینەکانی غەزالیم بە زمانی فارسی خوێندووەتەوە، سویند بەخوا لەبەردەم ئیمام ئەبو حامیدی غەزالیدا هەستم بە گەشبینییەکی سەیر کرد، هەستم کرد ئەو پیاوە هێندەی سۆزی خۆشەویستی و عیشقی خوایی هەیە، ئەگەر بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا دابەش بکرێت، ئەوا دەیکردنە عارف، بە سووتانەوە باسی مەزنی خوا دەکات، وتم باشە بۆچی دژایەتی یەکتر دەکەین و سوود لە کەلەپوورەی ئەم و لە زانایانی گەورەمان وەرناگرین؟

**د. حەسەن شافعی:** هەر وەک بەڕێزتان باستان کرد، ئەم ناکۆکییە درووستکراوە و ئەو کەلێنە هەڵبەستراوە لە نێوان خەلەف و سەلەفدا، ئێمە دەمانەوێت لایەنەکانی ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەت تێبگەین، هەروەها باسی ڕۆڵتان لە زانکۆی ئەمیر عەبدولقادری جەزائیری و هەڵسەنگاندتان بۆ ئەو ئەزموونە بکەین؟

**شێخ محەمەد غەزالی:** لە ڕاستیدا پێنج ساڵ لە زانکۆی ئەمیر عەبدولقادر مامەوە، زانکۆیەک بوونی نەبوو، درووستکردنی ئەم زانکۆیە لەلایەن شازلی بن جەدیدی سەرۆک کۆمارەوە هەوڵی بۆ درابوو، پیاوێک بوو ئیسلامی خۆش دەویست و ئاواتەخواز بوو زانکۆیەک هەبێت خزمەتی ئیسلام بکات، بەتایبەت پاش ئەوەی خوێندنی ئایینی قەدەغە کرا، وەزارەتێکیشان هەبوو بەناوی فێرکردنی ئەسڵی لە جەزائیر، شیوعییەکان توانیبوویان هەڵیبوەشێننەوە، جەزائیر – کە وڵاتێکی ئیسلامییە و ئیسلام لەداگیرکاری فەڕەنسی ڕزگاری کرد– بێبەشە لە پەیمانگای خوێندنی ئایینی، تەنانەت بۆ قوتابییەکان یان ئیمامی مزگەوتەکانیش هەموو شتێک تەواو بووبوو، ئەمە ئەو بیرۆکەیەت لەبارەی ڕقی شیوعییەکان و داگیرکاری فەڕەنسیەوە بەگشتی بەرانبەر ئیسلام

پێدەدات، لەگەڵ کاریگەری بەکرێگیراوە گەمژەکان، کە دەڵاڵییان بۆ دەکەن کاتێک پۆستێکی ئەدەبی وەردەگرن، ئەوانە درۆن.

لەسەرۆک کۆمارەوە تێگەیشتم داوای ئەوە دەکات، لەوێ یەکێک لە پیاوانی ئیسلام بە ناوی عەبدورەحمان شەیبان، کە وەزیری کاروباری ئایینی بوو هاریکاری کردم، یەکێک بوو لە ڕاستگۆترین ئەو کەسانەی ناسیوومن، ویستێکی زۆری خزمەتکردنی ئیسلامی هەبوو، پێی وتم: من و تۆ، سەرۆکیشمان لەگەڵ، زانکۆیەک دادەمەزرێنین، لە ئەلفەوە دەست پێدەکەین، ئەوەبوو دەستمان پێکرد، بەتایبەت من ئەزموونێکی دەوڵەمەندم هەبوو، لێرە لە کۆلێژی شەریعە و کۆلێژی بنەماکانی ئایین و کۆلێژی خوێندنی عەرەبی و ئیسلامی و لەکولێژی پەروەردە وانەم وتبووەوە، بەو ئەزموونانەی ڕابردوو، کە هەمبوو سوودم بە زانایانی جەزائیر گەیاند لە دامەزراندنی زانکۆ نوێیەکەدا، بەڵام جێگەی داخە کە بڵێم: بینیم شیوعییەکان چووبوونە نێو وەزارەتی خوێندنی بالاش، چوار یان پێنج ساڵ لەوێ مامەوە هیچ نووسراوێکم لە وەزارەتی خوێندنی باڵای جەزائیرەوە بە زمانی عەرەبی بۆ نەهات، هەموو بە زمانی فەرەنسی بوو، گومانی تێدا نییە سوودم گەیاند بە چەندین خاوەن بڕوانامەی دکتۆرای ئیسلامی، کە لە زانکۆکانی قاهیرە و هەندێک شوێنی تر خوێندنیان تەواو کردبوو، هاریکاری یەکترمان کرد، بەڵام ڕێگریەکان خەریکبوو بێئومێدی لە دڵدا دروست بکەن، هەندێک وەزیر هەبوون ئەو زانکۆیەیان نەدویست، مشتومڕی توندم لەگەڵیان بۆ دروست بوو، تەنانەت هەندێکیان بەلایانەوە قورس بوو لەکاتیکدا من میوانیکی نامۆم لە جەزائیر بەو شێوەیە قسەیان لەگەڵ بکەم، پێم وتن: من نە میسریم، نە جەزائیری، من کەسێکی مسوڵمانم، ئێرەش خاکی ئیسلامە، نەک خاکی ئێوە یان جگە لە ئێوە بێت، ئەم خاکە باوباپیرانمان بە ناوی خواوە ڕزگاریان کردووە، دەبێت بۆ خواش بمێنێتەوە و هەر دەبێت زانکۆی تێدا بێت، ئەو کەسەشی دەڵێت ئەوە پیاویکی مسوڵمانە تەنها ئیمان بە خواو پێغەمبەری هەیە

و وایدەبینێت ئەوانەی ئیمانیان بەخوا و پێغەمبەر لاواز بووە لەسەر ئەم زەویەدا نامۆن و ئەو خۆیان لێ بێبەری دەکات.

چووم بۆ لای سەرۆک کۆمار، ئەو پشتیوان و هاوکارم بوو، زانکۆکەمان دروستکرد، ئەو ڕۆژەی دروستمان کرد لە بەردەم ئەمری واقیعدا بووم و تەنها دەمتوانی ئەوە بکەم، کولێژێکیان لە کۆلێژی خوێندنی عەرەبی ناونا کۆلێژی زمانی عەرەبی، وەک ئەوەی وشەی زمان شتێکی تێدا بێت!!. بەهەرحاڵ زانکۆکە دروستکرا، لە کۆتایی ساڵدا بەهۆی ئەو پشێویەی تووشی بووم، گەیاندمیە ئەوەی تووشی جەڵتەی دڵ بووم.

**د. حەسەن شافعی:** پاش ئەم گەشتە فراوانە لەگەڵ زانای پایەبەرز شێخ محەمەد غەزالی سەبارەت بە ئەزموونەکانی لە زانکۆکانی میسر و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، ئێمە لەناخی دڵەوە سوپاسی بەڕێزیان دەکەین، کە تەوەری ئەو ئەزموونە بووە و سەرکردایەتی چەندین هەنگاوی کاری ئیسلامیی کردووە.

تا دیدارێکی تر بەخواتان دەسپێرین و خواتان لەگەڵ.

## پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ک - ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

- فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.
- گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.
- چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاراستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

- بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.
- هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.
- ئاراستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی**

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.